# سیاسەتی ئێران

بەرامبەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەییی کورد

لە کوردستانی عێراقدا

١٩٦١ ـ ١٩٧٥

# سیاسەتی ئێران

بەرامبەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی
کورد لە کوردستانی عێراقدا
١٩٦١ _ ١٩٧٥

لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی – سیاسییە

**نازناز محەمەد عەبدولقادر**

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێك هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی كوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیكترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspress.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

نازناز محەمەد عەبدولقادر
سیاسەتی ئێران بەرامبەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی
كورد لە كوردستانی عێراقدا ١٩٦١– ١٩٧٥
كتێبی ئاراس ژمارە: ١٠٧١
چاپی دووەم ٢٠١٠
تیرێژ: ٢٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی كتێبخانە گشتییەكان ٢٣١٤ – ٢٠١٠
نەخشاندنی ناوەوە: كارزان عەبدولحەمید . ڕۆشنا ڕەشاد
رازاندنەوەی بەرگ: مەریم موتەقییان
هەڵەگری: بۆكان نووری . تریسكە ئەحمەد

## پێڕست


پێشەکی .......... ٧

**بەشی یەکەم**

بنەماکانی سیاسەتی پەهلەوییەکان لە ئاست عێراقدا .......... ٢١

**بەندی یەکەم:** هەڵکەوتی جوگرافیایی و پێشینەی کێشەی سنوور .......... ٢٣

**بەندی دووەم:** هۆکاری ئەتنیکی و سیاسەتی ناسیونالیستانەی... .......... ٤١

**بەندی سێیەم:** دیدگای ئێران بۆ سیاسەتی دەرەوە .......... ٥٣

**بەشی دووەم**

کورتە مێژوویەکی سیاسەتی پەهلەوییەکان بەرانبەر بزووتنەوەی

ڕزگاریخوازی کوردستان. .......... ٦٩

**بەندی یەکەم:** سیاسەتی ڕەزا شا لە ئاست بزووتنەوەی ئازادیخوازی

نەتەوەییی کورددا ١٩٢٥– ١٩٤١ .......... ٧١

**بەندی دووەم:** سیاسەتی محەمەد ڕەزا شا لە ئاست

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی... .......... ٨٢

**بەندی سێیەم:** سیاسەتی محەمەد ڕەزا شا لە ئاست

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی..... .......... ٩٤

**بەشی سێیەم**

سیاسەتی ئێران بەرانبەر بەشۆڕشی ڕزگاریخوازی

نەتەوەییی کوردی لە عێراق ١٩٦١– ١٩٦٤ .......... ١٠٩

بەندی یەکەم:

– هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوولی١٩٦١ تا ڕووخانی ڕژێمی

عەبدولکەریم قاسم لە ١٩٦٣/٢/٨دا .......... ١١١

**بەندی دووەم:** هەڵوێستی ئێران لە ئاست.... .......... ١٢٨

**بەندی سێیەم:** پێوەندیی سیاسی لە نێوان کوردستانی.... .......... ١٣٤

**بەندی چوارەم:** کاریگەری ئێران لە دووکەرتبوونی.... .......... ١٤١

**بەشی چوارەم**

هەڵوێستی ئێران لە ئاست پێوەندییەکانی عێراقدا (١٩٦٥–١٩٧٠)..... .......... ١٥٥

**بەندی یەکەم**: پێوەندی و ڕێککەوتنی ئێران لەگەڵ
سەرکردایەتیی شۆڕش لە ١٩٦٥ و هەڵوێستی.... ١٩٦٦دا. ......................................١٥٧
**بەندی دووەم**: -پێوەندییەکانی عێراق و ئێران لە شەڕی ساردا و کاریگەری
لەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورددا...................................................١٧٠
**بەندی سێیەم**: هەڵوێستی ئێران لە ئاست ڕێککەوتننامەی... .....................................١٨٥

## بەشی پێنجەم

هەڵوێستی ئێران بەرانبەر پێوەندییەکانی نێوان سەرکردایەتیی
کورد و حکوومەتی عێراقی ١٩٧١– ١٩٧٥. ..............................................................١٩٣
**بەندی یەکەم**: ململانێی خۆچەکدارکردنی ئێران و عێراق و پشتگیریی
ئێران لە بزووتنەوەی... ..........................................................................................١٩٥
**بەندی دووەم**: دەست پێکردنەوەی شەڕی نێوان ڕژێمی بەغدا و کورد
١٩٧٤ – ١٩٧٥ و بەرفراوانیی یارمەتییەکانی ئێران بۆ شۆڕشی کورد. .................٢١٥
**بەندی سێیەم**: گۆڕانی هەڵوێستی ئێران لە ئاست شۆڕشی کورد و
بەستنی ڕێککەوتننامەی جەزائیر لە ٦ی ئاداری ١٩٧٥دا ........................................٢٢٦
**ئەنجام** ..........................................................................................................٢٤٢
**لیستی سەرچاوەکان** ..........................................................................................٢٤٧
**پاشکۆی ژمارە١** ..............................................................................................٢٦٥
**پاشکۆی ژمارە٢** ..............................................................................................٢٧٥

# پێشەکی

وردبوونەوە و لێکۆڵینەوە لە سیاسەتی دراوسێکانی هەرێمی کوردستان، یاخۆ بەواتایەکی تر وڵاتانی کوردستانی "بەسەر دابەشکراو" بایەخی ستراتیجیی هەیە بۆ نەتەوەی کورد بەگشتی و بۆ هەرێمی کوردستان لە عێراق بەتایبەتی. لە ڕووی ئەوەی، کە کوردستان کۆڵۆنییەکی نێودەوڵەتییە و کێشەکەی کێشەی وڵاتێکی پارچە پارچەکراو و بێ بەش کراوە، کە هەموو جۆرە تاوانێکی دژە مرۆڤایەتیی بەرامبەر کراوە و لەوانە جینۆساید و بەعەرەبکردن و سیاسەتی سوتماکی خاك و... هتد، بۆیە هەردەم بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی و نیشتمانی تێیدا لە چالاکیدا بووە و بەگەلێ هەوراز و نشێودا ڕێی کردووە.

کێشەی کورد لە کوردستانی عێراق، دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق زیاتر بەرەو گەشەسەندن چوو، بەتایبەتی لەگەڵ تەشەنەکردنی ڕۆحی ناسیۆنالیستی توندڕۆی عەرەبی لە عێراق و پیادەکردنی سیاسەت و ئایدیۆلوجیای "عروبة" و، دوا بەدوای ئەم، بەرپابوونی شەڕی دووەمی جیهانی، دۆزی کورد بوو بەبابەتێك لەناو هاوکێشە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکاندا. لە دوای سەرهەڵدانی شەڕی ساردا، جیهان بەسەر دوو بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دابەش بوو، وڵاتانی "کوردستان بەسەر دابەشکراو" هەریەکە سەر بەیەکێ لەو بلۆکانە بوون و بۆیە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی لە هەر یەکێك لە پارچەکانی کوردستان، بەپێچەوانەوەی ئاراستە ئایدیۆلوجییە فەرمییەکەی دەوڵەتە خاوەنەکەی دەجووڵایەوە. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە عێراق لە ساڵانی شەست و حەفتادا وردە وردە لەلایەن وڵاتانی سەر بەبلۆکی ڕۆژئاوا پشتیوانیی لێ کرا، هەرچەندە خودی بزووتنەوەکە هەوڵی دەدا خۆی بەهیچ یەکێ لەم وڵاتانەوە نەبەستێتەوە، بەڵام باڵانسەکە لە ڕووی هێز و وزەوە، لەوە ناهاوسەنگتر بوو، کە بزووتنەوەکە بتوانێ بەرگری لە مانەوەی خۆی بکا بەبێ دەستتێوەردان و خۆتێهەڵقورتانی دەوڵەتانی ناوچە و زلهێزەکانی ڕۆژئاوا. چارەنووسی بزووتنەوەکە بەسترا بووەوە بەئاراستە و تەوژمەکانی شەڕی سارد. ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵێکە بۆ خوێندنەوەی سیاسەتی ئێران بەرامبەر بەبزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە عێراق لەژێر سێبەری شەڕی سارد و لە

ڕاستیدا خوێندنەوەی ئاراستە و جووڵەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیشە لەناو هاوکێشەکانی شەڕی هەرێمایەتی و شەڕی سارددا.

**هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە**

**یەکەم:** نەبوونی باسێکی ئاکادیمی لەسەر ڕێبازی زانستی بۆ ئەم باسە بەزمانی کوردی و بەقەڵەمی کوردێك کە شرۆڤەی سیاسەتی ئێران بکا بەرامبەر بەبزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەی، لەوانەیە "ئەوانی بیانی" بەپێی بەرژەوەندی و دەمارگرژییە ناسیونالیستانەی خۆیان لەسەر ئەم بابەتەیان نووسیبێ، بەڵام لەلایەن کوردەوە، کاری لەسەر نەکراوە.

**دووەم:** شارەزابوونی توێژەر لە زمانی فارسی، هۆکارێکی تر بوو، کە بابەتێك هەڵبژێرێ «لە پاڵ پێویستیی هۆکاری یەکەم» تا بتوانین زۆرترین سوود لە سەرچاوە و دیکۆمێنتی فارسی وەربگرێ، کە بەداخەوە لەگەڵ کاریگەربوونی دەوڵەتی ئێران بەدرێژایی مێژووی هاوچەرخ لەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، کەمتر لەنێو توێژەران هەڵدەکەوت کە شارەزاییان لە زمانی فارسی هەبێ بۆ ئەوەی بتوانن بچنە ناو کتێبخانەی دەوڵەمەندی فارسی.

**سێیەم:** توێژەر بەشێك لە تەمەنی لەناو ڕووداوەکانی شۆڕشی ئەیلوول بووە و بەشەکانی تری ژیانیشی لەژێر کاریگەری ئەنجامی شۆڕش بووە و لە بنەماڵەیەك بووە، کە ساتێ لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی دانەبڕاوە، بۆیە سەرودەرکردن لەم بابەتە، بۆ توێژەر لەلایەك دژوار نەبوو لەلایەکی تر خولیای بوو، کە ڕۆژێك بتوانێ ڕەهەندێك لە ڕەهەندکانی بزووتنەوە شرۆڤە بکا لەسەر بنەمای زانستی، بۆ دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی مێژووی کورد و کوردستان و ئاشناکردنی نەوەکانی داهاتوو بەڕابردووی نەتەوەکەیان.

**ئامانجی توێژینەوەکە**

ئامانجی توێژینەوەکە، بریتییە لە خستنە ڕوو و دەستنیشانکردنی بنەما سەرەکییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بەعێراق بەگشتی و بەرامبەر بەکوردستان بەتایبەتی لەناو گەرمەی شەڕی ساردا لە قۆناغی ساڵانی ١٩٦١ – ١٩٧٥ کە کێشە کۆنینەکانی سنووری وشکانی و ئاوی، ڕەنگێکی ئایدیۆلۆجییانە بەخۆی دەگرێ و

کارتی کوردیش – لە پاڵ کێشە سنوورییەکانی و ئاوی شەتولعەرەب– بەکار دێ لە دژی عێراق، چونکە سەر بە بلۆکی ڕۆژهەڵات بوو. ئامانج ئەوەیە، کە لەم ماوەیەدا سیاسەتی ڕژێمی پەهلەویی دووەم لە ئاست نەتەوەی کورد بەگشتی و بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکەی بەڕێبەرایەتیی مەلا مستەفا بارزانی بەتایبەتی دیار بخرێ و ڕادەی هاوکاری و یارمەتیدانی چەند بووە و چەندەش کاریگەر بووە لە ئاراستەی جووڵانەوەکە.

## ڕێبازی تۆژینەوەکە

بەڕەچاوکردنی بوار و سروشتی زانستی بابەتەکە و، بەمەبەستی ئەنجامدانی تۆژینەوەکە و گەیشتن بەئامانجە زانستییەکانی، کەڵك لە ڕێبازی وەسفی مێژوویی و ڕێبازی شیتەڵکاری وەرگیراوە، چونکە بابەتەکە وا دەخوازێ، کە رەوتی مێژوویی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق لەم قۆناغە یەك لە دوای یەك، باسی لێوە بکرێ و لە هەمان کاتدا، پێ بەپێ باس لە جۆری پێوەندیی عێراق و ئێران لەگەڵ یەکتری لەناو بلۆکبەندی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بکرێت، کە هەر کامەیان سەر بەیەکێ لەم بلۆکانە بوون، لەناو ئەم بارودۆخانەدا، پێویستە هەڵوەستە بکرێ بەتایبەت لەسەر سیاسەتی ئێران بەرامبەر بەبزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی لە عێراق، کە دەمێك لێدانی و دەمێك یارمەتیدان بووە و لە ئان و ساتێکی تر دوو کەرتکردنی بووە و لە هەموو کاتەکانیش دژی ڕێککەوتنی ئاشتی بووە لە نێوان بزووتنەوەکە و دەوڵەتی عێراق و لە ئەنجامدا شیکردنەوەی ڕووداوەکان و کاریگەری شەڕی سارد بەسەر ئەم پێوەندییانە.

## ئاستەنگەکانی تۆژینەوەکە

دیارە ئەنجامدانی تۆژینەوە لەسەر بابەتێکی مێژوویی سیاسی، کە ئەویش پێوەندیی بەوڵاتێك و دراوسێیەکی کاریگەرەوە هەبێ، جۆرە هەستیارییەکی تێدایە و وردیی زیاتری دەوێت لە شرۆڤەکردن و خۆپاراستن لە دەمارگیری و هەستی رق و خۆشەویستی بەرامبەر هەردوو لایەنی بابەتەکە، ئەمە لە ڕووی سایکۆلۆجییەوە، قورسایی خستبووە سەر دەروون و هزری تۆژەر، کە نەکەوێتە ژێر کاریگەری هەستی خۆی و بگرە بەرێبازی زانستی بەڕێوە بڕوا.

هەروەها تۆژەر لەبەر هەڵکەوتی سیاسیی خۆی، نەیتوانی سەرێك لە ئێران بدا بۆ

ئـەوەی سوود لـە ڕۆژنـامـەگـەریی ئـەوسای ئـەوێ وەربـگرێ و بـۆیـە ژمـارەیـەکـی کـەم ڕۆژنامە و کۆواری دەست کەوت و بەڵام هەوڵی دا لە ڕێگەی بەکارهێنانی سەرچاوەی ڕەسەنی فارسی قەرەبووی بکاتەوە.

**ناوەڕۆك و دابەشکردنی توێژینەوەکە**

توێژینـەوەکـە پێنـج بـەش لـەخـۆ دەگرێ لـەگـەڵ ئـەنجام، بـەشی یـەکـەم بـەنـاوی بـنـەمـا سیاسییەکانی ئێران لە ئاست عێراقدا لە سێ بەندی جیاواز باس لە سێ بنەمای گرینگ دەکا، کە سیاسەتی ئێران لەسەری داڕێژراوە و ئاراستە و دیدگای ئێران دیاری دەکات بۆ سیاسەتی لە بەرامبەر عێراق، چونکە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەنێو بـازنـەیـەکـی فـراوانـتری پـێوەنـدیـی نـێوان عێراق و ئێراندایە، بۆیـە دیـاریـخستنی بنەماکانی سیاسەتی ئێران بەرامبەر بەعێراق، کارێکی پێویستە.

سێ بـنـەمـاکـە لـە سێ بـەنـدی جـیـاواز شرۆڤـە کـراوە کـە بـەندی یـەکـەم شرۆڤـەی دراوسێیـەتـیی جوگرافیـایی و پێشینـەی کێشەی سنوورییـە واتـە ناساندنی مێژووی ناکۆکییەکانی سنووری خاکی و ئاوی و گفتوگۆکردن لەسەر هەڵکەوتی جیۆپۆلیتیکی ئێران بەگشتی و هاوسنووریی دوور و درێژی لەگەڵ عێراق و کەنداوی فارس، لەناو کێشمـەکێشی شەڕی سارددا بـەهـایـەکـی تـایـبـەتـی بـەئـێران بـەخشیبوو، دابـەشبوونی "کورد" لە نێوان سنووری هەردوولایان، فاکتەرێکی گرینگ و هەمیشەیی بوو لە کێشە سنوورییەکان، بێجگە لە کۆمەڵێك فاکتەری تر.

بـەنـدی دووەم بـەنـاونـیشانـی هـۆکـاری ئـیـتـنیکی و سیاسەتی نـاسیـونـالیستی پەهلەوییەکان بەشێوەیەك باس لە سیاسەتی پەهلەوییەکان دەکا بەرامبەر بەنەتەوە نـافـارسەکـانی ئێران و پـەیڕەوکردنی سیاسەتی نـاسیـونـالیستی تـوندڕۆ و رابـردوو پەرست  بەڵام بەرگێکی و ڕواڵەتێکی مۆدێرن و، بەتایبەتی باس لەم سیاسەتە دەکا بەرامبەر بەنەتەوەی کورد و بزووتنەوەی ناسیونالیستانەیان کە زۆربەی کاتەکان وەك کـاردانـەوەیـەك بـووە بـەرامـبـەر بـەسیـاسەتـی جیـاکـاریـی نـەتـەوەیی و سڕینـەوەی مۆرکی کوردانەی " کورد " و تواندنەوەی لەناو فارس.

بەندی سێیەم باس لە دیدگای ئێران دەکا بۆ سیاسەتی دەرەوەی بەشێوەیەکی گشتی و بەرامبەر بەعێراق بەتایبەتی و، بێگومان لەم حاڵەتەدا باس لە پێوەندیی ئێران و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیش لە عێراق دێتە ئارا.

بـەشی دووەم، نـاونـیشانـی ئـەمـەیـە: چـاوخشانـدنـێك بـەمـێژووی سیـاسەتـی پەهلەوییەکان بەرامبەر بەبزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان.

باسی یەکەم تایبەتە بەسیاسەتی رەزا شا لە ئاست بزووتنەوەی ناسیونالیستی کوردیدا. لـەم بـاسەدا جـەخت کراوەتـەوە سەر ئـاشکراکـردنـی سیـاسەتـی ڕەزا شا لـە چەسپاندنی پایەکانی حکوومەتەکەی لەسەر سێ بنەمای سەرەکی کە برێتییە لە سیستمی تاکڕەوی «دیکتاتۆری» و ناسیونالیزمی فارسی بەناوی ناسیونالیزمی ″ ئـێرانـی ″ و بـەسەنترالکردنی دەوڵـەت و لـە هـەمـان کـاتدا بـەبـەرگێکی رۆئـاوایـانـە و مۆدێرن و هـەوڵدان بۆ جودایی دین لە دەوڵەت.

هـەروەها بـاس لە سیاسەتی ڕەزا شا دەکا لە ئـاست شۆڕشی شێخ مەحموودی حەفید و سمکۆی شکاك.

باسی دووەم، سیاسەتی محەمەد رەزا شا لە ئاست بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد (١٩٤١ – ١٩٥٨) نیشان دەدا. دوای ناڕازیبوونی هێزەکانی هاوپەیمانیی شەڕی دووەمی جیهانی لە سیاسەتی ڕەزا شا و دوورخستنەوەی لە وڵات، محەمەد رەزا شایان لە جێگەی دانا و ئەویش هەمان سیاسەتی باوکی پەیرەو کرد لە چەسپاندنی سێ پایەکەی کە باس کرا، لەگەڵ بەهێزکردنی سوپا و دامەزراندنی دەزگای هەواڵگری و ئاسایش ″ساواك″ و پتەوکردنی پێوەندیی خۆی لەگەڵ ئەمەریکا بەبەستنی کۆمەڵێ ڕێککەوتننامەی سەربازی و ئابووری بۆ پاراستنی وڵاتەکەی لە هەڕەشەی کۆمۆنیزم «سۆڤیەت» و ئاوەدانکردنەوەی وڵات.

سیاسەتی پەهلەویی دووەم بەرامبەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بەگشتی پڕ بوو لە پشتگوێخستن و بەچاوێکی سووك سەیرکردنی نەتەوە فارسەکان و کوشت و بڕ و تۆقاندن. هەر لە ئاست کۆماری کوردستان لە مەهاباد و لەسێدارەدانی ژمارەیەکی زۆر لـە سەرانـی کـورد و راونـانـی بـارزانـی و، تـا یـاساغـکردنـی چـالاکـیی حزبـی و دیموکراتی کوردستانی ئێران.

بـاسی سێیـەم تـایبـەتـە بـەسیـاسەتـی مـحـەمـەد ڕەزا شا لـە ئـاست بـزووتـنـەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانی باشوور لە سەردەمی کۆماری عێراقدا (١٩٥٨ – ١٩٦١) ئەم باسە تایبەتمەندی و بایەخی خۆی هەیە چونکە وەرچەرخانێکی ١٨٠ پلەیی دەبینرێ لە پێوەندیی ئێران و عێراقدا دوای ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی لە عێراق و

هاتنه کایەوەی ڕژێمی کۆماری کە یەکەتیی سۆڤیەت پاڵپشتی بوو و کۆماری نوێ سیاسەتێکی دژە ڕۆژئاواییانەی بەخۆ گرت و هەوڵی دا ئیمتیازی وڵاتانی ڕۆژئاوا و کۆمپانیا نەوتییەکانیان لە عێراق ببڕێ، لەگەڵ ئەوەی کە وەك هەر وڵاتێکی سەر بەبلۆکی ڕۆژهەڵات و لە ڕاستیدا وەك هەر وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ناوەڕۆك و بنەمای ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق لەسەر سیستمی توتالیتاری و میلیتاری دامەزرا بوو ئەوانیش هەوڵی چەسپاندنی بیرۆکەی بەسەنتەرکردنی دەوڵەت و پشتگوێخستنی دەوروبەری وڵات و بەپراکتیك حاشاکردن لە نەتەوەی کورد و بێ بەشکردن بوو لە هەر مافێکی نەتەوەیی و، خاڵی ناکۆکیی بنەرەتی لە نێوان ئێران و عێراق لەو قۆناغە نوێیەدا ئایدیۆلۆجیی ڕژێمەکان بوو، هەر کات ناکۆکیی ئایدیۆلۆجی سەری هەڵدابا، گشت کێشە کۆنەکانی سنووری و، ئەوانی فەرامۆش کرابوونیش زیندوو دەبوونەوە و لەو کاتانەش هەڵوێستی ئێران بەرامبەر بەبزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەییی کورد دەگۆڕا و ڕۆڵی پشتیوان و یارمەتیدەری دەبینی و دەیان بڕوبیانووشی بۆ دەدۆزییەوە، وەك هاونەژادیبوونی کورد و فارس «ئاری» تایبەتمەندیی ئەم قۆناغە لەوەدا بوو کە بۆ یەکەم جار، ڕژێمی شا بەپلان هاتە ناو کوردستانی عێراق بۆ زاڵبوونی بەسەر ڕووداوەکانی عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی.

بەشی سێیەم، بەناونیشانی سیاسەتی ئێران لە ئاست شۆڕشی کورد لە عێراق ١٩٦١ – ١٩٦٤، واتە شیکردنەوەی ئەو قۆناغەیە لە دەستپێکی شۆڕش تا دووکەرتبوونی پارتی و شۆڕش لە هاوینی ١٩٦٤ کە چوار بەند دەگرێتە خۆ:

بەندی یەکەم بەکورتی باس لە هۆکار و چۆنیەتی دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١ دەکا تا ڕووخانی ڕژێمی عەبدولکەریم قاسم و هەڵوێستی ئێران لەم قۆناغە نیشان دەدا کە بە دوو چەشن بووە، لە سەرەتادا لە ناوچە سنوورییەکان، ئەویش تۆپبارانی کوردستان دەکا، بەڵام لە دوایدا لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٦٢ بەهاتوچۆی شاندی پارتی بۆ تاران لەسەر داوای "شا" و خۆنزیککردنەوە لە مەکتەبی سیاسیی پارتی، بارودۆخەکە دەگۆڕێ و وردە وردە ڕژێمی شا پشتیوانی لە شۆڕش دەکا، بەڵام بەشێوەیەکی سادە و ساکار.

بەندی دووەم، هەڵوێستی ئێران لە ئاست پێوەندییەکانی سەرکردایەتیی کورد و حکوومەتی عێراق لە ١٩٦٣ – ١٩٦٤ نیشان دەدا کە ڕۆڵێکی تێکدەرانەی هەبوو لە

ئـاست شۆڕش، لـەگـەڵ هـاتـنـی بـەعسیـیـەکـان بـۆ سـەر حوکم، ڕژێمـی شا هـەوڵ دەدا پێوەندیی خۆی لەگەڵ عێراق چاك بکاتەوە و پەرەسەندنی شۆڕش کاریگەری هەبوو بەسەر کوردستانی ئێران و لە زیانی ئەودا بوو، بۆیە ژمارەیەك هێزی سەربازی دەنێرێ بۆ کەرکووك و لە تەك وڵاتانی تری ناوچەکە وەك تورکیا و سووریا، بەپێی پلانێك بەناوی پلانی پڵنگ یان ئۆپەراسیۆنی دیجلە، لە شۆڕش دەدەن و سیاسەتی جینۆساید لەلایەن عێراقەوە جێبەجێ دەکرێت کە یەکەتیی سۆڤیەت و وڵاتانی تری سوسیالیستی دژایەتیی ئەم کردەوەیە دەکەن کە بە هاوکاریی وڵاتانی بلۆکی ڕۆئاوا، ئەم چوار وڵاتە بەم کارە هەڵساون.

بەندی سێیەم، پێوەندیی کوردستانی عێراق و کوردستانی ئێران دەخاتە ڕوو.

سنوورە دەستکردەکان بەدرێژاییی مێژوو، نەیانتوانیوە ″ کورد ″ لێك بکەن و هەر کـاتـێ کـە لـە ئـێران و یـان عـێراق شۆڕش بـەرپـا دەبـوو، دیـوەکـەی تـر پشتـیـوانـی و هاوکاریی دەکرد و بەهانای لێقەوماوانی و ئاوارەی شۆڕش دەهاتن کە ئەمە لە سەردەمـی شکستـی شۆڕشی شێخ مـەحـمـوود بـینـرا، کـە کـاتـێ خـاووخـێزانـی ئـاوارەی کوردستانی ئێران دەبن، سەرانی کورد دەیانگرنە خۆ و لە سەردەمی هاتنی بارزانی و هـەزاران لـە پـێشمـەرگـەکـانـی پـاش شۆڕشی ١٩٤٥ بـۆ کـوردسـتـانـی ئـێران، خـەڵـکـی مەهاباد دەیانگرنە خۆ و بارزانییش لە بەرامبەردا دەبێتە بەشێك لە هەڵسوڕێنەرانی کۆمار و تا دوا سات لەگەڵ قازی محەمەد دەبێ و هەروەها لە کاتی قڕکردنی حزبی دیموکرات لە کوردستانی ئێران لەسەر دەستی ڕژێمی شا، پاشماوەی ڕزگاربووی پەنا بـۆ کـوردسـتـانـی عێراق دەهـێنن (لـە پـەنـجـاکـان) و لـە کـاتـی دەستـپـێکردنـی شۆڕشی ئەیلوول هاتنە تەنیشت پێشمەرگەی لەشکری کوردستان و لەگەڵ بارزانی خەباتی سیـاسی و دیـپـلـۆمـاسی و چـەکـداریـیـان دەکـرد و خـەڵـکـی کـوردسـتـانـی ئـێرانـیش بـەکـۆکـردنـەوەی پـیـتـاك و خـۆراك و پـۆشاك و نـاردنـیـان بـۆ شۆڕش، یـارمـەتـیـی پێشمەرگەیان دا.

بەندی چوارەم، باس لە دووکەرتبوونی سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کوردی لە ١٩٦٤ دەکا.

دوای تێکەڵاویی کادیرانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەشۆڕشی ئەیلوول و بارزانی و هاوکاریی مادی و مەعنەویی خەڵکی کوردستانی ئێران بۆ شۆڕش، ئێران

زیاتر هەستی بە مەترسی دەکرد لە گەشەکردنی شۆڕش، بۆیە لە پاڵ ئەوەی کە دەیویست شۆڕش هەبێ بۆ لاوازکردنی عێراق، بەڵام نەیدەویست زۆر بەهێز بێ و "کەسایەتییەکی " پڕ بەها پەیدا بکا کە کوردی بێ بەش لە هەموو مافێکی نەتەوەیی، ئابووری و مرۆڤایەتیی کوردستانی ئێران، ڕووی تێ بکەن و ئەگەر شۆڕش زۆر بەهێز بێ بێگومان ئاگری شۆڕش دامێنی مەهاباد و سنە و کرماشانیش دەگرێتەوە. بۆیە ڕژێم دوو سیاسەتی گرتە بەر یەکەم دژی هەموو ئاگربەست و ڕێککەوتنی شۆڕشی عێراق بوو، دووەم، خۆی هاتە ناو شۆڕش، بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی شۆڕش و کوردی ئێرانیش بکا واتە شۆڕش تێر بکا بۆ ئەوەی پێویستیان بەکوردی ئێران نەبێ، لە هەمان کاتدا خۆی جڵەوی شۆڕش بگرێ و بەئارەزووی خۆی سیاسەتی " شلە و توندە" بەکار بهێنێ، باشترین ئامراز بۆ پیادەکردنی ئەم سیاسەتە، کەرتکردن و درز خستنە ناو شۆڕشە. مرۆڤ هەموو کاتێ لەبەر جۆراوجۆری تێڕوانینەکان، ئامادەییی تێدایە کە لە کەسانی دەوروبەر هەڵگەڕێتەوە، بەڵام ئەگەر دوژمن بیەوێ کەڵك لەم هەڵگەڕانەوە وەربگرێ، ئاراستەکان بەئاقارێکی تر دەڕۆن." شا " هەر زوو بۆی دەرکەوت مەکتەبی سیاسی لە کردەوەی دیپلۆماسیی میانڕۆ و نەرمترن و دەکرێ سوودیان لێ ببینێ و هەروەها بای ئەوەندەش جیاوازیی سەلیقە و تێڕوانین لە نێوان سەرۆکی شۆڕش و گرووپی مەکتەبی سیاسی هەبوو کە لەوێوە دەست لە کاروباریان وەردات و سەرەنجام توانی تووشی شەڕی براکوژییان بکا.

بەشی چوارەم، هەڵوێستی ئێران لە ئاست پێوەندییەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و ڕژێمی عێراق (١٩٦٥ – ١٩٧٠) دەردەخا کە سێ بەند دەگرێتە خۆ:

بەندی یەکەم باس لە پێوەندی و ڕێککەوتنی ئێران لەگەڵ سەرکردایەتیی شۆڕش لە ١٩٦٥ و هەڵوێستی لە ئاست بەیانی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ نیشان دەدا کە چۆن ئێران هەموو کارێکی کردووە بۆ ڕێگەگرتن لە پێکهاتنی کورد و ڕژێمی عێراقی، تەنانەت ناردنەوەی ئەو گرووپەی «مەکتەب سیاسی» کە خۆی لە شۆڕشی دابڕاندبوو بۆ پاڵ شۆڕش و هەوڵدان بۆ بەهێزترکردنی شۆڕش بۆ ئەوەی شەڕ بەردەوام بێت و ئاشتی سەر نەکەوێ کە سەرەنجام ئاگربەستێك لە نێوان شۆڕش و عێراق ڕوودەدا، بەڵام درێژخایەن نابێ و شۆڕش بەردەوام دەبێ لە خەباتی چەکداریی دژ بەڕژێم، بەڵام بۆ یەکەم جار و بەئاشکرایی گرووپی مەکتەبی سیاسی دابڕا و دەچنە پاڵ ڕژێم

و هاوکاریی ڕژێم دەکەن لە لێدانی شۆڕش.

بەندی دووەم، کاریگەری شەڕی سارد لەسەر پێوەندییەکان و کێشە سنوورییەکانی عێراق و کاردانەوەی لەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد دەردەخا کە باسێکی گرینگە لە شیکردنەوەی کاریگەری ڕاستەوخۆی شەڕی سارد و لە ڕاستیدا شەڕی دابەشکاری بەرژەوەندییەکان بەتایبەتی " نەوت " بوو لە نێوان هەردوو بلۆك و پشتیوانیکردنی ولاتانی رۆئاوا بە سەرکردایەتیی ئەمەریکا لە ولاتانی کەنداو و ئێران و قۆرغکردنی ڕێگە بازرگانییەکان و "سەرمایەی نەوت " و گرتنەبەری سیاسەتی سەرکوتکردنی هەر بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە، وەك بزووتنەوەی زەفار لە عومان و شەڕی ڤێتنام و کامبۆدیا.

بەندی سێیەم، هەڵوێستی ئێران لە ئاست ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ نیشان دەدا کە کەڵکی لە هەموو ئامرازێك وەرگرتووە بۆ ئەوەی کورد ناچار بکا، ئەو پەیمانە مۆر نەکا لەبەر دوو هۆکار: یەکەم دەبووە هۆی بەهێزیی عێراق کە بەهەرەشەی دەزانی لەسەر خۆی و هەروەها لە بازنەیەکی فراوانتر هەرەشەی بلۆکی رۆهەلات بوو لەسەر بلۆکی رۆئاوا، چونکە یەکەتیی سۆڤیەت خوازیاری ڕێککەوتن بوو و رۆڵی سەرەکیی بینی لەم ڕێککەوتننامەیە، دووەم مانای بەهێزیی هەڵکەوتی کورد دەدا لە ناوچەکە و سەرکەوتنی شۆڕش و وەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی لەناو ولاتێکی دەوڵەمەند بەنەوت، کوردستانی بەرەو ئاقارێکی پێشکەوتن دەبرد کە ڕژێمی شا توانای بینینی نەبوو، هەروەها کوردستانی ئۆتۆنۆم و حکوومەتی ناسەنتەری لە عێراق دەبووە مۆدێلێك بۆ نەتەوە بەشخوراوەکانی ناوچەکە، کە ئەمەش ئێرانی قەڵس و نیگەران دەکرد.

بەشی پێنجەم، پێوەندیی نێوان سەرکردایەتیی کورد و حکوومەتی عێراق و هەڵوێستی ئێران بەرامبەر بەم پێوەندییە لە ١٩٧١ – ١٩٧٥ دەردەخا. کە سێ بەند دەگرێتە خۆ:

بەندی یەکەم، ململانێی خۆچەکدارکردنی عێراق و ئێران و پشتگیریی ئێران لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد دوای بەستنی ڕێککەوتننامەی هاوڕێیەتی و هاوکاریی سۆڤیەت – عێراق لە ١٩٧٢/٤/٩ نیشان دەدا، ئەم بەندە شیتەڵی ئەم بابەتە دەکا کە چۆن ئێران لە سیاسەتی تێکدەرانەی خۆی نەوەستا لە

ئـاست ڕێككـەوتننـامـەی ئـاشتـی و دەستـی بـۆ هـەمـوو كـارێك بـرد بـۆ ئـەوەی بـتـوانـێ زەمینەی تێكدانی ئاشتی لە نێوان كورد و عێراق برەخسێنێ و كەشوهەوایەكی پڕ لە گومانیشی بۆ عێراق دروست كرد و وای لێ هات بزووتنەوە و عێراق لە یەكتری ئەمین نـەبـوون و بـارودۆخـێكـی پـڕ لـە تـرس و تـیـرۆر دروست بـوو و بـێجگـە لـە بـەردەوام خۆتێهەڵقورتانی ئێران لە كاروباری ئۆتۆنۆمیی كوردستان و هەوڵدان بۆ دابڕان لە عێراق، بگرە پێی ئیسرائیل و ئەمەریكاشی زیاتر كێشایە ناو شۆڕش و هەوڵەكانی ئەوان، كە بوونە فاكتەرێك بۆ تێكدانی ڕێككەوتنی ئاشتیی نێوان بزووتنەوە و ڕژێمی بەغدا، فاكتەرێكی تریش دەگەڕایەوە بۆ جۆری ڕژێمی بەعس كە ساتێ نەوەستا لە سیاسەتی بەعەرەبكردن و ڕاگواستن و دەركردنی كورد لە كوردستان و هێنانی عەرەب.

بەندی دووەم باس لە هەڵگیرسانی شەڕ دەكا لە نێوان كورد و عێراق لە ١٩٧٤ – ١٩٧٥ی پشتگیریی بەرفراوانی ئێران نیشان دەدا لە شۆڕشی كورد و بەندی سێیەمیش گۆڕانی هەڵوێستی ئێران دەردەخا لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٥ لەبەر زۆر هۆكار و سەرەنجام بەستنی ڕێككەوتننامەی جەزائیر لە ٦ی ئاداری ١٩٧٥ و كۆتاییهێنان بـەشۆڕشی كـورد، چـونكـە بـەدرێژایـیـی ساڵانـی شۆڕشی ئـەیلـوول، بـەشێوەیـەكـی وا كۆنترۆڵی شۆڕشی كردبوو بەتایبەتی دوای ڕێككەوتننامەی دۆستایەتیی سۆڤیەت و عێراق (١٩٧٢)، بەتەواوی پشتگیریی مادی و مەعنەویی شۆڕشی كرد و هەروەها دابینكردنی یارمەتیی مادی لەلایەن ئەمەریكاش، بووە هۆی كۆنترۆڵكردنی شۆڕش بەتەواوی، بۆیە توانیشی لەناوی بەرێ.

**سەرچاوەكانی توێژەر**

بۆ ئەنجامدانی ئەم تۆژینەوەیە، پشت بەژمارەیەكی گونجاو لە سەرچاوەی مێژوویی– سیاسیی هەمەجۆر بەسترا و بەتایبەتی ژمارەیەكی بەرچاو لە سەرچاوەی ڕەسەن لێكۆڵینەوەكانی فارسی، ڕەسەنەكان بریتی بوون لەو بیرەوەرییانەی كە كەسایەتییە كـاریگـەرەكـانی ڕژێمـی پـەهلـەوی بـەقـەڵـەمـی خـۆیـان نووسیویـانـەتـەوە و بـەجێیـان هـێشتـون و یـاخـۆ چـاوپـێكـەوتـنـیـان لـەگـەڵ كـراوە و، لـە زمـانـی خـۆیـان شرۆڤـەی ڕووداوەكانیان كردووە كە خۆیان تێیدا ئامادەییيان هەبووە.

بۆ ئاماژەدان بەهەڵكەوتی جیۆپۆلیتكی ئێران لەلایەك و كێشە سنوورییە ئاوی و خاكییەكان پشت بەكۆمەڵێ سەرچاوە بەستراوە لەوانە، زەمینەكانی مێژووی ناكۆكیی

ئێران و عێراق لە نووسینی مەنوچەهر پارسا دوست و هەروەها دوو کتێبی تری نزیك لەم ناونیشانانە هی ئەسغەر جەعفەری وەلەدانی و هەروەها تێزی دوکتۆرای ئازەر میدۆختی مشایخی فریدنی، سەرچاوەی پڕ بەها بوون و لە تەك چەند سەرچاوەیەکی عەرەبی و ئینگلیزی، توانییان تێراییی بابەتەکە دەوڵەمەند بکەن، لەوانەش کتێبی ئێران و عێراق لە ماوەی پێنج سەدە، لە نووسینی حەسەن مەجید دوجیلی.

بۆ سەروەرکردنی باری ئەتنیکی ئێران و سیاسەتی ناسیونالیستی پەهلەوییەکان بەتایبەتی لە ئاست کورددا، سوود لە نووسینەکانی د. خەلیل عەلی مراد وەرگیراوە، پیتر ئاوریی ئێرانناس، ژان پیردیگار، محەمەد عەلی هومایون کاتوزیان، ریچارد کاتم و بەتایبەتی دوو کتێبی بەنرخی نادر ئینتسار سەبارەت بەناسیۆنالیزم و دوو باسی گرنگیی عەباس وەلی لەم بوارەدا سەبارەت بەناسینی دیدگای ئێران و سیاسەتی دەرەوەی پەهلەوییەکان هەوڵ دراوە هاوسەنگی رابگیرێ لە نێوان جۆری سەرچاوەکان، واتە کەڵك وەرگرتن لە نووسینی خودی سەرانی ڕژێمی پەهلەوی بەخودی محەمەد رەزا شا «پاسخ بە تاریخ» و ئەوانی تر کە بێگومان پڕە لە پێدا هەڵگوتن و پاساوهێنانەوە، لە تەك ئەو نووسینانەی کە دوای ڕووخانی ڕژێم لە ئێران و دەرەوە نووسراوە زیاتر لایەنی رەخنەگری لە ڕژێمی تێیدا بەرجەستە بووە، وە هەروەها شرۆڤەی عەرەب و رۆئاواییەکان بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئێران جێی بایەخ بوون، گرینگترین سەرچاوە کتێبی سیاسەتی دەرەوەی ئێران ١٩٤١ – ١٩٧٣ی روحوڵا ڕەمەزانی و گفتوگۆکەی ئەحمەد ئەحرار «رۆژنامەنووسی بەناوبانگی ئێرانی» لەگەڵ ئەحمەد میر فندرسکی (دیپلۆمات و دوا وەزیری دەرەوەی ئێرانی پەهلەوی).

بۆ ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق دوای ڕووخانی رژێمی پاشایەتی لە عێراق (١٩٥٨) هەروەها باسکردن لە هەوڵەکانی شا بۆ پێوەندی سازکردن لەگەڵ سەرانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی، هەردوو کتێبەکەی ″ عیسا پژمان ″ لەگەڵ ئەوەی کە هەندێ زێدەڕۆیی تێدایە، سەرچاوەی سەرەکی بوو لە پاڵ کتێبەکەی مەسعوود بارزانی بەناوی ″بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد″ بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم و دووەم و، هەروەها گشت ئەو کتێبانەی کە نووسەرانی بیانی و رۆژنامەنووسانی ڕۆئاوایی لە کاتی شۆڕش، سەردانی کوردستانیان کردووە و ڕاپۆرت و سەربردەی خۆیان گێڕاوەتەوە کە گرینگترینیان، کریس کۆچیرا، دانا ئادەم شمیدت و... هتد هەروەها کتێبەکەی ″ماکداول″ و ″ ئەدگار ئۆبالاس ″ بەوردی باسیان

لە ڕووداوەکان کردووە و ئەمە جگە لە کەسایەتییە کوردییەکان کە لەناو شۆڕش دابوون و بیرەوەری و تێبینیی خۆیان لەسەر شۆڕش نووسیوە وەك موحسین دزەیی، عەبدوڵا ئاغای پشدەری، شەوکەتی مەلا ئیسماعیل و ئیبراهیم جەلال. لەبارەی ململانێی شەڕی سارد و پێوەندیی عێراق و سۆڤیەت و کاریگەری بەسەر ئێرانەوە، دوو کتێبی ئینگلیزی کە یەکەمیان هی (هەیم شمێش) بوو کە تێزی دوکتۆراکەیەتی، بایەخی تایبەتی هەبوو لە پاڵ کتێبەکەی «ئۆلس» و «بێتی سمۆلەنسکی»، کە بەوردی باسیان لە کاریگەری شەڕی سارد کردووە لەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورددا.

لێکۆڵینەوە و بیرەوەریی کەسایەتییە عەرەبەکان، زانیارییەکی زۆری لێ وەرگیراوە لەوانە بیرەوەرییەکانی وەزیرانی سەردەمی ڕژێمی بەعس وەك جەواد هاشم و تۆژینەوەکانی سەعد ناجی جەواد و د. سەعد مەهدی شەلاش.

هەردوو جۆر یاداشت و بیرەوەریی ئەمیر ئەسەدوڵا عەلەم وەزیری دەرباری محەمەد ڕەزا شا، سەرچاوەی پڕ لە وردەکاری و دیقەت بوون بۆ شرۆڤەی باسەکە. یەکەمیان بەناوی ″گفتوگوهای من با شاه″ لەژێر چاودێریی هۆشەنگی مەهدەوی چاپ کراوە و دووەمیان بەناوی ″یاداشتهای علم″ کە لەژێر چاودێریی عەلینەقی عەلیخانی لە چاپ دراوە، چەند کتێبێکی بەڵگەنامەیی، سەرچاوەی ڕەسەن بوون بۆ شیکردنەوە و سەلماندنی تیۆرییەکان، لەوانە کتێبەکانی ″چپ در ایران″ کە کۆمەڵێ دیکۆمێنتی ″ساواك″(١) بوون و هەروەها کتێبی محەمەد عەلی سوڵتانی، ژمارەیەکی بەرچاو لە بەڵگەی ″ساواك″ و دەوڵەتی ئێرانی تێدایە. چاوپێکەوتنەکان یارمەتیدەری باش بوون بۆ بەرچاوروونی و زانیاری وەرگرتن کە لەوانە دیمانەی د. شەفیق قەزاز(٢) بایەخێکی تایبەتی هەبوو، چونکە ئەو نوێنەری شۆڕش بوو لە تاران لە ساڵانی (١٩٧٣ – ١٩٧٥) و نوێنەری شۆڕش بووە لە ئەمەریکا لە ساڵانی (١٩٦٥ – ١٩٧٣) و هەروەها

---

(١) کورتکراوەی سازمان امنیت و اطلاعات کشور بوو کە لە ساڵی ١٩٥٧، دوای ڕووداوەکانی شکستی د. موسەدەق و هەڵچوونی ناڕازیان بەهاوکاریی CIAی ئەمەریکایی، دامەزرا و ئامانجی پاراستنی ئاسایش بوو لەناو وڵات و کارکردن بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی ڕژێمی شاهنشاهی بوو. بڕوانە: عباس میلانی: معمای هویدا تهران ١٣٨٠ چ٣ اختران، ص١٦٦.

(٢) دیمانەکە لە هەولێر و لە مێژووی ٢٠٠٧/٤/٥ ئەنجام درا.

چاوپێکەوتن لەگەڵ د. مەحموود عوسمان، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی لە سالآنی شۆڕش و کەسێکی نزیك لە بارزانی، گفتوگۆکردن لەگەڵ محەمەد عزیز، بەڕێوەبەری کارگێڕیی بارەگای بارزانی و چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵا حەسەن زادە، سکرتێری پێشووی حزبی دیموکرات، سوودبەخش بوو.

موتالآکردنی ژمارەیەك دیکۆمێنتی بەریتانیایی و ئەمەریکایی، راستییەکانی زیاتر ئاشکرا کرد لە سیاسەتی وڵاتانی رۆئاوا بەرامبەر بەگەلانی ژێردەستە و دەوڵەتانی ناوچەکە بەگشتی و بەرامبەر بە کورد بەتایبەتی.

سێ فیلمی دیکۆمێنتی مێژوویی سیاسی لەسەر شۆڕشی ئەیلوول و ژیانی بارزانی، بەناوی ″ پێشڕەو ″ و ″ ڕابەر ″و ″ لەبەرئەوەی کوردین″ بەرچاوڕوونییەکی باشی دا بەتوێژەر لەگەڵ سوود وەرگرتن لە وتەی بەرپرسانی سۆڤیەت کە لە فیلمەکەدا چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە. هەروەها دواجار سوود لە ژمارەیەکی سنووردار لە رۆژنامە و کۆواری ئێرانی و چەند سایتێکی تۆڕی ئینتەرنێت وەرگیراوە.

بەشی یەکەم

# بنەماکانی سیاسەتی پەهلەوییەکان
# لە ئاست عێراقدا

# بەندی یەکەم

## هەڵکەوتی جوگرافیایی و پێشینەی کێشەی سنوور

جوگرافیا کە برێتییە لە پانتاییی سەر زەوی، بەرزی و نزمی، ئاووهەوا، شوێنگە و شێوەی زەوی، لە ڕاستیدا یەکێ لە بنچینە هەرە گرینگەکانی هێز و دەستڕۆیشتوویی هەر وڵاتێکە لە ناوچە و دەوروبەری خۆیدا. هەندێ لە بیریاران و زانایانی جیۆپۆلیتیك بڕوایان وایە کە هەڵکەوتی جوگرافیایی لە ڕاستیدا، تەواوی سیاسەتی دەرەوەی یەك وڵات دیاری دەکات(١).

بایەخی هەڵکەوتی جوگرافیایی، بەتایبەتی لە پێوەندیی دوو دراوسێ زیاتر بەدەردەکەوێ و جۆری بەرێوەچوونی شێوازی پێوەندییەکان نیشان دەدا(٢).

جیۆپۆلیتیك یان «جوگرافیای سیاسی»(٣)، کاریگەرییەکی یەکلاییکەرەوەی هەیە لە ڕووداوە مێژوویییەکان و سیاسییەکان. چونکە ڕووداوە سیاسییەکان هەردەم لە ژینگەیەکی جوگرافیایی ڕوو دەدەن و هۆکارە جوگرافیاییەکان لە ئاراستە و ڕەوتی ڕووداوەکان کاریگەرن، هەرچەندە لە کۆتاییدا مرۆڤ دروستکەری ڕووداوە سیاسییەکانە.

جوگرافیا یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی بەهێزی نەتەوە لە پاڵ ڕەوشی ئابووری، تەکنەلۆجیا، وزەی مرۆیی کولتووری بەهێز. تۆپۆگرافی واتە تایبەتمەندییەکانی سروشتی، هۆکارێکی گرینگە لە بەهێزیی نەتەوایەتی وەك بەرزیی خاکەکەی لە زەریا،

---

(١) حمید بهزادی: اصول روابط بین الملل وسیاست خارجی، تهران ١٣٦٨، دهخدا چاپ دوم، ص٢٠٧.

(٢) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: جك س. پلینو- روی التون: فرهنگ روابط بین الملل، ترجمة حسن پستا، تهران ١٣٧٩ فرهنگ معاصر چاپ دوم، ص١٣٢.

(٣) Geopolitics، برێتییە لە دوو وشە، جیۆ بەمانای زەوی و پۆلیتیك بەمانای سیاسەت دێ، کە دەکرێ کوردییەکەی ببێتە ( جوگرافیای سیاسی) واتە ئەو سیاسەتەی، کە جۆری زەوییەکەی کاریگەری بەسەریەوە هەیە، بەواتایەکی تر کاریگەری زەوی بەهەموو ڕوخسارەکانی بەسەر سیاسەتی وڵات و ئاسایشی نەتەوەیی، بڕوانە: جك سی. پلینو- روی التون: م.پ، ص١٣١.

ڕووبار و کێو و دەشت و... هتد. جوگرافیای هەردوو وڵاتی عێراق و ئێران لە ڕووی هەڵکەوت و تۆپۆگرافییەوە، کۆمەڵێ ئەنجامی ئەرێیی و نەرێیی پێ بەخشیون لە پێوەندیی دوو وڵاتدا کە گرینگترین خاڵەکانی ئەمانەی خوارەوەن:

هەبوونی ڕووبارێکی هاوبەش لە نێوانیاندا، لە بەشێکی سنوورەکانی باشووری ڕۆهەڵاتی عێراق و باشووری ڕۆئاوای ئێران، بەردەوام لە سەدەکانی دواین، بووبووە مایەی گرفت و کێشە لە نێوانیان واتە شەتولعەرەب «بە عەرەبی» یان ئەروەند رود «بە فارسی»[١]. شەتولعەرەب ڕۆڵێکی کاریگەری بینیوە لە بەردەوامیی گرژی و ناکۆکیی نێوان هەردوو لا چ لە سەردەمی عوسمانییەکان کە عێراق بەشێك بووە لەم ئیمپراتۆریایە، چ لە دوای دامەزرانی ئەم دەوڵەتە لە ١٩٢١[٢].

١- دراوسێیەتی بەدرێژاییی ١٤٥٨کم[٣]، دەتوانێ ڕۆڵێکی بەرچاو ببینێ لە پێوەندییە سیاسی، فەرهەنگی و بازرگانییەکانی نێوان دوو وڵات، بەڵام لەبەر پێکهاتەی ئەتنیکی هاوبەش لەمبەر و ئەوبەری سنوور و، پەڕینەوەی هەردوو کۆمەڵە مرۆڤەکان بۆ ناو سنوورەکانی یەکتری[٤]، کاریگەری نەرێیی خستووەتە سەر پێوەندیی ئەم دوو وڵاتە کە بەشێوەیەکی سەنترال و تاك ئەتنیکی و تاك حزبی و تاك ئاینزایی، لە ڕابردوودا، بەڕێوە چوون و زۆربەی کاتەکان، نەتەوەیەك و ئاینزایەك و حزبێك و هەندێ جار، تاکە کەسێك بەشێوەیەکی ملهور و ڕەها بەڕێوەی بردووە کە هەڵگری شوناسی نەتەوە و ئاینی باڵادەست بووە[٥].

٢- هەبوونی هەندێ کێڵگەی نەوتی وەك زەریایەك لە نەوت، لە ناوچە سنوورییەکانی ئێران وەك لە کرماشان و ئابادان و، لە خانەقینی عێراق، بووبووە هۆی

---

(١) شط العرب ناوە عەرەبییەکەی بەمانای شوێنی پێك گەیشتنی دوو ڕووباری دیجلە و فوراتە، بەڵام ئەروەند رود ناوی فارسییەکەیەتی کە ناوی کۆنی ڕووباری دیجلەیە، بڕوانە: معین: فرهنگ سیاسی معین، ج٥، تهران، ص١٣

(٢) بڕوانە: خلیل علي مراد- ابراهیم خلیل احمد: ایران وترکیا دراسة في التاریخ الحدیث والمعاصر، موصل١٩٩٢، دار الکتب للنشر، ص١٥٩- ١٦٣و ١٩٦-٢٠٢.

(٣) بڕوانە: www.cia.gov/ Cia/ publication/ factbook/ geos/ irhtm/ geo

(٤) حسن مجید الدجیلي: ایران والعراق خلال خمس قرون، بیروت ١٩٩٩، دارضواء ، ص٢٦٦.

(٥) احمد میر فندرسکي و احمد احرار، دیپلوماسي وسیاست خارجي ایران، از سوم شهریور ١٣٢٠تا ٢٢ بهمن ١٣٥٧، تهران ١٣٨٢ علم، ص٢٥٨.

جموجۆڵێکی هەڵکەندن و پرۆژەی پیشەسازی و گرتنەبەری ڕێوشوێنی ئاسایش بەشێوەیەکی چڕ لەلایەن هەردوولاوە کە پێویستی بەهاوکاری و هاوپلانی هەبوو(١).

٣- لە ڕووی تۆپۆگرافییەوە، بەشێکی کەمی سنووری نێوانیان، ئاو بوو(٢) و ئەوی تریان وشکانی بوو کە بەشێکی کوردستان بوو، زۆر شاخاوی و سەخت بوو بۆیە نیشانەدانان و ڕێنوێنیی سنووری و دروستکردنی ڕێگەوبانی بازرگانی لە نێوانیان ئەستەم بوو، کە ئەمانەش هەردەم گرفتی دروست دەکرد بۆ پەڕینەوەی هاوولاتییانی هەردوولا، بەتایبەتی زیارەتکەرانی شیعەی ئێرانی کە ساڵانە دەهاتن بۆ سەر گڵکۆی پیاوچاکانی خۆیان و هەروەها کێشەی دروست دەکرد بۆ پاسەوانانی سنوور، لەبەر نەبوونی نیشانەگوزاری ورد لە سنوورەکان کە دەبووە هۆی سنووربەزاندنی هەردوولا(٣).

٤- هەڵکەوتی هەردوو وڵات لەسەر ئاوی کەنداوی فارس(٤)، بووبووە خاڵێکی گرینگ لە پێشکەوتنی بازرگانی و ڕاکێشانی سەرنجی وڵاتانی زلهێز بۆ لایان و

---

(١) حسن مجيد دجيلي م.س ص٤٧٢- ٤٨٢.

(٢) ڕووباری شەتولعەرەب یان ئەروەند رود، درێژییەکەی لە بنەگە تا ڕێژگە ١٨٥ کیلۆمەترە کە ٨١ کیلۆمەتری سنووری هاوبەشی نێوان عێراق و ئێرانە. ئەروەند ڕودیان شەتولعەرەب، تەنیا تاکە ڕێگەی عێراقە بۆ گەیشتنی بەکەنداو و دوو بەندەری گرینگی عێراق لەسەر ئەم ڕووبارەیە، بەسرە و فاو. (عزت الله عزتی، تحلیلی برژئو پلتیك ایران و عراق (تهران ١٣٨١ انتشارات وزارت امور خارجة ص٦٥- ٦٦).

(٣) اصغر جعفري ولداني: اختلافات مرزي ايران وعراق، تهران ١٣٦٧ دفتر مطالعات سياسي وبين الملل، ص٦٦-٦٧.

(٤) لە زۆربەی سەرچاوە ڕۆئاواییەکان و ڕۆهەڵاتناسان هەر ناوی کەنداوی فارس هاتووە، بەڵام لەگەڵ گەشەکردنی ناسیۆنالیزمی عەرەبی دوای شەڕی دووەمی جیهانی، ناسیونالیستەکان و ناسریەکان کردیان بەکەنداوی عەرەبی، واتە پێککەوتنی ناسیۆنالیزمی فارس و ناسیۆنالیزمی عەرەبی، مەسەلەی ناوی کەنداوی فارس هێنا ئارا و کردی بەکێشەیەك لە نێوان ئێران و هەر حەوت وڵاتە عەرەبییەکەی سەر کەنداو و میسر و.. بڕوانە: David E.Long, (United states policy towards the Persian gulf), current History, (February, 1975),P.71.

بەرزکردنەوەی بایەخیان لە هاوکێشە سیاسییەکاندا، بەڵام لەگەڵ ئەمەش، هەبوونی سنوورێکی هاوبەشی ئاوی لە شەتولعەرەب و پەڕینەوەی کەشتییەکانی ئێرانی لە ئابادان بەنێو ئەم ڕووبارە و گەیشتنیان بە کەنداو، زۆربەی کاتەکان، دەبووە هۆی نانەوەی گرفتی سیاسی و بازرگانی لە نێوانیاندا. لەم هاوهەڵکەوتییەدا، ناهاوسەنگییەك هەبوو، ئەویش ئەمە بوو کە درێژاییی قەراخ ئاوەکانی عێراق بۆ سەر کەنداو زۆر کەم بوو نزیکەی ٥٠کم و تەنیا بەندەری ئوم قەسری هەبوو، بۆ مەبەستی کەشتیرانی و بازرگانیکردن، بەڵام ئێران قەراخ ئاوێکی دوور و درێژی لەسەر کەنداو هەبوو، بۆیە زۆر جار عێراق بەمافی خۆی دەزانی کە ئەم ناهاوسەنگییە، لە ڕێگەی پاڵەپەستۆ خستنە سەر ئێران بۆ کەمتر سوود وەرگرتن لە ئاوی شەتولعەرەب، تۆڵە بکاتەوە(١).

٥- ئێران بێجگە لە کەڵك وەرگرتن لە کەنداو، سنوورێکی درێژی هەبوو لە باکوری وڵات، بەسەر گەورەترین دەریاچەی جیهان واتە، دەریاچەی خەزەر قەزوین، کە ئەویش ڕێگەیەك بوو بۆ ئێران کە لە ڕێگەی قەفقازی ئەوبەر سنووری "خەزەر"، دەگەیشتە زەریای ڕەش و، هەروەها بۆ یەکەتیی سۆڤیەتیش، ئێران و دەریاچەی "خەزەر" بایەخی خۆی هەبوو، عێراق بێ بەش بوو لەم هەڵکەوتە جوگرافیاییە گرینگە(٢)، کە ئەمەش جۆرە ناهاوسەنگییەکی دروست کردبوو لە نێوان بایەخ پێدانی هەردوو وڵاتدا.

قەفقاز ناوچەیەکی دەوڵەمەندە بەنەوت و خەڵووزی بەردین و هەروەها هەڵکەوتی لەسەر دوو ئاوی گرینگی "خەزەر" و "زەریای ڕەش"، ڕۆڵێکی گرینگی دەبینی لە شەڕی سارددا(٣)،

---

(١) اصغر جعفري ولداني م. پ، ص١٥٩.

(٢) بۆ زانیاریی زیاتر لە هەڵکەوتی جوگرافیایی ئێران لە سنوورەکانی خاکی و ئاوی باکوور، بڕوانە: بهرام امير احمديان: ايران و قفقاز، مجله اطلاعات سياسي- اقتصادي، شماره ١٣٦-١٣٥، سال ١٣٣٧.

(٣) هـ. س- شەڕی سارد، زاراوەیەکە کە بۆ قۆناغی دوای شەڕی دووەمی جیهانی لە ١٩٤٦ تا ١٩٩١، داندراوە و مەبەست ئەم ململانێ توندە بووە کە لە نێوان جەمسەری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لە ئارادا بوو. بڕوانە: مایکل جی هونان: نهاية الحرب الباردة مدلولها وملابساتها، ترجمة محمد اسامة القوتلي، دمشق ١٩٩٨، منشورات وزارة الثقافة، ص٢١- ٤١.

واته هەردوو قەڵەمڕەوی ناو پەیمانی ناتۆ(١) و، وارشۆ(٢)، له قەفقاز دەگەیشتنه یەکتری(٣). ئێران بەگشتی له ماوەی شەڕی سارددا لەبەر دراوسێیەتیی لەگەڵ سۆڤیەتدا، بەهایەکی زیاتری بۆ سۆڤیەت هەبوو تا عێراق بەتایبەتی، لەبەر هەڵکەوتی ئێران له نێوان دوو ئاوی گرینگ و هەبوونی وڵاتێکی پان و بەرین(٤).

ناکۆکییەکانی نێوان هەردوو وڵات له ڕووی مێژووییەوه بەلایەنی کەمی دەگەڕێتەوه بۆ سەدەی ١٦.

له دوای شەڕی چاڵدێران ١٥١٤ که له نێوان ئێرانی سەفەوی و دەوڵەتی عوسمانی ڕووی دا، کێشەی سنووری و گرژیی دراوسێیەتی له نێوان ئەم دوو وڵاته له ئارادا بووه و بەردەوام ئەم سنوورانه له بزووتن بوون زوو زوو جێگۆڕکێیان پێ دەکرا، شەڕەکان ڕوویان دەدا و له ئەنجامدا بەڕێککەوتننامەیەك پێك دەهاتن و لێژنه پێك دەهات بۆ دیاریکردنی سنووری نێوانیان. توخمی ئاینزا بووه ئامرازێك له وروژاندنی خەڵکی

---

(١) ناتۆ: North Atlantic Treaty Organization ڕێکخراوێکی میلیتاری ناوچەیی که له ساڵی ١٩٤٩ دامەزرا بۆ ئەوەی ئاسایشی ئەندامانی له ناوچەی ئاتلانتیکی باکور دابین بکا که چوارده ئەندامی کارای هەبوو ئەمریکا و زۆربەی وڵاتانی ئەوروپای ڕۆئاوا و تورکیای دەگرته خۆ که هاوکاری میلیتاری، سیاسیی ئابووری و کاروباری کۆمەلایەتی یەکتریان دەکرد و زیاتر مەبەستیان بوو له چوارچێوەی ئەم ڕێکخراوه، هێزی سوپاییان ڕێك بخەن بەرامبەر بەهەڕەشەی کۆمۆنیزم و نفوزی سۆڤیەت. جك.س پلینو – روی التون، ص٤٨٢.

(٢) وارشۆ: Warsaw treaty Organization ڕێکخراوێکی میلیتاری ناوچەییی ئەوروپای ڕۆهەڵات که له ساڵی ١٩٥٥ له وارشۆ ئیمزا کرا بەمەبەستی سازدانی پێوەندیی دۆستایەتی، هاوکاری و یارمەتی له نێوان ئەندامانی وڵاتانی یەکەتیی سۆڤیەت و چەند وڵاتێکی سۆشیالیستی ئەوروپای ڕۆهەڵات. هـ.س، ص٤٨٢.

(٣) هـ. س، ص٤٨٣، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانه: پیروز مجتهد زاده. نگاهی ژئوپولیتیك به زیر بنای تحولات درسیاستهای داخلی و خارجی ایران، مجله اطلاعات سیاسي– اقتصادي، شمارة ١٦٠– ١٥٩، سال ١٣٧٩.

(٤) بۆ زیاتر زانیاری له رووبەر و هەڵکشانی ژمارەی دانیشتوانی ئێران بڕوانه : ژان پیردگار، لیرنارد هورکارد، یان ریشارد: ایران درقرن بیستم، ترجمة عبیدالرضا مهدوی، تهران ١٣٧٧، الیزر ص ١١و ١٢ که ئاماژه به ڕووبەرەکەی دەکات که ١٦٤٨ هەزار کلیۆمەتری دووجا و که ژمارەی دانیشتوانی ئێران له ١٩٦٦، نزیکەی ٢٦ ملیۆنه و هی عێراق له هەمان کاتدا نزیکەی ٨ ملیۆن کەس بوو، بڕوانه : عزت الله العزتي ، ص ٢٨.

هەردوو وڵات بۆ پاڵ پێوەنانی هێڵی سنووری و فراوانکردنی قەڵەمڕەوی وڵاتەکەیان.

زۆربەی داکشان و هەڵکشانە سنوورییەکان، لەسەر زەمینی کوردان ڕووی دەدا(١)، چونکە لە بنەڕەتدا، سنوورێك بە زۆر و بەدەسکرد لە نێو جەستەی کوردستاندا دەکێشرا، بۆیە کوردەکان بوونە هۆکارێك لە "جووڵەی سنووری" و پێکەوتن و گرژی و، لە ئەنجامدا هەڵکردنی ئاگری شەڕ، بەڵام ئەو وڵاتانە درکیان بەم ڕاستییە نەکردبوو.

لە گرینگترین ڕێککەوتننامەکانی نێوان دوو دەوڵەتی سەفەوی و عوسمانی ڕێککەوتننامەی ئاشتی "ئاماسیە" بوو کە لە ١٥٥٥/٥/٢٩ ئیمزا کرا و هەندێ لە بەندەکانی پێوەست بوو بەدیاریکردنی سنوور لە شارەزوور و، لە ساڵی ١٦٣٩ پەیمانێکی تری ئاشتی بەناوی "زەهاو" دابەشکاری سنووری دیاری دەکا کە تا سەدەی نۆزدەم بەم شێوەیە مایەوە و لە ئەنجامدا دەسەڵاتی ئێران بەتەواوەتی کەوتە ڕۆهەڵاتی زاگرۆس و بەشی زۆری کوردستان کەوتە ژێر فەرمانڕەواییی عوسمانی(٢)، لە دوای ڕێککەوتننامەی زەهاو و، ڕێککەوتننامەی "کردان" بەسترا و لە دوای ئەم، ڕێککەوتننامەی یەکەمی "ئەرزەرووم" لە نێوانیان مۆر کرا(٣).

هۆکاری سەرەکیی شەڕەکانی نێوان ئێران و دەوڵەتی عوسمانی لەلایەك دەگەڕایەوە بۆ هەبوونی یەك جۆرە نەتەوە و خێڵەکانی، لە هەردوو دیوی سنوور، کە ئەمانەش پێوەندیی خوێنی و کولتووری بەیەکەوەی دەبەستنەوە و لەلایەکی تر و، سیستەمی ژیانی ئابوورییان لەسەر بنەمای کۆچکردن بوو، واتە مەڕدار بوون و لە پێناوی لەوەرگە کوێستان و گەرمیانیان دەکرد و بەناچاری دەبووایە سنووری دەسکرد پشتگوێ بخەن، بەڵام دەسەڵاتدارانی هەردوولا ئەم ناچارییەی ئەوانیان پشتگوێ دەخست(٤).

---

(١) سعيد نفيسى: تاريخ اجتماعي وسياسي ايران دردوره معاصر ج٢، تهران ١٣٧٦ بنياد چاپ دهم، ص٢٩٣-٢٩٤. ال

(٢) نازناز محمد عبدالقادر: میرنشینییەکانی کوردستانی ڕۆهەڵات لە سەردەمی فەرمانڕەواییی قاجارەکاندا، هەولێر ٢٠٠١، چاپی موکریانی، ل١١٣- ١١٤. علاء نورس: العراق في العهد العثماني، دراسة في العلاقات السياسية، ١٧٠٠-١٨٠٠، بغداد ١٩٧٩، الحرية للطباعة، ص٧٨-٨٢.

(٣) اصغر جعفري ولداني م.پ ص١٦-٢٣.

(٤) بڕوانە : غلام حسين ميرزا صالح: اسناد رسمي در روابط سياسي ايران با انگليس و روس =

هۆكاری دووەم هەبوونی خەڵكانی پەیڕەوی ئاینزای شیعە لە ویلایەتی بەسرە و بەغدا لە هەمان كاتدا هاتوچۆی شیعەكانی ئێران بۆ سەر گڵكۆی ئیمامانیان لە خاكی عوسمانی زۆرجار كێشەی دەنایەوە[١]، لەبەرئەوەی فەرمانڕەوایانی عوسمانی و زۆرینەی خەڵكی ئیمپراتۆریاكەش سونە بوون.

سێیەم، بەرهەڵستكارانی فارس و كورد و توركمان، لە كاتی ناچاریدا، لە ئێرانەوە هەڵدەهاتن و پەنایان بۆ دەوڵەتی عوسمانی و یاخۆ بەپێچەوانە دەبرد[٢].

جگە لەمە ڕێبازی سیاسەتی ئیمپراتۆری عوسمانی تا كۆتاییی سەدەی نۆزدەم، وڵات بەرفرەكردن بوو و، دەوڵەتی ئێرانیش، هەردەم لە خەونی ڕابردوودا دەژیا و بەمافی خۆی دەزانی كە وڵاتە داگیركراوەكانی ژێر دەستی عوسمانی لە چنگی دەربهێنێ و جارێكی تر قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆریای ساسانی دابمەزرێنێتەوە، بۆیە لە هەموو كاتێ سوودی وەردەگرت بۆ ئەوەی ناوچە دابڕاوەكانی خۆی بەر لە سەدان ساڵی پێشتر، وەدەست بهێنێتەوە، ئەم گرێ دەروونییە بەردەوام لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئێران ژیاوە[٣].

بۆ نموونە هەر شەڕی ئەرزەڕۆمی یەكەم كە لە نیوەی یەكەمی سەدەی نۆزدەم ڕووی دا، لە ئەنجامی ئەوە ڕووی دا كە خێڵەكانی كوردستان كۆچیان دەكرد لە نێوان هەردوو وڵات، والیی ئەرزەڕۆم ڕای گەیاند كە ئەمانە عوسمانین، ئێران پێی پەست بوو و نوێنەری نارد بۆ ئەرزەڕۆم و ڕایان گەیاند كە ئەمانە ئێرانین، ناڕەزاییی ئێران چارەساز نەبوو و لە بەرامبەر ئەمەدا، سووكایەتی كرا بەزیارەتكەرانی شیعیی ئێرانی

= و عثماني، تهران ١٣٦٥، نشر تاريخ ايران، ج١، ص٢٤٩.

(١) دەوڵەتی عوسمانی دوای ڕێككەوتننامەی "كوردان" بوو بۆ یەكەم جار، دان بەمە دەنێ كە شیعەی ئێرانی موسڵمانن، بەر لەم ڕێككەوتننامەیە، شیعەیان بە "كافر" لە قەڵەم دەدا. بەپێی بەندێكی ئەم ڕێككەوتننامەیە، پێویست بوو كە كاربەدەستانی عوسمانی ڕێز لە زیارەتكەرانی شیعە بگرن و ئێرانییەكانیش ڕێز لە خەلیفەكانی راشدی بگرن. (پطروشفسكى و ديگران: تاريخ ايران، ترجمه كريم كشاورز، تهران ١٣٥٤، پيام، ٥٦٠–٥٥٨).

(٢) حسن مجيد الدجيلي: م.س ص٧٨.

(٣) بۆ زانیاری لەسەر ئەم بابەتە بڕوانە: ناصر پور پيرار: پلى بر گذشته، كتاب دوم: بر امدن اسلام، تهران ١٣٧٩، نشر كارنگ چاپ دوم.

کە دەچوونە خاکی عوسمانی بۆ زیارەت، کە بنەماڵەی قاجاریش یەك لە زیارەتکەران دەبن و بەم شێوەیە شەڕێکی قورس لە نێوان دوو وڵات دەست پێ دەکات(١).

پەیمانی ئەرزەڕۆم ٧ مادە بوو کە دوو مادەی پێوەست بوو بەکێشەی کورد لە سنوورەکان و دابەشکاری خێڵەکان و جێگیرکردنیان و پەنانەدانی ناڕازی و ڕاپەڕیوەکانی هەردوو وڵات(٢)، بەڵام کۆتایی بەناکۆکییەکانی نێوانیان نەهات، ئێران ناوچەی زەهاوی بەموڵکی خۆی دەزانی و داگیری کرد و لە ساڵی ١٨٣٧ عەلی پاشای والیی بەغداش هێرشی بردە سەر "محمرە"ی سنووری ئێران لە باشوور و دەستی بەسەردا گرت(٣) نەجیب پاشای والیی بەغدا (١٨٤٢-١٨٤٧) هەوڵی دا هەژموونی عوسمانی بگەڕێنێتەوە بۆ سەر کەربەلا کە لەژێر دەسەڵاتی بنەماڵەیەکی گەورەی ناوچەکە بوو و شەڕێکی خوێنین لە نێوانیان ڕووی دا و توانییان لە ١٨٤٣ دوای کوشتارێکی زۆر لە خەڵکی کەربەلا و زیارەتکەرانی فارس و هیند، دەستی بەسەردا بگرن(٤). بەریتانیا لە ناوچەکە دەستی دەڕۆیی و کۆمپانیاکانی لەم دەڤەرە کاریان دەکرد، هەوڵی دا ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچەکە بپارێزێ، ئەوە بوو لەگەڵ رووسیا، کۆمیتەی دیاریکردنی سنووریان دامەزراند کە بە "کۆمیتەی تێکەڵ" ناسرا بوو (١٨٤٣)(٥)، بۆ ئەوەی کۆتایی بەکێشە سنوورییەکانی نێوان دوو وڵات بهێنن. سەرەنجام لە ساڵی ١٨٤٧

---

(١) آذر میدخت مشایخ فریدنی: مسائل مرزی ایران وعراق وتأثیر آن در مناسبات دوکشور، تهران ١٣٦٩ انتشارات امیر کبیر، ص٣٤. علاء موسى كاظم نورس : حكم المماليك فى العراق ١٧٥٠- ١٨٣١، بغداد ١٩٧٥، دار الحرية للطباعة، ص٢٣١-٢٤٢.

(٢) بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر پەیمانەکە بڕوانە : اصغر جعفری ولدانی م. پ ص٢٣. مجموعة المؤلفين، الحدود الشرقية للوطن العربي، دراسة تاريخية، بغداد، دار الحرية للطباعة ١٩٨١، ص٢٠٤-٢٠٦.

(٣) ستيڤن هيمسلي لونگريك: اربعة قرون من تاريخ العراق الحديث، ترجمة جعفر خياط، بغداد ١٩٨٥ الطبعة السادسة، ص٣٣٤.

(٤) علي الوردي: لمحات اجتماعية من تاريخ العراق الحديث، الجزء الثاني، بغداد ١٩٧١ مطبعة الارشاد، ص ١١٨. عبدالعزيز سليمان نوار: تاريخ العراق الحديث - القاهرة ١٩٦٨- دار الكاتب العربي ص٨٦- ٩٣.

(٥) ن.ا خەلفین : خەبات لە ڕێی کوردستاندا، وەرگێڕانی جەلال تەقی، سلێمانی ١٩٧١، چاپخانەی ڕاپەڕین، ل ٧٦- جرج. ن. كرزن: ايران وقضيه ايران، ترجمه غ. وحيد مازندرانی، ج١، تهران ١٣٦٢، مركز انتشارات علمی وفرهنگ چاپ دوم، ص٧٢٢.

ڕێککەوتننامەی ئەرزەڕۆمی دووەم بەبەشداریی وڵاتانی بەریتانیا و ڕووسیا بەسترا کە نۆ مادەی دەگرتە خۆی و ٣ مادەی پێوەست بوو بەکێشەی کورد و سنووری دەسکرد(١).

ئەم پەیمانەش نەیتوانی کۆتایی بەکێشەکان بهێنێ، کۆمیتەی تێکەڵیش خەریکی دروستکردنی نەخشەی جوگرافیایی سنووری بوون و لە ساڵی ١٨٦٩ نەخشەیەکی پوختیان ئامادە کرد کە سنووری هەردوو وڵاتی هەر لە ئاگری داغ تا موحەمەرەی دەستنیشان کرد بەدرێژاییی ٧٠٠ میل و پانیی لە ٢٠ – ٤٠ میل لە نێوان هەردوو وڵات ئەوەی دەکەوێتە لای ڕۆهەڵاتی هێڵ، هی ئێران دەبێ و، ئەوەی لەلای ڕۆئاوای هێڵەکەیە، ئەمە موڵکی دەوڵەتی عوسمانییە(٢).

ڕێککەوتننامەی ئەرزەڕۆمی دووەم بۆ هەردوو دەوڵەت بایەخێکی تایبەتی هەیە، چونکە بۆ یەکەم جار پەنجە لەسەر هەموو خاڵە ناکۆکەکان داندراوە و هەوڵ دراوە چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە و سنوورە ئاوی و وشکانییەکان دیاری کراوە. بەپێی ئەم ڕێککەوتننامەیە، سلێمانی بەخشرا بەدەوڵەتی عوسمانی و موحەمەرە و دوورگەی ئابادان (خضر) واتە قەراغی ڕۆهەڵاتی شەتولعەرەب بۆ ئێران بوو(٣).

دەستنیشانکردنی خاڵە ناکۆکەکان و چارەسەری هەندێکیان گرینگ بوو بەڵام هەنگاونان بۆ جێبەجێکردنی پلانەکە سانا نەبوو. هەندێ لە کێشەکان میکانیزم و کەرەستەی پێویستی گەرەك بوو و، هەندێکی تریش جێگیر بوو و نە بە "کۆمیتەی تێکەڵ" و نە بەهێزی تر، چارەسەر نەدەکرا وەك کێشەی ئەتنیکی نەتەوەییی کورد کە سەرەڕای ئیمزاکردنی دەیان ڕێککەوتننامە و پرۆتۆکۆل لە نێوانیاندا، بەردەوام لە ئارادا بوو کە لە بەندەکانی داهاتوو، شرۆڤە دەکرێ.

ئەم ڕەوشە بەردەوام بوو، تا کۆتاییی سەدەی ١٩و سەرەتای سەدەی ٢٠، کە نەوت لە ناوچە سنوورییەکانی عوسمانی و ئێران دۆزرایەوە. لە ساڵی ١٩٠١

(١) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: جابر ابراهيم الراوي: الحدود الدولية ومشكلة الحدود العراقية الايرانية، دراسة قانونية وثائقية، بغداد ١٩٧٥، ص ٢٤٥ –٢٤٩ – عبداللة بدر علي الاسدي: العلاقات العراقية – الايرانية ١٩٢٠– ١٩٣٧، دراسة تاريخية سياسية، رسالة ماجستير غير منشورة كلية الاداب، جامعة بغداد ١٩٨٣ ص٥.

(٢) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: گزيده اسناد سياسى ايران و عثمان دوره قاجاريه، ج١: واحد نشر اسناد دفتر مطالعات سياسي وبين المللي تهران ١٣٦٩، ص٢٨٧.

(٣) اصغر جعفري ولداني : م.پ، ص٢٧.

ڕێککەوتننامەیەك لە نێوان کەسێکی بەریتانیایی بەناوی ویلیام دارسی و دەوڵەتی قاجاری ئیمزا کرا(١)، کە بۆ یەکەم جار بوو، نەوت لە ئێران دەدۆزرایەوە(٢) و بۆ ماوەی ٦٠ ساڵ جیاوکی دەرهێنان و وەبەرهێنانی نەوتی لە باشووری ئێران پێ دەدرا.

دوای دۆزینەوەی نەوت، ناوچەی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و باشووری دەوڵەتی عوسمانی و ئێران بەتایبەتی، بایەخێکی زۆر زیاتریان پەیدا کرد و ئەگەر تا ئێستا ئەم ناوچەیە بایەخەکەی لەبەر هەڵکەوتە ستراتیجییەکە بووبێ، ئەوا دوای دۆزینەوەی نەوت، وەك هۆکارێك لە تەنیشت هەڵکەوتە ستراتیجییەکە، گرینگیی ناوچەکەی چەند بەرابەر کرد و هەروەها کاریگەر بوو لە دیاریکردنی سنوورەکانی نێوان ئێران و عوسمانی. «ئارنولد ویلسن»ی، کۆمیسێری بەریتانیایی لە کۆمیتەی دیاریکردنی سنوور نووسیویەتی: "بەرژەوەندیی بەریتانیا لە دوو شوێنە، یەکەم خانەقین کە تەژی لە نەوتە و دووەم شەتولعەرەب، بۆیە لەم کاتەدا دەوڵەتی بەریتانیا بایەخێکی گرینگی بەکێشەی سنوور دەدا"(٣).

بەشێوەیەکی کردەنی، ڕێگە ئاوییەکان و خاکییەکانی بازرگانی لە باشووری دەوڵەتی عوسمانی لەژێر دەسەڵاتی بەریتانیا دابوو، چونکە لە زۆربەی ئاوە ئازادەکانیش، وڵاتی بەریتانیا وەك یەکەم وڵاتی پێگەیشتوو و پێشکەوتوو لە بواری کەشتیرانی و بازرگانی، ئامادەیی هەبوو، هەر بۆیە لە شەتولعەرەب لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی لەسەر هاتوچۆی کەشتیوانی تووشی کێشە دەبوو، بۆیە ڕێککەوتننامەیەکی

---

(١) ئەو ڕێککەوتننامەیە بووە بنەمایەك بۆ جیاوکی نەوتی لە سەرتاسەری ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەم جۆرە سیستەمە جیاوکییە تا پەنجاکان و بانگەشەی خۆماڵیکردنی نەوت بەردەوام بوو، ئەوە بوو دوای تێکچوونی پێوەندیی نێوان ئێران و بەریتانیا لەسەر نەوت، سیستەمی کۆنسرسیوم جێگەی گرتەوە، کە بەشێوەی تیمی، کۆمپانیاکانی نەوتی جیهانی جیاوکی نەوتیان وەدەست هێنا. بڕوانە: محمد علي همایون کاتوزیان: جامعە شناسی تاریخی ایران، نفت و توسعه اقتصادی، ترجمه علي رضا طیب، تهران ١٣٧٧، نشر مرکز، ص٩٢.

(٢) محمد کامل محمد عبدالرحمن: سیاسه ایران الخارجیة في عهد رضاشاه ١٩٢١-١٩٤١، جامعة البصرة، ١٩٨٨، ص١٧.

(3) Arnold Wilson, Persia: A Political Officers. Diary (1907-1914), (Oxford University press, 1914), P 270.

لەگەڵ عوسمانییەکان ئیمزا کرد کە بەڕێوەبردنی هاتوچۆ لە شەتولعەرەب بەفەرمی لە ساڵی ١٩١٣ بدرێتە دەست وڵاتی بەریتانیا(١).

ئەم بەرژەوەندییانەی بەریتانیا، کاریگەر بوو لە دانوستاندن و ڕێککەوتننامەکانی نێوان دەوڵەتی قاجاری و دەوڵەتی عوسمانی لە ١٩١١، پرۆتۆکۆلی تاران دەبەسترێ، کە دەبێتە بنەمایەك بۆ چارەسەری و گفتوگۆ لەسەر کێشە سنوورییەکان و ئیمزاکردنی پرۆتۆکۆلی ١٩١٣.

لە پرۆتۆکۆلی ئەستەمبۆڵی «ئاستانە» ١٩١٣، لە مادەی ٦، ماف دەداتە هەردوو وڵات کە پاسگە دابمەزرێنن بۆ پاراستنی سنوور و هەروەها بۆ یەك جار سنوورەکان دیاری دەکرێن و چیی تر دەسکاری ناکرێ و هەروەها جەخت دەکەنەوە کە جیاوکی "دارسی" بەردەوام دەبێ لەو شوێنانەی کە لە ئێران دادەبڕدرێ و دەدرێتەوە بەدەوڵەتی عوسمانی(٢). جێگەی باسە کە لە هەموو ئامادەکاری و کۆبوونەوە و سەرەنجام

(١) بەپێی ئەم ڕێککەوتننامەیە کە پێنج بەش بوو و پێوەندییەکانی بەریتانیا و دەوڵەتی عوسمانیی ڕێك دەخست، کوێت دەبێتە قەزایێکی سەربەخۆی ناو ئیمپراتۆری عوسمانی بەڵام بەحرەین و قەتەر لەژێر دەسەڵاتی عوسمانی دەردێت و باڵادەستی و دەستکراوەیی بەریتانیا بەسەر شەتولعەرەب و ناوچە نەوتییەکان و کەنداو بەگشتی، شەرعیەتی پێ دەدرێت لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی. (بڕوانە: مصطفى عبدالقادر النجار، التاريخ السياسي لعلاقات العراق الدولية بالخليج العربي، جامعة البصرة، ١٩٧٥، ص١١٤– ١٢٤).

(٢) حسن مجيد الدجيلي: م. س، ص٢٠٢– ٢٠٤، یەك لەو کێشانەی کە لە نێوان تورکیا و ئێران و عێراق دواتر سەری هەڵدا ئەم بەندە بوو و تورکیا ئەم خاڵەی لە مەسەلەی ویلایەتی "مووسڵ" وروووژاند. لە قەزای خانەقین، ناوچەیەك هەبوو کە پێیان دەگوت: ناوچەی گواستراو: الاراضى المحولة: Transferrd territories کە لەناوچەیەکی نەوتی بوو و داهاتەکەی لە دەوڵەتی ئێران دەگوازرێتەوە بۆ دەوڵەتی عوسمانی بەپێی پرۆتۆکۆلی ئەستەمبۆڵ «ئاستانە» لە ١٩١٣ ، چونکە خانەقین هاتە ناو قەڵەمڕەوی عوسمانی و ئەم ناوچەیە لەژێر پۆششی جیاوکی دارسی دابوو کە ساڵی ١٩٠١ ئێران پێی بەخشیبوو. کە لە عێراق پێی دەگوترێ نەفتخانە و لە ئێران نەفت شاە «نفت شهر». لە کاتی هەڵوەشانەوەی ئیپمراتۆریای عوسمانی و دامەزرانی دەوڵەتی عێراق، بەشێك لە جیاوکی دارسی گواسترایەوە بۆ عێراق و تورکیا داوای داهاتی خۆی دەکرد لە نەوتی ویلایەتی مووسڵ پاش دانوستاندنێکی زۆر لە نێوان عێراق و تورکیا و بەریتانیا و پاڵەپەستۆ خستنە سەر تورکیا، سەرەنجام عێراق ڕەزامەند بوو بە دانی ١٠٪ لە داهاتی نەوتی عێراق =

بەستنی ڕێککەوتننامەکان، نوێنەری هەردوو وڵاتی بەریتانیا و رووسیا ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەشدار بوون و، لە ڕاستیدا ئەوان بوون کە نەخشەی کاریان دادەڕشت.

دوای شەڕی جیهانیی یەکەم (١٩١٤– ١٩١٨) ئیمپراتۆریای عوسمانی لەباریەك هەڵوەشایەوە و کۆمەڵێ وڵاتی تر لەناو قەڵەمڕەوی پێشووی عوسمانی دامەزرا، یەك لەوانە عێراق بوو. بەشێوەیەکی فەرمی لە ١٩٢١ لەلایەن وڵاتانی سەرکەوتووی شەڕ بەڕابەرایەتیی بەریتانیا، دەوڵەتی عێراق دامەزرا و سیستەمی وڵات بوو بەپاشایەتی و لە ژێر چاودێریی بەریتانیا مایەوە تاکو ساڵی ١٩٣٢[١].

ئێران ڕووبەڕووی دیفاکتۆیەکی تر بووەوە بەناوی عێراق کە لە هەموو ڕوویەکەوە جیاواز بوو لەگەڵ دراوسێیە پێشوویەکەی (عوسمانی).

ئێران لە سەرەتادا، ئەم دیفاکتۆیەی پێ قبووڵ نەکرا و بەفەرمی دانی پێ نەنا، کەچی داننانی ئێران پێویست بوو چونکە تاکە وڵاتی دراوسێی عێراق بوو کە ئەندامی کۆمەڵەی گەلان بوو.

زۆربەی ئەندامانی پەرلەمانی ئێران ڕایان گەیاند کە بوونی عێراق لەژێر سەرپەرشتیاریی بەریتانیا، جۆرێکە لە ستەمکاری بەرامبەر بەگەلی عێراق کە بەشێك بووە لە ئیمپراتۆریای فارسی بۆ چەندان سەدە.

لە وەڵامی ئەم داننەنانە، عێراقیش لە ڕێککەوتننامەی "عەدلیە" کە لە ساڵی ١٩٢٤ لە نێوان عێراق و بەریتانیا بەسترا، ئەو ئێرانییانەی کە بۆ عێراق کۆچیان کردبوو، لە

---

= بۆ تورکیا بۆ ماوەی٢٥ساڵ بەپێی ڕێککەوتننامەی ١٩٢٦/٦/٥ی نێوان تورکیا و عێراق و بەریتانیا کە کێشەی ناکۆکیی لەگەڵ کۆمپانیای ئینگلیزی– ئێرانی سەبارەت بەناوچە نەوتییەکان چارەسەر کرا. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە، فاضل حسین: مشكلة الموصل: دراسة في الدبلوماسية العراقية– الانكليزية– التركية– وفي الرأي العام، الطبعة الثالثة، بغداد ١٩٧٧، مطبعة اشبيلية، ص ١٨٥ و هەروەها سەبارەت بە ناوچە نەوتییەکانی گواستراو، بڕوانە: نوري عبدالحميد خليل: التاريخ السياسي لامتيازات النفط في العراق ١٩٢٥– ١٩٥٢، بيروت ١٩٨٠، ص١٢٥– ١٤٨.

(١) عبدالفتاح علي البوتاني : الحركة القومية الكوردية التحررية، دهوك ٢٠٠٤ سپيرين، ص ٧٩ – فيبي مار: تاريخ العراق المعاصر العهد الملكي، ترجمة، مصطفى نعمان احمد، بغداد ٢٠٠٦، ص٤٧و ٦٨.

هەموو جیاوکێکی باو، کە درابوو بەخەڵکی ئەوروپایی و ئەمەریکایی نیشتەجێی عێراق، بێ بەش کرد. ئێران نارەزاییەکی توندی بەرامبەر بەم هەنگاوەی عێراق دەربری و ئەویش رای گەیاند کە دانیشتوانی عێراق لە جیاوکی دادوەری بێ بەش دەکا، بەڵام لە ساڵی ١٩٢٨ حکوومەتی ئێرانی پێدانی هەر جۆرە جیاوکێکی بۆ بیانی قەدەغە کرد و، لە هەمان کاتدا داوای لە عێراقیش کرد کە بەیەکسانی جیاوك بداتە ئێرانییەکانیش. عێراق بۆ خۆرزگارکردن لەو دۆخەی کە تێی کەوتبوو، بریاری دا رێککەوتننامەی عەدلیە هەڵوەشێنێتەوە و بەریتانیاش ئەمەی قبووڵ کرد، بەڵام پاڵەپەستۆی خستە سەر ئێران کە بەفەرمی دان بەقەوارەی عێراقدا بنێ(١).

عێراق دابرانی موحەمەرە و ئابادان و بەگشتی خوزستانی بەکارێکی ستەمکارانە دەزانی بەرامبەر بەگەلی عەرەب و، ئێرانیش نیگەران بوو لەوەی کە بەپێی رێککەوتننامەکانی بەر لە دامەزراندنی عێراق کە لەگەڵ عوسمانییان ئیمزای کردبوو، بەرێوەبردن و موڵکایەتیی ئەروەندرود «شەتولعەرەب» درابوو بە عوسمانی و دواییش درا بەعێراق، بەڵام ئێران دوای شەری جیهانیی یەکەم داگیر کرا و بە هێزەکانی بەریتانی لە باشوور، لە هەڵکەوتێکی وا موکوم و سەقامگیردا نەبوو تا بتوانێ لە داخوازییەکانی خۆی پێداگر بێ بەڵام بۆ یەکەم جار ئێران لە ساڵی ١٩٣١ بەعێراقی راگەیاند کە نوێکردنەوەی پرۆتۆکۆلی سنووری ١٩١٣، لەلایەن ئێران رەت دەکرێتەوە کە ئەمە بووە هۆی دەستپێکردنەوەی ناکۆکی و پێکدادانی سنووری(٢).

مەلیك فەیسەڵ، پاشای عێراق بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان لە ساڵی ١٩٣١ سەردانی تارانی کرد و لەسەر ٣ خاڵی هەرە بنەرەتی ناکۆکییەکان گفتوگۆیان کرد، کە دووانیان مێژوویەکی هەبوو، بەڵام یەکیان دیاردەیەکی نوێ بوو:

١- گرفتی شەتولعەرەب

٢- کێشەی کورد

٣- خوزستان

---

(١) محمد كامل محمد عبدالرحمن: سياسة ايران الخارجية في عهد رضا شاه ١٩٢١- ١٩٤١، جامعة البصرة، ١٩٨٨، ص١٤٠.

(٢) منوچهر پارسا دوست : زمينه‌هاى تاريخى اختلافات ايران و عراق، ١٣٦٤ شركت سهامى انتشار، ص١٦٤.

ئێران ئامۆژگاریی شاندی عێراقی کرد کە لە بەرامبەر کێشەی کورد، وەك ئێران و تورکیا سیاسەتی سەرکوتکردن و پشتگوێخستنی مافی کورد بگرێتە بەر و واز لە سیاسەتی لێبووردن و نەرمی نواندن بهێنیّ(١).

سەبارەت بەگرفتی شەتولعەرەب، عێراق سوور بوو کە لەسەر رێککەوتننامەی ئەرزەرۆمی دووەم لە ١٨٤٧ و پرۆتۆکۆلی ئەستەمبۆلی «ئاستانە» **١٩١٣** مامەڵە بکرێ، بەڵام ئێران پرۆتۆکۆلی **١٩١٣**ی ئەستەمبۆلی پووچەڵ کردەوە.(٢)

کێشە سنوورییەکان و پەلامارەکان دوای پووچەڵکردنەوەی ئەم پرۆتۆکۆلە تەشەنەی کرد و بابەتی ناکۆکی گەیشتە "کۆمەڵەی گەلان"(٣) و سەرەنجام بەپێی رێککەوتننامەی سنووری ١٩٣٧/٧/٤، جارێکی تر ناوەرۆکی رێککەوتننامە و پرۆتۆکۆلەکانی پێشوو پەسند کرا و بۆ ئەوەی ئێرانیش رەزامەند و بێدەنگ بکرێ، عێراق لە بەشێك ئاوی شەتولعەرەب خۆش بوو کە نزیکی ٥ کیلۆمەتر دەبوو و دەرفەتی رەخساند بۆ حکوومەتی ئێران کە بۆ هاتوچۆی کەشتیوانی بەرامبەر بەندەری ئابادان کەڵکی لێ وەربگرێ.

**دوای رێککەوتننامەی ستراتیجیی سەعد ئاباد (١٩٣٧)(٤) و پەیمانی بەغدا**

---

(١) توفيق السويدى، نصف قرن من تاريخ العراق والقضية العربية، لندن ١٩٩٩ دار الحكمة ص٢١٩– ٢٢١.

(٢) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: حسن مجيد الدجيلي : م.س ٢٤١– ٢٤٧.

(٣) دوای چەندان پێکدانانی سنووری و هەروەها بڕینی ئاوی رووبارەکان بەسەر شار و گوندی عێراقی لە زرباتیە و بەدرە و سومار لە ١٩٣٤/١١/٢٩، نووری سەعید وەزیری دەرەوەی عێراق، یاداشتی نارەزاییی ئاراستەی سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی گەلان کرد کە تێیدا ئاماژە بەپەلاماری ئێرانییەکان دەکات لە سنوورەکان، بەتایبەتی لەو دوو ساڵەی دوایی و لە بەرچاونەگرتنی پەیمانی ئەرزەرۆمی دووەمی ساڵی ١٨٤٧و پرۆتۆکۆلی ئیسلامبول «ئاستانە». دوا بەدوای ئەم سکاڵایەی عێراق، چەندان دانیشتن لە جنێڤ و رۆما و تاران کرا بۆ چارەسەری کێشەی سنووری نێوانیان، بەڵام ئەنجامی نەبوو، تاکو دوای رێککەوتننامەی سەعد ئاباد لە نێوانیان، کەشوهەوای دیپلۆماسی باشتر بوو بڕوانە: محمد كامل محمد عبدالرحمن، ص١٧١.

(٤) پرۆفیسۆر پیتر ئاوری، ئێرانناسی بەناوبانگ، رای وایە کە رەزا شا لەو جۆرە سنوورە ئاوییەی ئێران– عێراق زۆر بێزار بوو، بەڵام لە ئاست بەریتانیا بێ دەسەڵات بوو و بیری=

(١٩٥٥)[١]، هەردوولا وەك دوو ڕژێمی پاشایەتیی سەر بەڕۆئاوا، باسیان لە کێشە سنوورییەکانی خۆیان نەکرد، بەڵام لەگەڵ گۆڕانی ڕژێمی پاشایەتی لە عێراق بۆ کۆماری و ڕوو وەرگێڕانی عەبدولکەریم قاسم[*]، لە ڕۆئاوا و وەرچەرخانی ئاراستە

---

= کردەوە لە بەرژەوەندیی گەورەتر، کە ئەویش پەیمانێکی دراوسێیەتی بوو لە نێوان عێراق و ئێران و ئەفغانستان و تورکیا بۆ ئەوەی یەك بگرن بەرامبەر بەهەڕەشەکان و بەبەستنی پەیمانی سەعد ئاباد لە کۆشکی سەعد ئابادی تاران لە ١٩٣٧/٧/٨. بڕوانە، پیتر اوری: تاریخ معاصر ایران، ترجمة محمد رفیعي مهر ابادی. تهران، ١٣٦٧ عطائي، ص١٤٥– عبدالرحمن البزاز: العراق، من الاحتلال حتی الاستقلال، بغداد ١٩٦٧ مطبعة العلمي الطبعة الثالثة، ص٢٦٢– مجموعة المؤلفین، المصدر السابق، ص٢٦٤– ٢٦٥.

(١) پەیمانی بەغدا لە ساڵی ١٩٥٥ لە نێوان عێراق و تورکیا و پاکستان و ئێران و بەریتانیا بەسترا و بارەگەی هەمیشەییی ئەنجوومەنەکەی لە بەغدا بوو، بەمەبەستی هاوکاریکردن لە نێوانیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر مەترسییەك کە لە دەرەوە و ناوەوەی وڵاتەکانیان هەڕەشەیان لێ دەکات دێتە ئارا، کە کێشەی کورد و مەترسیی ڕاپەڕینیان لە هەرسێ وڵاتی ئەندام یەك لە هۆکارەکانی پێکهێنانی ئەم پەیمانە بوو، بۆیە پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق، هەڵوێستی دژایەتیی وەرگرت لە ئاست ئەم پەیمانە و کاتێ عەبدولکەریم قاسم لە ڕێگەی شۆڕشی ١٩٥٨ هاتە سەر حوکم، داوایان لێ کرد کە عێراق لەم پەیمانە بێتە دەر و ئەوە بوو لە ژێر پاڵەپەستۆی کورد و چەند لایەنێکی تری عەرەبی وەك ناسرییەکان، عێراق لەم پەیمانە هاتە دەرەوە. بۆ زانیاریی زیاتر لەمەڕ پەیمانی بەغدا، بڕوانە: لیلی یاسین حسین الامیر: نوري السعید دوره في حلف بغداد واثره في العلاقات العراقیة العربیة ١٩٤٦– ١٩٥٨، بغداد ٢٠٠٢، ص٢٠٨–٢٠٩.

(*) عەبدولکەریم قاسم لە ساڵی ١٩١٤ لەدایك بوو و لە ساڵی ١٩٣٤ لە کۆلێجی سەربازی دەرچوو، پلەکانی سەربازیی بڕی و لە ساڵی ١٩٥٥ بوو بەزەعیم روکن، دوای سەرکەوتنی ڕێکخراوی "ئەفسەرانی ئازاد"ی میسر، زەمینە خۆش بوو بۆ دروستبوونی ڕێکخراوی "ئەفسەرانی ئازاد"ی عێراق بەسەرۆکایەتیی عەبدولکەریم قاسم کە ١٤ ئەفسەر بوون. بۆ ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتیی سەر بەڕۆئاوا پلانیان داڕشت. فەرمان دەرچوو کە لیوای ٢٠ی پیادە لە جەلەولا بچێتە ئوردن کە دەمێك بوو بەشێك لە هێزەکانی عێراق لە ئوردن دامەزرا بوون، نەبوونی ئەوان دەرفەتێکی باش بوو بۆ سازدانی پیلانەکە و بەم شێوەیە، ئەم هێزە لە جیاتیی ئەوەی لە بەغداوە بەرەو ئوردن بڕوا، دەستی کرد بەکودەتای سەربازی و دەستیان بەسەر سەربازگەی ڕەشید داگرت و هەروەها دەست کرا =

سیاسییەکانی بۆ یەکەتیی سۆڤیەت و لە پاشان کشانەوەی عێراق لە پەیمانی بەغدا لە نیسانی ١٩٥٩، گلەییی سیاسی و گرژیی دیپلۆماسی لە نێوانیاندا، دەستی پێ کرد[١].

شای ئێران لە چاوپێکەوتنێکدا لە مانگی ١١ی ١٩٥٩ ڕای گەیاند "ڕووبارێك کە سنووری دوو وڵاتە، ناکرێ تەنیا یەك لایەن کەڵکی لێ وەربگرێ" و لە وەڵامدا عەبدولکەریم قاسم گوتی: "ڕێککەوتننامەی ١٩٣٧، بەسەر عێراق سەپێندراوە و عێراق وەك بەخشش، نزیکەی ٥ کیلۆمەتر لە ڕووباری شەتولعەرەبی بەدراوسێکەی داوە"[٢].

قسەکانی عەبدولکەریم قاسم، لەلایەن پەرلەمان و ڕۆژنامەکانی ئێرانی، کاردانەوەیەکی توندی لێ کەوتەوە ڕۆژنامەی ئیتیلاعات سەروتارێکی بەناوی (قسەی خۆش) بڵاو کردەوە و نووسی:

"ئەگەر بڕیار بێ ئێران ناکۆکییە کۆنەکان هەڵداتەوە و داوای مافی خۆی بکا، ئەوا گشت ناوچەی تژی لە نەوتی عێراق «ناوچەی کوردنشین» هی ئێران دەبێ، چونکە ئەم

= بەگەمارۆدانی ماڵی پاشا و سەرەك وەزیران و داوودەزگاکانی حکوومەت و بەم شێوەیە لە ڕێگەی کودەتایەکی سەربازی، شۆڕشێکی فرەلایەن و سەرتاپاگیر عێراقی گرتەوە و بۆیە بەشۆڕش بەناوبانگە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: محمد حسين الزبيدي، ثورة ١٤ تموز في العراق اسبابها ومقدماتها ومسيدتها وتنظيمات الضباط الاحرار، بغداد، ١٩٨٣ص٣٤٥–٣٤٨– محمد حسين الحبيب، حقائق عن ثورة ١٤ تموز في العراق، ط١ بغداد ١٩٨٠، ص٩٢، فاضل حسين: سقوط النظام الملكي في العراق، بغداد ١٩٨٦، ص٧٢.

(١) سیاسەتی بێزارکردنی عێراق لەلایەن ڕژێمی شاهنشاهی پەیڕەو کرا، سعادە علی خان یەك لە ئەندامانی شاندی هیندی بووە کە لە ئاهەنگی سەرکەوتنی شۆڕشی عەبدولکەریم قاسم بۆ بەغدا بانگهێشتن کرابوو، لە سەررێگە بۆ بەغدا، بۆ ماوەیەکی کورت لە تاران لادەدەن و لە گفتوگۆیەك کە لە نێوان ئەو و شای ئێران ئەنجام دەدرێ، شا دەڵێت: "ئێمە ڕێبازی بێزارکردنی عێراقمان گرتووەتە بەر، ڕێڕەوی ڕووباری ئەلوەندمان گۆڕیوە، بۆ ئەوەی پاڵەپەستۆ بخەینە سەر عێراق لەسەر مەسەلەی شەتولعەرەب. ئێمە مافی یەکسانمان دەوێت سەبارەت بەشەتولعەرەب" هەروەها عێراقیش بێ پرس و ڕاکردن و لە بەرچاو گرتنی زەوییە کشتوکاڵییەکانی سەر ڕۆخی ڕۆهەڵاتی شەتولعەرەب، جۆران بەنداوی زلی بنیات دەنا کە کاریگەری هەبوو لەسەر دابەزینی ئاوی شەتولعەرەب ئاوی ڕووبارە هاوبەشەکان، گرفتێك بوو کە زیاتر لەبەر بێ پلانی دەهاتە ئارا. بڕوانە: حسن مجيد الدجيلي م.س، ص٤٥١.

(٢) عزت الله عزتي، م.پ، ص٦٨.

ناوچەیە بێ سێ و دوو هی ئێمەیە و خوازیارین کە بگەڕێتەوە"[1] و ئەرسەلان خەلعەتبەری، نوێنەری پەرلەمان گوتی "١٥٠ساڵ لەمەوبەر، بەسرە و بەغدا لە دەست ئێران بوو و ئێستا قاسم ٥ کیلۆمەتر لە خاکی ئێرانی دەوێ"[2]، دەوڵەتی ئێران بۆ یەکەم جار ڕای گەیاند کە دەبێ سنووری دوو وڵات لە ئەروەند رود، لەسەر بنەمای تالوگ بێت[3].

بێجگە لە ناکۆکی لەسەر شەتولعەرەب، پارێزگای خوزستانیش کە بەشێکی کەوتبووە سنووری هەردوو وڵات، کێشەیەکی تر بوو. عێراقی سەردەمی عەبدولکەریم قاسم بۆ یەکەم جار بەئاشکرایی باس لە مافی عەرەب و عێراق دەکا سەبارەت بەخوزستان، بەم شێوەیە کە خوزستان بەشێکە لە عێراق دەبێ بگەڕێتەوە بۆ سەر عێراق، چونکە بەدرێژایی سەدەی ١٩ خوزستان بەشێك بووە لە دەوڵەتی عوسمانی و هەروەها ناسرەدین شای قاجاری بەفەرمانێك سەربەخۆیی دابوو بەخوزستان لەژێر دەسەڵاتی میرانی عەرەب، بەڵام ئەوە ڕەزا شا بوو کە هێرشی کردە سەر خوزستان و خستییە سەر وڵاتی ئێران[4].

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی عەرەبستان لە خوزستان لە ساڵی ١٩٥٦ سەری هەڵدابوو، بەڵام لەگەڵ دامەزراندنی عێراقی کۆماری، پشتگیری لەم بزووتنەوەیە پەرەی سەند.

دوای ڕووخانی ڕژێمی عەبدولکەریم قاسم ١٩٦٣/٢/٨ حکوومەتی نوێی عێراقی ڕای گەیاند کە دەیەوێ بۆری نەوت بەتیرەی ١٢ ئینج لە خانەقین، کە دەکەوێتە سنووری هەردوو وڵاتەوە، بۆ بەغدا ڕابکێشێ و جێگەی باسە پاشەکەوتی ژێر خاکی

---

(١) روزنامە اطلاعات، ١٣/اذر/ ١٣٣٨.

(٢) هـ.س، ١٤/اذر/ ١٣٣٨.

(٣) تالوگ، وشەیەکی ئەڵمانیاییە لە دوو بەش پێکهاتووە، Thal بەمانای دۆڵ و Weg ماناکەی ڕێگە دۆڵە و Thalweg بوو بەزاراوەیەکی نێودەوڵەتی بۆ پارێزگاریی ناوەڕاستی ئاوەڕۆی ئاو، یان ئەو تەوژمەی دەکەوێتە ناوەڕاستی ئاوەڕۆی زێ، بڕوانە: عبدالرزاق الحسني: تأريخ الوزارات العراقية، ج٥، بغداد ١٩٩٨، ص٢٤.

(٤) خليل علي مراد، ابراهيم خليل احمد: ايران وتركيا... ص١٣٧، ڕەزا شا لە ئەنجامی سیاسەتی "بەفارسکردن"، ناوی هەموو ئەو شار و پارێزگایانەی گۆڕی کە دەربڕی نەتەوەیەکی نافارس بوو، هەر بۆیە ناوی عەرەبستانی کرد بەخوزستان.

نەوتی خانەقین هی نەفت شەهر «نەفت شاه» و نەفتخانە لەژێر خاکی ئێران دابوو(١)، واتە هەردووکیان یەك سەرچاوەی ژێر زەویی هاوبەشیان هەبوو، عێراق بەنیاز بوو کە ڕێژەی وەبەرهێنان لەم پاشەکەوتە نەوتییە، بەرز بکاتەوە و ئێرانیش دەستی کردبوو بەڕاکێشانی بڕی نەوت لەم ناوچەیە. ئەمەش خاڵێکی ناکۆکیی سنووری بوو و دوای دانیشتن لەسەر مێزی گفتوگۆ، چارەسەریان کرد.

لەنێو حکوومەتی هاوپەیمانیی عێراقیدا لایەنی بەعسی لە سۆنگەی دژایەتیکردنی ناسرییەکان، لەگەڵ ڕژێمی ئێران میانەڕۆتر بوو، بەڵام لەگەڵ گرتنە دەستی دەسەڵات بەشێوەیەکی ڕەها لە ١٩٦٨، ناکۆکییەکان سەریان هەڵداوە و جارێکی تر لە ١٩٦٩، دەسەڵاتدارانی عێراقی ڕایان گەیاند کە شەتولعەرەب، بەشێکە لە قەڵەمڕەوی عێراق و پێویستە لەسەر ئێران کە کەشتییەکانی، ئاڵای ئێران هەڵنەدەن و نابێ ئەو کەشتییانە هەڵگری هێزی دەریاییی ئەو کەشتییانە بن، ئێرانیش لەلایەن خۆیەوە، ڕێککەوتننامەی سنووریی ١٩٣٧ی پووچەڵ کردەوە(٢).

---

(١) سنووری ناوەند و خوارووی هەردوو وڵات تەژی بوو لە نەوت و گاز، لە عێراق لە خانەقین تا شەتولعەرەب، کە دەست کرا بە پیشەسازیی نەوتی کیمیاوی لەم ناوچانە و بۆڕی گواستنەوە و پاڵاوتنی لێ دامەزرا، ئەو کۆمپانیایەی کە لەسەر نەوتی خانەقین لە دیوی عێراق و لەودیوی ئێران کاریان دەکرد، هەروەکو ئاماژەی پێ کرا یەك کۆمپانیا بوو کە ئەویش بەریتانیایی بوو و بەپێی جیاوکی «دارسی»، نەوتی نەفتخانە و نەفت شاهیان وەبەر دەهێنا. دوای خۆماڵیکردنی نەوت لە ئێران لە ١٩٥١و کۆتاییهاتنی جیاوکی کۆمپانیای نەوتی خانەقین لە عێراق لە ساڵی ١٩٥٨ بەماوەیەکی کەم بەر لە کودەتای عەبدولکەریم قاسم، هەردوو وڵات دەستیان کرد بەڕاوێژکردن سەبارەت بەوەبەرهێنان لەم ناوچانە.

گرفتێکی تری ئاوی – نەوتی لە نێوان هەردوولا، ئەو ئاوە هەرێمییانە بوو کە لە سنووردا بوو و لە هەمان کاتدا، نەوتی لێ بەرهەم دەهات: لە دانوستانێکدا لە ١٩٦٣/٨/٤، لایەنی ئێرانی داوایان کرد کە بەشی ئێران لە داهاتی چاوەڕوانکراو لە نەوتی ناو ئاوەکانی سنوور ٦٠٪ و هی عێراق ٤٠٪ بێ، چونکە پانتاییی ئاوی ئێران زیاترە، بەڵام عێراق ئەمەی قبووڵ نەبوو، بۆیە ئەم بابەتە دوا خرا بۆ ئەوەی زیاتر لێی ورد ببنەوە. بڕوانە: حسن مجيد الدجيلي م.س، ص٤٧٢– ٤٨٢.

(٢) امیر اسداللـه علم وەزیری دەرباری شا لە کتێبەکەی باس لەو بارودۆخە دەکات کە بەتەنگژەی پێوەندیی عێراق و ئێران ناوزەدی دەکات ″حکوومەتی ئێران ئاگەداری ورد و=

گرژییەکان بەردەوام بوو و سەرەنجام لە سنوورەکان، پێکدادان دەستی پێ کردەوە و، ناکۆکییەکان گەیەندرا بە UN و کۆمیتەی تایبەت داندرا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان. کاری کۆمیتەکە و سەرەنجام ویست و بەرژەوەندیی وڵاتانی زلهێزی ئەوروپا و ئەمەریکا و داخوازی هەردوو وڵات، بووە هۆی بەستنی رێککەوتننامەی ئەلجەزایر لە ١٩٧٥/٣/٦ کە لەوێدا، بە ئاشکرایی ئەم بەندانە جێگیر کران کە:

١- سنووری وشکانی لەسەر بنەمای پرۆتۆکۆلی ئیسلامبول (١٩١٣) و کۆنووسی کۆمیتەی دیاریکردنی سنوور (١٩١٤) دەستنیشان دەکرێ.

٢- سنووری ئاوی لەسەر بنەمای تالوگ دەبێ.

٣- هەردوولا، ئاسایشی سنووری هاوبەشیان کۆنترۆڵ دەکەن.

ئەم رێککەوتننامەیە، توانی گرژی و ناکۆکی لە نێوان دوو وڵات بۆ ماوەی تەنیا ٥ساڵ کۆتاییی پێ بهێنێ[١].

## بەندی دووەم

### هۆکاری ئەتنیکی و سیاسەتی ناسیۆنالیستانەی پەهلەوییەکان

رەزا خان لە ساڵی ١٩٢١ کودەتای سەربازیی کرد لە دژی قاجارەکان و رێگەی خۆش کرد بۆ ئەوەی لە ساڵی ١٩٢٦، تاجی پاشایەتی لەسەر دابنێ و سەردەمی دەسەڵاتداریەتیی پەهلەوی دەست پێ بکا[٢].

روانگەی ئەو بۆ بەرێوەبردن، دیدێکی ناسیۆنالیستانە، سەنتەرخواز و نوێگەرا بوو.

---

= درشتی پلانەکە نەبووە، بگرە تەنیا ″شا″ و چەند کەسێك لە سوپا و ساواك ئاگەدار بوون. شا فەرمانی دابوو بەسوپا ئامادەساز بن ″ بۆ زانیاریی زیاتر بروانە: خاطرات محرمانه امیر اسد الله علم، گفتگوهای من باشاه، زیر نظر عبدالرضا هوشنگ مهدوی تهران، ١٣٧١ طرح نو، ج١، ص٧٥.

(١) دەقی رێککەوتننامەکە لە پاشکۆدا هاتووە و وەرگیراوە لە: مەسعوود بارزانی: بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆرشی ئەیلوول ١٩٦١-١٩٧٥، هەولێر ٢٠٠٤ چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ل٤٣١.

(٢) بۆ زانیاریی زیاتر بروانە: کمال مظهر احمد: دراسات في تاريخ ايران الحديث والمعاصر، بغداد ١٩٨٥، مطبعه اركان، ص١٢٧-١٧٢.

لاوازیی قاجارەکان لە فەرمانڕەوایەتیدا، لە کۆتاییی سەدەی ١٩و سەرەتای سەدەی ٢٠، وای لە ڕەزا خان کرد بەلەز بێ لە دانانی بناغەیەکی پتەو بۆ حکوومەتی ئێرانی و بێ گوێدانە بەفاکتی کۆمەڵگەی گەلانی ئێران و دابەشکاری جوگرافیایی و ڕەنگاوڕەنگی لە ئاین و ئاینزا و نەتەوە و خێڵەکان، هەمووی وەك یەك لێ بکا بەم مەبەستە ناوەڕۆکی فەرهەنگی فارسیی هەڵبژارد بەڵام بەڕواڵەتێکی ڕۆئاوایانە، هەوڵی دا سیاسەتی "وەك یەکبوون" لە سەرتاسەری ئێران پیادە بکا[١].

هەریەکە لە سەرمایەداری ڕۆئاوایی کە وەك کۆلۆنیالیست بەرۆهەڵاتدا بڵاو بوو بوونەوە و هەروەها بورژوازی شارە گەورەکانی ئێران، پێویستیان بەم "وەك یەکبوون"و "توانەوەی لاوازەکان لەناو یەك هێزی بالادەست" هەبوو، چونکە پێویستیان بەئاسایش و کۆمەڵێ مافی یەکسان هەبوو، بۆ ئەوەی سەرمایەی خۆیان بەگەڕ بخەن، پێویستیان بە سنووری بەرفراوانی سەنترال هەبوو چونکە لە سیستەمی دەرەبەگایەتی و میرنشینیدا هەر میرنشینێك بەئارەزووی خۆی باج و سەرانە دەسەنن و لە ئەنجامدا جاری وایە بازرگانان تووشی ڕێگری و لەدەستچوونی خۆیان یان سەرمایەیان دەبن.

ناسیۆنالیزم و بورژوازی لەم قۆناخەدا پێوەندیی ڕاستەوخۆی بەیەکەوە هەیە. بورژوازی لەناو ڕژێمێکی نەتەوەیی و نیشتمانی گەشە دەکات. سەرمایەداری کۆلۆنیالیست پشتگیریان کرد لە هەردوو ڕژێمی نزیك لە یەکتری، واتە تورکیا و ئێران. ئاینزای شیعە، توخمێکی گرینگی بەهێزکردنی ناسیۆنالیزم بوو لە ئێران[٢].

ڕەزا خان کە وەك وەزیری شەڕ دەسەڵاتی وەدەست گرت، بێجگە لە ناوەندی ئێران، بەشەکانی تری وڵات بەشێوەی خۆجێیی بەڕێوە دەچوو. سمکۆی شکاك بەسەر بەشی باکوری کوردستانی ئێرانیدا زاڵ بوو، دەوروبەری هەمەدان، خێڵاتی کورد بەڕێوەیان دەبرد.

سنجابییەکان و کەڵهوورەکانیش لە کرماشان بالادەست بوون، لورستانیش،

---

(١) ژان پیر دیگار، برنارد هورکاد، یان ریشار: ایران درقرن بیستم، ترجمه عبدالرضا مهدوی، تهران ١٣٧٧، البرز، ص٨٨.

(٢) ریچارد کاتم: ناسیۆنالیسم در ایران، ترجمة احمد تدین، تهران ١٣٨٣ کویر، چاپ سوم، ص چهل و یەك.

خۆیان بەڕێوە دەبرد، خوزستان «عەرەبستان» لەژێر دەسەڵاتی شێخ خەزعەلدا بوو، کەواتە خەمی یەکەمی ڕەزا خان، بنیاتنانی سوپایەکی بەهێز بۆ لەنێوبردنی ئەم دەسەڵاتە خۆجێیییانە بوو(١).

بەریتانیا لە سەرەتادا پشتگیریی لە شێخ خەزعەل دەکرد و دانی نابوو بەم ئۆتۆنۆمییەی کە وەدەستی هێنا بوو، بەڵام دوای شەڕی یەکەمی جیهانی کە نەخشەی دروستکردنی عێراق داڕێژرا و بەریتانیاییەکان گەرەکیان بوو خوزستانیش بخەنە ناو ئەو قەوارە نوێیە، بەڵام لە دواییدا لە ئەنجامی گۆڕانی پلانەکەیان لە پشتگیریی شێخ خەزعەل پاشگەز بوونەوە و ڕەزا خانیش هەڕەشەی لە شێخ خەزعەل کرد و سوپای ناردە سەری و لە ئاکامدا، شێخ خەزعەل ملکەچی ڕەزا خان بوو(٢). ڕەزا خان کە بوو بە شا، لە سیاسەتی "بەسەنتەرکردن"، زیاتر قووڵ بووەوە و هەموو وزەکانی یەك خست و لە سەنتەر کۆی کردنەوە و بەم شێوە "بەهێزیی سەنتەر و لاوازیی دەوروبەر" بەدەرکەوت، نە تەنیا لاوازیی دەوروبەر، بگرە سووکایەتی پێکردن، پشتگوێخستن و هەندێ جار بایکۆتکردنی توخمەکانی پێکهێنەری کولتوور یان وردە کولتووری ناوچەیەکی جوگرافیایی بەسیمای نەتەوەیەکی جیاواز دەبینرا(٣). بەر لە پاشایەتیی ئەو، ئاخاوتن بەزمانی نافارسی قەدەغە نەبوو، بەڵام دوای پیادەکردنی سیاسەتی ناسیۆنالیزمی فەرمی، زمانی کوردی و تورکی و عەرەبی لە دەزگا فەرمییەکان یاساغ کرا(٤).

گەڕانەوەی سەروەری و گەورەییی ئیمپراتۆریای فارسی، خەونی ڕەزا شا بوو، بۆیە ڕەزا شا، داوای گەڕاندنەوەی بەحرەینی کرد بۆ سەر قەڵەمڕەوی ئێران و کاتێ لە ساڵی ١٩٢٧ ڕێککەوتننامەی سعوودیە – بەریتانیا مۆر کرا و تێیدا هاتبوو کە «شا عەبدولعەزیز ئەلسعوود» هەڵدەستێ بەپێوەندیی هاوڕێیەتی و ئاشتی لەگەڵ بەحرەین و کوەیت و قەتەر و عومان، ڕەزا شا ناڕەزاییی دەربڕی کە بەپێی دەقی ڕێککەوتننامەکە

(١) طاهر خلف البكا ، التطورات الداخلية في ايران، ١٩٤١– ١٩٥١، بغداد ٢٠٠٢، ص١٧.

(٢) سيروس غني: ايران، بر امدن رضا خان و برافتادن قاجار و نقش انگليسيها، ترجمه حسن كامشاد، تهران ١٣٨٠ چاپ سوم، نيلوفر، ص٣٦٥.

(٣) طاهر خلف البكاء، م.س، ص١٢– ١٣.

(٤) محمد علي همايون كاتوزيان: دولت و جامعه در ايران، ترجمه حسن افشار، تهران ١٣٨٠ نشر مركز، چاپ دوم، ص٤٣٦.

و باسکردن لە پێوەندیی لەگەڵ بەحرەین، پشتگوێخستنی خاوەندارێەتیی ئێرانە بەسەر ئەم وڵاتە، بۆیە یاداشتێکی دا بە"کۆمەڵەی گەلان" و داوای گەڕاندنەوەی سەرەوەریی ئێرانی کرد بەسەر بەحرەیندا، بەڵام کاریگەر نەبوو(١).

ڕەزا شا هەروەها بایەخدان بەتەنگەبەری هورمز و دوورگەکانی دەوروبەری بەگرینگ دەزانی، بۆیە ئەوە جارێکی تر جەختی لەسەر خاوەندارێەتیی ئێران بەسەر ئەم ناوچانە کردەوە، هەوڵی بەبەهێزکردنی کەشتیگەلی زەریایی، هەڕەشەی لە بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا لەم ناوچەیەدا کرد لە نێوان ساڵانی ١٩٢٩– ١٩٣٩ دانوستاندن و گفتوگۆی زۆر ئاڵوگۆڕ کرا لە نێوان ئێران و بەریتانیا سەبارەت بەسەروەریی ئێران بەسەر ئەم دوورگانەدا، بەڵام چارەسەر نەکرا و دوای شەڕی دووەمی جیهانی بێدەنگیی لێ کرا، تا ڕژێمی عێراق لە ١٩٥٨ گۆڕا و دامێنی ناکۆکییە ئایدیۆلۆجی و سیاسییەکانی ئەوان، بەحرەین و دوورگەکانیشی گرتەوە(٢).

جیاکاریی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووری بەرامبەر بەنەتەوەکان لەلایەن نەتەوەی باڵادەستی فارس لە تاران، کە جۆن ناگل بەم دەستەواژەیە ناوی دەهێنێ:

"پێوەندیی نایەکسانی سەنتەر– دەوروبەر"(٣)، وشیاریی نەتەوەییی زیاتر دەکرد و دەبووە هۆی گەشەکردنی سەنتەر بەرامبەر بە ناسەنتەر و کە ئەمە جۆرێك لە کۆلۆنیالی ناوخۆییی دروست دەکرد و خەڵکی دەوروبەر دەبوون بە هێزی کاری دەستی بۆ گەشەکردنی سەرمایەداری بازرگانیی پیشەسازی لە سەنتەر و، بەمەبەستی مۆدێرنیزەکردنی سەنتەر، کەڵکیان وەردەگرت لە هێزی کاری هەرزانیی ئەوان(٤).

هەمان مۆدێلی سیاسەتی بەسەنتەرکردن و بەرەنجامەکانی لە عێراقدا لە ئارادا بوو: کەمینەیەکی سونی مەزەب، سەرکردایەتیی زۆرینەیەکی عەرەبی شیعی و نەتەوەی

---

(١) سعيد باديب: العلاقات السعودية، الايرانية ١٩٣٢– ١٩٨٣، دار الساقي مركز الدراسات الايرانية والعربية لندن ١٩٩٤ ص٣٦.

(٢) سعيد باديب: م.س، ص٣٦.

(3) Joane Nagel, The Condition Of Ethnic Separatism: The Kurds In Turkey, Iran, And Iraq", Ethnicity vol 7,No.3 (September 1980) Pp 280- 281.

(٤) نادر انتصار: مافیای قدرت، بررسی ناسیونالیسم قومی– نژادی کردها، ترجمه عرفان قانعی فرد، تهران ١٣٨٥، ص٢٦.

کوردیان دەکرد(١).

هەردوو وڵات چاودێریی ڕەفتاری یەکتریان دەکرد لە بەردەوامیی ئەم سیاسەتەیان و هەر کات لایەنێك بەم ئاراستەیە نەڕۆیشتبا، ئەوی تر وەبیری دەهێناوە، هەروەکو لە بەشی دووەم، لە چاوپێکەوتنی تۆفیق سویدی وەزیر مفەوەزی حکوومەتی عێراق لە تاران و کاربەدەستانی نوێنەرانی حکوومەتی ئێرانی دەبیندرێ کە ئێرانییەکان گلەییان لە حکوومەتی عێراقی کردووە کە گوایە هەندێ مافی کولتووریان بەکورد داوە(٢).

لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی عێراق کۆمەڵێ بەڵێن درا بەکورد کە مافە نەتەوایەتییەکانیان پشتگوێ ناخرێت(٣)، بۆیە دەوڵەتی عێراق، جاروبار، ناچار بووە کورد وەك نەتەوەیەکی جیا لە عەرەب بخوێنێتەوە، بەڵام لە دەستووری ئێران و سیاسەتی فارسچییەتی و دامەزرانی حکوومەتی پەهلەوی، بەهیچ شێوەیەك ئاماژە بەبەشداری و مافی گەلانی ئێران نەکراوە.

بەدرێژاییی سەردەمی فەرمانڕەواییی پەهلەویی یەکەم و پەهلەویی دووەم، هەر کاتێ حکوومەتێکی عێراقی، لە ئەنجامی شۆڕش و خەباتی نەتەوەی کورد، هەندێ لە مافەکانی سروشتی خۆی پێ بەخشیبێتەوە، ئەوا ئێران هەوڵی داوە بەکەڵك وەرگرتن لە خودی فاکتەری "کورد"، ئەم مافانە لە کورد بسەندرێتەوە و ئەم کۆششانەش لەبار ببات کە بۆ ئاشتی و ڕێککەوتن دەکرێ، باشترین نموونەش سەردەمی هاتنە کایەوەی ڕژێمی عەبدلکەریم قاسم بوو کە لە سەرەتادا عەبدولکەریم پێشوازی لە سەرکردەی کورد مەلا مستەفا بارزانی دەکا هەردووکیان بڕیاریان دا بەیەکەوە لە بەغدا خەریکی

(١) ادیث وئی، ایف، بینروز، العراق، دراسة في علاقاته الخارجیة وتطوراته الداخلیة ١٩١٥–١٩٧٥، ترجمە عبدالمجیب حسیب القیسي، ج٢، بیروت الدار العربیة للموسوعات ص٨.

(٢) حسن مجید الدجیلي م.س ص٢٤١– توفیق السویدی م.س ص٢٣٢– ٢٣٣.

(٣) لە بەیانی هاوبەشی عێراق– بەریتانیا لە ١٩٢٢/١٢/٢٠ هەردوولا دانیان نا کە دانیشتوانی کوردی ناو سنوورەکانی عێراق مافی پێکهێنانی حکوومەتیان هەیە لەناو ئەم سنوورەی عێراقدا، بڕوانە: منتشاشفیلي: العراق في سنوات الانتداب البریطاني ص٣٢٤ و هەروەها لە ڕاسپاردەکانی لێژنەی بەدواداچوونی کێشەی ویلایەتی مووسڵ، هاتبوو کە داخوازی کورد بەهەند وەربگیرێ و فەرمانبەری کورد لە فەرمانگەکانی کوردستان دامەزرێن و زمانی کوردی کاری پێ بکرێ، بڕوانە: جرجیس فتح الله: یقظه الکرد، ص٦٧٠.

بەڕێوەبردنی کاروباری حکوومەت بن و لە ڕاستیدا "کورد" ڕۆڵێکی بالای بینی لە پاراستنی کۆماری تازە دامەزراو، بەڵام ئێران نەیتوانی ئەمە هەرس بکا و، هەموو هەوڵی خۆی دا بۆ ڕێگەگرتن لەم هاوکاری و تەبایی و پێکەوە کارکردن لە پێناوی بەرەو پێشەوەبردن و سەقامگیریی عێراق و کوردستان(١).

باشووری عێراق زۆربەی دانیشتوانی موسڵمانی شیعی بوون و گڵکۆی ئیمامەکانی شیعە لەوێدان. هەر لە دێرزەمانەوە، شیعە ئێرانییەکان، لە ڕووی ڕۆحییەوە، دڵبەندی ئەم ناوەندە پیرۆزانەی خۆیان بوون و زۆرجار مردووەکانی خۆیان لە پاڵ ئیمامەکانیان دەناشت. ئەم هاتوچۆیانە، کۆمەڵێ گرفتی لە بەردەم پێوەندیی دوو وڵات ساز دەکرد. بەشێك لەم ئێرانییانە لە عێراق نیشتەجێ دەبوون و، کاریان پەیدا دەکرد و ژن و ژنخوازییان ئەنجام دەدا. نەجەف، ناوەندی نیشتەجێبوونی زانایانی گەورەی شیعیی عێراق و ئێران بوو، بەبێ جیاوازی بەیەکەوە کاریان دەکرد و پەیڕەوانیان لە هەردوو وڵات سەردانیان دەکردن و کاریگەری تەواویان هەبوو لەسەر جەماوەری خۆیان و لە کۆتاییدا لەسەر دەسەڵاتدارانیش(٢).

ئێران وڵاتێك بوو کە کولتوور و دەوڵەتەکەی بەردەوام دەرفەتی بەخەڵکی خۆی داوە کە بۆ باشترکردنی گوزەرانیان کۆچ بکەن. زۆربەی ئێرانییەکانی کە بۆ باشووری عێراق هاتوون، لە ڕوانگەی باشترکردنی گوزەرانیان بووە، بەڵام لە بیستەکانی سەدەی بیستەم، سیاسەتی "تەختە قاپوکردن"(٣) و، ڕاگواستن و نیشتەجێکردنی هۆزەکان،

---

(١) بڕوانە: عیسی پژمان: اسرار بستن پیمان ١٩٧٥ الجزیرە، انتشارات نیما- عیسی پژمان: تاریخ کردها کردستان، ژ ن پاریس ١٩٩٢،.

(٢) حکوومەتی ئێران ساڵانێکی زۆر بوو کە خزمەتی گڵکۆ ئاینییەکانی لە نەجەف و سامەرا و کەربەلای لە ئەستۆ گرتبوو، مووچەی بۆ پیاوانی ئاینیی بەڕەسەن ئێرانی بڕیبووەوە و خۆی بەسەرپەرشتیاری شوێنە پیرۆزەکان دەزانی و کاتێ ویستی بەفەرمی دان بەعێراق بنێ، ئەمەی کرد بەیەکێ لە مەرجەکان. هەندێ لە مێژوونووسانی عەرەب، دانیشتوانانی بە ڕەسەن ئێرانی لە عێراق بەتایبەتی پیاوانی دەسترۆی ئاینییان، بە"تابووری پێنجەم" ناو دەبەن کە لە ڕێگەی ئەوان ئێران هەردەم توانیویەتی دەستی لە عێراق بڕوات و پاڵەپەستۆ بخاتە سەر حکوومەتی عێراقی، بڕوانە : جابر ابراهیم الراوي، م.س، ص٢٩١-٢٩٢

(٣) زاراوەی تەختە قاپو بەواتای لابردنی ڕەشماڵ و کەڵك وەرگرتن لە نشینگەیەك کە =

لـەنـێوبـردنـی دەسەڵاتـە خـۆجـێییـیـەکـان و لـە ئـەنجامـدا بـەکـارهـێنـانـی سیـاسـەتـی "بـەفـارسکـردن Persianization " و سووکـایـەتـیـکـردن بـەنـەتـەوە نـافـارسەکـان، بـووە هۆکارێك بۆ ڕەوکردنی کوردی شیعیی ئێران بەتایبەتی لە لوڕستان و ئیلام و کرماشان، ژمـارەیـەکـی زۆر لـە خـەڵك کـۆچـیـان کـرد بـۆ عـێراق و گـەیشتنـە لای هـاونـەژاد و هـاوئاینەکانیان کە سەدان ساڵ بوو لەم ناوچانە دەژیان. دوای دروستبوونی قەوارەی نوێی عێراق لەسەر دەستی ئینگلیزەکان و دانانی پاشایەکی سونی و بەڕەسەن حیجازی بۆ حوکمکردن لە بەغدا، عێراقییە بەڕەسەن ئێرانییەکان هەروەها زۆرینەی عەرەبی شیعیی عێراقی، کاردانەوەیەکی نەرێییان پەیدا کرد بەرامبەر بەم دەسەڵاتدارە نوێیە کە حکوومەتی نوێی ئێرانیش، بەهەستیارییەوە لەگەڵ ئەم بابەتە مامەڵەی کرد و تەنیا لەژێر پاڵەپەستۆی بەریتانیاییەکان بوو کە ئەم قەوارە نوێیەی بەفەرمی ناساند.

ئێران دەمێك بوو تووشی گرێیەکی دەروونیی مێژوویی بووبوو، ئەویش گەڕاندنەوەی "مەدائین" پایەتەختی ساسانی و عێراق بەگشتی، بۆ ناو ئیمپراتۆرییە لەدەستچووەکەی بوو[١] و دەیویست سوود وەربگرێ لە هەستی ئاینی خەڵکی باشوور و ئەم خەونەی بهێنێتە دی.

حکوومەتی نوێی عێراقی کە بینی زانایانی شیعە، خەریکن کێشەی بۆ دەنێنەوە لە دژی سیاسەتی بەریتانیا لە عێراق، ژمارەیەکی لە وڵات دوور خستنەوە، کە ئەمە کاردانەوەیەکی نەرێیی هەبوو لەسەر پێوەندیی هەردوو وڵات.

حکوومەتی نوێی عێراقی لە بیستەکاندا لە مەسەلەی دانی ڕەگەزنامە بەو ئێرانییانەی کە هاتبوونە عێراق، کۆمەڵێ سەختگیری کرد و هەروەها لە مەسەلەی موڵکدارێتی و کارکردن و مۆڵەتی هاتوچۆ و دادوەری و ڕێنوێنیی کۆنسولی و هەروەها چەندان ڕووداوی پێکدادان لە سنوورەکان ئەنجام درا و دوا بەدوای ئەمە لە ساڵی ١٩٢٧ لە پەرلەمانی ئێراندا یاسایەك دەرچوو بۆ قەدەغەکردنی گەشتی ئێرانییان بۆ عێراق[٢].

---

= دەرگەی لە دار دروستکراوی هەبێ و دەبێتە هۆی بەجێنشینکردنی عەشیرەتە کۆچەرەکان لە گوندەکاندا. بڕوانە: موجتەبا بورزوویی: بارودۆخی سیاسیی کوردستان وەرگێڕانی، نازناز محەمەد عەبدولقادر، سۆران عەلی پوور و یوسف چوپان، هەولێر ٢٠٠٥، چاپی موکریانی، ل٣٠٩.

(١) عبدالله رازي: تاريخ كامل ايران، تهران ١٣٧٧ اقبال چاپ چهاردهم، ص١٣٨– ١٤٢.

(٢) مهد يقلى هدايت (مخبر السلطه) خاطرات وخطرات، تهران زوار، ص٣٨١.

ئەم گرژییانە بەردەوام بوو، تاکو لە ساڵی ١٩٣٧ ڕێککەوتننامەی سەعد ئاباد لە نێوان ئەم دوو وڵاتە و ئەفغانستان و تورکیا ئیمزا کرا کە هەردووڵا لە پێناو بەرژەوەندیی هاوبەشی گەورەتر، چاوپۆشییان کرد لەم کێشەی بەڕەسەن ئێرانی و خەڵکی شیعی و هاتوچۆی ئێرانییەکان و هەبوونی زانایانی ئاینی لە باشووری عێراق و دەستڕۆییان. عێراق هەوڵی دەدا لە بەرامبەر ئەم هەنگاوانەی ئێران لە باشووری عێراق بەجێ نەمێنێ و کاری دەکرد لە پێناو وروژاندنی هەستی خێڵی گەلی عەرەبی خوزستان «عەرەبستان» بۆ ئەوەی لە ئێران دایانبڕێ و ئەگەر بکرێ بخرێتەوە سەر عێراق و هەروەها هەڵوێستی شێخ خەزعەل لە ئاست تاران و ڕاپەڕینی و لە دواییدا ملکەچبوونی ئەو، لە ڕۆژنامەکانی عێراق و وڵاتانی تری عەرەبی، هەستی برینداری پان عەرەبیزم دەبیندرێ کە لە ڕۆژنامەکانی ئێرانیش ڕەنگی دابووەوە[١].

پەیمانی سەعد ئاباد بۆ سەردەمی ئاشتی گونجاو بوو، بەڵام لە سەردەمی دوای جەنگ و بشێوی لە ناوچەکە، جارێکی تر هەستی عەرەبییەتیی خوزستانییەکان جووڵا و[٢] لەناو عێراقیش پشتیوانییان لێ کرا و هەندێ حزب و کۆمەڵە سەریان هەڵدا کە بەرگرییان لەوە دەکرد خوزستان، عەرەبستانە و دوا بەدوای ئەم جووڵانەوە عەرەبییانە لە باشووری عێراق و ئێران، سەربازانی بەریتانیا لە بەسرە لە حاڵەتی ئامادەسازیدا چڕ بوونەوە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان لەم وڵاتەدا (١٩٤٦)[٣].

لە ساڵی ١٩٥٠ش هەندێ هەوڵی سەربەخۆیی خوزستان درا و لەم ڕاپەڕینانە، کۆمپانیاکانی نەوتی بەریتانیایی بەجۆرێك لە جۆرەکان دەستیان هەبووە و وەك

---

(١) رضا شاه پهلوی: سفرنامه خوزستان چ٣، تهران ١٣٥٧ امیر کبیر ص١٩٧– مجله ایندە سال اول، شماره١، تیر ١٣٠٤، ص٦٠.

(٢) شێخ جاسب کوڕی شێخ خەزعەل، کۆبوونەوەیەکی گەورەی ساز دا کە شێخەکانی عەرەب تێیدا بەشدار بوون و داوای سەربەخۆیی میرنشینی عەرەبستانیان کرد. بڕوانە: یرواند ابراهامیان: ایران بین دو انقلاب، ترجمه احمد گل محمدی، محمد ابراهیم فتاحی، چ٦، تهران ١٣٨٠، نی، ص٢١٤– ٢١٥.

(٣) لنچافسکی: سی سال رقابت غرب و شوروی درایران (٤٨– ١٩١٨)، ترجمه حورا یاوری، تهران ١٣٥١، ابن سینا، ص٣٨١–٣٧٩. – طاهر خلف البكاء: م.س ص١٨٧.

کارتی پاڵپەستۆ کەڵکیان لەم ڕاپەڕینانە وەردەگرت لە ئاست هەردوو دەوڵەتی عێراق و ئێراندا[١].

لە پەنجاکان بەتایبەتی دوای پەیمانی بەغدای ١٩٥٥، گرژییەکان خاو بوونەوە، چونکە دووجەمسەری و ڕکابەریی نێوان بلۆکی ڕۆهەڵات و ڕۆئاوا، بەرژەوەندی و سیاسەتی هاوبەشی بۆ هەردوو وڵات خوڵقاند کە دەبوایە لە بەرچاوی بگرن و لە کۆبوونەوەکانی ئەندامانی پەیمان، هەوڵ دەدرا زۆر بەنەرمی و لەسەر مێزی دانیشتن، گفتوگۆ لەسەر کێشە سنوورییەکان بکەن، هەردوو وڵات سەر بەڕۆئاوا و، لە ڕاستیدا بەئاراستە سیاسی و ئایدیۆلۆجییەکانی ئەوان بەڕێوە دەچوون، بۆیە کێشەکان کاڵ دەبوونەوە یاخۆ ون دەبوون[٢]، بەڵام لەگەڵ گۆڕانی ڕژێمی پاشایەتی لە عێراق، بارودۆخەکە سەدا سەد گۆڕا.

شای ئێران، دوا بەدوای شۆڕشی عەبدولکەریم قاسم، لە ڕێگەی ساواك و سوپا، هەوڵی لەباربردنی کۆماری دا[٣] و عەبدولکەریم قاسمیش، لە خاڵی هەستیاری ناکۆکییەکانیدا، ڕای گەیاند کە خوزستان عەرەبستانە و بەشێکە لە عێراق و پشتیوانیی دەکا لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی خوزستان و بەڕای عێراق، خوزستان هەم لە ڕووی مێژوویییەوە بەشێك نەبووە لە ئێران، بگرە ئەوا ڕەزا خان بوو کە داگیری کرد، هەم لە ڕووی ژمارەی دانیشتوان، زۆربەی عەرەبن[٤]. ئێران کاردانەوەی توندی هەبوو بەرامبەر بەم لێدوانەی عەبدولکەریم قاسم[٥] و ئەم گرژییە لە نێوانیان بەردەوام بوو بەڵام لە سەردەمی هەردوو سەرکۆماری برا " عەبدولسەلام عارف ١٩٦٣– ١٩٦٦و عەبدورەحمان عارف ١٩٦٦– ١٩٦٨"، زەمینەیەکی لەبارتر هەبوو بۆ دانوستاندن و گفتوگۆ لەسەر کێشەکان.

وەزیری دەرەوەی عێراق لە ١٩٦٤/٢/٢٤سەردانی تارانی کرد و ڕۆژنامەی ئیتلاعاتی ئێرانی نووسیبووی کە سەردانەکە زیاتر چاوپێکەوتنێکی زەمینەسازی بووە

---

(١) روزنامە اطلاعات، ٢٨ تیر ١٣٦٦، ص١٢. – طاهر خلف البكا و، م.س ص٢٥٧– ٢٦٨.

(٢) احمد میرفندرسکی واحمد احرار :م.پ ص٢٣٨– ٢٣٩.

(٣) عیسی پژمان: اسرار بستن پیمان ١٩٧٥ الجزيرة... ص٦٦.

(٤) اصغر جعفري ولداني م.پ ص٢٨٨– ٢٨٩.

(٥) روزنامە اطلاعات ٢٧اژر ١٣٣٨.

بۆ خاوکردنەوەی بارگرژیی دیپلۆماسی، هیچ چارەسەرێکیان پێ نەبووە بۆ کێشەکانی نێوانیان(١).

ئەوەی کە گرژییەکەی توندتر دەکرد، ئەو هەوڵانەی عەبدولسەلام عارف و جەمال عەبدولناسری سەرکۆماری میسر بوو بۆ یەکگرتنی جیهانی عەرەبی و، بەتایبەتی پێکهێنانی کۆمارێکی یەکگرتوو لە نێوان میسر و سووریا و عێراق.

فاکتەری ئێران لە ترسی بەرژەوەندییەکانی خۆی، بەڵام فاکتەری زۆرینەی عەرەبی شیعە لە عێراق لەبەر زاڵبوونی دەسەڵاتدارانی سونیی عەرەب و کوردیش لەبەر پڵیشانەوەی پتری لەژێر ئەم یەکەتییەی عەرەب نیگەران بوون، هەرسێ هۆکار ئامانجی هاوبەشیان هەبوو. میسر و سووریاش بەئاشکرایی پشتیوانییان لە لکاندنەوەی خوزستان بەخاکی عێراق دەکرد(٢).

دوا بەدوای کودەتای بەعسییەکان ١٩٦٣/٢/٨ ڕژێمی عێراق بەبەرنامەیەکی تۆکمە دەستی کرد بە سیاسەتی "بەعەرەبکردن"ی کوردستان، لە ڕێگەی ڕاگواستنی خێزانە کوردەکان لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان وەك مووسڵ، کەرکووك و خانەقین و هێنانی خێزان و خێڵی عەرەب لە جێگەیان بەمەبەستی گۆڕینی دیموگرافیای کوردستان، بەتایبەتی ئەو شوێنانەی کە دەوڵەمەند بوو بەنەوت(٣) و هاوکات، دەرکردنی بنەماڵە کوردە شیعەکان لە بەغدا و باشوور بۆ ئێران بەمەبەستی کەمکردنەوەی ژمارەی کورد و شیعە لە عێراق و، لەلایەکی تر کردنیان بەکارتی پاڵەپەستۆ بۆ سەر دەوڵەتی ئێران.

جارێکی تر لە کۆتاییی ساڵی ١٩٦٧ هەردوو وەزیری دەرەوەی عێراق و ئێران، عەدنان پاچەچی و عەباسی ئارام لەسەر مێزی دانوستاندن لە بەغدا کۆبوونەوە و گفتوگۆیان کرد لەسەر هەموو خاڵە ناکۆکەکان، هەروەها دوا بەدوای ئەمە عەدنان پاچەچی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئەمەریکاش کۆبووەوە بۆ ئەوەی ئەمەریکا ڕێگە بەئێران

(١) روزنامه اطلاعات، ١٤ اسفند ١٣٤٢.

(2) Amin, Hasan (( the Iran- Iraq conflictg Legal Implications)) the international and comparative Law Quarterly, Vol. 31 January 1982, P.180.

(3) FRUS, Memorandum to secretary Rusk, Washington, september, 1/1967. U.S. National Archives, 59 RG, Iraq, political 9-23.

نەدات پشتیوانی لە شۆڕشی کورد بکا(١).

شا لە ١٩٦٧/٣/١٤ بانگهێشتنی عەبدوڕەحمان عارفی سەرکۆماری عێراق کرد بۆ تاران و لەسەر هەموو خاڵە ناکۆکەکان گفتوگۆیان کرد بێجگە لە شەتولعەرەب کە گرینگترینیان بوو، بۆ ئەوەی ئەوانی تر چارەسەر بکەن(٢).

تاهیر یەحیای سەرەك وەزیرانی عێراق ساڵی دواتر بەرەو تاران سەفەری کرد بەمەبەستی دانانی ڕێوشوێنی گونجاو بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانەی کە لە سەفەری پێشووتری سەرکۆماری عێراق بۆ ئێران لەسەری ڕێك کەوتبوون(٣).

دوای دەسەڵات وەرگرتنی دووەمی بەعسییەکان ١٩٦٨/٧/١٧، شاندێکی بەرزی عێراقی بەسەرۆکایەتیی حەردان عەبدولغەفار تکریتی جێگری سەرەك وەزیران، لە کۆتاییی ساڵی ١٩٦٨ سەردانی تارانیان کرد و پاش ماوەیەکی کورت، شاندێکی تاران سەردانی بەغدایان کرد بۆ بەردەوامیدان بەدیالۆگ و گەیشتن بەڕێگە چارەسەری گشت خاڵە ناکۆکەکان.

شاندی ئێرانی لە یەکەم دانیشتن ڕای گەیاند کە چونکە ڕێککەوتننامەی ١٩٣٧ی سنووری، لەژێر باڵادەستی سیاسەتی ئیستیعماری دارێژراوە، خوازیارن کە ڕێککەوتننامەیەکی تر ڕێك بخەن. لە دووەم دانیشتندا، عێراقیش ڕای گەیاند کە ئەوانیش هاوڕان لەوەی کە لەژێر کاریگەری نفوزی بێگانە ئەم ڕێککەوتننامەیە ئیمزا کراوە، بۆیە بەشێك لە خاکی عێراق دراوە بەئێران(٤).

دانیشتنەکان شکستیان هێنا و شاندی ئێرانی گەڕایەوە و لە ئەنجوومەنی نوێنەران و سەناتی ئێرانی ڕاگەیێندرا کە ڕێککەوتننامەی ١٩٣٧ی سنووری بەفەرمی پووچەڵ کرایەوە و لە سەرتاسەری شەتولعەرەب، تەنیا لەسەر پرەنسیپی ″تالوگ″ وەك پرەنسیپێکی مافی نێونەتەوەیی، کەشتیرانی دەکەن(٥).

(1) FRUS,Telgram from Department of state to baghdad embassy, october8/ 1966. U.S. National Archives, 59 RG, Iraq, political 9-23.

(٢) اصغر جعفری ولدانی، م.پ، ص٣١٠.

(٣) روزنامە :کیهان، ٩/ تیر ١٣٤٧.

(٤) وزارت امور خارجە ایران، روابگ خارجی ایران درسال ١٣٤٧، تهران ١٣٤٨، کیهان، ص٤١-٣٩.

(٥) ئێران بەیاننامەیەکی لە مانگی ٤ی ١٩٦٩ دەرکرد کە تێیدا هاتبوو لەسەر بنەمای =

هەردوولا سوپای خۆیان بەدرێژاییی شەتولعەرەب چڕ کردەوە و لە ٢٢/٤/١٩٦٩، کەشتی ئیبنی سینا بەئاڵای ئێرانی و پشتیوانیی چەندان کەشتی تری شەڕی، وەك بەرەنگاربوونەوەیەك، ڕووباری ئەروەند رودی بڕی گەیشتە کەنداو، عێراق لە تۆڵەی ئەم کردەوەی ئێراندا، نزیکەی ٢٠ هەزار عێراقی بەڕەسەن ئێرانی دەرکران و لە ڕێگەی سنووری خەسرەوی و قەسری شیرین ئاودیوی ئێران کران و دەست بەسەر موڵك و ماڵیان داگیرا[١].

ڕژێمی بەعسی عێراق، زیاتر بایەخی دا بەلکاندنەوەی خوزستان بەخاکی عەرەب و دەوڵەتی کوێتیش پشتیوانیی لە پلانی عێراقی دەکرد[٢] و عێراق هەستی کرد کە ناتوانێ لە دوو بەرەی باکور و باشوور لە دژی ئێران بەشەڕ بێ، بۆیە لە ساڵی ١٩٧٠ لەگەڵ شۆڕشی کورد ئاشت بووەوە ئۆتۆنۆمیی پێ بەخشین، کە ئێران دژی ئەم ڕێککەوتنەی شۆڕشی کورد و عێراق بوو[٣]، چونکە هەردەم خوازیار بوو لەبەر ڕۆیشتنی «نەزیف» هێزی سوپا و ئابووریی عێراق لە هەردوولا بەردەوام بێ.

چوار ساڵ بەڕواڵەت، قۆناغی "ئاشتیی پڕ لە گومان و تیرۆر"ی کوردستان بوو، بەڵام لە بەهاری ١٩٧٤ شەڕی نێوان کورد و عێراق دەستی پێ کردەوە و عێراق بەبەرزبوونەوەی نرخی نەوت و کڕینی ژمارەیەکی زۆر چەکی پێشکەوتوو لە سۆڤیەت، وای دەزانی سەرکەوتنی مسۆگەرە، بەڵام ئێران لە پشت بەرەی شۆڕش بوو، بۆیە دوای ساڵێك عێراق بۆی دەرکەوت کە سەرناکەوێ و لە هەمان کاتیشدا بۆ عێراق و ئێرانیش دەرکەوت کە لەم شەڕە ناڕاستەوخۆیە هیچ کامەیان ژێر ناکەون و هیچ کامەشیان سەر ناکەون، چونکە سۆڤیەت و ئەمەریکا لە پشت پەردەی شەڕن، بۆیە ڕێککەوتننامەی ئەلجەزایریان لە ٦/٣/١٩٧٥ ئیمزا کرد و پێك هاتن.

---

= گۆڕینی بارودۆخ، ئەم ڕێککەوتننامەیە پووچەڵ دەکرێتەوە چونکە ڕێککەوتننامەکە لە بارودۆخێکی تایبەتی ئەو کاتی کە بەسەر ئێراندا سەپێندرا بوو، ئیمزا کراوە ١٩٣٧ هەر بۆیەش ڕێککەوتننامەکە دادوەرانە نییە و لەبەر ئەوەش بێ بەهایە و ناگونجێ بۆ جێبەجێکردن بڕوانە: عباس محمود عباس، ازمة شط العرب، بیروت، ١٩٧٣ المؤسسة العربیة للدراسات والنشر، ص٤٨.

(١) وزارت امور خارجه ایران: روابط خارجی ایران درسال ١٣٤٨، ص٥١.

(٢) روزنامه کیهان ٢٣/اذر/ ١٣٥٠.

(٣) ژان پیردیگار م.پ ص١٨٧.

# بەندی سێیەم

## دیدگای ئێران بۆ سیاسەتی دەرەوە

لەگەڵ هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و دروستبوونی کۆمەڵێ دەوڵەت و دەوڵەتۆکەی سەر کەنداو و پەرەسەندنی هەست و هۆشیاریی ناسیۆنالیستی لەنێو عەرەبان، جارێکی تر هەستی عروبە، زیندوو بووەوە.

ئێران بە هەستیارییەکی زیاتر سەیری جموجۆڵی ئەم وڵاتە تازە بنیاتانەی دەکرد و لە هەستێکی کولتووری و کۆمەڵایەتی و دەروونی، بەرامبەریان بوو بەدیدگایەکی سیاسی. عەرەب کە دوای چەندان سەدە، جارێکی تر هەستیان بەقەوارەی خۆیان دەکرد، لە سەرەتادا ئاسوودە بوون بەدامەزراندنی ئەم قەوارانە، ئەگەرچی بچووکیش بوون، بەڵام دوای ماوەیەك لە تێپەڕینی هەڵچوون و کەف و کوڵی ناسیۆنالیستی، بەتایبەتی دوای پەرەسەندنی ناسیۆنالیزمی توندڕۆ لە ئەوروپا دوای شەڕی یەکەمی جیهانی لەلایەك و، ململانێی زلهێزەکان لەسەر هەڵکەوتە ستراتیجییەکانی ناوچەکە و بەدەرکەوتنی بەهای مەزنی نەوت، لەلایەکی ترەوە، هزری ئەمە لای ڕۆشنبیرانی عەرەب چەکەرەی کرد کە نیشتمانی عەرەب یەك بگرێتەوە و سەرلەنوێ ئیمپراتۆریای «خەلافەت» عەرەبی دابمەزرێتەوە[١]، بەهۆی چەکی مادییان واتە نەوت و[٢] هەڵکەوتی گرینگی جوگرافییان و شکۆداریی مێژووییان، بۆیە متمانەیان بەخۆ هەبوو و بەڕەوایان دەزانی کە هەوڵ بدەن ئەم یەکەتییە بهێننە دی.

ئێران دراوسێیەکی بەهێزی وڵاتانی عەرەبی بوو بەم تایبەتمەندییانە:

١- سنوورێکی دوور و درێژی بەسەر کەنداو هەبوو.

٢- پارێزگای باشووری ئێران عەرەبنشین بوو.

---

(١) نموونەی زەق بۆ ئەو گرووپ و پارتانەی کە هەڵگری ئەم ئایدیۆلۆجیایە بوون، حزبی بەعس بوو. بڕوانە: حنا بطاطو : العراق، الكتاب الثالث الشيوعيون والبعسيون والضباط الاحرار، ترجمة عفيف الرزاز، بيروت ١٩٩٩ مؤسسة الابحاث العربية، ص ٣٩-٤٠.

(٢) سەبارەت بەبایەخی نەوت وەك سەرمایە بۆ پرۆسەی گەشەکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی، بڕوانە: محمد ازهر السماك، اقتصاديات النفط، جامعة الموصل، ١٩٨٠، ص٢٧-٣٨.

٣- دەوڵەمەند بوو بەنەوت.

ژمارەیەك دەوڵەت و دەوڵەتۆكە لەسەر ڕۆخی كەنداو بوون كە كەنداویان بەهی خۆ دەزانی، بەڵام دەمێك بوو، ئێران كاریگەری ڕاستەوخۆ و بەرچاوی بەسەر كەنداودا هەبوو و لە نەخشەی ئەوروپاییيەكان و عوسمانییەكان هەر بەكەنداوی فارس ناو دەبردرا.

نەوت چەكێكی زۆر گرینگ بوو لە دەست ئێرانییەكان كە بەو ئەزموونە دوور و درێژە لە دەوڵەتداری و بازرگانی و پێوەندیی دیپلۆماسی لەگەڵ جیهانی ڕۆئاوا لە ڕێگەی كەنداو، دەیانتوانی سوودێكی چەند ڕەهەندی لێ ببینن و لە هەمان كاتدا، نەوت هەم ببێتە ئامراز هەم ببێتە ئامانج، نەوت سەرمایە بێ وەك ئامانج، ئامرازیش بێ بۆ زاڵبوونیان بەسەر كەنداودا.

هەڵكەوتی جیۆپۆلیتكی ئێران بەسەر كەنداو و نەوت، دوو خاڵی پۆزەتیڤ بوو لە دەستی ئێرانییەكان، بەڵام خاڵی لاوازیان، بوونی ژمارەیەكی بەرچاو لە خەڵكی عەرەب لە باشووری ئێران بوو كە هەردەم بزووتنەوە پان عەرەبیستەكان دەیانتوانی لەم خاڵە لاوازەوە بچنە ناو سیاسەتی دەرەوە و ناوەوەی ئێران(١).

درزی پێوەندیی نێوان ئێران و پان عەرەبیستەكان ئەو كاتە زیاتر قەڵشی برد، كە لە ساڵی ١٩٥٢، ڕژێمی پادشایی لە میسر بەڕووخانی "مەلیك فاروق" كۆتاییی پێ هات و جەمال عەبدولناسری ناسیۆنالیستی لە ساڵی ١٩٥٦ هاتە سەر حوكم و هەوڵی دا ناسیۆنالیستانی عەرەب لە خۆی كۆ بكاتەوە.

لە سەردەمی شەڕی سارد لە هاوكێشە سیاسییەكاندا، وای لێ هات كە بزووتنەوە ناسیۆنالیستەكانی عەرەبی زیاتر لە یەكەتیی سۆڤیەت نزیك ببنەوە(٢)، كە ئەمە هیچ

---

(١) م.س، ایوانف،: تاریخ نوین ایران، ترجمه هوشنگ تیزابی، تهران ١٣٥٦، اسلوج، ص١٥١-١٥٠.

(٢) لە دیدی سۆڤیەت بزووتنەوەی شۆڕشگێری جیهان لە سێ باڵ پێكهاتووە كە دژ بەئیمپریالیزمی جیهانییە:

أ- بلۆكی سۆشیالیستی بەسەرۆكایەتیی یەكەتیی سۆڤیەت.

ب- بزووتنەوەی پرۆلیتاری «كرێكاری» لە جیهانی سەرمایەداریدا.

ج- بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نیشتمانی.

پەیوەندیی بەناوەڕۆك و ئایدیۆلۆجی ڕژێمەكان نەبوو، بگرە هەبوونی (دەوڵەتی ئیسرائیل) لەناو جیهانی عەرەبی و دامەزرانی ئەم دەوڵەتە لەسەر زەوینی فەلەستین، بووبووە گرێیەكی دەروونی و هزری بۆ ڕۆشنبیرانی ناسیۆنالیستی عەرەب و؛ چونكە ئیسرائیل لە پێوەندییەكی توندوتۆڵ لەگەڵ ڕۆئاوادا بوو، عەرەبە ناسیۆنالیستەكانیش دژی ئیسرائیل و ڕۆئاوا بوون، لەبەرئەوەی خۆشیان لەو ئاستە نەبوون كە سەربەخۆیانە كار بكەن بۆ بەدیهێنانی خەونی گەورەیان، واتە لەناوبردنی دەوڵەتی ئیسرائیل و دامەزراندنی ئیمپراتۆریای عەرەبی، بەناچاری ڕوویان لە بلۆكی ڕۆهەلات كرد.

دەوڵەتی ئێرانیش دوای قۆناغی شەڕی یەكەمی جیهانی و هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریای عوسمانی و دامەزراندنی دەوڵەتانی عەرەبی، بەهەمان تەوژمی ناسیۆنالیستی دامەزرا بوو. حكوومەتی ڕەزا شا، حكوومەتێكی علمانی (سكولار)[1]، تا ڕادەیەك نەتەوەیی و، هەروەها بەپەلە بوو بۆ مۆدێرنیزەبوون، بۆیە لە پێوەندییەكی توندوتۆڵدا بوو لەگەڵ وڵاتانی بەریتانیا و لە دواییدا فرەنسا و ئەڵمانیاش.

بێجگە لە ماوەیەكی كەمی دەسەڵاتداریەتی سەرۆك وەزیرانی ئێرانی، د. موسەدەق، كە ناسیۆنالیستێكی میانڕۆی عەقلانی دژ بەسیاسەتی ئیستیعماری بەریتانیا و ئەمەریكا و سۆڤیەت بوو، لە سەردەمی فەرمانڕەوایكردنی هەردوو پاشای پەهلەوی بەتایبەتی پەهلەویی دووەم (١٩٤١– ١٩٧٩) ترس و دڵەڕاوكێ و ڕق لە نێوان حكوومەتی ئێران و پان عەرەبیستەكان بەسەرۆكایەتیی جەمال عەبدولناسر، دەبیندرێ[2].

محەمەد ڕەزا شا پەهلەوی، زێتر مەیلی بەرەو ئەمەریكا دەچوو، چونكە پلانی جۆن فۆستەر دالس وەزیری دەرەوەی ئەمەریكا ١٩٥٣ سەرنجی ڕاكێشا، كە پلانەكەی پێكهێنانی یەكەتیی وڵاتانی (چوارچێوەی باكور) Northern Tier بوو كە پێك دەهات لە ئێران، توركیا و پاكستان كە هەرسێكیان وڵاتانی ناعەرەب بوون، ئەمەریكا لە دژی یەكەتیی سۆڤیەت، ئەم پلانەی دارشتبوو، بەڵام محەمەد ڕەزا شا زیاتر لە سۆنگەی مەترسیی یەكەتیی عەرەب بوو كە دەچووە ناو ئەو پلانە، لەگەڵ ئەمەش لە یەك خاڵ

---

(١) یرواند ابراهامیان:، ص١٧٤.

(٢) احمد میر فندرسكی واحمد احرار، م.پ، ص١٥٨أ.

هەردووكیان ئامانج و بەرژەوەندییان یەكی دەگرتەوە و دەبوون بەیەك خاڵ، ئەویش ئەوە بوو كە ناسیۆنالیزمی عەرەبی كەوتبووە ژێر باڵی سێبەری گەورەتری سۆڤیەت و كۆمۆنیزم(١).

ئەمە تەنیا پلان بوو، بەڵام لە ئەنجامی ئەم بیر و بۆچوونانە و گرتنەخۆی زیاتری عێراق بۆ ناو باوەشی ڕۆئاوا، پەیمانی بەغدا پێك هێنرا كە برێتی بوون لە وڵاتانی عێراق، ئێران، پاكستان و توركیا و بەریتانیا.

جەمال عەبدولناسر بەم پەیمانە زۆر شڵەژا، بۆیە هەموو هەوڵێكی سیاسی و سەربازیی گرتە بەر بۆ لە پەل و پێ خستنی ئەم پەیمانە و حوكمی پاشایەتی لە عێراقدا و، یەكەم هەنگاوی ناسر، كرینی چەك بوو لە وڵاتی چیكۆسلۆڤاكیا لە (١٩٥٥)، بۆ دژایەتیكردنی ئامانجەكانی ئەم پەیمانە و ئەندامانی، بەتایبەتی هەردوو ڕژێمی پاشایەتیی عێراق و ئێران و لەلایەكی تر، شای ئێرانیش، ئەم پێوەندییە توندوتۆڵەی مۆسكۆ– قاهیرەی بەهەڕەشە دەزانی لەسەر بەرژەوەندیی ئاسایشی وڵاتەكەی.

لە ڕاگەیاندنەكانی فەرمی و نافەرمیدا، جەمال عەبدولناسر پەنجە لەسەر شوێنە هەستیارەكانی ئاسایشی نەتەوەیی و هەستی ناسیۆنالیزمی ئێران و شا دادەنا، ئەویش بەبەكارهێنانی زاراوەی كەنداوی عەرەبی(٢) و باشووری داگیركراو «خوزستان» هەوڵی دەدا لە جیاتیی میسر، وڵاتانی عەرەبی دراوسێی ئێران و كەنداو لە دژی شا بورووژێنێ و تا ڕادەیەكی باش سەركەوتوو بوو لە خستنە بەری جموجوڵ و چالاكی بەگیانی ناسیۆنالیستانی عەرەبی و هاندانیان لە دژی سیاسەتی ڕۆئاوا بەتایبەتی بەریتانیا.

لە ئەنجامی داندان و پشتگیریكردن و كاری ڕێكخستنی جەمال عەبدولناسر بوو كە (ئەفسەرانی ئازادی) عێراقی توانییان كودەتای سەركەوتووانە ئەنجام بدەن و كۆتای بەدەسەڵاتی پاشایەتی لە عێراق بهێنن لە ١٤/٧/١٩٥٨(٣).

---

(١) نادر انتصار: مافیای قدرت، م.پ ص٢١٩.

(٢) احمد میر فندرسكی واحمد احرار، م.پ ص١٤٦.

(٣) هێنری كێسینگەر، بەجۆرێكی تر، هۆكاری هاتنە سەر دەسەڵاتی عەبدولكەریم لێك دەداتەوە "لە ئەنجامی ئەو سەرشۆڕییەی تووشی بەریتانیا هات لە پرۆسەی كەناڵی سوێسدا لە ساڵی ١٩٥٦، بنەماڵەی هاشمی لابران..." بڕوانە: هنری كیسنگەر: ئایا ئەمەریكا پێویستی بەسیاسەتی دەرەوە هەیە...؟ وەرگێڕانی نەبەز كەمال نووری، سلێمانی ٢٠٠٥ حەمدی، ل٣٣٥.

یەکەم هەنگاوی کردەنیی ڕژێمی دژە ڕۆژئاوای عێراقی نوێ، هاتنە دەری بوو لە پەیمانی بەغدا لە ساڵی ١٩٥٩و گواستنەوەی ناوەندی دانیشتنەکان بۆ تورکیا و لە ئەنجامدا ناوی بوو بەپەیمانی سێنتۆ[١].

بۆ دڵنیاییی زیاتر، ئێران ڕێککەوتننامەیەکی بەرگریی دوولایەنی لەگەڵ ئەمەریکا ئیمزا کرد لە ساڵی ١٩٥٩ کە بەپێی بەندەکانی ڕێککەوتننامەکە، لە کاتی شیمانەی هەر هێرشێکی دژ بەئێران، ئەوا ئەمەریکا ڕێوشوێنی گونجاو دەگرێتە بەر، لە حاڵەتێك ئێران داوا بکا ئەوا هێزی چەکداریی ئەمەریکا سوودی لێ وەردەگیرێ[٢] ئەم ڕێککەوتننامەیە و هەروەها دانانی بەشێوەیەکی فەرمی بەدەوڵەتی ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٦٠، بووە هۆی پچڕانی پێوەندیی نێوان میسر و ئێران[٣].

محەمەد ڕەزا شا، ڕۆژ بەڕۆژ لە دژی ناسر و قاسم، گەشەی بە پێوەندییەکانی خۆی دەدا لەگەڵ ڕژێمەکانی کۆنسەر ڤەتیڤی (کۆنەپارێز) عەرەبی کەنداو کە سەر بەڕۆژئاوا بوون. لە کردەوەدا، پەیمانی سێنتۆ نەیتوانی بەرنامەیەکی ڕێك و گونجاو دابڕێژێ بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی بەگشتی لە ناوچەکە، چونکە ئەو تواناییە سەربازی و تەکنۆلۆجییەی نەبوو، بەڵام ئەندامانی توانییان لە دامرکاندنەوەی چالاکیی بەرهەڵستکارانی ناوەخۆ و بزووتنەوەی ڕزگاریبەخشی نەتەوەکانی ناو وڵاتەکەیان، یارمەتیی یەکتر بدەن[٤].

ڕێککەوتنێکی نافەرمی لە ساڵی ١٩٥٨ لە نێوان موسادی ئیسرائیل بەتایبەتی و میتی تورکیا و ساواکی ئێرانیدا هاتە ئارا، وەك هاوکاریی زانیاری گۆڕینەوە و پلان داڕشتن لە نێوان سێ وڵاتی ناعەرەب وەك سێگۆشەیەك لە سێگۆشەی جیاواز، یەك لە ڕۆژئاوا، ئەوی تریان لەوپەڕی باکور و ئەوی تریان لە ڕۆژهەڵاتی جیهانی عەرەبی، بۆ دژایەتیکردنی عەرەب و پووچەڵکردنەوەی پلانەکانی پان عەرەبیستانەی ئەوان[٥].

---

(1) Central Treaty Organization.

(٢) حسن واعظی: ایران وامریکا، تهران ١٣٨١، چاپ سوم، ص٦٦- خلیل علی مراد، ابراهیم خلیل احمد، م.س،ص ١٩٤.

(٣) ژان پیردیگارو...،م.پ ص١٥٦.

(٤) بڕوانە: عبدالرزاق الحسنی: حلف بغداد ١٩٥٥ لماذا؟ مجلة افاق عربیة، العدد (٦) بغداد حزیران ١٩٨٧.

(٥) نادر انتصار، مافیای قدرت، ص٢٢٥.

موساد هەر لە سەرەتای شەستەکاندا، هاوکارییەکی تەواوی لەگەڵ ساواك و سوپای ئێران دەکرد بۆ بەدیهێنانی ئامانجە دوور و نزیکییەکانی و پشتیوانیکردنی ئیسرائیل لە شۆڕشی کوردیش لە (١٩٦١– ١٩٧٥) لە چوارچێوەی ئەم ڕێککەوتننامە نهێنی و نافەرمییانە بوو لەگەڵ ئێران، بۆ دژایەتیکردنی حکوومەتی عێراق کە هەندێ جار پاشکۆی جەمال عەبدولناسر بوو، چەندان کەسایەتی و شاندی ئیسرائیل سەردانی کوردستانی عێراق و مەلا مستەفا بارزانییان کرد و بەپارە و چەك یارمەتیی شۆڕشیان دا و تەنیا ڕێگە بۆ گەیشتنی هاوکارییەکانیان، وڵاتی ئێران بوو[١].

ڕادەی یارمەتیی ئیسرائیل بەپێی هاتنە سەرکاری ڕژێمەکانی عێراق دەگۆڕا و لە ئەنجامدا هەندێ کات تەنانەت بیریان لە داگیرکردنی عێراق دەکردەوە لەلایەن هەردوو وڵاتی ئێران و ئوردن[٢]، بەڵام لە دوای شەڕی ١٩٦٧ی نێوان میسر و ئیسرائیل، بەتایبەتی دوای هاتنە سەر حوکمی حزبی بەعس لە ١٧/٧/ ١٩٦٨، بەپەیڕەو و پرۆگرامی ناسیۆنالیستی توندڕۆ، یارمەتییەکانی ئیسرائیل پەرەی سەند[٣].

چەندە ئیسرائیل و ئێران زیاتر یارمەتیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کوردیان دەدا، بەعسییەکان زیاتر لە مۆسکۆ نزیك دەبوونەوە، بێگومان ئەوانیش لەبەرئەوەی نەبوو کە ئایدیۆلۆجیای کۆمۆنیستی سۆڤیەتیان لا پەسند بووبێ، بەپێچەوانە، بەخوێنی کۆمۆنیستەکانی عێراقی تینوو بوون و کوشتاری کۆمۆنیستەکان لەوێدا، کەم وێنە بوو[٤]، بگرە بەمەبەستی دابینکردنی پشتیوانی بوو لە

---

(١) مەسعوود بارزانی س.پ، بەرگی سێیەم بەشی دووەم، ل٢١٤.

(٢) احمد میر فندرسکی لە کتێبەکەی باسی لە چاوپێکەوتنی خۆی و سەرۆکی ئاژانسی جوولەکە دەکا لە وەزارەتی دەرەوەی ئێران لە ساڵی (١٩٦٥) کە ئەم پێشنیازەی پێ داوە کە ئێران لە ڕۆژئاوا و، ئوردن لە ڕۆژهەڵات لەشکرکێشی بکەن و حکوومەتی عێراقی بڕووخێنن و لە دواییدا بەیەکەوە وەك فیدراسیۆنێك ئەم وڵاتە بەڕێوە ببەن. بڕوانە احمد میر فندرسکی واحمد احرار م.پ ص١٦٤– ١٦٥.

(٣) نامەیەکی هانس بۆ وەزیری دەرەوە «راسك»:

FRUS ,Memorandum of secretary Rusk, Washington, september, 1, 1967.
U.S. National Archives, 59 RG, Iraq, Political 9-23

(٤) ماریون فاروق سلو غلت، بیتر سلوغلت: من الثورة الى الدیكتاتوریة، العراق منذ ١٩٥٨، ترجمة مالك النبراس، منشورات الجمل ٢٠٠٣، ص١٢٦.

هێزێکی هەرە باڵاتر بەرامبەر هەڕەشەی نەیارانی عەرەبیان و بەتایبەتی ترساندنی ئێران لە زلهێزی باکور کە وا وەسفی ئێران دەکرا کە لە زگی ورچ دەژیێت(١). بێگومان سەدام حوسێن هەڵسوڕێنەری یەکەمی حزبی بەعس و پیاوی دووەمی حکوومەتی بەغدا (جێگری سەرکۆمار)، ئومێدەوار بوو بەڕاکێشانی پتری پێی سۆڤیەت بۆ ناو عێراق لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە، شیمانەی ئاشتبوونەوەی سەرۆکی بزووتنەوەی کوردی لەگەڵیان بەهێزتر ببێت، چونکە یەکەتیی سۆڤیەت، بۆ ماوەی دوازدە ساڵ تاقە پەناگەی بارزانی بووە و جۆرە ڕێز و خۆشەویستییەکی سۆڤیەتییەکانی لای بارزانی دروست کردبوو، کە دەکرێ کەڵك لەم سۆز و هەستەی ئەو وەربگیرێ.

لەژێر کاریگەری هەژمونی سیاسەتی ئەمەریکا و ئێران و بەڵێنەکانی ئەوان لەلایەك و، پراکتیزەکردنی هزری ناسیۆنالیستی توندڕۆیانەی بەعسییەکان لە جێبەجێکردنی سیاسەتی بەعەرەبکردن، ڕاگواستنی کورد و، دەرکردنی فەیلییەکان و تیرۆری سەرکردایەتیی پارتی و شۆڕش، لەلایەکی تر، بووە هۆی ئەوەی بارزانی بەرەو سۆڤیەت نەچێت، بەڵکو هەموو ئومێدی بەئەمەریکا بوو(٢)و ئەمەریکاش بۆ (شا)، یەك لە سێ کۆڵەگە سەرەکییەکانی مانەوەی بوو لەسەر دەسەڵات، واتە لە پاڵ دەزگای سیخوڕی (ساواك) و سوپایێکی بەهێز و داهاتی نەوت، پشتیوانیی ئەمەریکا، مسۆگەرکەری ژیانی دەسەڵاتداریەتیی ئەو بوو.

پێویستی ئەمەریکا و ئێران بەیەکتری، پێوەندییەکەی قووڵتر و فرە ڕەهەند و بەرفرە کردبوو و نە تەنیا پێوەندییەکە کاریگەری ڕاستەوخۆی بەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئێران هەبوو، بگرە وەك لە ڕاپۆرتەکەی مارتین هرتس دەردەکەوێ، کارتێکەر بووە لە سیاسەتی ناوەوەی وڵاتیش(٣). هۆگربوونی "شا" بەئەمەریکا، هۆکاری خۆی هەبوو:

(١) ئەمە وەسفی ئێران بوو لەلایەن جۆن ئێف کێنێدی سەرکۆماری ئەمریکا لە ساڵی ١٩٦١ کە هەڵکەوتی ئێران وەك ئەوەی وایە کە لە زگی ورچدا دەژیێت واتە لەژێر باڵ و هەژموونی زلهێزێکی وەك سۆڤیەتدایە، بڕوانە: میر فندرسکی واحمد احرار، م.پ ص١٠٣.

(٢) بڕوانە بەڵگەنامەی ڕاپۆرتی پایك کە چەند بڕگەیەکی لە پاشکۆی ژمارە (١)دا هاتووە کە وەرگیراوە لە کتێبەکەی مەسعوود بارزانی، س.پ، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم ل٥٥٠.

(٣) کە ئەمە بیروڕای (مارتین هرتس)ە کە ڕاپۆرتەکەی ئەو باشترین شرۆڤەی ڕژێمی شاهنشاهی تێدایە، (هرتس) لە سەرەتای شەستەکان لەناو کاروباری دیپلۆماسی کاری کردووە لە ئێران و ئەم ڕاپۆرتەی لە ١٩٦٤ نووسیوە. لە ڕاپۆرتەکە زۆر بەوردی باسی =

١– ڕەزا خانی پەهلەوی بەپشتیوانیی بەریتانیا هاتە سەر دەسەڵات، بەڵام لە دواییدا لە سەرەتای شەڕی دووەمی جیهانی و، کە ڕەزا شا ویستی لەژێر ڕکێفی بەریتانیا دەربێ، ڕووی لە ئەڵمانیا کرد[١]، ئەوە بوو بەریتانیا گورزێکی جەرگبڕی لێ وەشاند و لە دەسەڵات لای دا و بەرێککەوتن و هاوهەزری لەگەڵ ئەمەریکا، کوڕەکەیان (محەمەد رەزا) لە جێی دانا و، ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە محەمەد ڕەزا لە ناخی خۆیدا ڕقی لە بەریتانیاییەکان هەڵگرت و بەرەو ئەمەریکا وەرچەرخا.

٢– لە کاتی کودەتاکەی دژ بە د. موسەدەق لە ساڵی ١٩٥٣، هەمدیسان ئەمەریکا بوو تاج و تەختی بۆ گەڕاندەوە[٢].

٣– ئێران لە پاڵ دراوسێیەکی زلهێز بوو کە هەردەم دەیتوانی هەڕەشە بێت بۆ دەستتێوەردان لە کاروباری ناوەخۆ و یان داگیرکردن و دابڕانی بەشێك لە نەتەوەکانی ئێران، کە نموونەی پێشووتری لەم جۆرەی دیبوو[٣].

---

= لە کاریگەری سیاسەتی ئەمەریکا دەکات لەسەر ڕژێم و هەروەها وابەستەبوونی سەرانی حکومەت و ئەندامانی پەرلەمان بەباڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە تاران نیشان دەدات: ″ بەڕادەیەك کە ئەگەر یەکێ پاڵێوراو بێت بۆ سەرۆك وەزیری، ئەوا خێرا خۆی دەگەیێنێتە باڵیۆزخانەکە، بۆ ئەوەی پشتگیریی ئەوان وەدەست بهێنێ.″ بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە : محمد علی همایون کاتوزیان: دولت و جامعە در ایران، ص٣٣–٣٥

(١) محمد کامل محمد عبدالرحمن، م.س، ص٨٠.

(٢) دەزگا هەواڵگرییەکانی بەریتانیا و ئەمەریکا پلانێکیان داڕشت بەناوی ئاجاکس (Ajax) بۆ شکستی د. موسەدەق و گەڕاندنەوەی محەمەد ڕەزا بۆ سەر تەختی پاشایەتی، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: سپهر ذبیح: ایران د. دوره دکتر مصدق، ترجمة محمد رفیعي مهر ابادي، تهران ١٣٨١، عطایی چاپ سوم، ص١٩٩– ٢٠٤.

(٣) لە ئەنجامی دوو شەڕی ئێران و ڕووسیا لە سەدەی نۆزدەم (١٨٠٤–١٨١٣) و (١٨٢٦–١٨٢٨) ناوچەیەکی بەرفراوان لە ئێران دابڕێندرا و چووە سەر خاکی ڕووسیا. لە سەردەمی شەڕی جیهانیی یەکەم، سوپای رووس باکوری وڵاتیان داگیر کرد و یارمەتیی کۆمەڵێ بزووتنەوەی بەرهەڵستکاریان کرد. لە سەردەمی شەڕی جیهانیی دووەم، زەوینەی دامەزرانی دوو کۆماریان ڕەخساند لە باکور و باکوری ڕۆئاوا، ئازەربایجان و کوردستان، بێجگە لەمانەش لە ڕێگەی حزبی تودە کە بۆ ماوەیەکی زۆر بەهێزترین حزبی بەرهەڵستکار بوو، هەردەم پڕوپاگەندەی دژ بەرژێمی بڵاو دەکردەوە و هەروەها بانگەشەی ئایدیۆلۆجیای کۆمۆنیستی دەکرد لەناو گەنجان و ڕۆشنبیران و قوتابییانی زانکۆ... بۆ =

٤- لە کەنداو هەردوولا پێویستیان بەیەکتری هەبوو. بەریتانیا زیاتر ڕووی دەدا بەعەرەب نەوەك ئەمەریکا و هەروەها لە ١٩٦٨ ڕای گەیاند کە لە کەنداو دەکشێتەوە، کەواتە لە ڕووی ستراتیجیەتی درێژخایەن، بەرژەوەندیی لەوەدا بوو کە (شا) پاڵ بدا بەئەمەریکا کە سیاسەتی فرەوانخوازی و هەنگاونان و بەرەو جیهانگیری وردە وردە لێی بەدەرکەوتبوو لە پەرەسەندنی پتر دابوو[١].

وەك باس کرا، کەنداو ناوچەیەکی جیۆپۆلیتیکی و جیۆستراتیجی بوو بۆ ئێران، بێجگە لە هەبوونی سەرمایەی نەوت لەناو کەنداو و قەراغ ئاوەکانی بێگومان گواستنەوەی نەوت لە ڕۆئاوا و باشووری ئێران لە ڕێگەی ئاوی کەنداو زۆر کەم خەرجیتر و ساناتر بوو بۆ ئێران و ڕێڕەوی ئاوی هورمز[٢] باشترین ڕێڕەو بوو بۆ هەناردنی نەوت بۆ بازاڕی دەرەوە[٣].

نزیکەی ٦٠٪ی پاشەکەوتی نەوتی جیهان لە کەنداودایە کە لە بەراوردکردندا لەگەڵ ئەمەریکا کە تەنیا ٧٪ و، نزیکەی ١٤٪یش لە یەکەتیی سۆڤیەتدایە، گەلێ زۆرە. لە سەرەتای حەفتاکاندا، پشتبەستنی ئەمەریکا بەنەوتی کەنداو، زیاتر پەرەی سەند چونکە بەهای نەوت لای نیکسون سەرۆکی ئەمەریکا زیاتر بەدەرکەوت[٤] و، هەروەها سیاسەتی پاشەکەوتکردنی نەوتی ناوخۆی ئەمەریکای گرتە بەر و بۆ مەبەستەکانی

---

= زانیاریی زیاتر لەسەر کاریگەری رووسیا و لە دواییدا یەکەتیی سۆڤیەت بەسەر ئێران بڕوانە: محەمەد سەعید ادریس: النظام الاقلیمي للخلیج العربي، مرکز دراسات الوحدة العربیة، بیروت، ٢٠٠٠ص ١٣٠کە ئەم سەرچاوەیە، ئاماژە بەسنووری دوور و درێژی سۆڤیەت و ئێران١٧٤٠کم و ئەمە خۆی لە خۆیدا دەتوانێ (کێشە ساز) بێت- روح الله رمضاني: سیاسة ایران الخارجیة ١٩٤١- ١٩٧٣. ص١٩٧- ٢٠٢.

(١) یوسف ترابی: روابط ایران وامریکا، تهران ١٣٧٩. ص١٥.

(٢) تەنگەبەری (مضیق)ی هورمز، دەبێتە هۆی لکاندنی کەنداوی فارس کە دەریایەکی داخراوە بەکەنداوی عەمان کە دەریایەکی کراوەیە. تەنگەبەری هورمز یەك لە ١١ تەنگەبەرەکانە کە بایەخێکی ئابووریی زۆری هەیە، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: روح الله رمضاني: الخلیج العربي ومضیق هرمز، ترجمە عبدالصاحب الشیخ، بصره ١٩٨٤، منشورات جامعە البصره ص١٥.

(٣) المصدر نفسه ص٣٠.

(٤) یوسف ترابی، م.پ ص٢٤٩.

بـازرگـانـی و پـیشەسازی، بـەتـایـبـەتـی دوای ئـەوەی ڤـەنـزویـلاش سنـووری دانـا بـۆ بەرهـەمهێنانی نـەوتی خـۆی، ئـەمـەریکا زیاتر نیازمـەندی نـەوتی کـەنداو بوو. هـەندێ ژمـارە نیشان دەدا کە ئـەمـەریکا نزیکەی ٢ ملیۆن بـەرمیل نـەوتی کـەنداوی هێناوەتە نـاو وڵاتـەکەی لـە هـاوینی ١٩٧٣ کە بـەشی ١٢٫٥٪ پێویستی نـەوتی ئـەوی دابین کردووە کە لـە دواییدا ئـەم ژمـارە زیاتر بوو و گـەیشتە ٢٢٪ نـەوتی پێویستی ئـەمـەریکا[١].

ئـەمـەریکاش پێویستی بـەئێران هـەبوو:

١- ئێران هـەڵکەوتێکی گرینگی جیۆپۆلیتیکی لـە نـاوچـەکەدا هـەبوو، لـە نێوان دوو ئـاوی گـەورە و، لـەژێر بـاڵی زلهێزێك لـە بـاکور کە لـەژێر پـەردەی بڵاوکردنـەوەی کۆمۆنیزم و پشتیوانی لـە گـەلانی چـەوساوە و هـەژاران، نفوزی خۆی لـە جیهـان بڵاو دەکردەوە. بـەهـۆی ئێران دەیتوانی بـەگشتی ڕێگە لـە بڵاوکردنـەوەی دەستڕۆیی ئـەو بگرێ، بـەتـایبـەتی ڕێگە بگرێ لـە هـەژموونی سۆڤیەت بـەسـەر کـەنداوی پڕ خێروبێردا[٢].

٢- بێجگە لـە هـەڵکەوتی جیۆپۆلیتیکیی ئێران، ئێران بۆ وڵاتێکی خۆی دەوڵەمەند بوو بـەنـەوت و گـاز و کـانزای "مس"، لـە ڕووی زۆریی ڕێژەی بـەرهـەمهێنانی نـەوت، چـوارەم وڵاتی جیهـان و لـە ڕووی نـاردنـە دەرەوەی، لـە دوای عـەرەبستـانی سعوودی، دووەم وڵات بوو.

ئێران ١/٤ی گـازی سروشتی جیهـانی هـەبوو کە لـە دوای سۆڤیەت دووەم وڵات بوو، هـەروەهـا بـایەخی کـانزای "مس"ی ئێران لـە حـەفتـاکان بـەدەرکـەوت و ئـەمـەریکا بۆ هـەڵسوڕانی چـەرخی پیشەسازیی خۆی، پێویستی بـەم کـانزا گرینگە و گـاز و نـەوت هـەبوو[٣].

٣- ئـەمـەریکا لـە کـەنداو پشتی بـەدوو کۆڵەگە بـەستبوو، ئێران و سعوودیە، بـەڵام ئـەو متمـانـەیەی کە بـەئێرانی هـەبوو، هـەرگیز بـەوڵاتـانی عـەرەبی نـەبوو، یـەکـەم لـەبـەر ڕێبـازی فـەندەمـەنتـالی «اصولیت» لـە ئـاین کە هـەندێکیان دەمـارگرژ بوون، دووەم هـەردەم چـاوەڕوان بوو، دژایـەتیی هـاوپـەیمـانـەکـەی ئـەو لـە نـاوچـەکە- ئیسرائیل-

---

(١) خليل على مراد: الولايات المتحدة، النفط وامن الخليج العربي في السبعينات، مجلة الخليج العربي «جامعة البصرة» المجلد١٤، العدد، السنة ١٩٨٢، ص١٢- ١٥.

(٢) اميل- آ - نحله: روابط امريكا واعراب در خليج فارس ترجمة كارو، تهران ١٣٥٩، ص٧١.

(٣) يوسف ترابى: م.پ ص٦٣.

بکەن، بۆیە زیاتر پشتی بە ئێران بەست بۆ جێبەجێکردنی بەرنامە درێژخایەنەکانی خۆی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست(١).

لە ئەنجامی ئەم پێویستییانە بوو، کە دوای ڕاگەیاندنی بەجێهێشتنی کەنداو لەلایەن بەریتانیاوە، ئەمەریکا هەوڵی دا بۆشاییی ئەو پڕ بکاتەوە و زیاتریش پێی ئێران لەسەر کەنداو بەهێز بکا(٢)، چونکە بنەمای نیکسۆن دکتۆریەنی نیکسون وای دەخواست.

ئەمەریکا لە شەڕێکی گەرم و پڕ ئەرك و خەرجی ڤێتنامدا(٣) تێوە گلابوو و دەیویست لە جیاتیی خۆی کۆڵەگەکانی لە کەنداو (عەرەبستان وەك هێزی دارایی و پشتیوانیی مەعنەوی و ئێران وەك هێزێکی سوپایی و پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییی ئەمەریکا» بەرژەوەندییەکانی بپارێزن(٤) یەك لەو ئەرکانەی کە (شا) لە ئەستۆی گرت، ناردنی سەربازێکی زۆر و چەك و تەقەمەنی بوو وەك یارمەتی بۆ سوڵتان قابوسی عومان لە ساڵی ١٩٧٢ بەمەبەستی دامرکاندنەوەی شۆڕشی (زەفار) کە بزووتنەوەیەکی چەپ بوو(٥).

بەپەیڕەوکردنی ناوەڕۆکی بنەماکانی (دکتۆریەنی) نیسکون، ئێران تا دەهات لە ڕووی سوپاییەوە لە ناوچەی کەنداو بەهێزتر دەبوو تا ڕادەیەك نازناوی (پاسەوانی کەنداو)ی لەسەر دانرا(٦).

نرخی کڕینی چەکی ئەمەریکا لەلایەن ئێرانەوە لە ماوەی ساڵانی (١٩٧٣– ١٩٧٨)

---

(١) لئونارد ماسلي: نفت، سياست و كودتا، ترجمة محمد رفيعي مهر ابادي، تهران ١٣٦٦ چاپ دوم، ص٢٦٤.

(٢) احمد مير فندرسكى واحمد احرار، م.پ ص١١٦.

(٣) لە ساڵانی (١٩٦٣– ١٩٧٥) شەڕی ئەمەریکا و ڤێتنام بەردەوام بوو. ئامانجی ئەمەریکا لەم شەڕە ئەوە بوو کە نەهێڵێ کۆمۆنیستەکان دەسەڵات بگرنە دەست، لەم شەڕە ٥٨ هەزار ئەمەریکایی و نزیکی یەك ملیۆن ڤێتنامی کوژران و ٦٠٠ ملیار دۆلار، تێچووی شەڕ بوو: محمد احسان: الصراعات الدولية في القرن العشرين، اربيل ٢٠٠٠، دار ئاراس، ص١٤٩.

(٤) برادلی. ا. ئایر: ئەجندای ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەرگێڕانی حەسەن سەید محەمەد، سلێمانی ٢٠٠٦ ل٢٠– مایکل أ. بالمر: حراس الخليج، ترجمة نبيل زكي، القاهره ١٩٩٥ مركز الاهرام للنشر، ص٩٠.

(٥) حسن واعظى: م.پ، ص٧٥ – يوسف ترابى م.پ، ص٨٨.

(٦) ژان پیردیگارو...، م.پ..ص١٨٤ – يرواند ابراهميان: ص٥٣٥.

گەیشتە ١٦,٢ ملیار دۆلار. کۆمپانیاکانی بازرگانیی ئەمەریکا لە (١٩٧٣- ١٩٧٤)، بای ١١,٩ ملیار دۆلار، کەلوپەلیان هێنا ناو ئەم وڵاتە و، ئێران بوو بەبازاڕی گرینگی ساخکەرەوەی شتومەکی ئەمەریکایی[1].

چەندە ئێران، بەرژەوەندی و دەسەڵاتی خۆی لە ناوچەکە پەرە پێ دەدا و سەرکردایەتیی وڵاتانی کەنداوی دەکرد کە سەر بە ڕۆئاوا بوون، هێندەش جەمال عەبدولناسر، زیاتر هەوڵی دەسترۆیشتوویی خۆی دەدا لە ناوچەکە و هەوڵی دەدا سەرکردایەتیی وڵاتانی عەرەبی و ئەو بزووتنەوانە بکات کە سەر بە سۆڤیەت یان چین بوون.

هەردوولا نێوانیان سارد و گرژ بوو و یەکتریان تاوانبار دەکرد بەدەستتێوەردان لە کاروباری ناوەخۆ و ورووژاندنی هەستی دژایەتیکردنیان لە ناوەوە و پشتیوانیکردن لە هێزە بەرهەڵستکارەکان، بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٦٣ ڕاپەڕینێکی جەماوەری بەسەرکردایەتیی پیاوانی ئاینی لە ئێران بەرپا بوو کە جەمال عەبدولناسر لە ورووژاندن و ڕێکخستنی ئەم ڕاپەڕینە دەستی هەبوو کە بەڕاپەڕینی ١٥ی خورداد ناوبانگی دەرکرد، هەرچەندە کە ئەم ڕاپەڕینە نەیتوانی ئامانجەکانی خۆی بپێکێ و[2] "خومەینی"[3] سەرکردەی ئاینیی ڕاپەڕینەکە، لە وڵات دوور خرایەوە بۆ شاری نەجەف لە عێراق. بەشێوەیەکی گشتی، لە هاوکێشە سیاسییەکان و هێز و بازووی سوپاییدا، بەرەی ئێران لە ناوچەکە بەهێزتر بوو، چونکە زۆربەی وڵاتانی ناوچەکە لەگەڵ سیاسەتی ڕۆئاوا بوون و ئەمەریکاش پشتیوانیی تەواوی لێ دەکردن.

بۆ نموونە کاتێ تەنگژەی (شەتولعەرەب) لە ساڵی ١٩٦٩ لە نێوان عێراق و ئێران سەری هەڵدا، زۆربەی وڵاتانی ناوچەکە هاتنە ڕیزی ئێران: ئوردن، سعوودیە، کوێت و

---

(١) حسن واغطی م.پ، ص٧٥.

(٢) بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر پشتیوانیکردنی بەرهەڵستکاران لەلایەن جەمال عەبدولناسرەوە بڕوانە: فتحی الدیب: عبدالناصر وثوره ایران، القاهرة٢٠٠٠، ص١٨ – فهمی هویدی: ایران من الداخل، القاهره ١٩٩١ الطبعة الرابعة، ص٤٩.

(٣) لە بنەماڵەیەکی بازرگانیی بچووك بوو کە باپیرە گەورەی لە خوراسان کۆچی کردبوو بۆ کشمیری هیند و باپیریشی لە هیند بۆ ئێران گەڕابووەوە و لە یەك لە گوندەکانی شارۆکەی خومەین، «نێوان تاران و ئیسفەهان» کێڵگەیەك دەکڕێ و نیشتەجێ دەبێ و خانەوادەی دایکیشی لە پیاوانی ئاینی دەبن بڕوانە : یرواند ابراهمیان، م.پ، ص٥٢٢.

توركیا، بەڵام عێراق تەنیا بوو، تاکە پشتیوانیی ئەو، سۆڤیەت بوو، کە ئەویش کۆمەڵێ بەرژەوەندیی لە ناوچەکە و بەتایبەتی لە ئێران هەبوو، کە نەیدەویست لە دەستی بدا و نەشیدەویست ڕاستەوخۆ بکەوێتە بەرامبەر وڵاتانی سەر بەئەمەریکا، بۆیە زۆرجار یارمەتییەکانی خۆی لە ڕێگەی وڵاتانی تری سۆشیالیستی لە ئەوروپای ڕۆهەڵات، بۆ عێراق دابین دەکرد، پێوەندیی عێراق و ئەڵمانیای ڕۆهەڵات، نیشاندەری ئەم ڕاستییەیە. لە سەرویەندی تەنگژەی شەتولعەرەب لە ساڵی ١٩٦٩، ئەلمانیای ڕۆهەڵات بڵاوکراوەیەك لە مانگی ٥ی ١٩٦٩ بڵاو دەکاتەوە کە تێیدا پشتیوانیی خۆیان لە بەرژەوەندییەکانی عێراق دەردەبڕن و سەرکۆنەی ئێران دەکەن لە پوچەڵکردنەوەی ڕێککەوتننامەی ١٩٣٧ی سنووری[1]، ئەمە لە وەڵامی دەستپێشخەری عێراق بوو وەك یەکەم وڵاتی ناکۆمۆنیستی، کە ئەڵمانیای ڕۆهەڵاتی بەفەرمی ناسی. لە هەمبەر ملکەچبوونی وڵاتانی ناوچەکە لە ئاست سیاسەتی ئێراندا، (شا) بەیارمەتیدانی دارایی هەوڵ دەدا چاکەیان بداتەوە لە کاتی پێویست پشتیوانیی لێ کردوون لە هەموو ڕوویێکەوە، کە محەمەد ڕەزا شا لە کتێبەکەی ئاماژەی بەچەند نموونەیەك داوە، لەوانە، کاتێ ئەفغانستان ڕووبەڕووی تەنگژەی ئابووری دەبێتەوە لە حەفتاکان، ئەو یارمەتییان دەدا، هەروەها بەهەموو شێوەیەك یارمەتیی پاکستان دەدا بۆ ئەوەی بتوانێ جموجۆڵی ڕزگاریخوازی بەلوچ و بەرهەڵستکارانی تر دابمرکێنێ و، هەروەها باسی لە پێوەندیی بەربڵاو و دۆستانەی خۆی دەکا لەگەڵ توركیا و وڵاتانی عەرەبی و کەنداو و هەروەها یارمەتیدان لە دامرکاندنەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی عومان و پشتیوانیکردن لە سوڵتان قابوسی عومان[2].

بەدرێژاییی فەرمانڕەواییی پەهلەوییەکان بەتایبەتی زۆر دیارتر لە سەردەمی پەهلەویی دووەم، چوار ستراتیجیەتی سەرەکی بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە ئارادا بووە: هێزی سێیەم، هاوسەنگی نەرێیی، نەتەوەیی ئەرێیی و سیاسەتی نیشتمانی سەربەخۆ.

ستراتیجی هێزی سێیەم، لە سەردەمی ڕەزا شا هاتە ئارا کە پێوەندیی لەگەڵ ئەڵمانیای

(1) HAIMÆ SHEMESH: Soviet- Iraqi Relations 1968- 1988 in the Shadow of Iraq-Iran conflict, lynne Rienner puplishrsÆ Boulder & London, P.28.

(٢) محمد رضا پهلوی: پاسخ به تاریخ، ترجمه حسین ابو ترابیان، تهران ١٣٧٩ زریاب، ص٢٧٠- ٢٧٣.

پێ باشتر بوو تاکو لەگەڵ بەریتانیا و یەکەتیی سۆڤیەت کە ساڵانی ساڵ باشوور و باکوری ئێرانیان لە نێوان خۆیان دابەش کردبوو بێجگە لەوەی کە کاریگەری تەواویان هەبوو بەسەر فەرمانڕەواییی تاران. محەمەد رەزا شا دوای شەڕی دووەمی جیهانی، ڕووی لە ئەمەریکا کرد لە جیاتیی ئەڵمانیای تێکشکاو، وەك ڕاگرتنی بالانسی هەردوو زلهێزەکەی تر و کەمکردنەوەی نفوزی ئەوان لە ئێران[١]. دەستڕۆیشتوویی یەکەتیی سۆڤیەت گەیشتە ئەو ڕادەیە کە بتوانێ خەونی ئازەرییەکان و کوردەکان لە پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ بهێنێتە دی، جگە لە بەریتانیا کە بەتەواوی کۆنترۆڵی باشوور و کەنداوی لەژێر دەست دابوو. بەڕواڵەت لە هەردوو شەڕی جیهانیدا، ئێران بێلایەنیی خۆی لە شەڕ ڕاگەیاند بەلام بەپراکتیك لەگەڵ هێزە هاوپەیمانەکان بوو، چونکە لەلایەن ئەوانەوە داگیر کرابوو، بەڵام ڕاگەیاندنی بێلایەنی، مانای جۆرە بێزارییەك دەگەیەنێ لە دەستتێوەردانی ئەوان و خۆوەدەستدانی ئێران.

لە ١٩٤٤ یەکەتیی سۆڤیەت داوای جیاوکی نەوتی باکوری ئێرانی کرد[٢]، د. موسەدەق لە پەرلەمانی ئێران بەرهەڵستی ئەم داوایەی سۆڤیەتی کرد و پرۆژە یاسایەکی پێشکێش بەپەرلەمان کرد کە حکوومەت دژ بەدانی هەر جۆرە جیاوکێکی نەوتی بۆ بێگانە دەبێت و[٣]، بانگەشەی ئەمەی کرد کە دۆزینەوە و وەبەرهێنانی نەوتی ئێران دەبێ بەدەستی ئێرانی بێ، بەم شێوەیە بیرۆکەی خۆماڵیکردنی نەوت لەگەڵ ستراتیجیەتی هاوسەنگی نەرێیی، پێکەوە دەبەسترێتەوە، کە لە ئەنجامی وەڵامی نەرێیی بەداوای سۆڤیەت، مەسەلەی سکاڵای ئێران بەرامبەر بەکۆمپانیای نەوتی ئەنگلو– ئێرانیش هاتە ئارا، کە جەماوەر پشتیوانیی لەم ستراتیجییەتە کرد[٤].

هەرچەندە ئەم ستراتیجییەتە ئەنجامی نەبوو و لە ١٩٥٣ لە ئەنجامی کۆمەڵێك هۆکار، حکوومەتی د. موسەدەق شکستی هێنا[٥] و ستراتیجییەتەکەش لە هاوسەنگی

---

(١) پیتر اوری م.پ، ص١٦٧– ١٧٤– خلیل علی مراد– ابراهیم خلیل احمد، م.س، ص١٩١.

(٢) ژان پیر دیگار...، م.پ، ص١٣١.

(٣) خلیل علی مراد: تطور السیاسة الامریکیة في منطقة الخلیج العربی، ١٩٤١– ١٩٤٧، البصرة، مطبعة جامعة البصرة ١٩٨٠، ص٢٥٠– ٢٥٣.

(٤) سپهر ژبیح م.پ، ص١٣٣– خلیل علی مراد– ابراهیم خلیل احمد، م.س، ص١٧٨.

(٥) یرواند ابراهمیان م.پ ص٣٢٩– ٣٤٥.

نەرێیی وەرچەرخا بۆ ستراتیجیەتی نەتەوەیی ئەرێیی کە پشتگیری و پشتیوانیی ڕۆئاوای وەرگرت و دژی سۆڤیەت وەستا، هەر لە ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی نەوتی لە ساڵی ١٩٥٤ و چوونە ناو پەیمانی بەغدا لە ١٩٥٥، پابەندبوون بەدکتۆریەنی ئایزنهاور و مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی بەرەڤانی لە ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ ئەمەریکا کە ئەمانە هەمووی بووە هۆی بەهێزبوونی دەسەڵاتی ناوەخۆی ڕژێم، دوای سەقامگیریی سیاسی و گەشەکردنی ئابووری[١] و دروستکردنی متمانە لەگەڵ ڕۆئاوا، پێوەندیی دیپلۆماسی لەگەڵ یەکەتیی سۆڤیەتیشی بەهێز کرد.

دواجار، ستراتیجیەتی سیاسەتی نیشتمانیی سەربەخۆ تا ڕادەیەك هاتە دی، هەرچەندە نیشانەکان وا دەنوێنن کە (شا) بەتەواوەتی کەوتبووە باوەشی سیاسەت و پرەنسیپەکان و بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا، بەڵام (شا) کەسێك نەبووە کە کوێرانە ملکەچی ئەمەریکا بوبێت، بگرە زیاتر لە پێناوی ئەو بەرژەوەندییانە بووە کە خۆی لێکی دابووەوە بۆ وڵاتەکەی، بۆیە لە شەستەکان بەئاشکرایی هەوڵ دەدات باڵانسەکە ڕابگرێ و، هەوڵی داوە پێوەندییەکی پتەوی دۆستانەی لەگەڵ یەکەتیی سۆڤیەت هەبێ[٢] و چەندان ڕێککەوتننامە و پرۆتۆکۆلی گرینگ لەو ماوەیە لە نێوانیاندا مۆر دەکرێ و لەسەر ئەم تەوەرانە کاری دەکرد:

یەکەم، هەوڵدان بۆ دەسەڵاتێکی بەهێز لە ناوەخۆ و موکومکردنی پایەکانی حکوومەت و چاکسازیی ئابووری، دووەم، هاوکاری لەگەڵ یەکەتیی سۆڤیەت. سێیەم، جموجۆڵ و چالاکی نواندن لە کەنداوی فارس، هەرچەندە زۆرجار لێك دراوەتەوە کە پاسەوانیی کەنداو بووە لەلایەن ئەمەریکاوە، بەڵام لە پاسەوانییەکە بەشدار بووە لەگەڵ ئەمەریکا، بۆ ئەوەی یەکەم جار خۆی زاڵ بێ بەسەر کەنداو و ئاسایشی نیشتمانیی خۆی بپارێزێ و کەڵکی ئابووریی لێ ببینێ، چونکە ئەو نەیدەتوانی کەنداو لە هێزی دەریاییی بەریتانیا پاك بکاتەوە کە پتر لە دوو سەدە، لەوێ، بە هێزی پتەوی

---

(١) ژان پیردیگار و...، م.پ، ص١٩٢.

(٢) احمد میر فندرسکی ئاماژە بەسەفەری ساڵی ١٩٦٨ی محەمەد ڕەزا شا دەکا بۆ یەکەتیی سۆڤیەت کە سەفەرێکی فرە دەسکەوت و پڕ بایەخ بووە و هەرچی گرێی دیپلۆماسیش کە تا ئەو کاتی هەبووە، دەکرێتەوە و بەنازناوی (شاه سفر) ناوی دەهێنێ واتە سەفەرێکی پڕ بایەخ و مەزن. احمد میر فندرسکی واحمد احرار م.پ، ص١٢٠.

دەریایی، ئامادەییی هەبوو و هەروەها ئەمەریکاش کە جێگرەوەی دەسەڵات و سیاسەتی بەریتانیا بوو لە کەنداو، بە هێزێکی زیاتر هاتبووە مەیدان، هەروەها هەڕەشەی هاتنی سۆڤیەتیش لە ئارادا بوو کەواتە ناچار بوو، هاوکاریی ئەمەریکا بکا و هەندێ جاریش برابچووکی بنوێنێ کە ئەمە لەگەڵ بۆچوون و بنەماکانی سیاسی "نیکسون" سەرکۆماری ئەمەریکا دەگونجا کە لە ساڵی **١٩٦٩** پەیڕەویی لێ کرد[١].

---

(١) روح الله رمضاني: سياسة ايران الخارجية ١٩٤١- ١٩٧٣. ص٤٦٥- ٤٧٠.

بەشی دووەم

# کورتە مێژوویەکی سیاسەتی پەهلەوییەکان بەرامبەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان

## بەندی یەکەم

### سیاسەتی ڕەزا شا لە ئاست بزووتنەوەی ئازادیخوازی نەتەوەیی کورددا (١٩٢٥ - ١٩٤١)

ئێران کە تا ساڵی ١٩٣٥، ڕۆئاواییەکان بەپێرس و فارس و پێرشیا ناویان دەهێنا، مێژوویێکی دوور و درێژی هەبوو لە جۆران پەلامار و هێرشی ڕەگەزە جیاوازەکانی دوور و نزیك وەك عەرەب و تورك و مەغۆل و لە سەدەی نۆزدە رووسەکانیش، بەڵام زۆربەی کاتەکان ئەو نەژادە جۆراوجۆرانەی قوت دابوو و لەناو خۆی تواندبووەوە و تێکەڵاوییەکی نوێ لە ماد و پارسی کۆن و نەژادی نوێ ساز دەبوو، بەڵام زمان و کولتووری فارسی هەردەم زاڵ بوو. دوای هاتنی عەرەب، جۆران خێڵی گەورە گەورەی نەژادی زەرد لە ئاسیای دوور پەلاماری ئێرانیان دا و زۆربەی کاتەکان بەشێك لە ئێران یان هەر هەموویان داگیر دەکرد و لەوێ دەمانەوە، ئەوانیش هەندێ توخمی بچووکی کولتووریی خۆیان هێنا و خستیانە سەر کولتووری دەوڵەمەندبووی فارسی و بەتەواوەتی لەگەڵ ئێرانییەکان تێکەڵاو بوون، بەڵام کولتووری زاڵ هەر کولتووری فارسی بوو. ئاین هەموو کات توخمێکی بنەڕەتی و جیاکەرەوەی کولتووری فارسی بووە چ بەر لە ئیسلام چ دوای ئیسلام و، لە سەدەی ١٦ بنەماڵەی سەفەوییەکان کە لە بنەڕەتدا تورك و سوننە بوون و حوکمی فارسیان دەکرد، هەر لە سەرەتادا بڕیاریان دا سنوورێك بۆ پەلاماری بیانی دابنێن، مەبەست (عوسمانییەکان) بوو، ئەو سنوورەش لە ڕێگەی گۆڕینی ئاینزا بوو، واتە بەزۆر ئاینزای سوننەیان لە دەسەڵات ڕەش کردەوە و ئاینزای شیعە، بوو بەئاینزای فەرمی، ئەمە بووە خاڵێکی گرینگی وەرچەرخان و لە هەمان کاتدا بووە هێز و وزەی کولتووری ئێران کە توانی پێی بەرگری لە خۆی بکا و بەورووژاندنی هەستی ئاینزایی و ئێرانچیەتی، توانییان ئێرانییەکان بجووڵێنن لە دژی تورکی عوسمانی، چونکە دەیانزانی ئەم پەلامارە وەك پەلامارەکانی پێشوو نابێ کە قەومێك دەهاتنە سەر ئێران و داگیریان دەکرد و ئێرانیش قوتی دەدان، بگرە ئەمجارە، ئێران دەبوو بەچەند ویلایەتێکی ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان، ئەمە ڕێباز و سیاسەتێکی باش بوو و تێیدا سەرکەوتن و جیاکاریی ئاینزایی، کاریگەرییەکەی وەك جیاکاریی دوو ئاینی لێك جیاواز بوو و جیهانی سوننە و جیهانی شیعە «ئێران» بوون بەدوو ڕکابەری گەورە کە زۆربەی جار ڕق و قینی لەگەڵدا بوو.

بەپێی ئەو ئامارانەی کە لەو ساڵانەی دواییدا بەشێوەیەکی فەرمی ئەنجام دراوە بەبێگومان هەموو ئەو ئامارانەی کە دەشکرێ لە وڵاتانی نادیموکراتی جۆرە گومانێکی تێدایە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر دەبێ پشت بەم ئامارە فەرمییانە ببەسترێ کە باس لە ڕێژەی نەتەوەکان و ژمارەی دانیشتوانان دەکا. لەناو نەتەوەکانی ئێران نزیکەی ١٥٪ سوننەن کە ئەویش کورد و بەلوچ و تورکمانن، بەڵام ئازەر و عەرەبی خوزستان و گیلەك و فارس شیعەن، جگە لەمانە کەمینەی زەردەشتی و مەسیحیش هەن (ئەرمەنی، ئاشووری و کلدانی) تورکمان لە پارێزگای گولستان (بەشێکی پێشووی پارێزگای مازندەران) لە باکور و باکوری ڕۆهەڵاتی ئێران نیشتەجێن.

ئازەرییەکانیش لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆهەڵات و بەشێك ئازەربایجانی ڕۆئاوا نیشتەجێن کە سەنتەری پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆهەڵات تەورێز و هی ڕۆئاواش ورمێیە.

بەلوچ کە نەتەوەیەکی ١٥ تا ١٨ ملیۆنین کە لە نێوان سێ وڵاتی ئێران، پاکستان و ئەفغانستان دابەش کراون و زمانی بەلوچی لە خانەوادەی زمانە ئێرانییەکان و لە ڕەگی هیندوئەورووپین کە ئەوانیش شێوەزاری جۆراوجۆریان هەیە. پارێزگای بەلوچستان لەبەر جیاوازیی نەتەوەیی و ئاینزایی یەکێکە لە بێبەشترین و دواکەوتووترین پارێزگاکانی ئێران. ئامارێکی دروست لە بەردەستدا نییە بۆ ڕێژەی " کورد " لە ئێران بەڵام مەزەندە دەکرێت لە ٦ تا ٨ ملیۆن کەس بن و ڕێژەکان بەم شێوەی خوارەوەیە:

فارس: ٥١٪، ئازەر: ٢٤٪، گیلەك: ٨٪، کورد: ٧٪، عەرەب: ٣٪، لور: ٢٪، بەلوچ: ٢٪، تورکمان: ٢٪ و هی تر: ١٪.(١)

ڕەزا خان دوای بەرێکردنی دوا شای قاجاری لە سنووری تورکیا بەرەو ئەورووپا، کاری لەسەر نوێنەرانی پەرلەمان کرد بۆ ئەوەی لە جێی ئەحمەد شا، ئەو بکەن بەپاشای وڵات کە زۆرینەیان لەگەڵی کۆك بوون و، هەروەها بەریتانیاش پشتگیریی لێ دەکرد و یەکەتیی سۆڤیەتیش پشتیوانیی لێ کرد بۆ ئەوەی لە دەستڕۆیی ئینگلیزەکان بەجێ نەمێنێ و ئەویش جێی پێی خۆی لە ناوچەکە پتەو بکا(٢).

(1) www.cia .gov\cia\publications\factbook\geos\ir.html=Geo.

(٢) حوسێنی مەدەنی: کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان، بەرگی دووەم، هەولێر ٢٠٠١، ل : ١٣٢.

پێکهاتەی سیاسی و کولتووریی حکوومەتی ڕەزا شا لەسەر سێ تەوەری بنەڕەتی پێك هاتبوو:

- دیکتاتۆری
- ناسیۆنالیزم(١).
- بەرەو ڕۆئاواییبوون و جودایی ئاین لە دەسەڵات(٢).

بێگومان تایبەتمەندیی بنەڕەتیی ڕژێمی پەهلەوی هەمان دیکتاتۆرییەت بوو و لە ڕاستیدا «ناسیۆنالیزم» و بەرەو ڕۆئاواییبوون چوون و جودایی ئاین لە دەسەڵات، هەر لە خزمەتی (دیکتاتۆریەتی) ڕژێم بوو، مەبەستی لە «ناسیۆنالیزم» ناسیۆنالیزمێکی ڕابردووپەرستی بوو(٣)، واتە گەڕانەوە بۆ چاخەکانی پێشوو کە ئیمپراتۆرێك، ئیمپراتۆریایەکی فراوانی وەکو ئێرانی بەڕێوە دەبرد نەك ناسیۆنالیزمێك کە لە خزمەت هاوولاتیی ئێرانی بێت و هەنگاو بەرەو داهاتوو بنێ و، لە ڕاستیدا ناسیۆنالیزمێکی شۆڤێنی بوو کە حاشای دەکرد لە هەر نەتەوەیەکی غەیرە فارس لەناو ئێران، بۆیە دەبینین ناسیۆنالیزم لە (کوردستان) لەدایك دەبێ و دیالیکتیکی حاشاکردنی ئەوی باڵادەست و بەرگریکردن لە خود، خاسیەتێکی نێونەتەوەیی بەناسیۆنالیزمی کوردی بەخشی و کۆمەڵێك بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی، کە بەشێکی بەشێوەی «کاردانەوە» reactive بووە نەك کاریگەر Proactive، لەناو سنووری دەستکردی کوردستانی ڕۆهەڵات و کوردستانی خواروو دەست پێ دەکات(٤).

ئەو کاتە ناسیۆنالیزم و هەستی نەتەوایەتی زیاتر لە کوردستان گەشە دەکا کە ڕەزا شا بەناوی ناسیۆنالیزم و فارسچێتی(٥) و، هەروەها بەبیانووی بەرەو مەدەنییەت

---

(١) مەسعود بهنود: از سید ضیاء تا بختیار، تهران ١٣٧٠چ٥ جاویدان، ص١٢٩.

(٢) حمید بصیرت : علماو رژیم رچا شاه تهران، ١٣٧٦ ص٥١.

(٣) سیروس غنی: ایران وبرامدن رضا خان برافتادن قاجار ونقش انگلیسیها، ترجمه حسن گامشاد، تهران١٣١٨، چاپ سوم نیلوفر، ص٣١٨.

(٤) عەباس وەلی : کوردەکان و ئەوانی تر، وەرگێڕانی نەزەند بەگیخانی، هاشم ئەحمەد زادە، کۆواری ڕەهەند ژمارە١٢/ ١٣ ساڵی ٢٠٠١، ل١٥٩.

(٥) جهاد صالح العمر – اسعد محمد الجواری : ایران في عهد رضا شاه بهلوی ١٩٢٥–١٩٤١جامعة البصرة ١٩٩٠، ص٣٢.

چوون و جودایی ئاین لە دەسەڵات، دەستی کرد بەسڕینەوەی شوێنەواری نەتەوەیی و مێژوویی و کولتووری و گۆڕینی ناوی شار و گوند، قەدەغەکردنی ڕێورەسمی نەتەوەیی، تەنانەت لەبەرکردنی جلوبەرگی کوردی «بەبیانووی ئەوەی کە ئەمە سوننەتییە و دواکەوتووییە»، هەروەها لە بەردەرگەی هەموو فەرمانگەیەك دەنووسرا (بەفارسی قسە بکەن)[١].

ئەم هەڵسوکەوتانەی ڕەزا شا، تەنیا چەند نموونەیەکن لە سیاسەتی ڕژێمی شاهەنشاهی ئێران دژ بەکورد و نەتەوە غەیرە فارسەکانی ئێران[٢].

هەر لەم ڕووەوە، دەستووری ئێرانی ساڵی ١٩٠٦ سەردەمی قاجارەکان و سیاسەتی زمان لە ئێران The Language Policy of Iran، کە بنەماکەی دەگەڕێتەوە بۆ پەهلەوییەکان (١٩٢٥-١٩٧٩)، تەنیا زمانی فارسی بەتاکە زمانی ڕەسمیی ئێران دادەنێ، هەرچەندە ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەیە[٣].

بەرقەرارکردنی سیاسەتی بە ناوەندکردن و بەهێزکردنی سوپا لە خزمەتی بەناوەندکردن و، پاراستی ڕژێمی دیکتاتۆری ڕەزا شا، بووە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵێك ئۆپەراسیۆن ئەنجام بدرێ لە دژی خێڵەکانی کورد و لەنێوبردن و چاوترساندن و سووککردنیان و، هەروەها لەنێوبردنی ڕێز و هەڵکەوت و ئابڕووی پیاوانی ئاینیی کوردستان لەناو کۆمەڵگەی کوردی، کە هەرگاڤ فاکتەرێك بوون بۆ نیشاندانی ناسنامەی کورد چ بەشێوە نێگەتیڤەکەی چ پۆزەتیڤەکەی[٤].

بەسەنترالکردنی دەسەڵات دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، یەکێك بوو لە ڕواڵەتەکانی هەرەسهێنانی دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی و بەهێزکردنی سەرمایەداری، بەپاڵپشتیکردنی هێزە داگیرکەرە ئەورووپاییەکان لە ناوچەکەدا، تایبەت نەبوو بەسیستەمی پەهلەوی و

---

(١) کەریم حسامی: کاروانێك لە شەهیدانی کوردستانی ئێران، سنندج، ١٩٧١، روزبە، ل٩.

(٢) بۆ زانیاریی زیاتر، تەماشای وتارەکەی (هۆزان کاپری) بکە کە بەئینگلیزی بڵاو کراوەتەوە.

http://www.armeniandiaspora.com/index.php?do=printable&id=50233

(3) http:||www.cogsci.ed.ac.uk/kurdish.

(٤) عەباسی وەلی: پەیدابوون و بناغەی ناسیۆنالیزمی کورد لە ئێران، وەرگێڕانی حەسەنی قازی، ١٩٩٥ ل١٧.

ئەتاتورکەوە، گەرچی تا بەر لە حکوومەتی ڕەزا شا و ئێرانی نوێ و دامەزراندنی تورکیا و بەسنوورە دەستکردەکانی قاجار و عوسمانی، نەیاندەتوانی ڕێگە لە هاتوچۆ و پێوەندیی کوردەکان بگرن کە بە سێ ڕێگە پێوەندیی بەردەوام هەبوو:

١- زۆربەی سنوورەکان بەنێوان یەك خێڵ کێشرابوو کە بەردەوام هاتوچۆ و تێکەڵاوی و ژن و ژنخوازییان هەبوو.

٢- پێوەندیی بازرگانی بەشێوە سادەکەی خۆی بەرقەرار بوو.

٣- پێوەندیی کولتووری، واتە قوتابییانی حوجرە و ئاین و شاعیرانی کوردستان سنووریان نەدەناسی و، لە هەر کام لە پارچەکانی کوردستان سەرچاوەی زانست و بنکەی زانستی هەبوایە، ڕوویان تێ دەکرد[١].

ڕەزا شا لەلایەك هەوڵی پاراستنی سنوورەکانی دەدا بۆ ئەوەی ئەم پێوەندییە نەمێنێ و، لەلایەکی تر زیاتر تایبەتمەندیی بەناوەندکردنی دەچەسپاند، بەڵام کوردەکانیش وەك کاردانەوەیەك بەرگرییان لە خۆیان دەکرد لە بەرامبەر سیاسەتی تواندنەوەی نەتەوەیی و بەناوەندکردنی ڕەزا شا و[٢]، لەلایەکی تر زیاتر لە بزووتنەوەی ڕۆشنبیری و کوردایەتی ئەودیو سنوور نزیك دەبوونەوە و، دەکەوتنە ژێر کاریگەری ئەو بزاڤە کە دەمێك بوو لە دەوڵەتی عوسمانی لەلایەن کوردەکانەوە بەسەرۆکایەتیی شێخ مەحموود[٣]، دەستی پێ کردبوو و بەر لە دروستبوونی

---

(١) مجتبی بورزوویی، س.پ، ل٢٩٤.

(٢) ژویس بلو: مسألة کرد، ترجمە پرویز امین، تهران ١٣٧٩، شالودە، ص٥٢-٥٣.

(٣) شێخ مەحموود، لەکاتی شەڕی یەکەمی جیهانی وەك کەسایەتییەکی دیاری دەڤەری سلێمانی کە میرانگری بنەماڵەیەکی گەورەی ئاینی و خاوەن هەڵوێست بوو، بەدەرکەوت. ئەو کاتەی کە ئینگلیز بەکردەنی وردە وردە وڵاتانی کەنداو و باشووری عێراقی لە چەنگ تورکانی عوسمانی دەردەهێنا، شێخ مەحموود کەوتە پاڵ تورکەکان بۆ دەرکردنی ئینگلیزەکان، بەڵام تورك بەگشتی لە ناوچەکە پاشەکشەیان کرد و ئینگلیز بەرەو ناوەندی عێراق پێشڕەوی کرد و شێخ مەحموود وا لەگەڵ ئینگلیزەکان ڕێك دەکەوێ کە شێخ، تورکەکان وەدەر دەنێ بەو مەرجەی ئینگلیزەکانیش دان بەسەربەخۆیی کوردستان بنێن لە (١٩١٨) سوپای تورك دەبەزێندرێن و لە سەرەتا ئینگلیزەکان دان بە حکوومەتی کوردستان دەنێن، بەڵام لە دواییدا گرفت لە نێوان شێخ مەحموود و ئینگلیز ساز دەبێ و شێخ لێیان ڕادەپەڕێ و لە ساڵی ١٩١٩ لە دەربەندی بازیان شەڕوانانی کوردستان =

دەوڵەتی عێراق لە ١٩٢١ و، دوای ئەمیش.

یەکەم بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی لە سەردەمی ڕەزاخان (کە هێشتا نەبووبوو بەشا و تەنیا وەزیری شەڕ بوو» ڕاپەڕینی سمکۆ[١] بوو لە ١٩٢٢ کە ڕەزا خان پڕۆپاگەندەیەکی باشی لە دژی کرد بۆ ئەوەی سەرکەوتنی خۆی لای خەڵك و نوێنەرانی خەڵك لە پەرلەمان گەورە بکا[٢].

دەرکەوتنی هێز و توانستی سمکۆ لە سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانی لە کوردستان لە بەرامبەر تورك و حکوومەتی ناوەندی تاراندا، بووە هۆی ئەوەی کە ڕۆشنبیران و ڕزگاریخوازانی دەرەوەی سنووری کوردستانی ئێران، ڕووی تێ بکەن. سمکۆ یەکە کارگێڕییەکانی دەوڵەتی ئێرانی دەرکرد[٣] و سەید تەهای نەهری یارمەتیی سمکۆی دا

---

= شکست دەهێنن و شێخ بۆ هیندستان دوور دەخرێتەوە. بەڵام لە ساڵی ١٩٢٢ جارێکی تر ئینگلیزەکان دەیهێننەوە کوردستان و جارێکی تر حکوومەتی کوردستان پێك دەهێنرێ بەسەرۆکایەتیی شێخ مەحموود، بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ژیانی سیاسیی شێخ مەحموود بڕوانە: یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید، لە ساغکردنەوەی کەمال نووری مەعرووف، ١٩٩٥، چاپی مەکتەبی ناوەندی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان.

(١) ملك شعرای بهار: تاریخ مختصر احزاب سیاسی ایران، ج١، تهران ١٣٧١، ص٢٢٦. مسعود بهنود: از سید چیا و تا بختیار، ص٤٧.

(٢) سمکۆی شکاك کوڕی بنەماڵەیەکی گەورەی حەمەد ئاغای شکاك بوو، کە خاوەن چەند هەزار بنەماڵە و چەند هەزار چەکدار بوون و خاوەنی زەوییەکی زۆر لە ناوچەی چاریە (چەهریق) لە ناوچەی سنووری ئێران– تورکیا و نزیك لە ورمێ بوون. بنەماڵەیەکی خاوەن هەڵوێست بوون، لە ئاست ڕژێمی ئێران و لە ساڵی ١٨٩٥ برای سمکۆ بەدەستی ڕژێم تیرۆر کرا و ئەمە وای لە سمکۆ کرد کە زیاتر هەڵوێستەکانی توند و سەقامگیر بێ. شەڕی یەکەمی جیهانیش بووە زەوینەیەکی لەبار بۆ سەرهەڵدانی سمکۆ و دەستی کرد بەیاریی دیپلۆماسی لەگەڵ ڕووسیا و تورکیا و ئینگلیزەکان و بەپێی بارودۆخ نێوانی لەگەڵ ئەوان دەگۆڕا و دەستی کرد بەخەباتی سیاسی و چەکداری بۆ سەربەخۆیی کوردستان و پاڵپشتیی شێخ مەحموود بوو، بەڵام سەرەنجام وەك برای جەعفەر ئاغا، بەدەستی ڕژێمی ئێران تیرۆر کرا (١٩٣٠) بۆ زانیاریی زیاتر لە سمکۆی شکاك، بڕوانە: عەلائەدین سەجادی، شۆڕشەکانی کورد وە کورد و کۆماری عێراق، بەغدا، ١٩٩٥ مەعارف ل ٢٤٦ و تا دوایی.

(٣) لازاریف و اخرون : تأریخ کوردستان، ترجمة د. عبدی حاجی، دهوك ٢٠٠٦، ص٢١٦.

و لـە ڕاستـیـدا دروستـکـردنـی دەوڵـەتی کوردسـتـانـی گـەورە، بـەهـاوکـاریـی زلـهێزێکی جیهانی، ئاواتی ئەوان بوو[١]. سمکۆ پێوەندیی بەشێخ مەحموود دەکا لە سلێمانی و بەهاتنی ئەو بۆ سلێمانی ١٩٢٢ خەڵکی کەیف و شادی دەکەن[٢].

هاتوچۆ و پێوەندییەکی بەرچاو هەبوو لە نێوان گشت نیشتمانپەروەرانی کوردی هەرسێ پارچەی کوردستانی تورکیا، ئێران و عێراق، کە هەندێ جار هاوپەیمانی دوولایەنی و سێ لایەنیان دەبەست لە دژی داگیرکەران، هەروەك دەبینین دوای شکستی شێخ مەحموود لە شەڕی دەربەندی بازیان لە ١٩١٩ لە سلێمانی و دوورخستنەوەی بۆ هیندستان، خێزان و منداڵەکانی و کەسوکاری لە سنووری ئێران دەپەڕنەوە لە سنە و مەریوان نیشتەجێ دەبن لە دواییدا بۆ سەقز و کۆنە شار دەڕۆن و سەرانی کورد لە ناوچەکە دەیانپارێزن[٣].

سمکۆ درێژەی بەخەباتی سیاسیی خۆی دا و لە ساڵی ١٩٢٨ لە عێراق بوو کە ئێران داوای دانەوەی سمکۆی کرد، عێراقیش دوای هەندێ دانوستاندن لەگەڵ هەردوولا، دەرفەتی ڕەخساند کە سمکۆ بگەڕێتەوە ئێران، بەڵام ڕەزا شا پێشتر بڕیاری لەنێوبردنی دابوو و لە ساڵی ١٩٣٠ لە شنۆ تیرۆر کرا[٤].

لە سەردەمی گرتنە دەستی دەسەڵاتی ڕەزا شا، دەستڕۆی بەهێزی یەکەمی گۆڕەپانی سیاسەت لە ناوچەی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست، بەریتانیا بوو، بۆیە بەریتانیا بەپێی بەرژەوەندییەکان و تێگەیشتنەکانی خۆی، یاریی بە فاکتەرەکان دەکرد و فاکتەکەی دەگۆڕی[٥]. بەرگری لە ناسنامەی نەتەوایەتی و خۆڕاگری لە بەرامبەر توانەوە، لە ساڵی ١٩٢٨ لە سەرتاسەری کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ڕەزا شا، وەك ڕاپەڕینێك خۆی نواند کە هەموو پێگە سەربازییەکان و ناوەندی ژاندەرمەری هەر لە سنووری تورکیاوە تا کرماشان کەوتە بەر شاڵاوی خەڵکی سەردەشت و مەهاباد و مەریوان و تەنانەت

(١) موجتەبا بورزوریی، م.پ ل٢٢٠.

(٢) رمزی قزاز: مبارزات سیاسی و روشنفکری کرد، ترجمه احمد محمدی، تهران١٣٦٩ص١٤٧ – احمد خواجه، چیم دی، بەرگی یەکەم – بغدا ١٩٦٨، ل١٤١.

(٣) یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید، ل٦٦–٧٦.

(٤) کریس کوچرا : جنبش ملی کرد، ترجمه ابراهیم یونسی تهران ١٣٧٣، ص٧٢.

(٥) کامەران ئەحمەد محەمەدئەمین : کوردستان لە نێوان ململانێی نێودەوڵەتی و ناوچەییدا١٨٩٠–١٩٣٢، سلێمانی ٢٠٠٠، چاپی سەردەم ل١٤٨.

پشدەرییەکانی دیوی عێراقیش یارمەتییان دان، مێژوونووسانی فارس ئەم ڕاپەڕینە بەفیتی ئینگلیزەکان لە قەڵەم دەدەن[١].

ڕەزا شا کاتێ هەستی کرد وردە وردە کوردانی ژێر دەستی ئەو دەکەونە ژێر کاریگەری شۆڕشی شێخ مەحموود و لەساڵی ١٩٢٦ یارمەتیی شۆڕش دەدەن[٢]، لەشکری هێنایە سەر سنوورەکان و پشتی لە شەڕوای شێخ مەحموود گرت[٣] و هەوڵی دا سنوورەکان زیاتر پتەو بکا و بنکەی سەربازی و ژاندارمەری لەم شوێنە هەستیارانەدا دابمەزرێنێ و هەروەها بەبەرنامەڕێژی دەستی کرد بەچەك داماڵینی هۆزەکانی کورد و لەلایەکی تر فەرمانی نیشتەجێکردنی خێڵە کۆچەرەکانی دەرکرد کە بە (تەختە قاپو) ناسرا و هەروەها ئەو خێڵانەی کە سەرپێچی فەرمانەکەیان کرد، ئەوا لە کوردستانی دوور خستنەوە وەك هۆزی (جەلالی) کە لە سنووری تورکیا – ئێران نیشتەجێ بوون، دوور خرانەوە بۆ ناوەڕاست و باکوری ئێران «ئیسفەهان و قەزوین»[٤]، هەروەها هەڵسا بەگۆڕینی ناوی شارەکانی کوردستان و کردنیان بە فارسی، وەك شاری «ورمێ» بوو بە رەزائییە و سەلماس بوو بە شاپور[٥]. بەناوی بە "مەدەنیەتکردن"، رەزا شا هەوڵی دا، جلوبەرگی خۆجێیی لەبەر خەڵکی دابکەنێ و جلوبەرگی ڕۆئاواییان لەبەر بکا، ئەمە کاردانەوەیەکی توندی هەبوو لەسەر هەموو ئێران، لە هەندێ شوێن بەپاساوی ئاینییەوە دژی وەستان و، بەلام لە کوردستان وەك بەرگریکردن لە هێمایەکی نەتەوایەتی و پۆشین وەك ئەرکێکی شەرعی، خەڵکی لە دژی ڕاپەری و لە بەناوبانگترینیان، مەلا خلیلی مەنگوڕی بوو کە لە پێشەوەی ڕاپەڕینی (١٩٢٩) بوو[٦].

ڕەزا شا لە ڕووی سیاسییەوە کەوتبووە ژێر کاریگەری سیاسەتی کەمال ئەتاتورك، دامەزرێنەر و سەرکۆماری تورکیا بەتایبەتی دوای سەردانی تورکیای لە ساڵی ١٩٣٤، هەنگاوەکانی موکومتر و خێراتر بوون لە تواندنەوەی نەتەوە نافارسەکان و سڕینەوەی

---

(١) موجتەبا بورزوویی، س.پ، ص٢٩٨.

(٢) کامەران ئەحمەد محەمەد ئەمین، س.پ، ل٢٦٣.

(٣) یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید، ل١٥٤.

(٤) م.س. لازاریف و اخرون : م.س ص٢٢٤.

(٥) کمال مظهر احمد: م.س،ص ٢٥٦ – خلیل علي مراد، ابراهیم خلیل احمد: م.س، ص١٣٧.

(٦) موجتەبا بورزوویی، س.پ، ص٣٢٢.

مۆرك و هێماكانی نەتەوایەتی و بەهێزكردنی سوپا و دەسەڵاتی ناوەند(١)، لە دژی هەر سەربەخۆییێكی لۆكاڵی و، سەرەنجام لە كوردستان خوێندن و نووسینی بەزمانی كوردی، قەدەغە كرد(٢).

د. عەباس وەلی وا باس لە قەدەغەكردنی زمانی كوردی دەكا: "فەرمانێك كە لە ساڵی ١٩٣٥ دەرچوو، نیشانەی كۆتایی پێدانی كوردی وەك زمانێكی پێ نووسین بوو و، تۆوی هەرە گرینگی هۆویەتی ئێتنیكی كورد ویشك كرا(٣)"

ئەم سڕینەوە بەخورتییەی ناوەرۆك و ڕواڵەتی نەتەوەكانی ئێران، خۆی سەلمێنەری زێدەڕۆیی شۆڤینیانەی سیستمی ڕەزا شایە، تۆفیق سوێدی، باس لەو وتووێژە دەكا كە لە ساڵی ١٩٣١ وەزیر ڕێپێدراوی عێراق بووە لە تاران و لەگەڵ ڕەزا شا و وەزیران و كاربەدەستانی ئێران كۆ دەبێتەوە و سەبارەت بەڕووداوە گرینگەكانی ناوچەكە گفتوگۆ دەكەن و یەك لە باسە گرینگەكانی هەمیشەیی نێوان كاربەدەستانی وڵاتانی ناوچەكە، كورد و كوردستان بووە. سوێدی دەنووسێت كە:

چەند جار بەرپرسانی ئێرانی كێشەی كورد لە گفتوگۆكان دەوروووژێنن و ئەمە نیشانەی ئەوە بوو كە بەرپرسانی ئێرانی زۆر بایەخیان بەم كێشەیە داوە، ئەوان هەر ئاسانكارییەك كە بۆ كوردان لە عێراق ئەنجام دەدرێ، بەمەترسیی دەرەكی دەزانن لەسەر سیاسەتی خۆیان... بۆیە داوای بەڵێنیان دەكرد لە ئێمە كە لەوە زیاتر یارمەتیی كورد نەدەین(٤). دوا بەدوای سەفەری سوێدی بۆ ئێران، مەلیك فەیسەڵیش سەردانی

---

(١) مەسعوود بهنود، م.پ، ص١٢٩.

(٢) م.س. لازاریف :م.س ص٢٢٥ – بورووزیی، س.پ، ص٣٢٩.

(٣) عەباسی وەلی : پەیدابوون و بناغەی ناسیۆنالیزمی كورد لە ئێران... ل١٩.

(٤) سوێدی لەگەڵ تیمور تاش وەزیری كۆشك دەكەوێتە گفتوگۆ و هەڵسەنگاندنی شێوەی مامەڵەكردنی هەرسێ دەوڵەتی ئێران و توركیا و عێراق لە ئاست كورددا و پێی دەڵێ: سیاسەتی توركیا، سیاسەتی تەتریك و توندوتیژی و لەناوبردنی كوردە، سیاسەتی ئێران سیاسەتی چاوپۆشین و بایەخ پێ نەدانە بەتوخمی كورد لە بواری فەرهەنگی و ڕۆشنبیری و تەندروستی و چاكسازی و... هتد كە لە ئەنجامدا هیچ بەرگرییەكییان پێ لەخۆ ناكرێ و لە توخمی ئێرانی دەتوێنەوە و لەنێو دەچن، بەڵام سیاسەتی عێراق بەرامبەر بە كورد ئەوەیە كە عێراق پێك هاتووە لە دوو توخمی گرینگ و ئەم دو توخمە عێراقی سەربەخۆیان دامەزراندووە، ئەویش كورد و عەرەبە كە هیچ لە یەكتر ناچن و جیاوازییان وەك دوو =

ئێران دەکات و لەگەڵ ئەویش باس لە کێشەی کورد دەکرێت(١).

مەلیك فەیسەڵ دڵنیایی بە شای ئێران دەدات کە ئامادەیە هەندێ جیاوگ بە ئێران بدات لە شەتولعەرەب بۆ ئەوەی پێوەندیی نێوان دوو وڵات چاك بێتەوە. ئەم سەردانەی مەلیك فەیسەڵ، سەرەتای بەستنی کۆمەڵێ ڕێککەوتننامەی سنووری و سیاسی بوو بۆ چارەسەرکردنی کێشە سنوورییەکان و کێشە ناوەخۆییەکان، دوای کۆمەڵێ بێنە و بەردە و سکاڵای عێراق لە ئێران لای ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە ساڵی ١٩٣٧ ڕێککەوتننامەیەکی سنووری ئیمزا کرا کە تیایدا کێشە سنوورییە ئاوییەکان چارەسەر کرا(٢). بەر لە ڕێککەوتننامە سنوورییەکەی ١٩٣٧/٧/١٨، پەیمانی سەعد ئاباد لە نێوان چوار وەزیری دەرەوەی وڵاتانی دراوسێ ئیمزا کرا: ئێران، عێراق، تورکیا و ئەفغانستان لە کۆشکی سەعد ئاباد لە تاران(٣). کێشەی کورد و سنووری کوردستان لە

= نەتەوەی ئیسپانی و ئینگلیزە، بۆیە گیانی نەتەوەیی ئەوان دەبێ بپارێزرێ و هەموو کارێکیان پێ بسپێردرێ بۆ ئەوەی سوودگەیێن بن بۆ وڵاتەکەیان، کەواتە لە عێراق وەك (کەمینە) سەیری کورد ناکرێ، بەڵام لەگەڵ ئەمەش عێراق بەتەما نییە کێشە بۆ ئێران و توکیا ساز بکات «سەبارەت بە کێشەی کورد»، هەروەها پاراستنی مافەکانی کوردیش لە عێراق بە مانای (ئۆتۆنۆمی) نییە، بگرە بۆ ئەوەیە کە ئەوانیش وەك عێراقی، دەرفەتی کارکردن و بەرپرسیاریەتییان هەبێ و بە ئەرکەکانیان هەڵسن، بۆیە عێراقیش دژی سەربەخۆیی کوردە و سیاسەتێکی توند دەگرێتە بەر لە دژی هەر بزووتنەوەیەك کە ڕۆحی جیابوونەوە لەناو کوردان دروست بکات و یاخۆ لەم ڕێگەیەوە پێوەندی بەکوردی ئێران و تورکیا بکات و بەم شێوەیە ئێران دڵنیا دەکاتەوە کە هیچ شتێکی زیانگەیێن بۆ بەرژەوەندیی ئێران لە ئارادا نییە. سوێدی باس لەوە دەکا کە ئێران زیاتر لە پێشوو، دڵنیا بووەوە کە بۆی دەرکەوت لە عێراق کەس هەڵناسێ بە هاندانی کوردی عێراق بۆ دوژمنایەتیکردنی ئێران و ورووژاندنی هەستی نەتەوایەتیی کوردی لە ئێران و بڕوانە: توفيق السويدي، مذكراتي نصف قرن من تاريخ العراق والقضية العربية، لندن ١٩٩٩ دار الحكمة، ص٢٠٨–٢١٠.

(١) هـ.س، ص٢٣٣.

(٢) منوچهر پارسا دوست : م. پ ص١١٩.

(٣) پەیمانی سەعد ئاباد پێشەکییەك و ١٠ مادەی دەگرتە خۆ کە بەپێی مادەی یەکەم، لایەنەکانی ڕێك کەوت و بەڵێن دەدەن کە خۆ لە کاروباری ناوەخۆی یەکتر هەڵنەقورتێنن و بەپێی مادەی دووەم پاراستنی سنوورە هاوبەشەکانیان لە ئەستۆ دەگرن و ڕێزی لێ =

نێوان سێ وڵاتی ئێران و تورکیا و عێراق، لە نێو ٣ مادەدا زەق بووەتەوە و هەر لەم ساڵەشدا بوو کە ڕاپەڕینی گەورەی دەرسیم[١]، لە کوردستانی تورکیا دەستی پێ کرد، کە بەستنی رێککەوتننامەی سەعد ئاباد، بەرپەچدانەوەیەکی وڵاتانی هەرێمی بوو بۆ ئەم ڕاپەڕینە[٢]و رەزا شا، دوای ئەم هەموو توندوتیژییەی کە بەرامبەر بەڕاپەڕینی کوردانی رۆهەڵاتی نواند و هەروەها دوای بایەخنەدان و پشتگوێخستنی باری ئابووری و کولتووریی کوردستان هەردەم ترسی لە کورد هەبوو، بۆیە بەردەوام درێژەی بەسیاسەتی «بەفارسکردن»و «بەناوەندکردن»ی دا و هەوڵی دەدا لە چارەسەرکردنی گرفتی کورد پرس و ڕا لەگەڵ وڵاتانی تورکیا و عێراق بکا، کە پەیمانی سەعد ئاباد نموونەیەکی زەقە لە پەیڕەوکردنی ئەم سیاسەتە لە کێشە نێونەتەوەییەکانیان کە پێوەستە بە بەرژەوەندیی هاوبەشیان و پرس و ڕا لەگەڵ یەکتری دەکەن[٣].

ئابووریی کوردستان کە بەشێوەیەکی سەرەکی تووتن بوو، بەهۆی هێنانی مۆنۆپۆلی دەوڵەتەوە، ئابووریی توتنی تێك شکاند، چونکە یارمەتییەکی دارایی گەورەی حکوومەتی دا بۆ خاوەندارێیەتی خۆی لەسەر حیسابی خاوەنداریەتیی کوردی و، سیاسەتی بەهاوچەرخکردنی ئابووریيانەی رەزا شا، کوردستانی نەگرتەوە و، کوردستان هەر بەشێوەی کۆنی کشتوکاڵی بەڕێوە دەچوو، ڕێگەی نوێ و کارگەی نوێ

= دەگرن، بەپێی مادەی حەوتەم، خۆ دەپارێزن لە پێکهێنانی هەر دەستەیەکی چەکدار بۆ تێکدانی داوودەزگاکانی حکوومەت و نانەوەی ئاژاوە و گێرەشێوێنی و نائەمنی لەناو خاکی ئەوی تری رێککەوتوو لە پەیمانەکە و یاخۆ ڕێگە بگرن لە هەر بزاڤێك کە هەوڵی رووخانی شێوازی حکوومەتی لایەنەکەی تر دەدا، بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر تەواوی ناوەرۆکی رێککەوتننامەکە بڕوانە: ازرمیدخت مشایخ فریدنی م.پ ص٢٤٩–٢٥١.

(١) هۆکاری ئەم ڕاپەڕینە، بەگژداچوونەوەی سەرانی خێڵی کوردی بوو لە تورکیا لە دژی یاسای «تورکاندن» و توانەوەی نەتەوە ناتورکەکان لە تورکیا و بێ دەسەڵاتکردنی کورد بوو، بڕوانە : شاکر خەسباك: کورد و مەسەلەی کورد، وەرگێڕانی ئەمجەد شاکەلی، ستۆکهۆڵم ١٩٩٧ ڕۆژ، ل٣٧. هەروەها بڕوانە: سروه اسعد صابر: کوردستان الجنوبیه ١٩٢٦–١٩٣٩ دراسة تاریخیة– سیاسیة، سلیمانیة ٢٠٠٦، حەمدی، ص٣١١.

(٢) روینە لۆمبۆرن : کورد گەلێکی بێ وڵات، وەرگێڕانی ئەمجەد شاکەلی، سوێد ١٩٩٤، ل ٣٣.

(٣) اصغر جعفری ولدانی م.پ، ص٢٠٥ – سروه اسعد صابر م.س، ص٣١١– ٣١٢.

لە کوردستان نەکرانەوە[١]، بەکورتی رەزا شا ئامانجی بنیاتنانی دەوڵەتێکی فارسی تۆتالیتێر بوو کە لە رێی زەبروزەنگەوە نەتەوە نافارسەکان لە بۆتەی نەتەوەی سەردەستی فارسدا بتوێنێتەوە[٢] و "پەهلەوییەکان هەروەکو کەمال ئەتاتورک بوون لە رووی دوژمنکاریکردنی کورد و بزووتنەوە رزگاریخوازەکەی"[٣].

## بەندی دووەم

### محەمەد رەزا شا لە ئاست بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورددا ١٩٤١-١٩٥٨

داگیرکردنی ئێران لەلایەن هێزە هاوپەیمانەکان و[٤] دەست لەکارکێشانەوەی رەزا شا و دانانی محەمەد رەزا شای کوڕی بۆ سەر تەختی پاشایەتی، هەناسەیەکی ئازادیی بەخەڵکی ئێران دا «بەکوردستانیشەوە»، بەندکراوە سیاسییەکان ئازاد کران، سانسۆر نەما، خەڵك ئازاد کرا لە هەر جۆرە جلوبەرگێك کە بپۆشێ و بەهەر زمانێ کە بیەوێ بدوێ هەروەها کۆمەڵێ پارتی سیاسی سەری هەڵدا[٥].

---

(١) نادر ئینتیسار: ئیتنۆ نەتەوایەتیی کوردی، وەرگێڕانی عەتا قەرەداغی، سلێمانی ٢٠٠٣، ل ٢٤.

http://www.cogsci.ed.ac.uk/~siamakr/Kurdish/KURDICA/1999/APR/Iran-policy.html)

هەروەها بگەڕێوە بۆ http://www.zmag.org/zmag/articles/dec96kurdi.htm) .

(٢) أمال السبکی: تاریخ ایران السیاسي بین ثورتین (١٩٠٦ - ١٩٧٩)، کویت ١٩٩٩ عالم المعرفة. ص٦٥.

(٣) اسماعیل بیشکجی: کردستان مستعمره دولیة، ترجمة زهیر عبدالملك، ستوکهولم ١٩٩٨، ABIC- ص٥٦-٥٧.

(٤) بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر داگیرکردنی ئێران لەلایەن بەریتانیا و سۆڤیەت بڕوانە: روح الله رمضانی: سیاسة ایران الخارجیة ١٩٤١- ١٩٧٣، ص٤٧- ٥٥، خلیل علی مراد: تطور السیاسه الامریکیة في منطقة الخلیج العربي ١٩٤١-١٩٤٧، البصرة، ١٩٨٠ ص٦٠-٧٥.

(٥) لە ئەنجامی داگیرکردنی ئێران لەلایەن هێزی هاوپەیمانەوە، ژیانی حزبایەتی بوژایەوە و لەوانە دامەزراندنی حزبی توده «کۆمۆنیست» بوو لە ساڵی ١٩٤٢، هەروەها حزبی ئێران، بڕوانە: خاطرات شاپور بختیار، تهران ١٣٨٠، نشر زیبا، ص٢٤.

باكوری ئێران لەژێر دەسەڵاتی یەکەتیی سۆڤیەت و باشووریش لەژێر دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی بەریتانیا بوو، حکوومەتیش بەهۆی ئەم دووانە و ئەمەریکا هەڵدەسوڕا. ئەمەریکا هێزی مادی و سەربازیی لە بەردەست هەردوو داگیرکەر دادەنا و ورده ورده جێپێی خۆشی لە ئێران موکوم دەکرد، بەڵام سیاسەتی ئەمەریکا بەدڵی سۆڤیەت نەبوو، بەتایبەتی کە بۆی دەرکەوت تاران و ئەمەریکا خەریکی گفتوگۆن بۆ ئەوەی نەوتی باکور بخرێتە ژێر سەرمایەگوزاری و دەرهێنانی لەلایەن کۆمپانیا نەوتییەکانی ئەمەریکاوە[1].

یەکەتیی سۆڤیەت لە ئاست ئەو سیاسەتە نوێیەی ئەمەریکا و بۆ پاڵەپەستۆ خستنە سەر ئێران و قۆرغکردنی نەوتی باکور، یارمەتیی کورد و ئازەرییەکانی دا بۆ وەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی، جگە لە یارمەتیدانی بەرفراوانی بۆ حزبی توده[2]، لە پاش هورووژمی هێزەکانی هاوپەیمان، هێزی سوپای ئێران لە شوێنە داگیرکراوەکان لەبارێك هەڵوەشایەوە، لە ئەنجامدا کورد توانی هەندێ چەك و تفاقی سووك وەدەست بهێنێ و توانییان خێرا جڵەوی کار بگرنە دەست، سەرانی هۆزگەلی کورد کە بەناچاری لە تاران نیشتەجێ کرابوون، هەلیان قۆزتەوە و گەڕانەوە کوردستان بۆ شۆڕش و سەرهەڵدان[3]، بەڕادەیەك کە هێزەکانی سۆڤیەتیش جڵەوی کاریان لە دەست نەما و ناچار بوون ئەم هەلومەرجە نوێیەی کوردستان قبووڵ بکەن و لە ڕاستیدا ئەم بارودۆخە نوێیەی ئازەربایجان و کوردستانیان بەدڵ بوو و هەوڵیان دا لە قازانجی خۆیان سوودی لێ وەرگرن[4].

بۆ ڕاستیی ئەم بۆچوونە، غەنی بلوریان[5] لە کتێبەکەی «ئاڵەکۆك» ئاماژەی داوە

(١) طاهر خلف البكاء، م.س، ص٧٤.

(٢) پیردیگار و...، م.پ، ص١٣١.

(٣) طاهر خلف البكاء، م.س، ص١١٢–١١٨.

(٤) أدگار أبالاس : جنبش كردها، ترجمه اسماعيل فتاح قاچی، تهران١٣٧٧ ص٤٥.

(٥) لە دامەزرێنەرانی سازمانی جەوانانی کورد بوو کە ڕێکخراوێك بووە دوای دەستەبەربوونی کەشوهەوای ئازادی لە ماوەی داگیرکاریی ئێران لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانەوە، لە ناوچەی موکریان و لەلایەن چەند گەنجێکی چالاك و وشیاری مەهاباد لەساڵی ١٩٤٢ دادەمەزرێ، کە غەنی بلوریان بەسەرۆکی سازمان لە یەکەمین کۆبوونەوەی دامەزرێنەران هەڵدەبژێردرێ، سازمان دوو ساڵ سەربەخۆ چالاکانە کار دەکا، ئامانجیان =

کە سۆڤیەت پلانێکی تایبەتی بۆ ئەو هەرێمە نەبوو و تەنانەت کاتی پێکهاتنی (کۆماری کوردستان) لە مەهاباد رووسەکان لەسەر ویستی (باقرۆف) سەرکۆماری ئازەربایجانی سۆڤیەت، رازی نەبوون کوردستانی بەشی ئازەربایجانی رۆئاوا سەربەخۆ بێ، ئەوان دەیانویست ئەو دابەشکردنی جوگرافیاییی رژێمی ڕەزا شا کە ئەو بەشەی کوردستان لەگەڵ ئازەربایجان خرابوو، وەك خۆی بێ[١].

کوردستانی ئێران لە ڕووی ڕۆشنبیری و بزاڤی نەتەوایەتی، زۆرجار لەژێر کاریگەری ئەو جموجوڵە سیاسی و رۆشنبیرییانە بوو کە لە کوردستانی عێراق و تورکیا لە ئارادا بوو وەکو پارتی (هیوا) کە لە ساڵی ١٩٣٩ دامەزرا[٢]، هەرچەندە بەر لە دامەزران و جموجۆڵی حزبی هیوا، (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد) لە ساڵی ١٩٣٨ دامەزرا کە بەنهێنی کاری دەکرد[٣].

لە شەڕی جیهانیی دووەمدا، ناوچەی موکریان کەوتە ژێر دەسەڵاتی (سوپای سوور)ی سۆڤیەت و لە موکریان بە خوارەوە کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئینگلیزەکان[٤]. جەلال تاڵەبانی لە کتێبەکەی باس لە پێوەندیی کوردانی ڕۆهەڵات و باشوور دەکا ١٩٣٥– ١٩٣٨ و باس لە ڕێکخراوێك دەکا بەناوی (حزبی ئازادیخوازانی کوردستان) کە عەزیز زەندی لە ساڵانی (١٩٣٩– ١٩٤١) دایمەزراندووە[٥]، هەروەها باس لە دامەزراندنی (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد) دەکات کە کورتکراوەکەی (ژ.ك) بوو، دوای سەردانی میر حاج ئەحمەد، کە ئەندامێکی دیاری حزبی هیوا بوو بۆ مەهاباد و پێوەندیکردنی نهێنیی بەهەندێ نیشتمانپەروەرانی کورد، هەندێ لە مێژوونووسان بڕوایان وایە کە (کۆمەڵەی ئازادیخوازانی کوردستان) هەمان کۆمەڵەی (ژ.ك) بووە کە

---

= بڵاوکردنەوەی رۆحی نەتەوایەتی بووە لە کوردستان. لە ١٩٤٤ ناویان دەگۆڕدرێ و دەبن بەرێکخراوی لاوانی کۆمەڵەی ژ. ك. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: حامید گەوهەری، س.پ، ل١١٢–١٢١.

(١) غەنی بلوریان: ئاڵەکۆك، ستۆکهۆڵم ١٩٩٩، ل٢٤.

(٢) جليلى جليل و أخرون : الحركة الكردية في العصر الحديث، بيروت ١٩٩٢، ص١٨٨.

(٣) غەنی بلوریان: س.پ، ل١٦.

(٤) ژویس بلو: م.پ، ص٥٤.

(٥) جلال الطالباني : كردستان و الحركة القومية الكردية، بيروت ١٩٧١، الطبعة الثانية، ص١٢٣.

له ساڵی ١٩٤٢ناوی گۆڕا بە ژ. ك[١]. له ساڵی ١٩٤٢ ژ. ك كۆبوونەوەیەكی گرێ دا لە مەهاباد بەئامادەبوونی میر حاج ئەحمەد و نوێنەری حزبی هیوا له كوردستانی عێراق و بڕیاری دا كە بۆ پتەوكردنی پێوەندیی لەگەڵ كوردی بەشەكانی تری كوردستانی دابەشكراو، كۆبوونەوەیەكی بەرفراوان لەگەڵ نوێنەرانیان پێك بهێنن، بەپێی ئەو بڕیارە بوو كە (قاسمی قادری) لە كوردستانی بەشی ئێران، شێخ عوبێدوڵای زینوی، لە كوردستانی بەشی عێراق و مەلا وەهاب لە كوردستان بەشی توركیا لە چیای «داڵانپەر» كۆ بوونەوە و پەیمانی هاوكاریان بەست كە پەیمانەكەیان بەناوی پەیمانی «سێسنوور» ناوبانگی دەركرد[٢]، كۆمەڵەی (ژ.ك) ئامانجی سەرەكیی ئەوە بوو كە دەوڵەتێكی یەكگرتووی كورد پێك بهێنی[٣].

یەكەم پێوەندیی (ژ. ك) بەیەكەتیی سۆڤیەت لە ٩ی سپتێمبەری ١٩٤٤ بووە كە چوونەتە لای كونسوڵی سۆڤیەت لە تەورێز و كونسوڵ بەگومان و ساردی پێشوازی لە نوێنەرانی ئەم ڕێكخراوە دەكا[٤] و ئەوان لەگەڵ بیروڕای سەربەخۆییی كوردستان نەبوون و هەروەها پتر ئەوەیان دەویست كە لە چوارچێوەی ئێران، كورد بەمافی خۆی بگات و زیاتر پاشكۆی حزبی تودەی ئێران بن كە ئەمە لە ڕاپۆرتی كونسوڵی سۆڤیەت لە ورمێ لە ساڵی ١٩٤٥بە ئاشكرایی دیارە[٥].

دەستەی سەرۆكایەتیی (ژ.ك)، داوای ئەندامێتیی قازی محەمەد دەكەن لەبەرئەوەی قازی محەمەد كەسایەتییەكی بەهێزی هەبوو لە شاری مەهاباد و، قازیی شەرعی مەهاباد و چالاك لە بوارە كولتوورییەكان و زەویدارێكی گەورە بوو، لە مانگی ١١ی ١٩٤٤ دایدەنێن بە سەرۆكی (ژ.ك) و لەگەڵ شاندێك لە كەسایەتییە كوردەكان لە كۆتاییی ساڵی١٩٤٥دا سەردانی باقرۆف سەركۆماری ئازەربایجانی یەكەتیی سۆڤیەت

(١) حامید گەوهەری : س.پ ل٢٠– كەریم حسامی: كاروانێك لە شەهیدانی كوردستانی ئێران... ل١٣.

(٢) غەنی بلوریان: س.پ ل٣٢.

(٣) عەلی كەریمی: ژیان و بەسەرهاتی عەبدوڕەحمان زەبیحی، سلێمانی، ٢٠٠٥، چاپی دووەم، ل١٢١.

(٤) حامد گەوهەری، س.پ ل٨٣.

(٥) هەژار «عەبدوڕەحمانی شەرەفكەندی»: چێشتی مجێور، پاریس، ١٩٩٧، ل٧٢.

دەکەن[١]. باقرۆف داوایان لێ دەکات لە چوارچێوەی ئێران داوای مافەکانیان بکەن و کۆمەڵەی (ژ. ك) هەڵوەشێننەوە و حزبی دیموکرات دروست بکەن[٢].

لە مێژووی ١٩٤٥/٨/٨ تا ١٩٤٥/١٠/١١ شەڕێکی سەخت لە نێوان حکوومەتی عێراق و بارزانییەکان ڕووی دا، کە بەسەرۆکایەتیی مەلا مستەفا بوو، هێزەکانی عێراق توانییان بە کەڵك وەرگرتن لە باڵەفڕە بۆمبهاوێژەکانی هێزی ئاسمانیی سوپای بەریتانیا، ناوچەی بارزان بۆمباران بکەن و بارزانییەکان ناچار بکەن بەرەو ڕۆهەڵاتی کوردستان بکشێنەوە و پەنا بۆ کوردەکانی ئەو هەرێمەی کوردستان بەرن، کە لەژێر فەرمان و ڕێبەرایەتیی (ژ.ك) دا بوون[٣].

ژمارەی بارزانییەکان کە هاتنە کوردستانی ئێران نزیك ١٠,٠٠٠ کەس بوو کە نزیکەی ١٥٠٠ کەسیان چەکدار بوون، ئەم هێزە چەکدارە هێزێکی شەڕدیتوو و کارامە و لەخۆبوردوو بوو[٤].

دوای گەڕانەوەی قازی محەمەد لە سەفەری بۆ باکور، لە کۆتاییی ساڵی ١٩٤٥ کۆنگرەی یەکەمی حزبی دیموکرات بەسترا و لەم کۆنگرەیە ناوی کۆمەڵەی (ژ.ك) و دروشمەکانیان گۆڕی[٥].

لە ١٩٤٦/١/٢٢، کۆماری کوردستان بە شکۆداری ڕاگەیێندرا و دوای ئەمە بارزانی بەرەسمی هاتە مەهاباد و لەلایەن سەرکردایەتیی حزبی دیموکرات پێشوازیی لێ کرا و لە پلەی جەنەراڵی کۆماری کورددا خزمەتی کۆماری کرد[٦]. دوای کۆتاییهاتنی شەڕی

---

(١) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: برهان ابابکر یاسین: کوردستان في سیاسة القوی العظمی ١٩٤١-١٩٤٧، ترجمە هوراس، دهوك ٢٠٠٢، ص١٣٥-١٣٧.

(٢) عەلی کەریمی، س.پ، ل١٢٥.

(٣) غەنی بلوریان، س.پ، ل٤٨- هەژار، س.پ، ل٧٤.

(٤) جەلیل طادانی: ٥٠ ساڵ خەبات، هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان، بەرگی یەکەم، ل٣٢- عزیز الحاج: القضیة الکردیة في العراق التاریخ والافاق، بیروت ١٩٩٤ المؤسسة العربیة للدراسات والنشر ص١٨.

(٥) غەنی بلوریان، س.پ، ل٥٨.

(٦) هـ.س، ل٥١. بارزانییەکان جەنگاوەری چاك بوون و مەلا مستەفا بارزانی سەرکردایەتیی هێزی بارزانی دەکرد لە مەهاباد کە بەرپرسیارێتیی گرینگترین بەرەی شەڕیان کرد لە سەقز: برهان بابکر یاسین، م.س، ص١٤١.

جیهانیی دووەم بەلێدانی بۆمبی ئەتۆمی لە شارەکانی هیرۆشیما و ناکازاکی، سۆڤیەت ترسی لێ نیشت لە ئاست سیاسەتی ئەمەریکا و هاوپەیمانان و، هەروەها سەرۆك وەزیرانی ئێرانیش، قەوام سەڵتەنە(1) کۆمەڵێ گفتی سیاسی – ئابووریی پێ دا سەبارەت بە دانی جیاوکی نەوتی باکور، ئەمانە بووە هۆی ئەوەی یەکەتیی سۆڤیەت لە باکوری ئێران کشایەوە و هێزەکانی حکوومەتی ناوەندی گەڕایەوە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئازەربایجان و کۆماری کوردستان(2). بەم شێوەیە دوای نزیکەی کەمتر لە یەك ساڵ بەسەر تێپەڕینی لە تەمەنی کۆماری کوردستان لە ١٩٤٦/١٢/١٧، لەشکری تاران، مەهاباد و دەوروبەری داگیر کرد و سەرانی حزبی دیموکرات و کۆماری کوردستانی دەستگیر کرد و دوای لەدادگەدادانیان لە ١٩٤٧/١/٣، حوکمی لەداردانی بۆ قازی محەمەد، سەدری قازی و حوسێنی سەیفی قازی بڕاندەوە و لە١٩٤٧/٣/٣٠، فەرمانی لەداردانی بەجێ گەیەندرا(3).

### هەڵوێستی دەوڵەتی ئێران بەرامبەر بارزانی

بارزانی یەکێك لە جەنەراڵە سەرەکییەکانی کۆماری کوردستان بوو، بارەگاکەی لە سەقز لە گوندی (سەرا) بوو. هەندێك لە چەك و تەقەمەنیی کە لە کۆگاکانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد مابوو، بارزانی بردی بۆ ئەوەی بەرگری بکات. بارزانی کە هەواڵی وەدەست گەیشتبوو کە جەعفەر پێشەوەری سەرکۆماری ئازەربایجانی ئێران(4) هەڵاتووە و دەستی لە هەموو شت هەڵگرتووە، بۆی دەرکەوت کە یەکەتیی سۆڤیەت هەموانی بەرەڵا کرد و کە خۆیان بەرگری لە خۆیان بکەن، یان لەگەڵ ڕژێمی

(١) قوام السلطنە: سێ جار بوو بەسەرەك وەزیرانی ئێران لە ساڵانی ١٩٢١، ١٩٢٢و ١٩٤٣ و سیاسەتوانێکی ئاکتیڤ بوو لەنێو ڕووداوەکانی ئێران و سیاسەتی ئەو، هاوسەنگی ئەرێیی بوو. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: مەسعوود بهنود: م.پ، ص٣١، ٤٥، ٢٥٩.

(٢) ژان پیردیگارو...، م.پ، ص١٣٢.

(٣) عەبدوڕەحمان قاسملۆ – عەبدوڵا حەسەن زادە : کورتە مێژووی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ١٣٨١، شوێنی چاپ دیار نییە، ٢٠٠٢، ل١٠٠.

Kerim Yildiz, THE KURDS IN IRAN: The Past, Present and Future. Pluto Press, London (2007).

(٤) مرتضی زربخت : از کردستان عراق تا انسوی رودارس، تهران ١٣٧٧ چاپ دوم، ص١٢.

پەهلەوی سازشت بکەن، بۆیە بڕیاری دا لە سەقز لە ڕێگەی بۆکان پاشەکشە بۆ مەهاباد بکا[1]. دوای چەندان دانوستاندنی دەمڕاست و پیاوماقوولانی شاری مەهاباد لەگەڵ لیوا روکن هومایوونی سەرکردەی سوپای دەوڵەت لە کارگەی شەکری میاندوئاو، هەروەها چاوپێکەوتنی قازی محەمەد لەگەڵ هومایوونی، بڕیار درا کە خۆ وەدەست دەن بەبێ تەقەکردن[2].

سوپای ئێران کە گەیشتە مەهاباد، ناوچەکە لێوانلێو لە ترس و دڵەڕاوکێدا بوو، پێشوەخت قازی محەمەد هەرچی چەك و کەرەستە هەبوو بەسەر خەڵکی شاردا دابەشی کردبوو، خێڵانی کوردیش بەگشتی چەکدار بوون و بارزانییەکانیش بەخۆیان و سێ هەزار پارچە چەك و دوو تۆپ و١٢٠ تفەنگی تەماتیك و چەکدار بەنارنجۆکی دەستی، لە نەغەدە بنەجێیان دانا و ئامادەی بەرگریکردن لە خۆیان بوون، پاش گەیشتنی سوپا بۆ مەهاباد، لە ١٩٤٦/١/٢٠ بارزانی چوو بۆ شاری مەهاباد بۆ دیتنی هومایوونی و پێشنیازی کرد کە دەوڵەتی ئێران لە دەوڵەتی بەریتانیا گەرەنتی وەربگرێ، بۆ ئەوەی بارزانییەکان بتوانن بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان (عێراق). هومایوونی پێشنیازی کرد کە بارزانی بچێتە تاران بۆ گفتوگۆکردن لەسەر کێشەکەیان[3]، هەرچەندە بیروڕایەکی تر هەیە کە خودی (شا) بانگهێشتنی بارزانیی کردبێ بۆ تاران[4]، بەهەرحاڵ بارزانی لە تەك میر حاج ئەحمەد و عیزەت عەبدولعەزی زنوری ئەحمەد تەها لەگەڵ سەرهەنگ غەفاری چوون بۆ تاران و نزیکەی مانگێك لەوێ لە یانەی ئەفسەرانی تاران مانەوە، پاش وتووێژێکی زۆر، دەوڵەتی ئێران پێشنیازی بۆ بارزانییەکان کرد کە لە داوێنی چیای ئەلوەند نیشتەجێ بن و رای گەیاند کە ئامادەیە تا شەش مانگ هەموو پێداویستی ژیانیان بۆ دابین بکا، بارزانی بەرواڵەت قبووڵی کرد بەڵام تێی گەیاندن کە پێویستە لەگەڵ بارزانییەکان و هاوەڵانی قسە بکات و گەڕایەوە مەهاباد و دوای

---

(١) عەبدوڕەحمان قاسملۆ، عەبدوڵا حەسەن زادە س.پ ل١٠٦.

(٢) نەجەف قولی پسیان: لە مەهابادی خوێناوییەوە... هەتا لێوارەکانی ئاراس، وەرگێڕانی: شەوکەت شێخ یەزدین، هەولێر ١٩٩٦ل، ٢٦.

(٣) عەبدوڕەحمان قاسملۆ، عەبدوڵا حەسەن زادە س.پ ل ١٠٦.

(٤) کەریم زەند : جەنەراڵ بارزانیی نەمر و کۆماری کوردستان لە مەهاباد، کۆنگرەی٩٠ ساڵەی لەدایکبوونی بارزانی نەمر، سەلاحەدین ١٩٩٣، ل٣٥.

گفتوگۆ لەگەڵ برا گەورەی شێخ ئەحمەد و پرس و ڕا لەگەڵ هاوەڵانی، گەیشتنە ئەو ئەنجامە کە بەرامبەر بە لەشکری ئێران بوەستن لە جیاتیی خۆوەدەستدان[١].

سوپای ئێران چەکدار بەچەکی قورس و هێزی ئاسمانی گەیشتنە ناوچەکە، هێزی دەوڵەت لە ١٩٤٧/٢/٢٢ گەیشتنە نەغەدە و خێڵەکانی لە دژی بارزانی جووڵاند، بارودۆخی بارزانییەکان زۆر دژوار بوو، چونکە ژن و منداڵیان لەگەڵ دابوو، بۆیە ناچار پاشەکشەیان کرد بۆ ناو عێراق و بەشێکی زۆریان خۆیان وەدەست ڕژێمی عێراق دا، کە لە نێوانیاندا چوار ئەفسەری کۆماری کوردستان کە لەدار دران.

دوای ڕووخانی هەردوو کۆماری ئازەربایجان و کوردستان و پاشەکشەی بارزانییەکان بۆ سنوورەکان، محەمەد ڕەزا شا خۆی سەردانی ناوچەکەی کرد و لە نزیکەوە چاودێریی بارودۆخی جموجۆڵی بارزانییەکانی کرد، فەرمانی دا بەسوپای خۆی کە پێویستە تووشیان بکەن هەر فەرماندەیەك کەمتەرخەمی بکات لە ڕێگرتنیان ئەوا دەدرێتە دەست دادگەی بیابانی، ڕێڕەوی بارزانییەکانیان خستە ژێر چاودێریی وردەوە، بەڵام بارزانی تاکتیکی پارتیزانی بەکار دەهێنا و خۆی لە بەرچاوی ئەوان ون دەکرد تا گەیشتە شازدە کیلۆمەتری سنووری سۆڤیەت و، بارزانی دوو کەسی ڕەوانەی خاکی سۆڤیەت کرد و شەش ڕۆژ چاوەڕێ بوو تا هاتنەوە، بارزانی و نزیکەی ٥٠٠ چەکداری، دوای بڕینی سنووری ئێران – عێراق، چوونە ناو خاکی تورکیا و لەوێشەوە جارێکی تر هاتەوە ناو سنووری ئێران (کوردستان) و بەتێپەڕین لە ناوچەی خێڵی مامەش لە باکور هەڵکشانە ڕۆژئاوای دەریای ورمێ و بەرەو ڕووباری ئاراس چوون و لەم ڕووبارە لە نزیك چیای ئارارات، پەڕییەوە و پەنایان بردە بەر یەکەتیی سۆڤیەت[٢].

سوپای ئێران لەو ماوەیەدا پێشڕەوییان کردبوو لە «خۆی» و «ماکۆ»وە بۆیان هاتبوون تا گەمارۆیان بدەن، بەڵام کاتێ گەیشتنە ناوچەکە، دوو ڕۆژ بوو بارزانی بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو، خۆی و یاوەرانی لە ئاو پەڕاندبووەوە[٣]. بێگومان هەموو پلانەکانی دژی کورد و بارزانییەکان بەتایبەتی بەپرس و ڕاوێژکاری و

(١) عەبدوڕەحمان قاسملۆ، عەبدوڵا حەسەن زادە س.پ ل١٠٧.

(٢) ادگار أبالاس : م.پ ص٧٠– عزیز الحاج م.س، ص٢٣ هەروەها بڕوانە محەمەد تۆفیق وردی: چوونی بارزانییانی قارەمان بۆ سۆڤیەت، هەولێر٢٠٠١، چاپی دووەم.

(٣) بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ئەم کۆڕەوە بڕوانە William Eagleton .jr :The Kurdish Republic of 1946 , Oxford University Press , 1963,PP.126-29.

هاوكاریی دەوڵەتی عێراق دەكرا، هەروەكو لە كاتێكدا بارزانی لە بەرگریكردندا، سوپای ئێرانی شپرزە كردبوو، لیوا روكن هومایونی لە ناوچەی حاجی ئۆمەران چاوی بەبەڕێوەبەری گشتیی پۆلیسی عێراق (عەلی حیجازی) كەوت و حیجازی پێشنیازی بەهومایونی كرد كە سوپای عێراق ئامادەیە دژی بارزانییەكان یارمەتیی لەشكری ئێران بدا. هێزە چەكدارەكانی توركیاش ئامادەییی خۆیان بۆ هاوكاری لەگەڵ لەشكری شای پەهلەوی ڕاگەیاند.

### زیندووكردنەوەی حزبی دیموكرات

دوو هەفتە بەر لەداردانی قازی محەمەد، ١١ كەس لە سەرۆك خێڵەكانی فەیزوڵابەگی و گەورەی سەقز كە لە كۆماری كوردستان چالاكانە بەشدارییان كردبوو لەدار دران، لەو ٢٨ كەسەی كە لە مەهاباد دادگەیی كران بەشێكیان بەزیندانی هەتاهەتایی و بەشێكیان بەكەمتر حوكم دران و چوار ئەفسەریش لەداردران و زۆر لە كاربەدەستانی كۆماری كوردستانیش دوای گەیشتنی سوپا بۆ مەهاباد بەرەو عێراق و سووریا ڕایان كرد. بیر و بڕوای ڕژێمی پەهلەوی وابوو كە پێویستە هەندێ سەرۆك عەشیرەت و پیاوی ماقووڵ لەدار بدرێ بۆ ئەوەی خەڵكی پێ چاوترسێن بكەن و، كەشوهەوایەكی تۆقێنەریان لە سەرتاسەری كوردستان بەتایبەتی پایەتەختی كۆماری كوردستان خوڵقاند(١).

دوای ئەم كەشوهەوا تۆقێنەرە، كە زۆربەی بەڕێوەبەرانی حزبی دیموكرات لەدار دران یا خرانە گرتیگە یان هەڵاتن، بۆ ماوەیەك لە ڕووی بزووتنەوەی سیاسیدا، كوردستان كپ بوو، بەڵام هێندەی نەبرد چەند گەنجێكی ناوچەی مەهاباد لە یەكتری كۆ بوونەوە بۆ ئەوەی میكانیزمی كاری سیاسی بدۆزنەوە و درێژە بەخەباتی نەتەوایەتی بدەن.

غەنی بلوریان بەدرێژی باس لە خۆی دەكا لەگەڵ ٣ لە هاوڕێیانی تری كە بۆ یەكەم جار لە زستانی ١٩٤٨ ئەوان كۆ بوونەوە بۆ زیندووكردنەوەی حزبی دیموكرات و، پێوەندی بەحزبی تودەی ئێران دەكەن، بەڵام حزبی ناوبراو لە سەرەتادا زۆر بەتەنگ داواكانیان ناچن بۆ خەباتی هاوبەش، ئنجا پێوەندی بە پارتی دیموكراتی كوردستانی عێراق دەكەن(٢).

---

(١) عەبدوڕەحمان قاسملۆ، عەبدوڵا حەسەن زادە س.پ، ل١٠٥.

(٢) غەنی بلوریان س.پ ل٧٨.

حزبی دیموکراتی زیندووکراو، لەسەر دوو هێڵی هاوتەریب کاری دەکرد، لەلایەك هەوڵی دەدا پێوەندی بەرێکخراو و پارتەکانی عێراق، بەتایبەتی کوردستانی عێراق بکات کە برێتی بوون لە رێکخراوە کۆمۆنیستییەکان و پارتی دیموکراتی کوردستان، لەلایەکی تر هەوڵی دەدا پێوەندی لەگەڵ حزبی تودەی ئێران لە تاران ساز بکا، هێندەی پێ نەچوو حزبی تودەش ئامادەیی خۆی نیشان دا کە پێوەندی لەگەڵ حزبی دیموکرات لە مەهاباد دامەزرێنێ، حزبی تودە وەك حزبێکی بەهێز و جەماوەری، هاتبوو بۆ کۆڕی خەباتی نوێ لە دژی رژێمی محەمەد رەزا شا و، کەشوهەوایەکی لەبار هەبوو بۆ گەشەسەندنی حزبە چەپەکان بەگشتی، چونکە سیاسەتی بەریتانیا و ئەمەریکا لە ئاست ئێران و بەرژەوەندییەکانیان، بەتایبەتی لە مەسەلەی «نەوت» ناکۆك بوون، نەوەك لە مەسەلەی پێش گرتن لە تەشەنەکردنی کۆمۆنیزمی یەکەتیی سۆڤیەت، هاوبیرورا بوون، دەوڵەتی ئێران کەوتبووە مقۆمقۆ لەگەڵ دەوڵەتی بەریتانیا کە بەپێی رێککەوتننامەیەك، جیاوکی دەرهێنانی نەوتی باشووری ئێرانی لە چنگ دابوو، ئێران دەیویست بەشی قازانجی خۆی لەم کۆمپانیایە بەریتانییە زیاتر بکا، چونکە باری ئابووری وڵاتی ئێران شپرزە بووبوو و پێویستی بەپارە هەبوو. بەریتانیا، ئێرانی رێنووسیی دەکرد کە قەرز لە ئەمەریکا و بانکی نێودەوڵەتی وەربگرێ کە ئەوانیش حازر نەبوون قەرز بەئێران بدەن، هەڵبەت مەبەستیان ئەوە بوو کە زەبرێك لە کۆمپانیای ئینگلیزی – ئێرانی بدەن، بۆ ئەوەی کۆمپانیاکانی نەوتی خۆیان جێگەی ئەوان بگرنەوە(١).

لەم ئان و ساتەدا، هەوڵی تیرۆرکردنی شا درا، بەڵام هەوڵەکە سەرکەوتوو نەبوو، ئەمە بووە بیانوویەك بۆ ئەوەی زیاتر دیکتاتۆری بچەسپێنێ و، چالاکیی حزبە بەرهەڵستکارەکان قەدەغە کرا، لە کوردستانیش هێرش کرایە سەر ئەو لاوانەی کە خەباتی سیاسییان دەکرد.

موسەدەق و «بەرەی نیشتمانی» دروشمی خۆماڵیکردنی نەوتی بەرز کردەوە بۆ ئەوەی لە دەست کۆمپانیای نەوتی ئینگلیزی رزگاری بێ و سەرەنجام دوای پاڵپشتی خەڵك و پەرلەمان، توانی یاسای خۆماڵیکردنی نەوت دەربکا، بەڵام بەریتانیا هەموو هەوڵی خۆی دا بۆ ئەوەی ئەم یاسایە نەکەوێتە باری کردەنی و بۆیە گەمارۆی

(١) عەبدورەحمان قاسملۆ، عەبدوڵا حەسەن س.پ ل١٥١.

ئابووریی لەسەر دانا بۆ ئەوەی نەوت بۆ دەرەوە نەڕوات، ئەمەریکا تا ئەو کاتەی دژایەتیی بەریتانیای کرد کە لە قازانجی خۆی بوو، بەڵام کە یاسای خۆماڵیکردنی نەوت دەرچوو و هەڵوێستی موسەدەق ڕوونتر بووەوە لە وەدەرنانی هەر دەسەڵاتێکی بیانی لە وڵات، ئەمەریکاش هاتە تەك بەریتانیا[١].

دوای ئەم ڕووداوانە، هەڵبژاردنی خولی حەڤدەی پەرلەمانی ئێران لە هاوینی ١٩٥٢ ئەنجام درا کە یەك لە ئەندامانی چالاکی حزبی دیموکرات بەناوی سارەمی سادق وەزیری لە مەهاباد هەڵبژێردرا، کە ئەمە سەرکەوتنێك بوو بۆ خەڵکی کوردستان، لەگەڵ ئەوەی کە شا و دەوروبەری دژی ئەو بوون سەرەنجام و لە ریزی نوێنەران لایان دا[٢]. حکوومەتی د. موسەدەق هەر لەم ساڵەدا یاسایەکی پەسند کرد بەناوی سەدی بیست، کە شێوەی مامەڵەکردن لەگەڵ خاوەن زەوییەکان دەگۆڕا و ئەویش بەم شێوەیە دوای دابەشکردنی بەرهەم لە نێوان جووتیار و خاوەن زەوی، ئەوا سەدی بیستی بەشی خاوەن زەوی لێی وەردەگیرا و سەدی ١٠ی دەدرا بەجووتیار و سەدی ١٠ش دەدرا بە شۆرای ئاوەدانی گوند. لە ناوچەی موکریان پشتگیری لەم یاسایە کرا و جووتیاران ڕاپەڕین و داوای جێبەجێکردنی ئەم یاسایەیان کرد. لەم ڕاپەڕینە، سوپای ئێران دەرەبەگەکانی چەکدار کرد لە دژی جووتیاران، چونکە سوپا لە دژی موسەدەق بوو[٣]. لەم ماوەیەدا دەرفەتێك بۆ حزبی دیموکرات ڕەخسا کە پتر خۆی ئاشکرا بکا و پەرە بەچالاکییەکانی بدا.

لە مەهاباد کۆمیتەیەکی شەش کەسی داندرا کە لە ڕاستیدا سەرکردایەتیی حزبی دیموکراتی لە هەموو ناوچەکە دەکرد و غەنی بلوریان، عەبدوڵا ئیسحاقی ئەندامانی ئەم کۆمیتەیە بوون. حزبی دیموکرات پێوەندییەکی نزیکی لەگەڵ حزبی تودە ڕێك خست[٤]. شاری مەهاباد گەورەترین خۆپێشاندانی کرد لە کاتی شکستی کودەتای سەر

---

(١) بڕوانە: ریچارد کاتم م.پ، ص٢٨٩،٢٦١– حسین فردوست: ظهور وسقوط سلطنت پهلوی، تهران ١٣٧١، چاپ پنجم، ص٢٠٠–٢٠١.

(٢) عەبدوڕەحمان قاسملۆ، عەبدوڵا زادە س.پ ل١٨١.

(٣) جەلیل گادانی: س.پ – بەرگی یەکەم، ل٨٢.

(٤) چونکە تا ڕادەیەك حزبی تودە، پشتگیریی دەکرد لە هەڵوێستی د. موسەدەق لە دژایەتیکردنی بەریتانیا و ئەمەریکا، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: چپ در ایران بە روایت اسناد ساواك «کتاب سوم» عنکبوت سرخ، تهران ١٣٧٨ ص ٤٥ – جەلیل گادانی: س.پ، بەرگی یەکەم ل٧٨.

موسەدەق و هەڵاتنی شا بۆ بەغدا و ڕۆما کە دروشمی ئەوەیان دەدا «بڕۆ ئەی شاهی خائین، بەغدا نیوەی ڕێیەت بێ»(١).

بەڵام لە دوای چەند ڕۆژێك، بەیارمەتیی دەزگاکانی هاواڵگریی ئەمەریکا و بەریتانیا، سەرکەوتنی د. موسەدەق تێك شکێنرا و شا گەڕایەوە.

شکستی حکوومەتی د. موسەدەق لە ١٩٥٣/٨/١٩، شکستی دیموکراتییەت و هەموو ئازادیخوازان بوو، بە گەلی کوردیشەوە، بۆیە پاشەکشەی حزبی دیموکرات لەم ماوەیە دەبینرێ و هەندێکیان هەر زوو گیران، هەندێکیان چوون بۆ ئەوروپا و هەندێکیان پێوەندییان بەکوردستانی عێراق کرد(٢).

وەکو پێشتر باس کرا، یەك لە هۆکارەکانی بەستنی پەیمانی بەغدا، هاوکاریی ئاسایش و هەواڵگریی نێوان وڵاتانی ناوچەکە بوو کە کوردستانی بەسەر دابەش کرابوو، بۆیە هێزە دیموکراتییەکان و چەپەکان دژی ئەم پەیمانە بوون و، کوردیش وەك نەتەوەی چەوساوەی ژێردەستە، لە تەك ئەم هێزانە بوو لە دژی ئەو هەنگاوانەی کە ئەم وڵاتانە لە پاڵ دەوڵەتی بەریتانیا هەڵیان دەهێنا دژ بە بەرژەوەندیی گەلانی چەوساوە، نموونەی زەقی هەڵوێست وەرگرتنی بەشێك لە کوردەکانی ئێران، ڕاپەڕینی خێڵی جوانڕۆ بوو کە لە باکوری کرماشان نیشتەجێ بوون و دروشمی دژە پەیمانیان هەڵگرتبوو.

جوانڕۆیییەکان لە ساڵی ١٩٥٦ لە ئاست تاران توورەییی خۆیان دەربڕی کە کۆمەڵێ هۆزی تریش کەوتنە پاڵیان و لە ئەنجامدا ئێرانیش هێرشێکی گەورەی کردە سەر ناوچەکە و ژمارەیەکی زۆر گوندی وێران کرد، خەڵکێکی زۆری لەناوبرد و ژمارەیەکی بە دیل گرت و یاخۆ ئاوارەی کردن، کە ئەم ڕەشەکوژییە لەنێو میدیای جیهانیش دەنگی دایەوە(٣).

---

(١) محمد سالم الكواز: النفط والعلاقات البريطانية- الايرانية ١٩٤٨- ١٩٥٤، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الاداب، جامعة موصل ٢٠٠٣، ص٢١٧- ٢٣٥. استفين كينزر: همة مردان شاه، ترجمة شهريار خواجيان، تهران ١٣٨٣ چاپ دوم، ص٣١١، خسرو معتضد: سراب جانشين پسر، ج٢، تهران ١٣٧٤. ص٩٧١.

(٢) جەلیل گادانی، س.پ، بەرگی یەکەم، ل١٠٧.

(٣) كمال مظهر : م.س، ص٢٦٤.

## بەندی سێیەم

### سیاسەتی محەمەد ڕەزا شا لە ئاست بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کوردستانی عێراقدا ١٩٥٨- ١٩٦١

پارتی کۆمۆنیستی عێراقی، پارتی دیموکراتی کوردستان (کە لە ساڵی ١٩٤٦ لەسەر داخوازی مەلا مستەفا بارزانی بنیات نرا) و پارتی دیموکراتی نیشتمانی[١] پشتگیرییان لە شۆڕشی عەبدولکەریم قاسم کرد، کە لە ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ لە ڕێگەی کودەتای سەربازی دەسەڵاتی گرتە دەست. ساڵی ١٩٥٨، ساڵی وەرچەرخانی ژیانی سیاسیی عێراقییەکان بوو و هەروەها ئەم وەرچەرخانە کاریگەر بوو بەسەر پێوەندییەکانی ناوخۆیی و دەرەکی. لە ٢٧/٧/ ١٩٥٨ لە دەستووری عێراقی بەپێی مادەی ٣، دان بەوە دەنێ، کە عەرەب و کورد لەم وڵاتە هاوبەشن و بەپێی ئەم دەستوورە مافە نەتەوایەتییەکانی کورد لەناو عێراق دەچەسپێ [٢] و لە ٢٢/٣/ ١٩٥٩ عێراق لە پەیمانی بەغدا دەردەچێت[٣].

عەبدولکەریم قاسم حکوومەتێکی ئیئتیلافی پێك دەهێنێ کە هەوڵ دەدا پارتە ناوبراوەکانی سەرەوە و بەعسییەکانیش تێیدا بەشدار بن[٤] و عەبدولسەلام عارف[٥]

---

(١) عبدالفتاح علي البوتاني: موقف الاحزاب السياسية العراقية من القضية الكوردية ١٩٤٦-١٩٧٠ دهوك ٢٠٠٧، خانی، ص ٢٧ - کەندال و ئەوانی تر: گەلێکی پەژمووردە و نیشتمانی پەرت، وەرگێڕانی م. گۆمەیی سوید ١٩٩٨.ل٢٨٠.

(٢) بیگدلی: تاریخ سیاسی اقتصادی عراق (تهران ١٣٦٨، میراث ملل، ص٤٢، کریس کوچیرام.پ ص٢٥٠).

(٣) بیگدلی م.پ، ص٤٢.

(٤) بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی مێژووی دروستبوون و پەیڕەو و پرۆگرامی بەعس لە عێراق بڕوانە: حنا بطاطو :م.س، بيروت ١٩٩٩ مؤسسة الابحاث العربية، ص ٣٩-٤٠.

(٥) عبدالسلام عارف (١٩٢١- ١٩٦٦): لە گەورە ئەفسەرانی بەشدار لە شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ی عێراق بوو، لە لایەنگرانی یەکێتیی عەرەب بوو، لە سەردەمی قاسمدا خرایە زیندانەوە، لە ١٩٦٣دوای کودەتای دژ بەعەبدولکەریم قاسم، بووە سەرکۆمار و سەرەنجام بە ڕووداوی کەوتنەوەی فڕۆکە، کوژرا (١٩٦٦).

کە جێگری عەبدولکەریم قاسم و وەزیری ناوەخۆ بوو، لە تەك بەعسییەکان لایەنگری ئەوە بوون کە (کۆماری یەکگرتووی عەرەبی) لەگەڵ میسر و سووریا پێك بهێنن(١).

هاتنە دەرەوەی عێراق لە پەیمانی بەغدا لەلایەك و دەنگۆی یەکەتیی سێ قۆڵی میسر و سووریا و عێراق، لەلایەکی تر، ئێرانی شپرزە کرد هەروەها ڕووخانی ڕژێمێکی پاشایەتی هاوپەیمانی ڕژێمی شاهنشاهی ئێران، خۆی لە خۆیدا ترسێکی خستە گیانی دەسەڵاتدارانی ئێران، کە مەبادا سوپا و خەڵکی ئێرانیش بەهاوکاریی ئۆپۆزسیۆن بیر لە کردەوەیەکی لەم چەشنە بکەنەوە، بۆیە کەوتە خۆ بۆ پێشگرتن لە ڕووداوی هاوچەشن لە ئێران(٢).

عەبدولکەریم قاسمیش هیچ ئایدۆلۆجی و حزبێکی دیاریکراوی نەبوو(٣)، بگرە دەیویست تاکرەوانە جڵەوی حکوومەتی لە دەست دابێت تا بکرێ عێراق بەرەو سەربەخۆیی تەواو ببات، بۆیە ناچار بوو سیاسەتی (سەقامگیریی بالانسی هێزەکان) بەکار بهێنێ و هەردەمەی پشتی بەیەك لە هێزەکان دەبەست بۆ لادانی ئەو هێزەی تر کە هەستی بەمەترسی لێ دەکرد. لە کۆتاییدا، ئەو خۆشەویستیی خۆی لای کۆمۆنیستەکان و کوردەکان و پان عەرەبییەکان لە دەست دا و ئیتر دواجار نەیتوانی دۆست و دوژمن لێك هەڵاوێرێ و هەموو هێزەکان کەوتنە پیلان لە دژی(٤).

کێشەی مێژوویی سنووری جوگرافی لە نێوان عێراق و ئێراندا وەك کێشەیەکی سیاسی زیندوو کرایەوە(٥). دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ ناکۆکییەکان

---

(١) کریس کوچێرا م.پ، ص٢٥١– شیرزاد زکریا محمد: الحرکة القومیة الکوردیة في کوردستان العراق، ٨ شباط١٩٦٣– ١٧ تموز ١٩٦٨، اربیل ٢٠٠٦، سپیرز، ص٣٥.

(٢) عبدالرحمان قاسملو – عبدالله حسن زاده س.پ ل٢١٧.

(٣) درك کنان: کرد وکردستان، ترجمة جواد هاتفي، تهران ١٣٤٢، ص٦٦.

(4) Khaduri, Majid: Republican Iraq: A Study of Iraqi Politics since the Revolutionary of 1958. London Oxford University Press 1964. PP. ٥٨١ - ٦٨.

(٥) لە ساڵی ١٩٥٤، دوای دەستپێکردنی پێوەندیی توندوتۆڵی ئێران و ئیسرائیل، لە ناوچە سنوورییەکانی باشووری نێوان هەردوو وڵات تەنگژە پەیدا بوو لە ئەنجامی باج سەندنی زۆر لە زیارەتکەران و هەروەها بڕینی ئاوی ڕووبارەکان لەلایەن ئێرانەوە بۆ سەر خەڵکی عێراق، بەڵام شاندێکی عێراقی بەسەرۆکایەتیی سەعید قەزاز، وەزیری ناوەخۆ، بەرەو تاران چوون و لەوێ لەگەڵ شا و بەرپرسان کۆبوونەوە و تا ڕادەیەکی باش تەنگژەکانیان =

ڕەهەندێکی تریان بەخۆوە گرت، کە بۆ یەکەم جار بوو دوای دروستبوونی عێراق، ئاراستە سیاسی و ئایدۆلۆجییەکان هێندە لێك ترازان، هۆیەکانی ڕاگەیاندن شەڕێکی پڕوپاگەندەیی لە دژی یەکتریان هەڵگیرساندبوو(١).

عەبدولکەریم قاسم کۆمەڵێك هەنگاوی شۆڕشگێڕانەی نا وەك چاککردنی پێوەندی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت و وڵاتە عەرەبییە ئازادیخوازەکان، بەتایبەتی دەرکردنی یاسای چارەسەرکردنی کشتوکاڵی ژمارە ٣٠ ساڵی ١٩٥٨(٢)، کە لە کوردستان کاردانەوەی هەبوو(٣).

بەشێك لەو زەوییانەی کە یاسای چاکسازیی کشتوکاڵی لەسەریان جێبەجێ کرا، سنووری نێوان عێراق و ئێران بوو، بەشێك لە خێڵەکانی سنووریش، نێوان هەردوو لای سنوور دابەش بووبوون، کەواتە هەر کاردانەوەیەکی سەرەك خێڵێك لە دژی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە، کاریگەری دەبێ بەسەر دەوروپشتی و ئەودیو سنوور، یاخۆ پێچەوانەکەی، واتە حکوومەتی ئێران کەڵکی وەرگرت لەم ناڕەزایەتییانە کە لە سنوورەکانی ناو کوردستانی عێراق دروست دەبێ، هەروەکو دوو دەرەبەگی گەورەی جاف لە ناوچەی کفری و هەڵەبجە، کە دژی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە ڕادەپەڕن و شکست دەهێنن و ئاودیوی ئێران دەبن(٤).

لەنێو هێرشە پڕوپاگەندەییەکەی بەغدا، کوردستانی ئێرانی هان دەدا بۆ ڕاپەڕین لە دژی دەسەڵاتی ڕژێمی پاشایەتیی محەمەد ڕەزا و کوردستانی ئێرانیان بە (کوردستانی بەزۆری بەئێرانەوە بەستراو) ناو دەبرد، ئەم وەزعە زەوینەیەکی لەباری پەرەگرتنی تێکۆشانی سیاسیی ڕەخساند هەر لەو کاتەدا ڕێکخراوەکانی حزبی دیموکراتیش جووڵان(٥). لەنێو دیکۆمێنتەکانی دەزگای (ساواك) شپرزەیی و

---

= چارەسەر کرد و هەردوولاش ڕێك کەوتن لەسەر قەڵاچۆکردنی کۆمۆنیستەکان. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: عبدالرحمن البياتي: سعيد قزاز و دورة في سياسة العراق حتى عام ١٩٥٩، بيروت ٢٠٠١، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، ص١٤١– ١٤٥.

(١) منوچهر پارسا دوست: م.پ ص١٣٠.

(٢) اصغر جعفری ولدانی: م.پ ص٢٣٨.

(٣) کریس کوچێرا : م.پ ص٢٥٩.

(٤) كمال مجيد: النفط والاكراد، لندن ١٩٩٧. ص٤٣.

(٥) عەبدوڕەحمان قاسملۆ – عەبدوڵا حەسەن زادە س.پ ل٢١٨.

دڵەڕاوکێی فەرمانڕەواییی ئێرانی شاهنشاهی دەردەکەوێ کە بیروڕایان وایە ڕژێمی کۆماریی عەبدولکەریم قاسم بە ویستی یەکەتیی سۆڤیەت دامەزراوە و سەر بە ئەوە بەڕاشکاوی دەڵێت: ″ ڕاپەڕینەکانی میسر و عێراق ڕەگ و ڕیشەی کۆمۆنیستی هەیە و نابێ بەهیچ شێوەیەك بهێڵین، ئەم ڕاپەڕینە بپەڕێتەوە ئێران...″[1]. داوودەزگاکانی ئاسایشی ئێران دڵەڕاوکێی خۆیان نیشان دەدەن لە ئاست پێکهێنانی کۆماری یەکگرتووی عەرەبی لەسەر دەستی جەمال عەبدولناسر بەپشتیوانیی یەکەتیی سۆڤیەت[2]. کاتێ کودەتای عەبدولکەریم قاسم ڕووی دا، محەمەد ڕەزا شا لە دەرەوەی وڵات بوو و یەکسەر گەشتی خۆی دەپچڕێنێ و بەپەلە دەگەڕێتەوە وڵات، کە ئەمە ڕادەی ترس و دڵەڕاوکێی ئەو دەردەخات و هەروەها دەمودەست هێزەکانی سۆڤیەت لە سنووری باکور و، هێزەکانی ئەمەریکا لە کەنداوی فارس بەرەو پێشەوە دێن، بەڵام (شا) توانی کۆنترۆڵی بارودۆخە سیاسییەکەی بکات[3]. لە بەڵگەیەکی تر، بیروڕای کاربەدەستانی ساواك دەخاتە ڕوو کە سیاسەتی یەکەتیی سۆڤیەت ئەوەیە کە حکوومەتی نوێی عێراق زاڵ بێ بەسەر دوورگەکان و شێخنشینەکانی کەنداوی فارس و بەم شێوەیە، یەکەتیی سۆڤیەت وردە وردە هێزی خۆی بهێنێتە کەنداو[4].

هەندێ لە ئێرانییەکان ڕیشەی کودەتاکە دەگەڕێننەوە بۆ سووریا، کە گوایە ئەفسەرێکی ڕووسی بەناوی کوزتسف، کە پێشتر لە ئێران بوو و بەتاوانی سیخوڕی دەرکراوە، بەهاوکاری لەگەڵ وەزیری ناوەخۆی سووری، پلانی کودەتاکەیان دارشتووە[5].

ئێرانییەکان وای بۆ دەچوون کە یەکەتیی سۆڤیەت کۆنترۆڵی تەواوی عێراقی لە بەردەستدایە، وردە وردە شیوعییەکان «کۆمۆنیستەکان» دەهێنێتە سەر دەسەڵات و بەرنامەی دواتریان ئەوەیە کە بە یارمەتیی کوردەکانی ئێرانی دانیشتووی عێراق دەست بەجموجۆڵ بکەن، چونکە ئامانجی دوای عێراق لای سۆڤیەتەکان، ئێرانە[6].

---

(١) چپ در ایران، عنکبوت سرخ، ص٦٧.

(٢) هـ.س، ص٦٦.

(٣) هـ.س، ص٦٢.

(٤) هـ.س، ص٥٩.

(٥) هـ.س، ص٥٨.

(٦) هـ.س، ص٨٧.

لایەنی پێوەنداری ئێرانی ئاماژە بە ڕاپەڕینی «شواف»[١] لە مووسڵ دەکەن گوایە بەپێی ئەو دۆکیومێنتانەی بەردەستی عێراق و سۆڤیەت کەوتووە، ئێران دەستی لەم ڕاپەڕین و گێرەشێوێنییانە لە عێراق هەیە و لەوانەیە ببێتە کاردانەوەیەك لای عێراقییەکان و پەل بکوتن بۆ ناو خوزستان و کوردستانی ئێران و هەروەها باس لەوە دەکەن لە ململانێی دەسەڵاتدا لە عێراق کۆمۆنیست و ناسریست، بۆ ئێران مەترسییەکی گەورەیە[٢] و، هەروەها باس لە هەستیاریی ناوچەی کوردستانی ئێران دەکەن کە یەکەتیی سۆڤیەت هەر پلانێکی هەبێ لە ڕێگەی کوردستانەوە جێبەجێ دەکات[٣]، تیشك دەخەنە سەر ئەو بابەتە کە یەکەتیی سۆڤیەت، لە ڕۆئاوا و باکوری ڕۆئاوای ئێران واتە سنووری نێوان ئێران، عێراق و تورکیا، خەریکی نانەوەی گێرەشێوێنییە و سوود لە خێڵە کوردەکان وەردەگرن[٤].

لە بەڵگەیەکی تردا باس لە هێرشی ڕاگەیاندنەکانی سۆڤیەت دەکا بەمەبەستی وروووژاندنی خێڵەکانی ئێران لە دژی ڕژێمی شاهنشاهی[٥] و، هەروەها ئاماژە بەمە دەکا کە بۆ یەکەم جار ڕادیۆی مۆسکۆ لە وەستانی فارسیی خۆی لە ١٩٥٩/٤/٢٧

---

(١) جلیلی جلیل وأخرون م.س : ص ٢٢٣ دەنووسێ : لە ئاداری ١٩٥٩ لە مووسڵ پیلانێکی گەورە لە دژی حکوومەتی کۆماری هاتە ئاراوە کە پشتگیری دەکران لەلایەن بەرەی کۆنەپەرستی ناوەخۆ و ژمارەیەك لە ناوەندەکانی ڕەگەزپەرستی لە وڵاتانی عەرەبی و هەموو وڵاتانی بەشداربووی پەیمانی بەغدای دوژمنکار، ص ٢٢٨ دەڵێت لە ئەنجامی ئەم ڕووداوانە بوو کە قاسم لە پەیمانی بەغدا هاتە دەر.

(٢) چپ در ایران، عنکبوت سرخ، ص١٤٦.

(٣) هـ.س، ص١٥٥.

(٤) هـ.س، ص١٥٧. حەسەن ئەرفەع ئەفسەر و کاربەدەستی بەرزی ئێرانی کە شارەزای بارودۆخی سیاسیی کوردستان بوو و، لەسەر مێژوو و ڕووداوەکانی هاوچەرخی خۆی کتێبێکی نووسیوە بەناوی (کوردەکان) سەبارەت بەپڕوپاگەندەی ئەوەی سۆڤیەت بەتەما بوو بێت کە چەك و کەرەستەی سەربازی بەشێوەیەکی نهێنی بگوازێتەوە بۆ سنووری باکوری ڕۆئاوای ئێران ڕەت دەکاتەوە و بەم جۆرە کۆنترۆڵکردنەی توندی سنووری لەلایەن بنکەکانی چاودێریی ژاندارمەری، ئەم کارە کردەنی نییە. حەسەن ئەرفەع: کوردەکان، وەرگێڕانی سەردار محەمەد، سلێمان ٢٠٠١ سەردەم ل١٥٦.

(٥) روح الله رمضاني: سیاسة ایران الخارجیة (١٩٤١–١٩٧٣)... ص ٤٢٠– ٤٢١

پشتیوانیی خۆی لە کوردی ئێران ڕاگەیاندووە[١].

لە بەڵگەیەکی تر باس لە پلانی سۆڤیەت دەکات بۆ بەهێزکردنی دەوڵەتی عێراقی و پێکهێنانی حکوومەتی سەربەخۆی کوردستان و پشتیوانی لە ئەفغانستان، بەمەبەستی گەیشتنی بەزەریای ئازاد[٢]. بەشێوەیەکی کاریگەر و کردەنی – پڕوپاگەندەی ڕاگەیاندنەکانی عێراق و سۆڤیەت، کاری خۆی لەسەر خەڵکی بەرهەڵستکاری ئێران دەکرد و دوای ئەم وەرچەرخانەی عێراق، دووبارە چالاکیی خۆیان لە ئێران پەرە پێ دەدەن، لەلایەن ڕژێمەوە ترس و دڵەڕاوکێ، دەبووە هۆی گرتنی خەڵکی جێی گومان و لە هەمان کاتدا بەختیارییەکان و قەشقاییەکان خەریکی خۆئامادەکردن بوون بۆ کردارگەلێ دژی ڕژێمی شا[٣].

عێراق بوو بەناوەند و بارەگای سەرەکیی حزبی کۆمۆنیست لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست و کۆمۆنیستەکانی ئوردن و سووریا و لبنان و ئیسرائیل ڕوویان لە بەغدا دەکرد و ئەمەش کاریگەری هەبوو لەسەر کۆمۆنیستەکانی ئێران (حزبی توده) و ئەوانیش هاتنە بەغدا[٤]، چونکە عێراق تەنیا وڵاتێکی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست بوو کە جموجۆڵی کۆمۆنیستی تێیدا یاسایی بوو و بێگومان مەبەستیان کارکردن بوو لەسەر کۆمۆنیستەکانی ناو ئێران، بەتایبەتی لە خوزستان (پارێزگای عەرەبنشینی ئێران) و کوردستان و ئازەربایجان و فارس، کە ڕاگەیاندنەکانی فەرمیی ڕژێمی شا، نارەزاییی خۆیان لە چالاکیی حزبی توده لە عێراق دەربڕیوە[٥]، کە ئەمەش یەك لە هۆکارەکانی تێکچوونی پێوەندییەکانی عێراق و ئێران بوو و هەروەها ڕژێمی ئێرانیش دەستبەکار بوو، کە لە بەرامبەر هاندانی بەرهەڵستکارانی لەلایەن بەغداوە، ئەویش کار بکا بۆ ڕێکخستن و بەهێزکردنی بەرهەڵستکارانی بەغدا لە ناوەوەی عێراق، یەك لە ڕێگەکان، پێوەندیی «ساواك» بەخەڵکی بەرهەڵستکار بووە.

یەك لە کاریگەرترین و بەناوبانگترین سیخوڕی (ساواك) کە لە ئاستی عێراق و

---

(١) چپ در ایران، عنکبوت سرخ ص ١٦٢.

(٢) هـ.س، ص١٧٣.

(٣) اصغر جعفری ولدانی : م.پ، ص٢٤٥.

(٤) سعيد خديده علو: العلاقات العراقية الايرانية واثرها في القضية الكردية في العراق ١٤ تموز ١٩٥٨ – ٨ شباط ١٩٦٣ – دهوك ٢٠٠٦، ص٨٤.

(٥) اصغر جعفری ولدانی م.پ، ص٢٤٧.

بەتایبەتی کوردستان دەستی بەجموجۆڵ کرد (عیسا پژمان) بوو. عیسا پژمان خۆی دان بـەم ڕاستـیـیـە دەنـێ و دەڵـێ: "چـالاکیی ساواکی ئێران بۆ گەڕاندنـەوەی ڕژێمی پاشایەتی لە عێراق کە بەپێی ویستی پاشای ئێران دەستی پێ کردبوو، بووە هۆی دەسەڵات وەرگرتنی بەعسییەکان..." (١). عیسا پژمان لە لایەن سەرۆکی دەزگای ساواک بەپلەیەکی سوپایی ناو باڵیۆزخانەی تاران لە بەغدا، دادەمەزرێ(٢) و، وردە وردە دەست بەکارە ڕاسپێردراوەکەی دەکا کە ئەویش پێوەندیکردن بوو بەسەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان و پیاوماقووڵانی کورد و ئەفسەرانی عێراق(٣).

یەك لە ئامانجەکانی پژمان، دیدار و گفتوگۆ بووە لەگەڵ بارزانی کە ئەو کاتی لە بەغدا دادەنیشت ١٩٥٩ عیسا پژمان بێزاریی محەمەد ڕەزا شا ئاشکرا دەکا کە چەندە نیگەران بووە بەم هێرشە ڕاگەیاندنەی ڕادیۆی بەغدا و ڕۆژنامەی خەبات؛ ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان کە بەجۆرێك لە سووکایەتی پێکردن پێناسەی دەکات، ئـەمـانـە پێوەندییـەکانی نێوان دوو وڵات دەشێوێنێ. عیسا پژمان دەکەوێتە گەڕان بەهەموو ناوچەکانی کوردستان و دیتنی خەڵکی دەسترۆ و بینینی سیاسەتوان و ڕۆشنبیرانی کوردی لە دەرەوەی کوردستان، لەوانە د. کامەران بەدرخان لە ئەنستیوتی پاریس کە کاریگەرییەکی زۆری بەسەر عیسا پژمان و ساواك و دەوڵەتی ئێران هەبوو و هەردوولا، دەگەنە ئەم بڕوایە کە بۆ ئەوەی سەرنجی کوردانی عێراق بۆ لای خۆیان ڕابکێشن و لە هێرشی ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕزگاریان بێ(٤) و بـەرەیـەکی نوێ دروست بکەن بۆ دژایەتیکردنی حکوومەتی عەبدولکەریم قاسم، پێویستە هەندێ هەنگاوی جیدی لەناو ئێران بەتایبەتی لە کوردستانی ئێران

(١) عیسی پژمان : اسرار بستن پیمان ١٩٧٥ الجزیره... ص ٣١.

(٢) هـ.س، ص ٢٩.

(٣) ئیبراهیم ئەحمەد سەرۆکی لقی سلێمانی کۆمەڵەی (ژ.ك) لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێ کە لە ساڵی ١٩٤٧ و ١٩٤٨، پژمان دەیناسێ، ئەو کاتەی بەتایبەتی هاتبوو بۆ دیتنی ئەو لە کەرکووك لە پاش بەربوونی لە گرتیگە. بڕوانە : عەلی کەریمی، ژیان و بەسەرهاتی عەبدوڕەحمان زەبیحی، سلێمانی چاپی دووەم ٢٠٠٥ ل ٢٨٤.

(٤) ڕۆژنامەی خەبات، ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان داوای بەردەوامیی خەباتی دەکرد لە دژی حکوومەتی ئێرانی شاهنشاهی، چونکە بەخزمەتکاری وڵاتی ئیستیعمارگەری ئەمەریکای دەزانی، بڕوانە: ڕۆژنامەی خەبات، ٢٤ی تشرینی دووەمی ١٩٥٩ .

بهاوێژن، لەوانە، بۆ یەکەم جار دەرفەتیان دا کە ڕۆشنبیرانی ئێران ڕۆژنامەیەك دەربکەن بەناوی «کوردستان»[١] و هەروەها لێبووردنی چوار لە سەرانی کوردەکان کە دادگە سەربازییەکانی ئێران حوکمی لەداردانیان بۆ دەرکردبوو، بەفەرمانی پاشا کەم کرا و بۆ بەندبوونی هەتاهەتایێ، هەرچەندە غەنی بلوریان لە کتێبەکەی هۆکاری لێبووردنەکە بۆ هەڕەشەی بارزانی، دەزانێ کە لە ڕژێمی کردبوو (کە خۆی یەك لەو چوار کەسە بوو)[٢]، جگە لەوە بەرنامەی کوردیی ڕادیۆی تاران لە چارەگە سەعاتێك بوو بە یەك سەعات و، لە شارەکانی کوردستانیش ڕادیۆی کوردی دامەزرا. عیسا پژمان وەك خۆی دەڵێ: ″ئەم هەنگاوانە بوونە هۆکارێك بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کوردی عێراق بەئاسوودەیی، بۆ ئەوەی بتوانم نیازچاکیی دەوڵەتی ئێران بەرامبەر بەکورد نیشان بدەم″. عیسا پژمان و سەرۆکی دەزگای ساواك، لەلایەن شای ئێرانەوە دەنێردرێن بۆ ئوردن لای مەلیك حوسێن، بۆ ئەوەی بەیەکەوە و بەهاوکاریی عێراقییە هەڵاتووەکان، پلانی ڕووخانی ڕژێمی عەبدولکەریم قاسم دابڕێژن[٣].

دوای گەڕانەوەی بارزانی بۆ عێراق و کوردستان و پەرەسەندنی جموجۆڵی سیاسی و ڕۆشنبیری لە کوردستان و بەغدا، باڵیۆزخانەی ئێران لە بەغدا ڕاپۆرت بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئێران دەنێرێ کە بارودۆخی عێراق بەگشتی لە بەرژەوەندیی کوردانە و دوور نییە لەبەر ئەو ناوبانگییەی کە بارزانی لە ناوەوە و دەرەوە هەیەتی ببێت بەفەرمانڕەوای عێراق و، لەلایەکی تر کۆمۆنیستەکانیش دەستیان زۆر دەڕوا و پێوەندیشیان لەگەڵ کورد و سۆڤیەت زۆر باشە[٤]، لەلایەکی ترەوە بەریتانیا هانی ئێران و تورکیا دەدا بۆ دەستتێوەردان لە کاروباری عێراق (پێویستە دەوڵەتی شاهنشاهی هاوشان لەگەڵ تورکان دەستبەکار بن بەشێوەیەکی بەربڵاو بۆ ڕێگەگرتن

---

(١) ژویس بلو: م.پ ص٥٨.

(٢) محەمەد عەلی سوڵتانی لە کتێبە بەڵگەنامەییەکەی بەڵگەیەك دەخاتە ڕوو کە ڕۆژنامەکانی عێراقی هێرشێکی لە دژی ئێران دەستی پێ کردووە سەبارەت بە لەداردانی چوار لە سەرانی کوردستانی ئێران کە مەلا مستەفا بارزانی بڵاوکراوەیەکی بۆ هەموو پارت و کەسایەتی و ڕێکخراوەکان ناردووە و داوای هاوکاری و هاوئاهەنگیی کردووە لە پێشی گرتن لە جێبەجێکردنی ئەم فەرمانە، بڕوانە: محمد علی سلطانی، م.پ – ل ٣٤٧.
غەنی بلوریان : س.پ، ل٢٤٠

(٣) عیسی پژمان :م.پ، ص٦٥.

(٤) هـ.س، ص٧٦.

لە هەر پێشهاتێکی چاوەڕوانکراو لەم بارەیەوە)[١] بەپێی بەڵگەکان پێ دەچێ هەر لەگەڵ هاتنەوەی بارزانی بۆ عێراق، نیگەرانیی ئێران دەست پێ دەکات و یەك لە ترسەکانی، ورووژانی کوردستانی ئێرانە لە ڕووی هەستی نەتەوایەتی و ڕزگاریخوازی، بۆیە باس لەوە دەکەن کە (ئەم بابەتە زۆر بایەخدارە و دەبێ بۆ ڕێگەگرتن لە هەر مەترسییەکی چاوەڕوانکراو، ئەوەی پێویستە بکرێ و، ساواك خەریکی تاوتوێکردنی بابەتەکە بی) [٢].

یەك لە بەڵگەکان ئاماژە بەوە دەکا کە شێخ ئەحمەد بارزانی، برا گەورەی مەلا مستەفا بارزانی بەنهێنی نامەی ناردووە بۆ سەرۆك خێڵەکانی کوردستانی ئێران بەمەبەستی پێکهێنانی کوردستانی ئازاد[٣].

هەروەها دانیشتنێك دەکرێ لە باڵیۆزخانەی یوگۆسلاڤیا لە بەغدا و بارزانییش یەکێ لە میوانەکان بووە کە تێیدا بەتوندی ڕەخنە دەگرێ لە گفتوگۆ سەربازییەکانی نێوان ئێران و ئەمەریکا کە ئەمە ئاشتیی جیهان دەخاتە بەر مەترسی[٤]. ڕاگەیاندنی ئێران لە سانسۆرکردنی هەندێ بابەت و گەورەکردنی هەندێ هەواڵ بەردەوام دەبن و کاتێ کۆواری «تهران مصور» کە کۆوارێکی فەرمیی وڵاتە، سەبارەت بە هەڵکەوتی بارزانی لە عێراق دەنووسێ و چەندان وێنەی بارزانی بڵاو دەکاتەوە، (ساواك) تووڕە دەبێ و سەرنووسیاری ئەو کۆوارە بە (هەڵخەڵەتاو) لەلایەن هەندێ لایەن تاوانبار دەکات و، لە یەك لە بەندەکانی ڕاپۆرتی ساواك لەسەر بارودۆخی چاپەمەنی لە ئێران هاتووە: "لە چاپکردنی وێنەی بارزانییەکان و گەورەکردن و گرینگی پێدانیان خۆتان دوور بگرن"[٥]. بەر لە دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلوول (١٩٦١)، دەوڵەتی ئێران زۆر

(١) جلیلی جلیل و اخرون: م.س، ص ٢٢٩: لە تەموزی ١٩٥٩ لە کەرکوك هێرشێکی گەورەی کۆنەپەرستی دەستی پێ کرد لە دژی هێزە دیموکراتەکانی عەرەبی بەگشتی و دژی کورد بەتایبەتی، کە ڕێکخراوی «توران»ی لایەنگری تورکیا دوای وەرگرتنی یارمەتیی مادی لە کۆمپانیای نەوتی عێراق پێی هەڵسا. بۆ زانیاریی زیاتر لە دەستتێوەردانی ئێران و تورکیا لە ڕووداوەکانی کەرکوك بڕوانە: سعید خدیدة علو، م.س، ص١٧٩.

(٢) محمد علی سلطانی: م.پ، ص٢١٣.

(٣) هـ.س، ص٢٣٧

(٤) هـ.س، ص٢١٩.

(٥) مطبوعات عصر پهلوی به روایت اسناد ساواك، کتاب اول، مجله تهران مصور، تهران ١٣٧٩ ص بیست و یك.

بەوردی چاودێریی کورد و کوردستانی ئێران دەکا کە ئاخۆ کاریگەری وەرچەرخانی عێراق و جموجۆڵی سیاسی بارزانی چەندە کاریگەرە بەسەر ئەوان.(١)

بەڵگەنامەکان ئەوە نیشان دەدەن کە دەوڵەتی ئێران ترسی ئەوەی لێ نیشتووە کە کوردەکانی بەشی ئێران لەژێر کاریگەری پارتی دیموکراتی کوردستان و بارزانیدان خەریکی خۆڕێکخستنەوە خۆچەکدارکردنن بەمەبەستی ڕاپەڕین(٢). بێگومان پێوەندیی

---

(١) ڕادیۆی بەغدا بەشی کوردی ڕۆڵێکی کاریگەری بینی لە وروژانی کورد لە کوردستانی ئێران لە دژی حکوومەتی ناوەندیی تاران، کە وەك کەریمی حیسامی لە کتێبەکەی باس لەوە دەکات کە خەڵکی مەهاباد لە چاخانەکان گوێیان لە ڕادیۆی بەغدا دەگرت و هەستیان دەبزوا، بۆیە پیاوانی «ساواك» بەردەوام لەناو شار دەسووڕانەوە بۆ ئەوەی ڕێگە لەم بیستنە بگرن، بڕوانە: کەریمی حیسامی: لە بیرەوەرییەکانم، بەرگی دووەم، سوێد ١٩٨٦ ل ٣٨.

(٢) بەڵگەی یەکەم:

هەواڵەکان دەڵێن :

١- بەشی هەرە زۆری کوردی دانیشتوانی سنە و مەهاباد و جوانڕۆ لە ئێران، حزبێکیان دامەزراندووە بەناوی «جمعیت کرد» کە ڕاستەوخۆ پێوەندییان بەکوردانی پەیڕەوی مەلا مستەفا بارزانییەوە هەیە.

٢- ئەم کۆمەڵەیە لە ئێران پەرەیان سەندووە و فەرمان لە جەمال عەبدولناسر سەرکۆماری یەکەتیی عەرەب وەردەگرن و یارمەتیی پێویستیش لە یەکەتیی سۆڤیەت وەردەگرن، دەنگۆ وایە یارمەتییەکە، چەکدارکردنیانە بەچەکی مۆدێرن کە ژمارەیەکی زۆری لەم ناوچەیە دابەش کراوە.

٣- ئەم کۆمەڵەیە لەسەر بنەمای دیسپلینی حزبی بەڕێوە دەچن و سەرقاڵی چالاکین، گوایە چاوەڕوانی کۆتاییهاتنی وەرزی زستانن تا دەست بکەن بە ڕاپەڕین لە ئێران و عێراق.

بەڵگەی دووەم: ١/ ٢/ ١٣٤٠

١- نزیکەی ١٩ ڕۆژ پێش، کوردێك ٥٠ دەمانچەی لەنێو کوردانی سنە دابەش کردووە.

٢- نزیکەی دوو مانگ پێش، ژمارەیەکی بەرچاو دەمانچە و تفەنگ لەلایەن بارزانییەوە لە یەکەتیی سۆڤیەت وەرگیراوە و ئەویش لە پارێزگای هەولێرەوە بۆ مەهاباد ناردوویەتی و لە مێژووی سەرەوە خەریکی دابەشکردنن بەسەر کورداندا.

٣- لە زۆربەی شارەکان، لقی حزبی پارتی پێك هاتووە لە سنە و مەریوان و سابلاخ و هەورامان و... هتد. =

نێوان کوردی هەردوولا، هەر لە بنەڕەتی شێوەگرتنی نەتەوەیەك بەناوی کورد هەر هەبووە و سنووره دەستکردەکان ناتوانن پێوەندیی خوێن و خزمایەتی و خێڵایەتی و ناسیۆنالیستی لەناو بەرن، بەڵام فەرمانڕەواییی تاران، راهاتوون کەموکوڕییەکانی حوکمڕانێتیی خۆیان بەناشیرینکردن و بوختانکردن بەمیللەتانی چەوساوەی ژێر دەسەڵاتی خۆیان بشارنەوە، لە ڕاستیدا سیاسەت لە کولتووری سیاسیی سەردەمی محەمەد رەزا شا یەکسان بووە بەچەمکی پیلان، تیرۆر، فێڵ، توندوتیژی، دڵپیسی و درۆ و دووڕوویی، لەلایەکی تر لە سۆنگەی فەرمانڕەواییی سیستمی توتالیتاری و نەبوونی روحی لێبووردنی سیاسی و بێ متمانەیی و هەڵپەی هێز و دەسەڵات، کەشوهەوایەکی وای دروست کردووە کە تیۆری پیلانگێڕی لەنێو ئێرانییەکان گەشە بکا بەدروستکردنی دوژمن «بەشێوەیەکی ساختە و وەهمی» و زێدەگۆیی و گەورەکردنی هەڕەشەکانی دوژمنان و هەبوونی پیلان لە دژی دەوڵەت، بەم شێوەیە دەیانتوانی لە بەرپرسیارێتیی خۆیان لادەن و کەموکوڕیی خۆیان بشارنەوە[١].

ڕژێمی پەهلەوی هەردەم هەوڵی داوە لە ڕێگەی سیاسەتی پان ئێرانیزم کار بکاتە سەر کورد و لەلایەك لە مەترسییەکانی بۆ سەر رژێم کەم بکاتەوە و، لەلایەکی تریشەوە سوود لە هێز و تواناکانیان وەرگرێ لە ململانێکاندا لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچە[٢]. ئەو

---

= ٤– لە مەهاباد لقی حزبی پارتی پڕ بایەخترە لە سنە.

٥– لە شارە ناوبراوەکان و ناوەندە چڕەکانی کوردستان، لەلایەن مەلا مستەفاوە چەکی سۆڤیەت نێردراوە و لە نێوان ئەو خەڵکە دابەش دەکرێ کە جێی بڕوان و سەر بەحزبی پارتین، بەر لە دوو مانگ دەستی پێ کردووە و بەردەوامە.

٦– بەشێك لە ئەفسەرانی پلەدار لە کوردستان ناویان لە حزبی پارتی نووسیوە و چالاکانە کار دەکەن و ژمارەیان لە مەهاباد و مەریوان و هەورامانی تەخت و سنە زیاترە و گشت چالاکییەکان بۆ یەکگرتنی کوردە، حەمە ڕەشید بانەیی و پیاوەکانی هاوکارییان هەیە. (محمد علی سلطانی م. پ ص٣٥٦ – ٣٥٧).

(١) زاهد غفاری هشجین : تئوری توطئە در فرهنگ سیاسی معاصر ایران، تهران، ١٣٨٤، ص٢٠٩ – ٢١٠.

(٢) دەوڵەتی ئێران بەردەوام دەیەوێ کار لەسەر ئەم خاڵە بکات کە کورد، ئێرانی ڕەسەنن و بۆیە لە کاتی هەبوونی کەشوهەوای پڕ لە توندوتیژی و یان نائارامی و پشێوی لە عێراق، هەوڵ دەدەن، سەرنجی کورد بۆ لای ئێران «نیشتمانی ڕاستینی خۆیان» ڕابکێشن کە وڵاتێکی ئارامە، هەروەکو لە یەك لە بەڵگەکان دەڵێت: =

کاتەی ئێرانییەکان زیاتر ترسیان لێ دەنیشێ کە جەمال عەبدولناسر، دەرفەت دەدا کە ڕادیۆی قاهیرە ڕۆژێ یەك سەعات بەرنامەی کوردیی هەبێ[١]، بێگومان ئەم پشتگیرییەی جەمال عەبدولناسر، نیشانەی بەرنامەیەکی گەورەی سیاسییانەی خۆیەتی کە ئەویش دامەزرانی کۆمارێکی یەکگرتووی عەرەبی لە نێوان میسر و سووریا و عێراق بوو، کە سەر بەبلۆکی یەکەتیی سۆڤیەت دەبن و بەرگری لە پان عەرەبیزم دەکەن کە ئێران ئەمەی لا ئاشکرا بوو، بۆیە خۆی و وڵاتانی ڕۆئاوای دۆستی، پێی سەغڵەت بوون[٢].

وەك پێشتر باس کرا یەك لە کێشەکانی کە ڕووبەڕووی کۆماری نوێی عێراق بووەوە، بەرەنجامی دەرچوونی یاسای چاکسازیی زەوی بوو کە زەویدارە گەورەکانی کوردستان، تووشی شۆك بوون، بۆیە ناڕەزاییی خۆیان نیشان دا و بێگومان ئەم بەرهەڵستکارییە لە ئاست پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرکردایەتیش بوو «بارزانی»، چونکە لایەنگیری ئەم یاسایە و جێبەجێکردنی بوون. یەك لە زەویدارە گەورەکانی کوردستان، شێخ ڕەشیدی لولان بوو کە ناوچەکەی ژێر قەڵەمڕەوی ئەو لە

---

= بەم جێگیری و سەقامگیرییەی کە لە ئێران هەیە و هەست بەئاسایش نەکردن لە عێراق، هەستی (ئێرانخوازی) لای کوردی عێراق دەشێ بنیات بنرێ، بەر لەوەی کە ڕوو لە سیستمی تر بکەنەوە «محەمەد عەلی سوڵتانی ٣٨٩–٣٩٠ »، هەروەها چەندان جار تەیموور بەختیار، سەرۆکی دەزگای «ساواك» رادەگەیەنێت کە کوردی دەرەوەی ئێرانیش، هەر ئێرانی حسێبن و زمانیان فارسییە و پێوەستبوونیان بەزێدیان لە یاد ناکەن و ئەگەر کوردی سووریاو عێراق بیانەوێ لەگەڵ ئێران یەك گرن، ئەوا بەبایەخەوە قبووڵ دەکەین... (محمود الدرة : القضية الكردية ط ٢ بيروت ١٩٦٦، ص ٤٠٤) هەروەها وەزیری دەرەوەی ئێران بەباڵیۆزی کۆماری عێراق لە ٢٠ی ئابی ١٩٥٩ ڕادەگەیەنێ کە" بەڕاشکاوی دەبێ بڵێم کە کورد ئێرانین و جیاوازییان نییە لەگەڵ ئێرانییەکانی تر" (هـ.س، ص٤٠٤).

(١) عەبدوڕەحمان زەبیحی یەکێ لە دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد کە دوای ڕووخانی کۆمار هەڵاتە عێراق، بەر لە شۆڕشی عەبدولکەریم قاسم، لەگەڵ میسرییەکان وتووێژی کردبوو بۆ دامەزراندنی ڕادیۆی کوردی و ئەوە بوو ئەم ڕادیۆیە دەستبەکار بوو، بڕوانە: عەلی کەریمی، س.پ، ل٣٠٦.

(٢) لەبارەی هەڵوێستی جەمال عەبدولناسرەوە لە ئاست کێشەی کورد بڕوانە: عەبدولفتاح عەلی بۆتانی : جمال عبدالناصر والقضية الكوردية ٢٣ تموز ١٩٥٢، اذار ١٩٧٠، متين (المجلة)، العدد ٦٢، دهوك، اذار ١٩٩٧، ص١٠٧ – ١٠٩.

سنووری ئێران و تورکیا بوو کە دەروێشێکی زۆری لە کوردستانی دوو وڵاتەکەش هەبوو، بۆیە ئێران و تورکیا بەهەموو شێوەیەکی دارایی و مەعنەوی یارمەتییان دا. تایبەتمەندییەکی تری سیاسەتی ئێران بەرامبەر نەتەوە ژێردەستەکانیان و تەنانەت دەوڵەتە دراوسێکانیان، سیاسەتی دروستکردنی کەلێن، لەناو پێکهاتە نەتەوەیییەکان و نانەوەیان بەگژ یەکتریدا بوو، هەروەکو لە بەڵگەیەکی ساواك باس لە ناکۆکی و پێکدادانی نێوان خێڵی گۆران «کە سەر بەبارزانییەکانن» لەگەڵ خێڵی هەرکی «خێڵی محیەدین هەرکی کە دژی بارزانییەکانە» دەکات کە لە دەوروبەری مووسڵ ڕووی داوە و لە ئەنجامدا، ٧ کەسی هەرکی و سێی گۆران کوژراون و لە دواییدا بەناوبژیکردنی پیاوانی حکوومەت، شەڕەکە کۆتاییی پێ هاتووە. لە خوارەوەی بەڵگەنامەکە بیر و بۆچوونی خۆیان دەخەنە ڕوو «ساواك»: "ئەم جۆرە ناکۆکی و پێکدادانە تا زۆر بێ باشە و دەبێتە هۆی لاوازبوونی حزبی پارتی و پێشگرتن لە چالاکییەکانی مەلا مستەفا و لایەنگرە حزبییەکان[1]". شێخ ڕەشید لولانی لە ناوچەی برادۆست ڕاپەڕی، ئێران چەك و تفاقی بۆ نارد و هەروەها کۆمەڵێ ئەفسەری ئێرانی و تورکی بەجلی کوردی لە ماڵەکەی نیشتەجێ بوون بۆ ئەوەی دەروێشەکانی ڕابهێنن لەسەر شێوازی شەڕی پارتیزانی، ئەوە بوو کە شێخ ڕەشید دەستی گرت بەسەر فەرمانگەکانی میری وەك ناوەندی پۆلیس لە سیدەکان و گرتنی ڕێگەوبانەکانی ستراتیجیی ناوچەکە، بەناچاری عەبدولکەریم قاسم ڕووی لە مەلا مستەفا بارزانی کرد کە یارمەتیی بدا و ئەویش توانی یاخیبوونەکە دابمرکێنێ[2]. ڕەشید لۆلانیش بەرەو ئێران هەڵات، کە بەگەرمی پێشوازیی لێ کرا و هەموو پێداویستییەکانی ژیانی بۆ دەستەبەر کرا[3]، ئەمە بیانوویەکی باش بوو لە دەستی ئێران بۆ ئەوەی لەسەر سنوور کەمپیان بۆ دروست بکا و ئامادەیان بکات و بۆ شەڕ لە دژی عێراق ڕەوانەی ئەودیویان بکا، عێراق بەم مەبەستەی ئێرانی زانی، بۆیە هەوڵی دا پەنابەران کە ژمارەیان نزیکەی ١٧ هەزار مەزەندە کراوە[4]، بگەڕێنەوە ناو وڵات، بۆ ئەم مەبەستە لە ٦/٢٥/ ١٩٥٩ فەرمانی بەخشینی بۆ دەرکردن بۆ ئەوەی ئێران وەك کارتی پاڵەپەستۆ بەکاریان نەهێنێ[5].

(١) محەمەد عەلی سوڵتانی : م.پ ص ٣٥٩.
(٢) ڕاستی – الحقيقة (جريدة)، ١٧ ايار ١٩٥٩.
(٣) حەسەن ئەرفەع، س.پ، ل١٩١– ١٩٢.
(٤) سعيد خديده علو :م. س ، ص١٦٩.
(٥) البلاد (جريده) ٢٦ حزيران ١٩٥٩.

هەروەها عەبدولکەریم قاسم وای لێکدایەوە کە لەوانەیە بوونی ئەم ژمارە زۆرە پەنابەری کورد لە سنوورەکان ببێتە هۆی جیابوونەوەی بەشێکی خاکی کوردستان لە عێراق، بۆیە هەوڵی دڵڕاگرتنی دان[١].

(١) حەسەن ئەرفەع، س.پ، ل ١٤٥–١٥٥.

بەشی سێیەم

# سیاسەتی ئێران بەرامبەر بەشۆڕشی ڕزگاریخوازی نەتەوەییی کوردی لە عێراق ١٩٦١ - ١٩٦٤

# بەندی یەکەم

## هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ تا ڕووخانی ڕژێمی عەبدولکەریم قاسم لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣

شۆڕشی ئەیلوول کە ١٩٦١/٩/١١ بەسەرەتای دەستپێکردنی ناسراوە، لە ئەنجامی کۆمەڵە هۆکارێك دەستی پێ کرد کە هەندێ لەم هۆکارانە بۆ بارودۆخی کوردستان و ویست و ئیرادەی سەرکردایەتیی کورد دەگەڕێتەوە و، هەندێکیش بۆ بارودۆخی عێراق و ویستەکانی عەبدولکەریم قاسم دەگەڕێتەوە و، بڕێکیان بۆ هۆکارە دەرەکییەکان دەگەڕێتەوە. هەموو ئەو هۆکارە جیاجیانە، بەیەکەوە کۆ دەبنەوە و وا لە کەشوهەوای کوردستان و ئیرادەی کوردەکان دەکا کە بتەقێتەوە. عەبدولکەریم قاسم وردە وردە کەسایەتیی «تاك ڕەوانە»ی خۆی بەدەرخست و(١) نەیدەتوانی کەسایەتیی تاکێکی تر ببینێ کە خۆی لە شانی ئەو بدا. چونکە خۆی لە بنەڕەتدا پارتێکی نەبوو، بۆیە نەیدەتوانی ژیانی فرە حزبی و بەدەرکەوتنی حزبی شیوعیی عێراقی و پارتی دیموکراتی کوردستانیش ببینێ کە دەستڕۆترین حزب بوون(٢) لە ئاستی عێراق و کوردستاندا. دوای ڕووداوەکانی مووسڵ(٣) و کەرکووك و دەرکەوتنی ئەم دوو حزبە لە

---

(١) عبدالفتاح علي البوتاني : التطورات السياسية الداخلية في العراق ١٤ تموز ١٩٥٨ – ٨ شباط ١٩٦٣ دهوك ٢٠٠٧ خانی ص ١٠٣ – محمد احسان: کوردستان ودوامە الحرب، اربیل ٢٠٠١، دار ئاراس، ص٤١.

(٢) بیرەوەرییەکانی بەهادین نووری : ب ١، سلێمانی ٢٠٠١ ڕەنج، ل ٢٩٤

(٣) کێشەی مووسڵ: مەبەست لە کێشەی مووسڵ لێرەدا، هەمان جموجۆڵی (شەواف) بوو لە دژی دەسەڵاتی عەبدولکەریم قاسم. پیلانێك بوو کە بەهاوکاری و هاندانی وڵاتانی ئەندام لە پەیمانی سێنتو ڕێك خرا بۆ لەناوبردنی یان لادانی عەبدولکەریم قاسم، هەر زوو شیوعییەکان هەستیان بەم پیلانە کرد و خەڵك و حکوومەتیان لێ ئاگەدار کردەوە. کاربەدەستانی سوپاییی دژ بەسەرکۆمار، سەردانی سووریایان کرد بۆ هاوئاهەنگیکردن لەگەڵ سوپا و هێزی ئاسمانی و زەوینیی سووریا لە کاتی دەستپێکردن بەپیلانەکە. لە ڕۆژانی ٦و١٩٥٩/٣/٧ حزبی شیوعی لە کاتێکدا فیستیڤاڵ و ئاهەنگی دەگێڕا لە مووسڵ، هەندێ پێکدادان لە نێوان لایەنگران و دژی ئەم حیزبە دەستی پێ کرد. لە بەرەبەیانی=

دامـركـانـدنـەوەی ڕاپـەڕیـنـەکـانـی ئـەم دوو شارە، قـاسم لـەگـەڵ ئـەوەی کـە ئـەسڵـی دامـرکـانـەوەکـەی پـێ خـۆش بـوو، بـەڵام تـرسی لـێ نـیشت لـەو هـەمـوو دەسەڵات و دەستـرۆیـیـی ئـەم دوو حـزبـە و، هـەروەهـا دەرکـەوتـنی کـەسایـەتـیی بـارزانـییش لـەم ڕووداوانە لەلایەکی تریش بووە هۆی نیگەرانییەکی زۆری عەبدولکەریم قاسم[1].

حـزبـی شیـوعـی لـەلایـەن یـەکـەتـیـی سۆڤـیـەتـەوە هـان درا کـە داوای هـاوبـەشی لـە حـکـوومـەتـدا بـکـا، ئـەمـە بـەدڵـی عـەبدولـکـەریـم قـاسم نـەبـوو[2]. پـارتـی دیموکـراتـی کوردستانیش وەك حزبی شیوعی، مۆڵەتی یاساییان پێ نەدرا تاکو ناچار کرا هەندێ خاڵ لە پەیڕەو و پرۆگرامی حزب لابدا[3].

بنیاتنانی ڕژێمی کۆماریی عێراق، بووە هۆی دڵەڕاوکێ و بێزاریی خەڵکانی ئەرستیۆکرات و زەویداران، بەتایبەتی دوای ئەوەی یاسای چاکسازیی زەویی ژمارە ٣٠ی ساڵـی ١٩٥٨دەرچـوو، کـە بـەپـێی ئـەم یـاسایـە، بـەشێکـی زەویـیـەکـانـیـان لـێ دەستێنرایەوە و دەدرا بەجووتیاران، ئەوە بووە هۆی ورووژانی پتری ئاغا و دەرەبەگی

= ١٩٥٩/٣/٨ ڕادیۆی پیلانگێڕان کە لە سووریا هێنابوویان، دەستی کرد بەخوێندنەوەی بەیان لە دژی عەبدولکەریم قاسم و هەوڵیان دا دەست بەسەر شارەکە بگرن. بەڵام هێزی کـورد بـەسەرکـردایـەتـیی پـارتـی، هـاتـە نـاو شار و لـە پـاڵ حکوومـەت و حزبـی شیـوعـی، سەرکوتی پیلانگێڕانیان کرد. بڕوانە: حازم حسن العلي: انتفاضة الموصل، ثورة الشواف ٧ اذار ١٩٥٩، بغداد ١٩٨٧ص٣٧-٤٩، عبدالفتاح علي بوتاني: بعد مرور (٤٤) سنة، اضاءات جديدة على حركة الشواف الانقلابية في الموصل ٨-٩ اذار ١٩٥٩، گولان العربي (مجلة) العدد (٨٢) اربيل، اذار٢٠٠٣، ص٧٧. اوريل دان: العراق في عهد قاسم، تاريخ سياسى ١٩٥٨- ١٩٦٣ ترجمة جرجيس فتح الله، سويد ١٩٨٩، ص٢٠٨-٢١٤.

(١) عبدالكريم فندى : فصول من ثورة ايلول في كردستان العراق، دهوك، ١٩٩٥ مطبعه كلية الشريعة، ص ٢١. دهـام محمد دهـام العزاوي: الاقليات والامن القومي، عمان ٢٠٠٣، ص٢١٣-٢١٤.

(٢) بیرەوەرییەکانی بەهادین نووری، ل ٣١٧، بەهادین نووری وەك یەکێ لە ئەندامانی مـەکتـەبی سیاسیی حزبـی شیوعیی ئـەوسا، زۆر بـەوردی بـاسی لـە گۆڕانی هـەڵوێستی عەبدولکەریم قاسم دەکا بەرامبەر بەحزبی شیوعیی عێراق، هەروەها بێجگە لە هۆکاری داواکاری بەشداری لە حوکم، کاتێ عەبدولکەریم قاسم نەیهێشتووە وەك حزبێکی یاسایی مۆڵەت وەربگرن، بارەکە گرژتر دەبێتەوە.

(٣) محمود الدرة م.س ص ٢٩٠ .

کوردستان کە زەوییەکی بەرفراوانیان لەژێر دەسەڵات دابوو و دوای سەرکوتکردنی شۆڕشی بارزان و ڕۆیشتنی بارزانی بۆ مەهاباد دەستیان بەسەر موڵکی شێخەکانی بارزاندا داگرتبوو.

هاتنەوەی بارزانی و دۆستایەتیکردنی ڕژێمی عەبدولکەریم قاسم و بەرزبوونەوەی ئاستی هێز و دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان و دۆستایەتییان لەگەڵ حزبی شیوعی کە ئەوانیش دروشمی یەکسانی و دادپەروەرییان هەڵگرتبوو و لایەنگری چینی چەوساوە بوون و، لە هەمان کاتدا لە سەرەتای هاتنە سەر حوکمی عەبدولکەریم قاسم تا ساڵی ١٩٦٠ لە تەك پارتی دیموکراتی کوردستان لایەنگری ڕژێمی کۆماری و هەنگاوە چاکسازییەکان بوون بووە هۆی ئەوەی بەشێك لەم ئاغا و دەرەبەگانە، پێوەندی بەوڵاتانی دراوسێ بکەن کە دژی عەبدولکەریم قاسم بوون و، بەهاوکاریی ئەوان لە دژی پارتی دیموکراتی کوردستان و مستەفا بارزانی وەستان[١]. لەلایەکی تر عەبدولکەریم قاسم لە دەرکەوتنی کەسایەتیی مەلا مستەفای بارزانی و حزبەکەی نیگەران بوو، بەتایبەتی دوای سەفەرێکی پتر لە دوو مانگی بۆ یەکەتیی سۆڤیەت لە پایزی ١٩٦٠ بەبۆنەی ساڵوەگەڕی یادی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەم وڵاتە[٢] و ناسیۆنالیستە عەرەبە عێراقییەکان و ناسریستەکانیش تەنگیان بەعەبدولکەریم قاسم هەڵچنیبوو و تاوانباریان دەکرد بەوەی کە قاسمی «دابەش کەر»ی عێراقە بەدوو بەش: عەرەبی و کوردی، لەلایەکی تر لە ناوەندەکانی بلۆکی ڕۆئاوا بەتایبەتی ئێران و ئەمەریکا، دەنگۆی ئەوە بڵاو بووەوە سەبارەت بەیەکگرتنی کوردستانی عێراق و ئێران لەسەر دەستی شا کە ئەم دەنگوباسانە، عەبدولکەریم قاسمیان نیگەرانتر و دڵپیستر دەکرد[٣].

بڵاوکراوەکانی فەرمیی عێراق، دەستیان کرد بەهێرش بۆ سەر سەرکردایەتیی کورد و بەرچاونەگرتنی تایبەتمەندیی کوردستان و کەم کەم لە لاپەڕەی ڕۆژنامەکان، کوردستانیش بەبەشێك لە دەوڵەتانی عەرەبی ناوبردرا و عەبدولکەریم قاسم داوای

(١) بۆ زانیاریی زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە: حسن مصطفی: البارزانیون وحرکة بارزان ١٩٣٢– ١٩٤٧، ط٢ بغداد ١٩٨٣ ص٢٦–٣٠.

(٢) محسن دزەیی: احداث عاصرتها الجزء الثاني ١٩٦١ –١٩٧٥، اربیل «دار ئاراس» ٢٠٠٠ ص ١٩.

(٣) جلیلی جلیل واخرون م.س ص٢٢٧.

توانەوەی کورد و عەرەبی کرد لەناو یەکتریدا(١)، ڕۆژنامەی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانیش وەڵامی دایەوە و مافەکان و تایبەتمەندیی گەلی کورد و کوردستانی خستە ڕوو(٢)، بارزانی هەوڵێکی زۆری دا لە ڕێگەی دانوستاندن و گفتوگۆ، عەبدولکەریم قاسم دڵنیا بکاتەوە لە هەڵوێستی دۆستانەی کورد بەرامبەر بە ئەو و پاراستنی یەکپارچەیی عێراق، بەڵام بێ سوود بوو بۆیە مەکتەبی سیاسیی پارتی بڕیاری دا سەرکردایەتیی کورد لە بەغدا پاشەکشە بکا بۆ کوردستان، چونکە ژیانیان لە مەترسیدایە(٣)، فاکتەری عێراقی کاریگەر لە گۆڕانی پێوەندیی کورد و عەبدولکەریم قاسم، بیر و بۆچوون و کردەوە و گەڕانی عەبدولسەلام عارف بەشارەکانی عەرەبنشینی عێراق و هاندانی خەڵکی عەرەب بوو بۆ چوونە ناو یەکەتیی وڵاتانی عەرەب واتە یەکگرتنی عێراق و سووریا و میسر، ئەو پان عەرەبیزمەی عەبدولسەلام عارف زیاتر کوردی نیگەران کرد، چونکە لە کاتی سەرگرتنی ئەم یەکبوونە، بێگومان کورد ناسنامە و کەسایەتیی تایبەتی خۆی ون دەکرد.

چەندە وڵاتانی عەرەبی و عێراقی بەرەو یەکبوون و پان عەرەبیزم دەڕۆیشتن، شای ئێرانیش پتر ترسی لێ دەنیشت و هەوڵی دەدا کوردەکان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ و کوردیش جاروبار وەك کارتی پاڵەپەستۆ ئەم دراوسێیە بەهێزەی «ئاری» نیشانی عەرەب دەدا و، هەروەکو لە کۆتاییی ساڵی ١٩٥٨ لە کۆبوونەوەی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق، نوێنەرانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیش بەشدارییان تێدا کردبوو و مەلا مستەفا پێشنیاز دەکا کە یەك حزب بۆ هەموو کوردستان پێك بێ و دەڵێ: (بۆ من هیچ سنوورێك نییە و، تەنانەت داوا لە یەکێ لە ئێرانییەکان دەکا کە ببێ بەسکرتێری حزب)(٤).

---

(١) عبدالكريم فندى س.پ ص ١٦- عبدالمحسن خليل محمد: المسألة الكردية، أحداثها وتطوراتها، بحث مقدم الى مجلس قيادة الثورة في العراق باشراف سعد ناجى جواد القسم الثاني، بغداد ١٩٨٦، ص٤٣٧.

(٢) دیڤید ماکداول س.پ بەرگی دووەم، ل ٦٣٦. دەقی گوتارەکە لە ١٩٦٠/٣/٩ لە ڕۆژنامەی خەبات بڵاو کراوەتەوە، هەروەها بڕوانە: جرجيس فتح الله. يقظة الكرد... ص٨٤١.

(٣) جليلى جليل واخرون م.س ص ٢٣٠.

(٤) کریس کۆچێرا: م.پ، ص ٢٥٥.

دەرهاویشتەی ئەم پێوەندییە ئاڵۆز و گرژە، وەرگەڕانی عەبدولکەریم قاسم لەو پرەنسیپانەی کە لە کاتی هاتنە سەر حوکم هەیبوو و لە دەستووری کاتیی عێراقیش ڕەنگی دابووەوە، دەرکردنی ژمارەیەکی زۆری کرێکارانی کورد لە کۆمپانیای نەوتی کەرکووك و داوودەزگاوە بەڕێوەبەرایەتییەکانی عێراق، پشتگوێخستنی ئاوەدانکردنەوەی عێراق، دەست ئاوەڵەکردنی خێڵەکانی نەیاری مەلا مستەفا بارزانی لە نانەوەی شەڕی خێڵەکی لە ناوچەکە و لاواندنەوە و چەکدارکردنیان، ڕێگەگرتن لە بەستنی کۆنگرەی مامۆستایانی کوردستان لە شەقلاوە، سەرەنجام لە ٣/ ٣ / ١٩٦١ بڕیاری گرتنی سکرتێری پارتی ئیبراهیم ئەحمەد[١] دەرچوو لە ١٩٦١/٣/٦ جگە لە شاری بەغدا و سلێمانی، حکوومەت بڕیاری داخستنی هەموو بارەگاکانی پارتی دەرکرد و بەشێك لە لێپرسراوانی دەستگیر کران[٢]. لەگەڵ هەموو ئەوانەش، بارزانی و پارتی دوا هەوڵی خۆیان دا لە هاوینی ١٩٦١، بۆ ئاشتی و ڕێککەوتن لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم، بەڵام ئەو هەردووکیانی ڕەت کردەوە[٣] و بۆ پتر خۆشیرینکردن لەلای پان عەرەبیستەکانی عێراق، هەڕەشەی کرد کە کوێتیش داگیر دەکا[٤]. لەم کاتە هەستیارەدا کە بارزانی و پارتی لەلایەك و ڕژێمی عێراق لەلایەکی ترەوە تووشی ئاڵۆزی بووبوون، فەرمانی دەست بەسەرداگرتنی زەویی زەویداران و سەرۆك خێڵەکانی کورد لە هەردوو پارێزگای کەرکووك و سلێمانی درا[٥].

پێوەندیی نێوان عەبدولکەریم قاسم و پارتی دیموکراتی کوردستان هەر لە ساڵی ١٩٦١ەوە و بەجۆرێکی تایبەت، لە پاش گەڕانەوەی بارزانی لە زستانی ١٩٦١ لە سەفەری مۆسکۆی بۆ بەغدا، بەردەوام ڕوو لە خراپی دابوو[٦] بارزانی لەو سەفەرەی

---

(١) ماکداول، س.پ، بەرگی دووەم، ص٦٣٧.

(٢) ئیبراهیم جەلال: خوارووی کوردستان و شۆڕشی ئەیلوول، بنیاتنان و هەڵتەکاندن ١٩٦١ – ١٩٧٥ چاپی سێیەم، سلێمانی ١٩٩٩، ل ٦٧ – ٦٨.

(٣) هەژار: س.پ، ل٣٥٦.

(٤) کریس کۆچێرا: م.پ، ص٢٦٣. درك کنان، م.پ، ص٧٣.

(٥) حامد محمود عیسی: المشكلة الكردية في الشرق الاوسط ١٩٩٢، مكتبة مدبولي، القاهرة–١٩٩٢. ص ٢٠١.

(٦) مەسعوود بارزانی: بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم بەشی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٤ل ٣٠– درك کنان، م.پ، ص٧٢.

مۆسكۆ كۆمەڵێك گفتی پێ دەدرێ، لەوانە یەكەتیی سۆڤیەت چەك و جبەخانە باڵەفڕە بەسنووری ئێران لە پشت چیای شیرینی ناوچەی بارزان فڕێ دەداتە خوارەوە، بەڵام لەبەر هەندێ گرفتی تەكنیكی جێبەجێ نەكرا و لە جیاتیان بڕێك پارە تەرخان كرا لە ڕێگەی باڵیۆزخانەی سۆڤیەت لە بەغدا دەگەیشتە دەست بارزانی، كە ئەم پارەیەش بۆ كڕینی چەك بوو لە وڵاتانی تر، بەهۆی قاچاخچییانی چەك[١]. عەبدولكەریم قاسم دوای نیگەرانبوونی لە مەلا مستەفای بارزانی و پارتی دیموكراتی كوردستان، هۆزە نەیارەكانی بارزانی و پارتی دنەدا بۆ بەرپاكردنی شەڕ لە دژیان، بۆیە كاتێ گرژیی نێوان پارتی و عەبدولكەریم قاسم پەرەی سەند، هۆزەكانی لایەنگری بارزانی و پارتی دەستپێشخەرییان كرد لە دژایەتیكردنی ئاشكرای ڕژێم بەڵام هێشتا پارتی و بارزانی بڕیاری خەباتی چەكدارانەیان نەدابوو كە هێزە چەكدارە خێڵەكییەكانی لایەنگریان دەستیان كرد بەخۆپێشاندانی چەكدارانە لە زۆربەی ناوچەكانی كوردستانی باشووردا، ئەوجا كەوتنە بڵاوبوونەوە و تەقەكردن لە هێزەكانی ڕژێم و، كوشتنی ئەفسەر و سەربازەكانی كە بێگومان ڕژێمیش بەچەك وەڵامی ئەوانی دەدایەوە[٢]. عەبدولكەریم قاسم لە مانگی ٨ داوای لە ئێران كردبوو لە كاتی ئۆپەراسیۆنی باڵەفڕەكانی عێراق لە دژی بارزانی، ئەگەر بەهەڵە سنووری ئێران بەزێندرا، كاردانەوەی نەبێ[٣]. لە سەرەتادا لە ناوچەی دهۆك و ئاكرێ ڕاپەڕین دەستی پێ كرد و دوای ئەمە لە سلێمانی[٤] و یەكێ لە هۆكارەكانی ڕاپەڕین خەڵكی دەڤەری سلێمانی كردنەوەی بەنداوی دەربەندیخان بووە لەلایەن عەبدولكەریم قاسم[٥]. لە بەڵگەنامەی ژمارەی ٢ی سەركردایەتیی پێشمەرگەی كوردستان لە سلێمانی، هاتووە: ″وەكو هەموومان دەیزانین كە عەبدولكەریم قاسمی خوێنڕێژ دێ بۆ كوردستان بۆ كردنەوەی بەستی «دەربەندیخان» لە ڕۆژی ئەم مانگەدا، ئەو بەستەی كە لە سایەی تەواوبوونیەوە، ژمارەیەكی زۆر لە جووتیارانی كورد دەربەدەر و ماڵوێران دەبن″ لە

(١) مەسعوود بارزانی: هـ.م، بەرگی سێیەم بەشی یەكەم، ل ٣١. درك كنان، م.پ، ص١٣٨-١٣٩.

(٢) شازین هێرش: شۆڕشی ئەیلوول لە چەند بەڵگەنامەیەكی مێژوویيدا لە ساڵی ١٩٦١ – ١٩٦٣، سلێمانی ٢٠٠١، چاپخانەی ڕەنج، ل ٦

(٣) ماكداول، س.پ، بەرگی دووەم، ل ٦٤٠

(٤) محمود الدرة، م.س، ص ٣٠٠

(٥) درك كنان، م.پ، ص٧٨.

کۆتاییی بەڵگەنامەکەدا داوا لە خەڵکی سلێمانی دەکا کە "لە ڕۆژی هاتنی عەبدولکەریم قاسمدا لە ماڵی خۆت مەیە دەرێ، شەقام و جادە چۆڵ بکە."(١). لە مانگی ٨ی ١٩٦١دا، هۆزەکانی سۆران لە ڕانیە و دەشتی بیتوێن خۆیان کۆ کردەوە و ئامادەی شەڕ بوون لە دژی ڕژێم و بڕیاریان دا ڕێگەی نێوان ڕانیە و سلێمانی و کۆیە بگرن و نەهێڵن هێزی حکوومەت پێیدا هاتوچۆ بکا(٢)، جەلال تاڵەبانی وەك نوێنەری مەکتەبی سیاسی هاتە لایان و ناڕەزاییی خۆی لە گرتنی ڕێگەوبانەکان دەربڕی و داوای لێ کردن کە هێمنی بپارێزن و دەست بۆ چەك نەبەن تا چاوی بەبارزانی بکەوێ و فەرمان لە ئەو وەربگرن، لە دەڤەری سلێمانییش هۆزەکانی ناوچەکە ڕێگەی بازیان و دەربەندیان گرت، دوای ١٠ ڕۆژ تاڵەبانی لەلای بارزانی گەڕایەوە و ناڕەزامەندیی بارزانیی بۆ گردبوونەوەی چەکداری بەهۆزەکان گەیاند(٣).

بارزانی و مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بڕوایان بەچارەسەری ئاشتییانە لە ڕێگەی گفتوگۆ هەبوو(٤)، ئیبراهیم ئەحمەد لە بەغدا مایەوە و بەردەوام خەریکی گفتوگۆ بوو بۆ ئەوەی ڕژێم ناچار بکا کە مافی کورد بدا، چونکە پارتی

---

(١) دەقی بەڵگەنامەکە لە شازین هێرش س.پ ل ٦ هاتووە.

(٢) ئەم ناوچەیە، ناوچەیەکی کشتوکاڵییە و سیستەمی دەرەبەگایەتی زۆر بەزەقی لەوێدا جێگیر بوو و خاکێکی زۆر بەپیت و بەرەکەتی هەیە و یەك لە هۆکارە سەرەکییەکانی ڕاپەڕینی دەرەبەگەکانی ئەم دەڤەرە، دژایەتیکردنی مادەی ٣٠ی چاکسازیی کشتوکاڵی بوو کە لەلایەن ڕژێمی عەبدولکەریم قاسمەوە دەرچوو کە بەم پێیە هەر زەویدارێك، ڕێژەی موڵکداریەتیی زەویی بۆ دیاری دەکرا و نەدەبوو پتر لە ١٠٠٠ دۆنمی زەویی بەراو و ٢٠٠٠ دۆنمی زەویی پشتاوی هەبێ و زێدەکەی دەبوو لە نێوان جووتیاران دابەش بکا کە ئەمە مانای کەمکردنەوەی دەسەڵات و سەرمایەی دەرەبەگ و باشترکردنی ژیانی جووتیار بوو بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: مجید خدوری: العراق الجمهوري، قم١٣٧٧، ص٢١٣– عبدالوهاب حمید رشید، العراق المعاصر، دمشق ٢٠٠٢، ص١٥٢.

(٣) عبدالله احمد رسول الپشدەری: اندلاع ثورة ايلول المجيدة ١٩٦١، ترجمة محمد صالح عقراوي، الجزء الاول، اربيل ٢٠٠١، مطبعة ثقافة. ص٢١.

(٤) بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر هەوڵە دیپلۆماسییەکانی بارزانی بڕوانە: واحد عومەر محێدین: دانوستاندنەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەییی کورد و حکوومەتەکانی عێراق (١٩٢١– ١٩٦٨)، سلێمانی ٢٠٠٦ سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان ل٨٩–٩٢.

بەگشتی بڕوایان بەمە نەبوو کە بتوانن لە بەرامبەر سوپای عێراق خۆڕاگر بن(١)، یەك لە ڕێگەکان بۆ نارەزایی دەربڕین و سەلماندنی هێز و بوونی پێگەیان لەناو کۆمەڵگە، مانگرتن بوو بەبۆنەی یادی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٣٠ی بەردەرکی سەرای سلێمانی لە ٦ی ئەیلوول و، بەکردەنی مانگرتنەکە سەرکەوتووانە سەری گرت، بەڵام کاریگەر نەبوو لە گۆڕینی سیاسەتی ڕژێمی عەبدولکەریم قاسم بەرامبەر بەکێشەی کورد(٢). لایەنگرانی شۆڕش و بارزانی، ئامێدییان داگیر کرد و دوای ئەو، زاخۆ و لە ٨ی ئەیلوول کارمەندانی ڕژێم لە دهۆك پاشەکشەیان کرد بۆ ناو سەربازگەی فەوجی دووەم و لە ٩ی ئەیلوول هێرشێکی بەربڵاوی ئاسمانی لە ناوچەکانی بادینان و کوردستان بەگشتی دەستی پێ کرد لەلایەن ڕژێمەوە، لێرەدا ڕێگەی گفتوگۆ و مانگرتن بڕا و پارتی و بارزانی، ناچار ڕوویان لە شەڕی چەکداری کرد لە دژی ڕژێم(٣)، بەڵام لە ١١ی ئەیلوول شۆڕش سەرتاسەری کوردستانی گرتەوە.

### هەڵوێستی ئێران لە ئاست دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلوول

هەروەکو لە بەشەکانی پێشوو باس کرا، ئێران ڕاستەوخۆ دوای شۆڕشی ١٩٥٨ و ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی لە عێراق دەستی لە کاروباری ناوەخۆی عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی وەردەدا، محەمەد ڕەزا کەوتە گەڕان بەدوای ئەو فاکتەرانەی کە دەکرێ لەوێوە بخزێتە ناو کاروباری عێراق و کاریگەر بێ بەسەریانەوە و بەکاریان بهێنێ بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی کۆماری. حکوومەتی شاهنشاهی دوو فاکتەری ئامادەی دۆزییەوە کە دەکرا لەوێوە کاریگەری خۆی بنوێنێ:

فاکتەری یەکەم: شیعەکانی عێراق بوون، بەشێکیان بەڕەسەن ئێرانین و ئەوانی تریش بەجۆرێك لە جۆرەکان وابەستە بەئێرانن، وەك تاقە دەوڵەتی شیعە.

فاکتەری دووەم: کوردبوون کە فەرمانڕەوایانی ئێرانی، بەئێرانی ڕەسەن(٤) ناویان دەهێنن.

(١) کریس کوچیرا، م. پ، ص٢٦٨. – درك کنان، م.پ، ص١٤٠

(٢) سعید خدیدة علو م.س ص ٢٠٥.

(٣) عبدالكريم فندی: م.س ص٢٠– بەشیر حوسێن سەعدی: پەیام لە مێژووی نەتەوەی کورد، هەولێر ١٩٩٧، ل١٩٤–١٩٥.

(٤) سعد ناجی جواد: العلاقات العربية – الإيرانية «بحوث ومناقشات الندوة الفكرية» : بيروت، الطبعه الثانية ٢٠٠١ ص ٥٥٠.

ئێران بڕیاری دا کار بکا لەسەر فاکتەری خەڵکی شیعەی باشووری عێراق، بەتایبەتی بەرهەڵستکارانی ڕژێم، بۆیە لە سەرەتادا شای ئێران ویستی هانی شیعە بدا بۆ ئەوەی دەسەڵات بگرنە دەست لە عێراق(١). سەید مەهدی پیراستە کە باڵیۆزی ئێران بووە لە عێراق لە دوای ساڵی ١٩٦٤، باس لەو هەنگاوانە دەکا کە لە سەردەمی ئەو بۆ سازکردنی پێوەندیی نێوان ئێران و خەڵکی شیعەی باشوور نرا لە گەنجان و قوتابییان و مامۆستایانی زانکۆ و تەنانەت پیاوانی ئایینیی شیعە، بەهاندان و پشتیوانی باڵیۆز توانیویانە زانکۆ لە کوفە بکەنەوە، لە هەمان کاتیشدا، هەوڵی داوە ئەو کۆچەرانەی کە تازە هاتبوونە عێراق، هانیان بدەن بگەڕێنەوە ئێران، چونکە بووبوون بەخاڵی لاواز لە پێوەندییەکی هاوسەنگی نێوان دوو وڵات(٢). هەندێ جار ئەم کۆچەرە هەژارانە، وەك بارمتە وابوون هەر کاتێ پێوەندیی نێوان دوو دەوڵەتی عێراق و ئێران تێك دەچوو، ئەوان بەناشیرینترین شێوە و بەوپەڕی بێ بەزەیی لەسەر سنووری ئێران فڕێ دەدران(٣)، سەبارەت بەکوردیش عیسا پژمان یەك لەو کەسایەتییانە بووە کە ڕۆڵی بنەڕەتی بینیوە لە پێوەندیی ڕژێمی شاهنشاهی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی لە کوردستانی عێراق کە لە کتێبەکەی بەدوور و درێژی باسی لەوە کردووە کە چۆن قەناعەتی بەخودی محەمەد ڕەزا شا و سەرانی «ساواك» هێناوە لە سازکردنی ئەم پێوەندییە و هەروەها باس لە عیسا زەبیحی دەکا کە لە بەغدا بەرپرسی پارتی بووە و لە هەمان کاتدا ئەو هۆکاری پێوەندی دەبێ لە نێوان کورد و ڕژێمی ئێران، بەڵام جەلال تاڵەبانی لە چاوپێکەوتنی عەلی کەریمی لە کتێبەکەی ژیان و بەسەرهاتی عەبدوڕەحمان «عیسا» زەبیحی بەم شێوەیە باس لە یەکەم پێوەندی دەکا لەگەڵ ئێران و ئەوەی عیسا پژمان ڕەت دەکاتەوە.

جەلال تاڵەبانی دەڵێ: پێوەندیی پارتی و ئێران یەکەم جار بەوە دروست بووە کە مەلا مستەفا وەفدێکی نارد بەسەرۆکایەتیی عەبدوڕەحمان روتە کە کادیرێکی چالاکی پارتی بوو، بۆ مەهاباد لە کۆتاییی ساڵی ١٩٦١، کە لەوێ چاوی بەتیمسار "و رهرام" کەوتووە. لە پێوەندیی عیسا پژمان و کوردیش دەڵێ کە عیسا پژمان پێوەندیی نزیکی

(١) حامد محمود عیسی :م.س، ص ٢٢٣.

(٢) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: عیسی پژمان: کردها و کردستان – جلد اول پاریس١٩٩٢، ص٦٦.

(٣) هـ.م ص٧٢.

بەبورهـان جافەوە هـەبووە و لە ڕێگەی ئەو بەساڵح یوسفی ئاشنا دەبێ و ئەو وەختە، ساڵح یوسفی بەرپرسی پارتی دەبێ لە بەغدا و عەبدوڕەحمان زەبیحی لە کەرکوك بووە(١).

ڕووداوەکـانـی شۆڕشی ئـەیـلـوول وا دەردەخـەن کـە هـەڵـوێستـی ئـێران تـا مـانـگـی ١٩٦٢/٧، هـەڵـوێستـی دژایـەتـی بـووە و شەوکـەوت مـەلا ئـیسمـاعیل لـە کتێبـەکـەی نووسیویەتی کە لە ١٩٦٢/٧/١٦ ڕژێمی ئێران بەتۆپ و باڵەفڕە لە سەرەتای بەری بەیانەوە هەتا ئێوارەیەکی درەنگ شێتگیرانە هێرشیان دەکردە سەر ئەو شوێنانەی بەهزر و زانیاریی خۆیان ڕێوشوێنی هێزی پێشمەرگەیە و لەوانەیە بارزانیشی لێ بێ. "ئـەمـڕۆ ژمـارەیـەکـی زۆر پێشمـەرگـە چـوونـە نـاو خـاکـی ئـێران. بـارزانـی لـە نـاوچـەی باڵەکایەتی بووە(٢)". دوای کەمتر لە سێ مانگ بەسەر ئەم بۆمباردمانە، شای ئێران پێوەندی دەکا بەمەکتەبی سیاسی لە گوندی مالومە کە "مەلا مستەفا بارزانی ئاگەدار نییە لە درێژەی بنج و بناوانی ئەم پێوەندییە"(٣).

بۆمبـاردمـانـی کـوردستـان لـە سـەرەتـای شۆڕش لـەلایـەن ئێرانـەوە پـەیـامێك بـووە بۆ پاڵەپەستۆ خستنە سەر شۆڕش کە ئەگەر دەست لەگەڵ ئێران تێکەڵ نەکەن، ئەوا پشتیان لێ دەکرێ و ئەوانیش ناڕاستەوخۆ یارمەتیی ڕژێمی عێراق دەدەن لە سەرنەکەوتنی شۆڕش و ڕەنگە هەر ئەم پاڵەپەستۆیەشی وای کردبێ کە مەکتەبی سیاسی زووتر و لە دواییدا بارزانیش قبووڵ بکەن وەڵامی ئەرێیی بۆ سازدانی پێوەندی بەئێران بداتەوە.

عەبدوڵا ئاغای پشدەری لە کتێبەکەی دەنووسێ کە لە کۆتاییی مانگی ١٠ی ١٩٦٢ بوو کە حکوومەتی ئێران پێوەندی بەشۆڕشی کورد دەکات لە ڕێگەی مەکتەبی سیاسی و ئـامـادەییی خـۆی دەردەبڕێ کـە پشتیوانیی دارایی و سـەربـازییـان بـکـا و هـەروەهـا داوودەرمـان و کەرەستەی پزیشکی بنێرێ(٤).

یەکەم، وا دەردەکەوێ کە شۆڕش بوونی هەبوو، لەوپەڕی خۆڕاگری و گەشەکردندا

---

(١) عەلی کەریمی، س.پ، چاوپێکەوتنی لەگەڵ جەلال تاڵەبانی ل ٣١٢ – ٣١٤.

(٢) شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن، ڕۆژانێ لە مێژووی شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١ – ١٩٧٥، هەولێر ٢٠٠٧ چاپخانەی پەروەردە. س.پ، ل١٠٥.

(٣) هـ.س، ل١٤١.

(٤) عبدالله احمد رسول البشدری، ص ١٠٩–١١٠.

بووه کە ئێران پێوەندی بەشۆڕش دەکا.

دووەم، دەستپێشخەرییەکە لەلایەن ئێران بووە لە کۆتاییی ساڵی ١٩٦٢.

سێیەم، پێوەندییەکە بەمەکتەبی سیاسی کراوە و ئەوان زەوینەسازییەکە دەکەن و لە دواییدا بارزانییش ڕەزامەند دەبێ بەم پێوەندییە.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٣، ساڵح یوسفی، ناوەڕۆکی پەیامی عیسا پژمان بەسەرکردایەتیی پارتی ڕادەگەیێنێ کە ئێران ئامادەی یارمەتیدانی شۆڕشە.

دوای ئەم دەسپێکە، ئێران داوای کرد کە دوو نوێنەری شۆڕش بنێردرێ بۆ ئێران، یەکیان بەنوێنەرایەتیی بارزانی کە عەلی عەسکەری بوو و ئەوی تریان بەنوێنەرایەتیی مەکتەبی سیاسی کە عومەر دەبابە دەستنیشان کرا و شاندەکە لە مانگی شوباتی ١٩٦٣ چوون بۆ تاران، هاوکات بوو لەگەڵ کودەتای بەعسییەکان بەسەر عەبدولکەریم قاسم[١]دا.

ئیبراهیم ئەحمەدیش قسەکەی عیسا پژمان ڕەت دەکاتەوە کە یەکەم پردی پێوەندیکردن لەلایەن پارتییەوە، عەبدوڕەحمان «عیسا» زەبیحی بووبێ، بگرە ئەمە درەنگتر بووە (١٩٦٧)[٢]. ئیبراهیم ئەحمەد بەم شێوەیە باس لە یەکەم پێوەندیی پارتی دەکا لەگەڵ ئێران کە دوای دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلوول، سوپای ئێران بەلەشکرێکەوە هاتە سنوورەکانی پێنجوین، پارتی پەیامی بۆ ناردن کە شۆڕش دژایەتیی ئێران ناکا بگرە کێشەی خۆی هەیە لە عێراق و دەیەوێ چارەسەری بکا، دوای ئەمە، پارتی هەوڵی دا پێوەندی لەگەڵ ئێران ساز بکا، بەڵام سەری نەگرت[٣].

ئیبراهیم ئەحمەد، باس لە دووەم هەوڵی پێوەندی دەکا کە چوونی شاندی شۆڕش بوو بۆ تاران کە برێتی بوون لە عەلی عەسکەری و عومەر دەبابە.

ئیبراهیم ئەحمەد، باس لە یەکەم سەردانی خۆی دەکا بۆ تاران لە مانگی ٩ی ١٩٦٢ کە لەسەر فەرمانی مەلا مستەفا بارزانی و مەکتەبی سیاسی دەچێ لەگەڵ ئەوەی کە پێی خۆش نەبووە و ڕەزامەند نەبووە بەڕۆیشتنی و پاساوەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە یەکەم لە ڕۆژنامەی خەبات، چەندان وتاری توندی لە دژی ئێران نووسیبوو، دووەم

---

(١) عەلی کەریمی س.پ، چاوپێکەوتنی لەگەڵ جەلال تاڵەبانی، ل٣١٣.

(٢) هـ.س، چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد، ل٢٨٤.

(٣) هـ.س، ل٢٨٤.

ئەو بڕوای بەسۆسیالیزم هەبوو کە دوور بوو لە ئایدیۆلۆجیی فەرمیی حکوومەتی ئێران.

ئیبراهیم ئەحمەد باس لە دەسکەوتەکانی ئەم سەفەرە دەکات کە هەمووی سەد هەزار دینارێك و ١٠-١٥ تفەنگ بووە.

ئیبراهیم ئەحمەد هۆکاری نەدیتنی (شا) بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە (شا) ئەوی بەکۆمۆنیست زانیوە و مەبەستیشی دووکەرتکردنی پارتی بووە و، دان بەوە دەنێ کە ئێران زۆرترین ڕۆڵی هەبووە لە کەرتکردنی پارتی، لە پاڵ ڕۆڵی کاریگەری حکوومەتی عێراق و تورکیا و ئەمەریکا[١]، ئێران پێی خۆش نەبوو پێوەندیی ڕاستەوخۆ بەبارزانی بکات لەبەر دوو هۆکار:

یەکەم: بەشداریی ئەو لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد و فەرمانی لەداردانی بەردەوام بوو لەلای ڕژێم.

دووەم: لەبەرئەوەی کە محەمەد ڕەزا شا، بارزانیی بەکۆمۆنیست دەزانی و سەر بەیەکەتیی سۆڤیەت[٢].

عەبدوڵا ئاغای پشدەری یەك لە فەرماندەکانی شۆڕش، دەنووسێ: "بەڵام بارزانی، ئەم پێوەندییەی بەسەرکەوتنێك دەزانی بۆ کێشەی کورد لەبەر هەژاریی شۆڕش و پێویستی بەپارە و چەك و کەرەستە و دەرمانی پزیشکی، چونکە بریندارەکانمان بێ بەش بوون لە هەر چاودێرییەکی پزیشکی و تەنیا یەك کارمەندی تەندروستیمان هەبوو کە نەخۆشخانەیەکی بچووکی هەبوو لە گوندی وەرتێ"[٣]. بێگومان لەم پێوەندییەدا ئێران قازانجێکی زۆری دەکرد، چونکە هەر دوای دامەزرانی ڕژێمی کۆماری لە عێراق، ئێران ترسی لێ نیشت کە گەلانی ئێرانیش ڕاپەڕن و ڕژێمێکی هاوشێوە بهێننە سەر کار، بەتایبەتی کوردستانی ئێران زۆر کاریگەر بوو بەو بارودۆخە نوێیەی کە لە عێراق و کوردستان بەتایبەتی هاتە دی و پێوەندییەکی نزیك لە نێوان هەردوو کوردستان هاتە دی و لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلوول لە هەموو کون و قوژبنی کوردستانی ئێران،

---

(١) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: حوسێن محەمەد عەزیز، س.پ، ل٤٨-٥٠.

(٢) لە چاوپێکەوتن لەگەڵ د. شەفیق قەزاز، ئاماژەی بەم بۆچوونەی دا کە محەمەد ڕەزا شا، بارزانیی بەکۆمۆنیست دەزانی.

(٣) عبداللّٰە احمد رسول الپشدری، م.س، ص ١١٠.

یارمەتی کۆ دەکرایەوە و دەنێردرا. ئەمە بێجگە لەوەی کە ژمارەیەکی بەرچاو لە کادیرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیش هاتنە ڕیزی شۆڕش[1]. ڕژێمی ئێران سەیری ئەم بارودۆخەی دەکرد کە تێیدا زیانمەند بوو، واتە هەم لە ئاستی نێودەوڵەتی، دراوسێکەی کەوتبووە ناو کەمپی ڕۆژهەڵات، هەم بزووتنەوەیەکی گەورەی ناسیۆنالیزم لەم وڵاتە دەستی پێ کردووە لەلایەن عەرەب و کورد، کە هەردووکیان بەزیانی ئەو بوو. بزووتنەوەی پان عەرەبیزم کە جەمال عەبدولناسر سەرکردایەتیی دەکرد، مەترسیی یەکگرتنی وڵاتە عەرەبییەکانی تێدا بوو[2]، کە ئەمە لە زیانی ئێران بوو، بەتایبەتی کە جەمال عەبدولناسر دژی ڕۆژئاواش بوو[3]، ناسیۆنالیزمی کوردیش مەترسی بوو لەسەر ئێران، بەدوو هۆکار یەکەمیان خودی کەسایەتیی «بارزانی»، کە جارێك لە ساڵی ١٩٤٧ دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان لە چەنگ لەشکری شای ئێران ڕزگاری بوو[4]، دووەم ناوەڕۆکی بزووتنەوەکە، کە کاریگەری هەبوو بەسەر کوردی ئێران و لەوانەیە بەسەر عەرەبی ئێرانیش[5].

### کەواتە ئێران چەند ئامانجێکی هەبوو لەو یارمەتیدانەی شۆڕش

یەکەم وەك خۆی عیسا پژمان بەمحەمەد ڕەزا شا دەڵێ: "ئەگەر ئەو «بارزانی» و سەرانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق ڕەزامەند بن لەسەر پێشنیازی ئێمە، سەدا سەد لە قازانجی ئێمەیە و دەتوانین زۆرترین سوودیان لێ ببینین، بێجگە لەوەی کە ئێمە مامەڵەیان لەگەڵ دەکەین نەك هاوکاری... ئێمە یارمەتییەکی کەمیان دەدەین و ئەرکیشیان پێ ڕادەسپێرین، ئەگەر لە کاتی خۆی بەئەرکەکە هەڵسان، ئەوا چەند سەد

(١) شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن، س.پ، ل١٦٩.

(٢) هـ.س، ل٢٠٢.

(٣) بۆیە کاتێ بەعسییەکان دێنە سەر حوکم لە ساڵی ١٩٦٣، ئێران خۆشحاڵ دەبێ چونکە «بەعس» ڕکابەری جەمال عەبدولناسر بوو و لێرەدا شا بەعسییەکان هان دەدا لە دژی شۆڕشی کورد، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: شكيب عقراوى : سنوات المحنة في كردستان، اربيل ٢٠٠٧ / مديرية مطبعة الثقافة ص ١١٩.

(٤) على سنجارى: القضية الكوردية وحزب البعث العربي الاشتراكي في العراق، الجزء الاول، دهوك ٢٠٠٦، ص٣٢.

(٥) شكيب عقراوي، م.س، ص١٧٧.

تفەنگی برنۆ کە بەهەزارانیان لە عەمبار کەوتوون و چەند ملیۆن فیشەك و کەمێك پارە، هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆی نییە لەسەر ئێمە و لەسەر ئەوانیش[1]" واتە ئامانجی ئێران ئەوە بوو کە بەهۆی «کورد» ڕژێمی عەبدولکەریم قاسم بڕووخێنێ، یاخۆ لاوازی بکا، چونکە لە پێشەوە دەیزانی بزووتنەوەی کورد براوە نابێ و ئێرانیش بڕیاری دابوو کە قەت هێندە یارمەتیی کورد نەدا کە براوە بێ، بگرە وەك بزووتنەوەیەکی لاواز[2] بۆ خولقاندنی گیروگرفت لە ئاست حکوومەتی عێراق دابێ و عێراقی پێ لاواز بکا[3] و، یارمەتیی چەك و تفاقەکەش لەم ئاستە نەبوو کە گۆڕان و کاریگەری بەسەر ڕەوشی بزووتنەوەکە بهێنێ.

مەبەستی دووەمی یارمەتیدانەکە، ڕێگەگرتن بوو لە ناردنی یارمەتیی کوردەکانی ئێران کە بەهەموو شێوەیەك و بەدڵ و گیان یارمەتیی شۆڕش و بارزانییان دەدا، هەروەکو پێشتریش بارزانی یارمەتیی شۆڕشی ئەوانی دابوو «سەردەمی کۆماری کوردستان»[4] چونکە ڕژێم نەیدەتوانی ڕێگە بگرێ لە پێوەندی و هاوکاری و یارمەتیی کوردستانی ئێران، بەلام ئەگەر خۆی بێتە ناو شۆڕش و دەست لە کاروباری شۆڕش وەربدا و سیخوڕەکانی خۆی بلاو بکاتەوە، باشتر بارودۆخی کوردستانی ئێران کۆنترۆڵ دەکا، ئامانجێکی تری ئێران ئەوە بوو کە پێی بکرێتەوە بۆ ناو شۆڕش، بۆ ئەوەی لە کاتی پێویست تۆوی دووبەرەکی بچێنێ یاخۆ ئەو کاتانەی کە ناکۆکی دەکەوێتە ناو دووباڵی سەرەکیی شۆڕش واتە بارزانی و مەکتەبی سیاسی، ناکۆکییەکە قووڵتر و گەورە بکا[5]، کە ئەمە بەشێکە لە سیاسەتی ئەو وڵاتانەی کە داگیرکەر و چەوسێنەری گەلانن و بەم شێوەیە دەتوانن بەردەوامی بدەن بەکۆنترۆڵکردنی گەلانی ژێردەستەی خۆیان.

---

(١) عیسا پژمان : اسرار بستن پیمان، ١٩٧٥ الجزیرە، ص ١٠٣.

(٢) سعد ناجی جواد: دراسات في المسألة القومية الكردية، الدار العربية الطبعة الاول ٢٠٠٥ ص ٦٣.

(٣) دهام محمد دهام العزاوي: الاقليات والامن القومي العربي ٢٠٠٣ دار وائل للنشر الطبعة الاولى ص ٢٣٧.

(٤) ئەفراسیاو هەورامی: بارزانی مستەفا لە هەندێك بەڵگەنامە و دۆکیۆمێنتی سۆڤیەتدا ١٩٤٥ / ١٩٥٨ هەولێر ٢٠٠٢، ل ١٢٦.

(٥) شكيب عقراوي م. س ص ١٣٤ و ١٤٩.

ئامانجی کورد لە یارمەتی وەرگرتنی لە ئێران، تەنیا خودی یارمەتییەکە بوو، واتە کوردستان لەبەرئەوەی هیچ سنوورێکی ئاوی ئازادیی نییە و، هەروەها هەردوو وڵاتی دراوسێش کوردستانی تێدایە، بۆیە پێوەندیی هاوسەنگ لەگەڵیان مومکین نییە و هەرچی هەیە تەنیا وەرگرتنی یارمەتیی لۆجستیکی و مادییە و تەنانەت، لەبەرئەوەی هیچ سنوورێکی ئاویی نییە، ئەگەر لەوسەری جیهانیش یارمەتییەك بۆ کورد بێ، هەر دەبێ لە ڕێگەی یەك لە دەوڵەتە داگیرکەرانی کوردستان بێ، کەواتە کوردیش ناچارە مامەڵە بکات و لەم مامەڵەیە، بێگومان دەتوانێ سوودی زۆر ببینێ و زیانیش، بەڵام ئەو سیاسەتەی کە شۆڕش دایڕشت بۆ یارمەتی وەرگرتنی لە ئێران، سوودی زیاتر بوو لە زیان، یەکەم لە ڕێگەی ئێران تواندرا، کێشەی کورد بەجیهانی دەرەوە بناسرێ، دووەم چی یارمەتیی وڵاتانی ئەورووپا و ئیسرائیل و ئەمەریکاش بوو، لە ڕێگەی ئێران بۆ کورد دەهات(١)، سێیەم یارمەتیی مادی و چەك و تفاق و دەرمان و خواردنی پێ دەگەیشت کە بێ ئەمانە، بەردەوامیی شۆڕش زۆر دژوار دەبوو، چوارەم بریندارەکان دەنێردرانە نەخۆشخانەکانی ئێران، پێنجەم نوێنەرایەتیی شۆڕش لە تاران ئۆفیسی کرایەوە کە لە ڕێگەی ئەم ئۆفیسە پێوەندیی مرۆیی، کولتووری زیاتر لە نێوان ئێران و کورد و هەروەها جیهان و کورد، بەتین دەبووەوە، شەشەم کەسایەتییە دیلۆماسییەکانی کورد لە ڕێگەی ئاسمانیی تارانەوە بەرەو ئەورووپا و ئەمەریکا سەفەریان دەکرد(٢)، بەڵام لە چۆنیەتیی مامەڵەکردندا، جیاوازی هەبوو لە نێوان کەسانی ناو مەکتەبی سیاسی وەك ئیبراهیم ئەحمەد و عومەر دەبابە لەگەڵ بارزانی، ئیبراهیم ئەحمەد دەیویست ڕشتەی پێوەندییەکە لە دەست خۆی بێ(٣). بارزانی هەردەم لە بەرچاوی بوو کە محەمەد ڕەزا شا، دوژمنی بزووتنەوەی کوردە لە هەر شوێنێك بێ، چونکە بەچاوی خۆی زوڵم و ستەمی ئەوی دیبوو دەرهەق بەکۆماری کوردستان، بەڵام ئەوان «ئیبراهیم ئەحمەد و...» ئەو ئەزموونەیان لەگەڵ محەمەد ڕەزا شا نەبوو، بۆیە پێوەندییەکەی ئەوان، خۆشباوەڕی و زێدەڕۆییی تێدا دەبیندرا و بێجگە لەوەی کە دەستپێشخەرییەکەش هەر لەلایەن مەکتەبی سیاسییەوە کرا، بۆیە پێشمەرگەی ئاسایی وای بۆ دەچوون کە بارزانی بەم

(١) شكيب عقراوي ، م.س ص ١٩٢.

(٢) سعيد خديده علو :، م.س، ص ٢٢٦.

(٣) هـ.س، ص ٢٢٨.

پێوەندییە ڕازی نییەو بگرە بە ملی داهاتووە[1]. یەکەم کەس کە عیسا پژمان پێوەندیی پێوە کردووە، ئیبراهیم ئەحمەد بووە کە هەر بەزمانی خۆی دەڵێ: "عیسا پژمان ڕەفیقمە هەر ڕەفیق! عیسا پژمان لە ١٩٤٧ و ١٩٤٨ەوە ئەمن دەناسێ، هاتبوو بۆ وێ بەتایبەتی هاتبوو بۆ دیتنی من لە کەرکووك لە پاش بەربوونم لە حەپسخانە. لە پاش کۆمەڵێك ساڵ هاتووەتەوە بە لاماندا دەیەوێ بچێ بۆ لای مەلا مستەفا. "[2] و ئیبراهیم ئەحمەد باس لەوە دەکات کە بارزانی ئەوی «ئیبراهیم ئەحمەد» بە جاسووسی ئێران زانیوە[3].

مەسعوود بارزانی باس لەو پێوەندییەی نێوان ئیبراهیم ئەحمەد و ئێران دەکا کە شا گفتی پێ دابوو کە ئەگەر بارزانی لەناوبرا، ئەو بکەوێتە نێوانیانەوە بۆ نەهێشتنی ناکۆکیی نێوان ئەو و ڕژێم[4] عیسا پژمان لە تەك ژمارەیەك ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بەردەوام دەبینرا، کە موحسین دزەیی لە بیرەوەرییەکانی، لە چەند لاپەڕەی جیاواز، باس لە ڕووبەڕووبوونەوەی خۆی دەکات لەگەڵ عیسا پژمان، لە قۆناغی جیاجیا و شوێنی جیاجیا ئەویش بەڕێکەوت: "لە قەڵادزێ لە ماڵی برای عومەر دەبابە، عیسا پژمان دەبینێ کە دەڵێ: بەبیرم هاتەوە کە ئەو پیاوەم پێشتر دیوە، بەر لە ٦ مانگ لە ئاهەنگی جەژنی نەورۆز لە بەغدا، کە لەگەڵ میوانان هاتبوو... بە «سید حسن» بانگ دەکرا وە پاشان عومەر دەبابە لەگەڵ ئەو چووە ئێران و"[5]. هەروەها لە لاپەڕەیەکی تر کە باس لە ڕێککەوتنی ئاگربەستی نێوان شۆڕش و حکوومەتی عێراق دەکا لە شوباتی ١٩٦٤ و هەروەها لە گەرمەی ناکۆکی کەوتنەوەی نێوان بارزانی و مەکتەبی سیاسی، موحسین دزەیی سەردانی ماوەت دەکا و لە ڕێگەی ماوەت «مەڵبەندی مەکتەبی سیاسی» دووبارە عیسا پژمان دەبینێ لەناو ئۆتۆمۆبێلێك، دەنگوباسی کۆنفرانسی پێ ڕادەگەیەنێ و بەپۆزەتیڤ لە قەڵەمی دەدا[6]. محەمەد ڕەزا شا خۆی لە ٢٥ /٩/

---

(١) سید کاکە: بیرەوەریی پێشمەرگەیەك، چاپی دووەم، هەولێر ٢٠٠٠، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، ل ٢٦.

(٢) عەلی کەریمی، س.پ، ل٢٨٤.

(٣) هـ.س، ل٢٨٣.

(٤) مەسعوود بارزانی، س.پ، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، ل١٤٧.

(٥) محسن دزەیی : م.س الجزء الثاني، ص٥٣.

(٦) المصدر نفسه ، ص٧٨.

١٩٦٢دا هاتە کوردستانی ئێران، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە چۆنایەتی و ئامادەکاریی سوپاکەی ببینێ و کاتێك هاتە شارۆکەی خانێی سنووری و سەردانی سەربازگە تازە بنیاتنراوەکەی کرد لەو شارۆکەیەدا، کۆبوونەوەیەکی بە ئەفسەرانی سەربازگەکە کرد و پێی وتن: "ئەمە یەکەمین جارە دێمە خانێی جەرگەی کوردستانی خۆڕاگر و خاڵەکانی مەرز و خاکی سەربڵندی ئێران، جێگەی دڵخۆشی و بەختەوەرییە کە بۆ یەکەمین جار چاوم بەم ڕێکوپێکییە دەکەوێ"[١].

دەشێ بگوترێ، شۆڕشی ئەیلوول محەمەد ڕەزا شای هێنایە کوردستان. بێگومان پلانێکی گەورە لە پشت ئەم سەردانە هەبوو و ئەمە درێژەی ئەو دڵەڕاوکێیە بوو کە لە ئەنجامی کودەتای عەبدولکەریم قاسم، ئێران تووشی بووبوو و یەك لە هۆکارەکانی دڵەڕاوکێ، چارەسەری کێشەی کورد و گواستنەوەی ئەم ڕاپەڕینە بۆ بەشی کوردستانی ئێران بوو، بۆیە بەهەموو شێوەیەك لەڕووی میلیتاری و هەواڵگرییەوە، محەمەد رەزا شا دەیویست کۆنترۆڵی کوردستانی ئێران بکا، لەلایەك نەهێڵێ هەستی نەتەوایەتیی ئەوان لەژێر کاریگەری شۆڕشی ئەودیوە بەپراکتیك کێشە بۆ ئەو بخولقێنێ و، لەلایەکی تر سوپاکەی لە سنوور، ئامادە ساز بێ بۆ هەر کردەوە یان کاردانەوەیەکی پێویست و لە چاوپێکەوتنی محەمەد ڕەزا شا لەگەڵ محەمەد حسنین هیکل، دانی بەوە ناوە کە ڕژێمی ئێران دەستی لە شۆڕشی کوردی عێراقدا نەبووە، بەڵام دەڵێ: "ئێمە قۆزتمانەوە"[٢]

---

(١) یاسین سەردەشتی، کوردستانی ئێران لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد.

(٢) یاسین سەردەشتی : هـ.س، ل٣١٩– لە چاوپێکەوتندا د. مەحموود عوسمان و محەمەد عەزیز هەردووکیان باسیان لەوە کرد کە "ئێمە وەك بزووتنەوە و شۆڕش هەبووین، ئینجا ئێران هاتە ناو کێشەکە".

## بەندی دووەم

### هەڵوێستی ئێران لە ئاست پێوەندییەکانی سەرکردایەتیی کورد و حکوومەتی عێراق لە نێوان ساڵانی ٨/ ٢/ ١٩٦٣ –١٨/ ١١/ ١٩٦٣

دوای کودەتای بەعسییەکان بەسەر ڕژێمی عەبدولکەریم قاسم لە مێژووی ١٩٦٣/٢/٨، سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردی شەڕی ڕاگرت و، ڕێگەی گفتوگۆی ئاشتییانە لەگەڵ سەرانی نوێی ڕژێمی عێراق گرتە بەر بۆ چارەسەرکردنی کێشە نەتەوەییەکەی، بەڵام لە شۆڕش و بەرخودان بەردەوام بوو[١]. لە سۆنگەی ئەوەی حزبی بەعس ڕاسترۆ و ناسیۆنالیست بوو، ڕژێمی شاهنشاهی ئێران بەگۆڕینی ڕژێم و کودەتای بەعسییەکان خۆشحاڵ بوو، بۆیە هەوڵی دا پێوەندیی نزیکی لەگەڵ ساز بکا و هانیان بدا بۆ دەستپێکردنەوەی شەڕ لەگەڵ شۆڕشگێڕانی[٢] کورد، ڕژێمی بەعس هەوڵێکی جیدیی نەدا بۆ گرتنەبەری ڕێگەی گفتوگۆ و دانوستاندن لەگەڵ سەرانی کورد و هەوڵی دەدا زیاتر کات بکوژێ بەم دانوستاندنانە و جێپێی خۆی قایم بکا[٣]، بەتایبەتی دوای ئەوەی لە ٨ی مارسی ١٩٦٣ بەعسییەکان لە سووریاش فەرمانڕەوایان وەدەست هێنا، بەعسییەکانی عێراق چارەسەری مەسەلەی کوردیان پشتگوێ خست و بڕیاریان دا بەردەوام بن لە سەرکوتکردنی شۆڕش[٤] و ڕژێمی شاهنشاهیش خۆی لە ڕژێمی تازەی عێراق نزیك کردەوە، بۆ ئەم مەبەستە کاربەدەستێکی بەرزی سەربازییان ناردە کەرکووك کە ڕۆڵی ئەفسەری پێوەندیی دەدی لە نێوان هەردوو سوپای عێراق و ئێران، هەروەکو ڕژێمی تورکیاش کاربەدەستێکی سەربازیی خۆی ناردە مووسڵ[٥]، کە مەبەستیان هاوئاهەنگیکردن بوو لەگەڵ هێرشی

---

(١) واحد عومەر محێدین، س.پ، ل١٢٦.

(٢) شكيب عقراوی، م.س، ص١١٩.

(٣) بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر سیاسەتی بەعس لەو سەردەمە لە ئاست داواکاری کورد و شۆڕشی کورد بڕوانە: موقف الاحزاب السياسية العراقية من قضية الكوردية ١٩٤٦ – ١٩٧٠، ص ١٢١ – ١٢٩

(٤) حامد محمود عيسى، م.س ، ص ٢٠٧.

(٥) شكيب عقراوی، م.س، ص ١١٧– هەژار س. پ ل٣٩٦.

سوپـایـیـی عـێراقـی بـۆ سەرکـوتـکـردنـی شۆڕشی کـوردی عـێراق و ڕێگـەگـرتـن لـە پێوەندیکردنی کوردی ئێران و سووریا بوو بەشۆڕش(١).

وڵاتـانـی ڕۆئـاوا بـەتـایـبـەتـی بـەریـتـانـیـا هـەنـاسـەیـەکـیـان هـاتـەوە بـەر کـە ڕژێـمـی عەبدولکەریم قـاسم ڕمـا و بەعس جێی گرتەوە، بۆیە هەوڵیان دا لە تەك ئەمەریکا ببن بەپاڵپشتی ڕژێمی نویَ لە دژی یەکەتیی سۆڤیەت کە پاڵپشتی عەبدولکەریم قـاسم بوو و بەچەکدارکردنی سوپای عێراق و ڕاهێنانی ئەفسەرانی، یارمەتیی دەدەن(٢).

دیپلۆماتەکانی بەریتانیا باس لە ڕێککەوتنێکی «جەنتلمانە» دەکەن لە نێوان عێراق و تورکیا و ئێران کە بەپێی ئەم ڕێککەوتنە، تورکیا و ئێران بەڵێن دەدەن بۆ بە «تەنیاکردنی» کورد هەندیَ کاری جیدی بکەن، کە دوابەدوای ئەمە ژمارەیەك لە قوتابییانی کوردی عێراق لە تورکیا دەگیرێن و ئێرانیش پتر سنوورەکانی خۆی قایم دەکا(٣).

لە ١٤ی حوزەیرانی ١٩٦٣ ڕۆژنـامـەی میللیەتی تورکی دەنووسیَ کە فـەرمـانڕەوای تورکیا و عێراق هاوکاری و یارمەتیی یەکتر دەدەن لە کاتی پێویستدا(٤)، سوریاش بەکردەنی یارمەتیی سوپای عێراق دەدا و لە ١٩٦٣/١٠/٢٨ هێرش دەهێنێتە سەر ناوچەی بادینان(٥)، ئەم ئۆپەراسیۆنە سەربازییە هاوبەشە، بە«ئۆپەراسیۆنی دیجلە» بەناوبانگە، کە لە ڕاستیدا، تورکیا و ئێران، خۆشحاڵیی خۆیان نیشان دەدەن(٦). هەندیَ لە سەرچاوەکانی فارسی و کوردستانی ئێران ئاماژە بەپلانێك دەکەن بەناوی «پلانی پڵینگ» واتە دوای دەستی بەدەستیکردنی ڕژێمی نوێی بەعس بۆ دانوستاندن و

---

(١) درك كنان، م.پ، ص٧٤– ٧٥، باس لە خێڵی "گویان"ی کوردی سووریا دەکا کە دوو هەزار شەڕکەریان نارد بۆ یارمەتیی شۆڕش.

(٢) گونتر دشنر : احفاد صلاح الدين الايوبي، ترجمه عبدالسلام بروارى، دهوك ص ٢٦٤– هەژار، س.پ، ل٣٩٦.

(٣) کریس کۆچێرا ، م.پ، ص ٢٩٨.

(٤) ادمون غريب، الحركة القومية الكوردية، بيروت ١٩٧٣ دار النهار للنشر ص ٧٩.

(٥) ڕزگار محمد: عملية دجلة، حملة الحكومة العراقية على كوردستان عام ١٩٦٣، اربيل ٢٠٠١ جامعة صلاح الدين، ص ١١١.

(٦) علي كريم سعيد: عراق ٨ شباط / من حوار المفاهيم الى حوار الدم، الطبعة الاولى، دار الكنوز الادبية ١٩٩٩، ص ٢٥٦– جرجيس حسن، تركيا في الاستراتيجية الاميريكية بعد سقوط الشاة، بلا مكان، الطبعة الاولى ١٩٩٠، ص٩٣.

ڕێککەوتنی ئاشتی لەگەڵ سەرانی کورد، عێراق داوای یارمەتی لە ئەندامانی پەیمانی سێنتۆ دەکات. پلانی پڵینگ ئەوە بوو کە سوپای عێراق هێرش بباتە سەر کورد و پاشەکشەیان پێ بکەن تا سنوورەکان و، لەوێوە ئێران و تورکیا بە هێزی ئاسمانی خۆیان لە کورد بدەن و کۆتا بەشۆڕشی کورد بهێنن(١)، دوای چوار مانگ تێپڕرین بەسەر کودەتای بەعس، لە مانگی ٦ی حوزەیرانی ١٩٦٣ هێرشێکی سەخت و بەربڵاو کرایە سەر کوردستان و بەر لە قڕکردنی کورد، حکوومەتی بەعس پەلاماری شیوعییەکانی دا و سەدانیان لێ گرتن و کوشتن و سەدان هەڵاتن. بەکورتی ئەو هێرش و پەلامارەی بەعس دژی کورد، زۆر توند و خەستتر بوو لە پەلامار و هێرشی عەبدولکەریم قاسم بۆ سەر کورد(٢)، بەڕادەیەك کە لە هەندێ دەزگا ڕاگەیاندنەکانی وڵاتە سۆشیالیستەکان، بەشەڕی جینۆساید «قڕکردنی ڕەگەزی» ناو دەبرا(٣).

ئەندریە گرومیکۆ(*) لە ٩ / ٧ / ١٩٦٣دا باڵیۆزخانەکانی تورکیا سووریا و ئێران ئاگەدار کردەوە کە بۆیان نییە بەهیچ جۆرێك، دەست بخەنە ناو کاروباری ناوەخۆی عێراق و هاوبەشی لەو پلانەدا بکەن کە عێراق دژی کوردەکان دایڕشتووە، ئەگەر نەخشەیەکی لەو جۆرە، سێقۆڵی یا چوارقۆڵی دژی کوردەکان بکێشرێ مانای سەرهەڵدانەوەی مەلەفی پەیمانی سێنتۆیە و ئێمەش بەرامبەر بەوە بێدەنگ نابین(٤). وردەکاریی تاکتیکی سەربازیی پلانی دژی شۆڕش، بەم شێوەیە بوو کە سێ بنکەی بێتەلی تایبەت بە «ئێران و تورکیا و سووریا» لەناو شاری کەرکووك و هەولێر و مووسڵ دامەزرێندرابوون، لەژێر چاودێریی ئەفسەرانی سەرۆکایەتیی ئەرکانی ئێران و تورکیا و سووریادا، ئامێرێکی بێتەلی تریش لە چیای سەری ئاکرێ لەژێر چاودێریی جەنەراڵ عەلی عامر، سەرۆك ئەرکانی ئوردندا بوو، بۆ سەرپەرشتیکردنی بەرەکانی شەڕ دژی هێزەکانی لەشکری کوردستان(٥)، کەواتە ئوردن لەگەڵ ئەوەی دراوسێیەکی

---

(١) حمید مۆمنی: درباره مبارزات کردستان، تهران ١٣٥٨ چاپ دوم ص ٤٤، هەروەها عبدالله حسن زاده لە چاوپێکەوتنێك کە تۆژەر لەگەڵی ساز دا، باس لە پلانی پڵینگ دەکا.

(٢) درك کنان، م.پ، ص٩٩.

(٣) ئیبراهیم جەلال، س.پ، ل ١١١.

(*) وەزیری دەرەوەی یەکەتیی سۆڤیەتی ئەوکات.

(٤) م.س، لازاریف واخرون: م.س ، ص ٢٩٠.

(٥) شەوکەت مەلا ئیسماعیل س.پ ل١٧٧.

عێراق بوو کە کوردی تێیدا نیشتەجێ نەبوو، بەڵام لە سۆنگەی نزیك بوون لە ئایدیۆلۆجیای پشت پەردەی «سێنتۆ»، هاوکاریی ئێران و تورکیای دەکرد.

یەکەتیی سۆڤیەت لە سەردەمی هاتنە سەر حوکمی بەعسی یەکەم، پشتگیریی لە خەباتی کوردی کرد و یەك لە هۆکارەکە سەرەکییەکان، راوەدوونان و رەشەکوژیی شیوعییەکان بوو(١)، لەو ماوەیەدا دووجار بانگهێشتنی شاندی کوردی کرا بۆ سەردانیان بۆ مۆسکۆ، کە شاندی یەکەم جەلال تاڵەبانی و شاندی دووەم ئیبراهیم ئەحمەد سەرۆکایەتیی دەکردن. لەو کاتەی کە یەکەتیی سۆڤیەت ئینزاری دەدا بە ئێران و وڵاتانی تر کە هاوکاریی پلانەکەی بەعس نەکەن، کەچی خۆی ڕێککەوتننامەیەکی گرینگی ئابووریی لەگەڵ ئێران بەست و جەلال تاڵەبانیش لە ڕێگەی ئێران لە سەفەرەکەی سۆڤیەت گەڕایەوە کوردستان(٢). لە وتارێکی رۆژنامەی (پراڤدا)دا لە مێژووی ١٩٦٣/٧/١١ هاتووە کە تورکیا و ئێران سنوورەکانی خۆیانیان داخستووە لەگەڵ عێراقدا، بەمەبەستی ڕێگەگرتن لە گەیشتنی یارمەتی بۆ شۆڕشگێڕانی کورد لەلایەن کوردەکانی ناو ئەم وڵاتانە. یەکەتیی سۆڤیەت ترسی ئەوەی هەبوو کە عێراق بچێتەوە ناو پەیمانی «سێنتۆ»، کە ئامانجیان بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆجیای رۆئاوایی و دژەکۆمۆنیستی بوو، بەڵام ئەحمەد حەسەن بەکر سەرۆك وەزیرانی عێراق، دڵنیای کردنەوە لە سیاسەتی بێلایەنی عێراق(٣).

ڕژێمی شاهنشاهی ئێران ئاسوودە بوو بەم شەڕە کاولکارییەی کە لە دژی کورد و کوردستان لەلایەن ڕژێمی بەعسی یەکەم بەرپا کرابوو، چونکە ئەوە بەمانای کاولکردن و لاوازبوونی هەموو عێراقە، بەتایبەتی سەرقاڵ بوون و بێهێزبوونی سوپای عێراق، گەرەنتییەك بەئێران دەدا کە وڵاتانی عەرەبی لە سوپایەکی بەهێز و دەوڵەتێکی دەوڵەمەند بێبەش دەبن، بەتایبەتی کە جەمال عەبدولناسر دژی شەڕی کورد بوو و سەرکۆنەی ڕژێمی بەعسی دەکرد، ئەمەش لە بەرژەوەندیی ئێراندا بوو کە کەلێنێك بکەوێتە نێوان بەرەی یەکگرتووی وڵاتانی عەرەبی(٤)، هەروەها ئێران لە جموجۆڵی عەبدولسەلام عارف نیگەران بوو سەبارەت بەو نزیکییەی لە جەمال

(1) HAIM SHEMESH. op.cit. P. 7.

(٢) ئیبراهیم جەلال، س.پ، ل١٢٠.

(3) HAIM SHEMESH . op.cit. P.15-9.

(٤) حامد محمود عیسی، م.س، ص ٢٢٣ – ٢٢٤.

عەبدولناسر و هەوڵدانی بۆ بەرەیەکی یەکگرتووی عەرەبی و ئەم یەکەتییە ئەگەر سەری دەگرت، ناسری لە ڕۆئاوای کەناڵی سوێس و دەریای سوور دەگەیاندە رۆهەڵاتی دیجلە، ئەویش ئەو کاتی بەهاوکاریی عەبدولسەلام عارف و بەعسییەکان[١] دەیتوانی بەکوردی ئێران بسەلمێنێ کە کوردی خۆشی دەوێت، بەڵام عەرەب قڕی دەکا و، بەم شێوەیە هێزە نیشتمانییەکانی ئێرانی پێ هەڵخەڵەتێنێ، بۆیە محەمەد رەزا شا دوو سیاسەتی دژ بەیەکتری پەیڕەو دەکرد، چونکە مەبەستی ئەو شەڕی بەردەوام بوو لە نێوان دەوڵەتی ناوەندی بەغدا و کوردستانی عێراق، کە سەرقاڵبوونی هەردوولا بەشەڕ، لە قازانجی ئەو دابوو، بۆیە یارمەتیی هەردوولای دەدا لەلایەك یارمەتیی کەمی بۆ شۆڕش دەنارد بە نهێنی، لەلایەکی تر ئەفسەری پایەبەرزی بەناوی "محەمەد فرزام" ناردە کەرکووك بۆ هاوئاهەنگی و هاوکاریکردن لەگەڵ حکوومەتی عێراقی بۆ ئەوەی زیاتر بەرەو قووڵاییی کوردستان بێ و یارمەتیی لۆجستیکی بەکورد نەگات[٢].

شا ترسی ئەوەی هەبوو کە هەردوو دەوڵەتی بەعسی سووریا و عێراق یەك بگرن، بۆیە هەوڵی دەدا لەگەڵ مەلیکی ئوردن « مەلیك حوسێن» پێوەندییەکەی پتەوتر بکات و، لە مانگی ٩ی ١٩٦٣ بانگهێشتنی تارانی کرد بۆ ئەوەی بەیەکەوە کار بەکەن لە دژی عێراق بەتایبەتی لە دژی رێککەوتنی سەربازیی نێوان سووریا و عێراق کە لە دژی شۆڕشی کورد، رێك کەوتبوون. مەلیك حوسێن داوای لە شا کرد کە پاڵەپەستۆی خۆی لەسەر کوردی ئێران کەم بکات و ئەگەر بکرێ یارمەتیی کوردی عێراق بدات بۆ پاڵەستۆی بەردەوام لەسەر سوپای عێراقی، بەڵام شا زۆر بەترس و گومانەوە مامەڵەی لەگەڵ ئەم بابەتە دەکرد[٣]، لەولاش جەمال عەبدولناسر کە «ميثاق الوحدة الثلاثية» واتە یەکەتیی سیانی نێوان عێراق و سووریا و میسری لە ١٧ی نیسانی ١٩٦٣ ئیمزا کرد[٤]، پشتگیریی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردی دەکرد بە دوو مەبەست: لە عێراق مەبەستی بوو کە دەوڵەتی عەرەبی عێراق سەرقاڵ بە شەڕوشۆڕی کوردان نەبێ

---

(١) ئەمە قسەی عیسا پژمانە، کاربەدەستی باڵیۆزخانەی ئێران لە بەغدا و پردی پێوەندیی شۆڕش و دەوڵەتی ئێران، بڕوانە: عیسی پژمان: اسرار بستن پیمان ١٩٧٥ الجزيره، ص ١١٨.

(٢) صلاح الخرسان: التيارات السياسية في كردستان العراق، بيروت ٢٠٠١،ص١١٦.

(٣) فتحي الديب: عبدالناصر و ثورة ايران، القاهرة، ٢٠٠٠ الطبعة الثانية، ص ١٨.

(٤) صلاح خرسان،م.س، ص١١٠.

و بێهێز نەکرێ بەرامبەر ئیسرائیل کە دوژمنی هەموو عەرەبە[1]، لە ئاست پشتگیریی کوردی ئێرانیش مەبەستی بوو ڕژێمی شا لاواز بکرێ یان لەناوی ببات. لە دیوی عێراق پێوەندییەکی باشی ساز کردبوو لەگەڵ سەرانی کورد وەك مەلا مستەفای بارزانی و جەلال تاڵەبانی، لە دیوی ئێرانیش، هەوڵی دەدا هەموو هێزە بەرهەڵستکارەکانی ئێرانی کۆ بکاتەوە و یارمەتیی مادی و مەعنەوییان بدا و بۆ ڕاپەڕین و شۆڕش ئامادەیان بکا، بۆیە لەو هەوڵ و کۆششانەی کە لەم بارەیەوە ئەنجامی دا لە ساڵی ١٩٦٣، کێشەی کوردی بەهەند هەڵگرت و داوای هەڵوێستی هێزەکانی بەرهەڵستکاری ئێرانی کرد لە بەرامبەر ئەم کێشەیە[2].

یەکەتیی سۆڤیەت زۆر بەتوندی هەڵوێستی وەرگرت لە بەرامبەر هێرشی دوولایەنەی سووریا و عێراق بۆ سەر کوردستان، نوێنەری سۆڤیەت لە UN نامەیەك ئاراستەی سەرۆکی ئەنجوومەنی ئاسایش دەکات کە تێیدا باس لەو ستەم و سەرکوتکردنەی عێراق دەکا لە ئاست گەلی کورد و، هەروەها ئاماژە بەخۆتێهەڵقورتانی وڵاتی بیانی «مەبەستی تورکیا و ئێران» دەکات لەو شەڕە و داوا دەکات بۆ ڕێگەگرتن لەم خۆتێهەڵقورتانە، ئەنجوومەن دابنیشێ و تەنانەت هەڕەشەی ئەوە دەکات کە ئەگەر ئەم ڕەوشە بەردەوام بێ ئەوا یەکەتیی سۆڤیەت دەستبەکار دەبێ و کاردانەوەی جیدیی دەبێ [3].

---

(١) گونتر دشنر: س.پ، ص٢٥٦– مەسعوود محەمەد باس لەوە دەکات کە سکرتێری یەکەم و دووەمی باڵیۆزخانەی میسر لە بەغدا، داوایان لێ کردووە کە ڕۆڵی ناوبژیکەر ببینێ بۆ ئاشتی و ڕێك کەوتن لە نێوان شۆڕشی کورد و حکوومەتی عێراق، چونکە هەموو هومێدی میسر بەسوپای عێراقەوەیە کە پاڵپشتی بێ لە مەترسیی ئیسرائیل، کە مەسعوود محەمەدیش بەم ڕۆڵەی خۆی هەڵدەستێ، بڕوانە: گەشتی ژیانم، ستۆکهۆڵم ١٩٩٢ ل٤٧٦ – ٤٧٧.

(٢) بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی سیاسەتی جەمال عەبدولناسرەوە بەرامبەر بەکێشەی کورد بڕوانە، فتح الديب م.س ص ٧٥ – ٧٦.

(٣) کریس کۆچێرا م. پ ص ٣٠١ – ڕوینە لومبورن: کورد گەلێکی بێ وڵات، وەرگێڕانی لە سوێدییەوە ئەمجەد شاکەلی، سوێد ١٩٩٤ ل ٤٩.

## بەندی سێیەم

### پێوەندیی سیاسی لە نێوان کوردستانی عێراق و کوردستانی ئێران

لە ماوەی شۆڕشی ئەیلوول، پێوەندیی نێوان هەردوو پارچەی لێك دابڕاوی کوردستانی ئێران و عێراق پتەو بوو. هێزی لەشکری کوردستان (پێشمەرگە) رۆڵی حکوومەتی دەبینی لە هەموو ناوچە ئازادکراوەکاندا، بۆیە هەر زوو لە بڵاوکردنەوەی فەرمیی خۆی بەسەر جەماوەری کوردستان بڵاوی کردەوە کە "پێشمەرگە جێنشینی ئەو حکوومەتە مەشرووعەیە وە لە دواڕۆژدا لە جێگەی حکوومەتی داگیرکەر وڵات بەڕێوە دەبات"[1] و داوا دەکات کە هەموو کوردێك بەپێی توانای خۆی، دەبێ یارمەتیی پێشمەرگەی کوردستان بدات بەپارە و فیشەك و دەغڵ و دان و جلوبەرگ و خواردەمەنی... [2].

هەروەها دوای لەناوچوونی رژێمی عەبدولکەریم قاسم و هاتنی بەعسییەکان بەچەند مانگێك، شەڕ لە نێوان شۆڕش و عێراق دەستی پێ کردەوە و هەر لە ٢٠ی ئایاری ١٩٦٣ فەرمانی حوکمڕانی گشتیی سوپا دەرچوو کە گەمارۆی ئابووری بخرێتە سەر کوردستان[3]، کە ئەم گەمارۆیەش هۆکارێك بوو، بۆ زیاتر یارمەتی ڕەوانەکردن لەلایەن کوردی ئێران لە ڕووی خواردن و جلوبەرگ و... هتد بەشۆڕش.

ئەو شۆڕشە کاریگەرییەکی گەورەی کردە سەر هەڵچوونی هەستی نەتەوایەتی لە تەواوی پارچەکانی کوردستان بەگشتی و لە بەشی ڕۆهەڵات بەتایبەتی، کە تێکڕای چین و توێژەکانی خەڵك لەو قۆناغەدا هەر لە سنووری یەکەتیی سۆڤیەت و موکریان تا باشووری کرماشان و ناوجەرگەی عەشیرەتەکانی کەلهوڕ بەکردەوە هاوسۆزی و پشتگیریی خۆیان بۆ شۆڕش نیشان دا و سەرکەوتنیان بەتاکەرێگەی ڕزگاریخوازی کورد لە ستەم و چەوسانەوەی نەتەوایەتی دەزانی، هەر بۆیە بەگەرمی بەپیر شۆڕشەوە

(١) شازین هێرش: شۆڕشی ئەیلوول لە چەند بەڵگەنامەیەکی مێژووییدا ١٩٦١ – ١٩٦٣، سلێمانی بەڵگەنامەی ژمارە (٣٢) ل ١٣٨.

(٢) هـ.س، بەڵگەنامەی ژمارە (٣٢)، ل ١٣٩.

(٣) مەسعوود بارزانی، س.پ بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، ل ١٢٠.

چوون و لە هیچ هاوکارییەکی مادی و مرۆیی دریخییان نەکرد و، بەپراکتیك رۆهەڵاتی کوردستانیان کردە قووڵاییی ستراتیجی شۆڕشەکەی باشوور[1]، ڕاستییەکی وا گەورە کە دیکۆمێنتەکانی دەزگای ساواکی رژێمی شاهنشاهی گەواهیی لەسەر دەدەن، لە بەڵگەنامەیەکی «اطلاعات داخلي» زانیاریی ناوەخۆی ئێراندا کە ئاراستەی وەزارەتی دەرەوە و شەڕ و ساواك کراوە، هاتووە:

"ئێستا لە زۆربەی کۆڕ و دانیشتنەکانی کوردی ئێرانی دانیشتووی تاران یان لە کوردستانی ئێران، باس لە سەرکەوتنی سوپای ڕزگاریدەری کوردستانە «مەبەست لە راپەڕیوەکانی باکوری عێراقە» خەڵکی سەردەشت و بانە و مەهاباد، روو لە شۆڕشی ئازادیخوازی عێراق دەکەن و چەکدار دەبن و شان بەشانی شۆڕشگێڕان دەچنە شەڕ لە دژی حکوومەتی بەغدا... هەرچی ئاغاکانی کوردستانی ئێران کە ڕوو لە شۆڕش دەکەن، بارزانی دەیانگەڕێنێتەوە و پێیان دەگوترێ کە ئێوە بۆ سەربەخۆیی کوردستان ناجەنگن و ستەم دەرحەق بەجووتیاران دەکەن. "[2].

ڕژێمی شاهنشاهی لە ترسی ئەو ڕووتێکردنەی خەڵکی کوردستانی ئێران بۆ شۆڕش و جووڵانەوەی بەرزی هەستی نەتەوایەتی لایان و پشتگیریی واتەیی و دارایی خەڵك لە شۆڕش، هەوڵ دەدا کەمێك سیاسەتی خۆی لە ئاست کوردی ئێران بگۆڕێ، لە نامەیەکی نهێنیی وەزیری ناوەخۆی ئێران بۆ سەرۆك وەزیرانی هاتووە: "بەڕێزتان ئاگەدار دەکەینەوە کە کۆمیتەی ئاسایشی ئوستانی کرمانشاهان لە دانیشتنی ڕۆژی ١٣٤٢ /٤/ ٣١ داواکارە کە بەمەبەستی باشترکردنی ڕەوشی ئابووریی کوردەکان بەتایبەتی ئەوانەی کە لە سنوورەکان نزیکن، بەرنامەی ئابووریی خێرا و هەنووکەیی دابڕێژن و بەپەلە جێبەجێ بکەن، تاکو بەم شێوەیە ڕێگە بگرن لە چالاکیی پارتی دیموکراتی عێراق (کوردستانی عێراق) لەنێو کوردی ئێراندا و، بۆ ئەم کارەش پێویستە بودجەیەك لە بەردەست کۆمیتەی ئاسایش دابندرێ تاکو بەمەبەستی سیاسی و ئاسایش خەرج بکات[3]" ئەحمەد قازی کە ئەوکات سەرۆکی فەرهەنگی بۆکان و

---

(١) یاسین سەردەشتی: ژیان و تێکۆشانی سیاسیی ئەحمەد تۆفیق ١٩٣١ – ١٩٧٣ لێکۆڵینەوەیەکە کە لە ١٦/ ١٢/ ٢٠٠٦ لە هەفتەنامەی ئینتەرنێتی «دیمانە» بڵاوی کردووەتەوە– درك کنان م.پ، ص٧٥.

(٢) محمد علی سلطانی، م.پ ڕێککەوتنی بەڵگەنامەکە ١٦/ ٤/ ١٣٤٢، ص ٤٢٨.

(٣) هـ.س، ص٤٣١.

ئەندامی حیزبی دیموکرات بوو، دەڵێ "زۆرتر کاری ئێمە لە ١٣٣٧ تا ١٣٤١ کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ شۆڕشی کوردستانی عێراق بوو، ئەوان نیازیان بەهەموو شتێك بوو، لیباس و خۆراك و کەوش و کڵاش و جاروبارە موهیمات (چەك) و داوودەرمانمان بۆ کۆ دەکردنەوە و دەماننارده نوقتەیەك لە شاری خانێ و، ئاوامان دەکردە ئەودیو[١]" هەژار موکریانیش لە کتێبەکەی «چێشتی مجێور» باس لەو یارمەتییانە دەکات[٢]. لە ڕاپۆرتێك کە تایبەتە بەسەفەرە دیپلۆماسییەکانی جەلال تاڵەبانی لە ئەوروپا، لە زمانی ئەو نووسراوە کە: "ئێمە هێشتا لەو بڕوایەین کە کوردی ئێران نابێ ڕاپەڕێ و ژمارەیەکی زۆر لە سەرەك خێڵەکانی کوردستانی ئێران کاغەزیان بۆ بارزانی نووسیوە کە ئەوانیش ئامادەن لە ئێران دەست پێ بکەن و یاخۆ بێن بۆ یارمەتیدانی بارزانی و، بارزانی بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ دەوڵەتی ئێران تێك نەگیرێ، ڕێگە دەگرێ لە هەر جووڵەیەك لە ئێران و ئەگەر کوردێکیش هاتبێتە عێراق، گەڕاندوویەتییەوە و زۆر سوپاسگوزاری ئێرانە لە بەرامبەر ئەو یارمەتییانەی کە بەپەنابەری عێراقیان نواندووە[٣]. لە بەڵگەیەکی تر، وا دەردەکەوێ یارمەتیی دەوڵەتی ئێران زیاتر لە بواری چارەسەرکردنی بریندارەکان و حەسانەوەیانە[٤].

لە بەرامبەر ئەم یارمەتییانە کە خەڵکی کوردستانی ئەودیو دەنێرن بۆ شۆڕشگێڕانی کورد لە عێراق، ئێران ڕێوشوێنی پێویست دەگرێتە بەر بۆ ڕێگەگرتن لە ناردنیان، بەڵام بەپێی ڕاپۆرتێك کە قایمقامی خانە داویەتی بەساواکی ورمێ ئەم هەوڵانە بێ سوود بووە: "ئاغا روح ئەمین ئەشتەری، کارمەندی وەزارەتی ناوەخۆ، ماوەی ١١ مانگە قایمقامی خانە بووە، لە جەژنی لەدایکبوونی ئیمام حوسێن (ع) ڕای گەیاندووە کە چەند ڕۆژێکە لە خانەوە هاتوومەتە تاران و داوای خانەنشینم کردووە چونکە لە سنووری خانە، گرفت و ئازارم زۆر بوو، ئەوێ سنوورێکە کە خێڵەکانی کوردی هەردوولا بەیەکەوە پێوەندییان هەیە و، خێڵەکانی خانە لایەنگری مەلا مستەفا بارزانین و چەند جار بارزانی هاتووەتە سنووری ئێران و چەند جار هەواڵم پێ

---

(١) یاسین سەردەشتی: ژیان و تێکۆشانی سیاسیی ئەحمەد تۆفیق بەشی نۆیەم، باسی پێنجەم.

(٢) هەژار، س.پ، ل٤٠٤.

(٣) محمد علی سلطانی م.پ ص ٤٣٤، ڕاپۆرتەکە ئێرانییەك لە ئەڵمانەوە ناردوویەتی کە لەگەڵ جەلال تاڵەبانی ئەو گفتوگۆیانەی ئەنجام داوە لە مێژووی ١٣٤٢/٦/٢

(٤) هـ.س، ص ٤٤٠، مێژووی ڕاپۆرتەکە ١٣/٨/ ١٣٤٢.

گەیشتووە کە ژمارەیەکیان لە ماڵی هەندێ لەو سەرەك خێڵانە کۆ بوونەتەوە و بۆ خێڵەکانی ئەودیو پارە کۆ دەکەنەوە و ئەم ڕووداوانەم گەیاندووەتە دەزگا پێوەندیدارەکان لە تاران، بەڵام بێ سوود بووە"[١].

بۆ ڕێگەگرتن لە ناردنی یارمەتیی خەڵکی کوردستانی ئێران، بەپێی ڕاپۆرتێکی ساواکدا هاتووە کە "ناردنی کاڵا و خۆراك بەشێوەی قاچاغ زۆرە و ئەوان یارمەتیی شۆڕشگێرانی کورد دەدەن لە دژی عێراق، کە ئەوە پێچەوانەی پێوەندیی نێوان ئێران و عێراقە، بۆیە پێویستە ژاندارمێری «پۆلیسی سنوور» و قایمامیەتی پاوە، ڕێگە بگرێ لە ناردنی ئەم کەلوپەلانەی لە ڕێگەی پاوەوە دێت بۆ سنوور و، گواستنەوەی شتومەك بۆ ئەم دەڤەرە «پاوە» تەنیا دەبێ بەپێی پێویستی خەڵکی بێت نەك زیاتر و، ئاگەدار بن قەند و شەکر لە خاڵە سنوورییەکان کۆ نەکرێتەوە و هەروەها ئاگەداری دابەشکاری نەوت بن کە بەپێی پێویستی خەڵکەکە بێت نەك زیاتر"[٢].

لە بەڵگەیەکی تر باس لە ڕێگە و جێگە و کەسانی یارمەتیدەری کوردستانی ئێران دەکا هەروەها حزبی تودەی ئێران بەردەوام دەبێ لە یارمەتیدانی مەلا مستەفا و بڕوای وایە کە ئۆپەراسیۆنی دووەمی کوردان لە ئێران، هاوتەریب لەگەڵ عێراق دەست پێ دەکا[٣].

**هەروەها لە ڕاپۆرتێکی ساواك هاتووە**

"بەپێی زانیاریی پێ گەیشتوو، لە گشت مزگەوت و گوند و بازاڕ و ناوەندەکانی کوردستان، خەڵکی وەك شینی موحەرەم «کوشتنی ئیمام حوسێن» سەبارەت بەبۆمبارانی هاوئاینەکانیان «هاوخوێن» خەفەتبارن و، شەو و ڕۆژ گوێ قوڵاغن و بەردەوام پیتاك و باربوو دەنێرن وەك خۆراك، بەتایبەتی گەنم و ئارد، قەند و شەکر و پارەش بەئاشکرایی کۆ دەکەنەوە لە ورمێ لە دەڤەری شاپور، ماکو، شنۆ و خێڵە جۆراوجۆرەکان، پارە کۆ دەکەنەوە بۆ عێراق دەینێرن بەچاولێکەری لە کوردی تورکیا کە دەستپێشخەر بوون، لە ناوچەی بانە، سەردەشت، مەریوان، سنە و کرماشان بەهەمان شێوە... لەو ڕۆژانەی دوایی بڵاو بووەوە کە کوردە شۆڕشگێڕەکان توانیویانە

---

(١) هـ.س، ص ٤٥٠، مێژووی ڕاپۆرتەکە ١٣٤٢/١٠/١٠.

(٢) هـ.س، ص٤٤١

(٣) جاروبار، سەرانی لەشکری ئێرانیش وەك "تاکەکەس" بەبێ ئاگەداری ڕژێم، پشتیوانی لە شۆڕش دەکەن و یارمەتییان دەدەن، هـ.س ص٤٤١.

سوپای عێراق تێك بشكێنن. گشت كوردی ئێران ئاهەنگیان گێڕا و، لەلایەكی تر لە تاران، كادیرانی حیزبی دیموكرات پێوەندییان لەگەڵ زەویدارە گەورەكان هەیە و خۆیان بۆ پشتیوانیكردنی شۆڕشگێڕان لە شەڕیان دژی ڕژێمی عێراق ئامادە كردووە و، هەروەها تەنانەت كوردەكان لە تاران لە فەرمانگەكانی میری لە فارسیزمانەكانیش داوای پارەیان كردووە"(١).

دەوڵەتی عێراق سەبارەت بەمەسەلەی ناردنی یارمەتیی كوردی ئێران بۆ شۆڕشگێڕانی كورد لەودیو، نیگەران دەبێ و سكاڵای خۆی لای باڵیۆزی ئەمەریكا لە بەغدا دەكات كە گفتوگۆ بكات لەگەڵ باڵیۆزی ئێران لە بەغدا، بۆ ئەوەی ڕێگە بگرن، چونكە ئەمە پێچەوانەی پێوەندیی پۆزەتیڤ و دۆستانەیە لە نێوان هەردوولا.

لەلایەن شاهنشاهەوە، فەرمان دەردەكرێ كە سنوورەكان قایمتر بكەن و خاڵی چاودێری و پاسەوانی زیاتری بۆ دابنێن، بەتایبەتی لە مەهاباد و سەردەشت زیاتر پێویستە كۆنترۆڵ هەبێ بەسەر خەڵكەكە و ئەگەر «فەرمانبەری نەشیاو» لەوێ خزمەت دەكەن بیانگۆڕن بەخەڵكی «شیاو» و لێهاتوو. بۆشاییی سنووری پڕ بكرێتەوە، بۆ ئەوەی ڕێگە لە هاتوچۆی قاچاخچییەكان بگیرێ و، دەبێ لە مەهاباد شارەوانی و ساواك و ژاندارمێری و پاسەوانی سنووری بگەڕێن بەدوای «ڕەگی گەندەڵی». واتە ئەوانەی كە یارمەتی دەگوازنەوە بۆ شۆڕشگێڕان(٢).

بێجگە لە كوردی ئێران جاروبار پارت و كەسایەتییە فارسەكانیش پشتگیریی خۆیان لە شۆڕشگێڕان ڕاگەیاندووە وەك لەم بەڵگەیە هاتووە كە جهانگیر عەزیما خەڵكی ئیسفەهان و سكرتێری حزبی میلەتی ئێران، بڵاوكراوەیەكی بڵاو كردووەتەوە و تێیدا داوای كردووە كە بەزووترین كات بۆ ڕێگەگرتن لە كوشتاری كوردی عێراق «ڕێكخراوی بەرگری لە هاونیشتمانانی كورد» ساز بكرێ بۆ ئەوەی یان بەناڕەزایەتی دەربڕین یان چەك هەڵگرتن، بەرگری لە شۆڕشگێڕانی كورد بكەن(٣)" بێجگە لە خەڵكی ڕەشۆكی و دەرەبەگەكان، ئەندامانی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێرانیش، پۆل پۆل دەهاتنە كوردستانی عێراق و لە تەك شۆڕشگێڕان چالاكییان دەنواند.

(١) چپ در ایران، حزب دموكرات كردستان، چ١ ص ١٢٨ ژمارەی بەڵگە ١٥٨٥٨ – ٣٣١، مێژووی ١٨/٤/ ١٣٤٢.

(٢) چپ در ایران، حزب دموكرات چ١، ص ١٧٠ ژمارە ٥٣٥، ٢٤٣، مێژووی ٧/٨/ ٤٢

(٣) هـ.س، ژمارەی بەڵگە ١٢٢٦ / ٢٣٤ مێژووی ٢٠/٧/٤٢.

لە ساڵی ١٩٥٩ دەزگای ساواك و پۆلیس پەلامارێكی گەورەیان كردە سەر ڕێكخراوەكانی حیزبی دیموكرات و ژمارەیەكی بەرچاویان گیران و ژمارەیەكیان رایان كرد بۆ دیوی عێراق. ئەو گوێزانەوەی ڕێبەرایەتیی حیزب كە دوای كودەتای عەبدولكەریم قاسم لە عێراق لە ١٩٥٨ دەستی پێ كردبوو، پەرەی سەند و لەلایەن دەزگاكانی میری لە كوردستانی عێراق وەك پەنابەر وەرگیران(١)، وردە وردە لە دەوری مەلا مستەفا و پارتی كۆ بوونەوە، بەتایبەتی دوای دەستپێكردنی شۆڕشی ئەیلوول، كادیران و سەرانی حیزبی دیموكرات كەوتنە تەك بارزانی و بۆ هەموو كار و چالاكییەك پرسیان بە ئەو دەكرد(٢)، لە تەك بارزانی هەر كامیان بەڕۆڵی خۆیان هەڵدەستان لەوانە ئەحمەد تۆفیق(٣)، كە هەر زوو دەبێتە جێی باوەڕی بارزانی و وەك باڵیۆزی خۆی دەنێرێ بۆ دەرەوەی وڵات و بۆ هەر شوێنێ كە دەتوانێ بچێ و درێغی نەكات و دەنگوباسی شۆڕش و دەنگی بارزانی بەدەرەوەی وڵات بگەیێنێ(٤).

ئەوە بوو ئەحمەد تۆفیق چوو بۆ بەیرووت و لەوێ پێوەندیی بەڕۆژنامەنووسانی بیانی كرد بۆ ئەوەی ڕایان كێشێ بۆ كوردستان و، بەنووسینی وتار لەسەر بارودۆخی كوردستان، پەیامی شۆڕش بەجیهان بڵاو بكەنەوە و هەستی خەڵكی جیهان بۆ لای كورد و مەزڵومیەتی رابكێشن، لەوانە هێنانی دانا ئادەم شمیدت بوو لە تەمووزی ١٩٦٢، ڕۆژنامەنووسی ڕۆژنامەی نیویۆرك تایمز بۆ كوردستان(٥). هەروەها

(١) شەوكەت مەلا ئیسماعیل دەنووسێت : لەلایەن ڕژێمی عەبدولكەریم قاسمەوە، مانگی (١٠) دینار مووچەی مانگانەیان بۆ دیاری كرابوو، میری دوای چەند مانگێك مووچەكانیانی بڕی و، ئەو ژمارەشیان كەوتنە ناو بازاڕەوە بۆ كرێكاری و ئیشی تری سەرپێیی و كەوتنە ژێر ڕاوەدوونانی پۆلیس. بڕوانە : س.پ، ل ١٦٨.

(٢) عەبدوڕحمان قاسملۆ، عەبدوڵا حەسەن زادە، س.پ، ل ٢٢٢.

(٣) ئەحمەد تۆفیق یەك لەو ئەندامانەی حیزبی دیموكرات بوو كە بەر لە شۆڕشی ئەیلوول لە چەنگی ساواك، ئێرانی بەجێ هێشت و لە كوردستانی عێراق درێژە بەجموجۆڵی سیاسیی خۆی دا و لە دواییدا بوو بەیەكێ لەو كوردە ئێرانییانە كە لە تەك پێشمەرگە، لە شۆڕشی ئەیلوول بەشداریی كرد. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: هەژار س.پ ل٣٦٦– ٣٦٧.

(٤) شەوكەت مەلا ئیسماعیل س.پ ل١٧٠.

(٥) بڕوانە: دانا ادمزشمدت: رحلة الى رجال شجعان في كوردستان، ترجمة جرجیس فتح الله، اربیل ١٩٩٩، الطبعة الثانیة، دار آراس– هەژار س.پ ل٣٦٦.

پرسەنامەی مەلا مستەفا بارزانی بۆ ئەمەریکا نارد بەبۆنەی تیرۆرکردنی جۆن کەنەدی سەرۆکی ئەمەریکا، کە بردی بۆ باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە تاران، هەروەها لە پایزی ساڵی ١٩٦٢ بەقاچاغی سەردانی شاری ئەسفەهانی کرد لە ئێران تاکو بتوانێت چاوی بەکونسوڵی ئەمەریکا بکەوێ و هەلومەرجی شۆڕشی کوردستانی بۆ روون بکاتەوە، بەڵکو سەرنجیان بۆ لای کورد ڕابکێشێ، هەروەها کاتێ ئێران و تورکیا بەیەکەوە پلانیان داڕشت کە یارمەتیی حکوومەتی بەعس بدەن بۆ ئەوەی لە هەموو لایەکەوە گەمارۆی کوردستان بدەن و شۆڕش لەنێو بەرن، بارزانی لە ڕێگەی ئەحمەد تۆفیق و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، نامەیەکی ئاراستەی باڵیۆزخانەی یەکەتیی سۆڤیەت کرد لە تاران، کە ئەنجامەکەی پێشتر باس کرا(١).

سەرەتای مانگی حوزەیرانی ١٩٦٣، واتە لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان شۆڕشگێڕان و حکوومەتی بەعس، ئەحمەد تۆفیق چوو بۆ دیوی کوردستانی ڕۆهەڵات و ١٠ – ١٥ باری ئێستر جلوبەرگ و پاڵتۆ و گۆرەوی و پوزەوانەی خوریی بۆ پێشمەرگەکان هێنا(٢).

هەروەها ئەحمەد تۆفیق لە ڕاگەیاندنی ناوەخۆش کاری دەکرد بۆ بڵاوکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی و خۆشەویستیی بارزانی لەناو دڵی خەڵکدا، بڵاوکراوەیەکی بڵاو دەکردەوە بەهاوکاریی شەش پێشمەرگەی کوردستانی ڕۆهەڵات بەناوی «دیسان بارزانی» کە تەنانەت لە بەغداش دەگەیشتە دەست خەڵك(٣).

---

(١) یاسین سەردەشتی، ژیان و تێکۆشانی سیاسیی ئەحمەد تۆفیق ١٩٣١ –١٩٧٣، بەشی هەشتەم.

(٢) شەوکەت مەلا ئیسماعیل س.پ ل١٧١.

(٣) هەژار س.پ ل٣٧٤.

# بەندی چوارەم

## کاریگەری ئێران لە دووکەرتبوونی سەرکردایەتیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی لە ١٩٦٤دا

هەروەکو باس کرا، ئێران هەر دوای ڕووخانی ڕژێمی عەبدولکەریم قاسم هەوڵی دا و کاری کرد بۆ ئەوەی دەست لە کاروباری عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی وەربدا، هۆکارەکانی دەستتێوەردانیش شی کرانەوە، لەژێر تیشکی ئەم پرەنسیپانەی کە ئێران بۆ سیاسەتی خۆی هەڵبژاردبوو، نزیکبوونەوە بوو لە شۆڕش و سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان و چەندە تێکەڵاوتر دەبوو، باشتر بارودۆخی کوردستان و کۆمەڵگەکەی بۆ دەرکەوت لەلایەك و، کەسایەتیی سەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرکردایەتیی شۆڕشیان بۆ دەردەکەوت لەلایەکی تر.

ئێرانییەکان تێگەیشتن، کە لە نێوان کەسایەتیی مەلا مستەفا بارزانی و، ژمارەیەك لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان جیاوازییەکی گەورە هەیە. مەلا مستەفا بارزانی قاڵبووی بارودۆخێکی سیاسیی تایبەت بوو، کە هەر لە سەرەتای تەمەنی، ڕووبەڕووی سەختترین و دژوارترین ئەزموون بووبوو، بارزانی مرۆڤێکی شارەزا بەکۆمەڵگە زیاتر خێڵەکی و نەخوێندەوار و بێبەش لە هەموو جۆرە ئیمکانیەتێکی شارستانیی خۆی بوو و، هەرگاڤ ئەوەی لە بەرچاو بوو، هەستی بەکەموکورتییەکان کردبوو و هەوڵی چارەسەرکردن و لابردنی کەموکووڕییەکانی دەدا، بۆیە کە دوای تێکشکانی کۆماری کوردستان دەچێتە یەکەتیی سۆڤیەت، هەموو هەوڵی خۆی دەدا بۆ ئەوەی سەران و کاربەدەستانی سۆڤیەت ڕازی بکا کە خۆی و هاوەڵانی لە قوتابخانە و کۆلێج بخوێنن، چونکە دەڵێ: ″ئێمە پێویستمان بەخوێندەواری هەیە″(١)، دوای ١٢ ساڵ مانەوە و ٥ ساڵ سەرقاڵبوون بەخوێندنی ئەکادیمی، تایبەتمەندیی کۆمەڵگەکەی لە بیر نەکرد، مرۆڤێکی ڕیالیست و واقیعی بوو، ئەوەی هەبوو دەیناسی و دەیخوێندەوە و لە چاو ″ئەوەی هەیە″ هەنگاوی دەهاویشت نەك ئەوەی نییە و بەڵام پێویست بوو هەبوایە و یاخۆ ئارەزووی بوو. بەپێی ئارەزوو و خەونەکان نەدەجوولا، بەڵام لە چاو «ئەوەی هەیە»، هەنگاوی دەهاویشت بۆ

---

(١) فلیمی دیکۆمێنتی ″پێشڕەو″ لە نووسین و دەرهێنانی د. نیاز لاجانی.

بەرەوپێشەوە چوونی خۆی و کۆمەڵگە و «خۆپێگەیاندنیشی» بۆ کۆمەڵگە بوو، نەك بۆ خۆی.

کاری دەکرد لەسەر «ئەوەی هەیە» بۆ ئەوەی ئەم واقیعە بگۆڕێ بەواقیعێکی باشتر لە جاران. یەك لەو مرۆڤانە بوو کە زوو هونەری «ڕێبەرایەتی»کردنی لێ دەرکەوت، بۆیە هەردەم ڕێبەرایەتی و سەرکردایەتیی شۆڕشی دەکرد، چ شۆڕشی ناوچەیی بووبێ یان هەرێمی و یان نیشتمانی و بۆ ئامانجی پۆزەتیڤ تێ دەکۆشێ[1].

بۆیە بەئەرك و مافی خۆی دەزانی کە «ڕێبەر» بێ، ئەرکە، چونکە لەم قۆناغەدا، کەسی تر نەبوو کە «ڕێبەرایەتی»ی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بکا، ماف بوو، چونکە باکگراوند و تەمەنێك پێشمەرگایەتی و شۆڕش و ئاوارەیی و پێگەیشتوویی، قاڵی کردبوو بۆ ڕابەرایەتی، خۆیشی سیفەتی سەرکردایەتیی کەسایەتیی کاریزمایی تێدا بوو کەواتە ئەو مافەی هەبوو و ئەرکی ڕابەرایەتیکردنی شۆڕشی ئەیلوول و پارتی لەلایەن خەڵکی کوردستان و سکرتێر و ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان پێ سپێردرا[2]، کە هەڵی گرت، هەوڵی پاراستنیشی دا، بەڵام زۆربەی کەسایەتیی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، لە سیاسەتدا، ئەگەر مەلا مستەفا لە نەوەی یەکەم (جیلی یەکەم) بێ، ئەوان لە نەوەی دووەم بوون و، دوای تێکشکانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، لە کوردستانی عێراق و زیاتر لە دوو شاری «کەرکووك و سلێمانی» سەریان هەڵدابوو، بەشێکیان «پارێزەر» بوون و لەبەرئەوەی کە «پارێزەر» سەروکاری بە «دادپەروەری» هەیە، هەستیان بەمەزڵومیەتی کورد کرد کە پێویستی بە بەرگریکردن و پیادەکردنی دادپەروەری هەیە، لەگەڵ ئەمەشدا بێگومان خەڵکێکی ڕۆشنبیر و شارستانی بوون و سروشتی شارستانی بوون بەسەریاندا زاڵ بوو، ئەهلی خوێندنەوەی پەرتووك بوون و[3]، تەنیا لەم ڕێگەیەوە ئاشنا بووبوون بە کولتوور و

(١) فیلمی دیکۆمێنتی "ڕابەر" لە نووسین و دەرهێنانی د. نیاز لاجانی- کۆنگرەی بیرەوەریی سەد ساڵەی بارزانیی نەمر، بەشی دووەم، ئامادەکردنی مومتاز حەیدەری و ئەوانی تر، لێکۆڵینەوەی د. ناسیح غەفوور، ل٧٥٦- ٧٦٠.

(٢) درك کنان م.پ ص٨٧.

(٣) بەرجەستەترین کەسی ناو مەکتەبی سیاسی کە هەڵگری ئەم سیفەتانە بوو، ئیبراهیم ئەحمەد بوو، ئیبراهیم ئەحمەد لە شاری سلێمانی لەدایك بوو لە ١٩١٤و هەر لەوێ تا پۆلی سێی ناوەندیی خوێندووە و لە پۆلی سێ تا دەرچوونی لە زانکۆ، لە بەغدا خوێندوویەتی لە بنەماڵەیەکی هەژار و زەحمەتکێش بووە و لە ئەنجامی دەستبەکاربوونی =

بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلانی تر، پێڕی دۆستایەتیشیان زیاتر خەڵکانی هاوشێوەی خۆیان بوون، بۆیە ئەو ئاقارەی کە ئەوان تێیدا دەجوولانەوە، سنووردار و بچووك بوو و ئەوان نوێنەرایەتیی خەڵکێکی هەڵبژاردە «ئێلیت» بوون، لە واقیعی ڕاستەقینە و روخسار و ناوەڕۆکی زۆرینەی کۆمەڵگە دوور بوون، ئەم دوو «تیپ»ە لە یەکتری جیاواز (مەلا مستەفا بارزانی و دەستەی مەکتەبی سیاسی)، زۆرجار لێك تێنەگەیشتن و یاخۆ گرژی لە نێوانیان دروست دەبوو[١].

---

= بەکاری پارێزەری، زیاتر هەستی بەئازار و برسیەتیی جووتیاران کرد و تووشی کاردانەوەیەکی نەرێیی بوو لە ئاست ئاغا و دەرەبەگدا، بۆیە جارێکیان حەمەی ئەوڕەحمان ئاغا لە سلێمانی هەوڵی کوشتنی دا. لە بواری نووسین، برایم ئەحمەد یەکەم وتاری لە ١٩٣٢/٦/١٦ لە ڕۆژنامەی (ژیان) بڵاو کردەوە کە تەمەنی ١٨ ساڵان بوو، دەستی بەهۆنینەوەی هۆنراوە کرد کە زۆربەی پڕ بوو لە هەستی نەتەوایەتی کە شیعری بەناوبانگی ئەو، (یادگار و هیوا) بوو. لە ساڵی ١٩٥٦ ڕۆمانی، (ژانی گەل)ی هێنایە بەرهەم بەڵام لە ١٩٧٣ بڵاو کرایەوە و جگە لە نووسینی دەیان چیرۆك و وەرگێڕانی بەرهەمی بیانی بۆ زمانی کوردی. لە ساڵی ١٩٥٩ مافی لە چاپدانی ڕۆژنامەی (خەبات)ی لە میری وەرگرت کە ڕۆژانە و بەزمانی عەرەبی و کوردی بڵاو دەکرایەوە و خۆی خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسیاری بوو، کە ئەم ڕۆژنامەیە ڕۆڵێکی کاریگەری بینی لە ڕوونکردنەوەی کێشەی کورد و داخوازییەکانی، لە ساڵی ١٩٦١ ڕۆژنامەکە لەلایەن میریەوە داخرا. سەرەتای کاری ڕێکخراوەیی دەگەڕێتەوە بۆ کارکردنی لە لقی سلێمانی کۆمەڵەی "ژ.ك" کە لە دواییدا لە ١٩٤٥/٨/١٦ بووە حیزبی دیموکراتی کوردستان و ئەویش بوو بەسەرۆکی لقی کوردستانی عێراقی ئەم حیزبە، لە ساڵی ١٩٥١ بوو بەسکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق. «بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی ئیبراهیم ئەحمەد بڕوانە: ئەحمەد شەریف: برایم ئەحمەد، ژیان و بەهرە و داهێنانی، سلێمانی ٢٠٠٢ وەزارەتی ڕۆشنبیری – حوسێن محەمەد عەزیز: پێنج کاتژمێر لەگەڵ برایم ئەحمەددا، ١٩٩٥ چاپخانەی باران».

(١) ئەحمەد شەریف، یەك لەو کەسانە بووە کە لەگەڵ گرووپی مەکتەبی سیاسی بووە، ڕەخنە لە هەڵوێستی گرووپەکە دەگرێ لە کاتی دووکەرتبوونەکەی شۆڕش لە ساڵی ١٩٦٤: "بڕیارەکانی ئەو کۆنفرانسە «مەبەست کۆنفرانسی ماوەتی ١٩٦٤» و بەیاننامەکە لەبارەی ڕێککەوتنی بارزانی و مشیر عەبدولسەلام عارف، ئەنجامی خراپی دا بەدەستەوە. دەکرا ئەو کۆنفرانسە نەبەسترێ و ئەو بەیانە بڵاو نەکرێتەوە. مەکتەبی سیاسی لە حیساباتیاندا بەهەڵە چووبوون، وایان دەزانی بەبەیاننامەیەك بارزانی بچووك =

مەلا مستەفا بارزانی بڕوای بە «حزبایەتی» هەبوو، بۆیە لەسەر فەرمانی ئەو کاتێك کە لە مەهاباد بوو لە ١٦/٨/ ١٩٤٦ پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق دروست بوو، کە واقیعبینی ئەو، فاکتەری سەرەکی بوو لە دروستکردنی ئەم حزبە، ئەویش خوێندنەوەی دروستی بارودۆخ و واقیعی کوردستان بوو کە تێی کەوتبوو، بەڵام بەرپرسی لقی کوردستانی عێراقی حزبی دیموکراتی کوردستان «ئێران» واتە ئیبراهیم ئەحمەد، ناڕەزاییی دەربڕی و بۆیەش داوای لێ کرا کۆنگرەی دامەزراندنی پارتی بەجێ بهێڵێ[١].

لەگەڵ ئەوەی کە مەلا مستەفا بارزانی بڕوای بە «حزبایەتی» هەبوو بۆ ڕێکخستنی خەبات و شۆڕش، بەڵام بڕوای بەواقیعی خێڵەکانی کوردستانیش هەبوو کە هەر سەرەك خێڵێك لە ناوچە خۆجێیییەکەی خۆی، بۆ خۆی ڕۆڵی سەرۆکی حزبیش دەبینێ و ئەوە کە سەرکردایەتیی ناوچەکە دەکا و ڕێکخەری ژیانی خەڵکی ژێر دەسەڵاتی خۆیەتی، بۆیە ئەندام و سەرانی حزبی ناچار دەکرد کە ئەم واقیعە قبووڵ بکەن کە هەیە و پێویستە بیخوێننەوە، ئەگینا شۆڕش بەهەست و خەبات و قەڵەمی تەنیا چەند پارێزەر و ڕۆشنبیر و نووسەرێك بەرپا نابێت، ئەگەر ئەم خێڵ و سەرەك خێڵانە لەگەڵیان نەبن، هەر بۆ نموونە «ئیبراهیم جەلال» کادیری پارتی لە کتێبەکەی خۆی، باسی هەڕەشە و گوڕەشەی بارزانی دەکات کە گوایە لێژنەی ناوچەی ڕانیە کە ئەویش ئەندامی ناوچە بووە، ڕەفتاری نەشیاویان نواندووە لە بەرامبەر سەرەك خێڵەکانی ناوچەکە، بۆیە بارزانی لێیان پەست بووە[٢]، کە ڕۆڵی سەرەك خێڵەکانی ناوچەی بیتوێن لە شۆڕشدا، زۆر دیار و کاریگەر بووە، هۆکاری تووڕەبوونی بارزانی لە ئەندام و کادیرانی حزب نەخوێندنەوەی ئەم واقیعە بووە، ساڵێك بەسەر شۆڕشی ئەیلوول تێ

---

= دەکەنەوە... مەلا مستەفا ماوەی بیست ساڵ بوو سەرۆکێکی بێ موونافیس (ڕکابەر) بوو، کەس باوەڕی نەدەکرد خیانەت لە کورد بکات، دەبوایە ڕابردووی بێگەردی بارزانی و خۆشەویستیی لەناو خەڵکدا لە بەرچاو بگرن و ئەو بڕیارانە نەدەن..." بڕوانە (ئەحمەد شەریف س.پ، ل٥٧–٥٨) – عەبدولستار تاهیر شەریف : ململانێ لەگەڵ ژیاندا «یاداشت» ١٩٣٥–١٩٧١ ب١، چ ١ کەرکووك ٢٠٠٥ ئارابخا، ل ١٠٢ .

(١) عبدالفتاح علي بوتانی: وثائق عن الحركة القومية الكوردية التحررية، اربيل ٢٠٠١، مؤسسة موكرياني للنشر، ص٢٤٣.

(٢) بۆ زیاتر زانین لە ڕووداوەکە و هەڵسەنگاندن بڕوانە: ئیبراهیم جەلال س.پ ل١٠٨.

ٚنەپەڕیبوو کە گرووپی مەکتەبی سیاسی، چەمکی بادینان و سۆرانیان هێنایە ئارا، کاتێ زانییان بارزانی بەتەمایە ناوچەی بادینان بەجێ بهێڵێ و بێت بەرەو سۆران، ئەوان ڕایان گەیاند کە نابێ بارزانی لە ئاوی زێی گەورە بپەڕێتەوە[١].

هۆکارێکی تر، ڕووداوی ڕەشەکوژیی شیوعییەکان بوو پاش وەدەستهێنانی دەسەڵات لەلایەن بەعسییەکانەوە، کە شیوعییەکان بەلێشاو کوژران و زۆریشیان ڕایان کرد بۆ ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی و شۆڕش، بارزانی باوەشی بۆ گرتنەوە و ئەو خراپەی کە لە ڕابردوو ئەوان نواندبوویان لە ئاست بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی، لە بەرچاوی نەگرت، بگرە وەکو خەڵکێکی لێقەوماو کە هانایان بۆ کوردستان هێناوە پەنای دان، بۆ ئەوەی جارێکی تر لەلایەك، بیسەلمێنێ خەڵکی کورد و شۆڕشگێڕان لێبووردەن و کوردستان پەناگەی لێقەوماوانە، لەلایەکی تریش شەڕ لە نێوان بەرەی هەق و ناهەق بوو و بەعسییەکان دڕندانە کەوتنە گیانی شیوعییەکان لەسەر پرەنسیپی تۆڵەسەندنەوەی خوێنین[٢]. ئەم ڕەفتارەی بارزانی و کورد بە پۆزەتیڤ بۆ شۆڕش شکایەوە، چ لە ئاستی ناوەخۆ و چ لە ئاستی دەرەوە، کە بووە هۆی سەرنج ڕاکێشانی یەکەتیی سۆڤیەت و وڵاتانی تری سۆسیالیستی وەکو لە لاپەڕەکانی پێشوو باس کرا، گەیشتە ئەو ڕادەیە کە وڵاتی مەنگۆلیا لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان سکاڵای لە دژی عێراق بەرز کردەوە بەو تۆمەتەی کە بەعس «جینۆساید»ی کورد دەکا[٣]. ئەمە شتێکی کەم نەبوو بۆ ئەو کاتەی «کوردستان و شۆڕشەکەی» چونکە لە کۆمەڵگە و هەڵکەوتێکی جوگرافیی داخراو و دەورەدراو بەدراوسێگەلێ کە هەمووی دژی بوون، جێی بایەخ و کاریگەر بوو، بەڵام هەڵوێستی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لە ماوەت و شوێنەکانی تری کوردستان لەگەڵ شیوعییەکان باش نەبوو[٤] و، لەگەڵ مەلا مستەفا کۆك نەبوو لە پەنادان و گرتنە خۆیان، هەروەکو موحسین دزەیی ئەو کاتی لە ماوەت بوو، وەك شایەت عەیانێك ئەم

(١) بروانە شەوکەت مەلا ئیسماعیل س.پ ل٧٩.

(٢) بەشیر حوسێن سەعدی س.پ ل١٩٧.

(٣) ڕێبازی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد : هەڵسەنگاندنی شۆڕشی ئەیلوول، ڕاپۆرتی پارتی دیموکراتی کوردستان سەرکردایەتیی کاتی کە لەلایەن کۆنفراسی پارتییەوە لە (١١–١٥) ئاب ١٩٧٦ پەسند کراوە، ل٤٦.

(٤) هەژار، س.پ، ل٤٠٤.

دیمەنە بەچاوی خۆی دەبینێ و لە کتێبەکەی دەنووسێ: "ئەو شیوعییانەی کە گەیشتنە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی مەکتەبی سیاسی، تووشی ڕاوەدوونان و گرتن و زیندان بوون، بۆ خۆم بینیم کە یەك لە هۆڵەکانی زیندان لە ماوەت پڕ بوو لە شیوعی " و هەروەها باس لە برووسکەیەکی جەلال تاڵەبانی دەکا کە ناڕەزایی دەردەبڕێ و داوا دەکا لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لە ماوەت، کە بەندییە شیوعییەکان ئازاد بکەن و دەستیان لێ نەدەن(١).

موحسین دزەیی، ئەمە بەسەرەتای دووکەرتبوونی پارتی و شۆڕش دەزانێ(٢) بەڵام مەسعوود بارزانی لە کتێبەکەی، یەك لە هۆکارەکان، هاوکارینەکردنی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی دەزانێ کاتێ کە پاڵەپەستۆیەکی زۆر هەبوو بۆ سەر لەشکری کوردستانی دەڤەری بارزان کە مەلا مستەفا بارزانی چەندان برووسکە بۆ مەکتەبی سیاسی لێ دەدا کە لەلای خۆیانەوە پەلاماری هێزەکانی حکوومەت بدەن، بەڵکو پاڵەپەستۆ لەسەر پێشمەرگەی دەڤەری بارزان کەم بێتەوە، بەڵام مەکتەبی سیاسی دەرفەتی بەپێشمەرگە نەداوە کە بجووڵێن و دەنووسێ: "ئەم جۆرە جووڵانەوە هاوێردەیە کارێکی قووڵی دەکردە دەروونی بارزانی و، گومانێکی لە دڵیدا دەخوڵقاند کەوا مەکتەبی سیاسی یا هەر هیچ نەبێ هەندێ لە ئەندامەکانی، پێوەندییەکیان بە حکوومەتەوە هەبێ و لە پێشەوە لەگەڵی ڕێك کەوتبن کە ئەم ڕێگەیە بگرنە بەر، زۆری نەبرد دەرکەوت کە ئیبراهیم ئەحمەدە لە بنەوە ئەم هەڵوێستە بەڕێوە دەبا. لەلایەکی تریشەوە دەرکەوت کەوا، ئیبراهیم ئەحمەد لە ڕێگەی عەقید عیسا پیژمانەوە، پێوەندیی بەحکوومەتی (شا)یشەوە هەبوو، شا گفتی بەئیبراهیم ئەحمەد دابوو کە ئەگەر بارزانی لەناوبرا ئەو بکەوێتە نێوان ئەو و بەعس. عیسا پیژمان ئەو گفتەی شای هێنابوو بۆ ئیبراهیم ئەحمەد و پێی ڕاگەیاند بوو. پێشتر وای بۆ دەچووین کەوا ڕێککەوتنێکی ڕاستەوخۆ لە نێوان ئیبراهیم ئەحمەد و حوکمڕانانی بەعسدا هەیە، بەڵام لەم پرسەی ئیبراهیم ئەحمەد و عیسا پیژمانەوە دەرکەوت کە ئەم ڕێککەوتنە لە نێوان ئەو و شادا بووە(٣)"، مەسعوود بارزانی لە درێژەی شیکردنەوەی هەڵوێستی ئیبراهیم ئەحمەد دەیسەلمێنێ کە ئەمە هەڵوێستی ئیبراهیم ئەحمەد بوو وەك تاکەکەس، نەك هەموو

(١) محسین دزەیی م.س، ص٦٤.

(٢) المصدر نفسە، ص٦٥.

(٣) مەسعوود بارزانی، س.پ، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، ل١٤٨.

ئەندامانی مەکتەبی سیاسی[١]، لەم کاتەدا مەکتەبی سیاسی برووسکەیەك ئاراستەی سەرۆك بارزانی دەکات کە رژێمی بەعس بەتەمایە دانوستاندنیان لەگەڵدا بکا و رای ئەو چییە؟ بارزانی وەڵام دەداتەوە کە رژێمی بەعس دەیەوێ ئەوان و هێزەکانیان بەناوی دانوستاندنەوە خەریك بکات بۆ ئەوەی هەموو وزەی سوپای خۆی ئاراستەی دەڤەری مێرگەسۆر و بارزان بکا، دوای لەناوبردنی ئەوان، ئینجا بێتە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی مەکتەبی سیاسی و لەوێش شۆڕش تێك بشکێنی. بۆیە فەرمانی کرد دانوستاندن لەم بارودۆخەدا گونجاو نییە[٢]. دوای چەند رۆژێك گفتوگۆی نێوان مەکتەبی سیاسی و بەعس راوەستا، شەڕ و هێرش گشت لایەکی کوردستانی گرتەوە[٣]. دوای کودەتای عەبدوسەلام عارف بەسەر بەعسییەکان لە ١٩٦٣/١١/١٨، رژێمی نوێ لە ١٩٦٣/١٢/٢١ داوای گفتوگۆ دەکا و، دوای ئەم ماوە دوور و درێژە لە کاولکردنی کوردستان و شەکەتی پێشمەرگە و جەماوەر، دەرفەتێکی گونجاو بوو بۆ دانوستاندن[٤].

بارزانی دوای وتووێژ لەگەڵ ژمارەیەك لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی وەك نووری شاوەیس و جەلال تاڵەبانی، وەڵامی ئەرێیی بۆ ئەم دانوستاندن دەدا و شاندی حکوومەت دەگاتە رانیە و بارەگای بارزانی لە ١٩٦٤/١/٣٠ و، رێککەوتنی ئاگربەست لە ١٩٦٤/٢/١٠ئیمزا کرا و دانیان نا بەمافی کورد[٥]. دوای ئەوەش لە ١٩٦٤/٦/٢ وەفدێکی تر هاتە رانیە بەسەرۆکایەتیی تاهیر یەحیا و، ئەمجارەیان گفتوگۆ لەسەر دەستووری کاتی بوو کە لە ١٩٦٤/٥/٤ بڵاو کرایەوە، کە دوور بوو لە ئاوات و هیوای گەلی کورد[٦]، گومان لە یەکتری لەناو سەرکردایەتیی پارتی و بارزانی پەرەی سەند،

---

(١) هـ.س، ل١٤٩.

(٢) لە بەڵگەنامەی حکوومەتی عێراق کە لەلایەن فەرمانەدەی هێزەکانی عێراقی سەعید ساڵح قەفتان دەرچووە لە ١٩٦٣/٩/٢ ئاماژە بەوە دەکات کە حکوومەت تەنیا دژی بارزانییە نەك ئەوان بڕوانە : عبدالفتاح بوتاني : الحركة القومية الكردية التحررية، دراسات و وثائق، ص ٣٣٣.

(٣) شەوکەت مەلا ئیسماعیل س.پ ل١٧٧.

(٤) کریس کۆچێرا م.پ ص ٣٠٧– بەشیر حوسێن سەعدی س.پ ل٢١٠.

(٥) درك كنان م. پ ص١٠٩.

(٦) مەسعوود بارزانی س.پ، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، ل١٥٤ – ١٦٢.

ئەندامانی مەکتەبی سیاسی ئاماژە بەهەندێ پێوەندیی نهێنیی نێوان بارزانی و عەبدولسەلام عارف دەکەن و گوایە هەموو وردەکاریی ڕێککەوتنی لای ئەوان نییە و، بارزانییش گومان لەو سەفەرە دیپلۆماسییانەی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی دەکا بۆ دەرەوەی وڵات کە بێ پرسی ئەو دەڕۆن و کە دێنەوە ئەنجام و دەستکەوتی سەفەرەکە ناخەنە ڕوو، لە بیرەوەرییەکانی شەوکەت مەلا ئیسماعیل هاتووە:

"ڕۆژی ٢٩ی شوباتی ١٩٦٤ ئیبراهیم ئەحمەد، سەید عەزیز و عومەر دەبابە لە دەرەوەی وڵات گەڕانەوە بۆ «ماوەت» بارزانی فەرمووی: "دڵنیام ئەمانیش وەك جەلال تاڵەبانی هیچ دەنگوباسیش نادەن بەدەستەوە و ئاکامی گەشتەکەیان بۆ دەرەوەی وڵات بۆ من باس ناکەن، بەڵام من لای خۆمەوە بۆ هەموو وتووێژێك لە نێوان ئێمە و حکوومەتدا بانگیان دەکەم و گوێ لە ڕایان دەگرم[1]".

لە بەڵگەنامەیەکی ساواکیشدا ئاماژە بەسەفەرەکەی جەلال تاڵەبانی کراوە کە بۆ قازانجی تایبەتی خۆی بووە و دژی مەلا مستەفا کاری کردووە لە دەرەوە[2].

مەسعوود بارزانیش دەنووسێ: کە ڕێککەوتنەکەی شوبات بوو، ئیبراهیم ئەحمەد لە تاران بوو، پاش گەڕانەوەی لە دەرەوە خۆی بۆ هاتنەوە ئامادە دەکرد. هەرکە گەیشتەوە کوردستان دەستی دایە بڵاوکردنەوەی شك و گومان لەبارەی ڕێککەوتنەکە و کەوتە بەدناوکردنی بارزانی[3].

---

(١) شەوکەت مەلا ئیسماعیل س.پ ل٢٠٣ و ل٢٠٦.

(٢) چـپ در ایـران، حـزب دمـوکـرات کـردسـتـان ج١، بـەڵـگـەی ژمـارە ١٢٣ بـەشی ٣١٣ مێژووی٢٠/١١/ ٤٢.

(٣) مـەسعـوود بـارزانـی، بـەرگـی سێیـەم، بـەشی یـەکـەم، ل١٦٥. ئـیـبـراهـیـم ئـەحـمـەد لـە چاوپێکەوتنی لەگەڵ حوسێن محەمەد عەزیزدا سەبارەت بەهەڵوێستی خۆی دەڵێ: " من ئەو کاتە لە ئەوروپا بووم، کە ئەو هەواڵەم بیست (کودەتای بەعسییەکان) ویستم بەپەلە بگەڕێمەوە. گەڕامەوە تاران... کاك عومەر دەبابە بۆ چارەسەرکردن هاتبوو بۆ تاران، ویستمان پێکەوە بگەڕێینەوە، بەڵام بەفرێ دەستی پێ کرد... کە لە سەقز لەبەر بەفر ١٣ ڕۆژ ماینەوە، ئەگەرچی حکوومەتی ئێران بلدۆزەریشی لەگەڵ ناردبووین، تا لە پێشەوە بڕوا و ڕێیەکەمان بۆ خاوێن بکاتەوە. ئەگەرچی ئێرانییەکان بیستبوویان بەڵام بەمنیان نەوت، وا دیاربوو ئەم ڕێککەوتنەیان بە دڵ نەبوو. بەڵام حەزیان دەکرد من بگەڕێمەوە، لەبەر ئەوە یارمەتییان دەداین، بلدۆزەریان بۆ هێناین، تا لە پێشەوە بڕوا و بەفری سەر ڕێگەکانمان بۆ لابەرێ.. گەیشتینەوە کوردستانی لای خۆمان... چووم بۆ =

عیسا پژمان بەوردەکارییەوە باس لەو ڕێککەوتنە و ئاگربەستە و هەڵوێستی ئێران دەکا لە بەرامبەر ئاگربەستەکە: "کە مقۆمقۆی ناردنی شاند بۆ لای مەلا مستەفا بارزانی لەلایەن حکوومەتی بەغدا هاتە ئارا، دڵنیا بووم بەپێی ڕێککەوتنەکانی پێشووی ئێران و پێوەندی لەگەڵ مەلا مستەفا و سەرانی حزب، ناشێ بێ وەرگرتنی ڕای دەوڵەتی ئێران هیچ بکەن، هەڵبەت ئەم دڵنیاییە زیاتر لەلایەن سەرانی حزبی بوو تا مەلا مستەفا"، عیسا پژمان باس لەوە دەکات کە دوای ڕێککەوتنی ئاشتی، پێوەندیی بەسەرانی حزبی کرد و ئەوانیش خۆیان لێ بێ ئاگا زانی، بەتایبەتی ئیبراهیم ئەحمەد ناڕەزاییی دەربڕی و، بڕیار وابوو کە ئەم مەسەلەیە لە کۆمیتەی ناوەندی گفتوگۆی لەسەر بکرێت، هەروەها عیسا پژمان ئاماژە بەچوونی خۆی دەکات بۆ لای مەلا مستەفا بارزانی و ناڕەزاییی ئێران نیشان دەدات لەم ئاشتبوونەوە و بارزانی پێی دەڵێت: "ئێمە شتێکمان لە دژی ئێران ئەنجام نەداوە... حکوومەتی بەغدا دەیەوێ سەبارەت بەداخوازییەکانی گەلی کورد، دانوستاندنمان لەگەڵدا بکات و"، بارزانی دان بەوە دەنێ کە بە نهێنی ڕێککەوتننامەکەی ئەنجام داوە، ئەمەش هەر بۆ ئەوە بوو ئێران زوو پێ نەزانێ و، چونکە ئاشکرا بوو دەست لە کاروبارەکان وەردەدات و شکست بەدانوستاندنەکە دەهێنێ، عیسا پژمان لە درێژەی وتەکەیدا دەڵێ:

"پێم گوت، سەرانی حزبیش ناڕازین و ئاگربەست لە بەرژەوەندیی کورد نازانن" کە بارزانی وەڵام دەداتەوە: "حزب لەژێر سەرکردایەتیی منە و من فەرمان دەدەم[(١)]"

بەپێی بەڵگەکان و دان پێدانانی خودی کاربەدەستانی ئێران، ڕژێمی شاهنشاهی لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی دژی شەڕ وەستان بوو:

یەکەم ئاگەدار بوو ڕێککەوتن و ئاگربەستەکە لەسەر دەستی جەمال عەبدولناسر کرا[(٢)]،

---

= سەنگەسەر بۆ لای مەلا مستەفا... هاتینە سەر ئەوەی چۆن و بۆچی لەگەڵ حکوومەتدا ڕێك کەوتوون" دوای ئەمە بوو کە نێوانی هەردوولا تێك دەچێ و دوای کۆنفرانسی ماوەت دەنگی جیاواز لە نێوان گرووپەکە سەر هەڵدەدا و برایم ئەحمەد دەڵێ: "لە پێشدا ئێمە بڕیارمان دا هەموومان بچین بۆ ئێران، بزانین ئێران دەڵێ چی؟" بڕوانە: حوسێن محەمەد عەزیز، س.پ ل٣٥-٤٢.

(١) عیسا پژمان: اسرار بستن پیمان ١٩٧٥ الجزیرە، ص ١١٨ - ١٢١.

(٢) رینیە موریيس: کردستان او الموت، ترجمة جرجیس فتح الله، اربیل ١٩٩٩ دار ئاراس، ص ٧١.

کە بەگەورەترین دوژمنی خۆی دەزانیٚ و ئەمەی بەپلانێك دەزانی لە دژی بەرژەوەندیی ئێران و گومانی ئەوەی دەکرد کە هێزی سوپای میسر و عێراق بەهاوکاریی بارزانی و پێشمەرگە، کوردستانی ئێران داگیر بکەن[١]، دووەم ئەمە بەمانای بەهێزیی ولاتانی سەر بەیەکەتیی سۆڤیەتە لە دژی کەمپی رۆئاوا، کە ئێران توندرۆترین ولاتی ناوچەکە بوو بۆ بەرگریکردن لە بەرژەوەندیی رۆئاوا. ئێران پێی وابوو، کە خودی رێککەوتنی ئاشتیی نێوان شۆڕش و عێراق سەرکەوتنێکە بۆ کورد و، بێگومان لەنێو زۆربەی خەڵکی کوردستانی ئێرانیش پێشوازیی لیٚ دەکریٚ و ئەو سەرکەوتنە بەهی خۆیان دەزانن و ئەگەر دەستکەوتی لیٚ بکەوێتەوە، ئەوا ئەم جیاواك و دەستکەوتانەش دەبێتە هۆی هاندانی کوردی ئێران کە "ئەوانیش داوای ئۆتۆنۆمی دەکەن و گرفتمان بۆ ساز دەکەن"[٢]. عیسا پژمان باس لەوە دەکا کە محەمەد رەزا شا، هێندە پەست و تووڕە بوو لە بارزانی، لەبەر ئەو رێککەوتنەی لەگەڵ عێراق کردبووی، فەرمانی دا کە هەرچی یارمەتییە لێی ببڕن و ئەو کەسانەی سەر بەرژێمی ئێران کە لەودیون بگەڕێنەوە ناو ئێران و بەلام پژمان لەو بڕیارە پەشیمانی دەکاتەوە. جۆران پڕوپاگەندە دێتە ئارا: باس لەوە دەکریٚ کە مەلا مستەفا بارزانی پێوەندیی بەحزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کردووە کە خۆیان هاوئاهەنگ بکەن لەگەڵ «حزبی توده»، تا پشێوییەك لە ناوچەی ئازەربایجانی رۆئاوا ئەنجام بدەن، بۆ ئەوەی سوپای ئێرانی لە سنوور بکشێننەوە ناو قووڵاییی ئێران و پێشمەرگەی شۆڕش، سوود لە دەرفەت وەربگریٚ و بەهاوکاریی سۆڤیەت، کوردستانی سەربەخۆ پێك بهێنن[٣]، بەلام زۆربەی کاتەکان گومانی ئێران لە میسر لە ڕاستییەوە دووره چونکە کۆمەڵیٚ بەڵگە هەیە دەسەلمێنیٚ کە بارزانی تەمایەکی وای نەبووە سەبارەت بە پیلانی میسرییەکانیش لە دژی ئێران، باس لەوە دەکرا کە سیخوڕانی میسر، لە ناوچە کوردنشینەکانی عێراق دەنگۆی ئەوەیان بلاو کردووەتەوە کە دوای کۆتاییهاتنی ناکۆکیی نێوان کورد و عێراق، جەمال عەبدولناسر دەیەویٚ کوردی عێراق بەهێز بکا تاکو بەهۆی ئەوانەوە کوردستانی ئێران داگیر بکات[٤] و

---

(١) چپ در ایران: حزب دموکرات ج١.بەڵگەی ژمارە: ٥٠٠٨ ٤ / ٢٣١ مێژووی ١٣٤٢/١١/٢٤.

(٢) هـ.س , بەڵگەی ژمارە: ٤٤١٥٥ / ٣١٣ مێژووی ١٣٤٢/١٢/١٦.

(٣) هـ.س، بەڵگەی ژمارە: ٢١٧١٥ / ٣٣١ مێژووی ١٣٤٢/٦/٦.

(٤) هـ.س، بەڵگەی ژمارە: ٥١٣٢/ ٣١٦ مێژووی ١/٢٥ / ١٣٤٤ و هەروەها بەڵگەی ژمارە ٢/١٣٩٩٨ رێکەوتی ١٣٤٤/٧/١١.

تەنانەت سیخوڕی میسری لە شاری (شنۆ) و (ورمێ) دەبینرێن و کۆمەڵێ چالاکیی سیخوڕی ئەنجام دەدەن[١]. بەڵام چەند بەڵگەیەك ئەوە دەسەلمێنێ کە بارزانی ئامادە نییە، شۆڕش لە کوردستانی ئێران بەرپا بکات[٢].

لە دوای لادانی بەعسییەکان لەسەر حوکم، حکوومەتی بەغدا زیاتر لە میسر نزیك بووەوە و داوای لە ئەفسەری پێوەندیی ئێرانی لە کەرکووك کرد عێراق جێ بهێڵێ، کە لە مانگی ٦ی **١٩٦٣** گەیشتبووە کەرکووك بەمەبەستی هاوئاهەنگیکردنی هێرشی سوپایی بۆ سەر شۆڕشگێڕانی کورد[٣].

لە هاوینی **١٩٦٤** هێزێکی میسری گەیشتە بەغدا بۆ پاڵپشتیکردنی رژێمی بەغدا کە بووە هۆی زیاتر رق هەڵسان و دوورکەوتنەوەی ئێران لە عێراق.

ئێران لە ترسی زیاتر نزیکبوونەوەی میسر لە عێراق و بەهێزبوونی هەردووکیان لەناوچەکە و کەنداو بەتایبەتی و، رێککەوتنی هەمیشەییی عێراق و کورد لەسەر ویست و پێداگرتنی جەمال عەبدولناسر، هەوڵی دا دووبارە خۆی لە شۆڕشگێڕان نزیك بکاتەوە[٤]، لەو دەمەدا، جەنەراڵ پاکرەوان سەرۆکی دەزگای «ساواك» بوو، ئەو نوێنەری خۆی جەنەراڵ مەنسوور پووری نارد بۆ لای بارزانی، کە نامەیەکی لە پاکرەوان بۆ بارزانی هێنابوو، نامەکە سڵاو و ویستی شای بۆ نەهێشتنی ناکۆکیی نێوان گرووپی بەرهەڵستکاری مەکتەبی سیاسی و بارزانی هەروەها داوا لە بارزانی دەکات کە بڕوات بۆ تاران و شا خۆشحاڵ دەبێ بەبینینی و بۆ ئەوەی تاوتوویێ کێشەکە بکەن و چارەسەری بکەن و، هەروەها لە نامەکەدا هاتووە کە "ئێمە لەگەڵ رای گشتیی کوردین کە دیارە لە ریزی بارزانیدا وەستاوە"[٥].

بارزانی لە وەڵامدا سوپاسی پاکرەوانی کرد و رای گەیاند کە: "ئێوەن هانی ئیبراهیم ئەحمەد دەدەن و لە دژی ئێمەی دەجووڵێنن، ئەگەر ئێوە هەڵوێستی خۆتان بگۆڕن و شتێکی وا دەربڕن نیشانەی نیازپاکیتان بێ و دەستی دۆستایەتیمان بۆ درێژ

---

(١) هـ.س، بەڵگەی ژمارە: ٦٦٥١/ ٧٢٤ مێژووی ١١/١٠/٤٤.

(٢) هـ.س، بەڵگەی ژمارە: ٣١٠٢ / ٥ /هـ مێژووی ٢٩/ ٦/ ٤٤.

(٣) هەژار س.پ، ل ٣٩٦.

(٤) کریس کۆچێرا م.پ ص٣١٣..

(٥) بڕوانە دەقی نامەکە لە: مەسعوود بارزانی س.پ ل١٧٧.

بکەن، ئەوا ئێمەش واتان لەگەڵ دەجووڵێینەوە، بەڵام لێم ببوورن ناتوانم بێم بۆ تاران، ئامادەم بەهەموو شادمانییەکەوە پێشوازی لە جەنەراڵ پاکرەوان بکەم"(١). پاکرەوان لە ٢٠ی حوزەیرانی ١٩٦٤ لە حاجی ئۆمەران چاوی بەبارزانی کەوت و لەگەڵ خۆی فەرمانێکی شاهنشاهی هێنابوو کە بڕیاری لە داردانی بارزانی لە ساڵی ١٩٤٧، هەڵدەوەشێنێتەوە. دوای ئەو بەڵێنانەی کە ڕژێمی شا و ساواك دایان بەبارزانی، کە دووبەرەکی نەنێنەوە لەناو ڕیزی پارتی و شۆڕشگێڕانی، کەچی دەرکەوت عیسا پژمان زیاتر گرووپی مەکتەبی سیاسیی لە خۆی نزیك کردووەتەوە.

بارزانی ١٩٦٤/٧/٦ کۆنگرەی شەشەمی پارتی بەست لە قەڵادزێ و داوای لە مەکتەبی سیاسی کرد کە بەشدار بن، بەڵام بێجگە لە عەلی عەبدوڵا و سەید عەزیز شەمزینی کەسی تریان نەهاتن، ئەوە بوو بارزانی لە کۆنگرە بڕیاری دەرکردنی ئیبراهیم ئەحمەد و ئەوانی تری دا لە حزب، بەپاساوی هەوڵدان بۆ کەرتکردنی پارتی و شۆڕش، دوای کۆنگرەش بە هێزی پێشمەرگەوە بەرەو ماوەت کە بارەگەی مەکتەبی سیاسیی لێ بوو، کەوتە ڕێ بۆ ئەوەی ناچاری ملکەچکردنیان بکا بۆ سەرکردایەتیی حزب و شۆڕش، ئەوانیش پەڕینەوە بۆ ناو خاکی ئێران و سەرەنجام لەلایەن ئێرانەوە لە هەمەدان نیشتەجێ کران(٢).

لە دواییدا ئێران هەوڵی دا گرووپی هەڵاتوو و جیابووەوە لە پارتی دیموکراتی کوردستان، بگەڕێنێتەوە کوردستان و پتر یارمەتیی شۆڕش بدا. ساواك کە هەر لە سەرەتاوە دەستی هەبوو لە دوولەتکردنی پارتی و ریزی شۆڕشگێڕان هەوڵی دا ئەم دوو لەتە بەیەکەوە بنووسێنێ.

محەمەد ڕەزا شا، بۆی دەرکەوت کە بێ بوونی گرووپی جیابووەوەی مەکتەبی سیاسیی پارتی، بارزانی و پارتی لە شۆڕش بەردەوامن، بەتایبەتی دوای ئەو هەڕەشەیەی کە بارزانی لە بەرامبەر دەوڵەتی ئێرانی کرد کە ئەگەر گرووپی جیابووەوەی نیشتەجێی ئێران یارمەتیی بدات بۆ هێرشی بۆ سەر پارتی و بارزانی، ئەوا گۆڕەپانی شۆڕش دەگوازنەوە بۆ کوردستانی ئێران، ڕژێمی شاهنشاهی بابەتەکەی بەجدیتر وەرگرت(٣).

---

(١) هـ.س، ل ١٧٧.

(٢) ئیبراهیم جەلال س.پ ل١٧٧– حوسێن محەمەد عەزیز س.پ ل٤٣.

(٣) مەسعوود بارزانی س.پ، ل١٨٤.

شا سەنگ و قورسایی گرووپی جیابووەوەی بۆ دەرکەوت کە چەندەیە! بۆیە هەوڵی دا خۆی لە بارزانی نزیك بکاتەوە[1]. پەنابردنی گرووپی مەکتەبی سیاسی بۆ ئێران، کۆمەڵێك ئەنجامی نێگەتیڤی لێ کەوتەوە و مانەوەیان لە ئێران، زیانی زۆرتر دەبوو بۆ شۆڕش و، یەك لە ئەنجامە هەرە نێگەتیڤەکانی پەنابردنی گرووپی مەکتەبی سیاسی بۆ ئێران، قووڵترکردنەوەی پێوەندیی ئێران و شۆڕش و زیاتر شارەزاییی ساواك لە خاڵە لاوازەکان و دەرکەوتنی ڕادەی بەهێزی و لاوازیی یەکە یەکە کەسایەتییە دیارەکانی سەرکردایەتیی پارتی بوو و لە دواییدا زیاتر وابەستەبوونی شۆڕش بوو بەئێران. ئیبراهیم جەلال کە لەو پێشمەرگانە بووە لەگەڵ گرووپی مەکتەبی سیاسی ئاودیوی ئێران دەبێ، خۆی ڕەخنە دەگرێ لە ئەنجامە نەرێیییەکانی پەنابردنیان بۆ ئێران: "پەنابردنە بەر دوژمن، بۆ لابەلاکردنی ململانێی ناوەخۆ، دەسکەوتێك بوو کە بەمیرات بۆ نەوەکانی داهاتووش مایەوە و بووە نەریتێك و زاراوەیەکی سیاسیش لە کولتووری سیاسیی کورددا"[2].

ئێران هەوڵی دا بکەوێتە نێوان هەردوولای بەرهەڵستکاری ناو پارتی و، باڵی جیابووەوەی پەنابەری ئێران بگەڕێنێتەوە ڕیزی پارتی و شۆڕش، لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆی لە عێراق و بۆ ئەم مەبەستە، سەرلەشکر مودەریسی دەنێرن بۆ لای بارزانی بۆ ئەوەی قەناعەتی بێ و ڕەزامەند بێ بە گەڕانەوەیان[3] و، بەڵێنی ئەوە دەدەن کە یارمەتیی ئێرانیش لەمەودوا لە چەك و پارە، بۆ بارزانی دێ[4].

مەلا مستەفا بۆ ئەوەی گرووپەکە لەژێر دەسەڵاتی ئێران دەربهێنێ، لە گرووپەکە خۆش بوو و بەشێکیان لە سەرەتای حوزەیرانی ١٩٦٥ و ئیبراهیم ئەحمەد لە ١٩٦٦ گەڕایەوە[5].

---

(١) کریس کۆچێرا: ص٣٢٠– مەسعوود بارزانی س.پ بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، ل١٧٦– لە دیمانەیەك کە لەگەڵ عەبدوڵا حەسەن زادە تۆژەر ئەنجامی دا لە شاری کۆیە لە مێژووی ٢٠٠٧/٣/١٤، گوتی: برایم ئەحمەد و ئەوان، حیسێبیان بۆ کەسایەتیی کاریزمایی و جێگە و پێگەی ئەو لەناو خەڵکدا نەکردبوو.

(٢) ئیبراهیم جەلال س.پ ل١٨٤.

(٣) عیسا پژمان : اسرار بستن پیمان... ص١٥٥.

(٤) مەسعوود بارزانی س.پ، ل ١٩١.

(٥) ئیبراهیم جەلال س.پ ل ٢٠٠– هەژار س.پ ل٤٨٤، دەنووسێ کە برایم ئەحمەد نەهاتەوە ناو شۆڕش، بگرە بەباڵەفڕ لە تارانەوە بەرەو بەغدا گەڕایەوە عێراق.

بەشی چوارەم

# هەڵوێستی ئێران لە ئاست پێوەندییەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و ڕژێمی عێراقدا ١٩٦٥-١٩٧٠

# بەندی یەکەم

## پێوەندی و ڕێککەوتنی ئێران لەگەڵ سەرکردایەتیی شۆڕش لە ١٩٦٥ و هەڵوێستی لە ئاست بەیانی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦دا

ساڵی ١٩٦٥، ساڵێکی پڕ لە شەڕی قورس و سەختی شۆڕش بەرامبەر بەڕژێمی بەغدا بوو و لە هەمان کاتدا، بەردەوام شاندی هەردووک لە هاتوچۆ دابوون بۆ ڕێك کەوتن و ئاگربەست، لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٥ شاندی کوردستان چوو بۆ بەغدا[١] و، حکوومەتیش مەسعوود محەمەد وەزیری دەوڵەت کە کورد بوو، بە نامەیەکی تاهیر یەحیا دەنێرێ بۆ لای شۆڕش کە جەختی لە ئاشتی و ڕێککەوتنی کردبووەوە[٢] و دوا نامەی بارزانییش لە ١٩٦٥/٣/١٢ ڕەوانەی بەغدا کرا بۆ ئەوەی شەڕ پەرە نەستێنێ، بەڵام بێ سوود بوو و دوای ئەم مێژووە، شەڕێکی قورس لە نێوان شۆڕش و ڕژێم دەستی پێ کرد[٣].

ئەوەی شایانی باسە لە کاتی شەڕی توندی نێوان شۆڕش و ڕژێمی عێراق، ڕاگەیاندنی فەرمیی یەکەتیی سۆڤیەت، سەرکۆنەی ڕژێمی عێراقی کرد و داوای لە عێراق کرد کە بهێڵێ یارمەتیی مرۆیی بنێرن بۆ گەلی کورد و تا ڕادەیەك یارمەتیی سەربازیی خۆی کەم کردەوە[٤].

هەروەکو لە بەشی پێشوو باس کرا، ئەو ماوەیەی کە گرووپی جیابووەوە لە ئێران بوون، هەر زوو ڕژێمی شاهنشاهی هەستی کرد بەمەترسیی دەستڕۆیی و پشتگیریی جەمال عەبدولناسر لە ڕژێمی عێراق و، بڵاوبوونەوەی دەنگۆی هێرشی هاوبەشیان لە

---

(١) ئەندامانی شاندەکە بریتی بوون لە حەبیب محەمەد کەریم، هاشم عەقراوی و سدیق ئامێدی بڕوانە: واحید عومەر محێدین س.پ، ل٢٥٥.

(٢) مەسعوود محەمەد: گەشتی ژیانم، ستۆکهۆڵم ١٩٩٢، ل٤٧٢-٤٧٧.

(٣) شەڕی سەفین بوو کە پەنجا ڕۆژی ڕەبەقی خایاند و سوپای عێراقی زیانێکی زۆری بینی، ١٥٤ کوژراو و ٣٢ دیلی بەدوادا هات و لەدەستدانی ٢٢ پێشمەرگە زیانی شۆڕش بوو و سوپا ناچار بوو پاشەکشە بکات (بڕوانە: مەسعوود بارزانی س.پ بەرگی سێیەم بەشی یەکەم، ل١٩٥).

(4) HAIM SHEMESH op.cit . P.10.

دژی ئێران و هەروەها نزیکبوونەوە و یارمەتی وەرگرتنی پتری عێراق لە یەکەتیی سۆڤیەت و دووبارە چالاکبوونەوەی حزبی شیوعی بەنهێنی لە سەرتاسەری عێراق بەتایبەتی لە باشوور و سوودوەرگرتن لە شۆڕشی کوردستان بۆ چالاکییەکانیان(١)، دڵەڕاوکێی ئێرانی پتر کرد.

ئێران هەستی بەهەڕەشەیەکی گەورە کرد و بۆی دەرکەوت لەو کاتە ناسکەدا، لە بەرژەوەندیدا نییە کە ڕیزەکانی بەرهەڵستکار و شۆڕشگێڕی کوردستان بەپەرتەوازەیی بمێننەوە(٢)، بەپێچەوانەوە پێویستە یەك بگرن و ڕیزەکان ڕێك بخرێن و پێویستە پتر لە جارانی سەردەمی عەبدولکەریم قاسم، پشتگیری و یارمەتیی شۆڕش بدا بۆ ئەوەی شۆڕش ببێتە «سپەری بەڵا» یان «بەڵا گێڕ»ی ئەو!

شا لەو یارمەتییانەی کە هەر زوو ڕەوانەی کرد شەش جێبی بچووك بوو کە شەمسەدین مفتی هێنای بۆ بارزانی(٣)، دەزگایەکی لاسلکی «ناردن و وەرگرتنەوە» بوو کە عەلی مودەریس نوێنەری «ساواك» هێنای، دوای ئەوە، هەشت تۆپی هاوەنی ئەندازە ٨١ ملم و ٥٠٠ تفەنگی برنۆ و، چوار هاوەنی ئەندازە ١٢٠ ملم و لەگەڵ فیشەکێکی زۆر و، شا فەرمانێکی دەرکرد کە ڕێگە بدرێ بریندارەکانی شۆڕش لە نەخۆشخانەکانی ئێراندا چارەسەر بکرێن(٤).

عەلی مودەریس لە شوباتی ١٩٦٥ بەکۆمەڵێك نەخشەی سەربازی گەیشتە کوردستان(٥) و ئامادەییی سوپای ئێرانی ڕاگەیاند کە بەتۆپخانەی قورس، پشتی هەر هێرشێکی شۆڕش دەگرێ بەمەبەستی گرتنی پێنجوێن و لە کۆتاییی ساڵی ١٩٦٥ کاری هاوبەش کرا بۆ گرتنی پێنجوێن، بەڵام تێیدا سەرنەکەوتن و بارزانییش لە هەڵسوکەوتی ئێرانییەکان لە کاتی شەڕدا ئاسوودە نەبوو(٦).

---

(١) شكيب عقراوي م.س، ل١٧٠.

(٢) شيرزاد زكريا محمد : م. س ص٢٣١.

(٣) شكيب عقراوي : م.س ل١٦٧، شەمسەدین مفتی نوێنەری پارتی بوو لە تاران لە کۆتاییی ١٩٦٢.

(٤) مەسعوود بارزانی س.پ بەرگی سێیەم، بەشی دووەم ل ١٩١– ١٩٢.

(٥) شكيب عقراوي م.س ل ١٨٨.

(٦) مەسعوود بارزانی س.پ بەرگی سێیەم، بەشی دووەم ل٢٠٧.

بەزاز نیازی چاك نەبوو و لە بەردەوامیی پیلانەكانی، هەوڵی باشتركردنی پێوەندیی دەدات لەگەڵ ئێران و تەنانەت لە یەك لە سەفەرەكانی بۆ بەریتانیا و ئەمەریكا لە مانگی١٠/١٩٦٥، داوا لە سەرانی ئەم دوو وڵاتە دەكا كە ئێران ناچار بكەن واز لە یارمەتیدانی شۆڕشی كورد بهێنێ(١) و هەروەها لە دانیشتنی بەزاز لەگەڵ باڵیۆزی ئێران، لە بەغدا «د. پیراستە» باس لەو بابەتە (بڕینی یارمەتی) دەكات كە مەرجی بەرەوپێشەوە چوونی پێوەندییەكانە. لەلایەكی تر دوای ئەمە (بەزاز) لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی میسر، محیەدین زەكەریا دانوستاندن دەكا و لە كۆتاییدا، هەردوولا بڵاوكراوەیەك بڵاو دەكەنەوە كە پشتیوانیی میسر لە بڕیارەكانی دەوڵەتی عێراق ڕادەگەیەنێت سەبارەت بەسەركوتكردنی شۆڕشگێڕانی كورد(٢).

لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٦ هێرشێكی چڕ و بەربڵاو كرایە سەر كوردستان لەلایەن هێزی زەوینی و ئاسمانیی ڕژێمی عێراق، بەڵام نەیتوانی شۆڕش لاواز بكا(٣).

ساڵی ١٩٦٦، ساڵی دەستپێكردنەوەی شەڕی ڕاگەیاندنی هەردوو دەوڵەتی عێراق و ئێران بوو لە دژی یەكتری كە ئەمەش ئەنجامی تەنگژاویی پێوەندیی نێوان هەردوو دەوڵەت بوو(٤).

بارزانی وەك سەرۆكی پارتی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوایەتیی كورد، چەند پرەنسیپێكی جێگیری هەبوو. هەركەسێ و لایەن و دەوڵەتێك یارمەتیی شۆڕشی بدابا ڕەتی نەدەكردەوە، خۆی نەدەبەستەوە بەئایدیۆلۆجیا و هەلومەرجی لایەنە یارمەتیدەرەكە(٥)، بۆیە دژەكانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی كورد

(١) عەزیز حەسەن عەزیز : هەڵوێستی ئیدارەی ئەمەریكا لە سەردەمی سەرۆك لیندۆن جۆنسون لە بەرامبەر شۆڕشی ئەیلول.. لە كۆنگرەی بیرەوەریی سەد ساڵەی بارزانیی نەمر، ل١٨٨.

(٢) محەمەد عەلی سۆڵتانی، م.پ، ژمارەی ڕاپۆرت ٥٦٩ و مێژووی ١٣٤٤/٨/١٩.

(٣) شیرزاد زكریا محمد: م.س ص ٢٣٩.

(٤) چپ در ایران – حزب دیموكرات كردستان ج١، ڕێكەوتنی بەڵگەكە: ٢٥/١٢/ ١٣٤ – جريدة الثورة العربية، العدد ٤٦٥، ٥كانون الثاني ١٩٦٦.

(٥) شەوكەت مەلا ئیسماعیل س.پ ل٢٥٩، "زۆرجار بارزانی دەیفەرموو لە ناچاریدا بەو وڵاتانە دەڵێم دۆست، دەمەوێ تێیان بگەیەنم كورد جەردە و پیاوكوژ نین، شوێن مافی نەتەوایەتیی خۆیان كەوتوون. وڵاتی بیانی بەدەستی چەپ نان و ئاوت دەداتێ و بەدەستی ڕاست چاڵت بۆ هەڵدەكەنیی."

بەسەرکردایەتیی بارزانی، سەریان لێ شێوابوو، یاخۆ خۆیان لێ گێل دەکرد و بۆیان ئاشکرا نەبوو کە بارزانی و بزووتنــەوەی ڕزگــاریخوازی کوردی سەر بەکێیە و چ لایـەنێك پشتـگـیریـان دەکا، هـەروەکو لـە سەرەتـای ساڵی ١٩٦٦بـەبۆنـەی هـێرشی بــارزانــی بـۆ سەر نــاوچــەی پـێنـجـوین، وەزیـری بـەرگـریـی عـێراقــی بـەنــاوی عەبــدولعەزیــز عەقیلی(*)، دەڵی: "ڕۆئاوا و ڕۆهەڵات یارمەتیی یاخییان دەدەن، بۆ ئەوەی ئیسرائیلێکی نوێ بنیات نێن"[١].

سەرەڕای هەبوونی گرژی و گومانی بەردەوام لەلایەن بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و ڕژێمی عێراق بەڵام پارتی هەرگاڤ ئامێزی دەکردەوە بۆ دانوستاندن و گفتوگۆ و دەرگەی وتووێژی دانەدەخست و، هەموو دەرفەتێکی گونجاوی دەقۆزتەوە.

پاش کوژرانی عەبدولسەلام عارف بەهۆی کەوتنە خوارەوەی باڵەفرەکەی و هاتنە سەر کاری عەبدوڕەحمان عارفی برای وەك سەرکۆمار، پارتی دەستپێشخەری کرد و لە ١٩٦٦/٤/١٧ شەڕی ڕاگـرت بـۆ مـاوەی چـەنـد مـانـگێك، بـۆ ئـەوەی دەرفـەتـێك بـۆ دانوستاندن برەخسێنی[٢]، بەڵام سەرکردە سوپاییەکانی عێراق لەگەڵ ئەو بیروڕایە بوون کە شەڕ بەردەوام بێ[٣] و عەبدوڕەحمان بەزازیش هەوڵی دا لەسەر دوو هێڵ کار بکات بۆ ئەوەی کۆتا بەشۆڕشی کورد بهێنێ: یەکەم لە ڕووی سوپاییەوە، هێرشێکی گەورە دەست پـێ بکـات، دووەم: پێوەنـدیـی خـۆی لـەگەڵ ئێران خۆش بکـات، ئـەمـە لـە حاڵەتێك کە شەڕ لە نزیك سنووری دوو وڵات لە ئارادا بوو و تەنانەت لەم ڕووداوانەدا دوو ئـەفسەری ئێرانـیـیش لـە سنوور بـەتـەقـەی عێراقی کوژران، کە ئـەمـە کـاردانـەوەی ناڕەزاییی ئێرانی لێ کەوتەوە[٤].

عەبدوڕەحمان بەزاز هەر زوو بۆی دەرکەوت کە عێراق کەوتووەتە نێو ناوچەیەکی

---

(*) ئەم وەزیرە بوو کە لەم کاتەدا پلانی شەڕێکی گەورەی داڕشت لە دژی شۆڕش بەناوی «توکلنا علی الله» لە ١٩٦٦/٤/١٥ کە سیاسەتێکی توندڕۆیانەی دژی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی گرتبووە بەر. بڕوانە: شیرزاد زکریا محمد م.س ص٢٤٦– جریدة الفجر الجدید، العدد ١٢٣٤، ١٩٦٦/٢/٢٨.

(١) محمود الدرة :م. س، ص٣٨٨.

(٢) گونتر دشنر : م.س، ص٢٦٩.

(٣) مەسعوود محەمەد: س.پ، ل٤٩٤.

(٤) اصغر جعفری ولداني : م.پ ص٣٠٢.

پڕ لە تەنگژە و ناكۆكی، بۆیە ناتوانیّ كیّشەكانی خۆی لەگەڵ شۆڕشی كورد لەلایەك وەك سیاسەتی ناوەخۆ و، لەلایەكی تر لەگەڵ ئیّران وەك سیاسەتی دەرەوە چارەسەر بكا، ئەگەر ڕوو لە ولاّتانی تری ناوچەكە نەكات.

لە ڕاستیی ئەم بیر و بۆچوونە بوو كە دەستی كرد بەدانیشتن و گفتوگۆ و سەردانی سەرانی ولاّتانی دەرودراوسیّ، لەم ڕووەوە ڕای گەیاند كە دەیەویّ پێوەندیی خۆی لەگەڵ سووریا بگەیەنیّتە ئاستی هەبوونی باڵیۆزخانە لەم ولاّتە و، هەروەها پێخۆشحاڵیی خۆی ڕاگەیاند لەوەی خوازیارە پێوەندی لەگەڵ كویّت و سعوودیە و ئوردن بەرەوپێشەوە ببات بۆ بەرژەوەندیی گەلی عەرەبی و، هەروەها لە سەفەری بۆ سعوودیە، خوازیار بوو پاشای سعوودی ببیّتە ناوبژیكەر لە نیّوان عیّراق و ئیّران بۆ چارەسەری كیّشەی ئاو و لەوەڕگە و و كیّشە سنوورییەكان و سیاسییەكان، بەلاّم لە هەمان كاتدا دەیزانی كە كیّشەی لەگەڵ ئیّران چارەسەر نابیّ ئەگەر لەگەڵ جەمال عەبدولناسر دانوستاندن نەكا، بۆ ئەم مەبەستەش، لەگەڵ سەرۆكی میسر كۆ بووەوە و داوای لیّ كرد كە هێرشی ڕاگەیاندنی ولاّتەكەی لە دژی ئیّران ڕابگریّ و هۆی داواكارییەكە، بۆ ئەوە گەڕاندنەوە كە چەندە جەمال عەبدولناسر هێرشی بەردەوام بیّ لە ڕاگەیاندن و پیلانگێڕی لە دژی ئیّران، كاردانەوەكەی ئەوە دەبیّ كە شای ئیّران زیاتر پشتگیریی شۆڕشگێڕانی كورد دەكا لە دژی عیّراق، چونكە عیّراق پێوەندییەكی نزیكی لەگەڵ میسردا هەیە و، دوای ئەم هەولاّنە بوو كە جەمال عەبدولناسر فەرمانی دا هێرشی ڕاگەیاندن لە دژی ئیّران ڕابگیریّ(١).

عەبدوڕەحمان عارف پێی وابوو كە ئیّران سنووری بۆ پێشمەرگە ئاوەلاّ كردووە و، ئەوەی بەهەڵوێستێكی دوژمنكارانە دەزانی لە دژی عیّراق بەتایبەتی و، لە دژی عەرەب بەگشتی و دەیگوت: "ئیّران ئەمڕۆ بووەتە عەمباری چەك و خۆراك و هی تر بۆ یاخییان، پیلانگێڕی ئیّران لەگەڵ یاخییان، بابەتێكە پێویستی بەبەڵگەی سەلمێنەر نییە، بگرە ئاشكرا و دیارە چونكە ئیّران وا دەجووڵێتەوە كە هاوپەیمانی ئەوانە لە دژی عیّراق، دڵنیاشە كە مەلا مستەفا بارزانی لەگەڵ سەرەك وەزیرانی ئیّران كۆ بووەتەوە و پلانی ئەوان ئەوە بوو كە دەست لە كاروباری ناوەخۆی عیّراق"(٢) وەردەن.

---

(١) محمد كريم المشهداني: عبدالرحمن البزاز، دورة الفكري والسياسي في العراق حتى ثورة ١٧ تموز ١٩٦٨، بغداد، ٢٠٠٢، مكتبة اليقظة العربية، ص١٦٦– ١٦٧.

(٢) محمود الدرة : م.س ص٣٨٩.

لەلایەکی ترەوە چەندە جێپێی سیاسیی مەلا مستەفا بارزانی وەك سەرۆکی شۆڕش و پارتی بەهێزتر دەبوو و، چەندە ئێران زیاتر یارمەتیی شۆڕشی دەدا، گرووپی جیابووەوەی جەلال تاڵەبانی[1] زیاتر تووشی کاردانەوەی نەرێیی دەبوونەوە و لە ئەنجامی بەدگومانی و لێك حاڵی نەبوون و هاندانی هەندێ لایەنی ناوەخۆ و دەرەوە، بێ پرس و ڕای پارتی و بارزانی، چوونە پاڵ ڕژێمی عێراق و لە سەرەتای ١٩٦٦ بەپراکتیك لە مەلا مستەفا بارزانی جودا دەبنەوە و بەهاوکاری و پارە و چەکی حکوومەت، لە دژی شۆڕش و بارزانی وەستان[2].

پاچەچی، وەزیری دەرەوەی عێراق یاداشتی نارەزایی دەداتە باڵیۆزخانەی ئێران، سەبارەت بەیارمەتی و پشتگیریی ئێران لە شۆڕشی کورد و بێجگە لەمەش باڵیۆزی ئەمەریکا و بەریتانیا و فرەنسا بۆ وەزارەتی دەرەوەی عێراق بانگهێشتن دەکا تاکو ئاگەداریان بکاتەوە لەو ڕەوشە تەنگژاوییانەی کە لە نێوان ئێران و عێراق سەری هەڵداوە[3].

هەمدیسان لە ئەنجامی ناکۆکیی ئایدیۆلۆجی و سیاسی، کۆنە کێشەکانی سنووری ئاوی، لە نێوان هەردوو دەوڵەتدا سەری هەڵدایەوە. جارێکی تر کێشەی عەرەبستانی ئێران «خوزستان» سەری هەڵدایەوە و سووریا و میسر هاودەنگ بوون لەگەڵ عێراق کە «خوزستان» بەشێکە لە نیشتمانی عەرەب، جارێکی تر ناوەڕۆکی ڕێککەوتننامەکانی هەردوولا، خرانە بەرباس و شرۆڤەکردن و ئێران مەزڵومیەتی خۆی دەخاتە ڕوو کە دادگەرانە نییە کە ڕووباری سنووریی هاوبەشی نێوان دوو وڵات، تەنیا بەر یەکێکیان بکەوێ «واتە عێراق»[4].

بێگومان هەڵدانەوەی پرسە کۆنەکان، پێوەست بوو بەو پێوەندییە توندوتۆڵەی

---

(١) گرووپی جیابووەوە بە سەرکردایەتیی جەلال تاڵەبانی لە هاوینی ١٩٦٥ گەڕانەوە کوردستان و بارزانی لە دوڵە ڕەقە نیشتەجێی کردن بەڵام ئیبراهیم ئەحمەد ساڵێك دواتر گەڕایەوە: بڕوانە: مەسعوود بارزانی بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، ل١٨٥.

(٢) دیڤید ماکداول :س.پ ل٦٥٨– مەسعوود محەمەد س.پ ل٤٩٥.

(٣) کریس کۆچێرا: م.پ ص٣٢١– کۆنگرەی بیرەوەریی سەد ساڵەی بارزانیی نەمر، ئامادەکردنی مومتاز حەیدەری و ئەوانی تر هەولێر ٢٠٠٣، تۆژینەوەی عەزیز حەسەن عەزیز: هەڵوێستی ئەمەریکا لە سەردەمی سەرۆك لیندۆن جۆنسون. ل١٧٧.

(٤) اصغر جعفري ولداني : م.پ ص٣٠٦– ٣٠٧.

عێراق و میسر و بانگەشەی «یەکەتیی عەرەب»[١] و کاردانەوەی هەستیارانەی کورد و شیعەی عێراق بەرامبەر بەم بانگەشەیە و دروستبوونی رۆحی بەرگریکردن لە بەرامبەر هەڕەشەی توانەوە لەناو جیهانی عەرەبی سوننە.

بۆ چارەسەری کێشەکانی نێوانیان، وەزیری دەرەوەی ئێران، عەباسی ئارام، لەسەر بانگهێشتنی وەزیری دەرەوەی عێراق لە مانگی ١٢ی ١٩٦٦ و گەیشتە بەغدا لەسەر خاڵە ناکۆکەکان گفتوگۆیان کرد[٢].

عەبدوڕەحمان بەزاز، وەك کەسایەتییەکی عەرەبی دەرکەوتووە کە هەوڵی بووژاندنەوەی وڵاتانی عەرەبیی دەدا و، بەتایبەتی عێراق و لەمەدا لەگەڵ جەمال عەبدولناسر هاوبیرورا بوو، کە دەبێ یەکەتییەك لە نێوان سەرانی وڵاتانی عەرەبی هەبێ، چونکە پێی وابوو ئەم یەکەتییە بەمانای بەهێزبوون و گەشەکردنی وڵاتەکانی عەرەبییە، لە هەمان کاتیشدا جەختی دەکردەوە لەسەر پاراستنی یەکەتیی خاکی عێراق، بۆیە لە پەراوێزی سەردانەکانی شاندی عێراق بۆ قاهیرە کە خۆی ئەندامی شاند بوو و هاوشان لەگەڵ عەبدوڕەحمان عارفی سەرکۆمار، باسی ئەوەی کرد کە هەڕەشەیەکی گەورە لەسەر ئاسایشی نیشتمانیی عەرەبی هەیە لەلایەن بزووتنەوە ئیستعمارییەکان بەئاشکرا و بەنهێنی، بۆیە پێویستە قاهیرە و بەغدا، پێوەندییەکانیان پتەوتر بکەن و یارمەتیی عێراقیش بدەن لە کۆتاییهێنان بەشەڕوشۆڕی باکوری عێراق[٣]، لە ئەنجامی ئەم بۆچوونەی «بەزاز» بوو کە بۆ پاراستنی یەکەتیی خاکی عێراق و بەفیڕۆنەچوونی سەرمایەی مرۆیی و مادیی وڵاتی عێراق و عەرەبی، بۆ

(١) لە ٢٦/٥/١٩٦٥ سەرکردایەتیی سیاسیی یەکگرتووی نێوان عێراق و کۆماری یەکگرتووی عەرەبیی میسر و سووریا ڕاگەیاندرا- بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: سعد مهدي شلاش: حركة القوميين العرب ودورها في التطورات السياسية في العراق ١٩٥٨- ١٩٦٦، بيروت ٢٠٠٤، مركز دراسات الوحدة العربية، ص١٩٦.

(٢) منوچهر پارسا دوست : م.پ، ص١٣٤. لە چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد عەزیزدا، گوتی: هاوڕێبوونی هەردوو سەرەك وەزیران واتە هوەیدا و بەزاز، کاریگەر بووە لە نزیکبوونەوەی هەردوو وڵات چونکە هەردووکیان بەیەکەوە لە زانکۆی ئەمەریکاییی بەیرووت خوێندبوویان، بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ژیانی هوەیدا بڕوانە: محمد وصفی ابومغلی: دليل الشخصيات الايرانية المعاصرة، منشورات مركز دراسات الخليج العربي بجامعة البصرة، ١٩٨٣، ص ١٢٣- مسعود بهنود: م.پ، ص ٥١٣- ٦٤١.

(٣) محمد كريم مهدى المشهداني: م.س، ص١٧٠.

کۆتاییهێنان لە دەستتێوەردانی ئێران لە کاروباریدا(١)، عێراق بڕیاری دا کە لەگەڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد پێك بێت، بەتایبەتی شکستەکانی سوپای عێراق لە بەرامبەر پێشمەرگەی کوردستان(٢)، دەرفەتێکی باشی بۆ «بەزاز» ڕەخساند قەناعەت بە سەرکردە سوپاییەکانی بهێنێ «کە زۆربەیان دژی ئاشتی و ڕێك کەوتن بوون(٣)» کە دەبێ لەگەڵ شۆڕشی کوردی ڕێك بکەون.

باڵی جیابووەوەی جەلال تاڵەبانی، دوای گەڕانەوەیان بۆ وڵات، هەروەکو پێشتر باسی کرا پێوەندییان بە حکوومەتەوە کرد و عێراقیش دوای تێکشکانەکانی سوپاکەی لە بەرامبەر بەرەنگاربوونەوەکانی پێشمەرگە، بەگەرمی پێشوازیی لێ کردن و لەگەڵیان کەوتنە دانوستاندن(٤) و لەوەش زیاتر، بوون بەپاشکۆ و چاوساغی سوپای عێراق و ڕووبەڕووی پێشمەرگە بوونەوە(٥). لەلایەکی تریشەوە دەسەڵاتدارانی عێراق کەوتنە دانوستاندن لەگەڵ سەرکردایەتیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستاندا سەرەنجام حکوومەتی عێراق بەیاننامەیەکی دەرکرد کە بە بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ ناسراوە کە دوازدە بەندی لە خۆی گرتووە کە دانی نا عێراق لە دوو نەتەوەی سەرەکی پێك دێ: عەرەب و کورد کە لە ماف و ئەرکدا یەکسانن و لە ڕووی ئیدارییەوە یاسای پارێزگاکانی ڕاگەیاند لەسەر بنەمای «بێ سەنتەر»ی(٦).

---

(١) ئێرانیش سکاڵای ئەوەی هەبوو کە ڕێککەوتنی میسر و عێراق، دەردەسەری بۆ ئێران دروست کردووە و لە سنوورەکانیش سوپای عێراقی پەلاماری خاڵی چاودێریی سنووری ئێرانییەکان دەدا بڕوانە: مسعود بهنود: م.پ، ص ٥٢٩.

(٢) سعد ناجی جواد: العراق والمسألة الكردية ١٩٥٨– ١٩٧٠ لندن، ١٩٩٠ ص١٢٨ – ڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٦٨١، ٣٠ حوزەیرانی ١٩٩٣.

(٣) اديث وئى، ايف، بينروز: العراق دراسة في علاقاته الخارجية وتطورات الداخلية ١٩١٥– ١٩٧٥، الجزء الثاني، ترجمة عبدالمجيد حسيب القيسي، بيروت، الدار العربية الموسوعات، ص٦٥.

(٤) ئیبراهیم جەلال : س.پ ل٢١٤– شلمو نكديمون : الموساد في العراق و دول الجوار انهيار الامال الكردية والاسرائيلية، ط٢ ترجمة بدر عقيلي، مطبعة دار القدس بيروت ١٩٩٨ ص ١٦٨

(٥) مەسعوود بارزانی س. پ بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، ل٢٢٥.

(٦) اديث وئى، ايف، بينروز : م.س، ص٦٦.

ئەم ڕێککەوتنەش، وەك ڕێککەوتنی ١٩٦٤/٢/١٠ نێوان شۆڕش و عەبدوسەلام عارف سەرکۆماری عێراق، ڕق و قینی محەمەد ڕەزا شای بزواند و یەکسەر بڕیاری دا سنوورەکانی ئێران لەسەر شۆڕش دابخات وەك نارەزایی دەربڕین لە دژی ئەم بەیاننامەیە.

ڕاگەیاندنی بەیاننامەی ١٩٦٦/٦/٢٩، بووە هۆی کەیفخۆشی و ڕەزامەندیی یەکەیتی سۆڤیەت و پاش چەند ڕۆژێك "بەزاز" سەردانی مۆسکۆی کرد و ئەمە خاڵی وەرچەرخان بوو لە پرۆسەی باشتربوونی پێوەندیی سۆڤیەت و عێراق[١].

یەك لە هۆکارەکانیش ئاسوودەییی حزبی شیوعی عێراقی بوو لە پەنا شۆڕش و بارزانی کە هەردەم باوەشیان بۆ ئەندامان و سەرکردایەتیی ئەم حزبە کراوە بوو و لەوێوە دەیانتوانی وزە وەربگرن و لە سەرتاسەری عێراق جموجۆڵ بکەن، ئەگەرچی لەلایەن ڕژێمەوە وەك حزب یاساغ بوون[٢]. زۆربەی بەندەکانی بەیانی ١٩٦٦/٦/٢٩ی بەزاز، نەهاتە واری جێبەجێکردن لەبەر دوو هۆکاری ناوەخۆیی، یەکەمیان ناتەباییی ناو ڕیزی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد و هەڵگیرسانەوەی شەڕی ناوەخۆ و[٣] دووەمیان لە سۆنگەی دژایەتیکردنی سەرکردە سوپاییەکانی عێراق لە ئاست ڕێککەوتنەکە و هەر ئەوەش بووە هۆی دەست لە کارکێشانەوەی عەبدوڕەحمان بەزاز لە ١٩٦٦/٨/٥[٤]، هەرچەندە عەبدوڕەحمان عارف لەو سەردانەی کە لە ١٩٦٦/١٠/٢٨[٥] بۆ لای سەرکردایەتیی شۆڕشی کرد لەلای خۆی بەڵێنی دا بەجێبەجێکردنی بەندەکانی بەیانی «بەزاز» بەڵام لەگەڵ ئەمەش، گرژی و گومان لە ئارادا بوو و بەتایبەتی لە کۆنگرەی حەفتەمی پارتی

(١) بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر باشتربوونی پێوەندییەکانی سۆڤیەت و عێراق، بڕوانە: مصطفی عبدالقادر النجار: اضواء علی اطماع روسیا القیصریة والاتحاد السوفیتي في الخلیج العربي والجزیرة العربیة، الاردن ٢٠٠٣، دار زهران، ص٨٢-٨٣.

(2) HAIM SHEMESH op.cit , P.11-12 .

(٣) واحد عومەر محیەدین س.پ ل ٢٨٤.

(٤) محمد کریم مهدی المشهداني، م.س، ص٢٨٤-٢٨٥ - واحد عومەر محیەدین س.پ ل٢٨٦.

(٥) منذر الموصلي: القضیة الکردیة، في العراق (البعث والاکراد) بیروت، ٢٠٠٠، دار بیان، ص١٩٦.

دیموکراتی کوردستان کە لە ٢٠/ ١١/١٩٦٦ بەسترا، ئەم کەشوهەوایە دەبیندرا و لەلایەن عێراقیش هیچ هەنگاوێك نەهاوێژرا بۆ لابردنی ئەم کەشوهەوایە(١). وەك باس کرا، دووبەرەکیی ڕیزی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی یەك لە هۆکارەکان بوو، چونکە لایەنێك بێ هیچ قەید و شەرتێك، لەگەڵ ڕژێم پێکهاتبوو و لایەنەکەی تر، ڕەخنەی لە جێبەجێنەکردنی بەندەکانی بەیانی "بەزاز" دەگرت، هەروەها بارزانی یەك لە مەرجەکانی ڕێککەوتنیشی، چەککردنی باڵی جیابووەوەی پارتی دانابوو(٢). کە ڕژێم نەك ئەم کارەی نەکرد، بگرە زیاتر لێیان نزیك بووەوە(٣)، بەپێی بەڵگەکانی «ساواك» بەتەمای دروستکردنی بەرەیەکی گەورە بوون لە چەند لایەنی ناوەخۆ و دەوڵەتی هەرێمی و میسر و هاوپەیمانەکانی بەدوو مەبەست:

١- لێدانی بارزانی و پارتەکەی.

٢- لێدانی ئێران و بەرپاکردنی "شۆڕش" لە کوردستانی ئێران.

هاوکات لەگەڵ ڕاگەیاندنی بەیانی ١٩٦٦/٦/٢٩، سوپاییە ناسریستەکانی عێراق، هەوڵی کودەتایان دا بۆ ڕووخانی ڕژێمی عەبدوڕەحمان عارف و بەزاز، ئەمە نیشانەی ئەوە بوو میسرییەکان و ناسریستەکانی سوپای عێراق لە پێکهاتنی بارزانی- بەزاز، ئاسوودە نەبوون(٤).

لەگەڵ گرژتربوونی پێوەندیی عێراق و ئێران، کوردەکانی بەرهەڵستکاری ئێرانیش چالاکییەکانیان پەرە دەستێنێ لە دژی ڕژێمی شاهنشاهی ئێران.

وەك باس کرا بەشێك لە بەرهەڵستکاران و ئەندام و کادیران و سەرکردایەتیی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەر دوای شۆڕشی عەبدولکەریم قاسم، ڕوویان لە عێراق و کوردستان کرد وەك مەڵبەندێکی دژی ڕژێمی شاهنشاهی و سوودوەرگرتن لە کەشوهەوای لیبراڵ لە عێراق و کوردستان.

کاتێ شۆڕشی ئەیلوول دەستی پێ کرد، بەرهەڵستکارانی کوردی ئێرانیش هاتنە

---

(١) م.س لازاریف و اخرون :م.س ص٣٠٣

(٢) ابراهیم جلال: س.پ ل٢٢٦- مەسعوود بارزانی س.پ بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، ل٢٢٩.

(٣) واحد عومەر محیەدین : س.پ ل ٢٩٢.

(٤) ادیث وائی، ایف، بینروز : م.س ص٧٣، مەبەست کودەتاکەی عارف عەبدوڕەزاق بوو.

ڕیزی شۆڕش و بگرە زۆرجار ڕۆڵی کاریگەریان هەبوو لە بەردەوامیی شۆڕش و گەیاندنی پەیامی شۆڕش بۆ دەرەوەی عێراق. دوای کەرتبوونی پارتی دیموکراتی کوردستان و شۆڕش، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیش، کۆنگرەی خۆی بەست و بەئاشکرا و فەرمی، بەردەوامیی پشتگیریی خۆیان لە سیاسەتی پارتی و بارزانی ڕاگەیاند و هێرشێکی توندیان خستە سەر باڵی جیابووەوەی پارتی کە پەنایان بۆ ئێران بردبوو و تاوانباریان کردن کە خۆیان وەدەست ساواك داوە(١).

ئەو کەرتبوونە، کاریگەری هەبوو لەسەر دوولەتبوونی ڕیزی ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیش، بەشێکیان وەك عەبدوڕەحمان قاسملۆ، هەوڵیان دەدا لەگەڵ گرووپە بەرهەڵستکارەکانی ناوەخۆی ئێران وەك حزبی «تودە» هاوکاری بکەن و خۆیان دوور بگرن لە کێشەکانی ناوەخۆی عێراق و کوردستانی عێراق و ئەو شۆڕشەی کە لەوێ بەرقەرار بوو، بگرە لە چوارچێوەی ئێران و بەبیر و بۆچوونێکی چەپانە، ڕووبەڕووی ڕژێم ببنەوە، بەڵام تاخمی عەبدوڵا ئیسحاقی «ئەحمەد تۆفیق» زیاتر کوردانە و کوردستانیانە بەدوور لە هەر ئایدیۆلۆجییەك ڕێچکەی مەلا مستەفا بارزانییان گرتبوو و ئەویان بەسەرۆکی کوردستان دەزانی(٢).

گرووپی ئیسحاقی کاریان بۆ شۆڕشی ئەیلوول دەکرد و لە بڵاوکردنەوەی ڕوحی کوردایەتی و حزبایەتی لەناو کوردستانی ئێران. لە بەرامبەر هەڵوێستی ئەحمەد تۆفیقدا، لە ساڵانی جیاجیا دوو گرووپ لەناو حیزبی دیموکرات دروست بوون کە ڕەخنەیان لە بیر و بۆچوونی ئەحمەد تۆفیق دەگرت و بەسکرتێری حزبیش قبووڵیان نەبوو و چەند جار لای بارزانی گلەییان کرد، بەڵام بارزانی پشتی ئەحمەد تۆفیقی بەرنەدا.

گرووپی یەکەم بەناوی «کۆمیتەی ساخکەرەوە» هەڵوێستیان نواند و گرووپی دووەم بەناوی «کۆمیتەی ئینقلابی حیزبی دیموکراتی کوردستان» دەستیان بەکار و چالاکی کرد و ئەوان لەو بڕوایەدا بوون کە نابێ بەقسەی بارزانی و ئەحمەد تۆفیق بکرێ و پێویستە دەست بەجموجوڵی چەکداری لەناو کوردستانی ئێران بکرێت، لەوانە سلێمان

(١) سەردەشتی، د. یاسین، ژیان و تێکۆشانی سیاسیی ئەحمەد تۆفیق (عەبدوڵلا ئیسحاقی) (١٩٣١ – ١٩٧٣)، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی بەڵگەنامەییە، بەشی هەشتەم، سلێمانی ٢٠٠٧.

(٢) عەبدوڕەحمان قاسملۆ – عەبدوڵا حەسەن زادە س.پ ل٢٢٤.

و عەبدوڵا موعینی کە ئەندامانی سەرکردایەتیی حزب بوون، بەم شێوەیە خەباتی چەکداری لە ماوەی ساڵانی ١٩٦٧–١٩٦٨ لە کوردستانی ئێران بەردەوام بوو، بەڵام لەبەر زۆر هۆکار، ئەم خەباتە بەرهەمی نەبوو و بگرە ئەنجامی نەرێیی پتری لێ کەوتەوە و، بووە هۆی ساردبوونەوەی ئەحمەد تۆفیق لە کاری کوردایەتی و حزبایەتی(١).

بەم جۆرە دەتوانین بڵێین رووداوەکانی کوردستانی عێراق و کەرتبوونی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕاستەوخۆ ڕەنگی دابووەوە لەسەر ڕەوشی کوردستانی ئێران و حزبی دیموکراتی کوردستان(٢).

عەبدولناسر یارمەتی و پشتیوانیی لە گرووپە بەرهەڵستکارەکانی کوردی ئێران دەکرد. باڵێکی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەیانویست سوود لەو دەرفەتە وەربگرن کە لە ئەنجامی ئاشکرابوونی یارمەتی و پشتگیریی شای ئێران لە شۆڕشی کوردی عێراق، ڕقی عەرەبی ورووژاندبوو و جەمال عەبدولناسریش ئامادەییی تێدا بوو کە بەرەیەك لە دژی ئێران پێك بهێنێ بەهەمان شێوە کە شا پێی هەڵسابوو، یارمەتیی شۆڕشی کورد بدا، بەڵام لە پانتاییی جوگرافیایەکی تر واتە کوردستانی ئێران(٣).

نیازی حکوومەتی عێراق ئەوە بوو کە حیزبی دیموکرات بەهەموو گرووپەکانیەوە لە جەلال تالەبانی نزیك ببنەوە و نوێنەریان بنێرن بۆ لای سەرەك خێڵانی کوردستانی ئێران، لەوانە حوسێن بەگی جوانڕۆیی و محەمەد ڕەشید خانی بانەیی و خێڵەکانی تری هەورامان و مەنگوڕ و مامش و شکاك و زەرزا و جەلالی و هەرکی و پیران، بۆ

---

(١) بۆ زانیاریی زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە: عەبدوڕەحمان قاسملۆ. عەبدوڵا حەسەن زادە س. پ ل ٢٣٥– ٢٤٤– یاسین سەردەشتی: ژیان و تێکۆشانی ئەحمەد تۆفیق...

(٢) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: عبدالكريم فرحان: حصاد ثورة (مذكرات) تجربة السلطة في العراق (١٩٥٨– ١٩٦٨) دار البراق لندن ١٩٩٤، ص٢٢٠– ٢٢١، کە ئاماژە بەپێوەندیی حکوومەتی گرووپی جیابووەوە لە پارتی دەکات بەوەزارەتی بەرگری لە عێراق کە بارەگای سەرەکییان لە بەکرەجۆ بووە، باس لە هەڕەشەی بارزانی دەکا کە دەبێ ئەم گرووپە لەوێ نەمێنن و نووسەری کتێبەکە باسی لە ڕۆڵی خۆی دەکا وەك وەزیری کابینەی عێراقی بۆ ڕێگەگرتن لە هێرشی بارزانی بۆ سەر سوپاکە لەم ناوچەیە.

(٣) چەپ درابەران، حزب دموکرات کردستان ج١، ص٣٤٨ مێژووی بەڵگەنامەکە ١٣٤٤/١٢/٢٥ نهێنییە.

بەرپاکردنی شۆڕش[1].

ئەم ڕێککەوتنە سێ قۆڵییەی ڕژێم و سەرانی گرووپی جیابووەوەی پارتی و سەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، دەبێتە هۆی زیاتر دەست خستنە ناو کاروباری سنوورەکان لەلایەن عێراقەوە و، تەنانەت بەغدا داوا لە بارزانی دەکات کە پاراستنی سنوور بدرێت بەسوپای عێراق وەك جاری جاران، بارزانی ئەم داوایەیان ڕەت دەکاتەوە و وەڵامی ئەوە دەبێ کە پێشمەرگە سنوورەکان دەپارێزێ[2]. بێگومان ئەمە یەك لە ترسەکانی ڕژێمی شاهنشاهییە کە سوپای عێراق بگەڕێتەوە سنوور و کێشەی بۆ «لە ڕوانگەی ئەو» دروست بکا، بۆیە هەر چۆنێك بێ پێویستە شۆڕش بەردەوام بێ، بۆ ئەوەی سنووری ببێتە دیوارێکی پان و بەرین و دوور و درێژ لە نێوان خۆی و عێراقدا.

لە دواییدا تێوەگلانی ئەحمەد تۆفیق دەبیندرێ لەو پلانە سێ قۆڵییەی کە میسر و عێراق و بەرهەڵستکارانی کوردی ئێران دایانڕشتووە بۆ ڕاپەڕین لە ئێران[3].

ئێرانیش لە بەرامبەر تەوژمی کوردایەتی و بەرهەڵستکاری و هەست بەمەترسی و هەڕەشەی میسر و عێراق و سووریا و بەرهەڵستکارانی ناوخۆیی بەتایبەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە کوردستانی ئێران، حزبی «پان ایرانیست» دادەمەزرێنی[4]، کە ئامانجی بڵاوکردنەوەی روحی ئێرانگەرایی و خۆشەویستییە بۆ ئێران لە بەرامبەر کوردایەتی و خۆشەویستی بۆ کورد و کوردستان و لە یەکێ لە بەڵگەکان ئاماژە بەبەستنی کۆنفرانسی حزبی «پان ایرانیست» دەکات لە نەغەدە[*] و تێیدا سەرکۆنەی ڕژێمی عێراق دەکەن کە شەڕی لە دژی کوردی عێراق کە بەڕەسەن ئێرانین[5] بەرپا کردووە و ڕادەگەیەنن کە سکاڵایان بۆ ڕێکخراوی نەتەوە

(١) هـ.س، ژمارەی بەڵگەنامەکە ٤٣٩٤، مێژووی ١٣٤٥/٦/٣.

(٢) چپ درایران، حزب دموکرات کردستان ج١، ص٣٧٤ ژمارەیەکی بەڵگەنامەکە ٣٣٩٩، مێژووی ١٣٤٥/٦/١٩

(٣) هـ.س، مێژووی بەڵگەنامەکە ١٣٤٥/٦/٢٩، محمد علی سلطانی م.پ ص٥٠٦، ژمارەی بەڵگە: ٤٣١١– ١٣٤٥/٥/٢٥.

(٤) خسرو معتضد: سپهبد تیمور بختیار سایه سنگین شاه، تهران ١٣٧٩، انتشارات علمی، ص٦٦٥.

(*) نەغەدە شارێکی کورد– ئازەرینشینە لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆئاوای ئێران.

(٥) پان ایرانیست کە حزبێکی ناسیۆنالیستی توندڕەوی ئێرانی بوو، هەر سەر بەساواك =

یەکگرتووەکان بەرز کردووەتەوە کە ڕێگە لە کوشتاری کورد بگیرێ، لەم کۆنفرانسەدا ستایشی ڕۆڵی بارزانی دەکەن و، هەروەها باس لەوە دەکەن کە نوێنەری حزبی «پان ایرانیست» بەشدار بووە لە کۆنگرەی حەفتەمی پارتی دیموکراتی کوردستان کە تێیدا بارزانی سوپاسی یارمەتی و پشتگیریی خەڵکی ئێران دەکا.

هەر لەو بەڵگەیەدا باسی لە کاریگەری کۆنفرانسی حزبی «پان ئیرانیست» دەکا لەسەر خەڵکی کوردی نەغەدە و شنۆ، بەو پێیە کە هەستی نەتەوایەتیی ئەوانی ورووژاندەوە، بەڵام کاریگەری چاکی لەسەر خەڵکی غەیرە کوردی ناوچەکە نەبووە و «ساواك» جەخت دەکاتەوە کە کاری ئەم حزبە لەو ناوچەیە زۆر هەستیارە و دەبێ ئاگەدار بن، سەرەڕای ئەوەی کە هەوڵدان بۆ دروستکردنی ئایدیۆلۆجیای ئێرانگەرایی لەلایەن حزبی «پان ایرانیست» لە بەرامبەر ئایدیۆلۆجی کوردایەتی زۆر پێویستە، بەڵام دەبێ بەپلان بێ، نەوەك ئەنجامی پێچەوانەی لێ دەکەوێتەوە(١).

## بەندی دووەم

### پێوەندییەکانی عێراق و ئێران لە شەڕی سارددا و کاریگەری لەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد

گرژیی نێوان دوو جەمسەری ڕۆهەڵات و ڕۆئاوا و بەتایبەتی کێشەی نێوان میسر و ئیسرائیل، کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبوو لەسەر گشت بزووتنەوە ڕزگاریخوازە نەتەوەییەکان، لەوانە بزووتنەوەی نەتەوەییی کورد.

هەروەکو لە بەندی یەکەمی ئەم بەشەدا باس کرا، لە پشت سیاسەتی دەوڵەتی عێراق، جەمال عەبدولناسر ئامادەیی هەبوو، هەرچەندە ئەم سیاسەتە لە کاتە جیاجیاکان

---

= بوو و لە ڕووی هەڵوێستی ئێرانچییەتی و فارسیچیەتی مایکرۆفۆنەکەی ناو پەرلەمان و میدیاکان بوون، هەروەکو لەناو ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئێران، هەڵوێستێکی توندیان نواند بۆ مەسەلەی لکاندنەوەی بەحرەین بەئێران، بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر چالاکیی ئەم حزبە بڕوانە: نور محمد عسکری: قلەهای قدرت دودمان پهلوی دهە پایانی، تهران ١٣٨٢، بە افرین ص ٢٨٣– ٢٨٤.

(١) چپ در ایران، حزب دموکرات کردستان، ج١، ص٣٩٩ ژمارەی بەڵگە ٣١٦، مێژووی ١٣٤٦/١/١٥.

کاڵ و تیر دەبووەوە، بەڵام تا ١٩٦٨بەخەستی دەستتێوەردانی میسر دەبیندرێ.

ئێران، ئیسرائیل و ئەمەریکا کە پشتگیرییان کرد لە شۆڕشی کورد، تەنیا وەك ئامرازێکی پاڵەپەستۆ بوو لە دژی عێراق، میسر و سۆڤیەت[1]، بەڵام کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیش وەڵامی ئەرێیی بەپێشنیازی یارمەتیی ناردنی ئەوانی داوە، تەنیا مەبەست یارمەتی وەرگرتن بووە و هیچ پرەنسیپێك لەم مامەڵەیە لە ئارادا نەبوو و شۆڕش بەهیچ پرەنسیپێکی هاوبەشی نێوانیان پابەند نەبووە و تەنیا ئەم وڵاتانە دەروازەیەك بوون بۆ ناردنی دەنگی شۆڕش بەجیهان و وەرگرتنی یارمەتی لە جیهان لە ڕێگەی ئەوان.

″محمد حسنین هیکل″ لە چاوپێکەوتنی لەگەڵ شادا، پرسیاری یارمەتی و پشتگیری لە شۆڕشی کوردان دەکا و ئەویش وەڵامی دەداتەوە:

″ چەندان ساڵ بوو، دەوڵەتە عەرەبییەکان بەپڕوپاگەندەی دوژمنکارانە و هەوڵی تێکدەرانە، ئێمەیان تەنگەتاو کردبوو، بۆیە ئێمەش بۆمان دەرکەوت کە دەکرێ بەدانی یارمەتی بەکورد، تەنگەتاویان بکەین. هەرچەندە هیچ حەزم لێ نەبوو پرسی کورد بورووژێنم، چونکە کەمایەتییەکی گەورەی کوردمان لە وڵاتدا هەیە، بەڵام بەو شێوەیە دەمویست حکوومەتی بەغدا بخەمە ژێر پاڵەپەستۆ بۆ ئەوەی ئەوان واز لە تەنگەتاوکردنی ئێمە بهێنن، ئەو کاتەی ئێمەش واز دەهێنین...[2]″

بێجگە لە ناکۆکی و جیاوازیی ئایدیۆلۆجیی نێوان دوو جەمسەری ڕۆهەڵات و ڕۆئاوا، کۆمەڵێك هۆکاری هەبوو کە بەردەوام ئەم ناکۆکییانەی دەورووژاند و خەستی دەکردەوە، یەك لەوانە کێشەی نەوت و ئیمتیازی دەرهێنانی نەوت لەلایەنی کۆمپانیاکانی ڕۆئاوا و یان خۆماڵیکردن و بەدەوڵەتیکردنی ئیمتیازەکانی دەرهێنان و بەرهەمهێنان و ناردنی بوو، واتە سیاسەتی «نەوت» بووبووە خاڵێکی ناکۆکی و ناتەبایی لە نێوان هەردوو جەمسەر و هەموو ئەو وڵاتانەی کە کێڵگەی نەوتیان هەبوو[3].

---

(١) دهام محمد دهام العزاوی : م.س ص٢٣٠.

(٢) محمد حسنین هیکل: مدافع ایة الله، قضیة ایران والثورة، ١٩٨٨ القاهرة، دار الشروق، الطبعة الرابعة، ص١٤٢.

(٣) عبدالناصر همتی: اقتصاد نفت، تهران ١٣٧٤ سروش، ص ٥٧– ٦٤.

ئــەم مـلـمـلانـێیـەی نـێوان هــەردوو جـەمسەر و دەستـتـێوەردان لـە دانـانـی نـرخ و ئاراستەکردنی سیاسەتی نەوت، وای لە وڵاتە نەوتدارەکان کرد، کە هەوڵ بدەن کەمتر ئیمتیاز بدەن بەکۆمپانیاکان و کەمتر بهێڵن وڵاتانی زلهێز دەست لە کاروباری نەوت وەربدەن، چونکە بێجگە لە بایەخی نەوت وەك سەرمایەی مادی، بووبووە چەکێك لە دەست وڵاتان کە دەیانتوانی لە مامەڵە سیاسی و دیپلۆماسییەکان بەکاری بهێنن لە دژی وڵاتان یا جەمسەرەکەی تر(١).

هەر لە دوای هەردوو شەڕی جیهانیی یەکەم و دووەم و دەستپێکردنی شەڕی سارد، بـایـەخـی نـەوت وەك مـادەیـەکـی ژیـانـی بـەدەرکـەوت، هـەمـوو ئـیـمـتـیـازەکـانـی نـەوتـی ڕۆژهـەڵاتـی نـاوەڕاست، هـی کـارتـێلـە گـەورەکـانـی نـەوتـی بـوو کـە بـە «حـەوت خـوشکـی نەوتی» ناسرابوو.

لە دژی ئەم ئیمتیازانە بوو کە وڵاتانی نەوتدار هەوڵی بەخۆماڵیکردنی نەوتیان دا. یەکەم وڵاتی نەوتدار کە بۆ ئەم مەبەستە هەنگاوی نا، ئێرانی سەردەمی «موسەدەق» سەرۆك وەزیر بوو لە سەرەتای دەیەی پەنجا(٢).

لە ساڵی ١٩٥٩دا یەکەمین کۆنگرەی نەوت لە قاهیرە بەسترا بە بەشداریی وڵاتانی عەرەبیی نەوتدار و ڤەنزوێلا و ئێران، بەڵام کاتێ کۆمپانیاکانی نەوتی دەستیان کرد بـەدابـەزاندنی نرخـی نـەوت و داهـاتـی نـەوت لـە وڵاتـانـی نـەوتدار کـەم بـووەوە، ئـیتر ڕێکخراوی «ئۆپێك» لە ساڵی ١٩٦٠، لەلایەن پێنج وڵاتی ڤەنزوێلا، ئێران، سعوودیە، کـوێت و عـێراق لـەدایك بـوو بـەمـەبـەسـتـی هـاوئـاهـەنگکردن و دانـانـی سیاسـەتـێکـی یەکگرتووی نەوتی بۆ وڵاتانی ئەندام لە ڕێکخراوەکە و، گرتنەبەری باشترین شێواز بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتانە(٣).

شەڕی «شەش ڕۆژەی عەرەب و ئیسرائیل» کە لە ١٩٦٧/٦/٥ دەستی پێ کرد، جۆرە کاردانەوەیەك بوو لە دژی سیاسەتی نەوتی ئۆپێك وەك ملکەچنەبوونی ئەندامان لە ئاست داخوازی ڕۆژئاوا، هەبوونی دەستی یەکەتیی سۆڤیەت لە ئاراستە سیاسییەکانی

(١) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: گفتگوهای من باشاه، ج١ – ادیث وئی، ایف، بینروز، الجزء الثانی.

(٢) بۆ زانیاریی زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە: سپهر ذبیح: م.پ.

(٣) لئونارد ماسلی/ محمد رفیعی مهر ابادی: نفت سیاست و کودتا در خاورمیانە، تهران ١٣٦٦ چاپ دوم رسام ص١٦٧.

وڵاتانی میسر و سووریا و عێراق، کە تێکەڵ بەسیاسەتی ئابوورییش دەبوو و دەمێکیش بوو وڵاتانی ئەمەریکا و ئەوروپا لە میسر پڕ بووبوون، میسرێك کە بووبووە هەڕەشەیەك لە بەردەمی ئەمەریکا بۆ سیاسەتی فراوانخوازی و تاڵانبەرییەکەی لە ڕۆهەڵات. میسر دوای شکستی لە شەڕی شەش ڕۆژە، داوای لە وڵاتانی نەوتدار کرد کە نەوت بۆ ڕۆئاوا نەنێرن، بەڵام وڵاتانی ئەندام لە ئۆپێك نەیانتوانی بەردەوام بن لە سیاسەتی «قەدەغەکردنی ناردنی نەوت بۆ دەرەوە» بۆیە خاڵی لاوازی ئۆپێك بەدەرکەوت.

ئێران لە فەرمانی قەدەغەکردنی ناردنی نەوت بۆ دەرەوە کە لەلایەن ناسرەوە دەرکرا، پشتیوانیی نەکرد و بگرە لەژێر کاریگەری ئەمەریکا، کاری دەرهێنان و ناردنە دەرەوەی نەوتی زیاتر ئەنجام دا[١] و بەم شێوەیە سیاسەتی دوو جەمسەری و ناتەبایی لە نێوان وڵاتانی نەوتدار زیاتر بەدەرکەوت و ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە شای ئێران زیاتر بکەوێتە باوەشی سیاسەتی ئەمەریکا و جێبەجێکردنی ویستەکانی ئەو.

کوێت وەك وڵاتی هەرە دەوڵەمەند بەنەوت، بووبووە کێشەیەك لەناو هاوکێشەکانی وڵاتانی دەرودراوسێی و ململانێی دوو جەمسەری.

لە ساڵی ١٩٦١ بەریتانیا پابەندبوون بە سەرپەرشتیاریی کوێتی پووچەڵ کردەوە کە لە ساڵی ١٨٩٩ەوە، ئەم ئەرکەی لە ئەستۆ گرتبوو لە بەرامبەر سیاسەتی فراوانخوازیی عوسمانییەکان، ئەمە کاردانەوەی لێ کەوتەوە و عەبدولکەریم قاسم ڕای گەیاند کە کوێت بەشێکی دانەبڕاوی عێراقە، کە هەڵبەت ئەمە لە ڕووی مێژوویی و یاسایی دروست نەبوو[٢]، ئەمەریکا و بەریتانیا کە خێروبێرێکی زۆریان لە نەوتی کوێت دەدی، هەرگیز نەیاندەهێشت بکەوێتە ناو قەوارەی وڵاتێکی وەك عێراق کە توندڕۆ بوو بەرامبەر بەسیاسەتی جەمسەری ڕۆئاوا. لە ئەنجامی ئەم کێشەیەدا، عێراق باڵیۆزی خۆی لە واشنتۆن کێشایەوە و باڵیۆزی ئەمەریکاشی دەرکرد، دوا بەدوای ئەم گرژییانە بوو کە حکوومەتی عەبدولکەریم قاسم کەوت و بەعسییەکان لە عێراق هاتنە سەر کار و چەند مانگ دواتر، حکوومەتی نوێی عێراق سەربەخۆییی کوێتی بەفەرمی ناسی[٣].

(١) هانس کرویزگر: خون در راه نفت، ترجمة محمد اشعري، تهران ١٣٨١، ثالث، ص١٢٣.

(٢) اديث وئى، ايف، بينروز: م.س، الجزء الاول، ص٤٣٤.

(٣) کمال مجيد، م.س، ص٤١.

لە دوای شەڕی شەش ڕۆژەی میسر و ئیسرائیل، یەکەتیی سۆڤیەت نێوانی خۆی پتر لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی بەگشتی و لەگەڵ عێراق بەتایبەتی خۆش کرد، دوا بەدوای ئەمە، سەرکۆماری عێراق بەفەرمی بانگهێشتنی مۆسکۆ کرا و هەروەها سەرۆکی یەکەتیی سۆڤیەتیش سەردانی میسر و سووریا و عێراقی کرد(١). لە عێراق لە ١٩٦٨/٧/١٧ کودەتای یەکەم کرا و ڕژێمی عەبدوڕەحمان عارف لەسەر کورسیی دەسەڵات لادرا و لە ١٩٦٨/٧/٣٠ کودەتایەکی تر ئەنجام درا بۆ لادانی ئەو کەسانەی کە لە کودەتای یەکەم بەشدار بوون، کە بەعسی نەبوون(٢).

یەکەتیی سۆڤیەت کاری بۆ ئەوە دەکرد کە دەسەڵاتدارانی بەعس پێوەندیی خۆی لەگەڵ شیوعییەکان و پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەرۆکایەتیی بارزانی ئاسایی بکاتەوە، لە ڕاستیدا ئەمە پێوەرێك بوو بۆ سۆڤیەت بۆ بەرەوپێشەوە چوونی پرۆسەی یارمەتی و پشتگیریکردنی لە دەوڵەتی عێراق.

یەکەتیی سۆڤیەت خوازیاری ئەوە بوو کە بەرەیەك لە بەعس و شیوعی و کورد پێك بێ و بەچاوی ڕێزەوە سەیری پەنادانی شیوعییەکانی دەکرد لای بارزانی و شۆڕش و، مەبەستی بوو ئەم دوو حزبە لێك نزیك ببنەوە بۆ ئەوەی ببنە پاڵپەستۆ لەسەر بەعس کە دەسەڵاتی قۆرغ کردبوو.

لەگەڵ دەستپێکردنی کێشەی نێوان عێراق و ئێران لەسەر شەتولعەرەب لە بەهاری ١٩٦٩، چەك و تەقەمەنییەکی زۆر لە سۆڤیەتەوە بۆ عێراق ڕەوانە کرا و پێوەندیی عێراق بەگشتی لەگەڵ وڵاتانی سۆشیالیستی پەرەی سەند و لە کاتی سەرهەڵدانی کێشەی عێراق و ئێران لەسەر شەتولعەرەب، ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات سەرکۆنەی ئێرانی کرد(٣).

ئێران ڕۆڵی هەبوو لە هاتنە سەر حوکمی بەعسییەکان لە دژی ناسریستەکان، بۆیە یەکەم وڵات بوو کە ڕژێمی نوێی بەفەرمی ناساند(٤).

(1) HAIM. SHEMESH op.cit P.12 .

(٢) ادگار ابالاس : م.پ، ص ٢١٤– ٢١٦– نادر انتصار: مافیای قدرت، بررسی ناسیونالیسم قومی– نژادی کردها ترجمه عرفان قانعی فرد، تهران ١٣٨٥ ناشر مولف، ص ١٤٣. سەبارەت بە چۆنیەتیی کودەتاکان بڕوانە: حردان تکریتی، باندێك دزو پیاوکوژ بووین لە پشت میلیشیا تیرۆریستەکانی سەدامەوە، لە بیرەوەرییەکانی سیاسەتوانێکی عێراقی، وەرگێڕانی ئاسۆ، ل٣٣–٣٧.

(3) HAIM.SHEMESH op.cit P.29.

(٤) عیسی پژمان: اسرار بستن... ص١٧٨.

سەرکردایەتیی حزبی بەعس لەگەڵ گرتنە دەستی دەسەڵات، پێوەندییان بەمحەمەد ڕەزا شای ئێران کرد لە ڕێگەی باڵیۆزی ئێرانی لە بەغدا و پاشان حەردان تکریتی سەفەری تارانی کرد و خواستی خۆیان ڕاگەیاند لە پاراستنی پێوەندیی دراوسێیەتییان لەگەڵ ئێران و جەختیان لەوە کردەوە کە وەك دەسەڵاتدار، نایانەوێ لە دژی شا بجووڵێنەوە، هەڵبەت ئەمە زیاتر بۆ ئەوە بوو کە شا هان بدەن دەست لە پشتیوانیکردنی خۆی لە شۆڕشی کورد هەڵگرێ، چونکە دەنگۆی ئەوە هەبوو کە هێزی پێشمەرگە بەتەمای هێرشێکی گەورەیە لە دژی حکوومەتی عێراق(١)، ئەوە بوو لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٩ بەهاوکاریی چەکدارانی سەر بە گرووپی جەلال تاڵەبانی هێرشی بەربلاو کرایە سەر پێشمەرگەی کوردستان لە دەڤەری ڕەواندز و ناوچەکانی تری کوردستان، دوای ئەمە لقی پێنجی پارتی دیموکراتی کوردستان کە تا ئەو کاتی لە بەغدا مابوونەوە و لە هەوڵی دانوستاندن بوون، لە ١٩٦٩/٢/٢٥ خۆیان و بارەگایان بۆ بارەگای سەرکردایەتیی شۆڕش گواستەوە بەم شێوەیە هیچ جۆرە پێوەندییەك لە نێوان هەردوولا نەما و گرووپی جیابووەوەی جەلال تاڵەبانی بەتەواوەتی لە پاڵ هێزێکی سوپای عێراقی لە دژی شۆڕش دەجەنگان(٢).

لە دوای نیسانی ١٩٦٩، ئێران پشتگیریی پتری لە شۆڕش کرد چونکە نیگەران بوو بەسەرکەوتنی عێراق، ڕاستەوخۆ هاتە بەرەی شەڕ لە هەڵەبجە و سەربازی خۆی نارد بۆ یارمەتیدانی شۆڕش، کە گرووپی جەلال تاڵەبانی بەرپەرچی هێرشی ئەوانی داوە و ژمارەیەك لە چەکداری ئێرانیان بەدیل گرت لەگەڵ ٣ تۆپ کە لەسەر ئێزگەی تەلەڤزیۆنی عێراقی نیشان درا(٣).

عیسا پژمانیش ئاماژەی بەگۆڕانی یارمەتییە سەربازییەکانی کردووە کە لە چەکی سووکەوە بۆ چەکی دژەئاسمانی و تۆپی ٧٥ بوو(٤).

وەك کارتی پاڵەپەستۆ بۆ سەر عێراق و سەرنج ڕاکێشانی ڕای گشتیی جیهانی بۆ

---

(١) شكيب عقراوي : م.س، ص٢٤٩.

(٢) رينيه مورييس: كردستان او الموت، ترجمة جرجيس فتح الله، اربيل ١٩٩٩ الطبعة الثانية، ص١٢٤.

(٣) ابراهيم جلال : س.پ ل ٢٤٨.

(٤) عيسى پژمان: اسرار بستن پيمان ١٩٧٥ الجزيره، ص١٧٤.

لای شۆڕش، نەخشەی لێدانی لوولەکانی نەوتی کەرکووك دارێژرا و ١٩٦٩/٣ هێرشێکی گەورە و کاریگەر بەبەکارهێنانی پتر لە ١٠٠ تۆپ و هاوەن خرایە سەر پاڵاوگەی نەوتی و بەملیۆنان دۆلار زیانی گەیاند بەکۆمپانیای نەوتی بەریتانی و حکوومەتی عێراقی، کە ئەمە بووە هۆی شکستێکی گەورەی ئابووری بۆ هەردووکیان[١]، ئەمە ڕژێمی زیاتر تووڕە کرد و لە هەموو لایەك، هێرش کرایە سەر پێشمەرگەی کوردستان و نیگەرانیی ئێران پتر بوو[٢].

عیسا پژمان باسی لەو دیدارە دووقۆڵییەی خۆی دەکات لەگەڵ شا کە داوای لێ کردووە مۆڵەتی پێ بدا زۆر بەنهێنی بچێتە باکوری عێراق و چاوی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی و عومەر دەبابە بکەوێت، تێیان بگەیەنێت کە مەسەلەی ناکۆکی و دووبەرەکیی خۆیان لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی وەلاوە نێن و چی پێویستە بۆ پڕوپاگەندە لە دژی ڕژێم بیکەن و ئێرانیش لەو بارەیەوە یارمەتییان دەدا، هەروەها ئەگەر تا ئێستا کۆمەکی مادی ڕاستەوخۆ دەدرا بەبارزانی، ئەوا لەمەودوا بودجەیەکی تایبەتیش بۆ ئەوان تەرخان بکرێ بۆ کاری پڕوپاگەندە و یارمەتیدان و بەرزکردنەوەی ورەی پێشمەرگە.

دوا بەدوای ئەم گفتوگۆیە، شۆڕش ئەفسەرێکی کورد بەناوی نووری ئەحمەد تەها ڕادەسپێرن بۆ ئەم کارە کە عیسا پژمان لەگەڵ خۆی دەیباتە تاران و ڕاستەوخۆ پارەکە

---

(١) هەڵبەت لەم ئۆپەراسیۆنە پارتیزانییەش، ئێران دەستی تێدا بوو، چونکە لە کاتێك بوو کە ئێران پاڵەپەستۆی خستبووە سەر کۆمپانیاکانی ئینگلیزی و ئەمەریکایی «کۆنسرسیوم» کە بەرهەمهێنانی نەوت تا ١٠٪ بەرز بکرێتەوە لەبەرئەوەی بۆ چەکدارکردنی وڵاتەکەی بەپلەی یەکەم و هەروەها پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە، پێویستی بەداهاتی زیاتری نەوت هەبوو بەڵام کۆنسرسیوم ملی نەدەدا، ئەوە بوو لەگەڵ پێشمەرگەی شۆڕش، پلانی تەقاندنەوەی لوولە نەوتییەکانی کەرکووك دارێژرا، بۆ ئەوەی هەڕەشە لە کۆمپانیاکانی نەوتی بەریتانی و ئەمەریکایی بکات، بێگومان شۆڕش بۆ پێکانی ئامانجە نەتەوەییەکانی بووە و پاڵەپەستۆ بۆ سەر ڕژێمی عێراق کە مافی ئۆتونۆمیی پێ دەدا، بەڵام شا مەبەستی پاڵەپەستۆ بووە بۆ سەر کۆمپانیاکان و هەردوولاش تا ڕادەیەك سەرکەوتوو بوون، بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر گفتوگۆی «شا» و «علم» لەسەر ئەم ڕووداوە، بڕوانە: گفتگوهای من باشاه، ج١،ص٥٥– ٥٦.

(٢) ڕێبازی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد. ل٥٣.

لە هوەیدای(*) سەرەك وەزیران وەردەگرن(١).

**تەنگژەی شەتولعەرەب: گرژبوونی پێوەندیی عێراق و ئێران**

هەر دوای دەستبەکاربوونی بەعسییەکان لە حوکمڕانی عێراقدا، هاتوچۆی شاندی هەردوولا بۆ پێداچوونەوە بەڕێککەوتنە سنوورییەکان و پرۆتۆکۆلەکانی پێشوو، دەست پێ کرا.

هەردوولا قسەیان لەسەر ڕووباری شەتولعەرەب «ئەروەندرود» کرد کە بەپێی پەیمانی (١٩٣٧)، بێجگە لە چەند خاڵێکی دیاریکراو، موڵکی عێراق حسێب کرابوو. لە ١٩٦٩/٤/١٩ جێگری وەزیری دەرەوەی ئێران، لە ئەنجوومەنی سەنای ئێران ڕای گەیاند کە ئیتر ئێران ڕێککەوتننامەی ١٩٣٧ پووچەڵ دەکاتەوە، هۆکاری سەرەکیی ئەم پووچەڵکردنەوەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە وەرگرتنی باج و رسوم لە کەشتییەکان، تەنیا لەلایەن عێراقەوە ئەنجام دەدرێ کە داهاتەکەش بۆ کارئاسانیکردنی هاتوچۆ لە ئاوەکە نەبوو. چوار ڕۆژ پێشووتریش، جێگری وەزیری دەرەوەی عێراق بەباڵیۆزی ئێران لە بەغدا ڕای گەیاندبوو کە پێویستە کەشتییەکانی ئێرانی لە کاتی تێپەڕینیان لە ئەروەندرود، ئاڵاکانیان «ئێرانی» نیوە شەکاوە بێ و کەشتییەکان نابێ ستافی هێزی زەریایی تێدا بێ.

دوای ئەم دوو لێدوانە، هەردوولا ژمارەی هێزیان لە سنوورە ئاوییەکان زیاد کرد و هێزی دەریایی و ئاسمانیی ئێران کەوتنە ئامادەسازییەوە(٢).

لە ١٩٦٩/٤/٢٩ هەردوو وڵات، لای ئەنجوومەنی ئاسایش سکاڵای خۆیان لە

---

(*) ئەمیر عەباس هوەیدا لە ١٩١٨ لەدایك بووە، خوێندنی لە بەیرووت و بەرازیل و سۆربۆن تەواو کردووە – دوکتۆرای لە مێژوو وەرگرتووە، لە کاتی شەڕی دووەمی جیهانی لە فرەنسا بووە و لە ١٩٤٢ گەڕاوەتەوە ئێران. بۆ ماوەی ١٢ ساڵ لە وەزارەتی دەرەوە کاری کردووە و لە UN کاری کردووە و حزبی «ایران نوین» لە ١٩٦٤ دامەزراندووە و لە ١٩٦٥ تا ١٩٧٧ بووە بەسەرۆك وەزیر و لە ١٩٧٧ تا ١٩٧٩ وەزیری دەربار بوو، لە هەمان ساڵیش دوای شۆڕشی ئیسلامی لەدار درا. بڕوانە : محمد وصفی ابومغلی، م.س ص ١٢٣

(١) عیسی پژمان : اسرار بستن پیمان ,، ١٩٧٥. ص١٨١.

(٢) گفتگوهای من باشاه، ج١، ص٧٥.

یەکتری پێشکێش کرد(١).

عێراق ئامادەییی شەڕی تێدا نەبوو، چونکە ١٢ هەزار سەربازی لە ئوردن و ٦ هەزاری لە سووریا بوو و ژمارەیەکیش سەرگەرمی شەڕی پێشمەرگەی کورد بوو(٢).

عێراق وەك وەڵامێك لە دژی کردەوەی ئێران، ٥٠٠ کەس لەو عێراقییانەی کە بەڕەسەن ئێرانی بوون، دەرکرد(٣). ڕژێمی محەمەد ڕەزا شاش هەوڵی دا بەیارمەتیدانی پتری شۆڕشی کورد، عێراق بەزێنێ، وڵاتانی ئەندام لە سێنتو و بەریتانیا و ئەمەریکا ڕەزامەندییان لەسەر شەڕێکی تر لە ناوچەکە نەبوو، لەلایەك ئەمەریکا لە شەڕی ڤێتنام چەقیبوو، لەلایەکی تر شەڕی دوو دەوڵەت لە ناوچەکە گرفتی ساز دەکرد لە مەسەلەی ناردنی نەوت لە کەنداو بۆ وڵاتانی تر، کە ئەمەش لە زیانی دەوڵەتانی ڕۆئاوا بوو و، هەروەها بنەمای نیکسۆن بووبووە سیاسەتی ئەمەریکا لە ١٩٦٩ەوە، کە ئەمەریکا هیچ پابەندییەکی نییە بەرامبەر بەوڵاتانی هاوڕێباز یان پەیڕەوی ئەمەریکا، لە کاتی هەڕەشە و شەڕدا کە ڕاستەوخۆ بێتە گۆڕەپان، بگرە وڵاتەکە پێویستە سەربەخۆیانە بەرەڤانی لە خۆی بکا(٤).

نیکسون ڕای وابوو کە لە دوای بەجێهێشتنی کەنداو لەلایەن بەریتانیاوە، بەپلەی یەکەم ئێران دەبێ جێگەی بگرێتەوە و دوای ئەو سعوودیە، کە هەردووکیان لە جیاتیی ئەمەریکا، بەرگری لە کەنداو دەکەن(٥).

یەکەتیی سۆڤیەتیش لەگەڵ ئەوەی بەچاوی ئەندامێکی کەمپی خۆی سەیری عێراقی دەکرد، بەڵام ئەوەشی لە بەرچاو بوو کە ئیمتیازی ئێران لە زۆر ڕووەوە بۆ ئەو، وەك دراوسێیەکی گەورە و کاریگەر چەندە زۆرە، نە تەنیا نەیدەویست بەتەواوەتی ئێران لە

---

(١) کامرون. ر. هیوم: سازمان ملل متحد، ایران وعراق، ترجمە: هوشنگ راسخی عزمی ثابت، تهران ١٣٧٦، چاپ وزارت امور خارجە، ص٣٣.

(٢) اصغری جعفر ولدانی : م.پ ص ٣٦٤.

(٣) خسرو معتضد: سپهبد تیمور بختیار... ص٧٢٩.

(٤) عزت الله عزتی : م.پ، ص١٧٠.

(٥) مايكل. أ. بالمر: حراس الخليج، ترجمة نبيل زكي، قاهرة، ١٩٩٥، مركز الاهرام للترجمة والنشر، ص٩٠. – خليل علي مراد: سياسة الولايات المتحدة في الخليج العربي والمحيط الهندي ١٩٦٨– ١٩٨٠، الخليج العربي السنة ١٣، المجلد١٧، العدد١ نيسان ١٩٨٥ ص٢٩–٣٣.

دەست بدات، بگرە زۆرجار هەوڵی دەدا کە محەمەد ڕەزا شا بۆ لای خۆی ڕابکێشێ و بەهەر نرخێك بێت لە باوەش ئەمەریکا دەربیهێنێ، لە سەرەتادا هەوڵی دا لە ڕێگەی پێوەندیی بازرگانی و ئابووری و پرۆژەی زل زلی پیشەسازی، لێی نزیك بێتەوە. یەك لە گەورە بەرپرسانی سوپای ئێرانی شاهنشاهی لە کتێبەکەی وتەیەکی شا دەگێڕێتەوە کە برێژنێف – سەرۆکی یەکەتیی سۆڤیەت داوای لە شا کردووە کە "واز لە ئەمەریکا بهێنە، ئێمە پشتوانیت لێ دەکەین(١)".

لە ڕاستیدا سیاسەتی دەرەوەی یەکەتیی سۆڤیەت ئەوە بوو کە بەرژەوەندیی خۆی وەك جەمسەرێکی هێز لە جیهان، لە پێش ئایدیۆلۆجیای سۆشیالیستی دادەنا، بەڵگەش بۆ ئەمە، پشتگوێخستنی حزبی شیوعی و حزبی تودە لە سایەی هەردوو ڕژێمی دیکتاتۆری شاهنشاهی و بەعسی عێراق بوو کە نە تەنیا یاساغ بوون(٢)، بگرە هەردەم لە هەڕەشەی گرتن و لەناوبردن دابوون، بەڵام ئەم حزبانە و هاوشێوەیان بیر و بۆچوونیان وا بوو کە هەردەم پێویستە لە بەرژەوەندیی شۆڕشی جیهانی و سۆشیالیزم و سەرکەوتنی یەکەتیی سۆڤیەت قوربانی بدەن و یەکەتیی سۆڤیەتیش بەهەمان بیر و بۆچوون مامەڵەی لەگەڵ بزووتنەوە شۆڕشگێڕەکان دەکرد.

یەکەتیی سۆڤیەت هەوڵی دا ڕۆڵی ناوبژیکەر لە تەنگژەکە بگێڕێ و بۆ ئەم مەبەستە لە کۆتاییی بەهاری ١٩٦٩، حەردان تکریتی و وەزیرێکی کۆنە کاری ئێرانی هاوکات سەردانی مۆسکۆیان کرد و لەگەڵ جێگری سەرەك وەزیرانی یەکەتیی سۆڤیەت کۆ بوونەوە(٣).

لە کاردانەوەکانی تری عێراق، پەنادانی بەرهەڵستکارانی ئێرانی بوو لە عێراق و یارمەتییەکی زۆری پێشکێش کردن، هەروەها دووبارە قسەیان لەسەر ئەمە کردەوە کە خوزستانی ئێران، عەرەبستانە و بەشێکە لە عێراق(٤).

بەرەی ئازادیدەری بەلوچستان لە بەغدا، نووسینگەیان هەبوو کە عێراق پشتیوانیی

(١) خاطرات ارتشبد حسن طوفانیان، به کوشش ضیاء صدقی، تهران ١٣٨١ چاپ دوم، انتشارات زیبا، ص٧٠.

(٢) احمد میر فندرسکی و واحمد احرار م.پ، ص١٢٢.

(3) HAIM SHEMESH, op.cit. P.20.

(٤) اصغر جعفری ولدانی : م.پ، ص٤٠٠.

لێ دەکردن لە دژی ئێران و ئامانجیان پێکهێنانی «بەلوچستانی گەورە» بوو لە دوو پارچەکەی ئێران و پاکستان پێك دەهات. لە بەغدا ڕاهێنانی سەربازییان دەکرد و بەپارە و چەکی عێراق ڕەوانەی ئێران دەکران(١).

محەمەد ڕەزا شا بەم کردەوانەی عێراق نیگەران بوو و تەنانەت بەتەواوەتی پشتیوانیی خۆی لە یەکپارچەیی پاکستان ڕاگەیاند، نەك تەنیا لە دژی هیند کە سەر بەکەمپی یەکەتیی سۆڤیەت بوو، بگرە لە ترسی جیابوونەوەی بەلوچستانی ئێران لە ژێر کاریگەری بەلوچستانی پاکستان(٢)، بێگومان چەکدارکردن و ڕاهێنان و ڕەوانەکردنیان لەلایەن عێراق، وەڵامێك بوو لە دژی یارمەتیی محەمەد ڕەزا شا بەشۆڕشی کورد لە عێراق.

محەمەد ڕەزا شا بۆ یارمەتیدانی پاکستان، بەرپرسانی خۆی دەست واڵا کردبوو لە کڕینی کەلوپەلی پێویست کە "توفانیان" کاربەدەستێکی بەرزی سەربازیی ئێران ئاماژە بەکڕینی ٩٠ باڵەفڕەی جەنگی دەکا لە ئەڵمانیا، کە شا بەدیاری پێشکێشی پاکستانی کرد(٣)، هەرچەندە ئەم ژمارەیە جێی هەڵوەستەکردنە چونکە ژمارەیەکی زۆرە.

ورده ورده لە ئەنجامی شکستی میسر لە ڕووی سەربازی و سیاسی لە بەرامبەر ئیسرائیل و ئەمەریکا و، هەروەها پاشەکشەی بەریتانیا لە کەنداوی فارس، هەلومەرجێکی وا ڕەخسا کە عێراق و ئێران ڕاستەوخۆ و دوژمنکارانە، بکەونە بەرامبەر بەیەکتری(٤).

عێراق بەبیانووی هەڕەشەی ئێران بۆ سەر ناوچەکە لە دوای سەرهەڵدانی تەنگژەی شەتولعەرەب، ژمارەیەك لە هێزی سوپای خۆی لە کوێت دامەزراند، بەڵام لە دواییدا لەگەڵ ئەوەی کە کێشەی شەتولعەرەب بەڕواڵەت دامرکا، بەڵام هێزەکانی لە کوێت نەکشاندەوە.

(١) صلاح الخرسان : م.س ص١٧٣.

(٢) اصغر جعفری ولدانی م.پ، ص٤٠٥.

(٣) خاطرات ارتشبد حسن طوفانیان، ص٥٣.

(٤) اصغر جعفر ولدانی م.پ، ص٤١٩. عێراق ڕاستەوخۆ کەوتە کار بۆ ڕاکێشانی سەرنجی وڵاتانی کەنداو بۆ ئایدیۆلۆجیی عەرەبیەت و پاکتاوکردنی وڵاتەکانیان لە توخمی ئێرانی و هۆشداری دەدانێ کە پێویستە ئێرانییەکان لە کەنداو دەربکەن، چونکە ئێران بەپلان ئەو خەڵکەی خۆی دەنێرێ بۆ کەنداو، ئەم کۆچکردنەی ئێرانییەکانیان بەچوونی جوولەکە بۆ سەر زەوینی فەلەستین دەشوبهاند.

بەحرەین، یەك لەو وڵاتە کەنداویانە بوو کە لە مێژوودا، بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ سەر بە ئێران بووە بەڵام لە سەدەی نۆزدەم لە ژێر قەڵەمڕەوی ئێران هاتە دەر[١]، لەم کێشمەکێشی نێوان عێراق و ئێران لەسەر بەرژەوەندییەکانیان لە کەنداو، بابەتی ئەوەی کە بەحرەین لە ئەسڵدا بەشێکە بووە لە ئێران یان نا، زیندوو دەبێتەوە کە لە ساڵی ١٩٥٧ ئێران وەك پارێزگای چواردەمی خۆی ڕاگەیاندبوو، بەڵام عێراق کاری کرد لەسەر شێخی بەحرەین بۆ ئەوەی کە پێ داگرێ لە سەربەخۆیی بەحرەین[٢] و سەرەنجام لە ساڵی ١٩٧٠ بەئەنجامدانی ریفراندۆم و دەنگدانی خەڵك بۆ سەربەخۆیی، بەچاودێریی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەحرەین سەربەخۆیی خۆی وەرگرت[٣].

هەردوو دەوڵەت دەستیان کرد بەپیلانگێری لە ناوەخۆی وڵاتەکانیان بەکڕینی خەڵکی سوپایی و هەواڵگری و ئاسایش و هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی کودەتا یان ڕاپەڕین یان بشێوینانەوە لە وڵاتەکانی یەکتری.

هاوکات لەگەڵ تەقاندنەوەی لوولە نەوتییەکانی کەرکوك لەلایەن پێشمەرگەی کوردستان، تەیموور بەختیار سەرۆکی پێشووی ساواك، کە ماوەیەك بوو لە شا هەڵوێستی دژایەتیی وەرگرتبوو و لە وڵاتانی ئەورووپا و لبنان ژیانی دەبردە سەر، دانوستاندنی لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەتی عێراق کرد بۆ ئەوەی بە یارمەتی و پشتگیریی عێراق، ڕژێمی محەمەد ڕەزا شا بڕووخێنێ. نەخشەکە بەم شێوەیە بوو کە تیمێك لە نێوان کادیرانی هەڵاتووی ئێران و ئەوانەی لە خوزستانن، لەگەڵ بەرهەڵستکارانی تری ئێرانی بەسەرکردایەتیی بەختیار پێك بێت بۆ دەستکردن بەچالاکی نواندن لە دژی ڕژێم.

بەختیار ڕادیۆیێکی دامەزراند و بەناوی «لەشکری پێنجەمی بەرەی ئازادیدەری ئێران» کە لەم ڕێگەیەوە ئاغا و سەرەك خێڵانی کرماشان و عیلام و کوردستان و لورستان و بەختیاری و شیرازی دەورووژاند بۆ ڕاپەڕین.

ورده ورده تودەیییەکان و ساواکییە هەڵاتووەکانی دانیشتووی ئەورووپا دەگەیشتنە

---

(١) بۆ زانیاریی زیاتر لەمەڕ کێشەی بەحرەین بڕوانە: پری ابا صلتی- هوشنگ میر هاشم: راز های ناگفته اردشیر زاهدی، تهران چاپ به افرین ١٣٨١، ص٣٥٩- ٣٦٩.

(٢) اصغر جعفری ولدانی : م.پ ص ٤٣٢.

(٣) کامرون هیوم : م.پ، ص٣٤- نور محمد عسکری: م.پ ص ٢٨٨ – ٢٩١.

بەغدا و بڕیار درا لە هەموو ناوچەکانی سنووری ئێران و عێراق، لە ئازەربایجان تا خوزستان کار بکرێ بۆ ڕاپەڕین، لە هەمان کاتدا بەختیار لە نەجەفیش پێوەندیی بەپیاوانی ئاینیی شیعی بکا بۆ پشتیوانی و هاوئاهەنگی نێوانیان[1].

لە وەڵامی ئەم کردەوانەی بەعس، واتە وروژاندن و ڕێکخستنی بەرهەڵستکارانی «شا» بۆ ڕاپەڕین لە دژی، (ساواک) پیلانی کودەتایەك دادەڕێژێ لە دژی دەسەڵاتی بەعسی لە عێراق، هاوکات ئێران و سۆڤیەتیش بەردەوام لە ڕێگەی میدیاکانەوە پڕوپاگەندەیان لە دژی یەکتر بڵاو دەکردەوە[2].

عەبدولغەنی راوی[3]و عەبدوڕەزاق نایف[4]، دوو بەرهەڵستکاری ڕژێمی بەعسی، دەچنە تاران و لەگەڵ شا بۆ ئەنجامدانی کودەتایەك لە دژی ڕژێمی عێراقی ڕێك دەکەون و شا بۆ ئەم مەبەستە جەنەراڵ مەنسوور پوور بەرپرسی ساواك ڕادەسپێرێ کە بیانبات بۆ لای بارزانی ڕێبەری شۆڕشی کورد لە عێراق[5]. لە ١٩٦٩/٧/١٢ لە حاجی ئۆمەران چاویان بەبارزانی دەکەوێ بۆ ئەوەی هاوکارییان بکا لە ئەنجامدانی کودەتا و ڕووخانی ڕژێم.

لە مانگی ٨ی ١٩٦٩ محەمەد ڕەزا شا بانگهێشتنی بارزانیی کرد بۆ تاران کە کۆبوونەوەیەك ئەنجام درا بە بەشداریی د. مەحموود عوسمان ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی لە نێوان بارزانی و بەرپرسانی ئێرانی و عەبدولغەنی راوی و عەبدوڕەزاق نایف کە نەخشەی کودەتاکەیان داڕشت و[6] دوای ئەمە جارێکی تریش

---

(١) خسرو معتضد: سپهبد تیمور بختیار... ص٧٩٣.

(٢) خاطرات جعفر شریف امامی، ویر استار حبیب لاجوردی، تهران ١٣٨٠، سخن، ص٢١٢.

(٣) دوای کودەتای ١٩٦٣ لە کابینەی وەزیراندا، دەبێ بە وەزیری کشتوکاڵ، بەڵام لە کاتی لادانی بەعسییەکان لە حکوومەت لە ١٩٦٣/١١، عەبدولغەنی راوی لای عەبدولسەلام عارف دەگرێ و بۆیە کاتێ بەعسییەکان دەگەڕێنەوە سەر حوکم، لە ترسان عێراق بەجێ دێڵێ لە ١٩٦٨.

(٤) بەشدار بوو لە کودەتای ١٩٦٣/٢/٨ و سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی سەربازی بوو لە ١٩٦٨، لە دوای کودەتای ١٩٦٨/٧/١٧ دەبێتە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بەڵام لە پاکتاوکردنی کابینەکەدا لە کودەتای دووەمی بەعسییەکانی ١٩٦٨/٧/٣٠ لە وڵات دوور دەخرێتەوە، بڕوانە : مەسعوود بارزانی، س.پ، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم ل ١٨.

(٥) محسن دزةيي: م.س، الجزء الثاني، ص١٨٨.

(٦) مەسعوود بارزانی: س.پ، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، ل١٨-١٩.

عەبدولغەنی و عەبدورەزاق کە چەند بەرهەڵستکاری تری عێراقیشیان لەگەڵدا بوو، لە حاجی ئۆمەران لە ١١/١٠/١٩٦٩ چاویان بەبارزانی کەوت، بۆ تاوتوێکردنی ئەنجامدانی کودەتا و ڕەوشی عێراق دوای کودەتاکە(١)، بەڵام دوای ئەم کۆبوونەوەیە بەچەند هەفتەیەك نێوانی عەبدولغەنی و عەبدورەزاق تێکچوو و عەبدورەزاق گەڕایەوە ئوردن و بارزانی و شۆڕشیش پێوەندیی خۆیان بە عەبدولغەنی پچڕاند، چونکە بارزانی بۆی دەرکەوت کە هیچ چارەسەریەکیان بۆ پرسی کورد لا نییە(٢).

عەبدولغەنی راوی بەهاوکاریی شای ئێران هەوڵی کودەتای دا و بەڵام لە ٢٠/١/١٩٧٠ عێراق بەم هەوڵەی زانی و بەسەر کودەتاچییاندا زاڵ بوو و ئەوانەی دەستیان تێدا بوو لەدار دران، بەڵام عەبدولغەنی هەڵات بۆ ئێران(٣).

ئەنجامی ئەم کودەتایە، ئاڵۆزبوون و گرژبوونی پتری پێوەندیی عێراق و ئێرانی لێ کەوتەوە و محەمەد ڕەزا شا زیاتر یارمەتیی شۆڕشی دا بەمەبەستی پاراستنی سنوورەکان و، تەنانەت سوپای ئێران کەوتە ئامادەکاری بۆ هەر بەرپەرچدانەوەی هێرشی سەربازیی عێراق و یاخۆ دەستپێشخەریکردن لە هێرشی بۆ سەر ئێران. بەغدا باڵیۆزی تارانی ئاگەدار کردەوە کە لە ماوەی ٢٤ سەعاتدا، عێراق بەجێ بهێڵێ.

عێراق یاداشتێکی نارەزاییی توندی پێشکێشی ئێران کرد و لە یاداشتەکەدا ناوی ئەو کاربەدەستانەی باڵیۆزخانەی ئێرانی تێدا بوو لە بەغدا کە هەوڵیان داوە و هاوکارییان کردووە بۆ جێبەجێکردنی پلانی کودەتاکە، بۆیە پێویستە لە ٢٤ سەعاتدا، عێراق جێ بهێڵن و هەروەها هەموو کونسوڵەکانی ئێران لە بەغدا، کەربەلا و بەسرە دابخرێت و کارمەندانی کونسوڵیش لە ماوەی ٢٤ سەعاتدا، خاکی عێراق بەجێ بهێڵن، هەرچەندە ئێران ڕادەگەیەنێ کە ئەمە بوختانە و ئەویش باڵیۆزی خۆی دەکشێنێتەوە و کونسوڵییەکانی خۆی دادەخا(٤)، بەڵام بوختان نەبوو(٥).

لە تۆڵەی ئەم کودەتایەدا، عێراق ژمارەیەك شیعە و لەوانە خانەوادەی ئایەتوڵڵا سەد

---

(١) کمال مجید م.س ص٥٠.

(٢) مەسعوود بارزانی س.پ، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، ل١٩.

(٣) شکیب عقراوی : م.س ص٢٧٦.

(٤) خسرو معتضد سپهبد تیمور بختیار...، ص٧٧٠– جواد هاشم: م.س ص١١٧– ١٢٣.

(٥) گفتوگوهای من باشاه، ج١، ص ٢٧٦ شا دەڵێ: ئێمە لە پیلانەکە شکستمان هێنا و سەدان کەس لە عێراق لەدار دران، ئینگلیزەکان دەسخەرەیان کردین.

دەستگیر دەکرد و ژمارەیەکی تری کوشت[1].

تێکچوونی پتری پێوەندیی نێوان هەردوو دەوڵەتی عێراق و ئێران، کاریگەری هەبوو لەسەر پێوەندیی هەر کام لە ئەوان لەگەڵ وڵاتانی تری جیهان، بۆ نموونە ئێران پێوەندیی بازرگانیی خۆی لەگەڵ ئەڵمانیای ڕۆهەڵات پچڕاند و ناردنی نەوتی بۆ ئەم وڵاتە ڕاگرت، چونکە ئاگەدار بوو کە ئەڵمانیای ڕۆهەڵات وروژێنەر و پشتیوانیی یەکەمی عێراقە لە کۆکردنەوەی بەرهەڵستکارانی ئێرانی و بەکارهێنانیانە لە دژی ڕژێمی شاهنشاهی.

تەیموور بەختیار لە ماوەی ١٦ مانگدا، ٢٠ تۆڕی نهێنیی لە سەرتاسەری ئێران دامەزراند. لە سەرەتادا، عێراق ٤٠٠ کوردی چەکداری سەر بەگرووپی جەلال تاڵەبانی لە هەڵەبجە و سەید سادق لە بەردەستی تەیموور بەختیار دانا کە حامد بەگ و مەحموود بەگ بەڕێوەیان دەبردن.

ئێران لە بەرامبەردا ژمارەیەك کوردی نەقشبەندیی وڵاتەکەی ڕەوانەی عێراق دەکا وەك پەنابەر یان هەڵاتوو، بۆ ئەوەی تەیموور بەختیار بیانگرێتە خۆی و ئەوانیش پیلانی لەناوبردنی ساز بکەن[2].

پلانی بەختیار بۆ سەرنگونکردنی ڕژێمی شاهنشاهی ئەوە بوو لە سەعاتی «سفر» ئەندامانی تۆڕەکانی ئەو لە سەرتاسەری ئێران دەست بکەن بەتەقاندنەوەی ناوچە پیشەسازییەکان و باڵەفرگەو ناوەندی سوپا و پۆلیس و... لە دواییدا دەست بکەن بەتیرۆری پارێزگاران و فەرماندەی سوپا و سەرانی ساواك[3]. بەڵام لە ئەنجامدا سەرکەوتوو نەبوو و حکوومەتی ئێران توانی لە ناوچە سنوورییەکانی عێراق و ئێران لەناوی ببات[4].

---

(١) خسرو معتضد، سپهبد تیمور بختیار... ص٧٧١. بە چەند ڕۆژێك دوای ئەمە، محەمەد ڕەزا شا، فەرمان دەدا بەکاربەدەستانی خۆی کە یارمەتیی سەدرەدین سەد سەدر کوڕی ئایەتوڵڵا سەدر بدەن و بیبینن.

(٢) گفتگوهای من باشاه، ج١، ص ٢٣٧.

(٣) خسرو معتضد، م.پ ص٧٧٢.

(٤) هـ.س

## بەندی سێیەم

### هەڵوێستی ئێران لە ئاست ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠دا

لە ئەنجامی تێکشکانی هێرشە یەك لە دوای یەکەکانی سوپای عێراق و بەکرێگیراوانی بۆ سەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە ماوەی هاتنە سەر حوکمی دووەمی بەعس لە ١٩٦٨/٧/١٧ تا ١٩٧٠، بەعسییەکان بیریان لە ڕێگەی چارەسەری ئاشتییانە و پێکهاتن کردەوە، جگە لەمەش کە یەکەتیی سۆڤیەت بەردەوام هانی ڕژێمی دەدا کە لەگەڵ کورد ڕێگەی ئاشتی هەڵبژێرێ و دان بەمافی کورد بنێت[١].

دوای شکستی شەڕی ٦ ڕۆژەی میسر و ئیسرائیل لە ١٩٦٧، وردە وردە ڕۆڵی سەرکردایەتیکردنی جیهانی عەرەب لەلایەن میسرەوە کاڵ بووەوە و بەمردنی جەمال عەبدولناسر لە ساڵی ١٩٧٠، بارودۆخەکە پێچەوانە بووەوە و وردە وردە میسر ڕووی لە کەمپی وڵاتانی سۆشیالیستی وەرگەڕاند و ئەنوەر سادات سەرکۆمار ڕووی لە وڵاتانی ڕۆئاوا کرد، ئەمە دەرفەتێك بوو کە عێراق بیەوێ ڕۆڵی میسر لە ئەستۆ بگرێ لە ناوچەکە و پێوەندیی مۆسکۆ و بەغداش پەرەی سەند[٢].

ڕۆژ بەڕۆژ عێراق بەرامبەر ئێران دڵپیستر و بەگومانتر دەبوو، ململانێیان لەسەر کێشە سنوورییەکان و ئاوییەکان[٣] و زاڵبوونیان بەسەر کەنداو لە پەرەسەندندا بوو[٤].

هەردوولا خەریکی هۆنینەوەی پیلان بوون لە دژی یەکتری، بەغدا بووبووە ناوەندێك بۆ ڕاهێنان و مەشق پێکردنی بەرهەڵستکارانی ئێرانی و ڕەوانەکردنیان بۆ

---

(١) بۆ ڕێ خۆشکردنی هاتنی شاندی حکوومەت بۆ دانوستاندن، سەرکردایەتیی سۆڤیەت نامەیەکی بەپریما کوف نارد کە سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی دەرەوەی سۆڤیەت بوو بۆ لای سەرکردایەتیی کورد و لە نامەکەدا بەڵێنی دابوو کە سۆڤیەت بەهەموو شێوەیەك پاڵەپەستۆ دەخاتە سەر حکوومەتی عێراقی بۆ ناچارکردنی بەگەیشتن بەچارەیەکی بنبڕ (بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: مەسعوود بارزانی س.پ، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم ل ٢٣– شکیب عقراوي م.س ص٢٩٢– صالح الخرسان م.س ص١٧٩).

(٢) علی بیگدلی : م.پ، ص١٣٤.

(٣) منوچهر پارسا دوست : م.پ ص١٢٩– ١٣٦.

(٤) عبدالخالق عبدالله: النظام الاقلیمي الخلیجي، بیروت ١٩٩٨، ص٢٨.

ناوچە سنوورییەکان و ناوەوەی ئێران و ئەنجامدانی کاری تێکدەری و لەگەڵ ئەمەش پەنادانی گشت یاخیبوو و بەرهەڵستکارانی بەلوچ و بزووتنەوەی «زەفار»[*] و... هتد تارانیش بەهەمان شێوە بووبووە ناوەندێك بۆ لە ئامێزگرتنی بەرهەڵستکارانی عێراقی بەشیعە و سوننە و کوردەوە و هەر کامیان بەجۆرێك پشتگیری و کۆمەك دەکران لە دژی ڕژێمی بەعسی عێراقی[1].

هەردوولا خەریکی دانانی نەخشە بوون بۆ ڕاپەڕین و[2] ئەنجامدانی کودەتای سەربازی و تیرۆری سەرانی دەوڵەت، لە ئاکامدا، ڕژێمی بەعس بۆی دەرکەوت لەناو هەموو ئەم کێشە ئایدیۆلۆجی و سیاسی و سنووری و ئەتنیکییەوە، لە سەرەتادا پێویستە گەورەترین کۆسپ کە شۆڕشی کورد بوو، چارەسەر بکا و لە ڕاستیدا بیگرێتە خۆ، بۆ ئەوەی بتوانێ خەریکی لابەلاییکردنەوەی کێشەکانی تری بێ. ئەوە بوو دوای چەندان هاتوچۆی شاندی شۆڕش و حکوومەتی بەغدا[3]، زەوینەسازی کرا بۆ

---

(*) بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی زەفار، لە ساڵی ١٩٦٥ دامەزرا و هەوڵی تیرۆری سوڵتان سەعیدیان دا و جاڕی ئەوەیان دا کە دەیانەوێ عومان و کەنداوی عەرەبی داگیرکراو، ئازاد بکەن. سۆڤیەت و عێراق و یەمەنی باشوور یارمەتییان دەدان، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: خليل علي مراد واخرون: تاريخ الخليج العربي الحديث والمعاصر، بصرة ١٩٨٤، ص١٩٥.

(١) منذر الموصلي: القضية الكردية في العراق... ص٢٣٨.

(٢) منوچهر پارسا دوست م.پ ص١٤٤، بە سوود وەرگرتن لە نامەی دوکتۆرای جاسم محەمەد عەبدولغەنی، بەناوی «روابط عراق بعثى وايران» درسالهای ١٩٧٨– ١٩٦٨، دەقی وتەی سەدام لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەنووسی بڵاو دەکاتەوە کە لە ١٩٧٠/٧/٢٠ ئەنجام دراوە: "ئێمە بەرنامەی ڕادیۆییمان بۆ ماوەی حەوت ساڵ بە بەرهەڵستکارانی ڕژێمی شا دا، ئێمە پارە و چەك و هەرچییەك کە بۆ خەبات لە دژی شا پێویست بوو، پێمان دان".

(٣) یەك لەو کەسایەتییە ناسراوانەی عێراق و کوردستانی کە هەر لە دەسپێکی دانوستاندنی نێوان بەغدا و شۆڕشی کورد، ڕۆڵێکی بنەڕەتیی بینی، فوئاد عارف بوو کە لە هەموو حکوومەتەکانی پێشووی عێراق پۆستی حکوومەتیی هەبووە، لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێ: "ئەحمەد حەسەن بەکر و سەدام حوسێن جارێکی تر ناردیانەوە بەشوێنمدا و گوتیان ئێمە هاتینە سەر قسەکەی تۆ و حازرین لەگەڵ مەلا مستەفادا ڕێك کەوین، گوتم باشە لەسەر چ ئەساسێك ڕێك دەکەون گوتیان لەسەر ئەساسی حوکمی زاتی، گوتم باشە مانای حوکمی =

ڕێککەوتنی ئاشتی لە ١١/٣/١٩٧٠[١].

شێخ بابە عەلی شێخ مەحموود لە ڕۆژەکانی یەکەمی ١٩٧٠ نامەیەکی گرینگی شای ئێرانی بۆ بارزانی هێنا کە تێیدا شا، ئامادەیی خۆی نیشان دەدات بۆ هەرچییەك کە بارزانی داوا بکا و بۆی جێبەجێ بکا، بەمەرجێ ڕێککەوتننامەکە لەگەڵ بەغدا ئیمزا نەکا و داواشی لێ کرد کە سەردانی تاران بکات. ڕۆژی ١٥/١/١٩٧٠ بارزانی و شێخ بابە عەلی کەوتنە ڕێ بۆ تاران و یەکسەر ڕۆژی دواتر زۆر بە گەرمی شا بەخێرهاتنی کردن و گفتی زۆری بەناوی خۆی و وڵاتی ئەمەریکای پێ دان، بە مەرجێ ڕێککەوتننامەکە مۆر نەکەن، چونکە ئەم ڕێککەوتننامەیە، بەرژەوەندیی سۆڤیەتی تێدایە و دەبێتە هۆی بەهێزیی بەعس، بارزانی وەڵامی دەداتەوە کە ئامانجی پارتەکەی و شۆڕشەکەی وەدەستهێنانی ئوتۆنۆمی بووە، بۆیە ئەو ناتوانێ پشتگوێی بخات. دوای گەڕانەوەی بارزانی لە تاران بۆ کوردستان، شا چەندان نامەی تری بۆ نارد و داوای مۆرنەکردنی ڕێککەوتننامەکەی لێ دەکرد و هەروەها هەوڵی لەناوبردنی ڕژێمی بەعسی دەدا لە ڕێگەی کودەتاکەی عەبدولغەنی ڕاوی[٢].

لە ڕێگەی هۆیەکانی ڕاگەیاندن، ڕێککەوتننامەکە لە شەوی ١١/ ٣ / ١٩٧٠ بۆ خەڵکی عێراق و کوردستان لەلایەن سەرکۆماری عێراقەوە ڕاگەیەندرا کە بەبەیانی

---

= حوکمی زاتی چییە؟ لەسەر پارە و جاش و شورتە چەند خاڵێك هەبوو هەموویان تۆمار کرد، گوتیان باشە لەسەر ئەم خاڵانە ڕازین ڕێك بکەوین لەگەڵ شۆڕشی کورددا، گوتم باشە ئەی ئێوە لە بەرامبەر ئەمەدا چیتان لە کورد دەوێت، گوتیان ئێمە هیچمان ناوێت تەنیا ئەوەمان دەوێت کە پێوەندیتان لەگەڵ ئێراندا نەبێ و دەبێ ئەو حزبەی کە جیا بوونەوە لە پارتی، مەلا مستەفا دوژمنایەتییان بکات و ڕێگەیان پێ نەدا... ″ چاوپێکەوتن لەگەڵ فوئاد عارفدا بڕوانە: کۆواری هەرێمی کوردستان، ژمارەی ٤١٢، ١٥/٥/٢٠٠٧.

(١) چەند هۆکارێکی تری گرینگ هەبوو بۆ هەوڵی ئاشتییانەی ڕژێم وەك:
- خراپیی بارودۆخی ئابووری و دارایی.
- کێشە نێوەخۆیییەکانی دەسەڵات لەنێو بەعس و دەرەوەیدا.
- بەعس نەیتوانیبوو دەزگاکانی دەوڵەت کۆنترۆڵ بکا و نەیاری زۆری هەبوو بەتایبەت سوپا و هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش.

(٢) هەروەکو باس کرا عەبدولغەنی ڕاوی، بەهاوکاریی ڕاستەوخۆی ئێران پیلانی داڕشت بۆ لەناوبردنی ڕژێمی عێراق، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: جواد هاشم: م. س، ص١٤٢.

یازدەی ئادار ناسرا کە مافەکانی کورد لە چوارچێوەی ئۆتۆنۆمی کۆ کرابووەوە، وەکو بە فەرمی ناساندنی زمانی کوردی لەو شوێنانەی کە زۆربەی دانیشتوانی کوردن و زمانی کوردی زمانی فێربوون و خوێندنە لە ناوچە کوردنشینەکان لە تەك زمانی عەرەبی و لە ناوچە عەرەبنشینەکانیش زمانی دووەمە(١).

ئەنجامی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار، وەرگرتنی پێنج پۆستی وەزارەت بوو لە کابینە بۆ کورد و بەردانی بەندییە سیاسییەکان و بەفەرمی ناساندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی بارزانی لەلایەن دەسەڵاتدارانی بەغدا و ئازادیی چالاکی نواندنی ئەم حزبە بەئاشکرایی و توانەوەی باڵی دابڕاوی پارتی و گەڕانەوەیان بۆ ناو ڕیزی پارتی(٢) و، هەروەها قەرەبووکردنەوەی زیان پێکەوتووانی

---

(١) بۆ زانیاریی زیاتر لە دەقی ڕێککەوتننامەکە بڕوانە مەسعوود بارزانی س.پ، بەرگی سێیەم بەشی دووەم ل ٣٣٤ –٣٤٤.

(٢) ئیبراهیم ئەحمەد دوای بەیانی ١١ی ئادار، گەڕایەوە ڕیزی پارتی و شۆڕش و نامەیەکیش بۆ جەلال تاڵەبانی دەنووسێ و داوای لێ دەکا کە بگەڕێتەوە ناو شۆڕش ( بڕوانە: شەوکەت مەلا ئیسماعیل س.پ ل٢٩٢) کە دەکرێ ئەمە ئەنجامی لێ وردبوونەوە و قەناعەتی خۆی بێ بۆ گەڕانەوە لە پێناوی بەرژەوەندیی نەتەوەی کورددا کە خۆی لە نامەکە ئاماژەی پێ دەکات. لە هەڵسوکەوتەکانی جەلال تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەد لە دژی بارزانی و پارتی و هەڵگەڕانەوەیان، لە دۆخ و قۆناغە جیاجیاکان، جۆرە جیاوازییەك دەبینرێ، بۆ وەبیرهێنانەوە کاتێ لە ١٩٦٤ پەنا بۆ ئێران دەبەن، هەڵوێستی ئیبراهیم ئەحمەد، خۆوەدەستدانی بێ چەند و چۆن بووە بەئێران و یەکسەر لە تاران نیشتەجێ دەبێ، بەڵام جەلال تاڵەبانی ئۆقرە ناگرێ و یەکسەر داوای بەردەوامیی شەڕ دەکا لە سنوورەکان و دوای شکستیان لەم پلانە، ئێران بەجێ دێڵێ. عیسا پژمان لە کتێبەکەی دەنووسێ: ″مەلا مستەفا جێی بڕوا نییە، بەڵام دەکرێ کەڵکی لێ وەرگرین″ بەڵام لەبارەی گرووپی جیابووەوەی م.س دەنووسێ: ″زۆر دڵم خۆش بوو بەو گرووپە و دەمزانی کە لە ڕێگەی ئەوان دەکرێ خۆتێهەڵقورتێنین و کاریگەریمان هەبێ لەناو ئەو وڵاتانەی کە کوردی تێدایە″ (عیسی پژمان : اسرار بستن قرار داد الجزیره... ص١٦٧– ١٦٨). برایم ئەحمەد لە چاوپێکەوتنێکدا، باس لە هەڵوێستی خۆی و گرووپەکەی خۆی دەکا لە ئاست ئەم ڕێککەوتننامەیە کە ڕایان زۆر باش بووە و کۆنگرە دەبەستن و خۆیان هەڵدەوشێننەوە و ئامادەییان تێدا بوو بچنە ژێر باڵی سەرکردایەتیی بارزانی، هەرچەندە ئێران جارێکی تر هەوڵیان لەگەڵ دەدا بۆ دژایەتیکردنی پارتی و بارزانی و ڕێککەوتننامەکە، بەڵام برایم =

شەڕی نێوان بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد و ڕژێمەکانی یەك لە دوای یەکی عێراق و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان بوو(١).

هەڵبەت ئەم ڕێککەوتننامەیە لە تەنیشت ئەو خاڵە پۆزەتیڤانە کە خۆی لە مافی کورد لە چوارچێوەی سیستەمی ئۆتۆنۆمی دەبینییەوە، کۆمەڵێ خاڵی لاوازیشی تێدا بوو کە لە دوایيدا بوو بەکێشەیەکی گەورە لە بەردەم بەردەوامیی ئاشتیی نێوان هەردوولا. دوو خاڵی هەرە لاواز لە مسۆگەرکردنی بەردەوامیی ئاشتی، یەکەم ئەوە بوو کە پێویست بوو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان چاودێر بووایە بەسەر جێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێککەوتننامە و دووەم، ناوچەی ئۆتۆنۆمی ساغ نەکرابووەوە و بەجێ هێڵدرا بۆ کاتێکی نادیار و بەفەرمی کەرکوك نەهاتە ناو ئیدارەی ئۆتۆنۆمی.

بڕیار وابوو لە ناوچە کێشەدارەکان کە جۆراوجۆری نەتەوەییی تێیدا بەرجەستە بوو وەك کەرکووك، دوای ساڵێك تێپەڕین بەسەر ڕێککەوتننامەکە، سەرژمێری بکرێ و دوای سەرژمێری و ئاشکرابوونی زۆرینەی کوردبوونی ناوچەکە، ئەوا دەگەڕایەوە ناو قەڵەمڕەوی ئۆتۆنۆمی.

ئەم سەرژمێرییە نەك ئەنجام نەدرا، بگرە سیاسەتی (تەعریب) لە ناوچەکە تین و گوڕێکی تری بەخۆوە گرت، واتە هێنانی عەرەب بۆ دەوروبەری ناوچەکە و ڕاگواستنی دانیشتوانی کورد و دەرکردنی کرێکارانی کورد لە کۆمپانیای نەوتی کەرکووك و بایەخنەدان بەئاوەدانکردنەوەی کوردستان(٢).

لەگەڵ دەستپێکردنی کشانەوەی هێزەکانی بەریتانی لە کەنداوی فارس کە لە ١٩٧١ کۆتاییی پێ هات، دڵەڕاوکێ و پەلەپرووی لەلایەن ئێران و یەکەتیی سۆڤیەت دەبیندرا، ئێران دەیویست خۆی لە ناوچەکە بالادەست بێ، بەلام سۆڤیەت دڵنیا نەبوو کە ئێران بتوانێ ئەم ڕۆڵە ببینێ، بگرە ترسی لە ئەمەریکا هەبوو کە بە هێزی تەواوەوە بێتە

---

= ئەحمەد لەگەڵی بەڕێوە ناڕوات و سەرکۆنەی "شا" دەکا کە با ئەویش مافی کوردەکانی خۆی بدات (بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: حوسێن محەمەد عەزیز س.پ، ل٥٦-٦٠).

(١) حامد محمود عيسى: المشكلة الكردية في الشرق الاوسط، مصر ١٩٩٢، مكتبة مدبولي ص٢١٦.

(٢) جاناتان رندل: با اين رسوائى چەبخشايشى، ترجمە ابراهيم يونسى، تهران ١٣٧٩، پائيز، ص١٨٦.

کەنداو، بۆیە هەوڵی بەردەوامی دەدا کە هەم نێوانی لەگەڵ ئێران خۆش بکات بەڵکو بتوانێ لەسەری کاریگەر بێ و لە هەمان کاتدا ڕژێمی عێراقیش بەتەواوەتی بخاتە ناو چوارچێوەی ویستەکانی خۆی، وەکو ڕێگەیەك بۆ گەیشتن بەکەنداو و زاڵبوون بەسەریدا و، هەم وەکو ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ئێران و ئەمەریکا.

پێداگریی سۆڤیەت هۆکارێك بوو بۆ ڕژێمی عێراق کە داوای ئاشتی و ڕێککەوتن لەگەڵ سەرکردایەتیی شۆڕش بکات و بارزانییش بەمەبەستی دەستەبەرکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی کورد، وەڵامی ئەرێیی بەداواکاری سۆڤیەت دا.

دوای ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی ١١/ئادار/ ١٩٧٠، سۆڤیەت زیاتر خۆی لە عێراق نزیك کردەوە و بە لێشاو چەکی پێشکەوتووی بۆ دەنارد، ئەمە دڵپیسییەکی لای سەرکردایەتیی کورد دروست کرد. ئێران هەستی بەم دڵپیسییە کرد و شا لەو بارەیەوە بەپەیامنێرانی گوت: "تاران ئاگەداری جێگیرنەبوونی ئاگربەستی دوایینە کە دوای ڕێککەوتننامەی ١١/ ئادار هاتووەتە ئارا و لە هەر ساتێك، هەڕەشەی هەڵوەشانەوەی لەسەرە بەڕادەیەك کە پیاو پێویست ناکات زۆر هەوڵ و کۆشش بکا بۆ گەڕاندنەوەی پێشمەرگەکانی بارزانی بۆ بەرەی شەڕ"(١).

ئەمە جەوهەری ویستی شاهنشاهی ئێران بوو، ئەو شارەزای مێژووی پێوەندیی کورد و عێراق بوو و دەشیزانی بێ متمانەیی کورد بەڕژێمی بەغدا چەندەیە، ئەمە دەستاوێزێکی باش بوو، کە لەوێوە شا هەوڵ بدات نفوز بکا، ئاشکراش بوو کە دەسەڵاتدارانی عێراق نایانەوێ داخوازییەکانی کورد و بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکەی جێبەجێ بکەن.

ئەمەریکا و شا نیگەران بوون، بەڵام هەر کامەیان لە بەشێکی تری جیهان ڕووبەڕووی سۆڤیەت بووبوونەوە، ئەمەریکا لە ڤێتنام و کەمبۆدیا، ئێرانیش یارمەتیی سەربازیی پاکستانی دەدا لە شەڕی دژی هیندستان لە ١٩٧٠، کە تووشی زیانێکی زۆر بووبوو، لەلایەکی تر «شا» هەوڵی باشترکردنی پێوەندیی خۆی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبیی کەنداو دەدا، کەواتە دەبێ ئاگەدار بێ ئەوان لە دژی خۆی نەورووژێنێ.

شاهنشاه کۆمەڵێ پرسیاری بۆ هاتە پێش، سەبارەت بەچۆنیەتیی وروژاندن و یارمەتیی پێشمەرگەی کوردستان: ئاخۆ دروستە پێشمەرگە چەکدار بکرێت بەهەمان

(١) گونتر دشنر: م.س، ص٣٠٣.

چەك كە ئەمەریكا، ئێرانی پێ چەكدار كردووە؟ یان پێی ئیسرائیل ڕابكێشێ بۆ ناو كێشەكە و ئەو یارمەتیی پێشمەرگە بدا؟ چونكە ئیسرائیل هەردەم خوازیاری لاوازكردنی ڕژێمی عێراق بوو لە ڕووی سوپاییەوە، ئیسرائیل ئامادەیی تێیدا بوو بۆ هەر كارێك كە ببێتە مایەی لەناوچوون یان لاوازكردنی ڕژێمی عێراقی و پێشتریش لە سەردەمی شۆڕش، كەم تا زۆر یارمەتیی شۆڕشی داوە بۆ ئەم مەبەستە و لە ڕێگەی ئێرانەوە[١].

ڕژێمی شاهنشاهی هەموو جۆرە هەوڵێكی خۆی دا، ئامادەیی خۆی نیشان دا كە بەهاوكاریی ئەمەریكا، شۆڕشی كورد و بارزانی چی پێویست بێ ئەنجام بدا، تەنیا ئەم ڕێككەوتنە ستراتیجییە ئیمزا نەكرێ[٢]، بۆیە بەم ڕێككەوتنە زۆر تووڕە و نیگەران و پەست بوو، بەڵام بەشێك لە خەڵكی ئێران زۆر خۆشحاڵ بوون بەم ڕێككەوتنە كە مافی كوردی تێدا بەرجەستە بووبوو و كۆتاییی بەشەڕێكی ٩ ساڵەی نێوان شۆڕشی كورد و بەغدا هێنابوو.

لە كتێبەكەی محەمەد عەلی سوڵتانی، دەیان بەڵگەنامە بڵاو كراوەتەوە كە ئاماژە بەم ڕاستییە دەكەن، بەتایبەتی لە پارێزگای تاران و یەزد و خوزستان، جەماوەری ئێران نامەی پیرۆزباییان ئاراستەی حكوومەتی ئێران كراوە.

نموونەیەك لەو نامانە: لێرەدا دەخرێتە ڕوو:

"جەنابی وەزیری بەڕێزی ناوەخۆی وڵات بەڕێز، ئەوا میللەتی كورد، كە لە نەژادی ئارياييين لە ئەنجامی خەباتی نۆ ساڵە، توانییان بگەنە مافە ڕاستەقینەكانی خۆیان و بەم چاكسازییەی كە لە دەستووری عێراق كراوە، یەكێ لە جێگرەكانی سەركۆمار، دەبێ كورد بێ و هەروەها بەپێی ژمارەی دانیشتوانی كورد، كورسیی پەرلەمان بەریان دەكەوێ، گشت خەڵكی جووتیار و وەرزێری شا دۆست و نیشتمانپەروەری محەمەد ئابادی یەزد، نوقمی شادی و خۆشین و ئەمە بەدەستپێكی باش دەزانین، داواكارین لە جەنابت كە هەستی خۆشیی ئێمە بەجەنابی گەورە و پیرۆز شاهنشاه و سەرانی وڵات ڕابگەیەنن[٣]."

(١) صلاح الخرسان: م.س، ص١٦٣.

(٢) بڕوانە : ڕاپۆرتی پایك كە لە پاشكۆدا هاتووە.

(٣) بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ناوەڕۆكی نامەكان، بڕوانە محەمەد عەلی سوڵتانی: م.پ ص٥٥١-٥٧٧.

بەشی پێنجەم

# هەڵویستی ئێران بەرامبەر پێوەندییەکانی نێوان سەرکردایەتیی کورد و حکوومەتی عێراق ١٩٧١ - ١٩٧٥

# بەندی یەکەم

## ململانێی خۆچەکدارکردنی ئێران و عێراق و پشتگیریی ئێران لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد، دوای بەستنی ڕێککەوتننامەی هاوڕێیەتی و هاوکاریی سۆڤیەت – عێراق لە ١٩٧٢/٤/٩

یەکەتیی سۆڤیەت لە بەردەوامیی سیاسەتی خۆی بۆ زیاتر کاریگەریی ڕاستەوخۆ بەسەر سیاسەتی ئابووری و دیپلۆماسیی عێراقدا، پەیڕەوکردنی سیاسەتی گرتنەخۆ «احتوا»ی وڵاتانی دەوروپشتی و بەتایبەت وڵاتانی نەوتدار و زاڵ بەسەر کەنداودا بۆ یەکەم جار، چەند ڕێککەوتننامەیەکی گرینگ و مێژوویی لەگەڵ ڕژێمی بەعسی عێراقی ئیمزا دەکا[١]، لە مانگی ٦ی ١٩٦٩ ڕێککەوتننامەیەکی لەگەڵ عێراق مۆر کرد کە لە بەهرە بەرداری و وەکارخستنی پیشەسازیی نەوت لە ڕومێلە لە ڕووی ئابووری و هونەرییەوە، یارمەتیی کۆمپانیای نیشتمانیی عێراق دەدا تا ئەو کاتەی کە عێراق خۆی دەتوانێ وەکاری بخات و خۆماڵی بکا[٢].

ئەم نزیکبوونەوەی نێوان سۆڤیەت و عێراق، جێپێی سۆڤیەت لە کەنداو موکوم دەکا و ناردنی چەك و تەقەمەنی لەلایەن سۆڤیەتەوە بۆ عێراق پەرە دەسەنێ و سۆڤیەتیش هێزی دەریایی خۆی دەتوانێ بنێرێ بۆ «ئوم قەسر» کە تاکە بەندەری عێراقە لەسەر کەنداودا[٣]. ئەم پرۆژە پەلەیەی سۆڤیەت لەوەوە زیاتر پەرەی سەند کە بەریتانیا ڕای

(١) کاتێ بەریتانیا لە ١٩٦٨ ڕای گەیاند کە دەست دەکات بەپاشەکشە لە کەنداو و هێزەکانی دەکشێنێتەوە، سۆڤیەت لێدوانێکی فەرمیی لە ١٩٦٨/٣/٤ لە ڕێگەی ئاژانسی «تاس» بڵاو کردەوە کە یەکەتیی سۆڤیەت بەهەموو هێزیەوە دەوەستێ لە دژی گشت هەوڵە تازەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا بۆ دەستتێوەردان لە وڵاتانی کەنداوی فارس و دوورگەی عەرەبی کە دەیانەوێ خۆیان بەسەریاندا بسەپێنن، بڕوانە: مصطفى عبدالقادر النجار: اضواء وعلى اطماع روسيا القيصرية والاتحاد السوفيتي في الخليج العربي والجزيرة العربية، عمان ٢٠٠٣ دار زهران، ص٨١.

(٢) ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ١٥ مانگی ٤/ ١٩٧٢ لاپەڕە ٤، وتاری: ڕووداوێکی گرینگ لە وڵاتی دراوسێمان – مصطفى عبدالقادر النجار، م.س، ص ٧٢.

(3) HAIM. SHEMESH op. cit, P.66.

گەیاند لە کەنداو دەکشێتەوە و لە ڕاستیدا ململانێ و کێبەرکێی نێوان سۆڤیەت و ئەمەریکا بوو لەسەر کەنداو.

تا بەر لە ساڵی ١٩٧٣ و بەرزبوونەوەی نرخی نەوت، بایەخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی کەنداو بۆ ئەمەریکا زیاتر دەگەڕایەوە بۆ قۆرغکردنی پشتێنەی ئاسایشی باکور، بۆ ئەوەی یەکەتیی سۆڤیەت نزیك نەکەوێتەوە، بەڵام دوای ١٩٧٣و بەرزبوونەوەی نرخی نەوت، هەڕەشە کەوتە سەر ئابووریی نیشتمانیی ئەمەریکایی و ئەمەش بوو بەفاکتەرێك بۆ ململانێی نێوان سۆڤیەت و ئەمەریکا[١].

دوای ڕێککەوتننامەکەی ساڵی ١٩٦٩، پەیمانی مێژوویی دۆستایەتی و هاوکاری لە ٩/٤/١٩٧٢ لە نێوان سۆڤیەت و عێراق ئیمزا کرا کە شاندێکی پایەبەرز لە مۆسکۆوە هاتن بۆ بەغدا و کۆسیگین سەرەك وەزیرانی دەوڵەتی سۆڤیەت، سەرۆکایەتیی شاندەکەی دەکرد، ئەم پەیمانە ڕێککەوتنێك بوو بۆ هاوکاریکردنی یەکتری لە هەموو زەوینەکانی سیاسی، ئابووری، کولتووری و... هتد[٢].

بەر لەم پەیمانە، لە ساڵی ١٩٧١ پەیمانێکی هاوچەشنی لەگەڵ میسردا بەست[٣] و ئیتر دەستی کرد بەڕەوەندێکی پەیمان بەستنی لەم جۆرە لەگەڵ دەوڵەتانی ئەفرۆئاسیایی.

پەیمانی ١٩٧٢ نێوان هەردوولا، ناوەڕۆکەکەی باس لە دۆستایەتییەکی بەردەوام و نەبەز دەکات لە نێوان مۆسکۆ و بەغدا و ئەم پەیمانەش بۆ ماوەی ١٥ ساڵ کاری پێ کرا.

"نەوت" کرۆکی پەیمانەکە بوو[٤] کە لە مۆنۆپۆلی کۆمپانیاکانی بەریتانیا و

---

(١) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: ادمون غريب واخرون: الوطن العربي في السياسة الامريكية، بيروت ٢٠٠٢، مركز دراسات الوحدة العربية ص ١١٥– ١١٧.

(2) Oles MÆ Smolansky with Bettie smolansky: THE USSR AND IRAQ, The soviet Quest for influence, Duke University press Durhan and London, 1991, p17.

(٣) هەر لەگەڵ هاتنی جەمال عەبدولناسر بۆ سەر دەسەڵات و لادانی ڕژێمی پاشایەتی لە میسر، لە ساڵی ١٩٥٢، گرێبەستێکی چەك کڕین لە نێوان میسر و سۆڤیەت ئیمزا کرا و لە هەموو ڕوویێکەوە، سۆڤیەت یارمەتیی میسری دا. سعد مهدی شلاش، م.س، ص ٥٦.

(٤) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: جواد هاشم: مذكرات وزير عراقي مع البكر وصدام، بيروت ٢٠٠٣، دار الساقي، ١٣٧– ١٤١. هەروەها کێشە و ناکۆکیی نێوان کۆمپانیاکانی =

ئەمەریکادا بوو. سەدام حوسێن ٢ مانگ بەر لە بەستنی ئەم پەیمانە، گەشتێکی بۆ مۆسکۆ کرد و داوای لێ کردن کە لە ڕووی ئابووری و سیاسییەوە پشتی عێراق بگرن، دژ بەکۆمپانیا نەوتییەکان لە عێراق[١].

کۆسیگین بەئاشکرا ڕای گەیاند کە یەکەیتی سۆڤیەت بەتەواوەتی لە پاڵ ئەو دەوڵەتە عەرەبییانەیە کە دەیانەوێ لە سەرچاوە سروشتییەکانیان دڵنیا بن، نەوت دەبێ هی خاوەنە ڕاستەقینەکان بێ، واتە گەلانی ئەو وڵاتە[٢]، ئەم پشتگیری و پاڵپشتی و دۆستایەتییەی سۆڤیەت، وەك هەنگاوی یەکەم بوو بۆ پاراستنی ڕژێمی سەدام لە کاتی خۆماڵیکردنی نەوتدا. ئەوەی عەبدولکەریم قاسم لەگەڵ گرتنە دەستی دەسەڵات، پێی نەکرا، سەدام حوسێن کردی، واتە لە ١٩٥٨ تا ١٩٦٨، بەردەوام سەروەتی نەوت لەژێر مۆنۆپۆلی ڕۆئاواییەکان بوو[٣] و پاش ماوەیەکی کورت لە بەستنی ئەم پەیمانە،

= نەوت و ڕژێمەکانی عێراق هەر لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسمەوە دەستی پێ کردبوو، بەتایبەتی لە سەردەمی هاتنی دووەمی بەعسییەکان، زیاتر پەرەی سەند. سیاسەتی ڕژێمی بەعس ئەوە بوو کە وردە وردە دەستی کۆمپانیاکان ببڕێتەوە و بەهۆی شارەزا و پسپۆڕانی ڕووسی کاروباری کێڵگە نەوتییەکان و بردنە دەرەوەی نەوت ئەنجام بدرێ و لە ئەنجامدا، نەوت خۆماڵی بکا. بۆ خۆماڵیکردنیش، هەر لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٧٠، عێراق یاداشتێکی دا بە«ئۆپێك» کە یارمەتیی عێراق بدا لە خۆماڵیکردنی نەوت، لەگەڵ کۆمپانیا بیانییە نەوتییەکان و پاڵپشتی بن، کە دەمێك بوو، جیاوکی قازانج و خێروبێری نەوتیان بۆ خۆ قۆرخ کردبوو، بەلام ئەنجامی نەبوو و لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٢، گفتوگۆ لە نێوان ڕژێم و کۆمپانیا نەوتییە بیانییەکان دەستی پێ کردەوە کە خاڵی هەرە سەرەکیی ناکۆکیی، یاسای ژمارە ٨٠ی ١٩٦١ بوو کە دەرفەتی بەکۆمپانیاکان دەدا زەوییەکی زۆر و زەوەند بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان. گفتوگۆکان پچڕان بەبێ ئاکام. سەرەنجام لە مانگی ٤/١٩٧٢ لە کاتی سەردانی کۆسیگینی سەرەك وەزیرانی سۆڤیەت، بەبێ کۆمپانیاکان و بە هاوکاریی سۆڤیەت، نەوتی رومێلە نێردرا بۆ دەرەوەی وڵات. بڕوانە : سعدون حمادی: مذکرات و اراء و في شؤون النفط، بیروت، ١٩٨٠ دار الطليعة ص٦٤، ٨٢– ١٠١.

(1) Oles M. smolansky & Bettie M. Smolansky, op. cit. p.18.
(2) HAIM SHEMESH. op. cit, pp.70-78.

(٣) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: شامل عبدالقادر: عبدالكريم قاسم البداية والنهاية، عمان ٢٠٠٢ الاهلية للنشر، ص٣٠٣.

عێراق لە مێژووی ١٩٧٢/٦/١ کۆمپانیای نەوتی عێراقی خۆماڵی کرد(١).

"نەوت" ئامانجی سەرەکیی بوو، بەڵام ئامانجی دووەم، دەکرێ پاڵپشتیکردنی عێراق بێ لەلایەن سۆڤیەتەوە لە بەرامبەر پاڵپشتیکردنی ئێران لەلایەن ئەمریکا لە ڕووی سیاسی، ئابووری و سەربازییەوە، کە ئەمە لە بەندی هەشتەمی پەیمانەکە بەرجەستە بووە:

"لە کاتی هاتنە کایەی هەر هەلومەرجێکی وا کە هەڕەشە لە ئاشتیی نێوان هەردوو حزب یاخۆ بەگشتی لەسەر ئاشتیدا بکا و یاخۆ ببێتە هۆی پێشێلکردنی ئاشتی، ئەوا لایەنەکانی پەیماننامەکە بێ دواکەوتن، یەك دەگرن بۆ هاوئاهەنگیکردنی هەڵوێستیان، بۆ لابردنی ئەو هەڕەشەیە"(٢).

بەندی نۆیەمیش ئاماژە بەپشتگیریکردنی یەکتری دەکەن بۆ بەهێزکردنی توانای بەرگرییان، کە ئەمەش بۆ لایەنی ڕژێمی عێراقی لە پەیمانەکە ئەوە دەگەیێنێ کە سۆڤیەت یارمەتیی بەرگریی سەربازیی عێراق دەدا لە بەرامبەر هەڕەشەی سەربازیی ئێران، بێگومان بۆ لایەنی سۆڤیەتیش، ڕەوایی دەداتە هاتوچۆی کەشتییەکانی سۆڤیەتی لە بەندەری ئوم قەسر(٣).

لەلایەکی ترەوە، هیندستان پەیماننامەکەی سۆڤیەت- عێراقی پەسند کرد وەکو هەنگاوێك بۆ پارسەنگکردنی هێزی سوپایی لە بەرامبەر ئەمەریکا لە زەریای هیندی، کە دوای شەڕی هیندستان- پاکستان لە سەرەتای حەفتاکان، ئامادەییی زیاتر بووبوو و هەروەها بەهێزکردنی عێراق لە بەرامبەر ئێران کە هاوپەیمانی پاکستان بوو(٤).

لە ئەنجامدا، ئەمە هاوپەیمانییەك بوو لە بەرامبەر پەیمانی سێنتۆ و ناتۆ لە ناوچەکە و لە ڕاستیدا ئێران و تورکیا زۆر شڵەژا بوون(٥) ئێران وەك وەڵامێك بۆ دژایەتیکردنی ئەم

---

(١) ڕۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ١٩٧٢/٦، ژمارە ١٧.

(٢) اصغر جعفری ولدانی : م.پ ص ٤٤٣.

(٣) لەم کاتەدا ڕادیۆی لەندەن دەڵێت: ئەم ڕێککەوتنە نە تەنیا دژایەتیکردنی پەیمانی سێنتۆیە، بگرە پەلکێشکردنی سۆڤیەتە بۆ کەنداو و زەریای هیندی و... هتد: مصطفی عبدالقادر النجار، م.س، ص٨٢.

(٤) گفتوگوهای من باشاه، ج٢ ص٥٠٤.

(٥) شای ئێران لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٧٢ سەفەرێك بۆ مۆسکۆ دەکات کە [«اسدالله علم»=

پەیمانە پەلامارێکی سەربازیی رێك خست لە ناوچەی خانەقین کە چەکی گران تێیدا بەکار هات[1]. دوا بەدوای ئەم رێککەوتننامە ستراتیجییە لە نێوان دوو وڵات، هەر لە ١٩٧٢– ١٩٧٥، دەیان رێککەوتننامە لە بوارە جیاجیاکانی ئابووری، دارایی و تەکنیکی لە نێوانیان ئیمزا کرا[2]. سۆڤیەت دەیزانی بەئامانجە سیاسی و سوپاییەکانی خۆی ناگا، ئەگەر دوو حزبی چالاکی شیوعیی عێراقی و پارتی دیموکراتی کوردستان، بۆ ناو بەرەییەکی یەکگرتوو لەگەڵ حزبی بەعس، رانەکێشێ.

کۆسیگین لە ٨/٤/١٩٧٢، لە باڵیۆزخانەی سۆڤیەت لە بەغدا چاوی بەنوێنەرانی هەردوو حزبی شیوعی و پارتی دیموکراتی کوردستان کەوت[3]، بۆ ئەوەی بەڵێنی ئەوە بدا کە ئەو پەیمانە دۆستایەتییەی کە لە ٩/٤/١٩٧٢ ئیمزا دەکرێ، ئەوانیش دەگرێتەوە، چونکە لە مادەی دووەمی رێککەوتننامەکە جەختی لەسەر بەرەوپێشەوە بردنی دەسکەوتە ئابووری– کۆمەڵایەتیی گەلانی هەردوولا[4] دەکاتەوە.

---

= لە کتێبەکەی باس دەکات] زیاتر بەمەبەستی شرۆڤەکردنی پێوەندیی سۆڤیەت و عێراق، پاکستان و هیند و پەرەسەندنی بازرگانی بوو کە دەڵێ: ئومێدەوارم بتوانین زیاتر گاز بفرۆشین بەسۆڤیەت تاکو لە نزیکبوونەوەی پتریان لە عێراق، پێشی بگرین (گفتوگوهای من باشاه، ج٢ ص٣٨٤).

(1) HAIM SHEMESH. op. cit. PP.70-78.

(2) oles M. Smolansky/ op. cit. p.22.

(٣) هەرچەندە بەپێی راپۆرتێکی دەوڵەتی ئەمەریکایی کە باس لە سەردان و وتووێژی زەید عوسمان، نوێنەری بارزانی دەکات لەگەڵ ئەمەریکاییەکان، زەید عوسمان ئاماژە بەوە دەکات کە بەر لە رێککەوتننامەکەی ٩/٤/ ١٩٧٢، لە سەفەری پێشووتری سەدام حوسێن بۆ مۆسکۆ، یەکەتیی سۆڤیەت داوای پێکهێنانی بەرەی نیشتمانیی کردووە لە هەرسێ حزب، لەم بوارەدا سۆڤیەت نوێنەری خۆی ناردووە بۆ لای سەرکردایەتیی پارتی کە بێنە ناو بەرەکە، بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ئەو پاڵەپەستۆیانەی کە یەکەتیی سۆڤیەت و عێراق ئەنجامیان داوە کە پارتی بێتە ناو بەرەکە بڕوانە، دیکۆمێنتی:

United States Government, memorandum, To: Mr, Sisco Dated: April 5/4/1972.

(٤) یەکەتیی سۆڤیەت دوای مۆرکردنی پەیمانەکە داوایان لە بارزانی کرد کە سەردانی مۆسکۆ بکا بەڵام ئەو شاندێکی نارد، شاندەکە لەگەڵ بەرپرسانی سۆڤیەتی کۆ بوونەوە و، گلەییی سەرکردایەتیی پارتییان دەربڕی بۆ هەوڵی پرچەککردنی رژێمی عێراق و پشتگوێخستنی چارەسەری کێشەی کورد (بڕوانە: کەندال و ئەوانی تر س.پ، ل٣١٠).

حزبی شیوعی پێشوازیی لەو پەیمانە و پێکهێنانی بەرەی نیشتمانی کرد، لە بەرامبەر ئەمەدا، دوو وەزیر لەلایەن حزبی شیوعی دەستنیشان کران بۆ ناو کابینەی دەوڵەت، بەڵام پارتی نەچووە ناو بەرەکە و باجەکەشی ئەوە بوو کە سۆڤیەت ئەو یارمەتییە داراییە کە هەر لە دەستپێکی شۆڕش لە ١٩٦١ەوە بە کوردی دەدا، بڕی[١].

هاوکات لەگەڵ یارمەتیدانی سوپایی عێراق لەلایەن سۆڤیەتەوە، لە کاتی بەرزبوونەوەی تەنگژەی شەتولعەرەب لە نێوان هەردوولا لە ساڵی ١٩٦٩– ١٩٧٠ و، هەروەها دوای بەستنی ڕێککەوتننامەی ١٩٧٢، ئێران زۆرترین ڕێژەی بودجەی دەوڵەتی بۆ سوپا و ئاسایش تەرخان کرد، کە هوەیدا لە کاتی پێشکێشکردنی بودجە بەپەرلەمان، ڕای گەیاند: "مەسەلەی پاراستنی وڵات بەپلەی یەکەم داندراوە و دەبێ تا پێنج ساڵی تر بودجەی پاراستنی وڵات و هێزی شەڕ لە سنووری مەڵبەندی دەربچێ و بگاتە ڕادەی جیهانی". خەرجی وەزارەتی شەڕ لە بودجەدا، ٦٨ ملیار ڕیال داندراوە کەچی بودجەی ١٨ وەزارەتەکەی تر نزیکەی دوو ملیار و نیوە[٢].

دوای دەرچوونی بەریتانیا پاراستنی کەنداو لەلایەن ئێرانەوە بەمەبەستی بەرژەوەندییەکانی تایبەتی خۆی و هی ئەمەریکاش، خەرجییەکی زۆر و بەرپرسیاریەتێکی گەورەی خستبووە ئەستۆی "شا"، ئێران وازی لە بەحرێن هێنا (١٩٧٠)، بەڵام یەك ڕۆژ بەر لە جێهێشتنی کەنداو لەلایەن هێزەکانی بەریتانیاوە، لە ٣٠/ ١١/ ١٩٧١ سێ دوورگەی «ئەبوموسا» «تونبی گەورە» و «تونبی گچکە»ی داگیر کرد[٣].

ڕژێمی عێراقیش هەوڵی خۆی لەگەڵ وڵاتانی کەنداو دابوو، بۆ ئەوەی نەهێڵن هێزی ئێران بچێتە ناو ئەم دوورگانە و، دوای داگیرکردنیش کاربەدەستانی باڵیۆزخانەی تارانی لە بەغدا بانگهێشتن کرد و ناڕەزاییی خۆی دەربڕی و داوای دەرچوونی هێزەکانی کرد[٤]، پێوەندییەکانیان زیاتر گرژ بوو تا ئەو ڕادەی هەردوولا باڵیۆزی خۆیان کشاندەوە[٥].

---

(١) مەسعوود بارزانی : س.پ، بەرگی سێیەم بەشی دووەم، ل٢٠٨.

(٢) ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٣، مانگی ٤ی ١٩٧١ ل٢.

(٣) خليل علي مراد: "الاطماع الايرانية في الخليج العربي" في مصطفى النجار واخرون تاريخ الخليج العربي الحديث والمعاصر، البصرة ١٩٨٤ مبطعة جامعة البصرة، ص٢٢٠.

(٤) اصغر جعفری ولدانی، م.پ، ص٤٣٥.

(٥) منوچهر پارسا دوست : م.پ، ص١٤٦. کاتێ ئێران لە مانگی ١١ی ١٩٧١ ئەم سێ =

جارێکی تر عێراق بەبیانووی داگیرکردنی سێ دوورگەکە، هەزاران عێراقیی بەڕەسەن ئێرانی دەرکرد کە زۆربەی هەرە زۆریان کوردی فەیلی بوون(١).

داگیرکردنی دوورگەکان بووە هۆی ئەوەی عێراق زیاتر لە سۆڤیەت نزیك بێتەوە و بۆ پاراستنی کەنداو لە زێدەڕۆیی ئێران و ئەمەریکا، سوود لە هێز و توانای سۆڤیەت وەربگرێت.

ئەمەش زیاتر ئێرانی نیگەران کرد و هەوڵی دا لە سۆڤیەت نزیك بێتەوە و، لە مانگی ١٠ی ١٩٧٢ «شا» سەفەری کرد بۆ مۆسکۆ، بۆ ئەوەی قەناعەتیان پێ بهێنێ کە پێویستە وڵاتانی کەنداو خۆیان کێشەکانی خۆیان چارەسەر بکەن، نەك بەسوودوەرگرتن لە هێزی وڵاتانی تر(٢).

ڕکابەری خۆچەکدارکردن لە نێوان ئێران و عێراق پەرەی سەند(٣) و چەندان ڕووداوی پێکدادان و سنووربەزاندن لەلایەن هێزی ئاسمانی و زەوینیی هەردوولا ڕووی دا ئێران بەدرێژاییی ١٠٠ کیلۆمەتر لە سنووری خەسرەوی تا نەفت شاه، بنکەی سەربازیی دامەزراندن، عێراق سکاڵای خۆی سەبارەت بەو ڕووداوانە بەئەنجوومەنی

= دوورگەی داگیر کرد، ڕژێمی عێراق ڕقی هەڵگرت و پێوەندیی دیپلۆماسیی خۆی لەگەڵ بەریتانیاش پچڕاند، چونکە ئەوی بەهۆکاری ئەم کارە دەزانی و هەر بۆیەش زیاتر لە دژی کۆمپانیا بەریتانییە نەوتییەکان، نەوتی خۆماڵی کرد، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: جواد هاشم، م.س، ص١٩٥.

(١) لە مانگی ١١ی ١٩٧١ دەیان ڕاپۆرت لەلایەن هەردوو نوێنەری ئێران و عێراق لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ئاراستەی ئەنجوومەنی ئاسایشی ئەم ڕێکخراوە کراوە، کە لەلایەك نوێنەری ئێران لە ڕاپۆرتەکەیدا باس لە دەرکردنی ١١,٠٠٠ کەس ئێرانی ڕەسەن دەکات بەوپەڕی ڕەفتاری بەربەری لەلایەن دەوڵەتی عێراقەوە و دەرکردنیان لەسەر ماڵ و حاڵیان و دابڕانی خێزانەکان و بێ ئاگاییان لە یەکتری و، لەلایەکی تر، ڕاپۆرتی نوێنەری عێراق لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەرگری لە هەڵوێستی وڵاتەکەی، ئاماژە بەو کارە نایاساییەی ئێران دەکا، بە پووچەڵکردنەوەی یەکلایەنەی ڕێککەوتننامەی سنووری ١٩٣٧ لە ١٩٦٩/٤/١٩ کە ئەمە کاریگەرییەکی نەرێیی خستە سەر پێوەندیی هەردوو وڵات و هەردوو گەل و هەروەها هەڕەشە لە ئاشتی.

(٢) گفتوگوهای من باشاه ج١، ص٣٨٥.

(٣) مایکل أ. بالمر: حراس الخليج، ترجمة نبيل زكي، القاهرة ١٩٩٥مركز الاهرام للنشر ص٩٢.

ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان گەیاند[١].

پێکدادانەکانی سنووری بەردەوام بوو، زیانمەندترینیان لە ١٩٧٣/٢/١٠ لە دەوروبەری شاری «بەدرە» ڕووی دا کە بە ڕووداوی «یەکشەمی خوێنین» لە ڕاگەیاندنی ئێران باسی لێ کرا[٢]، بەدەیان سەرباز لە هەردوولا کوژران و، جارێکی تر عێراق سکاڵای خۆی بۆ ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرز کردەوە کە تێیدا ڕای گەیاند ئێران ٥ کیلۆمەتر دووجای عێراقی داگیر کردووە.

لەسەر داوای عێراق ئەنجوومەنی ئاسایش کۆ بووەوە و نوێنەری عێراق لە یەکەم دانیشتندا، ئێرانی بەسیاسەتی فراوانخوازی تاوانبار کرد و داوای کرد لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە نوێنەرێك دەستنیشان بکرێ بۆ ئەوەی شرۆڤەی پێکدادانەکان بکات. ئێران کێشەکانی کۆن و ڕێککەوتننامەکانی پێشووی نێوان خۆی و عێراقی هێنا ئارا و داوای کرد کە دەبێ چاوی پێدا بخشێندرێتەوە[٣].

لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە نوێنەر دەستنیشان کرا و لە ١٩٧٤/٣/٧ ئاگربەست لە نێوانیان بەرقەرار بوو. بەرەبەری هاتنی لێژنەی نەتەوە یەکگرتووەکان، جارێکی تر پێکدادانی خەست لە سنووری قەسری شیرین ڕووی دا[٤]. لێژنەکە بەوردی سەردانی هەموو ناوچە سنوورییەکانی هەردوولای کرد و هەروەها بەناو ئاوی شەتولعەرەبیش تێپەڕی و گەیشتە ئەم دوو خاڵە گرینگە کە هەردوو دەوڵەت بەنەخشەی جیاجیای جوگرافی مامەڵە لەگەڵ سنوورەکانیان دەکەن، بۆیە سنوورەکان دەبەزێنن و هەروەها کاری نیشانەدانان لەسەر سنوور تەواو نەبووە و پێویستە ئەنجام بدرێ. لە کۆتاییدا و لەسەر بنچینەی ڕاپۆرتی لێژنەکە، بڵاوکراوەیەك لەلایەن ئەنجوومەنی ئاساایشەوە دەرچوو کە تێیدا دەبێ هەردوولای کێشەکە، لە ناوچە

(١) روزنامە ایندگان، ٢٨ ارد یبهشت، ١٣٥١.

(2) Oles M smolansky & Bettie M smolansky op, cit, P31.

(٣) اصغر جعفری ولدانی : م.پ، ص٤٥٥ –

U.N. Security Council Document, S\ 11229, (20 Feb, 1974); and U.N. Security Council Document, S\ 11229 (20 may, 1974) pp1- 11.

(٤) بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر پێکدادانەکان بڕوانە:

U.N. Security council Document, S/11291, (20 may, 1974), Appendix 1,pp. 8 -10.

سنوورییەکان، هێزەکانی خۆیان بکێشننەوە و پابەندی ئاگربەستی ١٩٧٤/٣/٧ و لە دانوستانیش بەردەوام بن و شاندی هەردوولا لە ئەستەمبۆڵ کۆ بوونەوە بۆ ئەوەی کێشەکانیان چارەسەر بکەن، بەڵام هاوکات پێکدادانی سنووری ڕووی دەدا کە ژمارەیەك کوژراو و بریندار بوون و هەروەها باڵەفرە عێراقییەکان بڵاوکراوەیان بەسەر خەڵکی سنوورەکانی ناو ئێران بەردەداوە کە داوایان لێ دەکردن لە دژی ڕژێمی شا ڕاپەڕن(١). لە سەردەمی سەرۆکایەتیی نیکسۆن ئەمەریکا "نەوت" بایەخێکی زۆری هەبوو، سەرنجی ئەو لەسەر ئەوە بوو کە تا دەکرێ نەوت بێتە ناو وڵاتەکەی، بۆیە پێویستە وڵاتانی سەر بەئەمەریکا، لە خزمەت دابینکردنی ویستەکانی بن(٢). نرخی نەوت بەرز بووەوە بەڕادەیەك کە لە ١٩٧٣ چوار بەرابەر بوو و ڕاستەوخۆ نەوت کاریگەری هەبوو بەسەر هەلومەرجی سیاسیدا(٣).

ئەنوەر سادات کە دوای مردنی جەمال عەبدولناسر لە مانگی ٩ی ١٩٧٠ بوو بەسەرکۆماری میسر، هەوڵی دا خۆی لە قەڵەمڕەوی سیاسی و ئایدیۆلۆجیی سۆڤیەت ڕزگار بکا، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، چونکە لە سەرەتادا، ڕۆئاوا نەیگرتە خۆی، لەبەرئەوەی هەوڵی دابوو ڕۆڵی ڕابەرایەتی ببینێ لە کێشەی فەلەستیندا بەرامبەر بەئیسرائیل و لە ئەنجامدا، لە ناکاو هێرشی کردە سەر ئیسرائیل لە ڕۆژی جەژنی کیپور، ئەو ڕۆژی تەواوی نوێنەرانی ئەندام لە ئۆپێك لە ڤیەننا کۆبوونەوەیان هەبوو، لەسەر دانانی نرخی نەوت و خەریکی دانوستاندن لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییەکان بوون(٤).

وڵاتانی عەرەبی ناردنەوە دەرەوەی نەوتیان قەدەخە کرد و لێرەدا بوو کە نەوت بووبوو بەمامەڵەیەکی سیاسی و ئەوەی لە تەنگژەی ١٩٧٣ بردییەوە، وڵاتانی نەوتدار بوون بەتایبەتی ئێران، چونکە بەجۆرێك یارمەتیی میسری دەدا و بەجۆرێکی تر نەوتی

---

(١) اصغر جعفری ولداني م.پ، ص٤٦٠.

(٢) یاداشتهای علم، ویراستار علینقی عالیخانی، تهران ١٣٨٢، مازیار ج٣، ص٨ ئاماژە بەنامەی نیکسۆن سەرۆکی کۆماری ئەمەریکا دەکا بۆ "شا" کە چاو بەنرخی نەوت دابخشێنێتەوە، بەڵام "شا" لە پەراوێزی نامەکەی دەنووسێ، یەکەم جار با وڵاتانی تر وەك ڤەنزوێلا و نێجریا، نرخەکان دابەزێنن، ئینجا ئێرانیش موتاڵەی دەکا، نامەکە بەمێژووی ١٣٥٢/١٠/٩ نووسراوە.

(٣) هانس کروبزگر، خون درراه نفت، ترجمه محمد اشعری، تهران ١٣٨١ ثالث، ص١٢٧.

(٤) یادداشتهای علم، ج٣، ص٧.

ئیسرائیلی دابین دەکرد[١].

لە ١٨ی مارس ١٩٧٤ وەزیرانی نەوتی عەرەب، فەرمانی قەدەخەکردنی هەناردەی نەوتیان هەڵوەشاندنەوە[٢].

عێراقیش وەك نیکسۆن بەهای نەوتی هاتبووە دەست، بە ئارەزووی خۆی لە مامەڵە سیاسییەکان بەکاری دەهێنا و، ئەوەی جێی سەرنجە گشت کێشە ئاڵۆز و شەڕاوییەکان لە ناوەخۆ و لە ئاست وڵاتانی دراوسێ، لەسەر ناوچە نەوتییەکان بووە، یەکەم (کەرکووك) کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کوردە، چونکە بەبەشێك لە خاکی کوردستانی دەزانی و زۆربەی دانیشتوانی پارێزگاکە کورد بوون، بەبەردەوامی لە ڕژێمە عێراقییەکان خوازیار بوو کە بێتە ناو چوارچێوەی هەرێمی ئۆتۆنۆم، هیچ کامەیان لەبەر "نەوت"ەکەی، کە زۆرترین نەوتی خەزنکراوی هەبوو لە عێراق، ئامادە نەبوون ببێتە بەشێك لە هەرێمی ئۆتۆنۆم و[٣] دووەم خوزستان بوو کە دەیان جار شەڕی لەسەر کراوە ناوە ناوە و هەر لە ڕژێمی عەبدولکەریم قاسم تا سەدام حوسێن ١٩٨٠ خوزستانیان بەبەشێك لە نیشتمانی عەرەبی و عێراق دەزانیێ[٤]، دەیان جار تووشی کێشە و شەڕ بوون لەبەر نەوتەکەی، کە ٧٠٪ نەوتی ئێران کە دووەم وڵاتانی دەرهێنەری نەوتی جیهان بوو، لەم پارێزگایە دابوو[٥].

سێیەم، "کوێت"، بەهەمان شێوە دەوڵەمەند بوو بەنەوت، لە دوای ڕژێمی پاشایەتی تا ١٩٩٠، ڕژێمەکانی عێراقی چاوی تەماعیان تێ بڕیبوو[٦] و چەندان گرفتی

---

(١) ژان پیردیگارو : م.پ... ص١٩٠.

(٢) هانس کروبزگر: م.پ، ص١٢١– ١٢٧.

(3) Memorandum from kurdish delegation to Secretary- General United Nations June, 1974. p44.

(٤) هەر لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق، کێشەی خوزستان، یەك لە بابەتە هەستیارەکان بوو کە دانوستاندن و گفتوگۆکانی دوو وڵاتی دراوسێ دەخرایە ڕوو بۆ زانیاریی زیاتر لەم دانوستاندنانە سەبارەت بەخوزستان نێوان وەزیری مفەوەزی عێراق لە ئێران، تۆفیق سوەیدی و سەرانی ئێران، بڕوانە: توفیق السویدی: م.س ص٢٢٠.

(٥) ژان پیردیگارو... : م.پ، ص٣٠٦.

(٦) لە ١٩٦١/٦/٢٥ عەبدولکەریم قاسم ڕای گەیاند کە ئەمیری کوێتی دەستنیشان کرد وەك قایمقامی کوێت و، کوێت سەر بەپارێزگای بەسرە دەبێ، بەڵام ئەم فەرمانەی =

دیپلۆماسی و سەرەنجام شەڕیشی لێ کەوتەوە. زلهێزەکانی جیهان کەڵکێکی زۆریان لەم بشێوی و شەڕانە بینیوە کە لە ناوچە نەوتدارەکان ڕوو دەدا، بێگومان کۆمپانیا نەوتییە ڕۆئاواییەکان کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەیە لەم تەنگژانە[1].

عێراق و ئێران لە شەڕی ١٩٧٣ی میسر و ئیسرائیل نە تەنیا بەجۆرێك لە جۆرەکان زیانیان نەبینی، بگرە سوودێکی زۆریان بینی. لە کۆتاییی ساڵی ١٩٧٣ لە کۆبوونەوەی ئۆپیك بەشدار بوون و لەسەر پێداگریی شای ئێران، نرخی نەوت زۆر بەرز بووەوە لە ٣,٠٣٦ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك گەیشتە ١١,٦٥١ دۆلار کە عێراق و ئێران هەردوو ڕەزامەند بوون بەم نرخە بەڵام سعوودیە دژ بوو[2].

شاهنشاه لە ١٩٧٣/١٢/٢٣ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا، نرخێکی تازەی ڕاگەیاند و لە ماوەی دوو مانگدا، نرخی نەوت چوار بەرابەر بوو و ئێران کە ساڵانە ٥ ملیار دۆلار داهاتی نەوتی هەبوو، بوو بە ٢٠ ملیار دۆلار و هەوڵی دا ببێ بەپێنجەمین زلهێز لە جیهاندا[3].

هەردوولا زۆر زیاتر لە جاران خۆیان چەکدار دەکرد بەچەکی پێشکەوتووی هەردوو زلهێزی سۆڤیەت و ئەمەریکا و، زۆرترین بودجەی وڵاتیان بۆ کڕینی چەك و هێزی بەرگری تەرخان کرد.

عێراق بێجگە لە سوودوەرگرتن لە چەکی پێشکەوتووی ڕووس، لەگەڵ فرەنسا و چیکۆسلۆڤاکیاش، گرێبەستی چەککڕینی ئیمزا کرد[4] نرخی مامەڵەی سەربازی ئێران

---

= عەبدولکەریم قاسم سەری نەگرت، چونکە بەریتانیا هێزەکانی خۆی لە کوێت چڕ کردەوە، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: شامل عبدالقادر، م.س ص٢٤٤– درك كنان، م.پ، ص٧٣.

(١) ياسين سويد: الوجود العسكري الاجنبي في الخليج، واقع وخيارات دعوة الى امن عربي اسلامي في الخليج، بيروت ٢٠٠٤ مركز دراسات الوحدة العربية، ص٧٥.

(٢) اديث وئى، ايف، بينروز م.س، الجزء الثاني، ص٣٠٤.

(٣) ريتشارد كاپوشينكى: شاهنشاه، ترجمه ولي الله ابراهيمي، تهران ١٣٧٨ انتشارات نيك پندار، ص٩٤.

(٤) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: جواد هاشم ص ١٧٠– ١٦٩، هەر لە سەرەتای هاتنە سەر حوکمی بەعسییەکان لە ١٩٦٨، دەست کرا بەهاتوچۆ لە نێوان سەرانی وڵاتی عێراق و فرەنسا و چەندان ڕێککەوتننامەی گرینگی ئابووری لە نێوانیان بەسترا. عێراق سیاسەتەکەی وابوو کە پاڵ بەبەریتانیاوە بنێ و، ئەلتەرناتیڤەکەی فرەنسا بوو. دوای خۆماڵیکردنی نەوتی =

و ئەمەریکا بەرز بووەوە و تەنیا گرێبەستی چەککڕینی مۆر دەکرد، ئێران لە ساڵی ١٩٧٣، ١٠٧ باڵەفڕی فانتومی ئێف ٤ کە نرخەکەی ٧٢٠ ملیۆن دۆلار بوو، کڕی و ئەمە بێجگە لە ژمارەیەکی زۆر هەلیکۆپتەر، لە ساڵی ١٩٧٤ ڕێژەی هەناردەی چەکی ئەمەریکایی بۆ ئێران ساڵانە ٤ ملیار دۆلار تێپەڕی دەکرد و لە نێوان ١٩٧٢– ١٩٧٦ نزیکەی ١٤,٤ ملیار دۆلار چەك و تفاقی لە ئەمەریکا کڕیوە[١].

بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لە هەردوو وڵاتی عێراق و ئێران بە لە ناکاوی، بووە هۆی دەوڵەمەندیی ئەو وڵاتانە و پڕچەکبوونی زیاتر و هەبوونی سوپایەکی بەهێز، دەزگای سیخوڕیی پێشکەوتوو و لە ئەنجامدا خۆ بەزل زانینێکی زۆر لە ڕووی سایکۆلۆجییەوە، ئەمانە هەمووی هەڕەشە بوو لەسەر ئاشتی[٢] و، هەوڵدان بۆ چارەسەری گشت کێشە ناوەخۆییەکان و دەرەکییەکان لە ڕێگەی ئەو چەکە پێشکەوتووانە و دەزگای ئاسایش و سیخوڕی وڵاتەکانیان. لە ناوەخۆی وڵاتی عێراقدا، ڕژێم ڕۆژ بەڕۆژ بێ منەتتر دەبوو بەرامبەر بەگەلی کورد و ویستەکانی و، هەروەها یەکە یەکە بەڵێنەکانی پشتگوێ دەخست کە لە دوو توێی ڕێککەوتننامەیەك مۆری کردبوو[٣]، لەوانە سەرژمێری کەرکووك و دیاریخستنی سنووری ئۆتۆنۆمی بۆ

---

= عێراق، سەدام و شاندەکەی سەردانی فەرەنسایان کرد و، ئەنجوومەنی شۆڕشی عێراق بڕیاری دابوو کە کۆمپانیا فرەنسییەکان لە کارکردنیان لە بواری نەوت بەردەوام بن، بەم شێوە فرەنسا بووە گەورەترین هاوپەیمانی عێراق لە ڕۆئاوا و لە ڕووی چەکی گرانیشەوە ڕێککەوتننامەیان ئیمزا کرد. موحسین دزەیی لە کتێبەکەی «احداث عاصرتها» بەشی دووەم ل ٢٣٩، باس لەو کاتەی دەکات کە ئەو، باڵیۆزی عێراق بووە لە چیکۆسلۆڤاکیا کە لە کۆتاییی ١٩٧٢ شاندێکی پایەبەرزی سەربازی بەسەرۆکایەتیی وەزیری بەرگری ″حماد شهاب″ دەگاتە چیکۆسلۆڤاکیا بۆ مۆرکردنی ڕێککەوتننامەیەك بەمەبەستی کڕینی چەکێکی زۆر، کە هاتنی ئەم شاندە بۆ چیکۆسلۆڤاکیا لە ئەو شاردراوەتەوە، چونکە نیازیان وا بووە کە ئەم چەکانە لە دژی کورد بەکار بهێنن.

(١) یوسف ترابی : م.پ ص٢١٠.

(٢) ڕێبازی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد، هەڵسەنگاندنی شۆڕشی ئەیلوول ڕاپۆرتی پارتی دیموکراتی کوردستان.

(٣) وریا جاف: هەندێك لە چاوپێکەوتن و وتارەکانی بارزانیی نەمر، هەولێر ١٩٩٩، ل٤٣، چاوپێکەوتنی بارزانی لەگەڵ ڕۆژنامەی «اطلاعات»ی ئێران لە ساڵی ١٩٧٤.

کوردستان لە ڕووی جوگرافییەوە، بێجگە لە دەیان هەوڵی تیرۆرکردنی مەلا مستەفا بارزانی و ئیدریس بارزانی و سەرانی تری حزبی و حکوومەتی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان و[1] هەروەها ناوە ناوە شەڕ و پێکدادانەکان لەناو کوردستان و ناوچە سنوورییەکان لە نێوان سەربازانی عێراقی و پێشمەرگەی کوردستان ڕووی دەدا.

ئەمانە هەمووی ئاستەنگ بوو لە بەرەوپێشەوە چوونی ئاشتی و جێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠[2].

پاش ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی دۆستایەتی و هاوکاریی نێوان سۆڤیەت و بەغدا، ئێران زیاتر هەوڵی دا خۆی لە سەرکردایەتیی شۆڕشگێڕی کورد نزیك بکاتەوە، "شا" بەپێویستی دەزانی لە هەر شوێنێك بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی دژ بەڕژێمەکانی پەیڕەوی ڕۆژئاوا لە ناوچەکە، سەر هەڵبدا، سەرکوتی بکات چ لە یەمەن بێ یان لە عومان[3]، «بزووتنەوەی زەفار» و یاخۆ لە پاکستان و... کەواتە دووجار بەئەرکی خۆی دەزانی کە دژی ڕژێمی عێراق، پشتیوانی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی بکا «ئەو بزووتنەوەیەی سەر بەهیچ کام لە جەمسەرەکان نەبوو، بەڵام ئامادەی وەرگرتنی یارمەتی بوو لە هەموو وڵاتێك و ئێران هەوڵی بەردەوامی دەدا کە بەسەرییەوە کاریگەر بێت و لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی خۆی و ڕۆژئاوا بەتایبەتی ئەمەریکا کەڵکی لێ وەرگرێ» یەکەم لەبەر دژایەتیکردنی ئامادەیی ڕاستەوخۆی سۆڤیەتییەکان بوو بەپراکتیك لە وڵاتێکی ئەودیو سنووری خۆی کە ئەمە خۆی لە خۆیدا هەڕەشەیەکە لەسەر بەرژەوەندییەکانی هاوبەشی ئێران و ئەمەریکا[4].

دووەم، لەبەر بەهێزکردنی عێراق بوو لە ڕووی سوپاییەوە لەلایەن سۆڤیەت، کە دوا جار عێراقیش دەیتوانی هەموو کات هەڕەشەیەکی جیدی بێ لەسەر ئاسایش و

---

(1) Memorandum from kurdish delegation to Secretary- General United Nations June, 1974. p74.

لە بڵاوکراوەکانی لێژنەی پێوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە لەم یاداشتەیە لیستێك لە هەوڵ و کردەوە تیرۆریستییەکانی حکوومەتی عێراق داهاتووە.

(٢) وریا جاف: س.پ، ل٤٣.

(٣) گونتر دشنر م.س ص ٣١٤.

(٤) یادداشتهای علم ج٣، ص١٢– ١٣.

بەرژەوەندیی وڵاتەکەی بەتایبەتی خوزستان و نەوتەکەی و هەروەها کەنداوی فارس، بۆیە "شا" پێوەندی و ڕاوێژی کرد بەدۆستانی خۆی لە ئەمەریکا، ئوردن و ئیسرائیل کە هاوکاری بکەن لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەردوو هەڕەشە، یەکەم سۆڤیەت و دووەم عێراق.

هەر هەموویان وەك خۆی هاوڕا بوون لەوەی سوود وەرگیرێ لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد وەك ئامرازێك و کارتی پاڵەپەستۆ بۆ سەر عێراق، لە ڕێگەی یارمەتیدانیان و هێشتنەوەیان لە سنوور، وەك دیوارێك لە نێوان عێراق و ئێران.

"شا" دەمێك بوو هەڵوێستی "بارزانی"ی بۆ دەرکەوتبوو، کە بڕوای پێ ناکا و لە بەرامبەردا بارزانییش تەنیا وەك ئامرازێك و کارتی پاڵەپەستۆ، کەڵکی لە ڕژێمی ئێران وەردەگرێ.

لە سەرەتای حەفتاکاندا، بارزانی زۆر پێویستی بە "شا" نەبوو، ناڕاستەوخۆ ئێرانییەکانی تێ گەیاندبوو کە بەئاسانی مامەڵە لەگەڵ "شا" ناکا و سەرەڕای پێداگرتنی بەردەوامی شا، بارزانی داوا دەکا کە دەبێ لایەنێکی سێیەمی بەهێز لە مامەڵەکەدا هەبێ، بۆ ئەوەی متمانە بەمامەڵە بکات(١).

هەروەك لە نامەیەك کە بارزانی بۆ ئەمەریکاییەکانی لە واشنتۆن ناردووە لە مانگی ٤ی ١٩٧٢، ئاماژە بەوە دەکا کە سۆڤیەت و حزبی بەعس پاڵەپەستۆی دەخەنە سەر کە بەفەرمی لە پاڵ حزبی شیوعیی عێراقی بچێتە ناو بەرەیەکی نیشتمانیی عێراقی، ئەگەر زلهێزێکی وەك ئەمەریکا یارمەتیی نەدا، ئەو ناتوانێ بەرەنگاری پاڵەپەستۆی عێراق و سۆڤیەت بێتەوە، یارمەتیی ئەمەریکا دەشێ ڕاستەوخۆ بێ، دەکرێ ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی مەلیك حوسێن ئوردن بێ کە ئامادەییی تێدایە پشتیوانی لە کورد بکا(٢).

شا بەناچاری ڕووی لە سەرکۆماری ئەمەریکا و ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەییی ئەو، هێنری کیسینجەر کرد و داوای لێ کردن کە لە دوای ڕێککەوتننامەکەی دۆستایەتی و هاوکاریی سۆڤیەت– عێراق، بالانسی هێزەکان تێکچووە و عێراق بووەتە

(١) بڕوانە چەند بڕگەیەك لە ڕاپۆرتی پایك pike کە لە پاشکۆدا هاتووە.

(٢) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە بەڵگەنامەی: UNITED STATES GOVERNMENT april, 3/4/1972. Memorandum, To, mr. Sisco, April 5,1972 subject : Kurdish Appeal U.S. Assistance

هەڕەشەیەکی جیدی لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا، بۆیە دەبێ دەستبەکار بن، بەڵام بنەمای نیکسۆن ڕێگەی پێ نەدەدا کە ڕاستەوخۆ بێتە مەیدان و بەئاشکرا یارمەتیی کورد بدا لە دژی عێراق و سۆڤیەت، بۆیە ڕەزامەند بوون کە یەکەم، یارمەتیی ئەمەریکا بۆ کورد لەسەر داخوازی ئێران دەبێ[١].

واتە کەی ئێران ویستی، ئەوا یارمەتییەکە دەبڕدرێ، دووەم، یارمەتییەکە لە ڕێگەی هەردوو دەزگای سیخوڕی ئەمەریکا CIA و ساواکی ئێران دەبێ، واتە بەشێوەیەکی نافەرمی و بەنهێنی و بێ هیچ شوێنەوار جێهێشتن و بەڵگەیەکی ئاشکرا[٢]، سێیەم یارمەتییەکەش هەر ئەوەندە بێ کە عێراقی پێ سەرقاڵ و سەرگەرم بکەن تاکو نەپرژێتە سەر پلانەکانی فراوانخوازی خۆی لە ناوچەکە، لەسەر حسێبی ئێران و کوێت و کەنداو بە گشتی[٣]. ڕیچارد نیکسۆن سەرکۆماری ئەمەریکا، بەمانگێك دوای ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی دۆستایەتی و هاوکاریی سۆڤیەت و عێراق، سەردانی مۆسکۆی کرد بۆ لە نزیکەوە ئاگەداربوونی ڕەوشەکە و لەوێشەوە بۆ تەنیا ماوەی ٢٤ سەعات، سەردانی تارانی کرد لەسەر بانگهێشتنی شا تاکو پلانی ڕووبەڕووبوونەوە لە ئاست ئەم ڕێککەوتننامەیە دابڕێژن[٤]، یارمەتیدانی کورد یەك لە پلانە سەرەکییەکان

(١) د. شەفیق لە دیمانەکەدا باسی لەوە دەکرد کە لە سەرەتای شۆڕش هەوڵیان داوە کە سەرنجی کاربەدەستانی ئەمەریکایی بۆ لای شۆڕش ڕابکێشن، بەڵام ئەمەریکا ئەو کاتی تەنیا بینەری ڕووداوەکانی ناوچەکە بوون و هێشتا بەتەواوەتی نەهاتبوونە ناو هاوکێشەکانی عێراق و دەوروبەر. باس لەوە دەکا کە لەگەڵ د. مەحموود عوسمان، لە ساڵی ١٩٦٥ چاویان بەسەرۆکی ڕێکخراوی خاچی سووری ئەمەریکایی کەوتووە و لەگەڵیدا باسیان لە شۆڕشی کورد کردووە و داوای یارمەتییان کردووە بۆ شۆڕش، بەڵام پێی گوتوون: با پێکەوە تۆزێك خەون ببینین، چاوەڕوانی ئەو ڕۆژە بکەن کە ئێمە چرای سەوزمان دەدرێتێ بۆ ئەوەی یارمەتیی ئێوە بدەین. ئەم چرا سەوزە دوای ٧ ساڵ درەوشا واتە لە ساڵی١٩٧٢.

(٢) گونتر دشنر: م. س، ص٣٠٥.

(3) HENRY KISSINGER: Years of Renewal Simon & Schuster, New York, ny 10020, 1999, Published by Easton Press. p. 580.

(٤) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە ڕۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، مانگی ٦ی ١٩٧٢، ژمارە ١٧، ل٤، وتاری" سەفەری نیکسۆن بۆ ئێران"، کە هۆکارەکانی بەپەلە بانگهێشتنکردنی نیکسۆن لەلایەن "شا"وە =

بوو لەسەر پێشنیاز و داخوازی «شا». هێنری کیسینجەر کە دۆستایەتیی نزیکی لەگەڵ "شا" هەبوو و گوێی دەگرت لە بیروڕاکانی و، دوایی کە لە ١٩٧٣ بوو بەوەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، زیاتریش لێك نزیك بوونەتەوە[١] و، ڕۆڵی کاریگەری دەبینی لەم پلانە.

محەمەد ڕەزا شا لە ١٩٧٢/٦/٢٢ نامەیەکی بەجەنەراڵ مەنسوور پوور بۆ بارزانی نارد کە تێیدا ڕەزامەندیی سەرۆکی ئەمەریکای بۆ یارمەتیدانی شۆڕش کوردی ڕاگەیاندبوو. لە ١٩٧٢/٦/٢٧ شاندێك لەلایەن سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، ڕەوانەی تاران کران کە پێکهاتبوو لە ئیدریس بارزانی و د. مەحمود عوسمان کە لەلایەن شاوە زۆر بەگەرمی پێشوازی کران و دوای ئەمە لە ٥/٧/ ١٩٧٢ هەمان شاند گەیشتنە واشنتۆن کە لەوێدا لەلایەن ریچارد هۆڵمز بەڕێوەبەری دەزگای ناوەندیی هەواڵگریی ئەمەریکا (CIA)[٢] پێشوازی کران و لە دانیشتنی هەردوولا، هۆڵمز جەختی لەسەر ئەوە کردەوە لەسەر داوای شای ئێرانە، کە یارمەتیی کورد دەدرێ[٣].

١٦ ملیۆن دۆلار وەك یارمەتی لەلایەن دەزگای CIA دەدرا بەشۆڕش لە سەرەتای ١٩٧٣ تا ١٩٧٥/٣/١، کە لەو یارمەتییە تەنیا ٦ ملیۆن دۆلار بەنەختی وەرگیرا، ئەوی تر تەرخان کرا بۆ چەککڕین[٤]. شاندەکە ڕاسپێردرا لە گەڕانەوەیان بۆ تاران، پێوەندی بکەن بەکۆلۆنێل کلارك بەرپرسی دەزگای هەواڵگریی ئەمەریکایی لە تاران.

لە کۆبوونەوەیەکی نهێنیی نێوان شاندی کوردی و کلارك، وا بڕیار درا کە مانگانە ٣٠٠ هەزار دۆلار، شۆڕشی کورد یارمەتی لە باڵیۆزخانەی ئەمەریکایی لە تاران

= بەوردی ڕوون دەکاتەوە. "دوو کێشەی گەورە مێشکی شایان ئاڵۆز کردبوو، ئەویش مەسەلەی دراوسێی ڕوهەڵات و دراوسێی ڕۆئاوای وڵاتەکەی بوو، کێشە بەلوچستان و جیابوونەوەی بەنگلادیش لە پاکستان و ئەوی تریان ڕێککەوتننامەی هاوڕێیەتی و هاوکاریی سۆڤیەت – عێراق، ئەمانە دوو کێشە بوون کە تووشی دڵەڕاوکێی کردبوو".

(١) محمد رضا پهلوی م.پ، ص٢٨٧.

(٢) مەسعوود بارزانی : س.پ، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم ل٢١٢.

(٣) شكيب عقراوي م. س، ص٣٣٤.

(٤) مەسعوود بارزانی : س.پ، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم ل٢٣٥. هێنری کیسینجەریش ئاماژەی بەژمارەیەکی نزیك لەم ژمارانەی سەرەوە داوە لە یارمەتییەکان بڕوانە:
Henry Kissinger, op. cit. p.584

وەربگرێ لەگەڵ هەندێ چەکی سووك کە لە ڕێگەی ئێران دەگاتە دەستیان. دیدارەکان دووبارە بوونەوە و جارێکی تر لە مانگی ٢/١٩٧٣ هەمان شاند لە تاران چاویان بەکلارك کەوت. دوای ئەمە مانگانە، یان ٢ مانگ جارێك شاندی کوردی سەردانی بەرپرسی ئەمەریکاییان دەکرد لە تاران و بێجگە لەمە کە نوێنەری پارتیش لە پێوەندی دابوو لەگەڵ باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە تاران(١).

هەروەکو دیارە، پێوەندیی نێوان بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و ئەمەریکاش وەك پێوەندیی نێوان بزووتنەوەکە و ئێران، نهێنی و لە ڕێگەی دەزگای CIA و ساواك بووە، ئەوە وەنەبێ بەدڵی سەرکردایەتیی بزووتنەوەکە بووبێت، بگرە زۆر هەوڵ دراوە لەم بارەیەوە کە پێوەندییەکە ئاشکرا و فەرمی بێ و لەسەر بنەمای ڕێککەوتنێکی نووسراو و بەبەڵگە بێ، بەڵام ئەوان و سۆڤیەتیش هەرگیز ملیان نەدا لەگەڵ "کورد" ئەم جۆرە پێوەندییە ساز بکەن، لە ساڵی ١٩٧٥ دوای بەرەوپێشەوە بردنی پێوەندیی نێوان ئەمەریکا و بزووتنەوەکە، سەرکردەی شۆڕش مەلا مستەفا بارزانی لە دانیشتنێك لەگەڵ سیسکۆ، جێگری وەزیری دەرەوە کە نوێنەری شۆڕش لە تاران، د. شەفیق قەزازیش ئامادە بوو، داوای لێ کرد کە دۆزی کورد بکەن بەبەرنامەیەکی فەرمی لە حکوومەتەکەیان، چونکە بارزانی ئاسوودە نەبوو بەم پێوەندییە نهێنییە و هەروەها نوێنەری شۆڕش لە تاران دان بەمە دەنێ کە پێوەندیی ئەویش لەگەڵ ئەمەریکا لە ڕێگەی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە تاران نەبوو، بگرە تەنیا لە ڕێگەی CIA بوو(٢).

هاوکات لەگەڵ ئەم دیدارانە هەوڵی تیرۆرکردنی بارزانی درا لەلایەن بەغداوە(٣).

کوردستان تا ڕادەیەك لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە، بوژاندنەوەی بەخۆ دی، لەلایەك لەلایەن حکوومەتی ناوەندیی بەغدا بەپێی ڕێککەوتننامەکەی ١١ی ئادار، هەندێ خاڵ جێبەجێ دەکرا کە لە بەرژەوەندی و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان بوو، لەلایەکی تر یارمەتیی دارایی لە ئەمەریکا و ئێران دەهات کە ئەویش تا ڕادەیەك یارمەتیی بەرزبوونەوەی ورەی شۆڕشگێڕانی دەدا، بەڵام بێگومان لە ئەنجامی وەرگرتنی یارمەتیی ئەمەریکا و ئێران و هەروەها هی عێراق بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژە

---

(١) مەسعوود بارزانی هـ.س، ل٢٣٥.

(٢) وتەی د. شەفیق قەزاز لە دیمانەکەدا.

(٣) کریس کۆچێرا م.پ ل٣٥٦.

ئابوورییەکان کە بەپێی پلان وەردەگیرا و سەرف دەکرا، سەرەتای دیاردەی گەندەڵی بەدەرکەوت و "گەندەڵیی دارایی" خەریك بوو دەبوو بە فاکتەرێك بۆ لاوازیی جموجۆڵی شۆڕش(١).

یەکەتیی سۆڤیەت سەرەڕای ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی دۆستایەتی و هاوکاری لەگەڵ میسر لەساڵی ١٩٧١، لە میسر وەدەرنرا (١٩٧٢) و، ئەنوەر ساداتی سەرکۆماری

---

(١) أ- جرجیس فتح الله، ئاماژە بەو گەندەڵییانە دەکات کە شۆڕش تووشی بووبوو، بێگومان بەپێی لێکدانەوەیەکی لۆجیکی شێوازی کارکردنی ئێران لە ئاست گەلان و جۆری ڕژێمەکە و هەڵکەوتی جوگرافی و کۆمەلایەتیی ئێرانیش، فاکتەرێك بووە بۆ گەندەڵی تێ کەوتن، بۆ نموونە جرجیس فتح الله باس لە دروستبوونی کۆمەڵێ کەس و تۆڕی دزین و قاچاغ دەکا لە سنووری کوردستان و ئێران کە دەستیان دەگرت بەمادەی سووتەمەنی و خۆراك و... تەنانەت بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٧٠- ١٩٧٣ باندی هێنان و بردنی مادە سڕکەرەکان وەك حەشیش و هیرۆیین و ئەفیون و کۆکایین دەستی پێ کرد و، حکوومەتی بەغدا لە ساڵی ١٩٧٠ یاسایەکی دەرکرد کە بۆ هەر کەسێك مامەڵە بەم مادانە بکات حوکمی مەرگی بەسەردا دەبرێت، بەڵام هەندێ لە بەرپرسانی پێشمەرگە و پاسەوانی سنووری کوردستان، تێکەڵ بەم باندانە بووبوون کە بێگومان ئەم مادانە و دروستبوونی باندەکانیش لە ڕێگەی ئێرانەوە بوو، کە مامەڵە بەم مادانە لە ئێران زۆر تەشەنەی کردبوو. لەم ڕێگەیەوە هەندی لە بەرپرسانی پێشمەرگە و کادیرانی حزب سوودێکی خەیاڵییان دەبینی و ئەمە هەندێ جار دەبووە هۆی ناکۆکیی نێوان پارتی و حکوومەتی بەغدا، بڕوانە: زيارة للماضي القريب ستوكهولم ١٩٩٨، الطبعة الثالثة، دار الشمس للطباعة والنشر، ص ٥٩ -٦٠.

ب- د. شەفیق لە دیمانەکەدا ئاماژەی بەم دیاردەیە کرد لە کاتی وەرگرتنی یارمەتییەکان کە لە ڕێگەی ئێرانەوە دەگەیشتە شۆڕش و لە میکانیزمی عەمبارکردن و گەیاندنی لە تارانەوە بۆ ناو شۆڕش، کۆمەڵێك بەرپرس و جێبەجێکەری بەرنامەکە، چ لە خەڵکی کاربەدەستی ئێران و چ هی کورد، تووشی گەندەڵی دەبوون و یارمەتییەکە بەپاکی و بەتەواوەتی نەدەگەیشتە شوێنی مەبەست. هەروەها لە چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ محەمەد عەزیز بەرێوەبەری بارەگای بارزانی لە شۆڕشی ئەیلوول کە لە شاری هەولێر لە مێژووی ٢٠٠٥/٦/٢٩ ئەنجامی دا ئەویش باسی لە تالان و دزینی هەندێ لە یارمەتییەکان دەکا کە خەڵکی ولاتانی تر بۆ شۆڕش دەیاننارد وەك داوودەرمان، بەلام لە ڕێگەی ئێرانەوە بوو و بەدەستی شۆڕش نەدەگەیشت.

میسر، ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر لە ڕۆئاوا و نوێنەرەکەی لە ڕۆهەلاتی ناوەڕاست واتە "شا" نزیك دەبووەوە هەولّی ئەوەی دەدا کە کێشەی نێوان ئێران و عێراق کالّ بکاتەوە کە لە ڕابردوودا، جەمال عەبدولناسر، هەولّێکی زۆری دا بۆ قوولّکردنەوەی ناکۆکی و گرژیی نێوانیان. دوای دەرکردنی ڕووسەکان لە هاوینی ١٩٧٢ لەلایەن میسرەوە، سۆڤیەت هەولّی زیاتری دا خۆی نزیك بکاتەوە لە عێراق، بەتایبەتی دوای ئەوەی پسپۆڕانی بواری نەوت و گازی ئەو ولاتە بۆیان دەرکەوت کە زۆرترین ڕێژەی نەوتی ئەمبارکراو لە عێراقدا هەیە.

بێگومان یارمەتیی ئەمەریکا و شا بۆ کوردیش، بووە فاکتەرێك کە سۆڤیەت زیاتر لە ڕژێمی عێراق نزیك بێتەوە و بەهاوکاریی حزبی شیوعی، بەلّکو بتوانێ پشتیوانی لە حزبی بەعس و حکوومەتەکەی بکا، چونکە پارتی ئامادە نەبوو بەبێ دەسکەوتی نەتەوەیی پێوەندی لەگەلّ سۆڤیەت بپارێزی[١].

سۆڤیەت لە مانگی ٦ی ١٩٧٣ سکرتێری یەکەمی بالّیۆزخانەی ولاتەکەی لە بەغدا ناردە لای بارزانی بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانی بەسەرکردایەتیی حزبی بەعس، بەلام بارزانی داوای بەلّێنی لە سۆڤیەت کرد لە پشتیوانیکردنی کورد بەبەلّگەیەکی نووسراو، کە سۆڤیەت ئامادە نەبوو ئەم بەرپرسیارێتییە لە ئەستۆ بگرێ.

سەدام حوسێن دوا بەدوای سۆڤیەت داوای لە پارتی کرد کە بێتە ناو بەرەی نیشتمانی، بەلام مەکتەبی سیاسیی پارتی قبوولّی نەکرد و پاساوی بارزانی بۆ ئەم ڕەتکردنەوەیە، دواخستنی چارەسەری کێشەی کەرکووك و سنجار بوو لەلایەن ڕژێمەوە. کاریگەری شەڕی ٦ی ئۆکتۆبەری ١٩٧٣ نێوان میسر و ئیسرائیل، بۆ سەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەییی کورد باش نەبوو، چونکە عێراق نەهاتە ڕیزی ئەو دەولّەتە عەرەبییانەی کە ناردنی نەوتیان قەدەخە کرد، بۆ دەرەوە هەروەها لە ئەنجامی قەدەخەکردنەکە لەلایەن زۆربەی ولاتانی عەرەبی، نرخی نەوت لە جیهان زۆر بەرز بووەوە و لە ئەنجامدا کە هەردوو ولاتی عێراق و ئێران سوودێکی زۆریان لەمە بینی بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانیان، بەتایبەتی پلانی سەربازی و زیاتر چەکدارکردنی خۆیان[٢].

هەردوولا لە یەکتری بەگومان بوون و ئەو دلّپیسییەی هەردوولا (عێراق وەك

(١) مەسعوود بارزانی :س. پ، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، ل٩٤.

(٢) روزنامە کیهان ١٩ بهمن ١٣٥٣.

دەسەڵاتی عەرەبی) پێشینەیەکی مێژوویی دوور و درێژی هەبوو کە دەگەڕایەوە بۆ سەرەتای فتوحات یان داگیرکاری سەردارانی عەرەب بەناوی بڵاوکردنەوەی پەیامی ئیسلام لەناو ئیمپراتۆریای ساسانی داڕووخاو(١).

شا لە چاوپێکەوتنێکی دوای بەستنی ڕێککەوتننامەی سۆڤیەت– عێراقی ١٩٧٢، بەشداریی سۆڤیەتی لەم ڕێککەوتننامەیە، بە "ئەسپی تروادە" چواند، کە وردە وردە لەژێر پەردەی هاریکاریی ئابووریی عێراق، دەست بەسەر کەنداودا دەگرێ(٢).

ئەوە بوو کە نیکسۆن لە بەرامبەردا دەستی ئێرانی ئاوەڵە کرد لە کڕینی هەموو جۆرە چەکێکی پێشکەوتوو، جگە لە چەکی ئەتۆمی و، لە ڕاستیدا نیکسۆن بۆ ڕێگەگرتن لە بوونی یەکەتیی سۆڤیەت لە کەنداوی فارس، ئێرانی کرد بەپۆلیسی ناوچەیی «لۆکاڵی»(٣)، لەگەڵ ئەمەشدا ئێران فرەنسای هان دا کە پێوەندیی سیاسی و ئابووریی

---

(١) هەر بۆ نموونە لە شەڕەشیعر و ڕاگەیاندنی هەردوولا لە دژی یەکتر، لە ئاهەنگێکدا ساڵح مەهدی عەماش، جێگری سەرەك وەزیرانی عێراق، هۆنراوەیەك دەخوێنێتەوە کە بەسەر بەژن و باڵای عەرەبدا هەڵدەڵێ و یادی «قادسیة» شەڕێك لە شەڕەکان زیندوو دەکاتەوە. ڕۆژنامەی (آیندگان)، لە وەڵامدا وتارێك بڵاو دەکاتەوە بەناوی «یادێك لە جاهلیەت» کە سەرکۆنەی ساڵح عەماش دەکا و باس لە شۆڤێنزمی عەرەبە بەعسییەکان دەکا کە چۆن بیر لەوە دەکەنەوە کە "مەجوس" لەنێو بەرن و ڕاویان بنێن و هەروەها ئاماژە بەوە دەکا کە ئەم گوفتارە، پیلانێکی لە پشت داڕێژراوە.
هەروەها ڕۆژنامەی "کیهان" چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەی دیر شپیگل لەگەڵ "شاهنشاە" بڵاو دەکاتەوە کە لە وەڵامی ڕۆژنامەنووسەکە کە لێی دەپرسێ، ئێران کە گەورەترین کڕیاری چەکی گرانە لە ئەمەریکا بەباڵەفڕە و هێلیکۆپتەر و دەبابە، ئەم خۆچەکدارکردنەی ئێران لە دژی کێیە؟ وەڵام دەداتەوە کە عێراق بە دە ملیۆن ژمارەی دانیشتوان لە ئێمە زیاتر باڵەفڕە و دەبابەی هەیە. بۆ زانیاریی زیاتر لە ڕەگەکانی ڕق و قینی کۆنینەی نێوان ئێران و عەرەب بەگشتی بڕوانە لێکۆڵینەوەی " بەعەرەبکردنی کولتووری کورد و خاکی کوردستان " لە نووسینی " نازناز محەمەد عەبدولقادر "، هەولێر ٢٠٠٨، دەزگای چاپی موکریانی، کە سەرەتای باسەکە بەگشتی چۆنیەتیی داگیرکارییەکە لە بەشێکی ئیمپراتۆریای ساسانی نیشان دەدات کە خاکی کوردستانە.
(٢) جرجيس فتح الله: زيارة للماضي القريب... ص٢١٤.

The Implications of the Iran- Iraq Agreement DCI/ N10, 1039- 75 1 may 1975 Department of state & Central Inteligence Agency.

(٣) كمال مجيد: م.س، ص٤٩.

خۆی لەگەڵ عێراق خۆش بکا بەڵکو لە سۆڤیەت دوور بکەوێتەوە و هەروەها وەك نیشاندانی هێزی دیپلۆماسی و کاریگەری خۆی لە بەرامبەر ئەمەریکا(١).

## بەندی دووەم

### دەستپێکردنەوەی شەڕی نێوان ڕژێمی بەغدا و کورد
### ١٩٧٤ - ١٩٧٥ و بەرفراوانی یارمەتییەکانی ئێران بۆ شۆڕشی کورد

سەرکردایەتیی کورد کە پێشینەیەکی لەمێژینەی پڕ لە ناکۆکی و گرفت و شەڕ و تیرۆری هەبوو لەلایەن ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق(٢) «لە ماوەی ٥٠ ساڵی تەمەنی دەوڵەتی عێراق» و، سەرەڕای نەهامەتی و بەدبەختی و ئاوارەیی و سیاسەتی تەعریب و ڕاونان و زەویی سوتماك، توانیبووی "کێشەی کورد" بەرەو پێشەوە ببات و کەم کەم بیگەیەنێتەوە ئاستێکی نێودەوڵەتی و بەجیهان بناسێنێ و ئەو ٤ ساڵەی ئاگربەست و ئاشتی دوای ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠، ٤ ساڵی پڕ لە پیلان و گومان و تیرۆر و ئیستفزازکردن بوو، سەرکردایەتیی شۆڕش داوای دەکرد، بەندەکانی ڕێککەوتننامە وەك خۆی جێبەجێ بکرێ، بەڵام هەر لەگەڵ دواخستنی خاڵی هەرە گرینگی ڕێککەوتننامەکە کە سەرژمێرکردنی ناوچە کێشەدارەکانی کەرکوك و سنجار لەلایەن ڕژێمەوە بوو، گومان و دڵەڕاوکێ دەستی پێ کرد، بۆیە سەرکردایەتیی کورد ناچار بوو، لە سیاسەتی خۆیدا بەدوای ئەلتەرناتیڤ بگەڕێ(٣)، ئەلتەرناتیڤیش هەردەم ئامادەیی هەبوو، لەودیو سنوور بوو دەیتوانی لەلایەك وەك کارتی پاڵەپەستۆ بەکاری بهێنێ و، لە هەمان کاتیشدا خۆی پێ بەهێز و ساز بکا، شای ئێرانیش هەر کات عێراق و شۆڕشی کورد گەرەکیانە با ڕێك بکەون و، ئاگربەست بکەن یان ڕێککەوتننامە مۆر بکەن، دەشڵەژا و چی پێویستبا بۆ ڕێگەگرتن لە ئاگربەست و هەبوونی کەشوهەوای ئاشتی لە نێوانیان، ئەنجامی دەدا.

---

(1) DIRECTOR OF CENTRAL INTELLIGENCE UNITED STATES INTELLEGENCE BOARD 3 september 1970 SPECIAL NATIONAL INTELLIGENCE ESTIMATE NUMBER 30-70 subject (Iran International Position)

(٢) گونتر دشنر، م.س، ص٣٠٦.

(٣) جاناتان راندل، م.پ، ص٢٠١.

وەك باس كرا بۆ كۆسپ دانان لە مۆركردنی ڕێككەوتننامەی ١١ی ئادار، محەمەد ڕەزا شا ناردی بەدوای بارزانی و بەڵێنی دا چی بیەوێ بۆ خۆی و شۆڕشەكەی دەیكا، تەنیا ڕێككەوتننامەكە مۆر نەكا، كە بارزانی ڕەزامەند نەبوو. "شا" لە ساڵی ١٩٧٢ بەناچاری ڕووی لە سەركۆماری ئەمەریكا كرد كە بێتە ناو بابەتەكە و بەجۆرێك لە جۆرەكان متمانە لای بارزانی و سەرانی شۆڕش دروست بكا و بنكۆڵی ئاشتی بكەن بەدانی بەڵێنی پشتیوانیكردن لە كێشەی كورد[١].

لەولاشەوە، سۆڤیەت لە هەڵگیرسانەوەی شەڕو كۆتاییهاتنی ئاگربەست لە ١٩٧٤ دەترسا، چونكە ئەنجامی شەڕ بەبراوە و دۆڕانی كورد، لە زیانی خۆی دەبینی: ئەگەر كورد براوە بێ، ئەوا مانای سەركەوتنی هێزی ڕۆئاوا بوو بەسەر جەمسەری سۆڤیەت و، ئەگەر عێراقیش بیبردباوە، ئەوا بارودۆخی ناوچەكە و عێراق بەرەو چارەنووسێكی نادیار دەڕۆیی، چونكە متمانەی نەبوو كە حزبی بەعسیش دوای سەركەوتن، بێ منەت نەبێ و بەو داهاتە زۆرەی كە لە نەوت وەدەستی دێنێ، ڕووسەكان لە وڵات وەدەرنەنێ[٢]، وەك ئەوەی ئەنوەر سادات لە میسر كردی و لە ئەنجامدا بارودۆخەكەش گرژتر بكات لە ناوچەكەدا، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا، یەكەتیی سۆڤیەت بەردەوام بوو لە یارمەتیدانی عێراق لە بوارە جیاجیاكان[٣].

---

(١) د. شەفیق كە لە نزیكەوە ئاگەداری پێوەندییەكە بووە لە دیمانەكەدا باسی لەوە كرد كە بارزانی متمانەی بە"شا" نەبووە، لەبەر ئەو مێژووە تاڵەی كە لەگەڵی هەبوو و خودی كەسایەتیی محەمەد ڕەزاش، بۆیە هەردەم هەوڵی دەدا زلهێزێك لە نێوان دابێ بۆ ئەوەی ئەو زلهێزە چاودێریی مامەڵەی "شا" بێ لەگەڵ شۆڕش و، ئەگەر "شا"ش هەر كات پشتی كوردی بەردا، كە هەر ئەوەی لێ چاوەڕوان دەكرد، بەلایەن كەمی زلهێزەكە، وەك لایەنی سێیەم، تا ڕادەیەك كورد لە لەناوچوون ڕزگار بكا- هەروەها بڕوانە ڕاپۆرتی پایك كە لە پاشكۆدا هاتووە.

(٢) سەرچاوەكان ئاماژە بەوە دەكەن كە وردە وردە عێراق جۆرە بێ منەتی و ڕوووەرگێڕانێك لە سۆڤیەت دەكا دوای سەركەوتنەكانی لە بوارە ئابوورییەكان «بەرزبوونەوەی نرخی نەوت دوای شەڕی ئۆكتۆبەری ١٩٧٣ و هەروەها دوای شكستی شۆڕشی كورد لە ١٩٧٥». بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: Oles M smolansky & Bettie M. Smolansky, op. cit P.25.

(٣) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە دیكۆمێنتی باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە كوێت لە ١٩٧٤/٢/١٣ كە وا پێ دەچێ "شا" لە بەرنامەی دابووە كە لە داهاتوویەكی نزیك یارمەتی بەكورد كەم =

سۆڤیەت ڕۆڵی ناوبژیکەری بینی لە نێوان کورد و عێراق و بریماکۆف کاربەدەستی ڕووس کە لە مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار ڕۆڵی ئەرێیی و کاریگەری بینی لە نێوان هەردوولا، جارێکی تر چەندان گەشتی کرد بۆ بەغدا بەمەبەستی ئەوەی ڕێگە لە شەڕ هەڵگیرسان بگرێ، بەڵام سوودی نەبوو. یەکێتیی سۆڤیەت بەفەرمی بانگهێشتنی سەدامیان کرد بۆ مۆسکۆ لە ناوەڕاستی مانگی ئاداری ١٩٧٤ و لەگەڵ سەرانی ئەم وڵاتە کۆ بووەوە و داوایان لە سەدام کرد کە بەهیچ شێوەیەك دەستپێکردنەوەی شەڕ لە بەرژەوەندیی عێراقدا نییە[١] و عێراق تووشی شکست و کودەتایەکی تر دەبێتەوە، بگرە شەڕ دەستپێکردنەوە لە بەرژەوەندیی ئێراندا دەبێ چونکە، ئەگەر شۆڕشی کورد بەردەوام بێ، ئەوا دەبێتە هۆی لاوازکردنی سوپای عێراق و سەرگەرمکردنی حکوومەتەکە و "شا" بەئاسوودەیی و ئازادی لە ناوچەکە زاڵ دەبێت بەبێ نەیارێکی بەهێز و، ئەگەر ئەنجامی شەڕەکەش بەرەو ئەوە بڕوات کە عێراق ناچار بێت ملکەچی قبووڵ بکات، ئەوا وەك پێشتر سەدام ڕای گەیاندبوو کە ئەگەر هێزی شۆڕش بە یارمەتیی ئێران تەنگی پێ هەڵچنن، ئەوا نیوەی شەتولعەرەب بە ئێران دەدات و شکست بە شۆڕش دەهێنێ[٢]. "شەتولعەرەب" ئەگەر کێشەی سەرەکیی سنووری نەبووبێ بۆ ئێران، ئەوە یەك لە کێشە سەرەکییەکان بوو کە لەگەڵ عێراق هەیانبوو و دەمێك بوو ئەم گرێیە دەروونییە لای محەمەد ڕەزا شا دروست بووبوو کە کاتی خۆی ڕەزا شای باوکی «بەپێی ڕێککەوتننامەی سنووری ١٩٣٧» باڵادەستیی عێراقی بەسەر شەتولعەرەبی بەفەرمی ناساندبوو.

دوا بەدوای ئەمەریکا، حکوومەتی شا، لە ڕووی داراییەوە، یارمەتیی شۆڕشی دا، لە ١/ ١٩٧٤ تا ٦/ ١٩٧٤، مانگانە ٢٠ ملیۆن تومەنی بەشۆڕش دەدا و لە ٧/ ١٩٧٤ تا ١٩٧٥ دوو بەرامبەری کرد، واتە دوو ملیۆن دینار بەنرخی ئەو کاتی[٣].

---

= بکاتەوە، بۆیە ئەو پرسیارە دەکات کە بەو ڕادە زۆرە یارمەتیی سۆڤیەت بۆ دەوڵەتی عێراق، هەڕەشەیەکە ئەگەر یارمەتی لە کورد ببڕدرێ.

BRITISH EMBASSY KUWAIT 22 november 1971,D.1 Lewty Esq Baghdad,subject : IRANIAN \ IRAQI RELATIONS .

(١) گونتر دشنر:، م.س، ص٣١٣.

(٢) شکیب عقراوي م.س، ص٣٦٢.

(٣) مەسعوود بارزانی : س.پ، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، ل٢٣٥.

لە بەهاری ١٩٧٤ تا سەرەتای ١٩٧٥ شەڕێکی گران و بەردەوام دەستی پێ کرد، هەردوولا زیانێکی زۆریان بینی، شارەزایان و باڵەفڕوانانی ڕووس لە شەڕەکان بەشدار بوون(١)و، هەروەها سوپای ئێرانیش لە سنوورەکان پاڵپشتی شۆڕش بوون، ڕقی هەردوو جەمسەر، لەناو خاکی کوردستان هەڵدەڕژا و کێشە کۆنینەکانی عێراق و ئێران، لەسەر "کورد" و چارەنووسی شۆڕش، بەرەو یەکلاییبوونەوە دەچوو.

شەڕێکی ڕانەگەیێندراو لە نێوان عێراق و ئێران بەردەوام بوو «هەر لە ١٩٦٩ تا ١٩٧٥»: کێشەی شەتولعەرەب چارەسەر نەکرابوو، داگیرکردنی ٣ دوورگەی تونبی گەورە و تونبی بچووك و ئەبومووسا لەلایەن ئێران لە ساڵی ١٩٧١، گرێیەکی تری دەروونیی لای سەرانی بەعس دروست کردبوو؛ پێوەندیی دیپلۆماسیی نێوانیان پچڕابوو(٢).

لە گشت سنوورە وشکانییەکاندا، پێکدادان بەردەوام بوو، بەدرێژاییی ساڵی ١٩٧٤ پێکدادان هەر لە قەسری شیرین تا موسیان لە باشوور، بەردەوام بوو. ناوچەی جوگرافیی پێکدادان لە قەسری شیرین و مهران لە دیوی ئێران و خانەقین و بەدرە لە بەرامبەر ئەوان لە دیوی عێراقدا بوو کە کێڵگەی نەوتی نەفت شەهری ئێران و نەفتخانەی عێراقی دەگرتە خۆ(٣).

لە کۆتاییی هاوینی ١٩٧٤ چەند باڵەفڕەیەکی جەنگیی عێراق، ناوچەی کۆنە لاجانی سەر بەشاری خانەیان بۆمباران کرد کە ١٥ کەسی خەڵکی ناوچەکە کوژران و ژمارەیەك لە خانووەکان وێران بوون و هەروەها لە کۆتاییی ساڵی ١٩٧٤، دوو

---

(١) مسعود بارزانی: هـ.س ، ل١٦٥– یونان هرمز: ايامي في ثورة كردستان، اربيل ٢٠٠١، دار ئاراس، الطبعة الثانية ص١٧٣. هەروەها بڕوانە ڕۆژنامەی نیویۆرك تایمز:

JAMES F. CLRITY, NEW YORK TIMES sep29, 1974 p2

کە ئاماژە دەکات بەبوونی ٨٠٠٠ ڕاوێژکاری سەربازیی ڕووسی کە باڵەفڕوانەکانیش دەگرێتە خۆ باڵەفڕی جۆری ٢٢– TU دەفڕاند ڕاستەوخۆ هاوکاریی سوپای عێراق دەکەن لە لێدانی پێشمەرگەی شۆڕش. هەروەها بڕوانە: ر. د. ملكن: "السياسية السوفيتية في الخليج العربي" في دراسات سياسية عن منطقة الخليج العربي، ترجمة الخليل علي مراد، بصرة ١٩٨٣، ص٤٢.

(٢) خليل علي مراد: الاطماع الايرانية في الخليج العربي...، ص ٢٠٠١.

(٣) عزت الله عزتي م. پ، ص ١٣٨.

باڵەفڕەی عێراقی بەمووشەکی ئێران سەرنگون کران[1]. سکاڵاکردن لە یەکتری لەلایەك و دانوستاندن لەلایەکی تر لە ئەستەمبوڵ، نێوان هەردوو دەوڵەت بەردەوام بوو. کێشە سنوورییەکان جیاواز بوو لە کێشەی کورد، بەڵام کاریگەری ڕاستەوخۆی بەسەر شۆڕشدا هەبوو.

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەوڵی خۆی بەردەوام بوو بۆ کۆتاییهێنانی ناکۆکییەکانی نێوان عێراق و ئێران، دوای دانیشتنی ١٧ ڕۆژەی ئەستەمبۆڵ لە هاوینی ١٩٧٤، بڕیار درا کە وەزیرانی دەرەوەی هەردوولا لە کاتی دانیشتنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرك دانوستاندن بکەن، کە لە ١١/١٠/١٩٧٤ یەکەمین دانیشتنی خۆیان ئەنجام دا و بڕیاریان دا لە داهاتووش بەردەوام بن لە گفتوگۆکردن. خەلعەتبەری، وەزیری دەرەوەی ئێران لە چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەییدا گوتی:

" دانوستاندنەکان ئاسان نییە، چونکە بەرژەوەندیی نەتەوەیی هەردوو وڵات لە ئارادایە و هەردوولا هەوڵ دەدەین کە بیروڕای خۆمان لێك نزیك بکەینەوە"[2].

لە ئەنجامی سەختیی شەڕ و وێرانی گوندەکان و دەستپێکردنەوەی سیاسەتی بەعەرەبکردن و چۆڵکردنی ناوچەکانی کوردنشین لە کورد و هێنانی عەرەب و بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن لەلایەن ڕژێمی عێراق، بارزانی داوا لە ڕژێمی شای ئێران دەکا کە ژمارەیەك لە خەڵکی ئاوارەی ناو کوردستان بگرێتەوە خۆ. لە سەرەتای پایزی ١٩٧٤، نزیکەی ١١٠,٠٠٠ پەنابەری کورد لە کەمپەکانی ئێران جێگیر کران و، ئەم ڕەوکردنە بەردەوام بوو و، دەکرێ بگوترێ لە پایزی ١٩٧٤یش بوو پشتیوانی و یارمەتیی ئێران بەئاشکرایی ئەنجام دەدرا و لە شێوەی نهێنی و شاراوەیی هاتە دەر[3]، لە کاتێکدا کە پێشتر ئەمە ڕازێك بوو تەنیا ژمارەیەکی زۆر کەم لە کادیرانی پارتی دیموکراتی کوردستان چەند و چۆنی پشتگیری و یارمەتییەکەیان دەزانی. لە مانگی ١٠ی ١٩٧٤ بارودۆخی شۆڕش سەخت و دژوارتر بوو، چونکە عێراق شێوازی

---

(١) روزنامه کیهان، ١٣٥٣/١٠/١٠ – گزارش اختصاصی شرق از تازەترین اسناد ازاد شده مربوط به ایران در ارشیو ملی بریتانیا: ایران در سال ١٩٧٥، تاریخ نشر: ٢٠٠٦/١/٤، سال سوم شمارة ٦٦٨.

(٢) روزنامه کیهان، ٢٨/ مهر/ ١٣٥٣.

(٣) کریس کوچرا م. پ ص٣٩١.

شەڕکردنی خۆی گۆڕی و ئەویش ئەوە بوو کە یەکەم جار لە زستاندا، پاشەکشەی بە هێزەکانی نەکرد و مایەوە(١).

سەرکردایەتیی شۆڕش داوای لە ئێران کرد کە یارمەتییان بدا لە کردنەوەی بەرەیەکی نوێ لە ڕەواندز، ئەوە بوو کە ئێران ژمارەیەك تۆپخانەی سەنگینی خۆی هەنارده ناو کوردستان لە ناوچە سنوورییەکان(٢) بەتایبەتی دەوروبەری حاجی ئۆمەران، ئیتر ئێران نەیدەتوانی بوونی هێز و کەرەستەی شەڕی خۆی لە بەرچاوی ڕۆژنامەنووسان و پزیشکان و پەرستیارانی بیانی کە سەردانی کوردستانیان دەکرد، بشارێتەوە و ئەوپەڕی بەقوڕ نیشانەکانی سەر ئۆتۆمۆبێل و کەرەستەکانیان دەشاردەوە کە نیشانەی ئالآی ئێرانی لەسەر بوو(٣). بەلآم "شا" و سەرەك وەزیرانی ئێران "عەباس هوەیدا" لە بەردەم ڕای گشتی، نکوولَییان لە یارمەتیدانی شۆڕشگێڕانی کورد دەکرد و "شا" بەئاشکرایی لە ڤیەننا گوتی: "مەسەلەی ئەوەی کە ئێمە چەك دەدەینە کوردان، ڕاست نییە، چونکە من بۆ خۆم دژی سەربەخۆیی کوردستانم"(٤)، کە بێگومان بەشی یەکەمی وتەکەی ڕاست نییە، بەلآم بەشی دووەمی ڕاستە.

ڕەوشی پەنابەرانی کوردی عێراق، ڕای گشتیی جیهانی تا ڕادەیەك جوولآند و لە ڕۆژنامەکانی ڕۆژئاوا لەسەر بابەتی «جینۆسایدی»ی کورد، وتار دەنووسرا، بۆ یەکەم جاریش بوو کە ڕژێمی "شا" هێشتی ڕۆژنامەنووسانی ئێرانی بێنە ناوجەرگەی شۆڕش و ڕاپۆرت ئامادە بکەن و چاوپێکەوتن لەگەڵ خەڵك و بارزانی بکەن(٥).

---

(١) وتەی د. شەفیق قەزاز.

(2) JAMES FÆ CLARITY, NEW YORK times; sep 29,1974, p.2.

گفتگوهای من باشاه، ج٢ ص ٦٢٣، لە مانگی ١٠/١٩٧٤، شا بە"علم" دەڵێ، ئومێدەوارە کە بارودۆخی کوردەکان بەوەرگرتنی تۆپخانەی دوورمەودا و مووشەکی دژەتانکی ئێمە، باشتر بێ و لە ص٦٣٧، شا دەڵێت "بەم تۆپخانە دوورمەودایانەمان، پشتی عێراقمان شکاندووە... عێراقییەکان دەستەوەستانن لە کپکردنی ئەم تۆپە کوردییانە..."

(٣) کریس کوچرا، م. پ، ص٣٩٤.

(4) Le Monde, 16/1/ 1975.

(٥) د. فوئاد حوسێن، کە تۆژەر چاوپێکەوتنی لەگەڵدا کرد لە شاری هەولێر لە مێژووی ١٣/٦/٢٠٠٥ و ئەو کات ئەویش کەسێکی چالاك بووە لە شۆڕش و ئێستا بەڕێوەبەری =

کەسایەتییە سیاسییەکانی ڕۆئاوایی هەوڵیان دەدا سەرنجی دەوڵەتەکانیان ڕابکێشن بۆ ئەوەی پاڵەپەستۆ بخەنە سەر ڕژێمی عێراقی کە قاتو و قڕکردنی "کورد" بوەستێنێ، لەناو پەرلەمانی بەریتانیا، گفتوگۆ لەسەر ئەو بابەتە کرا و لەلایەن فراکسیۆنی حزبی پارێزگاران داوایان کرد دەوڵەتی بەریتانیا یارمەتیی مرۆیی بۆ کورد بنێرێ و کاریگەری خۆیشی لەسەر نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەرژەوەندیی کورد بەکار بهێنێ، چونکە بەریتانیا لە ئاست ئەوەی لە عێراق ڕوو دەدا بەرپرسە، لە سۆنگەی ئەوەی دامەزرێنەری ئەم وڵاتەیە[١].

پەنابەرانی هەڵاتووی ژێر بۆمبارانەکان، سەرەتا بەرەو سنوورەکانی سووریا و تورکیا چوون[٢]، بەڵام سنووریان لەسەر داخرابوو، بۆیە بەناچاری ڕوویان لە ئێران کرد و ئێران سنووری کردبووەوە و بەلایەنی کەمی لەسەر سنوور لە بۆمبارانەکان، پارێزراو بوون چونکە تۆپی دژەئاسمانیی ئێرانی کە تا زۆر لەوێدا بەرگریی لێ دەکردن.

دەزگای «شیرو خورشید»ی ئێرانی[٣]، یارمەتیی لێقەوماوانی دەدا، هەڵسا بەگواستنەوە و دامەزراندنی پەنابەران لە ئێران و، لە سەرەتا دەوڵەت ٦,٥٠٠,٠٠٠,٠٠٠ ڕیال پارەی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کرد، لە هەمان کاتیشدا داوایان کرد لە کۆمیتەی خاچی سووری نێودەوڵەتی و کۆمیسیۆنی باڵای پەنابەران

---

= دیوانی سەرۆکایەتیی هەرێمە، لە دیمانەکەدا باسی کرد کە شاندێکی گەورەی ڕۆژنامەنووسی لە ئێران لە ساڵی ١٩٧٤ هاتن و بەدەیان وتار و ڕاپۆرت و وێنە گەڕانەوە و و لە ڕۆژنامە و کۆواری فەرمیی ئێران بڵاویان کردەوە لەوانە ڕۆژنامەی فەرمیی "اطلاعات" و کۆواری فەرمی بەزمانی عەرەبی (الاخاء).

(١) گونتر دشنر : م.س، ص٣٥٨.

(٢) سەدام حوسێن لە یادکردنەوەی ساڵوەگەڕی دامەزراندنی حزبی بەعسەوە، لە ١٩٧٤/٤/٧ وتارێکی خوێندەوە کە تێیدا بۆ تورکیای دووپات کردەوە کە نەوتی عێراقیان بەنرخێکی هەرزان پێ دەگا لە حاڵەتێکدا نەوت بۆ تورکیا هەموو شت بوو، بڕوانە: کەندال و ئەوانی تر س.پ، ل ٣١٦.

(٣) شیرو خورشید، دەزگایەکی فریاگوزاریی دەوڵەتی ئێران بوو کە لە کاتی ڕووداوی کارەساتبار یارمەتیی لێقەوماوانی دەدا.

Tehran home service (i) 1030 and (ii) and (iii) 1630 gmt 27 aug 74.

بێنە ئێران بەمەبەستی چاودێریکردنیان[١]. نەخۆشخانەکانی سەربازی کە هی سوپای ئێران بوو، پێشوازییان دەکرد لە پێشمەرگەی بریندار و نەخۆشخانەکانی پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆئاوا و کرماشان و کوردستان «سنە»، وەك مەریوان و پاوە، نەخۆش و برینداریان وەردەگرت و ژمارەی تەختەکانیان زیاد کرد، بۆ نموونە نەخۆشخانەی پاوە لە پارێزگای کوردستان لە ٣٥ تەخت بووە ١٠٠ تەخت، نەخۆشخانەی مەریوان لە ٣٥ تەخت بووە ٦٠ تەخت کە پزیشکی کوردی عێراقیش یارمەتیی پزیشکانی ئێرانییان دەدا[١]و لە سەرەتادا، پەنابەران لە خێوەتگە نیشتەجێ کران، بەڵام لە دواییدا هەڵمەتێکی دروستکردنی خانوو و شوێنی هەمیشەییان بۆ دەست پێ کرا، چونکە لە زستانی ساردی کوردستانی ئێران، حەوانەوەیان لەژێر خێوەت دژوار بوو، تێچووی دروستکردنی خانووەکان گەیشتە ١٠٠ ملیۆن دۆلار[٢].

بەپێی دیکۆمێنتەکانی باڵیۆزخانەی بەریتانی لە تاران.

"شا" لە دانیشتنی لەگەڵ باڵیۆزی بەریتانیا لە ١٩٧٤/٥/٣٠ نیگەرانی و بیروڕای خۆی سەبارەت بەشۆڕشی کورد، بەم شێوەیە دەربڕیوە:

١- تا ئێستا زیاتر لە ٢٦,٠٠٠ پەنابەری کورد هاتوون بۆ ئێران، بەڵام ئەگەر زستان بێ و بۆمبارانی عێراق پەرە بستێنێ، ئەم ژمارە زۆر زیاتر دەبێ، کەواتە بوونی ئەم ژمارە پەنابەرە خۆی لە خۆیدا کێشەیەکی دروست کردووە بۆ ئێرانییەکان.

٢- باڵیۆزی بەریتانی پرسیار لە "شا" دەکا کە ئاخۆ چارەسەری ئەنجوومەنی ئاسایشی UN-SC سەبارەت بەکێشە سنوورییەکانی نێوان عێراق و ئێران دەیانگەیەنێتە ڕێککەوتنێکی یەکجارەکی، "شا" وەڵام دەداتەوە کە واز لە شۆڕشی کورد ناهێنێ و یارمەتییەکی زۆری سوپایی و پێداویستی تریان دەدا، بۆ ئەوەی هەموو کات وەك بوونەوەرێکی زیندوو هەبن، بۆ دژایەتیکردنی دەوڵەتی عێراق، بۆ ئەوەی هەر کاتێ بیەوێ بەکاریان بهێنێ.

٣- باڵیۆزی بەریتانیا سەرنج دەدا و پێی سەیرە لەوەی کە چارەنووسی کورد لە سەرەنجامدا چی بەسەردێت، بەلای شاوە گرینگ نییە، ئەگەر بێتو ئێران لەگەڵ عێراق بگەنە چارەسەرێکی گونجاو بۆ کێشەکانیان... دوا جار، شا لەگەڵ باڵیۆز

(١) د. شەفیق لە دیمانەکەدا ئاماژەی پێ دا کە لە تارانیش چەندان نەخۆشخانە، ئامادەی وەرگرتنی نەخۆش و برینداران بوون.

(٢) گونتر دشنر م.س، ص٣٦٦.

هـاوڕایـە لـەوەی کـە بـەخـۆڕاییـیـە هـەوڵ بدرێ بـەهـۆی کوردەوە، ڕژێمـی عێراق بڕووخێ، بگرە تەنیا لە ناوەوەی بەغدا ئەمە دەکرێ، کە بەداخەوە ئەمەش دژوار بوو(١).

یـارمـەتـیـی ئـێران هـەمـەچـەشن و زۆر بـوو، لـە سەرەتـای ساڵـی ١٩٧٥، ئـێران کۆبوونەوەیەکی گەورەی بەسەرکردایەتیی شۆڕش و گشت سەرکردایەتیی هێزەکانی سوپای ئێران کرد، کە لە سەرکردایەتیی کورد ئیدریس بارزانی و د. مەحموود عوسمان و نوێنەری پارتی لە تاران د. شەفیق ئامادە بوون و مەبەست ئامادەسازی و هاوکاریی سەربـازی بـۆ هـێرشی بـەهـار بـوو، هـەم بـۆ خـۆئـامـادەکـردن، هـەم بـۆ سەلمانـدن و نیشاندانی بەهێزیی شۆڕش لە بەرامبەر عێراق و، لە ڕاستیدا ترساندنی عێراق(٢)، ئەمە وای کرد ورەی پێشمەرگە بەرز بێتەوە و لە بەرامبەر ئەمەدا، عێراقیش لە ١٩٧٥/٢/٦ کۆنفرانسێکی گەورەی نێونەتەوەیی بەبەشداریی گرووپە بەرهەڵستکارەکانی ئێرانی، لە بەغدا بەڕێوە برد، بەناوی "پەلاماری ئێرانی" کە بەوتارێکی دوور و درێژی سەدام حـوسێن کرایـەوە و مـەبـەست پـڕوپـاگـەندەیـەکی بـەربـڵاو لـە دژی ئـێران و ڕاکێشانـی سەرنجی ڕای گشتی و پشتیوانیی نێونەتەوەیی بوو لە حکوومەتی عێراق(٣). هەندێ جار "شا" لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی دانی بەو یارمەتییە زۆرەی دەدا کە لە ئاست کوردان ئەنجام دەدا و ئەوەی دەگەڕاندەوە بۆ حاڵەتی سۆزداری لە سۆنگەی بەرەسەن ئاریبوونی کورد، بەڵام هەر زوو دەرکەوت کە یارمەتیی سەربازی، کەم دەبێتەوە یاخۆ لە کاتی پێویست ناگات و تەگبیر وا بوو، هەرگیز نەیاندەهێشت پێشمەرگەی شۆڕش پاشەکەوتی لە ٣ ڕۆژ زێتر بێت(٤).

---

(١) بڕوانە دیکۆمێنتی باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە تاران:
British Embassy ,Tehran - Received In Registry No 35, 17 Jun 1974.

(٢) وتەی د. شەفیق قەزاز لە دیمانەکەدا.

(٣) بڕوانە: گزارش اختصاصی شرق، سال سوم، شماره ٦٦٨، ٢٠٠١/١/٤.

(٤) د. مەحموود عوسمان لە دیمانەکەیدا کە لە هەولێر لە مێژووی ٢٠٠٥/٦/١٣ کە توێژەر لـەگـەڵـی ئـەنجام دا و هـەروەهـا د. شەفـیـق قـەزاز، هـەردووکـیـان بـاسیـان لـەوە کرد کـە یارمەتییەکە بەشێوەیەك نەبوو کە بەئاسوودەیی سوود لە کەلوپەلی سەربازی وەربگیرێت وەك ئەو تۆپانەی کە ناردیان بۆ نموونە گوللەتۆپەکان و گوللەهاوەنەکانیان درەنگ دەنارد، یان کەمیان دەنارد، بۆ ئەوەی زۆر سوود لە کەرەستەکان نەبینن هەروەها بڕوانە: کەندال و ئەوانی تر، ل ٣١٥.

یەك لە ڕۆژنامەنووسانی سویدی تورد ڤالستروم سەردانی کوردستانی کردووە لە ١٩٧٤ و لەگەڵ ئیدریس بارزانی چاوپێکەوتن دەکا، کە ئیدریس بارزانی ئاماژە بەگرفتی سەرەکیی خۆیان دەکا لە بەرەکانی شەڕ، ئەویش نەبوونی چەکی دژەتانکە. لە دواییدا لە ڕێنوێنیکەر وەرگێڕەکەی "سیامەند" دەپرسێ کە بۆچی لەم بارەیەوە ئێران یارمەتییان نادات، ئەویش وەڵام دەداتەوە: "یارمەتیی ئێران وا نییە کە خەڵکی جیهان بیری لێ دەکەنەوە. لە بەرچاوی ئێرانییەکان، باڵەفڕەی عێراقی بۆمبارانی خەڵکی ئاوارە هەڵاتووەکانی شەڕ دەکا، بەڵام سەیر دەکەن و لە باڵەفڕەکان نادەن و بەریان نادەنەوە کەچی نوێترین مووشەکی بەرگریی ئاسمانییان هەیە و... چونکە شا دەزانێ دەبێ چی بکا، ئەو دەیەوێ کورد تا ئەوەندەی کە دەکرێ و بۆ ماوەیەکی دوور و درێژتر سەرقاڵی شەڕ بکات و هەر ئەوەندە چەك دەداتە کورد کە خۆڕاگرن و، نایەوێ کورد زۆر بەهێز بێ، بۆ ئەوەی نەبێتە مەترسی بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەو[١].

عێراق و ئێران لە حاڵەتی نیمچە شەڕدا بوون، پاڵاوگەکانی نەوتی ئابادان لەژێر هەڕەشەی ڕاستەوخۆی عێراقدا بوو تۆپی عێراق دەتوانی وێرانی بکا، چونکە زۆر نزیکە لە سنوور.

هەروەها د. شەفیق قەزاز باسی لەوە دەکرد کە دەیان ڕێکخراوی مرۆڤایەتی یارمەتییان بۆ دەناردن و تاقە ڕێگەی ناردنی یارمەتییەکان، تاران بووە کە لە عەمبارەکانی تاران دەمایەوە و نیوەی دەدزرا و تەنانەت ئاماژەی بەکارەبا کوژانەوە دەکرد لەو شوێنانە کە عەمبارەکانی لێ بوو و لە کاتی کوژانەوەکە، دەرفەت بووە بۆ دزین لەلایەن کاربەدەستانی ئێران، هەروەها دزینی چەك و فیشەکیش دەگرێتەوە کە کۆمەڵێك خەڵکی گەندەڵ دروست بووبوون لە نێوان شۆڕش و ئێران کە وەك پێویست و بەو ڕادەیەی کە تەرخان کرابوو، نەدەگەیشت.

لە هەمان کاتدا، د. شەفیق قەزاز باس لە چالاکییەکانی ئۆفیسی نوێنەرایەتیی خۆی دەکا لە تاران کە لە ساڵی ١٩٧٤ ڕۆژانە دەیان چاوپێکەوتنی لەگەڵ نوێنەرانی بیانی و ڕۆژنامەنووس و ڕێکخراوی خاچی سووری نێودەوڵەتی ئەنجام دەدا و بەم شێوەیە دەنگی شۆڕشیان بەجیهان دەگەیاند و لەلایەکی تر یارمەتی بۆ شۆڕش کۆ دەکرایەوە

---

(١) تورد ڤالستورم : لیسس لنا من اصدقاء غیر الجبال، ریپورتاج من کوردستان، ترجمة عبدالسلام نعمان، دهوك ١٩٩٨.

لە وڵاتان و هەروەها لەلایەن کوردی ئێران.

نوێنەرایەتیی شۆڕش لە تاران، ڕێزێکی تایبەتیان هەبوو لەلای خەڵك و ڕژێمی ئێران، ئەمە لەلایەك بووە هۆی دڵەڕاوکێی ڕژێمی ئێران کە پەیتا پەیتا کێشەی کورد خەریك بوو لە دەستیان دەردەچوو و گەورە دەبوو، لەلایەکی تر شەڕی پارتیزانی کوردیش خەریك بوو دەبوو بەشەڕی بەرەیی کە لایەکی شەڕەکە ئێران بووە، هەروەکو میر فندرسکی لە کتێبەکەی ئاماژەی پێ داوە کە لە شەڕی شاراوە بوو بەئاشکرا و لە شەڕی ناڕاستەوخۆ بوو بەشەڕێلک٢٢٢ی ڕاستەوخۆ لە نێوان ئێران و عێراق(١)، وەك د. مەحموود دەڵێت، ئێران لەسەر چەکە گرانەکان، سەربازان و ئەفسەرانی خۆی دادەنا و بەجلی کوردی لە ناوچەکەدا بوون(٢)، کەواتە کۆنترۆڵی شۆڕشیان کردبوو، بۆ ئەوەی هەر کاتێ بیانەوێ کۆتایی بەیارمەتییەکە و شۆڕشەکە بهێنن، واتە وردە وردە جڵەوی شۆڕشیان هێنا ژێر دەستی خۆیان و ئەمەش ئامانجی شا بوو کە کۆنترۆڵی شۆڕش بکا سەرەنجام بەم ئاواتەی گەیشت و لەم ڕێگەیەوە توانی بەئامانجی کۆتاییی خۆی بگات(٣).

شا بەوەزیری دەربار «علم» فەرمان دەدات کە بە باڵیۆزی بەریتانیا ڕابگەیەنێ کە ″کوردەکان تەمبەڵ بوونە و باش شەڕ ناکەن″(٤)، ئەوەی لێ دەگەڕێین کە بۆچی وەزیر دەبێ ئەم پەیامە بەباڵیۆزی بەریتانیا بگەیەنێ، بگرە مەبەست نیشاندانی ″کۆنترۆڵی شۆڕش″ە لەلایەن شاوە. هەروەها لە شوێنێکی تر ئاماژە بەوە دەکرێ کە سەرەڕای ئەوەی شا لە ئاهەنگێك بەشدار بووە، بەڵام زۆر پەرێشان بووە بەبیستنی هەواڵی ئەوەی کە کوردەکان لە بەری شەڕ لە بەرامبەر عێراق بەزیون، ″علم″ دەڵێ کەس نەیدەزانی ″شا″ بۆچی تا ئەم ڕادەیە پەشۆکاو بوو(٥).

---

(١) احمد فندرسکی واحمد احرار : م.پ، ص٢٣٩.

(٢) وتەی د. مەحموود عوسمان لە دیمانەکەدا.

(٣) وتەی د. شەفیق قەزاز لە دیمانەکەدا.

(٤) یاداشتهای علم ، ج٤ ص٢٣٤.

(٥) هـ.س، ص٢٦٨.

## بەندی سێیەم

## گۆڕانی هەڵوێستی ئێران لە ئاست شۆڕشی کورد و بەستنی ڕێککەوتننامەی جەزائیر لە ٦ی ئاداری ١٩٧٥

هەروەکو لە بەندی یەکەمی ئەم بەشە باس کرا، یەکەتیی سۆڤیەت بوونی شەڕ لە نێوان کورد و عێراقی لە قازانجی خۆی نەدەزانی، چونکە بەتەواوەتی پێگەی خۆی لە ناوچەکە موکوم نەکردبوو، بەپێچەوانەی هێزەکانی ڕۆئاوا، لە سەرەتا بەریتانیا و لە دوایـیدا ئەمەریکاش، کە دەمێك بوو پێگەیان هەبوو و دەسەڵاتیان بەسەر هەموو ناوچەی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست دادەشکا. یەکەتیی سۆڤیەت لە سەرەتای ڕێگەکەی بوو و دەستی لەرزۆك بوو و نەیدەویست خۆ بخاتە بەر مەترسی و دەستی لە بەرژەوەندییەکانی بەربێ.

هەروەکو باس کرا، کێشەی هەبوونی شۆڕشی کورد، یەك لە کێشەکانی نێوان عێراق و ئێران بوو، کە شۆڕش "ئەنجام" بوو و کۆمەڵێ هۆکار لە پشتییەوە بوو، بەڵام کێشەی جێگیر و زاتی «خودی» لە نێوانیان، شەتولعەرەب و کێشە سنوورییەکانی تر و سەروەری کەنداو بوو، لەو ململانێ سیاسی و پێکدادانی جێگیر و زاتی لە نێوانیان، سنووری نێوان ئێران و عێراق دواجار هەڵچوون و گرژتربوونی پێوەندییەکانی هەردوولا، یەکەتیی سۆڤیەت ڕۆڵی "بێلایەنی" دەبینی و لە هەمان کاتدا چەکی بەهەردوولا دەفرۆشت کە بلیۆنان دۆلاری قازانج کرد و لە سەردانی "شا" بۆ مۆسکۆ لە پایزی ١٩٧٤، نیکۆلای پودگورنی، سەرۆکی حکوومەتی سۆڤیەت ڕای گەیاند کە گرژیی نێوان ئێران و عێراق پەرەی سەندووە و لە بەرژەوەندیی ئاشتیدا نییە و هیوایان وایە کە ناکۆکییەکانیان لەسەر مێزی دانوستاندن و لەسەر بنەمای بەیەکەوە ژیانی

(١) کمال مجید : م.س، ص٥٣– شا لە گفتوگۆی لەگەڵ وەزیری دەربار «علم» لە گەڕانەوەی لە سەفەری مۆسکۆ ئاماژەی دا کە برێژنێف سەرکۆماری سۆڤیەت بەتوندی پێی گوتووە کە ئەم خۆ پڕچەککردنەی ئێران و دەستتێوەردانی لە کاروباری کەنداو، لەوانەیە ببێتە هۆی شەڕێکی جیهانی، هەڵبەت مەبەستی ئەوە بوو کە سۆڤیەت بەپێی ئەو ڕێککەوتننامەیەی کە لەگەڵ عێراق بەستوویەتی، ناچارە بێتە ناو شەڕی عێراق و ئێران «یادداشتهای علم، ج٤، ص٢٩٧».

ئاشتییانه و دراوسێیەتیی چاك، چارەسەر بكرێ[١] و، هەروەها جەختی كردەوە كە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەكەی لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی بەرامبەر و دەستتێوەرنەدان لە كاروباری یەكتری و لەسەر بنچینەی پێوەندیی ئابووریی سوودگەیێن بۆ هەردوولا بەردەوام دەبێ[١].

هەڵوێستی ئەمەریكاش هەر لە سەرەتادا ڕۆشن و ئاشكرا بوو، یەكەم لەبەر سووربوونی "شا" بوو كە دەستی كرد بەیارمەتیدانی شۆڕشی كورد لە دژی عێراق، دووەم ئەمەریكا یارمەتیی كوردی دەدا، چونكە هێنری كیسینجەر لە تاران لە ساڵی ١٩٧٢ بە"شا"ی گوتبوو كە: "ڕووسەكان لە پێوەندییان لەگەڵ عێراق زێدە چوونەتە پێش و دەبێ كارێكی وا بكرێ ڕێگە لەم گەندەڵییە بگیرێ" هەروەها چەند ساڵ دواتریش كیسینجەر گوتبووی كە "ستراتیجییەتی ئێمە زۆر ئاشكرایە، ئەویش بێهێزكردنی هەر وڵاتێك كە سەر بەسۆڤیەتە، چونكە سۆڤیەتییەكان پێوەندیی سوپاییان لەگەڵ عێراق دامەزراند، ئێمەش یارمەتیی كوردمان دا"[٢].

هەر كات "شا" بیویستبا، ئەمەریكا پاشەكشەی دەكرد، چونكە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەییی كورد، لە پلانی ستراتیجیی وڵاتی ئەمەریكادا نەبوو، ئەوەی گرینگ بوو، بەرژەوەندییەكانی خۆی بوو لە ناوچەكە و جیهاندا، ئەگەر مەسەلەی لاواندنەوەش بێ، ئەوا ئەمەریكا دەوڵەتان دەلاوێنێتەوە، نەك گەلانی بێ دەوڵەت.

كاتێ كە شۆڕش توانی بەرامبەر بەهێزی سوپای عێراق بەرەڤانی لە خۆی بكا، سەدام جێگری سەرۆكی ئەنجوومەنی سەركردایەتیی شۆڕشی عێراق، بڕیاری دا لە ڕێگەی خاڵی لاواز یان گرێ دەروونی و مێژووییەكەی ئێران، لەگەڵ تاران دانوستاندن بكات، واتە مامەڵە و گفتوگۆ لەسەر كێشە سنوورییەكان «بە ئاو و خاكەوە» كە گرینگترینیان شەتولعەرەب بوو.

سەدام دەستی بەپێوەندی كرد لەگەڵ ئەو وڵاتانەی كە نێوانیان لەگەڵ ئەمەریكا خۆش بوو، وەك سعوودیە و ئوردن و میسر[٣]و لە كۆنگرەی لووتكەی عەرەبی لە ربات

(١) احمد میر فندرسكی و احمد احرار : م.پ، ص١٢١– یادداشتهای علم ج٤، ص٢٩٤.

(٢) جاناتان راندل : م.پ ص١٩٦– هەروەها بڕوانە:
Henri Kissinger: Years Of Renewal, ... p 580.

(٣) میسر لەسەر كێشەی نیمچە دوورگەی سینا، چەقیبوو و ئەمەریكا هەوڵی چارەسەری كێشەی میسر و ئیسرائیلی دەدا دوای شەڕی ١٩٧٣و، هێنری كیسینجەر كۆششی دەكرد =

لە ١٩٧٤/١٠/٢٦ کێشەی خۆی لەگەڵ ئێرانی بۆ شی کردنەوە. کۆنگرە بڕیاری دا کە پاشای ئوردن «حوسێن» بەئەرکی ناوبژیکەری هەڵسێ و دوای ئەمە، میسریش بە ئاشکرایی ئەم ڕۆڵەی بینی(١).

هەر لەم کۆنگرەیەدا هەواری بومەدیەن سەرۆکی جەزائیر ڕۆڵی سەرەکی بینی بۆ نزیکبوونەوەی عێراق و ئێران، چونکە دەیویست بالادەستیی سۆڤیەت و ئەمەریکا لە کەنداو و دەریای سپیی ناوەڕاست کەم بکاتەوە، کە ناکۆکیی ئێران و عێراق وای کردبوو هەردووکیان زیاتر دەست بخەنە ناو کاروباری ناوچەکە(٢). لەلایەکی تر، لەسەر داخوازی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، دوا بەدوای پێکدادانەکانی سنووری نێوان هەردوو سوپای عێراق و ئێران و بەدرێژاییی ساڵی ١٩٧٣- ١٩٧٤، کەوتنەوەی کوژراو و بریندارو وێرانبوونی ژمارەیەك خانووبەرەی خەڵکی لادێکانی سەر سنوور، لێژنەیەك پێك هاتبوو لەلایەن ئەم ڕێکخراوە بۆ بەدواداچوونی کێشە سنوورییەکان و، بڕیاری ئاگربەست لە نێوانیان لە ١٩٧٤/٣/٧ درا و، هەروەها نوێنەرانی هەردوو حکوومەت لە ئەستەمبوڵ کۆبوونەوە بۆ جاری یەکەم لە هاوینی ١٩٧٤ «بڕوانە بەندی دووەم لەم بەشە. کۆ بوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی ئێران و عێراق لە نیویۆرك لە ١٩٧٤/١٠/١١ بۆ چارەسەری کێشەی پێکدادانی سنووری نێوانیان بەڕێوە چوو لەلایەن ئەمەریکاشەوە، هێنری کیسینجەر چاوی کەوت بەتاڵیب شەبیب نوێنەری عێراق لە ئەنجوومەنی ئاسایش و باسی لە باشترکردنی پێوەندیی عێراق و ئەمەریکا و، دوورخستنەوەی سۆڤیەتی کرد و هەروەها باسی لە ئاسایشی کەنداو و ڕەوانەکردنی نەوت بۆ ڕۆئاوا و میانڕۆییی عێراق لە مەسەلەی فەلەستینی کرد(٣). بۆ جاری

= تاکو هێزەکانی هەردوولا لە سینا لێك دوور بخاتەوە، سوریاییەکان بەم ڕێککەوتنە لەسەر دەستی ئەمەریکا زۆر قەڵس بوون، هاوکات بەعسیی سووریا و بەعسیی عێراقیش لە ململانێی بەردەوام دابوون کە سەرکردایەتیی نیشتمانیی عەرەب بگرنە ئەستۆ، بەڵام عێراق بەپراکتیك لە ڕاست کێشەی فەلەستین بێ دەردەسەرتر بوو، بۆیە ئەمەریکا و ئەنوەر سادات هەوڵیان دا یارمەتیی عێراق بدەن بۆ ڕزگاربوونی لە کێشەی کورد و ئێران و لە بەرامبەر ئەمەدا، بەغدا نەرمی بنوێنێ لە ڕێککەوتنی میسر و ئیسرائیل بڕوانە: کەندال و ئەوانی تر س.پ، ل٣١٣.

(١) حامد محمود عیسی : م.س، ص٢٣٦.

(٢) کریس کوچیرا : م.پ، ص٤٠١.

(٣) حامد محمود عیسی :، م.س، ص٢٣٧.

دووەمیش لە ١٩٧٥/١/١٦ تا ١٩٧٥/١/٢٠ هەردوولا لە ئەستەمبوڵ کۆبوونەوەیان کرد(١). دوای کۆبوونەوە، ڕۆژنامەوانێك پرسیاری ئاراستەی وەزیری دەرەوەی ئێران کرد کە ئاخۆ ڕێککەوتنی هەردوولا لەسەر حسێبی کوردە؟ وەڵامی نەرێیی بوو، بەڵام بەپێچڕاوەیی تێی گەیاند کە وایە، واتە ئەگەر دوو لایەن ڕێك بکەون لەسەر سێ لایەنی ناکۆك، بێگومان، لایەنی سێیەم زیانمەند دەبێ(٢).

سەرکردایەتیی شۆڕش بیری لە ڕێککەوتنی نێوان ئێران و عێراق نەدەکردەوە. هەردوو وڵات بۆ جاری سێیەم لە ئەستەمبوڵ لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٥ بەنهێنی کۆ بوونەوە.

دوای ئەم کۆبوونەوە بوو کە سەدام بڕیاری دا ڕاستەوخۆ دانوستاندن لەگەڵ "شا" بکا(٣)، چونکە سەدام و ئێرانیش هەستیان کرد کە شەڕی ناڕاستەوخۆیان دەبێتە شەڕێکی ڕاستەوخۆ و هیچ کامەیان نەیاندەویست کە کار بگاتە شەڕێکی ڕاستەوخۆی ئاشکرا. شای ئێران سیاسەتی "تا ڕۆخی هەڵدێر"ی پیادە دەکرد بەڵام نەیدەویست لەوە زیاتر پێی بخزێ. عێراقیش هەرچی چەکی هەبوو، سەرفی کردبوو و بەپێی قسەی سەدام زیاتر لە دوو بۆمبی نەمابوو(٤)، هەرچەندە بەم ڕادەیەش نەبوو(٥)، بەڵام

(١) هەر لەم کۆبوونەوەیە خاڵە ناکۆکەکان زۆربەیان چارەسەر کران، تەنیا مەسەلەی ڕووباری شەتولعەرەب چەقی بوو. داواکارییەکانی ئێران لەم کۆبوونەوەیە ئەوە بوو:

١- عێراق نەهێڵێ سۆڤیەت داوودەزگای سەربازی دامەزرێنێ.

٢- عێراق، بەرهەڵستکارانی ئێرانی پەنا نەدا.

٣- عێراق کۆتا بەپڕوپاگەندەی دژ بەئێران بهێنێ.

٤- بەهاوکاری لەگەڵ یەکتری ئاسایشی کەنداو بپارێزن.

عێراقیش داوای لە ئێران کرد کە واز لەم کێبەرکێی کڕینی چەك بهێنێ کە خەریکە بەرەو هێزێکی سوپاییی گەورە دەڕوات بەپێی پێوەرە جیهانییەکان هەروەها کۆتا بهێنێ بەیارمەتیدانی بەرهەڵستکارانی عێراق. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: اصغر جعفری ولدانی، م. پ، ص٤٧٤- ٤٧٥.

(٢) حامد محمود عیسی:، م.س، ص٢٣٦.

(٣) جواد هاشم : م.س ص ١٩٧- ١٩٨.

(٤) احمد میر فندرسکی و احمد احرار : م.پ ص٢٤٠.

(٥) بۆ سەلماندنی ئەوەی کە سەدام لە ڕووی چەکدارییەوە، بێهێز نەبوو و دەیان کەشتیی سۆڤیەتی لە کەنداو، لە ١٩٧٤ کەلوپەلی شەڕیان بۆ هێنابوو، بڕوانە: عبدالفتاح علی یحیی: هل =

تووشی لەبەرڕۆیشتنێکی ئابووریی زۆر بووبوو کە مەزەندە دەکرا تێچووی ئەم شەڕە ڕۆژانە بۆ عێراق ٢,٥ ملیۆن دۆلار بوو و لە ڕووی مرۆییەوە ٧٠٠٠ کوژراو و ١٠٠٠٠ بریندار(١).

میسر بەردەوام بوو لە زەوینەسازی بۆ ڕێککەوتنی هەردوولا و "شا" سەفەری کرد بۆ میسر و، ئەنوەر سادات سەرۆکی میسر هەوڵی خۆی لەگەڵ "شا" دا بۆ ئاشتی لەگەڵ عێراق و، لە کاتی گەڕانەوەی "شا" بۆ ئێران، لەلایەن ئێرانییەکانەوە ڕاگەیێندرا کە "شا" لە گفتوگۆ ڕای گەیاندووە کە پێویستە کێشەی کورد ڕوون و ئاشکرا بێت(٢).

سەفەری "شا" بۆ میسر، پڕ لە خێروبێر بوو بۆ "سادات" چونکە "شا" بەڵێنی قەرزێکی یەك میلیارد دۆلاری پێ دا(٣).

دوا بەدوای ئەم سەردانەی "شا"، شاندی سەرکردایەتیی شۆڕش چاویان بە "سادات" دەکەوێ و "سادات" دڵنیایان دەکاتەوە کە مافی کورد لەم دانوستاندنە پێشێل ناکرێ(٤).

دوا بەدوای ئەم گفتوگۆیە و نەرمی نواندنی ڕژێمی عێراق، هێنری کیسینجەر، بەنهێنی سەردانێکی ٢٤ سەعات بۆ بەغدا دەکا لە کۆتاییی مانگی ٢ی ساڵی ١٩٧٥ بەمەبەستی ڕێککەوتنی ئێران و عێراق(٥).

بۆ ڕێککەوتنی ئاشتی لە نێوان ئێران و عێراق، گشت وڵاتانی زلهێزی ئەورووپایی

= صحيح ان صدام حسين لم يعد يمتلك قذيفة مدفع واحدة لمحاربة البارزاني، جريدة الموصل الحرة العدد ٣٧، ٢٠٠٨/١/٥.

(١) دیڤید ماکداول : س.پ ص٦٩٨.

(٢) حامد محمود عیسی : م.س ص٢٣٦.

(٣) کریس کوچیرا : م.پ ص٤٠١، هەروەها ساڵێ دوای ڕێککەوتننامەکە، لە سەفەری نهێنیی ئیسحاق ڕابینی سەرەك وەزیرانی ئیسرائیل بۆ تاران، "شا" داوای لە "رابین" کرد کە بەرامبەر بە "سادات" نەرمی بنوێنێ و بەم شێوەیە ڕۆڵی گێڕا لە نزیککردنەوەی هەردوو دەوڵەتی میسر و ئیسرائیل کە ناکۆکی و گرژیی کۆنیان لە نێوانیاندا هەبوو و لە ئەنجامدا بوو بە ڕێککەوتنی ئاشتی لە ١٩٧٨ دوای ٣٧ ساڵ شەڕ و ناکۆکی (بڕوانە: ژان پیر دیگار و... ص١٩٠).

(٤) کریس کوچیرا : م.پ ص٤٠٠.

(٥) ڕێبازی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد، ل٥٧.

و ئەمەریکا دەستیان تێدا بووە، لە بیرەوەرییە نهێنییەکانی "علم" وەزیری دەرباری شا، باس لە سەفەری شا دەکا بۆ سویسرا، دوای سەردانی ئوردن و میسر– کە ژیسکار دستن دێ بۆ ئەوێ بۆ ئەوەی چاوی بە شا بکەوێت کە "علم" ئاماژە بەم خاڵە دەکا کە دوای ٧٦ ساڵ، بۆ یەکەم جار بوو کە سەرکۆماری وڵاتی فرەنسا سەردانی سویسرا بکا، ئەویش نەك بۆ دیتنی سەرانی سویسرا، بگرە بۆ دیداری شای ئێران و، هەروەها کیسینجەر لە گەڕانەوەی لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا دەچێتە زوریخ پایەتەختی سویسرا بۆ دیتنی شا(١).

لەگەڵ نەرمی نواندنی ڕژێمی عێراق لە بەرامبەر پێشنیازەکانی هێنری کیسینجەر، ناکۆکییە ئایدیۆلۆجییەکەی ئێران و عێراق کەم بووەوە و دەرفەتی دا بۆ دانوستاندن و چارەسەکردنی کێشە سنوورییەکان، وەك دانوستاندن و ڕێککەوتننامەکانی پێشووی ١٩٣٧، ١٩١٣ی ئەستەمبوڵ و ١٨٤٧ی ئەرزەروم(٢).

نەرم نواندنی ڕژێمی عێراق، ناکۆکیی ئایدیۆلوجیی کاڵ کردەوە ئەم، هەوڵەکانی ڕێککەوتن و پێویستی ڕێککەوتن و بڕواهێنان بەڕێککەوتنی، گەیاندە ئەنجام و سەدام سەرۆکایەتیی شاندێکی گەورەی دەکرد بۆ بەشداربوونیان لە کۆنگرەی سەرانی دەوڵەتانی ئۆپێك و لەوێدا دانوستاندی لەگەڵ "شا" کرد، کە لەم دانوستاندنە هەواری بومەدیەنیش بەشدار بوو و سەرەنجام گەیشتنە کۆمەڵێك خاڵی ڕێککەوتن لەسەر ناکۆکییەکانی نێوانیان، یەك لەوانە بڕینی یارمەتیی ئێران لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە عێراق و بە نهێنیش ڕێککەوتن کە خومەینی لە عێراق دوور بخرێتەوە(٣)، یاخۆ پێوەندییەکانی زۆر سنووردار بکا لەگەڵ دەرەوە(٤).

بارزانی دوای چەند ڕۆژ چاوەڕوانی لە تاران، لە ١١/٣/١٩٧٥(٥) چاوی بە"شا"

(١) گفتگوهای من باشاه، ج٢، ص٦٥٥.

(٢) بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ئەم ڕێککەوتننامانە بڕوانە: آذرمیدخت مشایخی فریدنی: مسائل مرزی ایران و عراق.

(٣) جواد هاشم : م.س، ص١٩٨.

(٤) پیر دیگارو... م.پ ص١٨٩.

(٥) هەندێ لە هاوڕێبازانی بارزانی بەدووری نازانن کە دانانی مێژووی ١١ی ئادار وەك ڕۆژی چاوپێکەوتن، لەلایەن شاوە بەئەنقەست بووبێت، وەك تۆڵەسەندنەوەیەك لە بارزانی کە لەم مێژووە لە ساڵی ١٩٧٠ بەقسەی شای نەکرد و لەگەڵ ڕژێم ڕێك کەوت و =

کەوت[1] و، "شا" هەوڵی ڕێککەوتنی هەردوو دەوڵەتی لە جەزائیر پێ گەیاند و هەروەها بەکورتی باسی لەو خاڵانە کرد کە لە سەری ڕێك کەوتوون سەبارەت بە کورد و شۆڕشەکەی، ئەوە بوو کە سنوورەکان دادەخا و یارمەتی لە ئێرانەوە دەبڕدرێ و تا کۆتاییی مانگی ئادار پێشمەرگە لە هەردوولای سنوور، دەبێ خۆیان ساغ بکەنەوە یان خۆیان بدەنە دەست ڕژێمی عێراق، یان ئێران وەك پەنابەر وەریان دەگرێ و لە ئێران نیشتەجێ دەبن.

دوای بیستنی ئەم وشانە، بارزانی گلەییی لە "شا" کرد کە ئەو خۆی بەخاوەن و باوکی کورد دەزانی. هەروەها داوای لێ کرد کە یارمەتی و پشتگیریی خۆی لە کورد نەبڕێ بەڵام "شا" ئەم داوایەی ڕەت کردەوە.

چۆنیەتیی تێڕوانینی بەرامبەر بەبزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و سەرکردایەتییەکەی، تێڕوانینێکی ئاغا و کۆیلەیی، ئەفسەر و سەرباز و باوکسالار و کوڕ بوو، د. شەفیق قەزاز کە یەك لە ئەندامانی شاندەکە بوو چۆنیەتیی ڕێوڕەسمی دیدارەکە بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە:

"شا بەجلی سەربازی پێشوازیی لە ئێمە کرد کە ئەمە خۆی مانای ئەوە دەگەیەنێت کە وەك سەرکردەیەکی سەربازی سەیری پێشمەرگە «سەربازان»ی کردووە، یەکسەر لە یەکەم ئاخافتنیدا، هەوڵی دا پاکانەی کارە چاوەڕواننەکراوەکەی خۆی بکا، ئەویش بەو پاساوەی کە" کۆششی پێشمەرگە بارتەقای سوپای عێراق نەبووە[2]" و نەیانتوانیوە

= ئێستاش ئەو تۆڵە دەکاتەوە و لە دژی ئەوان لەگەڵ ڕژێمی عێراق ڕێك دەکەوێ لە هەمان مێژوو و هەروەها بڕوانە:

David A. Korn: The Last Years of Mustafa Barzani, Middle East Quarterly June 1994.

(١) اسداللّە علم لە کتێبەکەی باس لە خوڵقی "شا" دەکا بۆ دیداری بارزانی کە هەستی بەنائاسوودەیی و شەرمەزاری کردووە بەرامبەر بەبارزانی. گفتگوهای من باشاه، ج٢، ص٦٦٥.

(٢) هەژار، س.پ، ل٣٠٤– ٥٥، ئاماژە بەوتەی "نەسیری" دەکا کە سەرۆکی دەزگای "ساواك" بووە و شیکردنەوەی ئەو پاساوەی کە شا وازی لە یارمەتیی شۆڕش هێناوە، چونکە پێشمەرگە دەروەستی سوپای عێراق نایەت و ئەمە دەخاتە پاڵ سەرانی هێزی پێشمەرگە کە تەنیا خەریکی دزین و ڕابواردنن لە شارەکانی ئێران و کەسیان لە بەرەی شەڕدا نین و هەروەها دەڵێ: "یاریدەدانتان جگە لە زیان بۆ ئێران هیچ بەهرە نادا".

ڕەتی عێراق بدەنەوە، من ناچار بووم بەکردەیی ڕاستەوخۆ بێمە ناو شەڕەکە، بۆیە ئاراستەکە بەرەو ئەوە دەڕۆیشت کە ببێت بەشەڕێکی بەرەیی نێوان ئێمە و عێراق، ئێمە ناچار بووین ڕێك بکەوین" و هەروەها بۆ دڵدانەوەی شاندەکە و کورد، گوتی: " ئێمە ئەم ڕێککەوتنە، وەك ئەزموونێك سەیری دەکەین، ئێوە وەك میوان دێنە ئێران واتە بەپێی ڕێوڕەسمی ئێمە دەجووڵێنەوە.[١]"

بارزانی بەر لەم دیدارە و دوای دیدارەکەش تا ١٩٧٥/٣/١٩ بڕیاری بەردەوامیدانی بەشۆڕش دابوو[٢]. بەڵام دوای ئەم ڕێککەوتە، لەژێر کۆمەڵێ هەڕەشەی جیدی بۆ سەر پێشمەرگەی شۆڕش لەلایەن ڕژێمی ئێرانەوە، فەرمانی کۆتایی شۆڕشی دەرکرد، ئەویش دوای ئەوەی کە "شا" دەرفەتی دا بە سوپای عێراقی بچنە ناوەوەی خاکی ئێران و لە پێشمەرگە وەرسووڕێنەوە و پێش و پاشیان لێ بگرن و گەمارۆیان بدەن و زۆر بەئازار و نەهامەتی لە نێوانیان بەرن، کە بێگومان هەڕەشەیەکی جیدیش بوو لەسەر ژیانی بارزانی و سەرانی تری حزب، بارزانی تەمەنی ٧٢ ساڵ بوو و تووشی نەخۆشییەکی کوشندەش هاتبوو، بۆیە حەماسەتی ساڵانی ١٩٤٧ بوو کە سێ سنووری وڵاتانی دراوسێی بڕی و لە ئاوی ئاراس پەڕییەوە بۆ سۆڤیەت، تەمەن و نەخۆشی ڕێگەیان لێ گرتبوو[٣].

ئیسرائیل ئامادەی هیچ جۆرە یارمەتی و پشتگیرییەك نەبوو، چونکە ڕێککەوتنەکە بەهەوڵی ئەمەریکا و ڕۆئاوا بەگشتی ئەنجام درابوو و جگە لەمەش، ئێران نەوتی ئیسرائیلی دابین دەکرد، بۆیە لە بازنەی بەرژەوەندیی خۆی و ئێران دەرنەدەچوو[٤] و،

(١) وتەی د. شەفیق قەزاز لە دیمانەکەدا.

(٢) شکیب عقراوي، م.س، ص٤١٩.

(٣) مەسعوود بارزانی س.پ، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم ل١٧٩– هەروەها هەژار لە چێشتی مجێور، ئاماژە بەهەڕەشەی "نەسیری" دەکا کە لە ڕاستیدا پەیامی شا بوو کە دەڵێ: ئەگەر هەر شەڕ بکەن لێتان دەدەین و یاریدەی بەعس دەکەین، ئەوا پەیامی شاهنشاهیە..." بڕوانە هەژار س.پ، ل٥٥٤.

(٤) مەسعوود بارزانی لە کتێبەکەی دەنووسێ کە یەکەمین پێوەندیی لەلایەن جەلال تاڵەبانی و شەمعون پیرس لە پاریس لەسەر دەستی د. کامەران بەدرخان و بەبڕیاری سەرکردایەتیی پارتی بوو لە ساڵی ١٩٦٣. لە ساڵی ١٩٦٥ دیڤید کەمحی بەنوێنەرایەتیی حکوومەتی ئیسرائیل، گەیشتە کوردستان و دەستیان کرد بەیارمەتییەکی سنووردار لە ڕووی سوپایی و تەکنیکییەوە و ئەوانیش وەك سیاسەتی ئەمەریکا و ئێران، تەنیا =

لە هەمووی گرینگتر "شا" ڕۆڵی ناوبژیکەری بینی بۆ نزیککردنەوەی ئیسرائیل و میسر، هەروەکو میسریش، ڕۆڵی ناوبژیکەری بینی بۆ ڕێککەوتنی ئێران و عێراق، دوای شەڕێکی ناڕاستەوخۆی ١٧ ساڵەی نێوانیان (١٩٥٨– ١٩٧٥).

شا لە گەڕانەوەی لە جەزائیر، هەستی بە ئاسوودەیی و سەرکەوتن دەکرد کە توانی ئەو شەرمەزارییەی کە لە باوکی بەمیرات بۆی مابووەوە، چارەسەر بکات، ئەویش گەڕاندنەوەی نیوەی ئاوی شەتولعەرەب بوو بۆ ناو سنووری ئێران(١).

وەزیری دەربار، ئەسەدوڵا علم، دوای گەڕانەوەی شا لە جەزائیر و ڕێککەوتنی لەگەڵ سەدام حوسێن، دەپرسێ: "کوردستانی ئۆتۆنۆم چی بەسەر دێت؟ شا دەڵێ: هەر لە سەرەتاوە بێ مانا بوو، بەردەوام دەبەزین، بێ پشتیوانیی ئێمە ١٠ ڕۆژیش خۆیان نەدەگرت لە بەرامبەر عێراقییەکان(٢). چوار سەعات و نیو کاتم لەگەڵ سەدام بردە سەر و ئەو دانی نا کە تەنیا هۆکاری سەرباز و تۆپخانەی ئێرانی بوو کە نەیهێشت عێراقییەکان سەرکەوتن وەدەست بهێنن...

عەرزم کرد لەگەڵ ئەوەش لەوانەیە داخوازیی کورد ڕۆژێك بەکەڵکمان بێت ئەو گوتی: لەوانەیە، بەڵام من لام سەیر نییە ئەگەر ڕێککەوتنی ئێمە و سەدام حوسێن

---

= دەیانویست لە ڕێگەی یارمەتیدانی شۆڕشی کورد، حکوومەتی عێراقی سەرقاڵ بکەن و لاوازی بکەن، بۆ ئەوەی نەپرژێتە سەر کێشەی فەلەستین و ئیسرائیل. هەروەها مەسعوود بارزانی ڕای وایە کە ئیسرائیلیش وەك ئەمەریکا ئاگەداری پلانی ڕێککەوتننامەی جەزائیر بووە، بەڵام لە بەرژەوەندیی ئەودا بووە، بۆیە بێدەنگیی نواند : س.پ بەرگی سێیەم، بەشی دووەم ل٢١٤– ٢١٦.

(١) گفتگوهای من باشاه، ج٢، ص٦٦٤.

(٢) هێنری کیسنجەر لە کتێبەکەی باس لە هۆکاری بڕیارەکە دەکا: بڕیاری شا لە ساڵی ١٩٧٥ سەبارەت بەکێشەی کورد، ئەوە بوو کە کورد نزیك بوونەتەوە لە شکست و ناتوانن بەرگە بگرن و بەردەوامی شەڕ بێ هاتنە ژوورەوەی دوو تیپی سەربازیی ئێرانی و هەروەها بێ یارمەتیی دارایی کە پاتەکەی ٣٠٠ ملیۆن دۆلارە لە ئەمەریکا، مومکین نییە و شا ناتوانێ ئەم دوو تیپە لە بەردەستی ئەوان دابنێ و هەروەها کە بیندرا، کۆنگریسی ئەمەریکایی پەسندی ئەم یارمەتییەی نەدەکرد لە بارودۆخێکدا کە ئەمەریکا زیانمەند بووبوو لە شەڕی ڤێتنام. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:

Henry Kissinger: white House years (Boston- 1979) p. 1265.

هەمیشەیی بێت. شیمانەی زۆر هەیە کە بەغدا خوازیاری پێوەندیی نزیکتر بێت لەگەڵ ئێمە و، بیەوێ خۆی لە دەستڕۆیشتوویی و کاریگەری بیانی بەتایبەت رووسەکان، ڕزگار بکات، وەڵامم داوە بەڵام پارساڵ هێندە نەمابوو کە عێراقییەکان داخوازیی کوردەکان وەرگرن و لە ڕاستیدا تەنیا بە هاندانی جەنابتان بوو کە کوردەکان پێشنیازی عێراقییان دایە دواوە، ئەو بە توندی گوتی: هەردوولا دەیانزانی کە عێراق بە تەما نییە بە جیدی پابەندی بەڵێنەکانی بێت، پتر یارییەکی گاڵتەجاڕی بوو تا بەڵێن(١) " شا لە دیدار و ئاخافتنی لەگەڵ باڵیۆزی بەریتانیا لە تاران، سێر ئانتۆنی پارسوتر، سێ هۆکار دەژمێرێ بۆ بڕیاردانی لە ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی جەزائیر. یەکەم دەبێتە هۆی چارەسەری کێشەی شەتولعەرەب لە بەرژەوەندیی نیشتمانیی ئێران، دووەم بەهۆی ئەم ئاشتییەوە شیمانەی دەرهێنانی عێراق دێتە ئارا لە چەنگی سۆڤیەت، سێیەم سەرکردایەتیی کوردی عێراق بە دەوڵەتی ئێرانیان ڕاگەیاندبوو کە ئەگەر ئێران یارمەتیی سوپای خۆی لە ئاست شۆڕشی کورد پتر نەکات، ئەوا ئەوان ناتوانن بەرگەی سوپای عێراق ناگرن و ئێرانیش لە بەرژەوەندیدا نییە کە پەرە بەو یارمەتییانە بدا کە دەبێتە هۆی زیاتر پێککەوتنی سوپای لەگەڵ عێراقدا(٢)".

هەروەها "ئەسەدوڵا علم" باس لەوە دەکا کە شا سوور بوو لەسەر ئەوەی کە تەنیا پێشمەرگە وەك پەنابەر وەرگیرێن، چونکە عێراق دەست لە ژن و منداڵیان نادا، بەڵام وەزیری دەربار پێی دەڵێ: "ناتوانن چاوەڕوانی ئەوە لە کوردان بکەن کە بڕوایان بێ و ماڵ و منداڵیان بەرەڵا بکەن و "شا" پێشنیازی کرد کە بکەونە ژێر چەتری پشتیوانی و پارێزگاریی خاچی سووری نێودەوڵەتی. ئەگەر بڕیار بێ ڕێز لە ڕێککەوتن بگرن لەگەڵ عێراق(٣)".

ئەمە گفتوگۆی وەزیری دەربار بوو لە دوا ڕۆژی ساڵی کوردی و ئێرانی ٢٩/ اسفند/ ١٣٥٣، واتە یەك ڕۆژ بەر لە جەژنی نەورۆزی کورد و فارس، کە ئەسەدوڵا علم لە بیرەوەرییەکانی، یەکسەر باس لە ڕووداوی ڕۆژی پاشتر دەکات کە ڕۆژی نەورۆز بووە و بەپێی بەرنامەی هەر ساڵیان، شا و خانەوادەکەی بۆ ئاهەنگ و شادی و ڕابواردن، دەچن بۆ دوورگەی کیشی سەر کەنداوی فارس و شا و شاژنی پێشووی

(١) گفتگوهای من با شاه،ج٢، ص ٦٦٥.

(٢) گفتگوهای من با شاه، ج٢، ص٦٦٤– ٦٦٧.

(٣) بڕوانە بەڵگەنامەی: گزارش اختصاصی شرق، سال سوم، شماره ٦٦٨، ٢٠٠٦/١/٤.

یۆنانیش میوانیان دەبن و بۆ ماوەی ١٤ ڕۆژ پشوو دەدەن و هەر لەوێدا، وەزیری دەربار ئاماژە بەنامەیەك دەكا كە باڵیۆزی ئێران لە عەمان، لەلایەن مەلیك حوسێن هێناویەتی كە ناوی ژمارەیەك كوردی نەتەوەپەرستی تێدا بوو كە خەریكی پیلان بوون بۆ تیرۆركردنی شا و، نامەكە دەدرێتە ساواك بۆ بەدواداچوون(١).

لە ١٩٧٥/٣/٦ بڵاوكراوەیەك لەلایەن هەردوو دەوڵەتی عێراق و ئێران بڵاو كرایەوە كە بەناوی ڕێككەوتننامەی جەزائیر ناسراوە، كە برێتی بوو لە چوار خاڵی سەرەكی:

١- سنووره خاكییەكانی خۆیان لەسەر بنچینەی پرۆتۆكۆلی قوستەنتینییەی ١٩١٣و لەسەر كۆنووسی كۆمیسیۆنی دیاریخستنی سنووری ١٩١٤، دیاری بخەن.

٢- سنووره ئاوییەكانی خۆیان لەسەر بنەمای تالوگ دیاری دەخەن.

٣- بەم كارە، هەردوو وڵات ئاسایش و متمانەی بەرامبەر بەیەكتری بەدرێژاییی سنووری هاوبەشی خۆیان دابین دەكەن.

٤- هەردوولا ڕێك كەوتوون كە بڕیارەكانی سەرەوە لێك جیا ناكرێنەوە و بۆ چارەسەرییەكی گشتییە و ئاشكرایە، پێشێلكردنی هەر كامەیان، ناگونجێ لەگەڵ گیانی ڕێككەوتنی جەزایر، هەردوولا لە پێوەندی بەردەوام دەبن لەگەڵ سەرۆك بومەدیەن و لە كاتی پێویست بۆ جێبەجێكردنی بڕیارەكان، كۆششی برایانە ئەنجام دەدەن.

لەم بڵاوكراوەیە هاتووە كە هەردوولا بڕیاریان داوە كە پێوەندیی دێرینی دراوسێیەتی و دۆستایەتی بەرقەرار بكەن و هەر هۆكارێكی نەرێیی كە دێتە پێش بەگفتوگۆ لەسەر ڕێگەی خۆیان لادەدەن. هەردوولا بەفەرمی ڕای دەگەیەنن كە ناوچەكە دەبێ دوور بێ لە هەر دەستتێوەردانێكی بیانی و، وەزیرانی دەرەوەی هەردوولا لەگەڵ وەزیری دەرەوەی جەزائیر لە ١٩٧٥/٣/١٥ لە تاران كۆ دەبنەوە(٢).

سەرەنجام لە ١٩٧٥/٣/١٥ لە تاران كۆ بوونەوە و پرۆتۆكۆلی تاران ئیمزا كرا، كە كۆمەڵێك پرەنسیپی لەخۆ گرتبوو كە لەسەری ڕێك كەوتبوون و بۆ جێبەجێكردنی

(١) گفتگوهای من با شاه، ج٢ ص٦٦٧.

(٢) دەقی ڕێككەوتننامەكە لە پاشكۆدا هاتووە كە وەرگیراوە لە مەسعوود بارزانی س.پ، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم ل٤٣١، هەروەها بڕوانە اصغر جعفری ولدانی م. پ، ص٤٧٦- ٤٧٧.

خاڵەکانی پرۆتۆکۆل، ٣ کۆمیسیۆنی نیشانەدانی سنووری خاکی و، ئاوی و کۆنترۆڵی وردی سنوورەکان داندرا[١].

لە ٩ تا ١٩٧٥/٤/٢٠ جارێکی تر لە تاران وەزیرانی دەرەوەی هەرسێ وڵات کۆ بوونەوە بۆ بەدواداچوونی کاری سێ کۆمیسیۆنەکە. سێیەمین دانیشتن لە ئەلجەزیرە بوو کە تێیدا ئامادەکاریی رێککەوتننامەیەك و چەند پرۆتۆکۆلێك کرا کە کارەکانی کۆمیسیۆنەکان بگرێتە خۆی. چوارەمین کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوە لە ١٢تا ١٩٧٥/٦/١٣ لە بەغدا بەڕێوە چوو کە رێککەوتننامەیەکی سنووری و دراوسێیەتیی چاك لە ١٩٧٥/٦/١٣ ئیمزا کرا کە ئەم رێککەوتننامەیە یەك پێشەکی، ٨ مادە، یەك پاشکۆ و ٣ پرۆتۆکۆل بوو کە:

یەکەم: دیاریخستنی سنووری ئاوی و پاراستنی.

دووەم: ئاسایش لە سنووری هەردوولای چارەسەر دەکرد.

لە بابەت پاراستنی ئاسایش سەرەتا ئاسایشی سنووری و هاوئاهەنگیکردن لە گرتنەبەری رێوشوێنی گونجاو لە دژی ئەو کەسانەی کە ناویان لێ ناون ″توخمە تێکدەرەکان″ کە دەیانەوێ کاری تێکدەری و راپەڕین و یاخیگەری ئەنجام بدەن لەناو سنوورەکانی یەکتری و گێرەشێوێنی بکەن لە رێگەی بەزاندنی سنووری ئەو وڵاتانە، بۆ رێگەگرتن لەم کارانە، پێویستە چاودێریی توند لەسەر سنوورەکان هەبێ کە لە پاشکۆی پرۆتۆکۆلی ١٩٧٥/٦/١٣ (٢٠) خاڵی سنووری دەستنیشان کرا کە شیمانەی خۆتێخزانی تێکدەرانەی تێدا هەیە لە ناوچەکانی ڕەواندز، سیدەکان، قەڵادزە، سلێمانی، سەید سادق، خورماڵ، هەڵەبجە، مەیدان باوسیە، مەیدان چیا ڕەزا، عورەتو و خانەقین[٢].

ئەم رێککەوتننامەیە لە هەردوو دەزگای یاسادانانی ئەو دوو وڵاتە پەسند کرا.

---

(١) بۆ زانیاریی زیاتر لە بابەت پرۆتۆکۆلەکان بڕوانە:

International Boundry study, No164، july 13, 1978 Iran- Iraq Boundary (country codes: 1R- 1Z the Geographer office of the Geographer Bureau of Intellignce and Research.

(٢) بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر دەقی رێککەوتننامەی ١٩٧٥/٦/١٣و پرۆتۆکۆلەکانی بڕوانە: وزاره الاعـــلام العـراقـيـة: فـصول مـن الـنـزاع العـراقـي- الايـرانـي، بـغـداد، ١٩٨١، ص١٤٧-١٦٠.

خاڵە لاوازەکانی پێوەندیی نێوان بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و ڕژێمی ئێران، بەپێی زۆربەی سەرچاوەکان و چاوپێکەوتنەکان پێوەست بەم باسە بریتییە:

١- لاسەنگیی هێز و دەسەڵاتی هەردوولا، واتە لە هەموو ڕوویێکەوە، لایەنی کوردی بێهێز و بێ دەسەڵات بوو بەرامبەر بەرژێمی شاهنشاهی ئێران، بەتایبەتی دوای ١٩٧٣ کە شای ئێران تووشی لەخۆباییێکی سەیر بووبوو، بەرادەیەك حیسابی بۆ ئەمەریکا و بەریتانیا و سۆڤیەتیش نەدەکرد، پاش ئەوەی نرخی نەوت بەرز بووەوە و پتر چەکدار بوو بەچەکی نوێ و مۆدێرنی ئەمەریکایی و، دیارە پێوەندیی لاواز و بەهێز هەموو کات ئەوە دەبێت کە ئاراستە و گەرموگوڕی پێوەندییەکە لە دەست لایەنی بەهێزەکە دەبێت.

٢- پێوەندییەکە نهێنی بوو، لەسەر کاغەز نەبوو[1]، دیکۆمێنت و پرۆتۆکۆڵ لە ئارادا نەبوو، مامەڵەیەکی سیاسی نەبوو، مامەڵەیەکی نووسراو نەبوو، هەرچی هەبوو بەنهێنی لە ڕێگەی "ساواك" و بەتایبەتی خودی سەرۆکی "ساواك" دەکرا کە ئەویش ڕاستەوخۆ پێوەندیی بە "شا"وە هەبوو. سروشتی ڕژێمی "شا" هەر ئاوا بوو، کە خۆی بەتەنیا، وەك سروشتی هەر ڕژێمێکی تری "تاکەکەسی"، پێوەندییەکانی ڕێك دەخست[2]، بەڵام بەناچاری لەگەڵ وڵاتان کە خاوەنی کیان و دەزگاکانی حکوومەت و یاسا بوون، پێوەندییەکانیان دەخستە ناو قاڵبی پرۆتۆکۆڵ و مامەڵەی نووسراوی سیاسی، بەڵام خۆی بەناچار نەدەدی و بەپێویستیشی نەدەزانی، بەپێی قسەی هەمیشەی خۆی لەگەڵ "گرووپێکی چەکدار" یان "چریکی کورد" پێوەندییەکانی بخاتە ناو ئەم قاڵبە فەرمییانە. ئەو نەیدەتوانی سەرودەری بزووتنەوەی ئازایدەری گەلان بکا، ئەو باوەڕی بەئازادیی تاکەکەس نەبوو، سەرتاپا خاوەنی ڕژێمێکی دیکتاتۆر بوو[3]، بڕوای بەمافی مرۆڤ و مافی گەلانی وڵاتەکەی خۆی نەبوو، چۆن دەیتوانی وەك بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخواز و ئازادیخواز سەیری شۆڕشی کورد بکا.

---

(١) د. مەحموود عوسمان و د. شەفیق قەزاز و محەمەد عەزیز لە چاوپێکەوتنەکاندا، ئاماژەیان بەم ڕاستییە دا.

(٢) سيد جلال الدين المدني: تاريخ ايران السياسي المعاصر، المترجم سالم مشكور، طهران ١٩٩٣، منظمة الاعلام الاسلامي، ص١٨٢.

(٣) احمد مير فندرسكی واحمد احرار م.پ، ص٢٥٨-٢٦٠.

دوای بڵاوبوونەوەی دەقی ڕێککەوتننامەی جەزائیر، ڕای گشتیی جیهانی جووڵا و ڕۆژنامەکانی ڕۆئاوا دەستیان کرد بەزنجیرە وتارێك لە دژی سیاسەتی ″ شا ″ لە ئاست کورد و پشت تێکردنی ئێران لە شۆڕشی کوردستان، کە «شا» زۆر پێی تەنگەتاو بوو و، سەرکۆنەی ئەمەریکا و ئەوروپا دەکا کە هەڵوێستیان نییە لە دژی ڕای گشتیی خەڵکی خۆیان و تۆمەتی خیانەت و بێ وەفایی دەخەنە پاڵی و ئەویش لەبەر هۆکاری سیاسی و تەکنیکی ناتوانێ بۆ جیهان بابەتەکە ڕوون بکاتەوە، ″ علم ″ وەزیری دەربار دڵی دەداتەوە کە ئەوان خۆیان خەڵکی کامبۆدیا و ڤێتنامیان بەناشیرینترین شێوە لەنێو برد، چ ڕوونکردنەوەیەکیان بۆ جیهان هەیە؟![1] ئەمە جۆری بیرکردنەوە و تێڕوانینی (شا) وە نزیکترین کەس وەزیرەکەی بوو لە ئاست بزووتنەوەکانی ڕزگاریخوازی گەلان، دوای ماوەیەکی کەم بەسەر تێپەڕینی ڕێککەوتننامەکە، سەدام حوسێن جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی عێراق بەفەرمی سەردانی ئێران دەکا و جارێکی تر هەدوولا جەختیان کردەوە لە جێبەجێکردنی خاڵەکانی ڕێککەوتننامەکەی ئەلجەزائیر و پرۆتۆکۆلی تاران و هەموو ئەو بڕیارانەی کە وەزیرانی هەردوو وڵات بەم دواییانە پێی گەیشتوون و، هەروەها جارێکی تر ناڕەزاییان دەربڕی بەرامبەر بەهەر دەستتێوەردانێکی بیانی لە کاروباری کەنداوی فارس.

لەلایەکی تر باس لە هاوکاریی هەردوولا کرا لە ڕێکخراوی ئۆپێك و کەمکردنەوەی مەترسیی ئاژاوەنانەوەی ناوەخۆیی کە لەلایەن وڵاتانی تر دنە دەدرێن.

سەدام حوسێن بڕی ٥٠٠ هەزار دۆلاری پێشکێش بەگڵکۆی ئیمام رەزا کرد لە مەشهەد و، جەخت کرایەوە لە ئازادیی سەردانکردنی شوێنە پیرۆزەکان[2]. ڕاستە ڕێککەوتننامەی ئەلجەزائیر، بەشکستی شۆڕشی کورد تەواو بوو، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی، شۆڕشی کورد براوە بوو و توانی لە درێژخایەن کۆمەڵێ دەستکەوتی لە قازانجی کورد دەستەبەر بکا.

١- شۆڕشی ئەیلوول توانی لە ئەنجامی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ کۆمەڵێ دەستکەوتی گرینگ وەدەست بخا و ناوەڕۆکی ئەم ڕێککەوتننامەیە بۆ یەکەم جار

(١) یاداشتهای علم، ج٤ ص ٤٢٨.

(٢) ڕۆژنامەی ئاسۆ ژمارە (٥٣٠) ٢٠٠٧/٩/١٦، وەرگێڕانی وتارێکی بەڵگەنامەییە لەلایەن حەسەن ساتی لە ڕۆژنامەی ″ الشرق الاوسط ″ بڵاو کراوەتەوە و کراوە بەکوردی بەناوی : نهێنییەکانی ڕێککەوتننامەی جەزائیر لە نێوان سەدام حوسێن و شای ئێراندا.

بوو بەمۆدێلێك و بنچینەیەكی گونجاو بۆ وڵاتانی كوردستان بەسەر دابەشكراوی تریش كە دەكرێ لە فۆرمی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی وڵاتەكان، مافی نەتەوەكان دەستەبەر بكرێت.

٢- ″ كێشەی كورد ″ لە چوارچێوەی تەسكی ناوەخۆیی و هەرێمایەتی دەرچوو و شۆڕش و شكستی شۆڕش، هەردووك هاوكار بوون بۆ ناساندنی كێشەی نەتەوەی كورد بەجیهانی رۆئاوا و، تەنانەت ئەم ژمارە زۆرەی كە لە ئەنجامی رێككەوتنامەی ئەلجەزائیر ئاوارەی وڵاتانی ئێران و بەشێكیان لەوێوە بۆ رۆئاوا چوون، بوون بەخەڵكانێكی دەستەبژار كە لە دواییدا توانییان بەردەوامی بدەن بەخەباتی سیاسی و درێژە بدەن بەخوێندنی ئەكادیمی و ئەمرۆ ئەم دەستەبژارە بەشێك لە هەڵسووڕێنەرانی حكوومەتی هەرێمی كوردستان پێك دەهێنن.

٣- لە هەمان كاتدا رێككەوتننامەی ئەلجەزائیر كە بەرواڵەت سەركەوتنی ئێران و عێراق بوو، بەڵام لە راستیدا تەنیا ئاگربەستێكی كاتیی ٥ ساڵە بوو كە لە ئەنجامی دروستبوونی گرێی دۆڕان و خۆبەكەمزانینی رژێمی بەعس لە ئەنجامی لەدەستدانی نیوەی شەتولعەرەب، جارێكی تر شەڕ لە نێوانیان هەڵگیرساوە كە ئەمجارە شەڕێكی دەستەویەخەی بێ بەزەیی و سنوور بەزاندنێكی ئاشكرا و وێرانكردنی شارەكانی سنووری یەكتر كە بێ وەستان بۆ ماوەی ٨ ساڵ هەردوولا یەكتریان وێران كرد و بێجگە لە جێهێشتنی سەدان هەزار قوربانیی زیندوو و مردووی شەڕ.

بەر لە رێككەوتننامەی ئەلجەزائیر، پێكدادانەكان زۆر سنووردار بوون ژمارەی قوربانییانی چەندان ساڵ ناكۆكی، ژمارەیەكی گەورە و دیار نەبوو بەڵام لە ئەنجامی بەستنی رێككەوتننامە لەسەر حسێبی فرۆشتنی شۆڕشی كورد، عێراق خۆی تووشی گرێیەكی دەروونی كرد و ئێرانیش تووشی لەخۆباییبەكی زیاد لە ڕادە بوو كە لە ئەنجامەكەی پشتگوێخستنی داواكاری و حەساندنەوەی گەلانی خۆیان بوو كە لە ئاكامدا، بووە هۆی رووخاندنی رژێمی شا لەلایەن خەڵكی خۆی و پەلاماردانی عێراقیش بۆ سەر رژێمی نوێی ئێرانی و كاولكاریی هەردوولا. رژێمی كۆماری ئیسلامی توانی لە ئەنجامدا سنوورەكانی وڵاتەكەی وەك بەر لە شەڕ لێ بكاتەوە، شەڕ كۆتاییی هات بەبێ هیچ دەستكەوتێك بۆ هەردوولا و هەڵبەت زیانێكی زۆر، هەروەها لە ئەنجامی گرێ دەروونییەكانی سەدام و حزبی بەعس، پەلامارەكان بەردەوام بوو و

لە ئەنجامدا دوای کەمتر لە دوو ساڵ بەسەر کۆتاییی شەڕی لەگەڵ ئێران، پەلاماری کوێتی دا و بێجگە لە زیانێکی زۆری مرۆیی و ئابووری و زیانێکی گەورەی سیاسی، شکستێکی گەورەی سەربازیشی لێ کەوتەوە لە ئەنجامی تێکچوونی هاوکێشە سیاسییەکان لە ناوچەکە و کەنداو بەگشتی شۆڕشی کورد براوە دەرچوو و توانی ببێتە فاکتەرێك بۆ گۆڕینی ڕژێمی عێراق و بەرپاکردنی ڕژێمێکی فیدراڵی پێکهێنانی پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە عێراقی فیدراڵیدا و ئەمڕۆ بووەتە مۆدێلێك بۆ پێکهێنانی حکوومەتی فیدراڵی کە هاوشێوە بۆ وڵاتانی تری ناوچەکە کە بەشێکی کوردستانیان بەرکەوتووە.

## ئەنجام

سیاسەتی ئێرانی شاهنشاهی بەرامبەر بەبزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە عێراق لەژێر کاریگەری چوار هۆکاردا بوو:

یەکەم: ڕژێمی شاهنشاهی پەهلەوی وەك هەر ڕژێمێکی تری ناوچەی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست، ڕژێمێکی تۆتالیتاری، تاکڕەو و تاك حزبی بووە کە دەرهاویشتەی سیستمێکی کۆمەڵایەتیی پاتریاکی بووە و بەتایبەتی لە سەردەمی شەڕی ساردی دوای شەڕی دووەمی جیهانی، بەردەوام لەلایەك خەریکی میلیتاریزەکردنی دەوڵەت و لەلایەکی تر لە ئاست نەتەوەکانی غەیرە فارس، سیاسەتی تواندنەوە و لەناوبردنی هەر مۆرکێکی ناسیۆنالیستی بەکار هێناوە وەك نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران. ڕژێمێك بەم تایبەتمەندییانەی سەرەوە، ئاشکرایە کە سیاسەتی بەرامبەر بەبزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەکانی تری دەرەوەی سنوورەکانی وڵاتەکەی جگە لە بەکارهێنانیان وەك ئامراز و کارتی پاڵپەستۆ بۆ بەرژەوەندییەکانی هەرێمی و ناوەخۆیی، شتێکی تر نەبووە.

دووەم: پێکهاتەی ئەتنیکی وڵاتی ئێران کە مۆزایکێکی ڕەنگاوڕەنگە لە نەژاد و نەتەوەی لێك جیاواز، هۆکارێك بووە کە هەردەم ڕژێمی شاهنشاهی بەهەستیارییەوە سەیری جموجۆڵی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکانی وڵاتەکانی دەوروبەری بکا. بۆ نموونە بەلوچ لە پاکستان و کورد لە عێراق و بزووتنەوەی پان عەرەبیزم لە ناوچەکە، چونکە بەشێکی ئەم نەتەوانە نیشتمانەکەیان کەوتبووە ناو سنووری وڵاتی ئێران و هەر بزووتنەوەیەکیان کاردانەوەی دەبوو لەسەر هاوڕەگەزەکانیان لەناو ئێران، کە لە کەشوهەوایەکی بێبەش لە هەموو مافێکی نەتەوەیی، ژیانیان بەسەر دەبرد.

لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوایەتیی کورد لە عێراق زۆر بەتینەوە پەرەی سەند و، بوو بەبابەتێك کە دەزگاکانی پاراستنی ئاسایشی ناوەخۆی ئێران و دەزگای پۆلیس و ژاندارمێری و سوپا، هەردەم چاودێریی جموجۆڵەکانیان دەکرد نەوەك لە سنوورەکانی ئێران بپەڕنەوە و کوردەکانی ئەوێش بجووڵێن.

سنووری دەستکرد کە کوردستانی دابەش کردبوو، نەیدەتوانی رۆحی هاونەتەوەیی و خۆشەویستیی خاکی کوردستان و خزم و خزمایەتی و خێلایەتی لەناو ببات، بۆیە هەموو کاتێ پێوەندییەکان لەژێر کۆنترۆڵی سنوورە دەستکردەکانی عێراق و ئێران بەردەوام بوو، بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم بزووتنەوانە و رێگەگرتنی لە پەڕینەوەی، بەدرێژاییی مێژووی هاوچەرخ دەیان رێککەوتننامە و پرۆتۆکۆلی جۆراوجۆری دووقۆڵی «عێراق و ئێران» و سێ قۆڵی «ئێران و عێراق و تورکیا» لە نێوانیان بەسترا بە وتەی ئاشکرای خۆیان بۆ ئەوەی رێگە بگرن لە ″پەڕینەوەی یاخییان و سنووربەزێن و گێرەشێوێن″، واتە مەبەستیان شۆڕشگێڕانی کورد بوو، بەلام بەم هەموو سیاسەتی میلیتاریزەکردن و بەهێزکردنی دەزگاکانی ئاسایش و هەواڵگری و قایمکردنی سنوورەکان بەدامەزراندنی ژمارەیەکی زۆر پاسگەی چاودێریی سنووری و بەرپاکردنی پرروپاگەندەیەکی زۆری راگەیاندن لە دژی بزووتنەوەکان و سیاسەتی سەرکوتکردنی نەتەوەکانی ناو ولاتەکانیان، نەیانتوانی بەئامانجی کۆتاییی خۆیان بگەن کە دابڕانی نەتەوەیەکی بەزۆر دابەشکراوی ناو سنوورە دەسکردەکان بوو.

سێیەم: سیاسەتی ئێران بەرامبەر بەبزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە عێراق لەژێر کارتێکەری هۆکاری پێوەندییەکانیەتی لەگەڵ دراوسێی بچووکتر لە خۆی عێراق واتە سیاسەتی دراوسێیەتی دوو ولاتی فەرمی «کە عێراق ۱۹۲۱ دامەزراوە» بەردەوام کاریگەری هەبووە بەسەر سیاسەتی ئێران بەرامبەر بەکورد لە عێراق.

پێوەندیی هەردوو ولات لەژێر کاریگەری کۆمەڵێ ناکۆکی لەمێژینەی سنووری خاکی و ئاوی و ڕووباری شەتولعەرەب «ئەروەند رود» و لە دواییدا، هەبوونی ″نەوت″ لە ناوچە سنوورییەکان و هەلپەی قازانجی زیاتر لە نەوت و کاریگەری کۆمپانیا نەوتییەکانی رۆئاوا بەسەر سیاسەتی هەردوو ولات و کاردانەوەی بەسەر پێوەندییەکانیان و هەوڵدان بۆ زاڵبوون بەسەر کەنداو وەکو ڕێڕەوێکی گرینگی بازرگانی و بەکارهێنانی دوو کارتی ″ عەرەب ″ لە باشووری ئێران و ″ شیعە ″ لە باشوری عێراق لە دژی یەکتری بۆ مەسەلەی زاڵبوونیان بەسەر کەنداو و قۆرغکردنی چاڵە نەوتییەکان و نرخی نەوت و هەناردنی شتومەکی بازرگانی.....

کێشە سنوورییەکانی نێوان عێراق و ئێران پێشینەیەکی چەند سەد ساڵەیان هەیە کە دەیان ڕێککەوتننامەی بۆ ئیمزا کراوە بۆ ئەوەی گرژییەکان خاو بکاتەوە، بەلام

هەردەم خافڵ لەوەی کە کێشەی سنووری لە ڕاستیدا بوونی نییە، بگرە کێشەی نەتەوەییەکە تێلدڕ و بەسەر جەستەی داهاتووە، جەستە و ڕۆحی بریندار کردووە، بەڵام ئێرانی پەهلەوی خۆی لەم بابەتە ڕاستەقینە نەبان دەکرد.

چوارەم: لەو ماوە دیاریکراوەی لێکۆڵینەوەکە (١٩٦١ – ١٩٧٥)، شەڕی سارد لە جیهاندا لە ئارادا بوو کە وڵاتان دابەش بووبوون بەسەر دوو جەمسەری ڕۆهەڵات «یەکەیتی سۆڤیەت» و جەمسەری ڕۆئاوا بەسەرکردایەتیی ئەمەریکا، بێگومان عێراق و ئێران لەژێر کاریگەری ئەم هۆکارە بوون.

دوای ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی ١٩٥٨، عێراق لەناو کەمپی وڵاتانی ڕۆئاوا هاتە دەر و چووە ناو کەمپی ڕۆهەڵات، لەم مێژووە ١٩٥٨/٧/١٤ کە کودەتای عەبدولکەریم قاسم بوو بەسەر ڕژێمی پاشایەتی لە عێراق و کورتکردنی دەستی ڕۆئاوا لە عێراق و هاتنەدەری لە پەیمانی بەغدا، ناکۆکیی ئایدیۆلۆجی زێدە بوو بەسەر هەموو ناکۆکییە جوگرافی و مێژووییەکانی پێشووی عێراق و ئێران، ئیتر ئێران لە ترسی پەڕینەوەی کودەتا یان ڕاپەڕینی هاوشێوە لە ئێران بە پشتگیریی یەکەیتی سۆڤیەت، کە لە بەرەنجامدا دەکرا سوود لە کێشەی کورد وەربگیرێ کە وەك نەتەوەیەکی ژێردەستە و مافخوراو و چەوساوە هەردەم ئامادەیی تێدا بوو لە دژی ڕژێمی تاران دەست بەجموجۆڵی سیاسی بکا، بۆیە دەستبەکار بوو و پلانێکی درێژخایەنی دارشت بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لە هەر مەترسییەکی چاوەڕوانکراو.

لەگەڵ دەسپێکی شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١، ئێران ترسی دووهێندە بوو، چونکە وەك پێشبینیی کردبوو هۆشیاریی نەتەوەیی بەشێوەیەکی بەربڵاو لەناو کورددا پەرەی سەند و هەبوونی کەسایەتیی کاریزمایی وەك بارزانی هەستی نەتەوایەتیی کوردی ئێرانی زیاتر جووڵاند و لە هەموو لایەکەوە پێوەندییان بە شۆڕش دەکرد یان یارمەتییان دەدا، کەواتە ڕژێمی ئێران دەبوایە هەم کۆنترۆڵی سنووری زێدە بکات و هەم ڕێگە بگرێت لە یارمەتی ناردنی کوردی ئێران بۆ شۆڕش، چونکە ئەنجامی نێگەتیڤی لێ دەکەوتەوە لە زیانی ئێران، بۆیە هەوڵی دا خۆی یارمەتیی شۆڕش بدات و لە هەمان کاتیشدا کۆنترۆڵی هەردوو پارچەی کوردستان بکا و، بەم شێوەیە لێکیان دوور بخاتەوە و لەلایەکی تر دەست بخاتە ناو کاروباری شۆڕش و لەسەر تاکەتاکەی کەسایەتیی سەرانی شۆڕش موتاڵە بکا، بۆ ئەوەی لە کاتی پێویست سوود لە خاڵە لاوازەکان وەربگرێ کە ئەمە لە کەرتکردنی شۆڕش و بەرپاکردنی شەڕی براکوژی

کاریگەر بوو، کە ئێران دەستی کرد بەیارمەتیدان بەمەبەستی کۆنترۆڵی شۆڕش، هەوڵیشی دا شۆڕش بەکار بهێنێ بۆ لاوازکردن یا لەناوبردنی عێراق بۆ ئەوەی پایەی رژێمی خۆی پێ موکوم بکا، کە ئەم پلانەی داشت جەمال عەبدولناسریش کە پشتیوانیی عێراق و بزووتنەوەی پان عەرەبیزم بوو لەناو جیهانی عەرەبیدا، هەوڵی دا بەرپەرچی پیلانی شا بداتەوە، لە رێگەی یارمەتیدانی بەرهەڵستکارانی ئێرانی بەهەموو نەتەوەکانەوە لە دژی ئێران بەبەرهەڵستکارانی کوردی ئێرانیشەوە و، هەردەمیش هەوڵی دا کە شۆڕشی کوردی عێراقیش بگرێتە خۆی و بەردەوام لە کۆشش دابوو کە نێوانی کورد و عێراق خۆش بکا و هانی دەوڵەتی عێراقی دەدا کە مافەکانی کورد لە چوارچێوەی عێراق مسۆگەر بکا بۆ ئەوەی رێگە لە نفوزی ئێران بگیرێ کە دەست لە کاروباری عێراق وەرنەدا.

بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد بەر لە شەڕی سارد و دوای شەڕی سارد و بەر لە دۆزینەوەی نەوت و دوای دۆزینەوەی نەوت و بەر لە رژێمی کۆماری لە عێراق و دوای ئەو بەردەوام هەبووە و دەبێ، چونکە بزووتنەوەیەکە هەوڵ دەدا بۆ دەستەبەری مافەکانی نەتەوەکی بێبەش لە هەبوونی کیانی سەربەخۆ و، لە ئەنجامدا بێبەش لە هەموو مافێکی نەتەوایەتی کە وەك نەتەوەیەکی چەوساوە و دواکەوتووکراو خۆی دەنوێنێ و بزووتنەوەکە هەوڵی داوە میللەتەکەی لەم رەوشە نالەبارە نادادگەرییانە رزگار بکا، بەلام شۆڕش لەسەر جوگرافیایەکی سنووردار لە ناوچەی رۆهەلاتی ناوەراست سەری هەڵداوە کە ئەم جوگرافیایە بێبەش نەبووە لە کارتێکەری هۆکاری جیۆپۆلیتیکی و شەڕی سارد و ململانێی ئایدیۆلۆجیی سیاسیی هەردوو ولاتی عێراق و ئێران و پان ئیرانیزم و پان عەرەبیزم و مارکسیزم هەر کامە کاریگەری خۆی بەسەر شۆڕش بەجێ هێشتووە.

ئێران بەدرێژاییی شۆڕشی ئەیلوول، رۆڵی هەبووە لە ئاراستە و رەوتی شۆڕش، دەمێ لاوازی کردووە، دەمێ بەهێزی کردووە، دەمێ دوو کەرتی کردووە، دەمێ دژایەتیی کردووە، دەمێ پارە و چەکی بۆ هەڵرشتووە، دەمێ لە ترسان ئەمەریکاشی تێوە گلاندووە (١٩٧٢) یارمەتیی لە ئەمەریکاشەوە بۆ شۆڕش دابین کردووە و، سەرەنجام توانی شۆڕش تێك بشکێنێ بەبەستنی رێککەوتننامەی جەزائیر لە ١٩٧٥/٣/٦، عێراق لەسەر حسێبی لەنێوبردنی شۆڕش، لە نیوەی ئاوی شەتولعەرەب خۆش بوو، بۆ ماوەی پێنج ساڵ توانییان ناکۆکیی سنووری خاکی و ئاوی خۆیان بەلاوە بنێن، بەلام چونکە

جارێکی تر خافڵ بوون لەوەی کە هەرچەندە پان ئێرانیزم و پان عەرەبیزم توانییانە کاریگەر بن بەسەر شۆڕشدا، بەڵام «شۆڕش» شۆڕشی نەتەوەیەکە دەیەوێ مافە نەتەوەییەکانی مسۆگەر بکا، بۆیە جارێکی تر شۆڕش دەستی پێ کردەوە بەڵام بەشێوازێکی تر و، ئەوانیش کە تەنیا لە بەرژەوەندیی خۆیان و لە «ڕقی» بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بوو، کە لە جەزائیر پێك هاتن، جارێکی تر ناکۆکییە پێشینییەکانیان سەری هەڵدایەوە بەبێ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی گەلانی هەردوو وڵات، بێگومان هەردەم فاکتەرە ناوەخۆییەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد ڕێگە خۆشکەر بوون بۆ ئەوەی ئێران بتوانێ ئەم ڕۆڵە سەرەکییە بگێڕێ، کوردستان لە پاڵ هەبوونی جوگرافیایەکی تایبەت کە سنوورێکی شاخاوی و سەختی دوور و درێژی لەگەڵ ئێراندا هەیە و وای لێ دەکات کە هەر کاتێ لەلایەن ڕژێمی عێراق دانیشتوانی تەنگەتاو بکرێن، ئەوا پەنا بۆ ئەودیو سنوور دەبەن، واتە یەکەم دۆستی کورد شاخەکان بوون و بەناچاری دووەم دۆست ئێران بووە شۆڕشی ئەیلوول، دەرهاویشە و ئاوێنەی ئەم واقیعە خودی و ئابووریی نەتەوە و نیشتمانەکەی بووە کە لەسەر بنەماکانی سادەی ئابووریی کشتوکاڵی ژیانی دابین دەکرد و، هەر کاتێ کە ڕژێمی عێراق خاکی لێ دەسووتاند، دەسبەتاڵ دەمایەوە و ڕووی لە یاخیبوون و ڕاپەڕین دەکرد، هەژاری و نەخوێندەواریی کورد هەرگاف هۆکارێك بوون کە لەوێوە توانراوە بەخراپ سوود لەم میللەتە و خاکەکەی لەلایەن وڵاتانی بیانی وەربگیرێ.

## سەرچاوەکان


١- بەڵگەنامەکان:

**أ- بەکوردی**

١- ئەفراسیاو هەورامی (د): بارزانی مستەفا لە هەندێك بەڵگەنامە و دۆکیۆمێنتی سۆڤیەتدا ١٩٤٥ - هەولێر ٢٠٠٢.

٢- ڕێبازی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد، هەڵسەنگاندنی شۆڕشی ئەیلوول، ڕاپۆرتی پارتی دیموکراتی کوردستان، سەرکردایەتیی کاتی، کە لەلایەن کۆنفرانسی پارتییەوە لە ١١ - ١٥ی ئابی ١٩٧٦ پەسند کراوە.

٣- شازین هێرش: شۆڕشی ئەیلوول لە چەند بەڵگەنامەیەکی مێژووییدا لە ساڵی ١٩٦١ - ١٩٦٣، سلێمانی ٢٠٠١ ڕەنج.

**ب - بەزمانی عەرەبی**

١- عبدالفتاح علي بوتاني: وثائق عن الحركة القومية الكوردية التحررية، اربيل ٢٠٠١، مؤسسة موكرياني.

**ج- بەفارسی**

١- چپ در ایران به روایت اسناد ساواك، کتاب سوم، عنکبوت سرخ، تهران ١٣٧٨ مرکز بررسی اسناد تاریخی وزارت اطلاعات.

٢- چپ در ایران به روایت اسناد ساواك، حزب دموکرات کردستان ج ١، تهران ١٣٧٨ مرکز بررسی اسناد تاریخی وزارت اطلاعات.

٣- گزارش اختصاصی شرق،اسناد آزاد شده مربوط به ایران در آرشیو ملی بریتانیا. ایران در سال ١٩٧٥، تاریخ نشر ٢٠٠٦/١/٤ سال سوم شماره ٦٦٨.

٤- گزیده اسناد، دفتر مطالعات سیاسی و بین المللی، تهران ١٣٦٩.

٥- غلا محسین میرزا صالح: اسناد رسمی در روابط سیاسی ایران با انگلیس و روسیه و عثمانی ج ١، تهران ١٣٦٥، نشر تاریخ ایران.

٦- وزارت امور خارجەی ایران: روابط خارجی ایران درسال ١٣٤٧،تهران ١٣٤٨ کیهان.

د- بەزمانی ئینگلیزی

1- UNITED STATES GOVERNMENT

Memorandum, To, mr. Sisco, April 5,1972 subject : Kurdish Appeal U.S. Assistance.

2- Tehran home service (i) 1030 and (u) and (iii)1630 gmt 27 Aug 14, me, 4689, D, 2

3- Permanent Mission of Iraq To The United Nations, New york, November 11, 1971.

4- BRITISH EMBASSY KUWAIT

22 november 1971,D.1 Lewty Esq Baghdad,

subject : IRANIAN \ IRAQI RELATIONS

5- British Embassy BAGHDAD, 4 november 1971, from HJ Arbuthnott saq TEHRAN

subject : IRAQ - IRAN RELATION : EXPULSION OF IRANIANS

6- PERMANENT MISSION OF IRAN YO THE UNITED NATIONS 777 THIRD AVANVE, NEW YORK N.Y10017

3 NOVEMBER 1971

subject IRAQ - IRAN

7- PERMANENT MISSION OF IRAN YO THE UNITED NATIONS 777 THIRD AVANVE, NEW YORK N.Y10017

26 october1971 subject IRAQ \ IRAN

8- PA/HO, Department of state E. O. 12958, as amended MEMORANOUM, 18 July 1972

subject :Assistace to Iraqi kurdish leader Malla Mustafa Barzani

9- THE WIHTE HOUSE WASHINGTON

MEMORANUM EOR: HENRY KISSINGER

FROM: AL HAIG

Subject: Kurdish Problem

Date: July 28, 1972

10- MEMOANDUM FOR: Director of Central intelligence
from : Acting Deputy Director for plans
subject: Background to Current Efforts by Kurdish leader Barzani to Gain U.S support

11- DIRECTOR OF CENTRAN INTELLIGENCE UNITED STATES INTELLEGENCE BOARD
3 september 1970

12- SPECIAL NATIONAL INTELLIGENCE ESTIMATE NUMBER
30-70 subject (Iran International Position)

13- The Middle East Quarterly / Fall 2006 VOLUME X III : NUMBER 4 (Henry
Kissinger to Iran in 1975 : " We can Reduce Israils size ")preface by Kenneth w.stein

14- UNITED STATES GOVERNMENT Memorandum To Mr.Sisco, from Andrew I.Killgore
subject : Kurdish Appeal for U.S Assistance
DATE : April 5, 1972

15- IRAQ 1914-1974 The Middle East online. series 2 Introductiory Essay.
http // 159.140.606 / iran / essay 5. asp (The Kurdish Question in Iraq, 1914- 1974 by Dr Gareth stans filed university of Eyeter )

16- Hozan Kapri : KURDS AND IRANIAN MONARCHISTS
Kurdish Media, UK April 25 / 2006.

٢- سایتی ئەنتەرنێت

1- www. Socialistworker. org / 2003 - 1 / 436,436 -10-kurdistan /(1972-1975/ Iraq The Fine Art of Betraying kurds)

2- www. zmag. org / zmag / articles / dec 96 kurdish. html

30 - www. Cogsci-ed.ac.uk / ~ Siamark / Kurdish / KURDICA, 1999 / ARR/ IRAN- policy. Html.

3- www.armenian diaspora. com / index. php? Do = printable & id = 50233 (Kurds And Iranians Monarchists).

٣- یاداشت و بیرەوەری

ا- بەکوردی

١- احمد خواجە: چیم دی، ب ٢، بغداد ١٩٨٦، شفيق.

٢- حەردان تكریتی: باندێك دز و پیاوكوژ بووین لە پشت میلیشیا تیرۆریستییەكانی سەدامەوە، لە بیرەوەرییەكانی سیاسەتوانێکی عێراقی، وەرگێڕانی ئاسۆ

٣- سەید كاكە: بیرەوەریی پێشمەرگەیەك، چ ٢، هەولێر ٢٠٠٠، چاپخانەی زانكۆی سەلاحەدین.

٤- شەوكەت مەلا ئیسماعیل حوسێن: رۆژانێ لە مێژووی شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١ - ١٩٧٥، هەولێر ٢٠٠٧ چاپخانەی پەروەردە.

٥- كەریمی حسامی: لە بیرەوەرییەكانم، ب٢، سوێد ١٩٨٦.

٦- مەسعوود محەمەد: گەشتی ژیانم، ستۆكهوڵم ١٩٩٢.

٧- هەژار «عەبدوڕەحمانی شەرەفكەندی»: چێشتی مجێور، پاریس ١٩٩٧.

٨- شێخ لەتیفی حەفید: یاداشتەكانی، لە ساغكردنەوەی كەمال نووری مەعرووف ١٩٩٥، چاپی مەكتەبی ناوەندیی رۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموكراتی كوردستان.

٩- عەبدولستار تاهیر شەریف: ململانێ لەگەڵ ژیاندا «یاداشت» ١٩٣٥-١٩٧١ ب١، چ ١، كەركووك، ٢٠٠٥ ئارابخا، ل ١٠٢.

ب- بەعەرەبی

١- عبدالكريم فرحان: حصاد ثورة، مذكرات تجربة السلطة في العراق ١٩٥٨ - ١٩٦٨ لندن ١٩٩دار البراق.

٢- توفيق السويدي: مذكراتي، نصف قرن من تاريخ العراق والقضية العربية، لندن ١٩٩٩ دار الحكمة.

٣- جواد هاشم: مذكرات وزير عراقي مع البكر وصدام، بيروت ٢٠٠٣ دار الساقي.

٤- محسن دزەیی: احداث عاصرتها ١٩٦١ - ١٩٧٥، الجزء و الثاني، اربيل ٢٠٠٠، دار ئاراس.

٥- سعدون حمادي: مذكرات و آرا و في شوون النفط، بيروت ١٩٨٠، دار الطليعة.

ج- بەفارسی

١- اباصلتی پری - هوشنگ میر هاشم: رازهای ناگفته اردشیر زاهدی، تهران ١٣٨١، به آفرین.

٢- بختیار، شاپور: خاطرات، ویراستار حبیب لاجوردی، طرح تاریخ شفاهی، تهران ١٣٨٠ زیبا.

٣- پهلوی، محمد رضا: پاسخ به تاریخ، ترجمه حسین ابوترابیان، تهران ١٣٧٩ زریان.

٤- شریف امامی، جعفر: خاطرات، ویراستارحبیب لاجوردی تهران ١٣٨٠، سخن.

٥- طوفانیان، حسن (ارتشبد): خاطرات، بهـ کوشش چیا و صدقی چ ٢، تهران ١٣٨١ زیبا.

٦- علم، امیر اسدالله:، گفتگوهای من باشاه، خاطرات محرمانه امیر اسدالله علم، زیر نظر عبدالرضا هوشنگ مهدوی چ ١ و ٢،تهران ١٣٧١ گرح نو.

٧- عَلَم: امیر اسد الله، یادشتهای علم، ویر استار: علینقی عالیخانی، چ ٥،٦ج، تهران ١٣٨٥.

٨- هدایت (مخبر السلطنه)، مهدیقلی: خاگرات و خگرات،(تهران، زوار).

٤- چاوپێکەوتنەکان:

١- د.شەفیق قەزاز لە هەولێر ٥/٤/ ٢٠٠٧.

٢- د. مەحموود عوسمان لە هەولێر ١٣/٦/ ٢٠٠٥.

٣- د. فوئاد حوسێن لە هەولێر ١٣/٦/ ٢٠٠٥.

٤- محەمەد عەزیز لە هەولێر ٢٩/٦/٢٠٠٥.

٥- عەبدوڵا حەسەن زادە لە کۆیە ١٤/٣/٢٠٠٧.

٥- فیلمی دیکۆمێنتی:

١- "پێشڕەو" لە نووسین و دەرهێنانی د. نیاز لاجانی، سان پیترزبورگ ٢٠٠١.

٢- "ڕابەر" لە نووسین و دەرهێنانی د. نیاز لاجانی، سان پیترزبورگ ٢٠٠٣.

٣- "لەبەرئەوەی ئێمە کوردین" لە نووسین و دەرهێنانی د. نیاز لاجانی، سان پیترزبورگ ٢٠٠٣

٦- کۆوارەکان

١- بهرام امیر احمدیان (د): ایران و قفقاز، مجله اطلاعات سیاسی- اقتصادی، شماره ١٣٦-١٣٥، سال ١٣٣٧.

٢- پيروز مجتهد زاده. نگاهى ژئوپوليتيك به زير بناى تحولات درسياستهاى داخلى و خارجى ايران، مجله اطلاعات سياسى- اقتصادى، شماره ١٦٠- ١٥٩، سال ١٣٧٩,٣- اطلاعات سياسى - اقتصادى

٣- خليل علي مراد: الولايات المتحدة، النفط وامن الخليج العربي في السبعينات، مجلة الخليج العربي جامعة البصرة المجلد١٤، العدد، السنة ١٩٨٢.

٤- عەباس وەلی: کوردەکان و ئەوانی تر، وەرگێڕانی نەزەند بەگیخانی، هاشم ئەحمەد زادە، کۆواری ڕەهەند ژمارە١٢/ ١٣ ساڵی ٢٠٠١.

٥- کۆواری هەرێمی کوردستان، ژمارەی ٤١٢، ٢٠٠٧/٥/١٥.

٦- عبدالفتاح علي بوتاني: جمال عبدالناصر والقضية الكوردية، ٢٣ تموز ١٩٥٢، اذار ١٩٧٠، متين (المجلة)، العدد ٦٢، دهوك، اذار ١٩٩٧.

٧- عبدالفتاح علي بوتاني: بعد مرور (٤٤) سنة، اضاءات جديدة على حركة الشواف الانقلابية في الموصل ٨-٩ اذار ١٩٥٩، گولان العربي (مجلة) العدد (٨٢) اربيل، اذار٢٠٠٣.

٨- خليل علي مراد: سياسة الولايات المتحدة في الخليج العربي والمحيط الهندي ١٩٦٨- ١٩٨٠، الخليج العربي السنة ١٣، المجلد١٧، العدد١ نيسان ١٩٨٥.

٩- عبدالفتاح علي يحيي: هل صحيح ان صدام حسين لم يعد يمتلك قذيفة مدفع واحدة لمحاربة البارزاني، جريدة الموصل الحرة العدد ٣٧، ٢٠٠٨/١/٥.

٧- ڕۆژنامەکان

١- خەبات.

٢- ئاسۆ.

٣- ايندگان.

٤- كيهان.

٥- اطلاعات.

٦- راستى - الحقيقة.

٧- البلاد.

٨- الثورة العربية.

٩- الفجر الجديد.

٨– نامەی زانکۆیی
١– عبدالله بدر علي الاسدي: العلاقات العراقية – الايرانية ١٩٢٠ – ١٩٣٧، دراسة تأريخية سياسة، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الاداب، جامعة بغداد ١٩٨٣.
٢– فوزية صابر: ايران بين الحربين العالميتين، تطور السياسة الداخلية، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الاداب، جامعة البصرة ١٩٨٦ط.
٣– محمد سالم الكواز: النفط والعلاقات البريطانية – الايرانية ١٩٤٥ – ١٩٥٤، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الاداب، (جامعة الموصل ٢٠٠٣).

٩– کتێب

أ– بەزمانی کوردی

١– ئەحمەد شەریف: برایم ئەحمەد، ژیان و بەهرە و داهێنانی، سلێمانی ٢٠٠٢، وەزارەتی رۆشنبیری.
٢– ئیبراهیم جەلال: خوارووی کوردستان و شۆڕشی ئەیلوول بنیاتنان و هەڵتەکاندن ١٩٦١ – ١٩٧٥، چ ٣، سلێمانی ١٩٩٩.
٣– بەشیر حوسێن سەعدی: پەیام لە مێژووی نەتەوەی کورد، هەولێر ١٩٩٧، دارا.
٤– بەهادین نووری: بیرەوەرییەکانی بەهادین نووری، ب ١، سلێمانی ٢٠٠١، رەنج.
٥– برادلی.1. تایر: ئەجندای ئەمەریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەرگێڕانی حەسەن سەید محەمەد، سلێمانی ٢٠٠٦.
٦– جەلیل گادانی: ٥٠ ساڵ خەبات ب ١، وەزارەتی رۆشنبیریی هەرێمی کوردستان.
٧– حامید گەوهەری: کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٩.
٨– حەسەن ئەرفەع: کوردەکان، وەرگێڕانی سەردار محەمەد، سلێمانی ٢٠٠١، سەردەم.
٩– حوسێنی مەدەنی: کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان ب ٢، هەولێر ٢٠٠١، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری.
١٠– حوسێنی محەمەد عەزیز: پێنج کاتژمێر لەگەڵ برایم ئەحمەددا، ١٩٩٥، چاپخانەی باران.
١١– خەلفین. ن. ١.: خەبات لە رێی کوردستاندا، وەرگێڕانی جەلال تەقی، سلێمانی ١٩٧١، راپەڕین.
١٢– دیڤد ماکداول: مێژووی هاوچەرخی کورد، وەرگێڕانی ئەبوبەکر خۆشناو، ب ٢، سلێمانی ٢٠٠٣، ڕوون.

١٣– روینه لۆمبۆرن: کورد گەلێکی بێ وڵات، وەرگێڕانی ئەمجەد شاکەلی، سوێد ١٩٩٤.
١٤– شاکر خەسباك: کورد و مەسەلەی کورد، وەرگێڕانی ئەمجەد شاکەلی، ستۆکهۆڵم ١٩٩٧.
١٥– عەبدوڕەحمان قاسملۆ (د)، عەبدوڵا حەسەن زادە: کورتە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستان،(١٣٨١)
١٦– عەباسی وەلی: پەیدابوون و بناغەی ناسیۆنالیزمی کورد لە ئێران، وەرگێڕانی حەسەنی قازی ١٩٩٥ .
١٧– عەلی کەریمی: ژیان و بەسەرهاتی عەبدوڕەحمان زەبیحی، چ ٢، سلێمانی ٢٠٠٥.
١٨– عەلائەدین سەجادی: شۆڕشەکانی کورد وە کورد و کۆماری عێراق، بەغدا ١٩٩٥، مەعارف.
١٩– کۆنگرەی بیرەوەریی سەد ساڵەی بارزانیی نەمر، ئامادەکردنی مومتاز حەیدەری و ئەوانی تر، هەولێر ٢٠٠٣ چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
٢٠– کۆنگرەی ٩٠ ساڵەی لەدایکبوونی بارزانیی نەمر، کوردستان ١٩٩٣، خەبات.
٢١– کامەران ئەحمەد محەمەدئەمین: کوردستان لە نێوان ململانێی نێودەوڵەتی و ناوچەییدا ١٨٩٠– ١٩٣٢، سلێمانی ٢٠٠٠، سەردەم.
٢٢– کەریم حسامی: کاروانێك لە شەهیدانی کوردستانی ئێران، سنندج ١٩٧١، روز بە.
٢٣– کەندال و ئەوانی تر: گەلێکی پەژموردە و نیشتمانی پەرت، وەرگێڕانی م. گۆمەیی، سوێد ١٩٩٨.
٢٤– محەمەد تۆفیق وردی: چوونی بارزانییانی قارەمان بۆ سۆڤیەت، چ ٢، هەولێر ٢٠٠١.
٢٥– مەسعوود بارزانی: بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم و دووەم شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١ – ١٩٧٥، هەولێر ٢٠٠٤ چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
٢٦– موجتەبا بورزوویی: بارودۆخی سیاسیی کوردستان، وەرگێڕانی نازناز محەمەد عەبدولقادر و ئەوانی تر، هەولێر ٢٠٠٥، دەزگای موکریانی.
٢٧– نادر ئینتیسار: ئیتنۆ نەتەوایەتیی کوردی، وەرگێڕانی عەتا قەرەداغی، (سلێمانی ٢٠٠٣)
٢٨– نازناز محەمەد عەبدولقادر: بەعەرەبکردنی خاکی کوردستان و کولتووری کورد، (هەولێر ٢٠٠٨، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی موکریانی.

٢٩- نازناز محەمەد عەبدولقادر: میرنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە سەردەمی فەرمانڕەواییی قاجارەکاندا، هەولێر ٢٠٠١، دەزگای موکریانی.
٣٠- نەجەف قولی پسیان: لە مەهابادی خوێناوییەوە. هەتا لێوارەکانی ئاراس، وەرگێڕانی شەوکەت شێخ یەزدین، (هەولێر ١٩٩٦).
٣١- واحید عومەر محیەدین: دانوستاندنەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەییی کورد و حکوومەتەکانی عێراق ١٩٢١ - ١٩٦٨، سلێمانی ٢٠٠٦ سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان.
٣٢- وریا جاف: هەندێك لە چاوپێکەوتن و وتارەکانی بارزانیی نەمر، هەولێر ١٩٩٩.
٣٣- یاسین سەردەشتی: کوردستانی ئێران لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەییی گەلی کورد (١٩٣٩ - ١٩٧٩)، سلێمانی ٢٠٠٣.
٣٤- یاسین سەردەشتی: ژیان و تێکۆشانی سیاسیی ئەحمەد تۆفیق ١٩٣٠ - ١٩٧٣، لێکۆڵینەوەیەکە لە ١٦/ ١٢/ ٢٠٠٦ لە هەفتەنامەی ئینتەرنێتی «دیمانە» بڵاو کراوەتەوە.

**ب- بەزمانی عەرەبی**

٣٥- ادمون غريب: الحركة القومية الكوردية، (بيروت ١٩٧٣ دار النهار).
٣٦- اديث، ايف بينروز: العراق، دراسة في علاقاته الخارجية وتطوراته الداخلية ١٩١٥ - ١٩٧٥ ترجمة عبدالمجيد حسيب القيسي، ج ٢، بيروت الدار العربية للموسوعات.
٣٧- اسماعيل بيشكجي: كردستان مستعمرة دولية، ترجمة زهير عبدالملك، ستوكهولم CBA ١٩٩٨ .
٣٨- امال السُبكي: تاريخ ايران السياسي بين پورتين (١٩٠٦ - ١٩٧٩)، (كويت ١٩٩٩ عالم المعرفة).
٣٩- اوريل دان: العراق في عهد قاسم، تاريخ سياسي ١٩٥٨ - ١٩٦٣ ترجمة جرجيس فتح الله، سويد ١٩٨٩.
٤٠- برهان ابابكر ياسين: كوردستان في سياسة القوى العظمى ١٩٤١ - ١٩٤٧، ترجمة هوراس، دهوك ٢٠٠٢.
٤١- تورد ڤالستروم: ليس لنا من اصدقاء وغير الجبال، ريپورتاج من كوردستان، ترجمة عبدالسلام نعمان، دهوك ١٩٩٨.
٤٢- جابر ابراهيم الراوي (د): الحدود الدولية ومشكلة الحدود العراقية - الايرانية، دراسة

قانونية وثائقية بغداد ١٩٧٥.
٤٣- جرجيس حسن: تركيا في الاستراتيجية الامريكية بعد سقوط الشاه ١٩٩٠ بلا مكان.
٤٤- جرجيس فتح الله: زيارة للماضي القريب ط ٣، ستوكهولم ١٩٩٨، دار الشمس للطباعة والنشر.
٤٥- جرجيس فتح الله: يقظة الكرد، اربيل ٢٠٠٢ وزارة التربية.
٤٦- جلال طالباني: كردستان والحركة القومية الكردية، ط ٢ بيروت ١٩٧١.
٤٧- جليلي جليل وآخرون: الحركة الكردية في العصر الحديث، بيروت ١٩٩٢.
٤٨- جهاد صالح العمر - اسعد محمد الجوادي: ايران في عهد رضا شاه بهلوي ١٩٢٥ - ١٩٤١، جامعة البصرة ١٩٩٠.
٤٩- حازم حسن العلي: انتفاضة الموصل، ثورة الشواف ٧ اذار ١٩٥٩، (بغداد ١٩٨٧).
٥٠- حامد محمود عيسى: المشكلة الكردية في الشرق الاوسط القاهرة ١٩٩٢ مكتبة مدبولي.
٥١- حسن مجيد الدجيلي: ايران والعراق خلال خمسة قرون، بيروت ١٩٩٩، دار اضواء .
٥٢- حسن مجيد الدجيلي: ميثاق بغداد، حقائق يبسطها مجلس العلوم البريطاني، بغداد، ١٩٥٦.
٥٣- حسن مصطفى: البارزانيون وحركة بارزان ١٩٣٢ - ١٩٤٧ ط ٢ بغداد ١٩٨٣.
٥٤- خليل علي مراد: تطور السياسة الامريكية في منطقة الخليج العربي ١٩٤١ - ١٩٤٧، البصرة ١٩٨٠ مطبعة جامعة البصرة.
٥٥- دانا ادامز شمدت: رحلة الى رجال شجعان في كردستان، ترجمة جرجيس فتح الله ط٢، اربيل ١٩٩٩، دار ئاراس.
٥٦- دهام محمد دهام العزاوي: الاقليات والامن القومي العربي، ٢٠٠٣، دار وائل.
٥٧- ديڤيد ادامسن و جرجيس فتح الله: الحرب الكردية وانشقاق ١٩٦٤، اربيل ١٩٩٩، دار ئاراس.
٥٨- ر.د. مكلورن: «السياسة السوفيتية في الخليج العربي» في دراسات سياسية عن منطقة الخليج العربي ترجمة خليل علي مراد، ١٩٨٣.
٥٩- رزگار محمد: عملية دجلة، حملة الحكومة العراقية على كردستان عام ١٩٦٣ اربيل ٢٠٠١، جامعة صلاح الدين.
٦٠- روح الله رمضاني: الخليج العربي ومضيق هرمز، ترجمة عبدالصاحب الشيخ،

(بصرة ١٩٨٤، جامعة بصرة).
٦١- روح الله رمضاني: سياسة ايران الخارجية ١٩٤١ - ١٩٧٣ ترجمة علي حسن فياظ، عبدالمجيد حميد جودي، دراسات الخليج العربي، بجامعة البصرة ١٩٨٤.
٦٢- رينية موريس: كردستان او الموت، ترجمة جرجيس فتح الله اربيل ١٩٩٩، دار ئاراس.
٦٣- ستيڤن هيمسلي لونگريك: اربعة قرون من تاريخ العراق الحديث، ترجمة جعفر خياط، ط ٦، بغداد ١٩٨٥.
٦٤- سروه اسعد صابر: كوردستان الجنوبية ١٩٢٦ - ١٩٣٩ دراسة تاريخية - سياسية، سليمانية ٢٠٠٦، حمدي.
٦٥- سعد مهدي شلاش (د): حركة القوميين العرب ودورها في التطورات السياسة في العراق ١٩٥٨ - ١٩٦٦، بيروت ٢٠٠٢ دراسات الوحدة العربية.
٦٦- سعد ناجي جواد (د): العراق والمسألة الكردية ١٩٥٨ - ١٩٧٠، لندن ١٩٧٠.
٦٧- سعد ناجي جواد (د): العلاقات العربية - الايرانية، ط ٢، بيروت ٢٠٠١.
٦٨- سعد ناجي جواد (د): دراسات في المسألة القومية الكردية، الدار العربية ٢٠٠٥.
٦٩- سعيد خديدة علو: العلاقات العراقية - الايرانية واثرها في قضية الكردية في العراق ١٤ تموز ١٩٥٨ - ٨ شباط ١٩٦٣ - (دهوك ٢٠٠٦).
٧٠- سيد باديب: العلاقات السعودية - الايرانية ١٩٣٢ - ١٩٨٣ دار الساقي مركز الدراسات الايرانية والعربية، لندن ١٩٩٤.
٧١- تاريخ ايران السياسي المعاصر، المترجم سالم مشكور، طهران ١٩٩٣، منظمة الاعلام الاسلامي.
٧٢- شامل عبدالقادر: عبدالكريم قاسم، البداية والنهاية، عمان ٢٠٠٢، الاهلية للنشر.
٧٣- شكيب عقراوي: سنوات المحنة في كردستان، اربيل ٢٠٠٧، مديرية مطبعة الثقافة.
٧٤- شيرزاد زكريا محمد: الحركة القومية الكوردية في كوردستان العراق ١٩٦٣ - ١٩٦٨، اربيل ٢٠٠٦.
٧٥- صلاح الخرسان: التيارات السياسية في كردستان العراق ١٩٤٦ - ٢٠٠١، بيروت ٢٠٠١ البلاغ.
٧٦- طاهر خلف البكاء (د): التطورات الداخلية في ايران ١٩٤١ - ١٩٥١، بغداد ٢٠٠٢.
٧٧- گونتر دشنر (د): احفاد صلاح الدين، ترجمة عبدالسلام برواري، ط ٢، (دهوك

٢٠٠٠، خەبات).
٧٨- عباس محمود عباس: ازمة شط العرب، (بيروت ١٩٧٣ المؤسسة العربية للدراسات والنشر).
٧٩- عبدالخالق عبدالله (د): النظام الاقليمي الخليجي، (بيروت ١٩٩٨).
٨٠- عبدالرحمان البياتي: سعيد قزاز ودوره في سياسة العراق حتى عام ١٩٥٩، بيروت ٢٠٠١ مؤسسة العربية للدراسات والنشر.
٨١- عبدالرحمان بزاز: العراق من الاحتلال حتى الاستقلال، ط ٣، بغداد ١٩٩٧، العاني.
٨٢- عبدالرزاق الحسيني: تاريخ الوزارات العراقية ج ٥، بغداد ١٩٩٨.
٨٣- عبدالعزيز سليماني نوار: تاريخ العراق الحديث، القاهرة ١٩٦٨ دار الكتاب العربي.
٨٤- عبدالفتاح علي بوتاني: موقف الاحزاب السياسية العراقية من القضية الكردية ١٩٤٦-١٩٧٠، دهوك ٢٠٠٧، خاني.
٨٥- عبدالفتاح علي بوتاني: التطورات السياسية الداخلية في العراق ١٤ التموز ١٩٥٨ - ٨ شباط ١٩٦٣، (دهوك ٢٠٠٧ خاني).
٨٦- عبدالكريم فندي: فصول من ثورة ايلول في كردستان العراق، دهوك ١٩٩٥، كلية الشريعة.
٨٧- عبدالله احمد رسول البشدري: اندلاع ثورة ايلول المجيدة ١٩٦١ جـ ١، اربيل ٢٠٠١ مطبعة الثقافة.
٨٨- عبدالمحسن خليل محمد: المسألة الكردية، احداثها وتطوراتها بحث مقدم الى مجلس قيادة الثورة في العراق، باشراف سعد ناجي جواد، القسم الثاني بغداد ١٩٨٦.
٨٩- عبدالوهاب حميد رشيد: العراق المعاصر، دمشق ٢٠٠٢.
٩٠- عزيز الحاج: القضية الكردية في العراق التاريخ والافاق، بيروت ١٩٩٤ المؤسسة العربية للدراسات و النشر.
٩١- علاء موسى كاظم نورس: حكم المماك في العراق ١٧٥٠ - ١٨٣١، بغداد ١٩٧٥ دار الحرية للطباعة.
٩٢- علاء موسى كاظم نورس: العراق في العهد العثماني، دراسة في العلاقات السياسية ١٧٠٠ - ١٨٠٠، بغداد ١٩٧٩، الحرية للطباعة.
٩٣- علي الوردي: لمحات اجتماعية من تاريخ العراق الحديث، الجزء الثاني، بغداد ١٩٧١، الارشا.

٩٤- علي سنجاري: القضية الكوردية وحزب البعث العربي الاشتراكي في العراق، ج١، دهوك ٢٠٠٦.

٩٥- علي شاكر علي: تاريخ العراق في العهد العثماني، الموصل ١٩٥٨.

٩٦- علي كريم سعيد (د): عراق ٨ شباط من حوار المفاهيم الى حوار الدم، مراجعات في ذاكرة طالب شبيب، (١٩٩٩ دار الكنوز الادبية).

٩٧- فاضل حسين: مشكلة الموصل، دراسة في الدبلوماسية العراقية - الانگليزية - التركية وفي الرأي العالم، ط٣، بغداد ١٩٧٧، مطبعة اشبيلية.

٩٨- فتحي الديب: عبدالناصر وثورة ايران، قاهرة ٢٠٠٠.

٩٩- فهمي هويدي: ايران من الداخل، ط٤، قاهرة ١٩٩١.

١٠٠- فواز جرجيس: النظام الاقليمي العربي والقوى العظمى، بيروت ١٩٩٧، مركز دراسات الوحدة العربية.

١٠١- فيبي مار: تاريخ العراق المعاصر العهد الملكي، ترجمة مصطفى نعمان احمد، بغداد ٢٠٠٦.

١٠٢- كمال مظهر احمد (د): دراسات في تاريخ ايران الحديث والمعاصر، بغداد ١٩٨٥ مطبعة اركان.

١٠٣- كمال مجيد: النفط والاكراد،(لندن ١٩٩٧).

١٠٤- ليلى ياسين حسين الامير (د): نوري السعيد ودورة في حلف بغداد واثره في العلاقات العراقية العربية ١٩٤٦ - ١٩٥٨، بغداد ٢٠٠٢.

١٠٥- م.س. لازاريف وآخرون: تاريخ كوردستان، ترجمة د. عبدي حاجي، دهوك ٢٠٠٦.

١٠٦- ماريون فاروق سلو غلت، بيتر سلوغلت: من الثورة الى الديكتاتورية، العراق منذ ١٩٥٨، ترجمةء ماكل النبراس، منشورات الجمل.

١٠٧- مايكيل أ. بالمر: حراس الخليج، ترجمة نبيل زكي، قاهرة ١٩٩٥، مركز الاهرام.

١٠٨- مايكل جي هوغان: نهاية الحرب الباردة - مدلولها وملابستها، ترجمة محمد اسامة القوتلي، دمشق ١٩٩٨ منشورات وزارة الثقافة.

١٠٩- مجموعة مؤلفين: الحدود الشرقية للوطن العربي، دراسة تاريخية، بغداد ١٩٨١ دار الحرية للطباعة.

١١٠- مجيد خدوري: العراق الجمهوري، قم ١٣٧٧.

١١١- محمد احسان: كوردستان ودوامة الحرب، اربيل ٢٠٠١، دار ئاراس.

١١٢- محمد السعيد ادريس: النظام الاقليمي للخليج العربي، بيروت ٢٠٠٠ مركز دراسات الوحدة العربية.

١١٣- محمد كامل محمد عبدالرحمان: سياسة ايران الخارجية في عهد رضا شا، ١٩٢١ - ١٩٤١، جامعة البصرة ١٩٨٨.

١١٤- محمد كريم المشهداني: عبدالرحمن البزاز، دوره الفكرى والسياسي في العراق حتى ثورة ١٧ تموز ١٩٦٨ (بغداد ٢٠٠٢ اليقظة العربيه).

١١٥- محمد وصفى ابومغلى: دليل الشخصيات الايرانية المعاصرة، منشورات مركز دراسات الخليج العربي لجامعة البصرة ١٩٨٣.

١١٦- محمود الدره: القضية الكردية، ط ٢،(بيروت ١٩٦٦).

١١٧- مصطفى النجار وآخرون: تاريخ الخليج العربي الحديث والمعاصر، البصرة ١٩٨٤، مطبعة جامعة البصرة.

١١٨- مصطفى عبدالقادر النجار (د): التاريخ السياسي لعلاقات العراق الدولية بالخليج العربي جامعة البصرة، ١٩٧٥.

١١٩- مصطفى عبدالقادر النجار: اضواء وعلى اطماع روسيا القيصرية والاتحاد السوفيتي في الخليج العربي والجزيرة العربية (اردن ٢٠٠٣ دار زهران).

١٢٠- منذر الموصلي: القضية الكردية في العراق " البعث والاكراد" بيروت ٢٠٠٠، دار بيان.

١٢١- من منشورات مكتب الدراسات والبحوث المركزي لحزب الديمقراطي الكوردستاني: موقف الاحزاب السياسية العراقية من قضية الكوردية ١٩٤٦ - ١٩٧٠، دراسة رقم ٣٠، ١٩٩٧.

١٢٢- محمد ازهر السماك: اقتصاديات النفط، جامعة الموصل ١٩٨٠.

١٢٣- نوري عبدالحميد خليل: التاريخ السياسي لامتيازات النفط في العراق ١٩٢٥ - ١٩٥٢، بيروت ١٩٨٠.

١٢٤- وزارة الاعلام العراقية، فصول من النزاع العراقي - الايرانية، بغداد ١٩٨١.

١٢٥- ياسين سويد (اللوا و.د): الوجود العسكري الاجنبي في الخليج واقع وخيارات دعوة الى امن عربي اسلامي في الخليج، بيروت ٢٠٠٤، نشر مركز دراسات الوحدة العربية.

١٢٦- يونان هرمز: ايامي في ثورة كردستان، اربيل ٢٠٠١، دار ئاراس، الطبعة الثانية.

ج – بەزمانی فارسی


۱۲۷– ابالاس، ادگار: جنبش کردها، ترجمه اسماعیل فتاح قاضی، تهران ۱۳۷۷.

۱۲۸– آبراهامیان، یرواند: ایران بین دو انقلاب، ترجمهٔ احمد محمدی، محمد ابراهیم فتاحی، ج ٦، تهران ۱۳۸۰ نشرنی.

۱۲۹– انتصار، نادر: مافیای قدرت، بررسی ناسیونالیزم قومی، نژادی کردها، ترجمهٔ عرفان قانعی فرد، تهران ۱۳۸۵.

۱۳۰– آوری، پیتر: تاریخ معاصر ایران، ترجمه محمد رفیعی مهرآبادی، تهران ۱۳٦۷ عطائی.

۱۳۱– بصیرت، حمید: علما و رژیم رضا شاه، تهران ۱۳۷٦، عروج.

۱۳۲– بلو، ژویس: مسألە کُرد، ترجمه پرویز امین تهران ۱۳۷۹ شالوده.

۱۳۳– بهار، ملك شعراء: تاریخ مختصر احزاب سیاسی ایران، ج ۱، تهران ۱۳۷۱.

۱۳٤– بهزادی، حمید: اصول روابط بین الملل وسیاست خارجی، چ دوم، تهران ۱۳٦۸ دهخدا.

۱۳۵– مسعود، بهنود: از سید ضیاء تا بختیار، چ ٥، تهران ۱۳۷۰، جاویدان.

۱۳٦– بیگدلی، علی: تاریخ سیاسی اقتصادی عراق، تهران ۱۳٦۸، میراث ملل.

۱۳۷– پارسا دوست، منوچهر: زمینەهای تاریخی اختلافات ایران و عراق، (تهران ۱۳٦٤، شرکت سهامی انتشار.

۱۳۸– پژمان، عیسی: اسرار بستن پیمان ۱۹۷۵ الجزیره، انتشارات نیما.

۱۳۹– پژمان، عیسی: کردها و کردستان، ج ۱، پاریس ۱۹۹۲ ژن.

۱٤۰– پطروشفسکی و دیگران: تاریخ ایران، ترجمەی کریم کشاورز، تهران ۱۳٥٤، پیام.

۱٤۱– پلینو جك سی. – روي آلتون: فرهنگ روابط بین الملل، ترجمه حسن پستا چ دوم، «تهران ۱۳۷۹، فرهنگ معاصر.

۱٤۲– ثور پیرار، ناصر: پلی برگذشته برآمدن اسلام، کتاب دوم چ ۲، تهران ۱۳۷۹، کارنگ.

۱٤۳– پهلوی، رضا شاه: سفرنامەی خوزستان، چ۳، تهران ۱۳٥۷، امیر کبیر.

۱٤٤– پیردیگار ژان، برنار هورکاد، یان ریشار: ایران در قرن بیستم، ترجمەی عبدالرضا هوشنگ مهدوی، تهران ۱۳۷۷، البرز.

۱٤٥– ترابی، یوسف: روابط ایران وآمریکا، تهران ۱۳۷۹ عروج.

۱٤٦– جعفری ولدانی، اصغر: بررسی تاریخی اختلافات مرزی ایران و عراق، تهران ۱۳٦۷،

دفتر مطالعات سیاسی وبین المللی.
۱٤۷– رازی، عبدالله (د): تاریخ کامل ایران چ ١٤، تهران ١٣٧٧ اقبال.
۱٤۸– رندل، جاناتان: با این رسوائی چه بخشایشی، ترجمه‌ی ابراهیم یونسی، تهران ۱۳۷۹ پانیذ.
۱٤۹– زربخت، مرتضی: از کردستان عراق تا آنسوی رودارس، چ ۲، تهران ۱۳۷۷ شیرازه.
۱۵۰– ذبیح، سپهر: ایران در دوره‌ی دکتر مصدق، ترجمه محمد رفیعی مهر آبادی چ ۳، تهران ۱۳۸۱ عطایی.
۱۵۱– سلطانی، محمد علی: اوضاع سیاسی، اجتماعی و تاریخی ایل بارزان، تهران ۱۳۸۳ سازمان اسناد و کتابخانه ملی.
۱۵۲– عزتی، عزت الله: تحلیلی بر ژئو پلتیك ایران و عراق، تهران ۱۳۸۱ انتشارات وزارت امور خارجه.
۱۵۳– عسکری، نور محمد: قله‌های قدرت دودمان پهلوی در دو دهه‌ی پایانی، تهران ۱۳۸۲، به آفرین.
۱۵٤– غفاری هشجین، زاهد: تئوری توطئه در فرهنگ سیاسی معاصر ایران، تهران ١٣٨٤.
۱۵۵– غنی، سیروس: ایران بر آمدن رضا خان، برافتادن قاجار و نقش انگلیسیها، ترجمه حسن کامشاد چ ۳،(تهران ۱۳۸۰ نیلوفر).
١٥٦– فردوست، حسین: ظهور و سقوط سلطنت پهلوی، ج ٥،(تهران ١٣٧١).
۱۵۷– قزان، رمزی: مبارزات سیاسی و روشنفکری کرد، ترجمه احمد محمدی،(تهران ۱۳۷۹. احسان).
۱۵۸– کاپوشینکی، ریتشارد: شاهنشاه، ترجمه ولی الله ابراهیمی، تهران ۱۳۷۸ انتشارات نیك پندار.
۱۵۹– کاتم، ریچارد: ناسیونالیزم در ایران، ترجمه‌ی احمد تدین چ ۳،(تهران ۱۳۸۳ کویر)..
١٦٠– کاتوزیان، محمد علی همایون: دولت و جامعه در ایران، ترجمه‌ی حسن افشار، چ۲، تهران ۱۳۸۰ نشر مرکز.
١٦١– کاتوزیان، محمد علی همایون: جامعه شناسی تاریخی ایران، نفت و توسعه اقتصادی، ترجمه‌ی علی رضا طیب (تهران ۱۳۷۷ نشر مرکز).
١٦٢– کرزن، جرج. ن.: ایران و قضیه‌ی ایران، ترجمه غ. وحید مازندانی چ ۲، ج۱ تهران ١٣٦٢، مرکز انتشارات علمی و فرهنگی.
١٦٣– کروبزگر، هانس: خون درراه نفت، ترجمه‌ی محمد شعری، (تهران ۱۳۸۱ نشر ثالث).

۱٦٤– کنان، درک: کرد و کردستان، ترجمه‌ی جواد هاتفی، (تهران ۱۳٤۲).
۱٦٥– کوچیرا، کریس: جنبش ملی کرد، ترجمه‌ی ابراهیم یونسی، تهران ۱۳۷۳.
۱٦٦– کینز، استیڤن: همه‌ی مردان شاه، ترجمه‌ی شهریار خواجیان چ ۲، تهران ۱۳۸۳.
۱٦۷– لنچافسکی: سی سال رقابت غرب و شوروی در ایران ۱۹٤۸ – ۱۹۱۸، ترجمه‌ی حوار یاوری، تهران ۱۳٥۱، ابن سینا.
۱٦۸– ماسلی، لئونارد – محمد رفیعی مهرآبادی: نفت، سیاست کودتا در خاورمیانه، چ ۲، تهران ۱۳٦٦ رسام.
۱٦۹– معتضد، خسرو: سراب جانشین پسر، چ ۲، تهران ۱۳۷٤ البرز .
۱۷۰– معتضد، خسرو: سپهبد تیمور بختیار، سایه‌ی سنگین شاه، تهران ۱۳۷۹ انتشارات علمی.
۱۷۱– مشایخی، فریدون، آذرمیدخت (د): مسائل مرزی ایران و عراق و تأثیر ان در سیاست دو کشور، (تهران ۱۳٦۹).
۱۷۲– معین (د.): فرهنگ سیاسی معین، چ ٥،(تهران ۱۳٦٤، امیر کبیر ).
۱۷۳– مکی، حسین: تاریخ بیست ساله ایران، چ۲، تهران ۱۳٥۹ بنگاه ترجمهء و نشر کتاب.
۱۷٤– مؤمنی، حمید: درباره‌ی مبارزات کردستان چ ۲، تهران ۱۳٥۸ شباهنگ.
۱۷٥– میرفندرسکی، احمد و احمد احرار: دیپلماسی و سیاست خارجی ایران، ازسوم شهریور ۱۳۲۰ تا ۲۲ بهمن ۱۳٥۷، (تهران ۱۳۸۲، علم).
۱۷٦– میلانی، عباس: معمای هویدا، چ۳، تهران ۱۳۸۰ اختران.
۱۷۷– نحلة، امیل – آ –: روابط امریکا و اعراب در خلیج فارس، ترجمه‌ی کارو (تهران ۱۳٥۹.
۱۷۸– نفیسی، سعید: تاریخ اجتماعی و سیاسی ایران در دوره معاصر ج دهم، چ ۲، تهران ۱۳۷٦ بنیاد.
۱۷۹– نوروزی، خیابانی مهدی: فرهنگ لغات و اصطلاحات سیاسی، انگلیسی – فارسی،چ ۸ تهران ۱۳۷۹ نشرنی.
۱۸۰– واعظی، حسن: ایران و آمریکا، چ ۳ تهران ۱۳۸۱، سوشا.
۱۸۱– همتی، عبدالناصر: اقتصاد نفت تهران ۱۳۷٤ سروش.
۱۸۲– هیوم، کامرون: سازمان ملل متحد، ایران و عراق، ترجمه هوشنگ راسخی عزمی ثابت، تهران ۱۳۷٦ چاپ وزارت امور خارجه.

د- بەزمانی ئینگلیزی

183- David E.long , h United states policy Towards the Persian Gulf " Current tlistory , February , 1975 , P. 71.

184- Arnold Wilson : Persia , "Apolitical officers Dairy ,1907 -1914 " oxford university press ,1914 , P 270.

185- Joane Nagle "The condition of Ethnic separatism : The kurds in Turkey , Iran , and Iraq , Ethnicity 1.no.3 september 1980.

186- Amin , Hasan "The Iran - Iraq conflict. Legal Implication, The International and comparative Law Quarterly , vol .31. January 1982.

187- William Eagleton Jr :,The Kurdish republic of 1946",oxford university press , 1963.

188- HAIM SHEMESH : "soviet - Iraqi Relations 1968 - 1988 in the shadow of Iraq - Iran conflict" lyneane Rienner Puplishrs.Boulder & London.

189- Oles M.smolansky & Bettie M smolansky

"THE USSR AND IRAQ , The soviet Quest for Influence", Duke University press - Durhan and London 1991

190- Henry Kissinger : "white House years" (Boston 1979).

191- Henry Kissinger: "Years of Renewal", simon & Schuster New York 1999.

192- Majid khadduri : "socialist Iraq : A study in Iraqi politics since 1968 ". Middle East Institud , Washington , D.C - 1978.

193- Majid khadduri : "Republican , Iraq , A study of Iraqi politics since the revolutionary of 1958" London oxford university press 1964.

194- KWRIM YLDIZ : "The Kurds in Iran The Past , Present and Future" (2007) Pluto Press. London.

## پاشکۆی ژماره ١

## چەند برگەیەك لە ڕاپۆرتەکەی پایك The Pike Report لەبارەی سیاسەتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا بەرامبەر بەشۆڕش

حاڵەتی ژمارە (٢) پشتگیریکردنی چەکداری «تا ڕادەی ئەم حاڵەتە لە ڕاپۆرتی لێژنەکە و یەکێك لە لاپەڕەکانی دەستنووسەکە ون دەبێت. ئەوەی لە ڕەوشەکەدا ڕوونە ئەوەیە مادە و نیوەکە مشتومڕێکی لەبارەی پلانی وڵاتە یەکگرتووەکان خستە سەرپشت. کە شای ئێران دەگرێتەوە، بۆ گەیاندنی پشتگیریی نهێنی بۆ کوردان لە یاخیبوونیاندا دژی حکوومەتی عێراق».

ئەو بەرنامەیەش کە ڕادەی ئەوپەڕەکەی ١٦ ملیۆن دۆلارە وەکو ئاشکرایە لەلایەن سەرۆکەوە ڕەزامەندیی لەسەر دراوە دوای کۆبوونەوەی داخراو کە لەگەڵ سەرۆکی دەوڵەتە بێگانەکە و دوکتۆر کیسینجەردا کردوویەتی.

هیچ کۆبوونەوەیەك بۆ «لێژنەی چلی» نەبەسترا، کە کارتی پێشنیازێکی ڕەسمیی تێدا پێشکێش بکرێ و شیمانەی هەریەك لە سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی تێدا بێ بەمەبەستی وتووێژکردن و دەنگ لەسەر دانیان، بگرە لە جیاتیی ئەو پەنابرانە بەر ڕێنوێنیی دانان بۆ ئەندامان بەدان پێدانانی ئەوەی کە کاغەزێکیان وەرگرتووە برگەیەکی تێدایە بۆ وەسفێکی تەماویی پرۆسەکە و، لە چوارچێوەیەکی نهێنیی ئەوتۆ کە لەنێو حکوومەتی ئەمەریکادا وێنەی نەبووە، جۆن بی کۆنالی وەزیری پێشووی دارایی کە خەریك بوو دەورێکی سەرەکی لە هەڵمەتی دووبارە هەڵبژاردنەکەی سەرۆکدا بگێڕێ، خۆی ئامۆژگاریی سەرۆکی وڵاتی کردبوو بۆ پێویستیی هاوکاریی وڵاتە یەکگرتووەکان لە کارەکەدا.

ئەوانەی چەك و پارەی ئەمەریکایان وەردەگرت، کۆمەڵە نەتەوەیەکی شۆڕشگێڕ بوون لە پێناوی ئۆتۆنۆمیدا شەڕیان دەکرد لە وڵاتێکدا کە سنوورەکەی بەسنووری هاوپەیمانێکی «ئێران» ئێمەوەیە. دوژمنایەتییەکی کۆنی بەهێز لە نێوان ئەو وڵاتە و هاوپەیمانەکەی ئێمەدا هەیە و هۆی ئەو دوژمنایەتییەش بوونی جیاوازییەکی زۆرە لە نێوانیان لە ڕووی ئایدیۆلوجی و لە ڕووی پێوەندییان لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان.

هەموو ئەو بەڵگانەی لەلایەن لێژنەکەوە کۆ کراونەتەوە ئاماژەیان بەوە کردووە کە دانانی بناغەی پڕۆژەکە لە بنەڕەتدا وەك خزمەتێك بووە کە پێشکێشی هاوپەیمانەکەی ئێمە دەکرێ، کە هاوکاریی لەگەڵ ئاژانسەکانی سەر بەئاژانسی ئیستیخباراتی ناوەندیی ئەمەریکا CIA کردووە و، خەریکە هەست بەمەترسی دەکا کە لە دراوسێکەیەوە بۆی دێ. لەبەرئەوەی ئەو پشتگیرییەی هاوپەیمانەکەمان پێشکێشی کرد زۆری لە قەبارەی پشتگیریکردن لەلایەن ئەمەریکاوە کەم کردەوە و ئەمەش وای کرد پشتگیریی ئێمە بۆ کۆمەڵە وەك پشتگیرییەکی ڕەمزی دیاربێ. ئەو بەڵگەنامانەش کە لێژنە سەیری کردوون ئاماژە بەوە دەکەن کە لە ڕاستیدا، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا وەك دەستەبەرێك کاری کردووە بۆ ئەوەی سەرۆکی ئەو دەوڵەتە بێگانەیە بەزوویی دەستبەرداری ئەو کۆمەڵەیە نەبێ و پشتیان تێ نەکا، بەڵام لەگەڵ ئەو دەستەبەرییە نهێنییانەشدا، هاوپەیمانەکەمان زوو، دوای سێ ساڵ پشتی لەو کۆمەڵەیە کرد و هەزاران کوژرا و، وێڕای زیانی ١٦ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکایی. بەم جۆرە، وا دەردەکەوێ کە ئەگەر ئەمەریکا پشتگیریی ئەو پرۆسە خەڵك فرۆشتنە ″النخاسە″ی نەکردایە کە هاوپەیمانەکەمان پێڕەوی کرد، ئەوا یاخییەکان دەیانتوانی بگەن بەڕێککەوتنێك لەگەڵ حکوومەتی ناوەندیدا، بەلای کەمەوە ڕێگەی پلە یەکی ئۆتۆنۆمیی دەدان و لەوەش دووری دەکردنەوە کە خوێنیان زیاتر بڕژێ، بەڵام ئەوانەی مامەڵەیان لەگەڵ ئێمەدا دەکرد لە جیاتیی ئەوە بەردەوامبوونی شەڕکردنیان هەڵبژارد کە دووچاری هەزاران کوژراو و بریندار و پەنابەری کردن.

بێگومان ئەو وریاییە ئاسایشییە زۆرە و پێچکردنەوەیە بەدەوری لێژنەی چلیدا ئەنجامی ترسی سەرۆك و د. کیسینجەر بوون لە دزەکردنی وردەکاریی پڕۆژەکە کە ئەویش بەدڵنیایی هاوپەیمانەکەمان قەڵس دەکا ئەگەر ڕووی بدایە. هەروەها وا دەردەکەوێ نهێنیی بابەتەکە لەوەوە سەرچاوەی گرتبێ کە حەز دەکەن وەزارەتی دەرەوە بەبێ ئاگایییەکی تەواو لە کارەکە بهێڵنەوە بەهۆی بەرهەڵستیکردنی بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەیەکی لەم جۆرە لە ناوچەکەدا.

لەوانەشە ئەوەی زۆر زیاتر لێژنەی چلیی قەڵس کردبێ لە گوێ پێنەدانی سەرۆك بەو لێژنەیە، سیاسەتی «پێشبینی نەکردنی سەرکەوتن» بێت کە وڵاتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکەمان گرتیانە بەر. چونکە ئەو بەڵگەنامانەی لەلای لێژنەکەن بەڕوونی ئەوە دەردەخەن کە هەریەك لە سەرۆك و د. کیسینجەر و سەرۆکی دەوڵەتە بیانییەکان

هیوایان وابوو بەکرێگیراوەکانمان سەرنەکەون. ئەمەش لەبەرئەوەی وایان پێ باش بوو یاخییەکان بەئاسانی بەردەوام لە ئاستێکی شەڕی وادا کە تەنیا سەرچاوەی دەرامەتی ولاتە دراوسێکەی هاوپەیمانەکەمان لە بن بێنن، ئەمە لەگەڵ هێشتنەوەی ئەو سیاسەتە بەنهێنی لەوانەی هان دەدران بۆ بەردەوامبوون لە شەڕدا. هەر ئەمەش بوو وای لە پرۆژەکەمان کردبوو، تەنانەت لە ڕەوشی کاری نهێنیشدا وەك بابەتێك بۆ گاڵتە پێکردن دەرکەوێ.

ئەوەی مایەی گاڵتە پێکردنە، ئەوەیە، سەرەڕای هاندانی هەریەك لە سەرۆك نیکسۆن و د. کیسینجەر بۆ بەردەوامبوونی کردەوەی شەڕ بەئامانجی تێکدانی هاوسەنگیی ئەو ولاتەی بووەتە ئامانج، ولاتە یەکگرتووەکان خۆی پەنا بباتە بەر ڕێگەگرتن لە یاخییەکانی کە جارێك لە جاران هێرشێکی گشتگیر بکەن، هەرچەندە لەوانە بوو هێرشێکی لەم جۆرە سەرکەوتن بەدەست بێنێ لەبەرئەوەی ولاتەکەی کراوە بەئامانج سەرقاڵی ڕووداوی تر بوو.

سەرجەمی پشتگیرییەکانی ئەمەریکا لە ڕێگەی هاوکارەکەی لەمەڕ خۆمانەوە دەگەیەنران و زۆر زەحمەت بوو بەبێ یارمەتیی لۆجستیکی ئەو، ئێمە پشتگیرییە ڕاستەوخۆکەمان بگەیەنین. ئەمەش وای کردبوو بەرژەوەندیی نەتەوەییمان زۆر تێکەڵاوی بەرژەوەندیی ئەو بێت. لە ئەنجامدا کاتێك هاوپەیمانەکەمان لەگەڵ ولاتە بەئامانجکراوەکەدا گەیشت بەرێککەوتنێك و یەکسەر یارمەتییەکانی بۆ یاخییەکان بڕی، ولاتە یەکگرتووەکان هیچ بژارەیەکی تری لە بەردەمدا نەماوە ئەوە نەبێ پرۆژەکە ڕابگرێ. واتە هێز و کارتێکردنی هاوپەیمانەکەمان لەسەر سیاسەتی ولاتە یەکگرتووەکان گەیشتە پلەیەك تەنانەت هەوڵی ئەوەی نەدا بەبەشدارە ئەمەریکاییە بچووکەکانی خۆی ڕابگەیەنێ کە نێزیکە بەرنامەکەی کۆتایی بێت.

ئەم هەنگاوە هەروەها بۆ یاخییەکانیش شتێکی کتوپڕ بوو و، دوژمنەکانیان لەبەرئەوەی زانییان کە نزیکە یارمەتییەکانیان لێ دەبڕن هەڵمەتێکی بەربلاویان کردە سەریان بۆ ڕاونان و وێرانکردن لە ڕۆژی دوای ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەکە و، بەم شێوەیە بزووتنەوەی داواکردنی ئۆتۆنۆمی کۆتایی هات و بەکرێگیراوەکانمان لە بەرامبەر هێزە بالادەستەکانی حکوومەتی ناوەندیدا پەرت و بلاو بوونەوە.

بەلام ئەو گاڵتەجارییەی دەوری هەڵوێستی ولاتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکەی دابوو، سەرەڕای ئەوەش لەم ڕادەیەدا نەوەستان. وێڕای بانگەوازی ڕاستەوخۆی

سەرۆکی یاخییەکان و لە ئێستگەی CIA لە ناوچەکەوە بۆ سەرۆك نیکسۆن و د. کیسینجەر، وڵاتە یەکگرتووەکان ڕەتی کردەوە پشتگیریی مرۆیی پێشکێش بەهەزاران پەنابەر بکا کە لەبەر برینی دەستبەجێی پشتگیریی سەربازی، دەربەدەر بووبوون. هۆیەکەش وەك یەکێك لە گەورە بەرپرسانی وڵاتە یەکگرتووەکان گوتی ئەوە بوو کەوا: «پێویستە پرۆسەی نهێنی و کاری نێردراوە مۆژدەهێنەکان تێکەڵ بەیەکتر نەکەین».

....................................................

(سەرەتای ئەم پەراوێزە دەست نەکەوتبوو – تێبینیی بڵاوکەرەوە)... ئێمە، ئەگەر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆش بێ، نامانەوێ لەو پرۆسانە بگلێین کە دەرژێنە ڕێڕەوی درێژەپێدانی یاخیبوون و، لە دواییدا دەبنە هۆی هاندانی ئاواتی جیاخوازی و هەل ڕەخساندن بۆ یەکەتیی سۆڤیەت بۆ دروستکردنی ئاستەنگ «بۆ دوو هاوپەیمانی تر لە هاوپەیمانانی وڵاتە یەکگرتووەکان». یەکێك لەو برووسکانەی لە مەڵبەندی CIA لە ناوچەکە COSەوە بۆ بارەگەی سەرەکیی DCI ڕەوانە کراوە، ڕایەکانی باڵیۆزی وڵاتە یەکگرتووەکان لەبارەی پێشنیازەکەوە تێدایە: "هیچ کاردانەوەیەکی بەکردەوە لە بەرژەوەندیی پشتگیریی دارایی بۆ ئەم پرۆسەیە نییە، مەگەر لێرەدا هەندێ ئیعتیباری سیاسیی گرینگ پێچەوانەی ئەمە هەبن و من لێیان ئاگەدار نەبم. ئەمە سەرەڕای ئەوەی ڕێگەکە کۆتاییەکەی کراوەیە و ئەمەش دەرگە دەخاتە سەرپشت، لە حاڵەتێکدا ئەگەر بڕیاری کشانەوەمان دا بەداخەوە لەبەر دەرکەوتنی لێکدانەوەی هەڵە بۆ هۆیەکان و، ئەمەش کاریگەرییەکی پێچەوانەی دەبێ لەسەر پێوەندیمان لەگەڵ هاوپەیمانەکەماندا". پێشنیازی دووەمیش لە ئابی ١٩٧١ و جارێکی تریش لە ئاداریساڵی ١٩٧٢ پشتگوێ خران. د. کیسینجەر لە جاری دووەمدا بەشێوەیەکی قووڵ لەگەڵ یەکێك لە گەورەبەرپرسان لە وەزارەتی دەرەوەدا لەمەڕ پێشنیازەکەوە ڕاوێژی کرد و بەپێویستی زانی ڕەزامەندیی لەسەر نەدرێ.

سکرتێری لێژنەی چلی خۆی، کورتەیەك،کە لە یەك برگەی پڕۆژەکەی پێکهاتوو بردبوو بۆ ئەوەی بیخاتە بەردەمی ئەندامەکان تا ئیمزای بکەن. سەرئەنجامی ئەمە، ئەو هەڵسوکەوتە بەسادەیی بۆ ئەوە بوو تا پارێزگاری کاری ڕەسمیی پێ بکرێ، ڕاستییەك پشتگیریی لێ دەکا کە جۆن کۆنالی لە پێشەوە بەڕاستی بەهاوپەیمانەکەمانی ڕاگەیاندبوو کە وڵاتە یەکگرتووەکان پشتگیری پێشکێش بەیاخییەکان دەکا. ئەمە جگە لە شیمانەی سەرنەکەوتن و سەرکەوتن کە ڕاپۆرتەکەی

CIAی تایبەت بەپێشنیازەکە گرتبوویە خۆی و پێشکێش بەدوکتۆر کیسینجەر کرا، هەمووی ئەنجامی کۆتاییهاتوو بوون. بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەش کە پەیوەندییان بەدەرخستنی ڕا سلبیەکانی CIA–وەوە هەیە لەبارەی پرۆژەکەوە بەشێوەیەکی زیاتر، یەکێك لە بەرپرسانی CIA وەڵامی دایەوە و گوتی: «دەبێ لیژنەکە ئەوە بزانێ کە بە CIA ڕاگەیەنراوە کارتێك ئامادە بکا لەبارەی «چۆنیەتی»ی جێبەجێکردنی پرۆژەکە نەك لەبارەی ئەوەی کە پێویستە پرۆژەکە جێبەجێ بکرێ.

سەرۆکی کۆمەڵە ڕەگەزییەکە «مەبەستی بارزانییە» لە زۆر بۆنەدا دەری بڕیبوو کەوا بڕوای بەنیازەکانی هاوپەیمانەکەمان نییە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بڕوای بەوڵاتە یەکگرتووەکان هەیە، لە وتەبێژییەکانیدا جار بەجار دەیگوت کەوا «بڕوای بەهیچ زلهێزێکی تر نەکردووە» و جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە ئەگەر کێشەکەی سەرکەوێت ئەوا ئەو ئامادەیە ببێتە ویلایەتێکی پەنجا و یەکەم. «بۆ نموونە سەیرێکی برووسکەنامەی COS بۆ DCI ی ١٦ی کانوونی دووەمی ١٩٧٥ بکە». ئەمە سەرەڕای ئەوەی لە دوو بۆنەدا دەری بڕیوە کە دوکتۆر کیسینجەری زۆر بەدڵە، کاتێك کە جارێکیان دیارییەکی بۆ نارد بریتی بوو لە سێ مافوور و، جارێکی تریش بەبۆنەی ژنهێنانی کیسینجەرەوە ملوانکەیەکی زێڕ و مرواریی بۆ ناردبوو. لە یاداشتنامەیەکدا لە مێژووی ١٠ی ئایاری ١٩٧٤ کە ئاراستەی برنت سکارکرۆف کراوە، ڕوونکردنەوەیەکی تێدایە لەبارەی ئەوەی کە پێویستە ئەو دوو دیارییە بەنهێنی بمێننەوە: وەکو دەزانن پێوەندیی نێوان حکوومەتی وڵاتە یەکگرتووەکان و «کۆمەڵە ڕەگەزییەکە» تا بڵێی وەك بابەتێکی زۆر هەستیار و ناسك دەمێنێتەوە. هێشتنەوەی پرسی بوونی ئەو پێوەندییە زۆر بەسنووورداری پارێزراوە، لەبەر ئەوەش دەبێ ڕاستیی وەرگرتنی د. کیسینجەر بۆ ئەم دوو دیارییە لە هەمان پلەی نهێنیدا بمێنێتەوە.

بڕیاری بڕینی یارمەتی لە کۆمەڵە ڕەگەزییەکە شۆکێکی گران بوو بۆ سەرکردایەتییەکەی. لە برووسکەنامەیەکەدا لە ١٥ی ئاداری ١٩٧٥ لە COSی CIA بۆ بارەگەی سەرەکیی DCI وەسفی ئەو شێوازە دێت کە هاوپەیمانەکەمان پەنای بۆ برد لە پێ ڕاگەیاندنی کۆمەڵە ڕەگەزییەکە «مەبەستی شۆڕشوانە کوردەکانە». لە ٥ی ئادار نوێنەرێکی موخابەراتی هاوپەیمانەکەمان سەردانی بارەگەی سەرکردایەتیی کۆمەڵە ڕەگەزییەکەی کرد و، بەوپەڕی ڕاشکاوییەوە کە بەخەیاڵدا بێت بەقسە پێی ڕاگەیاند کە: (أ) بۆ هەموو جۆرە هاتوچۆ و تێپەڕینێك سنوور دادەخرێت، (ب) چاوەڕواننەکردنی هیچ

یارمەتییەکی تر لە (هاوپەیمانەکەمانەوە)، (پ) دەبێ کاروباری خۆی لەگەڵ «دوژمنی هاوپەیمانەکەمان» بەپێی هەر مەرجێك کە وەدەستی دێنێ، پاکتاو بکات و، (ت) تەنیا رێگە بەچەند کۆمەڵەیەکی بچووکی یەکە سەربازییەکانی دەدرێ کە پەنابەرنە «وڵاتی هاوپەیمانەکەمان» تەنیا لە حاڵەتێکدا ئەگەر هەموو چەکەکانیان بدەنە دەستی سوپای هاوپەیمانەکان.

رەفتاری زۆر ورد گیرایە بەر بۆ ئەوەی ئاگەدارنەبوونی وەزارەتی دەرەوە لەبارەی پرۆژەکە دەستەبەر بکرێ. هەموو بەڵگەنامەکان ئەوە نیشان دەدەن کە شیمانەی ئەوە هەیە لە بنەڕەتدا پلان بۆ ئەوە دانرابێ بۆ ئاگەداربوون لە پرۆژەکە زۆر سنووردار بێ بەرادەی ئاگەدارنەکردنی باڵیۆزی وڵاتە تێوەگلاوەکە لە پرسەکەدا.

«سەرەرای ئەوەش ئەو بەڵگانەی لە دۆسیەی لێژنەکەدا هەن دژیەکن سەبارەت بەوەی ئاخۆ ویلیەم پی رۆجەرز لە بنەڕەتدا بەپرۆژەیەکی زانیوە یان نا. بەڵام ئەو بەرپرسانەی لە بەردەستی کیسینجەردا کاریان کردووە و هەروەها بەرپرسانی CIA کۆکن لەسەر ئەوەی وەزیری دەرەوە ئاگەدار کراوەتەوە. لەبەرئەوەی ئەلێکسیس جۆنسۆن یەکێك بوو لە نێوان ئەندامەکانی لێژنەی چلی. بەڕێز رۆجەرز لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ دەستەی کارگێڕیدا رای گەیاند کەوا دڵنیایە لەوەی ئەو ئاگەدار کراوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا یەکێك لەو برووسکەنامانەی دوای ساڵێك لە دەستپێکردنی پرۆژەکە لەلایەن وەزیرەوە نێردراون، وا پێشان دەدا کە تا ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٧٣ ئەم هیچی لەبارەوە نەزانیوە. لە برووسکەکەدا هاتووە: ״ لەبەر بەردەوامیی سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان کە خۆی لە دووبارەنەبوونەوە و هاندانی هیوای «کۆمەڵە رەگەزییەکان»دا دەنوێنێ لە وەدەستهێنانی یارمەتی و دان پێدانانی ئەمەریکا، ئێمە بەنیازی ئەوەین پارێزگاریی پێوەندییەکانمان لەسەر ئاستی بەرێوەبەرایەتی لە وڵاتەکەدا بکەن ״. چاوپێکەوتنێك کە ئاهاروون دۆنر لەگەڵ سیل، کۆم، لەبارەی ئیستیخباراتەوە.

«بەرەو خراپی چوونی هەڵوێستی کۆمەڵە رەگەزییەکە بەبەردەوامی، رەنگدانەوەی ئەو راستییە بوو کە هیچ یەکێك لەو دەوڵەتانەی یارمەتییان دەدان نەیاندەویست، ئامانجەکانی ئەوان کە خۆی لە پێکهێنانی ئۆتۆنۆمیدا دەنواند، وەدی بهێنن، یاداشتنامەیەکی CIA لە ٢٢ی ئاداری ١٩٧٤ بەڕوون و ئاشکرایی هەڵوێستی هاوپەیمانەکەمان و هەڵوێستی وڵاتە یەکگرتووەکان دەردەخا:

«ئێمە وا تێ دەگەین کە ″هاوپەیمانەکەمان″ لایەنگری پێکهێنانی قەوارەیەکی ڕەسمیی ئۆتۆنۆمی نییە و، هاوپەیانەکەمان ڕای وایە کەوا سوودەکە لە تەنگژاویکردنی بارودۆخەکەدا دەدەکەوێ...

بەشێوەیەکی ڕاستەقینە بێ هێزکردنی ″دوژمنی هاوپەیمانەکەمان″ لەوەدایە کە «کۆمەڵە ڕەگەزییەکە» نەیەوێ لە داواکردنی ئۆتۆنۆمی بێتە خوارێ و، نە ئێمە خۆمان و نە هاوپەیمانەکەمان حەز بەوە ناکەین دەرکەوتنی چارەسەری پرسەکە بەهەرچی شێوەیەك بێ ببینین».

CIA زانیاریی زووی دەستکەوتبوو نیشانەی ئەوە بوون کەوا هاوپەیمانەکەمان ئەو کاتەی لەگەڵ دوژمنەکەیدا لەبارەی ناکۆکیی سنوورەوە دەگەن بەڕێککەوتنێك پشت لە کۆمەڵە ڕەگەزییەکە دەکا دوو مانگ دوای ڕەزامەندی پێشاندان لەسەر پرۆژەکە ئەمەی خوارەوە لە یاداشتنامەیەکی CIA لە ١٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٢دا هاتووە هاوپەیمانەکەمان بەڕوون و ئاشکرایی وەزیری دەرەوەی (یەکێك لە دەوڵەتە بێگانەکانی تر) بەکار هێنا بۆ ئەوەی بەدوژمنەکەی ڕابگەیەنێ کەوا ئامادەیە ڕێگە بەوە بدا ئاشتی باڵ بەسەر ناوچەکەدا بکێشێ ئەگەر دوژمنەکەی بەوە ڕازی بێ بەئاشکرا ڕێککەوتننامەیەکی پێشوو بۆ دیاریکردنی سنوورەکەیان هەڵوەشێنێتەوە. ئەمە سەرباری ئەوەی برووسکە و یاداشتنامەکانی CIA دید و بۆچوونی هاوپەیمانەکەمان لەبارەی کۆمەڵە ڕەگەزییەکەوە بەرجەستە دەکەن و وایان دەدانێ کە کارتێکن یارییان پێ دەکا لە ناکۆکیی خۆی لەگەڵ دراوسێکەیدا. ئەمە لە کاتێکدا یەکێك لە یاداشتنامەکانی CIA لە ٢٢ی ئاداری ١٩٧٤ وەسفی کۆمەڵە ڕەگەزییەکە بەوە دەکا کە هۆیەکی بەکەڵك و تاکی بێ وێنەیە بۆ کزکردنی هێزی شاراوەی دوژمنی هاوپەیمانەکەمان کە ئامادەیە بۆ ئەنجامدانی سەرکێشی نێودەوڵەتی.

لە یەکێك لە یاداشتنامەکانی ١٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٣ی کۆشکی سپی کە لە د. کیسینجەرەوە ئاراستەی DCI کراوە ئەمەی خوارەوە هاتووە: «سەرۆك لەگەڵ هەڵسەنگاندنەکەی ئێوەدا کۆکە کە لە برگە ٣ی یاداشتنامەکەی ١٥ی تشرینی یەکەمتان لەبارەی بابەتی سەرەوەدا هاتووە. لەبەر ئەوە پێویستە ئەم وەڵامەی خوارەوە بۆ کۆمەڵە ڕەگەزییەکە ڕەوانە بکەی ئێمە دووبارەی ناکەینەوە و پێمان وا نییە کە ئەنجامدانی هێرشێکی سەربازی کە «حکوومەتێکی تر پێی ڕاسپاردوون» کارێك بێ بەخێر و چاکە بۆ ئێوە بگەڕێتەوە بۆ زانینی تۆ، لە ڕێی باڵیۆزی خۆمانەوە

ڕاوێژمان لەگەڵ هاوپەیمانەکەمان کردووە و هەردوولا هەمان ڕایان هەبوو».

ئەو هێرشەی کە ڕۆژی دوای ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەکە ڕووی دا کتوپڕ بوو بۆ کۆمەڵە ڕەگەزییەکە، لە ١٠ی ئاداری ١٩٧٥دا ئەمەی خوارەوە لە نامەیەکی بارەگەی سەرکردایەتیی کۆمەڵەکەوە بۆ CIA هاتووە: «ئاژاوە و ناڕەزایی لەنێو ڕۆڵەکانی گەلەکەمان و هێزەکەماندا هەیە. چارەنووسی گەلەکەمان لە مەترسییەکدایە کە لەمەوپێش وێنەی نەبووە وێرانکاری تەواو دەوری داوین هیچ لێکدانەوەیەك نییە بۆ ئەوەی ڕوو دەدات. ئێمە داواتان لێ دەکەین داواش لە وڵاتە یەکگرتووەکان دەکەین دەست بخەنە کارەکەوە بۆ بەجێهێنانی بەڵێنەکانتان و پشت لە هاوپەیمانێکی خۆتان مەکەن بۆ ڕزگارکردنی ژیانی سەرۆکی کۆمەڵە ڕەگەزییەکە و کەرامەتی خێزانەکانمان و دۆزینەوەی چارەسەرێکی شەرەفمەندانە بۆ گیروگرفتەکەمان». سەرۆکی ئێستگەکە لە هەمان ڕۆژدا ئەم برووسکەنامەی خوارەوە بۆ DCI نارد: ئاخۆ بارەگەی سەرکردایەتی لەبارەی ئەم کارەوە پێوەندیی لەگەڵ نووسینگەی کیسینجەردا هەیە، حکوومەتی وڵاتە یەکگرتووەکان بەوریاییەوە مامەڵەی لەگەڵ ئەم هەلومەرجەدا کرد بەشێوەیەك نەهێڵێت بۆچوونی ئەوە بەکۆمەڵە ڕەگەزییەکان بدا کە ئێمە پشتیان تێ دەکەین و وازیان لێ دەهێنین چونکە لەوانەیە هەموو شتێك ئاشکرا بکەن و ڕای بگەیەنن، بڕیارەکەی هاوپەیمانەکەمان هەر تەنیا نەبوو بەهۆی تێکشکاندنی هیوا سیاسییەکانیان بگرە ژیانی هەزارانیش دەخاتە مەترسییەوە. DCI لەسەر دانانی پێشنیازە تایبەتییەکانی دەڕوا بەوەی کە دەشێ حکوومەتی وڵاتە یەکگرتووەکان بیکا بۆ یارمەتیدان و پێشنیازەکانی بەم دەستەواژەیە کۆتاییی پێ دێنێ کارێکی شایانە کە حکوومەتی وڵاتە یەکگرتووەکان پێشانی بدا.

لە ١٠ی ئاداری ١٩٧٥ ئەم نامەیەی خوارەوە لە سەرۆکی کۆمەڵە ڕەگەزییەکەوە بۆ هێنری کیسینجەری وەزیری دەرەوە هات.″ڕێزداری وەزیر لەبەرئەوەی ئێمە هەموو کات بەردەوام بڕوامان بەچارەسەی ئاشتییانە هەیە بۆ هەموو ناکۆکییەك، لەوانەش ناکۆکیی نێوان هاوپەیمانەکەی ئێوە و دوژمنەکەی و دڵخۆشین کە دەبینین هەردوولا گەیشتوون بە ڕێککەوتنێك... بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە دڵمان خوێنی لێ دەچۆڕێ کە دەبینین یەکێك لە ئەنجامە خێراییەکانی ڕێککەوتنیان، تێکشکاندنی گەلە بێ چەکەکەمان، بەشێوەیەك کە پێشینەی نەبووە ئەویش کاتێك، «هاوپەیمانەکان سنووری داخست و یارمەتییەکانی بەتەواوەتی بۆ ئێمە وەستاند وە لە کاتێکدا لە

دوژمنەکەی دەست بەگەورەترین هێرش دەکا کە هەتا ئێستا هەر بەردەوامە، بزووتنەوە و گەلەکەمان دووچاری وێرانکارییەکانی ئەوتۆ دەبنەوە کە لە باوەڕکردن نایەت لە کاتێکدا هەموو قڕوقەپیان لێ کردەوە و بێدەنگن. ڕێزداری وەزیر، ئێمە پێمان وایە کە ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەرپرسیارەتییەکی ئەخلاقی و سیاسیی لەسەرە بەرامبەر بەگەلەکەمان کە پابەندی سیاسەتی ولاّتی ئێوە بوون. جا لەبەر ئەو بارودۆخە، ئێمە تکا لە ڕێزداریتان دەکەین بەزووترین کاتی توانادا بوو، لەبارەی ئەم پرسانەی خوارەوە، ئەو ڕەفتارانە بگرنە بەر:

(١) وەستاندنی. هێرشەکە و کردنەوەی ڕێگەی گفتوگۆ لە نێوانماندا لە پێناوی گەیشتن بەرێککەوتنێك بۆ چارەسەری کێشەی گەلەکەمان کە بەلای کەمەوە ئابڕوومان بپارێزێ.

(٢) بەکارهێنانی هەموو کاریگەرییەکی هەتانە بۆ سەر «هاوپەیمانەکەتان» بەمەبەستی یارمەتیدانی گەلەکەمان لەم وردە مێژوویی و تراجیدیایەك بەڕێگەیەك بەلای کەمەوە شیمانەی ئەوە بۆ گەلەکەمان و سوپاکەمان بهێڵێتەوە، بەجۆرێك کە بتوانێ چالاك شەڕی پارتیزانی لە ناوچەکەماندا ئەنجام بدا تا دەگەینە چارەسەرێك بۆ گیروگرفتەکەمان لە چوارچێوەی ڕێککەوتنێکی هەمەلاییدا. گەورەم ڕێزدار وەزیر، ئێمە چاوەڕوانی وەلاّم و هەڵسوکەوتی خێرای ئێوەین و لەگەڵ بڕوامان بەوەی کە ولاّتە یەکگرتووەکان لەم کاتە ناپەڕژا و ناخۆشدا پشتمان تێ ناکا.″

لە بڕووسکەیەکیشدا بەمێژووی ٢٢ی ئاداری ١٩٧٥ لە COSەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی CIA ئەم دەقە هاتووە: ″ هیچ وەلاّمێك لە هێزی کیسینجەری وەزیری دەرەوە بۆ نامەکەی سەرۆکی کۆمەڵە ڕەگەزییەکە و دوو نامەی تر لە ڕێی ڕادیۆوە لە بارەگەی سەرکردایەتییەکەی وەرگێران و ئەم بەیانییە پێشکێش کران، نەگەیشت... جا لەبەر نالەباریی هەڵوێستیان و نیگەرانییە زۆرەکانی سەرکردەکانیان و بانگەوازە بەسۆزەکەیان بۆ ئەوەی حکوومەتی ولاّتە یەکگرتووەکان دەسەلاّتی خۆی لای هاوپەیمانەکەمان بەکار بێنێ بۆ وەدەسهێنانی درێژکردنەوەی ئاگربەست کە ئەمەش ڕێگەی ئەوە دەدا هەزاران پەنابەر بەسەلامەتی بپەڕنەوە. لەبەر ئەوە ئەگەر حکوومەتی ولاّتە یکگرتووەکان نیازی وایە هەنگاو بنێ بۆ نەهێشتنی ڕوودانی قەسابخانەیەك ئەوا دەبێت دەستبەجێ پێوەندی بەهاوپەیمانەکەمانەوە بکات″. چاوپێکەوتنێك لەگەڵ

بەرپرسێك لە CIA  جی بوس لە ١٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٥دا ئەنجامی داوە، وێنەیەك لە دۆسیەی سیل.کوم. لەبارەی ئیستیخباراتەوە.

زیاتر لە ٢٠٠،٠٠٠ پەنابەر توانییان هەڵێن بۆ ناو خاکی هاوپەیمانەکەمان بەڵام نە ولاَتە یەکگرتووەکان و نە هاوپەیمانەکەمان یارمەتییەکی مرۆییانەی ئەوتۆیان پێشکێش نەکردن. هاوپەیمانەکەشمان دوای ئەوە بڕیاری دا کە بەزۆرەملێ زیاتر لە ٤٠ هەزار پەنابەر بگێڕێتەوە، لە کاتێکدا ولاَتە یەکگرتووەکان قایل نەبوو هیچ پەنابەرێك لەمانە پێ بنێتە خاکەکەی بەپێدانی مافی پەنابردنی سیاسی هەرچەندە ئەوانە شایەنی ئەو سیفەتە بوون.

## پاشکۆی ژمارە ٢

# دەقی ڕێککەوتننامەی جەزائیر لە نێوان حکوومەتی ئێران و عێراق کە لە ساڵی ١٩٧٥دا ئیمزا کراوە

یەکەم: دەقی ڕێککەوتننامەی جەزائیر ٦ی ئاداری ١٩٧٥.

دووەم: پەیماننامەی سنووری عێراق – ئێران ١٩٧٥ و پرۆتۆکۆلەکانی پاشبەندی ئەو پەیماننامەیەن کە تایبەتن بەسنووری وشکانی و ئاوی و ئاسایشی سنوور.

**یەکەم: دەقی ڕێککەوتننامەی جەزائیر**

بۆ پیادەکردنی بنەماکانی سەلامەتیی خاك و ڕێزگرتنی سنوور و دەست نەخستنە ناو کاروباری ناوەخۆ، هەردوو لای باڵای ڕێککەوتوو بڕیاریان دا:

١– نەخشەکێشانی ئێکجارەی سنووری وشکانیی هەردوولا بەپشتبەستن بەپرۆتۆکولی قوستەنتینییەی ساڵی ١٩١٣. و کۆنووسەکانی لێژنەی دیاریکردنی سنووری ساڵی ١٩١٤.

٢– دیاریکردنی سنوورە ئاوییەکان بەپێی هێڵی «تالوك» کە ئەویش هێڵێکە لە ناوەڕاستی ئاوەڕۆی سەرەکی، کە بەکەڵکی کەشتییەوانی بێ لە کاتی نزمبوونەوەی ئاستی ئاو بەدەستپێکردن لەو خاڵەی سنووری وشکانی لە شەتولعەرەبەوە تا زەریا دادەبەزێ.

٣– بەپێی ئەمە، هەردوولا ئاسایش و باوەڕ بەیەککردن بەدرێژاییی سنووری هاوبەشیان دەگەڕێننەوە و پابەندی چاودێرییەکی توند و کاریگەر دەبن لەسەر سنوورەکانیان بۆ دانانی سنوورێکی ئێجگارەکی بۆ هەموو خۆدزینەوەیەك کە مەبەستی تێکدانی تێدا بێ و لە هەر لایەکەوە هاتبێ.

٤– هەردوولا لەسەر ئەوە ڕێککەوتن، کە ئەو ڕێکخستنەی لە سەرەوە دەستیان پێ کراوە ڕەگەزی چارەسەرێکی کۆگرن و لێی جیا نابنەوە. لە کۆتاییشدا دەست لێدانی بنەمای هەریەکێکیان، بێگومان، پێچەوانەی گیانی ڕێککەوتنی جەزائیرە و، هەردوولاش گرێدراوی بەردەوامیان لەگەڵ سەرۆك هەواری بومەدیەن دەبێ کە لە

کاتی پێویستیدا یارمەتیی برایانەی جەزائیر پێشکێش دەکا و لە پێناوی ئەم بڕیارە. هەردوولا ئەوەش بەڕەسمی ڕادەگەیەنن کە دەبێ ناوچەکە لە هەردوو دەستێوەردانێکی دەرەکی پارێزراو بێ.

**دووەم: پەیماننامەی سنووری عێراق – ئێران ١٩٧٥**

دەقەکانی پەیماننامەی سنووری نێودەوڵەتی و دراوسێ دۆستیی نێوان عێراق و ئێران و هەرسێ پرۆتۆکۆلە پاشکۆکەی کە تایبەتن بەسنووری وشکانی و ئاوی و ئاسایشی سنوور.

ئەم دەقانە لە بەغدا لە ڕۆژی ١٣ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٥ دوکتۆر سەعدوون حەمادی وەزیری دەرەوە لە لایەنی عێراقەوە و لە لایەنی ئێرانیشەوە عەباس خەلعەتبەری وەزیری دەرەوەی ئێران ئیمزا کرا و هەروەها بەڕێز عەبدولعەزیز بوتەفلیقەیی وەزیری دەرەوەی جەزائیریش ئیمزای کرد. ئەمەی خوارەوەش دەقی پەیماننامەی سنووری نێودەوڵەتی و دراوسێ دۆستیی نێوان عێراق و ئێرانە.

- سەرکۆماری عێراق و خاوەن شکۆ ئیمپراتۆر شاهەنشای ئێران، لەبەر خواستی دڵسۆزانەی هەردوولا کە لە ڕێککەوتننامەی جەزائیر لە ئاداری ١٩٧٥ تەعبیری لێ کراوە بۆ گەیشتن بەچارەسەرێکی ئێگجارەکیی هەمیشەیی بۆ هەموو ئەو هۆیە جێبەجێنەکراو و هەڵواسراوانەی نێوان هەردوو وڵات و لەبەرئەوەی هەردوولا چاویان بەهێڵکاریی ئێگجارەکیی سنووری وشکانیی خۆیاندا گێڕایەوە لەسەر بنچینەی پرۆتۆکۆلی قوستەنتینییەی ساڵی ١٩١٣ و کۆنووسەکانی دانیشتنەکانی کۆمیسیۆنی دەستنیشانکردنی سنوور لە ساڵی ١٩١٤ بۆ سنوورە ڕووبارییەکان بەپێی هێڵی تالوك و، لەبەرئەوەی پێوەندییە دراوسێیەتییە مێژوویی و ئاینی و ڕۆشنبیری و ژیارییەی لە نێوان هەردوو گەلی عێراق و ئێراندا هەیە و، لەبەر ئارەزووی هەردوولا بۆ چەسپاندنی پێوەندیی دۆستایەتی و دراوسێ دۆستی و قووڵکردنەوەی پێوەندییەکانیان لە مەیدانی ئابووری و ڕۆشنبیری و گەشەپێدانی پێوەندیی نێوان ڕۆڵەکانی هەردوو گەل و، بەرزکردنەوەی بۆ ئاستێکی باشتر لەسەر بناخەی بنەمای سەلامەتیی هەرێمەکە و ڕێزگرتنی سنوور و دەستێوەرنەدانی کاروباری ناوەخۆ و لەبەر نیازبەندی هەردوولا بۆ کارکردن لە پێناوی پێکهێنانی سەردەمێکی تازەی پێوەندیی نێوان

عێراق و ئێران لەسەر بناخەی ڕێزگرتنی تەواوی سەربەخۆیی نیشتمانی و یەکسانیی دەوڵەتان لە سەروەرییان و لەبەر بڕوای هەردوولا بەم سیفەتە، بۆ پیادەکردنی بیروباوەڕ و وەدیهێنانی ئامانجەکان ئەو مەبەستانەی لە میساقی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتوون، بڕیاری بەستنی ئەم پەیماننامەیان دا و نوێنەری ڕاسپێردراوی خۆیان دانا.

سەرکۆماری عێراق، سیادەتی سەعدوون حەمادی وەزیری دەرەوەی عێراق.

خاوەن شکۆ ئیمپراتۆری شاهەنشای ئێران، سیادەتی عەباس خەلعەتبەری وەزیری دەرەوەی ئێران کە هەردووکیان بەڵگەنامەی دەسەڵات پێدانی تەواوی خۆیان گۆڕییەوە و بینییان کە ڕاستە و بەپێی ڕێوشوێنە، لەسەر ئەم ئەحکامانەی خوارەوە ڕێك کەوتن:

**مادەی یەکەم**: هەردوولای بالای پەیمانبەستوو جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە سنووری نێودەوڵەتیی وشکانیی نێوان عێراق و ئێران ئەوەیە کە لەسەر بنچینە و بەپێی ئەو ئەحکامەی پرۆتۆکۆلی سنووری و وشکانی و پاشکۆکانی پرۆتۆکۆلی ناوبراو لە پێشەوە، کە هاوپێچی ئەم پەیماننامەیە کراون، گرتوونیە خۆ، دووبارە هێڵیان بۆ کێشرایەوە.

**مادەی دووەم**: هەردوولای بالای پەیمانبەستوو جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە سنووری نێودەوڵەتیی شەتولعەرەب ئەوەیە، کە لەسەر بناخە و بەپێی ئەحکامی پرۆتۆکۆلی دەستنیشانکردنی سنووری ئاوی و پاشبەندەکانی پرۆتۆکۆلی ئەم پەیماننامەیە کە لە پێشەوە ناوبراون، گرتوویەتییە خۆ، دیاری کراون.

**مادەی سێیەم**: هەردوولای بالای پەیمانبەستوو بەڵێنی ئەوە دەدەن کە چاودێرییەکی توند کاریگەری هەمیشەیی و بەردەوام بخەنە سەر سنووری خۆیان، بەمەبەستی ڕاگرتنی هەموو خۆدزینەوەیەك و مەبەستی تێکدانی پێوە دیاربێ جا لە هەر کوێیەکەوە هاتبێ، ئەمەش لەسەر بنچینە و بەگوێرەی ئەو ئەحکامەی کە پرۆتۆکۆلی ئاسایش سنوور گرتوویەتییە خۆ کە پاشکۆی ئەم پەیماننامەیە.

**مادەی چوارەم:** هەردوولای باڵای پەیمانبەستوو جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئەحکامی هەرسێ پرۆتۆکۆل و پاشبەندە ناوبراوەکانیان لە مادەی ۱و۲و۳ی ئەم پەیماننامەیەدا و هاوپێچ کراون و بەشێکی لێکنەترازاوی پەیماننامەکە پێك دەهێنن، ئەوانە ئەحکامی یەکجارەکی و هەمیشەیین و لەبەر هەر هۆیەك بێ، نابێ پێشێ بکرێن و ڕەگەزێك پێك دێنن کە لە لێك جیاکردنەوە نایەت بۆ یەکلاییکردنەوەی گرفتەکان بەشێوەیەکی گشتگر، دەست لێدانی هەر یەکێك لە بنەماکانی ئەم گرفتە یەکلاییکردنەوە گشتگیرە بەبێ سێ و دوو پێچەوانەی گیانی ڕێککەوتننامەی جەزائیر دەوەستێ.

**مادەی پێنجەم:** لە چوارچێوەی دەستکارینەکردنی سنوور و ڕێزگرتنی وردی سەلامەتیی هەرێمایەتیی نیشتمانیی هەردوو دەوڵەت، هەردوولای باڵای پەیمانبەستوو جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە هێڵی سنووری وشکانی و ئاوییان نابێ دەستکاری بکرێ و ئەو هێڵە هەمیشەیی و یەکجارەکییە.

**مادەی شەشەم:**

١- لە حاڵەتی ڕوودانی ناکۆکییەك کە پێوەندیی بەلێکدانەوە، یان پیادەکردنی ئەم پەیماننامەیە و سێ پرۆتۆکۆلەکانی پاشکۆکانییەوە هەبوو، ئەوا ئەو ناکۆکییە لە چوارچێوەی ڕێزگرتنی هێڵی سنووری عێراق و ئێران کە لە مادەی یەکەم و دووەمی ئاماژە بۆکراو لە سەرەوەدا بەیان کراوە چارەسەر دەکرێ لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئاسایشی سنووری عێراق - ئێران بەگوێرەی مادەی ۳.

٢- ئەو ناکۆکییە لە قۆناغی یەکەمدا لەلایەن لایەنە باڵاکانەوە لە ڕێگەی دانوستاندنی دووقۆڵییەوە لە ماوەی دوو مانگدا لە مێژووی پێشکێشکردنی داواکاریی یەکێك لە دوو لایەنەکە چارەسەر دەکرێ.

٣- لە حاڵەتی ڕێکنەکەوتنی لایەنە باڵا پەیمانبەستووەکان لە ماوەی سێ مانگدا پەنا دەبەنە بەر داواکردنی هەوڵدانی دۆستانەی دەوڵەتێکی سێیەم.

٤- لە حاڵەتێکدا ئەگەر یەکێك لە دوو لایەنەکە پەنا بردنە بەر هەوڵی دۆستانەی ڕەت کردەوە، یان سەرنەکەوتنی کاری هەوڵدان ئەوا بۆ چارەسەری ناکۆکییەکە، لە

ماوەیەك كە لە مانگێك تێپەڕ نەكا لە مێژووی ڕەتكردنەوە، یا سەرنەكەوتنەكە، ڕێگەی داوەری «تحكیم»ی بۆ دەگیرێ.

٥- لە حاڵەتی ڕێكنەكەوتنی هەردوولای باڵای پەیمانبەستوو لەبارەی كاری ناوبژیكاری، ئەوا یەكێك لە هەردوولای باڵای پەیمانبەستوو مافی ئەوەی هەیە لە ماوەی یازدە ڕۆژدا كە لە دوای ڕێكنەكەوتنەكە دێت، پەنا بباتە بەر دادگەیەكی داوەری و بۆ مەبەستی پێكهێنانی دادگەیەكی داوەری بۆ چارەسەركردنی هەموو كێشەیەك، ئەوا پێویستە لەسەر هەریەك لە هەردوولای باڵای پەیمانبەستوو، یەكێك لە هاووڵاتییەكانی خۆی دابنێ وەك دادوەر و ئەو دوو دادوەرەش دادوەرێكی باڵا هەڵدەبژێرن و، لە حاڵەتێكدا ئەگەر هەردوولای باڵای پەیمانبەستوو دادوەری خۆیان دانەنا لە ماوەی مانگێك لەو مێژووەی كە یەكێك لە دوو لایەكە پێ ڕاگەیاندنی لایەكەی تری وەرگرتووە بۆ داوای داوەری، یان لە حاڵەتێكدا ئەگەر هەردوولا پێش كۆتاییهاتنی ماوەی ناوبراو بەرێككەوتنێك نەگەیشتن لەبارەی هەڵبژاردنی دادوەریی باڵا و ئەوا ئەو لایە باڵا پەیمانبەستووەی داوای دادوەریی كردووە مافی ئەوەی هەیە داوا لە سەرۆكی دادگەی دادی نێودەوڵەتی كە چەند داوەرێك، یان داوەری باڵا دابنێ بەپێی كارەكانی دادگەی هەمیشەیی دادوەر دانان.

٦- بڕیاری دادگەی دادوەریی هەمیشەیی سیفەتی زۆرەكیی جێبەجێكردنی هەیە سەبارەت بەهەردوولای پەیمانبەستووی باڵا.

٧- هەردوولای باڵای پەیمانبەستوو خەرجی دادوەرییەكە بەنیوەیی دەدەن.

**مادەی حەوتەم**: ئەم پەیماننامەیە و هەرسێ پرۆتۆكۆلەكانی كە پاشبەندی كراون بەپێی مادەی ١٠٢ لە میساقی نەتەوە یەكگرتووەكان تۆمار دەكرێن.

**مادەی هەشتەم**: هەریەك لە دوولا باڵا پەیمانبەستووەكە ئەم پەیماننامەیە و هەرسێ پرۆتۆكۆلەكانی پاشبەندكراوی، بەپێی یاسای ناوەخۆی پەسند دەكا.

ئەم پەیماننامە و هەرسێ پرۆتۆكۆلە پاشبەندكراوەكانی لە كاتی گۆڕینەوەی بەڵگەنامەی پەسندكردن كە لە تاران ئەنجام دەدرێ، پێی دەنێنە كارپێكردنەوە. لەبەر ئەوە هەردوولای دەسەڵات پێدراو لەلایەن هەردوولای باڵای پەیمانبەستووەوە، ئەم پەیماننامە و هەرسێ پرۆتۆكۆلە پاشبەندكراوەكانیان ئیمزا كرد.

لە ١٣ی حوزەیرانی ١٩٧٥ لە بەغدا نووسراوە، عەباس عەلی خەلعەتبەری وەزیری دەرەوەی ئێران – سەعدوون حەمادی وەزیری دەرەوەی عێراق ئەم پەیماننامە و هەرسێ پرۆتۆکۆلە پاشبەندەکەی بەئامادەبوونی سیادەتی عەبدولعەزیز و بوتەفلیقەی ئەندامی ئەنجوومەنی شۆڕش – وەزیری دەرەوەی جەزائیر ئیمزا کران.